تەفسیری قورئانی
بەرزو بەپێز

بەرگی حەڤدەیەم

سوورەتەکانی

(الحج) و (المؤمنون)

عەلی باپیر

www.alibapir.com

تەفسیری سوورەتەکانی

الحَجّ و المُؤْمِنُون

تەفسیری سووڕەتەکانی

الحَجّ و المُؤْمِنُون

نووسینی: عەلی باپیر

دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز
٦٩٦ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سووڕەتەکانی

الْحَجِّ

و

الْمُؤْمِنُونَ

نووسینی: عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للّـهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِه اللّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَـهَ إلاَّ اللّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ (١٠٢)﴾ آل عمران.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا (١)﴾ النساء.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا (٧١)﴾ الأحزاب .

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كَلامُ اللّهِ، وَخَيْرَ الْهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دواپین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

[1] (١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازیکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش کە - وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة اللّه) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردوومو، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (متفرّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (القرآن يُفَسِّر بَعضُهُ بَعْضَاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (مُبَيِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل.

واتە: وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم، کە لە قورئان بوەشێتەوەو، مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش کە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزن و تەفسیرەکانی و کتێبەکانی سوننەتدا خەریکم و، دەیان کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکانی شەریعەتدا پێشکەش کردوون.

شایانی باسیشە کە ئەو بیست و دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئەمریکاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێکی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی کتێبی خوا (تبارك و تعالى)، وە بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەکانی یەوە، ئەم ڕاستییەش لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالى**)دا زۆر چاك درەوشاوەتەوە(١). بەڵام هەڵبەتە ناڵێم و هیچکەسیش بۆی نیە بڵێ: کە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونکە وێڕای سنووورداربوونی تواناو بڕستم، لە بەرانبەر کتێبی لە هەموو ڕووێکەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، ئەشمویستوە کە زۆر بەملاولادا بچم و بچمە نێو هەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیدا پسپۆڕو

---

(١) ئەو مەوسووعەیە کە ئێستا چاپ کراوەو، کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و، سەرجەم هەشت بەرگ و دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەم و، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبی سەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسانتر سوودلێبینران.

www.alibapir.com

شارەزا نیم، یان خوێنەر پێویستی پێی نیە، لە کاتێکدا دەیەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فەرمووە؟!

ئنجا هەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سووك و گورج و گۆڵ و دڵسۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سەر کاغەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سەرجەم ئەم زنجیرە دەرسە، کە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هەروەها هەڵسا بە (تخريج)ی سەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوەو، زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بە سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسیرە کێشاوە، خوا بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوەو، هەر ساڵح و ساغ و سەلامەت و سەربەرزبێ[1]، لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنج و لاوانە لە کوڕان و کچان، لەنێو گەلەکەماندا، زۆر بکات .

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئان و دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو، سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا، دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین و، بە گوێرەی سوورەتەکان، بەرگەکانی دیاریی دەکەین.

---

[1] (١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش تەواوکردنی نیوەی زیاتری قورئان، لێبڕاوانە بەردەوامە و عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکارییم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە، ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکەییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هەولێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ،

وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله حق بحمده، والصلاة والسلام والبركات على عبده محمد، وآله السائرين على دربه .

ستایشی شایستە بۆ خوای بەخشەری میهرەبان، پشتگیرو هاوکارو کارناسانکارمان بوو کە ئەم بەرگی حەڤدەیەمە چاپ بکەین، کە بەش (جزء)ی حەڤدەیەمی پێکهاتوو کە لە هەردوو سوورەتی **(الحج والمؤمنون)** دەگرێتە خۆی.

شایانی باسە ئەم بەرگەش بە پێی نەخشەو بەرنامەمان لە کۆی ئەم تەفسیرەدا ئامادەکراوەو، وێڕای ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتەکانی هەردووك سووڕەتەکە بە حەوت قۆناغ، ئەم بەرگە ژمارەیەك کورتە باس و بابەتی دیکەشی گرتوونەخۆی ، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

یەکەم : لە سوورەتی (الحج) دا:

١- کورتەباسێك: دوو هەڵوەستە لە بەرانبەر لەرزینەوەی زەوی و ماناکانی (ساعة)دا.

٢- چوار کورتە سەرنج.

٣- سێ هەڵوەستە لە بەرانبەر ئایەتی ژمارە (١٧) دا.

٤- پێنج هەڵوەستەی کورت.

٥- کورتەباسێك: حەوت هەڵوەستە.

٦- کورتە باسێك : لەبارەی حەج و عومرە.

٧- کورتە باسێك: تێفرێدانی شەیتان بۆ نێو مۆزگەی پێغەمبەران.

٨- دوازدە کردەوە و، شازدە سیفەتی بەرزو بێ وێنەی خوا.

٩- کورتە باسێك لە بارەی بنەڕەتی ژیانەوە.

١٠- کورتەباسێك: لە ئیسلام دا سەغڵەتکردن نیە.

١١- واتای باباییەتی ئیبراهیم .

١٢- کورتە باسێك: ناوی جگە لە (مسوڵمانان) لە ئێمە نەنراوە.

دووەم: لە سورەتی (المؤمنون) دا :

١- کورتە باسێك: لە بارەی چۆنیەتی دروست بوونی مرۆڤەوە.

٢- سەرنجێك لە گەردوون و مشوورخواردنی بەردەوامی خوا بۆی.

٣- کورتە باسێك لەبارەی بەرزەخەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە سوپاس و ستایش بۆ خوا، ئێستا دەستگەرمانە خەریکی چاپکردنی کۆی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەین، کە بە مەزەننە دەگەنە دەوری سی (٣٠) بەرگ و، هەر بەرگە بەش (جزء)ێکی قورئانی لە (٣٠) بەشەکەی بەردەکەوێ.

سبحانك اللهم وبحمدك، أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

١٤٤٢/٤/١٢ك
٢٠٢٠/١١/٢٧ز
هەولێر

تەفسیری سوورەتی

الْحَجِّ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە ١٥/ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٣٩)ی کۆچییە، بەرانبەر ٢٠١٨/٥/٣١ زایینی، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی (الحج).

پێناسەی سووڕەتی (الحج) و بابەتەکانی

پێناسەی سووڕەتی (الحج) دەکەین، لە حەوت بڕگەدا:

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە تەنها یەک ناوی بۆ بەکارهێنراوە، ئەویش بریتیە لە (الحج)، کە لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ هەر وشەی (الحج) بۆ ئەم سووڕەتە بەکارهێنراوەو، ناوێکی دیکەی بۆ بەکارنەهێنراوە بە پێی زانیاری من، لەو بارەوە ئەم فەرموودەیە هەیە: **{عَنْ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ ﷺ، يَقُولُ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ! أَفُضِّلَتْ سُورَةُ الْحَجِّ عَلَى سَائِرِ الْقُرْآنِ بِسَجْدَتَيْنِ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَمَنْ لَمْ يَسْجُدْهُمَا، فَلَا يَقْرَأْهُمَا} (أخرجه أحمد: ١٧٤٠٢، وغيره، تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن بطرقه، وشواهده، دون قوله: فَمَنْ لَمْ يَسْجُدْهُمَا، فَلَا يَقْرَأْهُمَا، وقال أحمد شاكر: إسناده صحيح).**

واتە: عوقبەی کوڕی عامیر ﷺ، دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئایا سووڕەتی حەج بەسەر سووڕەتەکانی دیکەی قورئاندا بەوە بەرزکراوەتەوە (پلەی

پێدراوە) لەو ڕووەوە کە دوو سەجدەی تێدان؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، هەر کەسێک دوو سەجدەکان نەبات، (واتە: سەجدەی قورئان خوێندن) با نەیانخوێنێ.

هۆی ناونرانی ئەم سوورەتە بە سوورەتی (الحج)، ئەوەیە کە خوا ﷻ لەم سوورەتەدا باسی حەج دەکات، کە فەرمانی بە ئیبراهیم کردوە جاڕ بدات بە نێو مرۆڤایەتییداو، خەڵک بانگ بکات بۆ زیارەت و سەردانی ماڵی خوا، کە پێی دەگوترێ: حەج.

دووەم: جۆری ئەم سوورەتەو، شوێنی دابەزینی:

لەو بارەوە سێ ڕا هەن:

أ)- ڕای یەکەم: ئەم سوورەتە سوورەتێکی مەککەییە.

ب)- ڕای دووەم: ئەم سوورەتە سوورەتێکی مەدینەییە، واتە: لە مەدینە دابەزیوە، یان لە قۆناغی مەدینەدا دابەزیوە، با لە دەرەوەی مەدینەش دابەزیبێ.

ج)- ڕای سێیەم: ئەم سوورەتە، هەم سوورەتێکی مەککەییە، هەم مەدینەییشە، واتە: سوورەتێکی تێکەڵە.

منیش زۆر لێم کۆڵیەوەو سەیری تەفسیرەکانم کردو، بەڕای بەندە ئەم سوورەتە مەککەیی بوونی بەهێزترە، چونکە خوا ﷻ لە ئایەتی (٣٩)ی ئەم سوورەتەدا دەفەرمووێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ﴾، واتە: مۆڵەت درا بەوانەی کە شەڕیان لە دژ دەکرێ و، ستەمیان لێ دەکرێ، بێگومان خوا ﷻ لەسەر یارمەتیدان و پشتگیریکردنیان بە توانایە، ئنجا لە مەدینە خوا ﷻ نەیفەرمووە: مۆڵەتە جەنگ بکەن، بەڵکو ئەوە پێش کۆچکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە بۆ مەدینە، کە مۆڵەت دراون، مسوڵمانان

بەرگریی لە خۆیان بکەن و، جەنگ لە دژی ئەوانە بکەن کە شەڕیان پێ دەفرۆشن و، موڵک و ماڵیان لێ زەوت کردوون و، لە زێدو نیشتیمانی خۆیان دەریانکردوون، واتە: لە مەدینە جەنگ پێویست کراوە، ئنجا لێرەدا دەفەرموێ: مۆڵەت درا بەوانەی جەنگیان لە دژ دەکرێ، کە بەرگریی لە خۆیان بکەن، وەک دواییش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سووڕەتەدا باسی دەکەین، کە وا پێدەچێ ئەم سووڕەتە لە کۆتایی قۆناغی مەککەو، پێش دەستکردن بە قۆناغی مەدینە دابەزیبێ، هەر بۆیەش توێژەرەوانی قورئان مشت و مڕی زۆریان لەسەر ئەوە بووە، کە ئایا مەککەییە یان مەدینەییە؟! لە ڕاستییدا دەکەوێتە سەر سنوورو تخووبی هەردوو قۆناغی مەککەو مەدینە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە:

زانایان کە ڕاجیایان هەیە، لە بارەی ژمارەی ئایەتەکانی هەندێک لە سووڕەتەکانەوە، ئەوە نیە کە یەکێکیان بڵێ: فڵان سووڕەت ئەوەندە ئایەتەیە، ئەوی دیکە بڵێ: نەخێر کەمترە، واتە: ڕستەیەک یان بڕگەیەک لە قورئان دا لەسەری ناکۆک بووبن! نەخێر، بەڵکو لە کورتیی و درێژیی ئایەتەکان، لە کوێ دەوەستی و لە کوێ دەست پێ دەکەیەوە؟، لەوەدا زانایان ڕاجیا بوون، نموونەیەکی سادە بێنمەوە: سووڕەتی **(الفاتحة)** کە خوا دەفەرموێ: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾، هەندێکیان لەوێ وەستاون، ئەوەیان کردوە بە ئایەتێکی دیکە: ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾الفاتحة، بەڵام هەندێکیان هەموویان کردوە بە یەک ئایەت، ئا لێرەداو لەو حاڵەتانەدا ژمارەی ئایەتەکان جیاواز بووە.

ئنجا خەڵکی مەککەو مەدینە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتەیان بە (٧٧) داناوە.

خەڵکی شام (یانی: زانایانی شام) بە (٧٤)یان داناوە.

خەڵکی بەسرا بە (٧٥)یان داناوە.

خەڵکی کووفە بە (٧٨)یان داناوە.

(**فخر الدین الرازي**)یش بۆ خۆی بە تەنیا لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە (٧٦)ی داناوە، بەڵام ئەو موصحەفانەی لە لای ئێمەومانانن و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زیاتر باون، بە پێی خوێندنەوەی (**حفص عن عاصم**)، ئەو ڕایەیان تەبەننیی کردوە کە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە (٧٨)ە.

چوارەم: ڕیزبەندیی دابەزینی و ڕیزبەندیی لە (مصحف)دا:

ڕیزبەندیی لە موصحەفدا (٢٢)یە، واتە: سووڕەتی (**الحج**) کە لە سووڕەتی (**الفاتحة**)ەوە لە لای ڕاستەوە پێدا دێی، بیست و دوو (٢٢)ەمین سووڕەتە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزینیدا، زانایان ڕاجیاییان هەیە، بۆ وێنە: لێرەدا ئەم دەقە هەیە: (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: **نَزَلَتْ (سورة الحج) بَعْدَ سُورَةِ النُّورِ وَقَبْلَ سُورَةِ المُنَافِقِيْنَ**) وعن ابن الزبير مثله.[1]

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ) ڕای وابووە کە سووڕەتی (**الحج**) لە دوای سووڕەتی (**النور**)و، پێش سووڕەتی (**المُنَافِقِيْن**) دابەزیوە.

دیارە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس پێی وایە ئەم سووڕەتی (**الحج**)ە مەدینەییە، چونکە هەر کام لە سووڕەتی (**النُّورِ**) و (**المُنَافِقِيْن**) لە قۆناغی مەدینەدا دابەزیوون.

ئنجا بە پێی ئەم ڕایە ئەم سووڕەتە بە سووڕەتی سەدو پێنجەمین (١٠٥) لە ڕیزبەندیی دابەزیندا ئەژمارکراوە، کە هەموو قورئان (١١٤) سووڕەتە، ئەم سووڕەتەیان بە (١٠٥)ەمین داناوە.

---

(١) ذكره السيوطي في (الدر المنثور) (٣/٦)، ونسبها لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٢ ص ٦٩٧

بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە زانایان کە پێیان وایە ئەم سوورەتە سوورەتێکی مەککەییە، ژمارەی (٩٠)یان بۆ داناوەو، گوتوویانە: لە دوای سوورەتی (**المطففين**) دابەزیوە، ئنجا ئەگەر (٩٠) بێ، کەمتر بێ، یان شتێک زیاتر بێ، گرنگ ئەوەیە ئەم سوورەتە وەک ئێمە ئەو ڕایەمان هەڵبژارد، زیاتر بە سوورەتە مەککەییەکان دەچێ، نەک بە سوورەتە مەدینەییەکان.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

سوورەتی حەجیش هەمان نێوەڕۆکی سوورەتە مەککەییەکانی دیکەی هەیە، کە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**الأنعام**)دا، بە درێژیی باسی سروشتی سوورەتە مەککەییەکانمان کرد، لەبەر ئەوەی لە ڕیزبەندیی موصحەفدا یەکەمین سوورەت کە پێیگەیشتین سوورەتی (**الأنعام**) بوو، لە سوورەتە مەککەییەکان، هەرچەندە لە بارەی سوورەتی (**الفاتحة**)ەشەوە مشت و مڕ هەیە، کە ئایا سوورەتێکی مەککەییە، یاخود مەدینەییە؟ بەڵام بە هەرحاڵ لە سوورەتە گەورەکان و سوورەتە باوەکان کە سوورەتی مەککەیین، سوورەتی (**الأنعام**) یەکەمین سوورەت بوو، بۆیە لەوێ بە درێژیی قسەمان کردوە لە بارەی سروشت و نێوەڕۆک و چۆنیەتیی قورئانی مەککەییەوە، کە دیارە زۆربەی قورئان لە قۆناغی مەککە دابەزیوەو، بە ژمارە دەوری (٨٦) سوورەت مەککەیین و، (٢٨) سوورەتیش مەدینەیین، واتە: قورئانی مەککەیی دوو لەسەر سێی (٣/٢)ی هەموو قورئان زیاترەو، یەک لەسەر سێی (٣/١)یشی لە قۆناغی مەدینەدا دابەزیوە.

قورئانی مەککەیی چەند تەوەرێك دەگرێتە خۆی:

١)- باسی خوا ﷻ، چ ناسینی خوا، وەک تاکە بەدیهێنەر، تاکە پەروەردگار، تاکە خاوەن، تاکە مشوورخۆرو، چ وەک پەرستنی خوا، بەندایەتیی بۆ خوا، بە مانای ئەوپەڕی بە

گەورە گرتنی و، ئەوپەڕی خۆشویستنی و، ئەوپەڕی ڕێزلێگرتنیی و، ئەوپەڕی پشت پێ بەستنی و، ئەوپەڕی ملکەچ بۆ کردنی و ... هتد.

٢)- باسی پێغەمبەرایەتیی و وەحیی و، باسی بەسەرهاتی گەلانی پێشوو لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ).

٣)- باسی ڕۆژی دوایی و، ڕووداوەکانی ڕۆژی دوایی، بە ئاخیر زەمان (الساعة)و بە هەڵسانەوە (القيامة)شەوە، (الساعة) واتە: ئاخیر زەمان، ئەو کاتەی کە تۆماری ئەم ژیانە دنیاییەی تێدا دەپێچرێتەوە، (القيامة) واتە: هەڵسانەوە، قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی، هەرچەندە جاری واش هەیە وشەی (الساعة) بۆ کۆی ڕۆژی دوایی و، بە تایبەت بۆ قۆناغی هەڵسان و زیندوو کرانەوەش بەکارهاتوە، هەروەها باسی بەهەشت و دۆزەخ کە لەم سوورەتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر بەهەشت و دۆزەخ.

٤)- باسی ڕەوشت و ئاکاری بەرزو پەسندو، پاشان باسی خوو خدەی خراپ، بە تایبەتی لەم سوورەتی حەجدا، باسی شەڕە قسەو دمبەدمەو مشت و مڕی بێبڕوایەکان بە نەزانانەو ملهوڕانە، لە بارەی خوای پەروەردگارەوە، زۆر زەق کراوەتەوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

بەپێی سەرنج دانی من بۆ ئەم سوورەتە، پێنج (٥) تایبەتمەندیی هەن، کە دەگونجێ زیاتریش بن و، دەگونجێ کەسێك هەندێک لەو پێنجانە بخاتەوە نێو یەک، ئەوە بۆ چوون و ئیجتیهادی بەندەیەو، من تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە، لە پێنج (٥) شتاندا دەبینم:

تایبەتمەندیی یەکەم: وا پێدەچێ ئەم سوورەتە موبارەکە لە کۆتایی قۆناغی مەککەییدا هاتبێتە خوار، واتە: کەوتبێتە نێوان هەردوو قۆناغی مەککەو مەدینە، بۆیەش زۆرێک لە زانایان ئەو ڕایەیان هەڵبژاردوە، کە بڵێن: ئەم سوورەتە، هەم مەککەییەو، هەم مەدینەییە، بە شێوەیەک کە هەندێک لە زانایان و

توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: زۆر زەحمەتە بتوانین ئایەتە مەککەییەکان و مەدینەییەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە لێک جیا بکەینەوەو، لێکیان هەڵباوێرین، بۆیە گوتوویانە: ئەم سوورەتە، هەم مەککەییەو، هەم مەدینەییە.

تایبەتمەندیی دووەم: لەم سوورەتەدا زۆر بە تۆخیی باسی خواناسیی و خواپەرستیی لە لایەک و، ڕەفزکردنی کوفرو شیرک لەلایەکی دیکەوە، کراوە، با تەماشا بکەین:

بە لای کەمەوە لە حەوت ئایەتاندا باسی خواناسیی کراوە، ئنجا خواناسیی چ وەک تاکە بەدیهێنەرو تاکە پەروەردگارو تاکە خاوەن و تاکە مشوورخۆرو تاکە هەڵسووڕێنەری کاروباری گەردوون، چ وەک پەرستنی و بەندایەتیی بۆ کردنی، ئەوانیش ئەم حەوت (٧) ئایەتانەن:

١- ئایەتی ژمارە شەش (٦) کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ﴾، واتە: ئەوەی باسی کرا بە هۆی ئەوەوەدیە، کە بەس خوا هەقە، هەق، واتە: چەسپاو، کە پێچەوانەی هەق بریتیە لە (باطل) واتە: شتی پووچ و بێ نێوەڕۆک، هەر خوا هەقە، وەک لە کوردەواریی خۆشماندا دەڵێن: (هەر خوا خوایە، ئەوی دیکە هەمووی کاو بایە)، لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا هاتوە ﷺ فەرموویەتی: **{أَصْدَقُ كَلِمَةٍ قَالَهَا الشَّاعِرِ، كَلِمَةُ لَبِيدٍ: أَلاَ كُلُّ شَيْءٍ مَا خَلاَ اللهَ بَاطِلُ} (أخرجه أحمد: ١٠٠٧٦، والبخاري: ٣٦٢٨، ومسلم: ٢٢٥٦، وابن ماجه: ٣٧٥٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ).**

واتە: ڕاسترین وشە کە شاعیر گوتوویەتی، قسەی لەبیدە: ئاگاداربن! هەموو شتێک جگە لە خوا پووچ و بۆشە، چونکە هیچ شتێک بوونی لە خۆیەوە نیەو، هەمووی خوا بوونی پێداوە: ﴿رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠﴾طە، واتە: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە بوونی بە هەموو شتێک داوە، دوایش ڕێنمایی کردووەو خستوویەتە سەر ڕێ، چۆن بەڕێوەبچێ.

٢- ئایەتی ژمارە (١٨) کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴾، کە خوا باسی ئەوە دەکات: هەموو شتێک کڕنووش بۆ خوا دەبات، هەموو ئەوانەی کە لە زەوی و لە ئاسمانەکاندا هەن، باسی هەموو دروستکراوەکان دەکات، هەموویان بۆ خوا ﷻ ملکەچن و، کڕنووشی بۆ دەبەن.

٣- ئایەتی (٢٨) کە دەفەرموێ: ﴿ لِّيَشْهَدُوا۟ مَنَٰفِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْلُومَٰتٍ ﴾، واتە: با خەڵک بێن بۆ حەج تاکو چەند سوودو کەڵکێک ببینن، بەهرە وەربگرن و، یادی خوا بکەن، لە ڕۆژانێکی دیارییکراودا.

ئەمەش باسی خواپەرستییە.

٤- ئایەتی ژمارە (٣٠) کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ﴾، واتە: ئەوە بەو شێوەیە کە باسکراو، هەر کەسێک حورمەتەکانی خوا (واتە: ئەو شتانەی کە خوا حورمەتی لێناون) بە مەزن بگرێ، ئەوە بۆ ئەو زۆر باشترە.

٥- ئایەتی ژمارە (٣٢) کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴾، واتە: ئەوە بەو شێوەیەو هەر کەسێک دروشمەکانی خوا بە مەزن بگرێ[و، ڕێزیان لێبگرێ و، بەرزیان ڕابگرێ] ئەوە نیشانەی هەبوونی تەقوایە لە دڵ و دەروونیدا.

٦- ئایەتی ژمارە (٣٥) کە دەفەرموێ: ﴿ وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾، واتە: موژدە بدە بەو بۆ خوا ملکەچانەی کە کاتێک یادی خوا بکرێ، دڵیان ڕادەچڵەکێ (ڕادەچەنێ).

٧- ئایەتی ژمارە (٦٢) کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ ﴾، واتە: ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە کە بەس خوا هەقەو، ئەوەی کە لە جیاتی خوا لێی دەپاڕێنەوە، ئەو پووچەو بۆشە (بێ نێوەڕۆکە).

لەوانەیە بگونجێ لەم سوورەتەدا شوێنی دیکەش دەست نیشان بکرێن، کە خوا ﷻ تێیاندا باسی خواناسیی و خواپەرستیی دەکات.

هەروەها لە چەند شوێنێک لەم سوورەتەدا، باسی کوفرو شیرکیش کراوە:

أ- لە ئایەتی ژمارە (٢٥) دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۢ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾، واتە: بێگومان ئەوانەی کە بێبڕوان و، خەڵک لە ڕێی خوا لادەدەن، لە ڕێی ئەو مزگەوتە حەرامەوە کە خوا دایناوە، ئەوەی کە لەوێ نیشتەجێیەو ئەوەش کە لە دەرەوە دێ، هەموویان تێیدا یەکسانن و، هەر کەسێک بیەوێ ستەم و ئیلحادو لادانی تێدا بکات، سزایەکی بە ئازاری پێ دەچێژین.

ب- لە ئایەتی ژمارە (٣١)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴾، واتە: هەر کەسێک هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەک ئەوە وایە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوەو، باڵندە تێی ڕۆ هاتبن و دەستیان دابێتێ و بیخۆن، ﴿ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴾، یان وەک کەسێکە کە با بیرفێنێ بەرەو شوێنێکی دوور (بەرەو چاڵێکی قووڵ).

کەسێک کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێ سەرەنجامەکەی ئاوایە، لە دنیاو لە دواڕۆژیشدا.

ج- هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٧٣)شدا، خوا ﷻ وێنەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش دێنێتەوە بۆ بێ دەستەڵاتیی ئەو پەرستراوانەی کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! وێنەیەک هێندراوەتەوە گوێی بۆ هەڵخەن، ئەوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، هەرگیز ناتوانن مێشێک دروست بکەن، {نەک هەر ناتوانن مێشێک دروست بکەن}

بەڵکو ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بستێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوەو، لە دەستی قوتارو دەربازی بکەن، هەم ئەوەی کە بە دوای {مێشەکە} دەکەوێ {کە شتەکەی لێ بستێنێتەوە} بێهێزە [لە بەرانبەر مێشەکەداو، بێ چارەیەو دەستەوەستانە، شتەکەی پێ لێ ناستێنرێتەوە]و هەم داوا لێکراوەکەش {کە مێشەکەیە ئەویش} هەر بێهێزە.

د- هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٧٤)دا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾، واتە: وەک بۆ خوا شایستەیە، ڕێزیان لە خوا نەگرتوە، {قەدری خوایان نەزانیوە}.

ئەگەر قەدری خوایان زانیبایە، تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنە، هەر ئەویشیان بە پەرستراوو بەبەندایەتیی بۆ کراوی خۆیان دادەنا.

تایبەتمەندیی سێیەم: ئەوەیە کە لەم سوورەتە موبارەکەدا، پانتاییەکی باش بۆ باسی ڕۆژی دوایی و زیندووکرانەوە تەرخانکراوە:

١- لە سەرەتای ئەم سوورەتەدا کە ئاوا دەست پێدەکات، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ عَظِيمٌ ① يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ ② ﴾، خوا ﷻ بانگی مرۆڤایەتیی دەکات و هۆشداریان پێ دەدات کە لەرزینەوەو هەژان و ڕاتەکێنرانی زەوی لە ئاخیر زەماندا شتێکی زۆر مەزنە، کە بە تەئکید مەبەست لە (ٱلسَّاعَةِ) ئاخیر زەمانە، ئەگەرنا (ساعة) بە مانای ڕۆژی دواییش دێ، دیمەنی وای تێدا هەن، هەرگیز نەتانبینیون:

أ- ئافرەتێک کە شیر دەدات بە منداڵەکەی، لە کاتی شیرپێدانیدا لە هەژمەتی ئەو ڕۆژە، لە کۆرپەی شیرەخۆری خۆی بێ ئاگا دەبێ.

ب- هەموو ئافرەتێک کە منداڵی لە سک دایە، منداڵەکەی لەبەردەچێ.

ج- خەڵک دەبینی وەک سەرخۆش وان، کەچی سەرخۆش نین، بەڵام سزای خوا توندە.

٢- ئایەتەكانی (٥ و ٦ و ٧) كە خوا ﷻ باسی زیندوو بوونەوەو، باسی ژیاندنەوەی بۆ مردووان دەكات، دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ﴾.

واتە: ئەی خەڵكینە! ئەگەر لە دوو دڵییدان، لە هەڵسێنرانەوەو زیندوو كرانەوەدا، {بە هەڵەداچوون} چونكە ئێمە ئێوەمان لە گڵ دروست كردوە، سەرەتای پێكهاتەی جەستەی ئێوە لە گڵە، دواپی دەبێتە نوتفەو دەبێتە عەلەقەو دەبێتە موضغە، ئنجا دەبنە منداڵ و لە منداڵدانی دایكتان دێنە دەرێ و، دوایش پێدەگەن و دەگەنە تۆغیان و قۆناغی هێزو پێزی خۆتان، ئنجا هەشتانە پێشتر دەمرێ، هەشتانە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنێكی پیریی كەنەفت.

دوایی لە ئایەتی شەشەم (٦)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾، ئەوەش بە هۆی ئەوەوەیە كە بەس خوا هەقەو، مردووانیش زیندوو دەكاتەوە.

هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٧)یش دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ ﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوانەی لە گۆڕەكاندان، دەریان دێنێتەوەو هەڵیان دەستێنێتەوە.

٣- هەروەها ئایەتەكانی: (٥٥ و ٥٦)ن، كە تێیان دا باسی ڕۆژی دوایی كراوە، لە ئایەتی (٥٥)دا دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً ﴾، هەتاكو ڕۆژی ئاخیر زەمانیان كت

و پڕ بەسەر دادێ، ئنجا لە ئایەتی (٥٦)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ ﴾، لەو ڕۆژەدا دەستەڵات و موڵک و دەسترۆیشتوویەتیی، هەمووی هی خوایەو، خۆی دادوەرییان لە نێواندا دەکات.

٤- ئایەتی ژمارە (٦٣) کە خوا تێیدا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَتُصْبِحُ ٱلْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾، کە ئەم مەبەستە لە ئایەتی ژمارە (٤)ی سەرەتای سوورەتی (الحج)یشدا هاتوە، کە دەفەرموێ: ئایا سەرنج نادەی خوا لەسەرێوە ئاوی دابەزاندوە! هەر ئەوەندە دەبینی زەوی سەوز هەڵدەگەڕێ، واتە: پڕ دەبێ لە ڕووەک و شینایی و دارو درەخت، یانی: بە هەمان شێوەش، خوا ﷻ وەک چۆن ئەو زەوییە مردووە، ڕەق هەڵاتوو وشک و برینگەی زیندووکردۆتەوە، بەهۆی بارانەوە، بەهەمان شێوەش دەتوانێ ئێوە زیندوو بکاتەوە.

٥- ئایەتی ژمارە (٦٦) کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ﴾، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی ژیاندوە (ژیانی پێداون) دواییش دەتانمرێنێ، دواییش زیندووتان دەکاتەوە.

٦- ئایەتی ژمارە (٦٩) کە دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، واتە: خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا دادوەرییتان لە نێواندا دەکات.

وەک گوتمان: ئەم سوورەتە بەڕاستیی پانتاییەکی زۆری تێدا تەرخانکراوە، بۆ باسی ئاخیر زەمان و ڕۆژی دوایی بە گشتی و، هەڵسانەوەو زیندووکرانەوە بە تایبەت.

تایبەتمەندیی چوارەم: ئەم سوورەتە (الغَزنَوي) گوتوویەتی، وەک زۆربەی تەفسیرەکان لێیان نەقڵ کردوە، بە تایبەت (الشوكاني) لە (فتح القدير)دا دەڵێ: [قَالَ الْغَزْنَوِيّ: وَهِيَ مِنْ أَعَاجِيب السُّوَرِ، نَزَلَتْ لَيْلًا وَنَهَارًا، سَفَرًا وَحَضَرًا، مَكِّيًا وَمَدَنِيًا، سِلْمِيًا وَحَرْبِيًا، نَاسِخًا وَمَنْسُوخًا، مُحْكَمًا وَمُتَشَابِهًا](١).

واتە: غەزنەویی دەڵێ: ئەم سوورەتە یەکێکە لە سوورەتە سەرسوڕهێنەرەکان، هەم بە شەوێدا دابەزیوە، هەم بە ڕۆژ، (هەندێک لە ئایەتەکانی بە شەو دابەزیون و هەندێک بە ڕۆژ)، هەندێکیان لە سەفەر دابەزیون، هەندێکیان لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ نیشتەجێ بووە (و لە سەفەر نەبووە)، هەندێکیان لە مەککەو هەندێکیان لە مەدینە، هەندێکیان باسی ئاشتیی و ئاشتەوایی دەکەن و، هەندێکیان باسی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە دەکەن، هەندێکیان نەسخ کەرەوەن و، هەندێکیان نەسخ کراوەن (ئەوە بەڕای وی)، هەندێکیان موحکەم و ڕۆشنن و، هەندێکیشیان زیاتر لە مانایەکیان هەیە، یاخود مانای لێکچوویان هەن.

تایبەتمەندیی پێنجەم و کۆتایی: ئەم سوورەتە لە نێو هەموو سوورەتەکانی قورئاندا، دوو سەجدەی قورئان خوێندنی تێدان.

لەو بارەوە چەند شوێنەوارێکی گێڕدراونەوەو، لەبەرئەوەی سەنەدەکەیان بەهێز نیە نەمهێنان، بەڵام (الشوكاني) لە (فتح القدير)دا دەڵێ: **[وَقَدْ رُوِيَ عَنْ كَثِيرٍ مِنَ الصَّحَابَةِ أَنَّ فِيهَا سَجْدَتَيْنِ، وَبِهِ يَقُولُ ابْنُ الْمُبَارَكِ وَالشَّافِعِيُّ وَأَحْمَدُ وَإِسْحَاقُ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ: إِنَّ فِيهَا سَجْدَةً وَاحِدَةً، وَهُوَ قَوْلُ سُفْيَانَ الثَّوْرِي، وَأَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ وَإِبْرَاهِيمَ النَّخَعِيِّ]**[1].

شەوکانیی دەڵێ: لە زۆر لە هاوەڵان گێڕدراوەتەوەو لێیانەوە هاتووە، کە ئەم سوورەتە موبارەکە دوو کڕنووش بردنی تێدان، (واتە: کڕنووش بردنی قورئان خوێندن) [کە ئایەتی ژمارە (١٨) و (٧٧)ن] ئەوە ڕای عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک و شافیعیی و ئەحمەدو ئیسحاقە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان، هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەم سوورەتە یەک کڕنووشی تێدایە (یەک شوێنی کڕنووش بردن)، ئەویش ڕای سوفیانی سەوریی و، ئیبنو ئەبی شەیبەیە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە هێناویەتی، هەروەها لە ئیبراهیمی نەخەعییشەوە کە یەکێکە لە زانایانی تابیعیین هێناویەتی.

[illegible]

ئەمانە ئەو پێنج تایبەتمەندییەی ئەم سوورەتە بوون، کە دەگونجێ زیاتریشی لێ باس بکرێن.

حەوتەم: دابەشکردنی دەرسەکان:

ئێمە کۆی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە: واتە: هەر (٧٨) ئایەتەکەمان بۆ شەش دەرس دابەش کردوون:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١٦)، باسی ڕۆژی دواییە، بە تایبەت ئاخیر زەمان و، باسی زیندوو کرانەوەو، بەڵگە هێنانەوە لەسەر زیندوو کرانەوەو، هەڵسانەوە، پاشان باسی چوار جۆرە کەس و، هەڵوێستیان لە بەرانبەر خواو ڕۆژی دواییدا:

١- کەسانێک کە کوێرانە بەدوای کەسانێکی شەیتان سیفەتی هەڵگەڕاوەو یاخیی لە خوا دەکەون.

٢- کەسانێک کە مشت و مڕ دەکەن لە بارەی خواوە بە نەزانانە، بە بێ زانیاریی و ڕێنمایی و بێ کتێبێکی ڕۆشنکەرەوەو، دەبنە سەرمەشق و سەرقافڵە بۆ گومڕاکردنی خەڵک و، دوورخستنەوەیان لە خوا.

٣- کەسانێک کە خۆیان بە کەلادا خستوەو لەسەر قەراغن، ئەگەر خێرو خۆشیان تووش بوو، ئەوە دڵ ئاسوودە دەبن و، ئەگەر گرفتاریی و ناڕەحەتییەکیان تووش بوو، هەڵدەگەڕێنەوە.

٤- کەسانێکی بڕواداری کردار باش.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٧ - ٢٤) واتە: هەشت (٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی ملکەچیی هەموو دروستکراوەکان بۆ خوا ﷻو، باسی سزای سەختی بێبڕوایان و، پاداشتی بەرزی بڕواداران.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٥ - ٣٧) واتە: سێزدە (١٣) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی مزگەوتی حەرام و کەعبەو، دانرانی حەج لە لایەن ئیبراهیمەوە بە فەرمانی خواو، جاردانی ئیبراهیم بە فەرمانی خوا بە نێو مرۆڤایەتییدا، کە بێن بۆ سەردانی ماڵی خواو، ئاماژە بە هەندێک لە خوا پەرستییەکانی حەج و، باسی خراپیی شیرک و سزای سەختی شیرک و، باسی ڕەوشتی بەرزیی خواناسان و، حیمکەتی خواپەرستییەکان، بە تایبەت خواپەرستییەکان (مناسك)ی حەج.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٣٨ - ٤٨)، واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی مۆڵەت درانی مسوڵمانان بە جەنگ و، بەرگریی لە خۆ کردنیان و، بەڵگەو پاساوی جەنگ و جیهاد، بۆچی خوا ڕێی داوە بە مسوڵمانان دەستەوکەریی بکەن و، بەرگریی لە خۆیان بکەن و، جەنگ و جیهاد بکەن؟ ئنجا ئامانجی ڕێپێدران و، پاشان پێویستکرانی جەنگ و جیهاد؟ هەروەها باسی سەرەنجامی شوومی گەلانی بێبڕوای پێشوو، هەروەها باسی پەلەکردنی بێبڕوایان لە هاتنی سزای خوا ﷻ، کە هاتنی سزای خواش مسۆگەرە، بەڵام ڕۆژێک لە لای خوا بە قەدەر هەزار (١٠٠٠) ساڵی ئێمەیە، واتە: پێوەری کات لە لای خوا ﷻ جیایە، وەک لە لای مرۆڤەکان، ئەوەی کە ئەوان پێیان وایە درەنگە لە لای خوای پەروەردگار بە جۆرێکی دیکە تەماشا دەکرێ، بۆیە کە زوو سزایان نادات، خوا ﷻ پەلەی نیە.

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٤٩ - ٦٦)، واتە: هەژدە (١٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی ئەوەیە کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایەو، بۆ هەموو بەشەر ڕەوانەکراوەو، ئاماژە بە سەرەنجامی بڕوادارو، بێبڕوایان لە ڕۆژی دواییداو، باسی هەوڵدانی شەیتان لە دژی پێغەمبەر ﷺو، ئایەتەکانی خواو ﷻ، باسی گەورەیی و پلەو پایەو پاداشتی کۆچ کردن لە ڕێی خوادا (واتە: بەجێ هێشتنی زێدو خەڵک و وڵات) و، باسی درەوشانەوەی کۆمەڵێک لە سیفەتە بەرزەکانی خوا لە ئاوێنەی دیمەنی دروستکراوەکانیداو، خستنە ڕووی کۆمەڵێک لە چاکەو بەخششەکانی خوا لە ژیانی مرۆڤدا.

...

دەرسی شەشەم: ئایەتەکانی: (٦٧ - ٧٨) واتە: دوازدە (١٢) ئایەت دەگرێتەوە، باسی ئەوە کە خوا ﷻ بۆ هەر ئوممەتێک کۆمەڵێک خوا پەرستیی و دروشمی داناون، دیارە هەموو ئوممەتان لە کۆمەڵێک خوا پەرستیی و دروشمدا بەشدارن، وەک نوێژو ڕۆژووو دوعاو هتد...، بەڵام هەر ئوممەتەش بە فۆرم و شێوازێکی تایبەت خوا پەرستییەکانی بۆ دانراون و، ڕەنگە هەندێکیشیان تایبەت کرابن بە هەندێک خواپەرستییەوەوە باسی چۆنیەتی مامەڵەکردنی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ کافرانی شەڕە قسەکەرو مشت و مڕکەرداو، باسی چەند هەڵوێستێکی زەق و ڕەقی موشریکەکان و، وێنە هێنانەوەی خوا ﷻ بە مێشە ڕەشە، کە ئەگەر مێشێک - کە زیندەوەرێکی بچووکی بێهێزە - شتێکیان لێ بستێنێ لە پەرستراوەکانیان، یان لە خۆیان، بۆیان لێ ناستێندرێتەوە، کەواتە: بزانن ئێوە چەند بێ دەستەڵاتن، نەک لە بەرانبەر خوادا، بەڵکو لە بەرانبەر دروستکراوێکی بێهێزو نابووتی خوادا، کە مێشە ڕەشەیە!

هەروەها باسی هەڵبژاردنی خوا ﷻ بۆ هەندێک لە فریشتەکانی و پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) وەک نوێنەری خۆی و، پاشان خستنە ڕووی کۆمەڵێک ڕێنمایی گەورەو گرنگ بۆ بڕواداران کە سەرجەم هەشت (٨) فەرمان و، شەش (٦) ڕاستیی مەزنیان تێدان، واتە: خوای پەروەردگار چواردە (١٤) شتی خستوونە ڕوو، وەک ڕێنمایی و بەرچاو ڕوونکردنەوە بۆ بڕواداران، بە تایبەت لە دوو ئایەتی کۆتایی دا، ئایەتەکانی: (٧٧و ٧٨) سوورەتی (الحج).

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە شازدە (١٦) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (الحج) پێک دێ، کە ئێمە لە حەوت بڕگەداو قۆناغ بە قۆناغ دەست دەکەین، بە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ماناو مەبەستەکانی ئەو شازدە (١٦) ئایەتە موبارەکە.

خوای بەرزو مەزن لەم شازدە ئایەتەدا دوو جاران بە ناوونیشانی: ئەی خەڵکینە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾! بانگی مرۆڤایەتیی دەکات و، لە بارەی هاتنی لەرزینەوەو هەژان و تێکەوە ڕاشەقانی زەوی لە ئاخیر زەماندا، پاشان لە بارەی زیندووکرانەوەوە، دەیاندوێنێ و، دوو جۆرە بەڵگەی سەرەکییان لەسەر زیندووکرانەوە، کە لەلای خوا ﷻ شتێکی سێنایە، بۆ دەخاتە ڕوو:

بەڵگەی یەکەم: چۆنیەتی دروست بوونیان لە خاک، دوایی نوتفە، دوایی عەلەقە (خوێن پارە)، دوایی پارچە گۆشتێکی هێندەی زارجوو (مضغة)، ئنجا قۆناغەکانی دیکە، دوایی لە دایک بوونیان و، پاشان پێگەیشتنیان و بڕینی قۆناغەکانی دیکەی تەمەنیان، خوایەک ﷻ توانیبێتی لە گڵێکەوە، پاشان لە نوتفەیەکەوە تۆ دروست بکات، ئەی مرۆڤ! ئایا ناشتوانێ کە بوویەوە بە گڵ، جارێکی دیکە دروستت بکاتەوە؟!

بەڵگەی دووەم: زیندوو بوونەوەی زەوی بە ڕووەک و شینایی، پاش وشک هەڵگەڕان و سوورو سەقەتاڵە بوون و، قاقڕو دێمەکار بوونی، خوا ئاوی دەنێرێتە سەر، بە هەرسێ شێوەکانی باران و بەفرو تەرزە، ئیدی دوایی دەبینی ئەو زەوییە وشک و قاقڕو دێمەکارو بێ ڕووح و بێ ژیانە، دەست دەکات بە جووڵە، دەست دەکات بە گەشە، پاشان ڕووەک و شیناوردو دارو درەخت و میوەجات و گوڵ و گوڵزارو، چەندان جۆرە ڕووەکی تێدا پەیدا دەبێ، بە هەمان شێوە ئێوەش،

کە مردن، وەک خوا ﷻ چۆن ئەو زەوییە مردووە زیندوو دەکاتەوە، دەتوانێ ئێوەش بە هەمان شێوە دەربهێنێتەوە.

هەروەها خوای زاناو توانا لەم ئایەتە بەپێزانەدا، باسی چوار جۆرە کەس و سەرەنجامیشیان دەکات:

١- بابایەکی لاساکەرەوەی شەیتان و، شەڕە قسەکەرێکی نەزان.

٢- بابایەکی مشت و مڕکەر لە بارەی خواوە بەبێ زانیاریی و، بەبێ ڕێنمایی و بەبێ کتێبێکی ڕۆشنکەرەوەو، گومڕاکردنی خەڵک و لە ڕێ خوا لادانیان.

٣- بابایەکی بە ڕواڵەت خواپەرستیی بە لەقەلەق و هەلپەرست و لەسەر تەل، هەر شتێکی بە دڵ نەبێ هەڵدەگەڕێتەوە، خۆی بە کەلا داخستوە.

٤- ئیماندارێکی کردەوە باش.

کە بێگومان هەر کامێک لەو چوار جۆرە مرۆڤە، سەرەنجامێکی پڕ بە پێستی خۆی لە لایەن خوای دادگەرو کارزانەوە بۆ دیاریی کراوە.

هەروەها خوای باڵا دەست ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ناحەزانی خواو، بەرنامەکەی و، پێغەمبەرەکەی ﷺ جگە لە خۆ فەوتاندن، هیچی دیکەیان لە دەست نایەت، ئەوەی کە لە دەستیان دێ، هەر ئەوەیە کە خۆیان بفەوتێنن، چ بە ویستی خۆیان، چ بە هۆی ئەو کوفرو شیرک و بێبڕواییەوە، کە دەیکەنە پیشە، کە لە ئەنجامدا سەریان بە فەتارەت دەدا.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ (١) يَوۡمَ
تَرَوۡنَهَا تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا
وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ (٢) وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ (٣) كُتِبَ عَلَيۡهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ
فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ (٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ
فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ
لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ
أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا
يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ
وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ (٥) ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ
قَدِيرٞ (٦) وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ (٧) وَمِنَ ٱلنَّاسِ
مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ (٨) ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ لَهُۥ
فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ (٩) ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ
بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ (١٠) وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ
ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ (١١) يَدۡعُواْ مِن
دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ (١٢) يَدۡعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ
أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ (١٣) إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ (١٤) مَن كَانَ يَظُنُّ أَن
لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ فَلۡيَمۡدُدۡ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لۡيَقۡطَعۡ فَلۡيَنظُرۡ هَلۡ يُذۡهِبَنَّ
كَيۡدُهُۥ مَا يَغِيظُ (١٥) وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ (١٦)﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، هـۆ خەڵکینـە! پارێـز لـە (سـزای) پەروەردگارتـان بکـەن، بـە دڵنیایـی لەرزینـەوە (و ڕاشـەقاندنی زەوی) لـە ئاخیـر زەمانـدا شـتێکی مەزنـە ① لـە ڕۆژێکـدا ئـەو (ڕووداو)ە (سـامناکە) دەبینـن، هـەر ژنێکـی شـیردەر لـە کاتی شـیر پێدانـدا، ئـاگای لـە شـیر پێدراوەکـەی نامێنـێ و، هـەر ژنێکـی خـاوەن تـۆڵ، تۆڵەکـەی (کۆرپەکـەی) دادەنـێ و، خەڵـک بـە سەرخۆشـیی دەبینـی و سەرخۆشـیش نیـن، بـەڵام سـزاو ئـازاری خـوا سـەخت و بێڕەزایـە ② باـبای وا هەیـە لـە خەڵکـی کـە بەبـێ زانیاریـی لـە بـارەی خـواوە، (شـەڕە قسـەو) مشـت و مڕ دەکات و، بـە دوای هەمـوو شـەیتانێکی یاخیـی (و سـەرکێش) دەکـەوێ ③ (کـە بـە پێی سیسـتمی خـوا) لـە سـەری نـووسراوە: هـەر کـەس دۆسـتایەتیی بـکات گومـڕای دەکات و، بـەرەو ئـازارو سـزای کڵپـە (ی ئاگـری دۆزەخ) دەیبـات ④ ئـەی خەڵکینـە! ئەگـەر لـە بـارەی زینـدوو کرانـەوەوە لـە دوو دڵییـدان، (بـە هەڵەداچـوون! چونکـە) ئێمـە لە گڵ دروسـتمان کـردوون، دوایـی لـە نوتفەیـەک، ئنجـا لـە خوێـن پارەیـەک، ئنجـا لـە پارچـە گۆشـتێکی زارجـوو ئاسـای بیچـم و شـێوەدارو، بـێ بیچـم و شـێوە، تاکـو بۆتـان ڕوون بکەینـەوە (لـە کوێـوە هاتـوون و چـۆن دروسـت بـوون!) هەروەهـا ئـەوەی بمانـەوێ (ببێتـە مـرۆڤ) تاکـو کاتێکـی ناوبـراو (دیاریکـراو) لـە نێـو منداڵدانانـدا سـەقامگیری دەکەیـن، دوایـی لـە حاڵـەتی (کۆرپـەی) منداڵـدا دەتانهێنینـە دەر، پاشـان دەگەنـە قۆناغـی تیـن و تاقەتتـان، هەشـتانە دەمرێنـدرێ و هەشـتانە دەگێڕدرێتـەوە خراپتریـن تەمـەن (پیـرو کەنەفـت دەبـێ)، تاکـو سـەرەنجام دوای ئـەوەی زانیاریـی هەبـووە، هیـچ نەزانـێ، هەروەهـا (بەڵگەیەکـی دیکـە لەسـەر ئاسـانیی زینـدوو کرانەوەتـان لەلایـەن خـواوە ئەوەیـە کـە) زەوی بـێ ڕووەک بـێ جووڵـە دەبینـی، بـەڵام هـەر کـە ئاومـان بەسـەردا ئـاردە خـوار، جووڵـە جووڵـی کـردو پـۆز بـووو،

لە هەر رووەکێکی بە ڕەونەق و دڵ پشکوێنەری ڕواند (٥) بۆیە ئەوەشمان بۆ خستنە ڕوو، تاکو بزانن کە بەس خوا هەقەو، کە مردووان دەژیێنێتەوەو، کە لەسەر هەموو شتێکیش توانایە (٦) هەروەها کە (دڵنیا بن) ئاخیر زەمان دێ، گومانی تێدانیە، هەروەها کە (بزانن) خوا ئەوانەی لە گۆڕەکاندان زیندوویان دەکاتەوە (دەریان دێنێتەوە) (٧) هەروەها بابای وا هەیە لە خەڵکی کە بەبێ زانیاریی و، بەبێ ڕێنمایی و، بێ کتێبێکی ڕوونکەرەوە، لە بارەی خواوە (شەڕە قسەو) دمبەدمە دەکات (٨) بە فیزەوە خۆی با دەدات (خۆی دەنووشتێنێتەوە) تاکو (خەڵکی) لەڕێی خوا گومڕا بکات، لە دنیادا دووچاری ڕیسوایی دەبێ و، لە ڕۆژی هەڵسانەوەش دا سزای سووتێنەری پێ دەچێژین (٩) (پێی دەڵێین:) ئەو (سزایە) بە هۆی ئەوەوەیە کە دەستەکانت (کردوویانەو) پێشیان خستوەو، (دڵنیا بە) کە خوا ستەم لە بەندەکانی ناکات (١٠) هەروەها لە خەڵکی، بابای وا هەیە لەسەر قەراغ خوا دەپەرستێ (بە کەلادا دەکەوێ)، ئنجا ئەگەر چاکەی تووش بوو، پێی دڵ ئاسوودە دەبێ، بەڵام ئەگەر بەڵایەکی تووشبوو، (پاشەو پاش) لەسەر ڕووی هەڵدەگەڕێتەوە (سەرەنجام) دنیاو دوارۆژان لە دەست دەدات، ئا ئەوەشە زیانباریی ڕوون (١١) (لە جیاتی خوا) لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە نە زیانی لێ دەدات و، نە سوودی پێ دەگەیەنێ، ئا ئەوەشە گومڕایی دوور (١٢) لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە زیانی لە سوودی نزیکترە: ئا ئەوەیە خراپترین دۆست و خراپترین هاوەڵ (١٣) بە دڵنیایی خوا ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردوون، دەخاتە چەند باغ و بێستانێکەوە، کە ڕووباریان بەژێر (کۆشکەکان)دا دەڕۆن، بێگومان خوا ئەوەی بیەوێ دەیکات (١٤) هەر کەس پێی وایە خوا لە دنیاو دوارۆژدا سەری ناخات (یان پێغەمبەرەکەی سەرناخات)، با پەتێک بۆ سەقف درێژ بکات و پێیەوە ببەستێ و، خۆی هەڵبواسێ و نەفەسی خۆی ببڕێ، ئنجا با سەرنج بدات، ئایا فێڵەکەی، ئەوەی ڕقی لێدەبێتەوە لای دەبات؟ (١٥) بەو شێوەیەش ئایەتە ڕۆشنەکانمان دادەبەزێنین و، بە دڵنیایی خوا هەر کەس بیەوێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ (١٦)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(زَلْزَلَةَ): (**التَّزَلْزُلُ: الإِضْطِرَابُ وَتَكرِير حُرُوف لَفْظِهِ، تَنْبِيهٌ عَلَى تَكْرِيرِ مَعْنَى الزَّلَلِ فِيْهِ**)، (**تَزَلْزُل**) بە مانای هاتن و چوونە، جووڵانە، هەژانەو، پیتەکانی بێژەکەی کە دووبارە بوونەوە، {هەر کام لە (زاء، لام) دووبارە بوونەوە} ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوە کە (**زَلَلْ**) کە بە مانای خلیسکان و جووڵانە، تێیدا دووبارە بۆتەوە.

(اَلسَّاعَةِ): (**السَّاعَةُ: جُزْءٌ مِنْ أَجْزَاءِ الوَقْتِ وَيُعَبَّرُ بِهِ عَنِ القِيَامَةِ**)، وشەی (**ساعَة**) بەشێکە لە بەشەکانی کات، مانا باوەکەی ئێستای ئەوەیە بەشێکە لە (٢٤) بەشی کاتی شەوو ڕۆژ، هەردووکیان پێکەوە، بەڵام ئەوە مانایەکی عورفییەو، لە زمانی عەرەبییداو لە قورئانندا (**ساعَة**) یانی: کاتێک، کەم بێ یان زۆر بێ، بۆ مانای قیامەتیش بەکارهاتوە، واتە: کاتی هەڵسانەوەو، بە مانای ڕۆژی دواییش بە گشتی بەکارهاتوەو، (**ساعَة**) مەبەست پێی قیامەتە لێرەدا، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ وشەی (**ساعَة**) بە مانای کۆتایی هاتنی سەدەیەک و جیلێک هاتوە، وەک ڕۆژێک پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرا دەربارەی (**ساعَة**)؟

{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ كَانَ رِجَالٌ مِنْ الْأَعْرَابِ جُفَاةٌ يَأْتُونَ النَّبِيَّ ﷺ فَيَسْأَلُونَهُ مَتَى السَّاعَةُ؟ فَكَانَ يَنْظُرُ إِلَى أَصْغَرِهِمْ، فَيَقُولُ: إِنْ يَعِش هَذَا لَا يُدْرِكْهُ الْهَرَمُ حَتَّى تَقُومَ عَلَيْكُمْ سَاعَتُكُمْ، قَالَ هِشَامٌ يَعْنِي مَوْتَهُمْ} (أخرجه البخاري: ٦١٤٦).

عائیشە خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: پیاوانێکی وشک و ناحاڵیی لە عەرەبە خێڵەکییەکان، دەهاتنە لای پێغەمبەر، ئنجا لێیان دەپرسی: ئاخیر زەمان کەیە؟ ئەویش سەرنجی گچکەترینیانی دەداو دەیفەرموو: ئەگەر ئەمە بژی، مردنی ناگاتێ تاکو ئاخیر زەمانی ئێوە دێ، هیشام گوتوویەتی: مەبەستی مردنیان بووە.

واتە: ئەو خەڵکەی ئێستا هەن، لەم سەدەیەدا، هەمووتان کۆتاییتان پێ دێ.

هەروەها وشەی (ساعَة) بە مانای مردنی مرۆڤیش هاتوە، بە تەنیا، وەک خوای دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً ...﴿٣١﴾﴾الإنعام، واتە: هەتا کاتێک کە (سَاعَة) (واتە: مردن)یان بۆ هات کتوپڕ.

هەروەها وەک گوتمان بە مانای قیامەتیش هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقۡسِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيۡرَ سَاعَةٖۚ كَذَٰلِكَ كَانُواْ يُؤۡفَكُونَ ﴿٥٥﴾﴾الروم، واتە: کاتێک (ساعَة) ئاخیر زەمان دێ، تاوانبارەکان سوێند دەخۆن: تەنیا یەک سەعات ماونەوە، (سَاعَة)ی یەکەم بە مانای ئاخیر زەمانە، یاخود بە مانای هاتنی قیامەتەو (سَاعَة)ی دووەم بە مانای بڕێکە لە کات.

(تَذۡهَلُ): (الذُّهُول: شُغْلٌ يُورِثُ حُزْنَاً وَنِسْيَاناً)، واتە: (ذُهُول) سەرقاڵ بوونێکە دەبێتە هۆی خەمباریی و لە بیرچوونەوە، (تَذۡهَلُ) یانی: بێئاگا دەبێ لە ئەنجامی خەفەتباریی و دڵ ناڕەحەتیی دا، لە بیری دەچێتەوەو لێی بێ ئاگا دەبێ.

(مُرۡضِعَةٍ): (المُرْضِعَةُ: المَرْأَةُ فِي حَالَةِ الإِرْضَاعِ لِوَلَدِهَا)، (مُرْضِع) یانی: شیر پێدەر، (مُرۡضِعَةٍ) یانی: شیرپێدەر، ئەدی جیاوازییان چیە؟! جیاوازییان ئەوەیە کە (مُرْضِع) واتە: کاتێک کە شیر بە منداڵ دەدات، بەڵام مەرج نیە ئێستا لە کاتی شیر پێدانیدا بێ، بەڵام کە گوترا: (مُرۡضِعَةٍ) واتە: ئەو ئافرەتەی کە لە حاڵەتی شیر پێدان دایە، بە منداڵەکەی، ئەو (ة) بۆیە زیادکراوە، ئەگەرنا ئەو سیفەتانەی کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە، پێویستییان بە (ة: تاء التأنيث) ناکات، وەک (حامل) پێویست ناکات بڵێی (حاملة)، چونکە هەر ئافرەتە تۆڵدارو دووگیان دەبێ، هەروەها هەر دەبێ ئافرەت شیر بە منداڵ بدات.

(سُكَٰرَىٰ): (جَمْعُ سَكْرَان) واتە: (سُكَارى) کۆی (سَكْرَان)ە، یانی: سەرخۆش، (وَالسُّكْرُ: حَالَةٌ تُعْرِضُ بَيْنَ المَرْءِ وَعَقْلِهِ)، واتە: سەرخۆشیی حاڵەتێکە بۆ مرۆڤ دێتە پێش، دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و عەقڵەوەو هۆشی لە دەست دەدات، کە زیاتر بە هۆی ماددە سەرخۆشکەرەکانەوەیە.

(مَّرِيدٍ): (المَارِدُ والمَرِيْدُ: المُتَعَرِّي مِنَ الخَيْرَات، شَجَرٌ أمْرَد: إذَا تَعَرَّى مِنَ الوَرَقْ وَغُلَامٌ أَمْرَد)، واتە: وشەی (مَارِدْ) و (مَرِيد) هەردووکیان، واتە: داڕنـدراو لە خێرو چاکە، دەگوترێ: (شَجَرٌ أمْرَد) کە درەختێکە گەڵای پێوە نەمابێ و، (وَغُلَامٌ أمْرَد) کوڕێژگەیەک کە جارێ مووی لێ نەهاتبێ و بێ موو بێ.

(نُّطْفَةٍ): (النُّطْفَةُ: الْـمَاءُ الصَّافِي وَيُعْبَرُ بِه عَنْ مَاء الرَّجُل)، واتە: (نُطْفَةُ) ئاوێکی ڕوون و زوڵاڵ، بەکاریش دەهێنرێ وەک ناو بۆ ئاوی پیاو، واتە: ئەو ئاوەی کە پیاو لە کاتی جووت بووندا دەیخاتە نێو منداڵدانی ئافرەتەوەو، لە ئەنجامی یەکگرتنی ئاوی پیاوەکەو ئافرەتەکەدا، منداڵ دروست دەبێ.

(عَلَقَةٍ): (العَلَقُ: الدَّمُ الجَامِدُ، وَمِنْهُ العَلَقَةُ الَّتِي يَكُوْنُ مِنْهَا الوَلَدُ، وَالعَلَقُ: التَّشَبُثْ بِالشَّيءِ)، وشەی (عَلَق) واتە: خۆ بە شتێکەوە هەڵواسین، ئنجا (عَلَق) بریتیە لە خوێنێکی وشک بوو، (عَلَقَةٍ) ئەو خوێنە وشک بووەوەیە، کە منداڵی لێ دروست دەبێ، هێندەی پارچە زەروویەکی لێ دێت ئەو نوتفەیە و، دوایی گەشە دەکات و، خۆی بە دیواری منداڵدان هەڵدەواسێ، وەک چۆن زەروویەک خۆی هەڵدەواسێ.

(مُّضْغَةٍ): (المُضْغَةُ: القِطْعَةُ مِنَ اللَّحْمِ قَدْرَ مَا يُمْضَغُ وَلَمْ يَنْضُجْ)، واتە: (مُّضْغَةٍ) پارچەیەک گۆشت بە ئەندازەی ئەوە کە بجوورێ، زارجوو، بەڵام لە حاڵێکدا کە نەکوڵیبێ، کە بە قۆناغی دوای (عَلَقَة) دەگوترێ، ئەو منداڵە کە (نُطْفَة)یە، دوایی دەگۆڕدرێ بۆ ژیانداڕێکی بچووکی بە قەدەر زەروویەک، دواییش دەگۆڕدرێ بۆ ژیاندارێکی بچووکی هێندەی پارچە گۆشتێکی وەک زارجوو.

(مُّخَلَّقَةٍ): (أي: مُصَوَّرَةً) واتە: وێنە کێشراو، بیچم پێدراو، وێنەدار، (وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ) جارێ شکڵ و شێوەی وەرنەگرتوە.

(أَشُدَّكُمْ): قۆناغی تین و تاقەت و هێزو پێز، قۆناغی گەنجێتیی و دوای گەنجێتی، کامڵ بوون.

(أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ): (الرَّذْل: المَرْغُوبُ عَنْهُ لِرَدَائَتِهِ)، (رَذْل) شتێکە نەویستریٚ لەبەر خراپیی، یان لەبەر بیٚ کەڵکیی، ئنجا (أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ)، یانی: (أَسْوَءُ العُمُر) یانی: خراپترین تەمەن، خراپترین تەمەنی مرۆڤیش ئەوەیە کە پیرو کەنەفت دەبیٚ و، هێزو پێزی نامێنیٚ و، وای لێدیٚ کە بۆ بەڕێوەچوون و بەخێوکرانی، پێویستیی بە غەیری خۆی دەبیٚ، کە لە ڕاستییدا ئەوە تەمەنێکی خراپە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە پاڕانەوەی خۆیدا پەنای بە خوا گرتوە، کە بگێڕدرێتەوە بۆ ئەو تەمەنە خراپەو، خواش دوعاکەی قبوڵ کردوەو، نەگەڕاوەتەوە ئەو تەمەنە.

(هَامِدَةً): (هَمَدَتِ النَّارُ: طفئَتْ، أَرْضٌ هَامِدَةٌ: لاَ نَبَاتَ فيهَا)، (هَمَدت النَّارُ): واتە: ئاگرەکە کوژایەوە (أَرْضٌ هَامِدَةٌ)، واتە: ڕووەکی تێدانیە، سوورو سەقەتاڵەیە و، وشک و برینگە قاقڕو دێمەکارە.

(ٱهۡتَزَّتۡ): (الهَزُّ: التَّحْرِيْكُ الشَّدِيْد)، (هَزّ) بە مانای جووڵاندنێکی بەهێزە، دەگوتریٚ: (هَزَزْتُ الرُّمْحَ فَاهْتَزَّ)، واتە: ڕمەکەم ڕاوەشاندو جووڵا، (اهْتَزَّ النَّبَاتُ: تَحَرَّكَ لِنَضَارَتِهِ) (اهْتَزَّ النَّبَاتُ) واتە: ڕووەکەکە (اهْتِزَاز)ی کرد، واتە: جووڵاو، جوان و ڕەونەقدار بوو گەشەی کرد.

(وَرَبَتۡ): (رَبَا: زَادَ وَعَلاَ) واتە: زیادی کردو هەڵکشیو بەرز بۆوە.

(زَوۡجِۭ): (زَوْج) بە (أَزْوَاج) کۆدەبێتەوە، (أَزْوَاج) واتە: (أَصْنَاف، وَأَنْوَاع) واتە: چەند جۆرو شێوەیەک، بەڵام ئێستا لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە کە ڕووەکیش هەمووی نێرو مێی هەیە، بۆیە خوا ﷻ زۆرجار لە جیاتی (نَبَات) دەفەرمویٚ: (زَوْج)، چونکە هەر ڕووەکێک نێرو مێی تێدایە، کەواتە: لێرەدا (مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ)، واتە: لە هەر ڕووەکێکی دڵخۆشکەرو ڕەونەقدارو دیمەن جوان، ئەو زەوییە سەوزی دەکات.

(بَهِيجٖ): (البَهْجَةُ: حُسْنُ اللَّوْنِ وَظُهُورُ السُّرُورِ فِيْهِ)، (بَهْجة) بریتییە لە ڕەنگ و دیمەنی جوان، دەرکەوتنی شادمانیی تێیدا، ئنجا ڕووەک کە ئاو دەدریٚ، ئنجا

دانەوێڵەیە، سەوزەیە، تەڕەکارە، دارو درەختە، پێش ئەوەی ئاو بدرێ، سیس و پەژموردە دەبێ، ئەگەر تینوو بێ، دوای ئەوەی کە ئاو دەدرێ، دەیبینی گەش و جوان بە ڕەونەق دەبێ و، هەستی پێ دەکەی شادمان و دڵخۆشە.

(ثَانِيَ عِطْفِهِۦ): (لَاوِياً جَانِبَهِ)، (ثاني) یانی: (لَاوِي)، واتە: نووشتێنەرەوە، (لَوَاهُ) لەگەڵ (ثَنَاهُ) یەک مانایان هەیە، واتە: نوشتاندیەوە، (عِطْف)، یانی: (جَانِبْ)، واتە: کەلەکە، تەنیشت، کەواتە: (ثَنَاهُ)، واتە: (عَطَفَهُ) نوشتاندیەوە، (العَطْفُ: ثَنْيُ أحَدِ طَرَفِي الشَّيءِ إلَى الآخِر)، (ثَنِي) بریتیە لەوەی شتێک دوو لای هەبن، لایەکیان بخەیە سەر لایەکەی دیکە، واتە: بینووشتێنیەوەدو قەدی بکەی، بەڵام لێرەدا مەبەست لە: (ثَانِيَ عِطْفِهِۦ) واتە: خۆ بادان و فیزو کەشخە نواندن.

(حَرْفٍ): وشەی (حَرْفٍ) بە مانای پیت دێ و، بە مانای قەراغ و لێواری شتێکیش دێ، دەڵێ: (حَرْفُ الشَّيءِ: طَرَفُهُ، جَمْعُهُ أحْرُفْ وَحُرُوف، حَرْفُ السَّفِيْنَةِ وَالجَبَلِ)، واتە: ئەگەر بڵێی حەرفی ئەو شتە، واتە: قەراغەکەی، کەنارەکەی، لێوارەکەی، کە بە (أحْرُفْ، وَحُرُوف) کۆدەکرێتەوە، بۆ وێنە: دەگوترێ: (حَرْفُ السَّفِيْنَة) قەراغی کەشتیەکە، (حَرْفُ الجَبَل) کەناری چیاکە، (حَرْفُ التلِّ) کەناری گردەکە، بەڵام لێرە خوا ﷻ کەسێک کە هەلپەرست و بەڕواڵەت مسوڵمانەو خۆی بە کەلا داخستوە، ئەگەر خێرو خۆشیی هاتە ڕێ، پێی دڵخۆش و ئاسوودە دەبێ، دەمێنێتەوە لەسەر مسوڵمانەتیەکەی، بەڵام ئەگەر تووشی بەلاو گرفتارییەک بێ، هەڵدەگەڕێتەوەو، واز لە مسوڵمانەتیەکەی دێنێ، ئا ئەو کەسەی چواندوە بە کەسێک کە لەسەر قەراغێک ڕاوەستاوە، هەر شتێکی بە دڵ نەبێ، خۆی بەردەداتەوە بەولادا یان بەولادا.

(ٱلْعَشِيرُ): (العَشِيْرُ: المُعَاشِرُ قَرِيْبَاً، أو مُعَارِفَاً)، وشەی (عَشِيْر) بە مانای هاوەڵ و دۆست، کەسێک لەگەڵ کەسێک تێکەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات و ڕازو نیازی لەگەڵدا دەبێ، ئنجا چ وەک خزمایەتیی لێی نزیک بێ، چ وەک ناسیاوەتیی.

(**بِسَبَبٍ**): یانی: هۆکار، بەڵام لێرەدا (السَّبَبُ: الحَبْلُ الَّذِي يُصْعَدُ بِهِ النَّخْلُ) واتە: ئەو پەت و گوریسەی کە مرۆڤ پێیدا سەردەکەوێ بۆ دارخورما، بەوە گوتوویانە: (السَّبَبُ) (وَسُمِّيَ كُلُّ مَا يُتَوَصَّلُ بِهِ إلى شَيءٍ: سَبَبَاً)، واتە: هەر شتێک کە هۆکار بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، پێی گوتراوە: (السَّبَب)، ئەگەرنا لە ئەصڵدا (سَبَب) یانی: پەت، گوریس، کە خۆیان پێ هەڵواسیوە بۆ ئەوەی پێی بە دارخورما هەڵگەڕێن، بۆ متوربەکردنی، یان چنینی.

(**لْيَقْطَعْ**): (قَطْع) بە مانای بڕین دێ، (ل)ەکە بۆ فەرمانە، (لْيَقْطَعْ) (لِيَمْنَع) واتە: با ڕێگریی لێ بکات، یاخود با پەتەکە ببڕێ و بکەوێتە خوار، یاخود با هەناسەی خۆی ببڕێ، یان با کات و تەمەنی خۆی ببڕێ و، کۆتایی بە خۆی بێنێ.

(**يَغِيظُ**): (الغَيْظُ: أَشَدُّ الغَضَبِ) (غَيْظ) بریتیە لە ئەو پەڕی تووڕە بوون، (مَا يَغِيظُ) واتە: (مَا يَغْضَبُ مِنْهُ وَيُثِيرُ غَيْظَهُ)، واتە: شتێک کە بەهۆیەوە تووڕە دەبێ و، ڕقی هەڵدەستێنێ و، پەست و بێزاری دەکات.

ماناى گشتى ئايەتەكان

خوای پەروەردگار ئەم سوورەتە موبارەکە ئاوا دەست پێدەکات: (بسم الله الرحمن الرحیم) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە.

شایانی باسە: لەکاتی گوتنی ئەم ڕستە بەپێزەدا پێویستە بەلای کەمەوە چوار واتاو مەبەست لە نێو دڵی مرۆڤ دا ئامادەبن:

١- ئەم کارە - قورئانخوێندن یان هەرکارێکی دیکە - بەناوی خواوە دەکەم.

٢- بە مەبەستی ڕازییکردنی خوا دەیکەم.

٣- بەپێی بەرنامەی خوا دەیکەم.

٤- بە وزەو توانایەک کە خوا بۆی ڕەخساندووم دەیکەم، نەک بەشان و شەوکەت توانای سەربەخۆی خۆم.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ﴾، ئەی خەڵکینە! پارێز لە پەروەردگاری خۆتان، لە بەڕێوەبەرو مشوورخۆرتان بکەن، واتە: پارێز لە سزایەکەی بکەن، ﴿إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ﴾، بە دڵنیایی لەرزینەوەو ڕاتەکینرانی ئاخیر زەمان، شتێکی مەزنە، بێگومان ڕاتەکیندرانەکە بۆ زەوییە، واتە: کە زەوی ڕادەتەکیندرێ و دەهەژێ، شتێکی زۆر مەزنە، ئەوەندە مەزنە، وشەو تەعبیر دەستەوسانن ئەو ماناو مەبەستە گەورەیە بخەنە نێو خۆیان.

﴿يَوۡمَ تَرَوۡنَهَا﴾، ئەو ڕۆژە کە دەیبینن، واتە: لەرزینەوەکە دەبینن، کە بەسەر زەویدا دێت، ئەو هەژان و ڕاتەکینرانەی زەوی دەبینن، چی دەبێ؟! ﴿تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ﴾، هەموو ئافرەتێکی شیر پێدەر لەوەی

شیری پێدەدا، بێ ئاگا دەبێ، ئنجا ئافرەت هەر بۆ خۆی زۆر بە ڕەحم و سۆزە، بە تایبەت ئافرەت لە کاتێکدا شیر دەدات بە کۆرپەکەی، زۆر عەتف و سۆزی لەسەریەتی، ئنجا ئەگەر ئەو ئافرەتە وای لێبێ، ئاگای لەو شیرپێدراوەی خۆی نەمێنێ، مانای وایە شتێکی زۆر سامناک و گەورە ڕووی داوە، لە حەژمەتان ئاگای لە کۆرپە شیرە خۆرەکەی خۆی نەماوە، ﴿وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا﴾، هەموو خاوەن تۆلێک، هەموو ئافرەتێکی دووگیان، کۆرپەکەی خۆی دادەنێ، واتە: لەبەری دەچێت، ئەمە ئەگەر مەبەست لە ئاخیر زەمان ئەو کاتە بێ کە خەڵک لەسەر زەوییە، مانای وایە وەک واقیع ئافرەتانی دووگیان، حەملەکەیان لەبەردەچێ، بەڵام ئەگەر مەبەست ڕۆژی قیامەت بێ، واتە: ئەگەر گریمان ئافرەتێک هەبێ لەو کاتەدا شیر بە منداڵەکەی بدا، ئاگای لە شیر پێدراوەکەی نامێنێ و، ئەگەر ئافرەتێک هەبێ تۆڵی هەبێ، تۆڵەکەی لە بار دەچێت، ﴿وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ﴾، خەڵکی دەبینی سەرخۆشن، بەڵام سەرخۆشیش نین، ﴿وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ﴾، بەڵام سزای خوا زۆر سەخت و توندە، سزای خوا کە لەو ڕۆژەدا دێتە پێش، بۆ ئەهلی کوفر دێتە پێش، ئەگەرنا ئەهلی ئیمان خوا ﷻ دەیانخاتە ژێر سایەی بەزەیی خۆیەوە.

ئنجا لەگەڵ ئەوەش دا، ئەو ڕۆژە سامناکە چاوەڕێی مرۆڤایەتیی دەکات، کەچی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ﴾، لە نێو خەڵکیدا، بابای وا هەیە، بەبێ زانیاریی لە بارەی خواوە مشت و مڕو شەڕە قسە دەکات، ﴿وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ﴾، دەشکەوێتە شوێن هەر شەیتانێکی لە خوا یاخیی و سەرکێش و، لەخێر دوورو نەگبەت و نەگریس، واتە: هەر کەسێکی لێ هەڵکەوێ لە خوای دووربخاتەوە، شوێنی دەکەوێ، ﴿كُتِبَ عَلَيۡهِ﴾ [بەپێی سیستمێک کە خوا دایناوە لە ژیانی مرۆڤدا] لەسەری پێویستکراوە، یانی: وای بۆ دانراوەو وا هەڵخراوە، ﴿أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾، ئەو شەیتانە، ئنجا مرۆڤە یان جندە، هەر کەسێک شوێنی بکەوێ و دۆستایەتیی بکات و لێی

نیزیک بێ، بە دڵنیاییی گومڕای دەکات و، بەرەو سزای ئاگری کڵپەداری دۆزەخ ڕێنمایی دەکات.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوە، کە زیندوو کرانەوەی ڕۆژی دوایی بۆ خوا ﷻ شتێکی زۆر سێناو ئاسانە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ ﴾، ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە لە دوو دڵییدان لە زیندوو کردنەوەدو هەڵسێنرانەوەدا، بەهەڵە داچوون، ﴿ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ﴾، چونکە بە دڵنیاییی ئێمە ئێوەمان لە گڵ دروست کردوە، چ مەبەست پێی ئادەم بێی، کە ئادەم لە گڵ دروست بووە، هەروەها حەوواش، چ مەبەست پێی هەر کامێک لە مرۆڤەکان بێ، کە دیارە مرۆڤ لە ئاوی باب و دایکی دروست دەبێ، ئەو ئاوەش، چ ئاوی باب، چ ئاوی دایک، بێگومان لەو خواردن و خواردنەوانە دروست دەبن، کە دایک و بابیان دەیانخۆن، ئەو خواردنانەش لە زەوی پەیدادەبن، بۆیە سەرەنجامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەوی، ﴿ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ﴾، سەرەتای دروست بوونی ئێوە لە گڵەوەیە، ﴿ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ﴾، دوایی لە تۆوە وەیە، (نُّطۡفَةٖ) ئاوی پیاوو ژنە کە دەچێتە نێو منداڵدانی ئافرەتەوە، ﴿ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ﴾، دوایی لە خوێن پارەیەکەوە، ﴿ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ ﴾، دوایی لە پارچە گۆشتێکی هێندەی زارجوویەکەوە، ﴿ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ ﴾، وێنە کێشراوو، وێنە نەکێشراو، بیچم و شێوە پێدارو، بیچم و شێوە پێنەدراو، ﴿ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡ ﴾، بۆیە ئەوەتان بۆ باس دەکەین، تاکو بۆتان ڕوون بکەینەوە، ئێوە چۆن دروست بوون و لە کوێوە هاتوون و چۆن هاتوون؟ ﴿ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ﴾، هەرشتێکیش لە منداڵدانەکاندا سەقامگیر دەکەین و دەهێڵینەوە، کە بمانەوێ، تاکو کاتێکی ناوبراوو دیارییکراو، واتە: ئەوەی خوا ﷻ بیەوێ بیکاتە مرۆڤ، دەیهێڵێتەوە لە نێو منداڵدانی دایکیدا، ئەگەرنا بە نوتفەیی، یان بە عەلەقەیی، یان بە موضغەیی لە بار دەچێ، یاخود بە گەورەتریش لە بار دەچێ، بەڵام ئەوەی خوا ﷻ بیەوێ بیکاتە مرۆڤ، لە نێو منداڵدانا

دەیهێڵێتەوە، ﴿ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا﴾، دوایی بە شێوەی منداڵ دەرتاندێنین، ﴿ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡ﴾، دواییش بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی تاقەت و هێزو پێزتان، ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ﴾، هەشتانە پێش ئەوە دەمرێنرێ، ﴿وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ﴾، هەشتانە دەگێڕدرێتەوە بۆ تەمەنێکی خراپ (پیرو کەنەفت دەبێ) ﴿لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ﴾، تاکو بگاتەوە حاڵەتێک دوای ئەوەی شتی زانیوە، هیچ نەزانێ، ﴿وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ﴾، زەوییش دەبینی بێ هەست و خوست و جووڵەیە، مردوویە، ﴿فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ﴾، هەر کاتێک ئاومان داباراندە سەری، دەجووڵێ و، پۆز دەبێ و گەشە دەکات، ﴿وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ﴾، لە هەر ڕووەکێکی دیمەن جوان و دڵخۆشکەرو بە ڕەونەق دەڕوێنێ، ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ﴾، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە هەر خوا ﷻ هەقە، ﴿وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ﴾، هەروەها بە هۆی ئەوەیە کە خوا ﷻ دەتوانێ مردووان زیندوو بکاتەوە، مردووان دەژیێنێتەوە، ﴿وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾، هەروەها خوا ﷻ لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

﴿وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا﴾، هەروەها ئەو کاتەی دنیا کۆتایی دێ، هیچ دوو دڵیی تێدانیە، ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ﴾، هەروەها خوا ﷻ ئەوانەی لە گۆڕەکاندان، دەریان دێنێتەوەو هەڵیان دەستێنێتەوە.

ئنجا دێتە سەر باسی جۆری دووەم لەو مرۆڤانەی، کە لە بەرانبەر خوادا ﷻ هەڵوێستێکی نەرێنیی و خراپیان هەیە:

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ﴾، هەروەها لە خەڵکی هەیە، بابای وا کە لە بارەی خواوە مشت و مڕو شەڕە قسە دەکات، بە بێ زانیاریی و، بەبێ ڕێنمایی و، بەبێ کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، واتە: نە بەڵگەی زانیاریی بەدەستەوەیە، نە بەڵگەی عەقڵیی بە دەستەوەیە، نە بەڵگەی نەقڵیی بە دەستەوەیە، ﴿ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ﴾، کەلەکەی خۆی دەنووشتێنتەوە، یان

خۆی بادەدا، ﴿لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ﴾، تاکو خەڵک لە ڕێی خوا لابدات و گومڕا بکات، ﴿لَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ﴾، لە دنیادا ڕیسوایی و سەرشۆڕیی بۆ هەیەو، لە ڕۆژی هەڵسانەوەشدا سزای سووتێنەری پێ دەچێژین، ﴿ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ﴾ [پێی دەگوترێ:] ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە، کە هەردوو دەستەکەت پێشیان خستوە، واتە: ئەوە شوێنەوارو بەرهەمی شوومی کردەوەکانی خۆتە، ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ﴾، بە دڵنیایی خوا ستەمکار نیە بۆ بەندەکانی.

ئینجا دێتە سەر باسی جۆری سێیەم، لەو مرۆڤانەی کە هەڵوێستێکی نەیارانەو نەرێنیانەی خراپیان بەرانبەر بە خوا ﷻ هەیە:

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ﴾، دیسان لە خەڵکی هەیە، بابای وا کە لەسەر قەراغ خوا دەپەرستێ، خۆی بە کەلادا خستوە، ﴿فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ﴾، ئەگەر خۆشیی و چاکەی تووش بوو، پێی ئاسوودە دەبێ و ئارام دەگرێ، ﴿وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ﴾، بەڵام ئەگەر بەڵایەکی تووش بوو، ناڕەحەتییەکی تووش بوو، لەسەر ڕووی هەڵدەگەڕێتەوە، پاشەو پاش دەکشێتەوە، ﴿خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ﴾، دنیاو دواڕۆژان لە دەست دەدا، هەردووک لایان دەدۆڕێنێ، ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ﴾، ئا ئەوە زیانباریی ئاشکرایە.

﴿يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ﴾، لە جیاتی خوا ﷻ لە شتێک دەپاڕێتەوە، کە نە زیانی پێدەگەیەنێ و، نە سوودی پێدەگەیەنێ، ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ﴾، ئا ئەوە گومڕایی دوورە، هێندە دوور گومڕا بووە، هێندە دوور ڕۆیشتوە، بە زەحمەت دێتەوە سەر ڕێ، ﴿يَدۡعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ﴾، لە جیاتی خوا ﷻ لە کەسێک دەپاڕێتەوە، کە زیانەکەی لە قازانجەکەی نیزیکترە، ﴿لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ﴾، بابای وا کە زیانی لە قازانجی نیزیکتر بێ، خراپترین دۆست و خراپترین هاوەڵ و هاوڕازە.

ئینجا خوا ﷻ باسی جۆری چوارەم لە مرۆڤەکان دەکات، دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، دەخاتە چەند نێو باغ و بێستانێکەوە کە ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ هەرچی بیەوێ دەیکات.

﴿ مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، هەر کەسێک پێی وایە خوا ﷻ سەری ناخات، خۆی سەر ناخات، یاخود پێغەمبەرەکەی ﷺ سەرناخات، لە دنیاو دواڕۆژدا، ﴿ فَلۡيَمۡدُدۡ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ﴾، با پەتێک درێژ بکات بەرەو ئاسمان، ﴿ ثُمَّ لۡيَقۡطَعۡ ﴾، با بچێ لەوێ هاوکاریی خوا ﷻ لە پێغەمبەر ﷺ ببڕێ، ئەوە واتایەکی، یاخود: با پەتێک بە سەقفی خانووەکەی هەڵبواسێ و، خۆی پێدا بکاو، خۆی بخنکێنێ، ﴿ فَلۡيَنظُرۡ هَلۡ يُذۡهِبَنَّ كَيۡدُهُۥ مَا يَغِيظُ ﴾، ئنجا با تەماشا بکات: ئایا فێڵەکەی کە دەیکات (کە خۆ هەڵواسینە، یاخود چوونە ئاسمانە، کە ناتوانێ!)، ئایا ئەوەی مایەی ڕق لێبوونەوەیەتی لای دەبات؟ بە دڵنیایی نەخێر!

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَٰهُ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە ئایەتە ڕۆشنەکانمان دابەزاندوون و، بە دڵنیایی خوا ﷻ هەر کەسێک بیەوێ دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، ئەگەر نا وەک ڕێنمایی، ڕێنمایی هەموو لایەکی کردوە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێ دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ، لەبەرئەوەی ئارەزووی ئەوەی هەیە، بەرەو خوا ﷻ ڕێ بگرێتەبەر.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١)- هۆی هاتنە خواردوەی ئەم ئایەتە موبارەکە: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ١١ ﴾.

لەو بارەوە دوو هۆی هاتنە خوار باسکراون:

یەکەم: **[عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ الرَّجُلُ يَقْدَمُ المَدِينَةَ، فَإِنْ وَلَدَتِ امْرَأَتُهُ غُلاَمًا، وَنُتِجَتْ خَيْلُهُ، قَالَ: هَذَا دِينٌ صَالِحٌ، وَإِنْ لَمْ تَلِدِ امْرَأَتُهُ، وَلَمْ تُنْتَجْ خَيْلُهُ، قَالَ: هَذَا دِينُ سُوءٍ] (أخرجه: البخاري برقم: ٤٧٤٢).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و باپی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە، کە جاری وا هەبوو پیاوێک دەهاتە مەدینە، (واتە: لە عەرەبە خێڵەکییەکان لە دەرەوەی مەدینە دەهاتن بۆ مەدینە، لەوێ مسوڵمان دەبوون و، دەهاتنە نێو ئیسلامەوە)، ئەگەر ژنەکەی کوڕی بووبایەو، وڵاخە بەرزەکانیشی بێچوویان بووبایە (ماینەکەیان زابایە)، دەیگوت: ئەوە دینێکی باشە، (واتە: ئەگەر لە ڕووی دنیاییەوە بەرژەوەندییەکانی بۆ دابین بووبان، دڵی بە ئیسلام خۆش دەبوو، دەیگوت: دینێکی باشە)، بەڵام ئەگەر ژنەکەی منداڵی (کوڕی) نەبووبایەو، ماینەکەشیان نەزابایە، دەیگوت: ئەوە دینێکی خراپە، (واتە: پێوەرو تەرازوویان بۆ هەڵسەنگاندنی دینی ئیسلام، بەرژەوەندییە ماددییەکانیان بوون! کە بێگومان ئەوە شتێکی زۆر هەڵەیە).

دووەم: **[عَنْ عَبْدِ الله بنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ نَاسٌ مِنَ الأَعْرَابِ يَأْتُونَ النَّبِيَّ ﷺ فَيُسْلِمُونَ، فَإِذَا رَجَعُوا إِلَى بِلَادِهِمْ، فَإِنْ وَجَدُوا عَامَ غَيْثٍ وَعَامَ خِصْبٍ، وَعَامَ وِلَادٍ حَسَنٍ**

قَالُوا: إِنَّ دِينَنَا هَذَا لَصَالِحٌ فَتَمَسَّكُوا بِهِ، وَإِنْ وَجَدُوا عَامَ جُدُوبَةٍ، وَعَامَ وِلَادِ سُوءٍ، وَعَامَ قَحْطٍ قَالُوا: مَا فِي دِينِنَا هَذَا خَيْرٌ، فَأَنْزَلَ اللهُ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ (١١) ﴾)، (أخرجه ابن أبي حاتم في تفسيره، كما في تفسير ابن كثير: ج ٥، ص٥١٧ ،٥١٨، وفتح الباري: ج٨، ص ٤٤٣. وابن مردويه في تفسيره كما في «الدر المنثور»: ج ٦، ص ١٣، ومن طريقه الضياء المقدسي في «الأحاديث المختارة»: ص ١١٨)(١).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: کەسانێک لە عەرەبە دەشتەکییەکان، (عەرەبەکانی دەرەوەی مەدینەو، بیابانشینەکان)، دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ مسوڵمان دەبوون، کاتێک کە دەگەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەگەر ساڵەکە ساڵێکی باراناویی بووایەو، ساڵێکی بە پیت بووایەو، ساڵێک بووایە کە زاوزێی باشی تێدا بووایە، دەیانگوت: ئەم دینەمان دینێکی باشە، باش دەستی پێوەبگرن، بەڵام کە دەگەڕانەوە، ئەگەر ساڵێکی وشکە ساڵی بووایەو، ساڵێکی بێ زاوزێ بووایەو، ساڵێکی گرانیی و قات و قڕیی بووایە، دەیانگوت: ئەم ئایینەمان هیچ خێری تێدا نیە! خوا لەو بارەوە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ (١١) ﴾.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بانگکردنی خوا ﷻ بۆ مرۆڤایەتیی و، هۆشداریی پێدانیان لە بارەی مەزنیی و ترسناکیی لەرزینەوەو هەژانی زەوی لە ئاخیر زەماندا:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡ﴾، خوا ﷻ لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەوە، لە سەرووی حەوت ئاسمانەکانەوە، وەک بۆ خۆی شایستەیە ئەو لە سەروو بوونە، بانگی مرۆڤایەتیی دەکات، ئەی خەڵکینە! هۆ خەڵکینە! پارێز لە پەروەردگارتان بکەن، واتە: پارێز لە سزایەکەی بکەن، چونکە بێگومان خوا ﷻ لە زاتی خۆی دا پارێزی لێ ناکرێ، واتە: پارێز لەوە بکەن، کە تووشی سزای خوا بن، بە هۆی سەرپێچییتانەوە لە بەرنامەی خوا، بە هۆی لاملییتانەوە لە فەرمانەکانی خوا.

٢)- ﴿إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ﴾، واتە: بێگومان لەرزینەوەی ئاخیرزەمان (ٱلسَّاعَةِ) شتێکی مەزنە، دوای باسی دەکەین، کە وشەی (ٱلسَّاعَةِ) بە پێنج واتایان هاتوە لە قورئان و لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ، بەڵام لێرەدا دەڵێ: (**السَّاعَةُ: عَلَمٌ بِالْغَلَبَةِ فِي اصْطِلَاحِ الْقُرْآنِ عَلَى وَقْتِ فَنَاءِ الدُّنْيَا**)، واتە: وشەی (ساعَة) ناوو نیشانە بە شێوەی زاڵبوون، لە زاراوەی قورئاندا بۆ تێکچوونی دنیا، بۆ پێچرانەوەی لاپەڕەی ئەم ژیانی دنیایە، بۆ کۆتایی پێ هاتنی ئەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤ، کە ژیانیەتی لەسەر خڕۆکەی زەوی.

ئەو وشانەی زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن، دەبێ بەپێی ڕەوت (سیاق)ە کەیان و، بەپێی ئەو هەل و مەرج و ئەو بابەتە کە لێی دەدوێن، تەماشای چەمک و واتاکەیان بکەین و، بزانین کام لەم چەمک و واتایەی کە هەینی، لەگەڵ ئەو شوێنەدا دەگونجێ؟

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ﴾، بێگومان لەرزینەوەی ئاخیر زەمان، ئنجا لەرزینەوەکەش هی خڕۆکەی زەوییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەزانرێ زەوییە دەلەرزێتەوە، بۆیە باسی زەوی نەکراوە، ئەگەر نا لە ئاخر زەماندا کوێ دەلەرزێتەوە؟! بێگومان ئەو زەوییەی کە ئێمە لەسەرینی، واتە: (إِنَّ زَلْزَلَةِ الأَرْضِ عِنْدَ السَّاعَةِ شَيءٌ عَظِيمٌ)، لەرزینەوەو هەژان و تێکەوە ڕاشەقانی خڕۆکەی زەوی لە کاتی هاتنی ئەو کاتەدا، کە دنیایی تێدا کۆتایی دێ، شتێکی مەزنە.

وشەی (شَيْءٌ)یش بەکاردێ بۆ هەر شتێک کە بوونی هەبێ، بەبێ ئەوەی بزانرێ چییە؟ بەڵام لێرە کە دەفەرموێ: ﴿شَيْءٌ عَظِيمٌ﴾، شتێکی زۆر مەزنە، واتە: شتێکە، بەڵام زۆر لەوە مەزنترە، کە عەقڵ و خەیاڵ و ئەندێشە بتوانێ دەوری بداو، دەرکی بکات و، وەک خۆی پێی ئاشنابێ، لێرەدا خوا ﷻ دەیەوێ پێمان بفەرموێ: ئەو لەرزینەوەو هەژان و تێکەوە ڕاشەقانەی زەوی لە ئاخیر زەماندا، وەک ئەو لەرزینەوانەی دیکە نیە، کە بەسەر گۆی زەوی دێن، بەڵکو ئەو بوومەلەرزەیەی کە دێ، بوومەلەرزەیەکی تایبەتە.

کورتەباسێک: دوو هەڵوەستە

لەبەرانبەر لەرزینەوەی زەوی و، ماناکانی (ساعة)دا

هەڵوەستەی یەکەم: خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ عَظِيمٌ (١)﴾، واتە: لەرزینەوەو هەژان و تێکەوە ڕاشەقانی زەوی لە کاتی ئاخیر زەماندا شتێکی مەزنە، ئەمە لە سووڕەتی (الزلزلة)دا، خوا ﷻ شی کردۆتەوەو، ڕوونی کردۆتەوە چۆنە، کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا (١) وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا (٢) وَقَالَ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا لَهَا (٣) يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا (٤) بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا (٥) يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ (٦) فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ (٨)﴾.

ئەم سوورەتە موبارەکە کە لە هەشت ئایەت پێک دێ، تیشکێکی باشمان بۆ دەخاتە سەر ئەو ڕووداوو کارەساتە کە خوا ﷻ بە مەزن ناوی دێنێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە.

هەر کاتێک زەوی لەرزیەوە، ئەو لەرزینەوە تایبەتەی کە بۆی دیارییکراوە.

واتە: لەرزینەوەی کۆتا ساتەکانی تەمەنی گۆی زەوی، هەڵبەتە لەرزینەوەو بوومە لەرزەکانی دیکەش کە بەسەر زەویدا دێن، هەر هی زەوین، بەڵام ئا ئەوەیان شتێکی تایبەتە، چونکە دەبێتە هۆی نەمانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی و، دەبێتە هۆی نەمانی گۆی زەوی و تەفرو توونا بوونی و، پێکدادرانی چیاکانی و، گڕ گرتنی دەریاکانی و، گۆڕانی گۆی زەوی، لەم حاڵەتەی کە ئێستا دەیبینین، بۆ حاڵەتێکی دیکە، کە بەس خوا ﷻ دەزانێ چۆنە!

﴿وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا (٢)﴾، زەوی قورساییەکانی خۆی دەرهاویشت.

هەندێک لە زانایان گوتوویانە: قورسایيەکانی خۆی، واتە: ئەو خەزنەو زێڕو زەمبەرەی کە مرۆڤ کردوویاننە خەزنەو لە ژێر زەویدا شاردوویاننەوە، بەڵام وێڕای ئەوە (أَثۡقَالَهَا) دەگونجێ مەبەست پێی مردووەکان بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو کانزاو ماددە قورسە گەرم و گڕگرتووانە بێ، کە لە نێو ناخی زەویدان، یاخود مەبەست پێی هەموو ئەوانە بێ.

﴿ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا (٣) ﴾، ئینسان دەڵێ: ئەوە چییەتی؟ واتە: زەوی چی لێهاتوە وا بەو شێوەیە؟! تاکو ئێستا نارام و سەقامگیر بوودو ئێمە توانیومانە بە ئارامیی لەسەری بژین، ئێستا چیەتی وا دەلەرزێتەوەو دەهەژێ؟!

﴿ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا (٤) بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا (٥) ﴾ لەو ڕۆژەدا هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردگاری پەیامی بۆ ناردوە (پەیامی پەنهان)، واتە: زەوی کە وا دەکات لە خۆیەوە وا ناکات! بەڵکو بە پێی ئەو سروش و پەیامە کە خوا ﷻ بۆی ناردوە، بەو شێوەیە دەکات، هەڵبەتە زەوی بە زمانی حاڵ ئەو هەواڵانەی خۆی دەگێڕێتەوەو، حاڵەکەی تەعبیر لە وتار (قال)ەکەی دەکات، ئەگەرنا مانای وانیە کە زەوی لەو کاتەدا دێتە گۆ⁽¹⁾.

﴿ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٦) ﴾، لەو ڕۆژەدا خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ دەڕۆن و دێنەدەر لە زەوی، تاکو کردەوەکانی خۆیان پێشان بدرێ و بخرێتە بەرچاویان.

﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨) ﴾، ئنجا هەر کەسێک بەقەدەر گرانایی، گەردێک چاکەی کردبێ، دەیبینێتەوەو، هەر کەسێک هێندەی گرانایی گەردێک خراپەی کردبێ، دەیبینێتەوە، واتە: هەموو شتێک دەکەوێتەوە بەرچاوی مرۆڤ.

---

(١) هەرچەندە هەندێک زانایان ڕایەکی وایان هەیە، بەڵام ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە

قورئـان بـەو شـێوەیە، بۆیـە زانایـان زۆر جوانیـان گوتـوە: (**الْقُـرْآنُ يُفَـسِّرُ بَعْضُـهُ بَعْضًـا**)، واتـە: قورئـان هەندێکـی هەندێکـی تەفسـیر دەکات، لێـرەدا ئـەم (زَلْزَلَةَ)یـە، نازانیـن چۆنـە! بـەڵام لـە سـوورەتی (**الزلزلـة**)دا، خـوا ﷻ جـوان جـوان لـەو هەشـت ئایەتـەدا بـۆی شـیی کردووینـەوە، کـە ئـەو لەرزینـەوەو بوومەلـەرزە مەزنـە چۆنـەو مـرۆڤ لـەو کاتـەدا هەڵوێسـتی چـی دەبـێ و، سـەرەنجامیش چ دەرهاویشـتەیەکی دەبـێ؟!

هەڵوەسـتەی دووەم: هەڵوەسـتەیەک لەسـەر وشـەی: (ٱلسَّاعَةِ)، لە: ﴿إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ﴾دا، کـە لێـرەدا وەک گوتمـان: زیاتـر مانـای ئاخیـر زەمـان دەگەیەنـێ، ئـەو کاتـە دیاریکـراوەی کـە ژیـانی مرۆڤـی لـەم سـەر زەوییـە تێـدا کۆتایـی دێ، بـەڵام بـە سـەرنجدانی کـۆی ئایەتـەکانی قورئـان و هەنـدێ لـە فەرمایشـتەکانی پێغەمبەریـش ﷺ بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە وشـەی (ٱلسَّاعَةِ) پێنـج واتـای هـەن، هەڵبەتـە ئـەوەی مـن بـۆم دەرکەوتـوە، چونکـە ئـەوە هەڵهێنجـانی خۆمـەو، ڕەنگـە مانـای زیاتریـشی هەبـن:

١- (**وَقْتٌ مُحَدَّدٌ مِنَ الزَّمَنِ الواسع**) کاتێکی دیاریکراو لە کاتی فراوان، چ کەم بێ، چ زۆر، پێی دەگوترێ: (ٱلسَّاعَةِ) ئەوە لە زاراوەی قورئان و زمانی عەرەبییشدا، بەڵام ئێستا کە ئێمە دەڵێین: سەعاتێک، یانی: یەک لەسەر بیست و چوار (٢٤/١)ی شەوو ڕۆژێک، بەشێک لە (٢٤) بەشی شەوو ڕۆژێک، ئەوە مانایەکی باوە، مانایەکی زاراوەییە، خەڵکی ئەم ڕۆژگارە وایان داهێناوە، ئینجا ئایا چۆن دەزانین ئەم واتایە هەیە، لە قورئاندا؟ خوا ﷻ لە سووڕەتی (**الروم**) ئایەتی (٥٥)دا دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە (**ساعة**) (ئاخیر زەمان) دێ، تاوانبارەکان سوێند دەخۆن جگە لە سەعاتێک نەماونەوە، لەم ئایەتەدا (ٱلسَّاعَةِ)ی یەکەمیان، واتە: ئاخیر زەمان، بەڵام (ٱلسَّاعَةِ)ی دووەم واتە: ماوەیەکی کەم و دیاریکراو لە کات.

٢- (**عَلَمٌ عَلَى فَنَاءِ الدُّنْيا**) ناوونیشانێکی تایبەتە بە تێکچوون و نەمانی ژیانی دنیا، وەک لە سوورەتی (**الأعراف**) ئایەتی (١٨٧)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا

قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾ ﴾، واتە: لە بارەی (ساعة)ەوە پرسیارت لێ دەکەن، کەی لەنگەر دەگرێ؟ بڵێ: زانیارییەکەی تەنها لە لای خوایە ﷻ [تەنیا خوا دەزانێ ئەو (ساعة) ئاخیر زەمانە] کەی دێ؟ ﴿ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ﴾، تەنیا خۆی (خوا) لە کاتە دیارییکراوەکەی دا ئاشکرای دەکات و دەری دەخات، ﴿ ثَقُلَتْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، ئەو (ساعة) [ئاخیر زەمانە] لەسەر ئاسمانەکان و زەوی قورسە، ﴿ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ﴾، کت و پڕ نەبێ، نایەت، کت و پڕ، دێ، یانی: بێ ئەوەی خەڵک چاوەڕوانیی بکات.

کەواتە: ئەوەی کە ئێستا باس دەکرێ: زەوی نیزیکەی چوار ملیارو نیو ساڵ تەمەنی بەڕێ کردوەو، خۆر پێنج ملیار ساڵ تەمەنی بەڕێ کردوەو، بە مەزەندە بایی پێنج ملیار ساڵیش گازی هایدرۆجینی ماوە، بیسووتێنێ و بیکات بە هیلیۆم، ئەو تیشکەش دەدات بە ئێمە، هەروەها هەندێک لە زانایان لە ڕوانگەی ئەو مەزەندانەوە باسی کۆتایی هاتنی زەوی دەکەن، بۆ وێنە: (**رشید الخطیب الموصلي**) لە کتێبی (**أولى ما قيل في تفسير** التنزيل)دا دەڵێ: کاتێک زەوی یان خۆر تەمەنی سروشتی بەڕێ دەکەن، ئەو کاتە قیامەت دێ!

بەڵام ئەوە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە! چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بووایە، دەبووایە کەس جارێ چاوەڕێی قیامەت نەکات، تاکو چوار پێنج ملیار ساڵی دیکە! بەڵام خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ﴾، واتە: کت و پڕ نەبێ بۆتان نایەت، واتە: لە کاتێک دا دێ، خەڵک چاوەڕوانیی ناکات، ئنجا ئەگەر ئەو کاتە قیامەت بێ و ، ئەو کاتە ئاخیرزەمان (ساعة) بێ، کە خۆر تیشکی نامێنێ و، تەمەنی زەوی بەشێوەی سروشتیی کۆتایی پێ دێ، بەپێی یاسای دووەمی دینامیکی گەرمیی (The Second low of Thermodynamic)، کە دەڵێ: کاتێک دێ، ئەو گەرمییەی لە تەنە گەرمەکانەوە دەچێ بۆ تەنە ساردەکان، یەکسان دەبن، ئەو کاتە ئەو جموجۆڵە لە کۆمەڵەی خۆرو لە ئەستێرەو کاهکەشانەکاندا

نامێنێ، ئەوەش کاتێکی دیاریکراوەو، ئەگەر زانست زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ، دەتوانن زیاتریش دیاریی بکەن، بەڵام نەخێر، خوا ﷻ دەفەرموێ: کەس نایزانێ، کەواتە: ئەوەی کە زانست دەریخستوە، کە دوای ئەوەندە ملیار ساڵەی دیکە، تیشکی خۆر نامێنێ، تا ئەوەش مرۆڤ دەیزانێ، کەواتە: ئەوە ئەو کاتە نیە، کە ژیانی مرۆڤی لەم سەر زەوییەدا تێیدا کۆتایی پێ دێ، چونکە:

أ/ خوا دەفەرموێ: جگە لە خوا ﷻ خۆی کەسی دیکە نایزانێ.

ب/ دەشفەرموێ: کت و پڕ نەبێ نایەت.

٣- (**نِهَايَةُ كُلِّ قَرْنٍ مِنَ النَّاس**)، کۆتایی هەر سەدەیەک لە خەڵک، ئەمەش دیسان وشەی (**سَاعَة**)ی بۆ بەکارهاتوە، وەک لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: **{عَنْ أَنَسٍ ﷺ أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَنِ السَّاعَةِ، وَعِنْدَهُ غُلَامٌ مِن الْأَنْصَارِ، يُقَالُ لَهُ: مُحَمَّدٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أن يَعِشْ هَذَا الْغُلَامُ، فَعَسَى أَلَّا يُدْرِكَهُ الْهَرَمُ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ} (أخرجه مسلم: ٢٣٦٩).**

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (سَاعَة) کەنگێ دێ؟! پێغەمبەریش ﷺ منداڵێک لە ئەنصارییەکان کە ناوی موحەممەد بوو، لەوێ لە نیزیکیەوە وەستا بوو، ئاماژەی بۆ کردو فەرمووی: ئەگەر ئەمە تەمەن بکات، ڕەنگە نەکەوێتە تەمەنی پیرییەوە کە (سَاعَة) دێ.

واتە: ئەم جیلەی ئێوەو ئەم سەدەیەی ئێوە، کەستان نامێنێ لەسەر زەوی و، (سَاعَة)ی ئێوە دێ، ئنجا خەڵکێک کە سەرکێڵ بن، یاخود لە بیانوو بن، لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ، وەک لە هەندێ کتێباندا ئەوە هاتوەو گوتوویانە: تەماشا بکەن! موحەممەد نەیزانیوە کەی ئاخیر زەمان دێ، ئەوەتا وایزانیوە دوای ئەوەی ئەو کوڕە گەنجە دەکەوێتە تەمەنەوە، ڕەنگە نەگاتە تەمەنی پیریی کە ئاخیر زەمان دێ، بەڵام نا! بەڵکو مەبەستی پێ ئاخیر زەمانی ئەو سەدەو خەڵک و کۆمەڵگایە بووە، کە ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ لە نێویاندا بوو.

٤- هەروەها (ساعة) وەک ناو بۆ ڕۆژی قیامەتیش بەکارهاتوە، واتە: ڕۆژی هەڵسانەوەو زیندوو بوونەوە، چونکە ڕۆژی دوایی دوو قۆناغی سەرەکییە:

قۆناغی یەکەم: تێکچوونی ئەم سیستم و واقیعەی ئێستا.

قۆناغی دووەم: دروست بوونەوەی ژیانێکی دیکەو، داڕشتنەوەی گەردوون، یان ئەوەی کە بەس خوا ﷻ دەیزانێ چییە، بە شێوەیەکی دیکە.

وەک لە سوورەتی (إبراهیم)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە زەوی وەک خۆی نامێنێ و، ئاسمانەکانیش وەک خۆیان نامێنن و، بۆ خوای تاکی مل پێ کەچکەر دێنە گۆڕێ.

هەروەها لە سوورەتی (الزمر)یش دا ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾، واتە: جارێک فوو بە کەڕەنا داکرا (بۆ جاری یەکەم) هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویی دایە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، ئەگەرنا هەموویان کۆتاییان دێ، (مەگەر ئەوەی خوا ﷻ بیەوێ، وا پێ دەچێ مەبەست پێی فریشتەکان بێ)، دوایی جارێکی دیکە فوو بە کەڕەنادا کرا، هەموویان هەڵدەستنەوەو چاوەڕێ دەکەن.

ئنجا وشەی (سَاعَة) بۆ قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی، کە (قِيَامَة)ی پێ دەڵێن، بەکارهاتوە، وەک لە سوورەتی (الروم)، ئایەتی(٥٥)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە (سَاعَة) دێ، بەڵگەمان چییە، لێرەدا: (ٱلسَّاعَةُ) مەبەست پێی قیامەتە؟!

چونکە دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقۡسِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيۡرَ سَاعَةٖ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی کە قیامەت دێ، تاوانبارەکان سوێند دەخۆن، کە جگە لە

سـەعاتێک نەماونـەوە، کەواتـە: ئـەوە دوای ئەوەیـە کـە زینـدوو کراونـەوەو ئـەو سـوێندە دەخـۆن و، دەڵێـن: ئەوەنـدەی ماوینـەوە (کە مەبەسـتیان پێ ژیـانی بەرزەخە، یاخـود ژیـانی دنیایـە) تەنیـا سـەعاتێکە لـە چـاو ئـەو کاتـە درێـژو نەبڕاوەیـەی کـە لـە قیامەتـدا بەسـەریان دادێ.

٥- هەروەها (ساعة) ناوە بۆ کاتی مردن (أَجَلْ)ی هەر تاکێک، وەک ئەو ئایەتەی سووڕەتی (الأنعام) دەلالەتی لەسەر دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُوا۟ يَـٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانە زیانبار بوون، کە دیداری خوایان بە درۆ دانا، تاکو کاتێک کە (سَاعَة) کت و پڕ بۆیان هات، گوتیان: داخ و خەفەت بۆ ئێمە، لەسەر ئەوەی کەمتەرخەمییمان کرد لە ژیانی دنیادا.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ جَآءَتْهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً ﴾، ئاشـکرایە جـارێ نـە ئاخیـر زەمـان هاتـووەو، نـە قیامەتیـش هاتـوە، کەواتـە: ئـەو (سَـاعَة)یەی ئـەوان کـە هاتـوە، واتـە: ئـەو کاتی مـردن (أَجَـلْ)ە تایبەتیـەی هـەر کامێـک لـەوان.

مەسەلەی دووەم:

پێناسەی (سَاعَة) لەمیانی چەند شتێکدا کە تێیدا دەقەومێن: شیردەر ئاگای لە شیرەخۆری نامێنێ و، خاوەن تۆل حەملەکەی لەبار دەچێ و، خەڵک وەک سەر خۆشان دەبینرێن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ ٢ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

دوای ئەوەی خـــوا ﷻ باسی (ٱلسَّاعَةِ)ی کردو، باسی لەرزینەوەی ئاخیرزەمان (ٱلسَّاعَةِ)ی کرد، ئنجا بۆمان پێناسە دەکات، کە چی دەقەومێ، دەفەرموێ:

١)- ﴿ يَوْمَ تَرَوْنَهَا ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە دەیبینن، چی دەبینن؟! واتە: لەرزینەوە دیارییکراوەکەی کە لە ئاخیر زەماندا دەقەومێ، دەبینن، ئنجا ئایا کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تَرَوْنَهَا ﴾، دوێنراوان کێن؟! دوێنراوان هەر کەسێکن کە بگونجێ لەو کاتەدا شت ببینن، ئایا چی دەبینن؟!

٢)- ﴿ تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ ﴾، لەو ڕۆژەدا کە ئێوە لەرزینەوەی تایبەتی گۆی زەوی دەبینن لە ئاخیر زەماندا، هەر ئافرەتێکی شیردەر بێ ئاگا دەبێ و دەخافڵێ و ناپەڕژێتە سەر شیرە خۆرەکەی خۆی.

وشەی (تَذْهَلُ) لە (ذُهُول)ەوە هاتوە، دەڵێ: (**الذُّهُولُ: نِسْيَانُ مَا مِنْ شَأنِهِ أَنْ لَا يُنْسَى لِوجُودِ مُقْتَضِي تَذَكُّرِهِ**)، (**ذُهُول**) بریتیە لە لەبیرچوونی شتێک کە حاڵی وابێ، نابێ لە بیر بکرێ، لەبەر ئەوەی کە داخوازیی بیر هاتنەوەی هەیە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ﴾، واتە: هەموو ئافرەتێکی شیردەر، لە زمانی عەرەبیدا: ئەو کردارانەی تایبەتن بە ئافرەتەوە، پێویست ناکات (ة)ی مێینەیان بچێتە سەر، بۆ وێنە: تەنیا ئافرەت شیر دەدات بە منداڵ و پیاو شیر نادات بە منداڵ! بۆیە پێویست ناکات بڵێین: (مُرْضِعَة)، دەڵێین: (إمْرَأةٌ مُرْضِعْ)، کە بە (مَرَاضِع) کۆدەکرێتەوە، یاخود بەس ئافرەت تۆڵدار دەبێ و پێویست ناکات، بڵێین: (حَامِلَة) بەڵکو دەڵێین: (أمْرَأةٌ حَامِل)، بەڵام لێرەدا بۆچی (ة)ی مێینە خراوەتە سەر (مُرۡضِعَةٍ)؟

بنچینەیەک هەیە لە زمانی عەرەبیدا، دەڵێ: ئەو وشانەی تایبەتن بە ئافرەتانەوە، کاتێک (ة)ی مێینەیان دەچێتە سەر، ئەو واتایە دەگەیەنن: کە ئەو ئافرەتە لەو حاڵەتەدا ئەوکارە دەکات، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ﴾، واتە: هەموو ئافرەتێکی شیردەر لە کاتی شیرپێدانی منداڵەکەیدا، لە منداڵەکەی بێ ئاگا دەبێ! چونکە کە دەڵێن: ئەو ئافرەتە شیردەر (مُرْضِعْ)ە، واتە: کۆرپەی هەیە، بەڵام مەرج نیە ئێستا لەو حاڵەتەدا شیری پێ بدات، بەڵام کە گوتت: (هَذِهِ المَرْأةُ مُرْضِعَةٌ)، واتە: ئێستا شیردەدا بە منداڵەکەی، ئنجا ئافرەت لە ئان و سات و کاتێکدا کە منداڵەکەی بە بەر مەمکیەوەتی و شیری پێ دەدات، لێی بێ ئاگا بێ، گرنگترە لەوە کە منداڵەکەی بە بەر سینگیەوە نەبێت و، گۆی مەمکی لە زاری منداڵەکەیدا نەبێ، بۆیە خوا ﷻ ئەو (ة)ی زیاد کردوە بۆ وشەی (مُرْضِعْ)، تەماشا بکەن! فەرمایشتی خوا ﷻ چەند وردە!

ئنجا دەشفەرموێ: ﴿تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ﴾، هەموو ئافرەتێکی شیردەر، بۆ ئەوەی پێت وا نەبێ کە ڕەنگە ئەو ئافرەتە هەر غیرەتی کەم بێ، یان ئەو ئافرەتە ڕەنگە دڵی بێهێز بێ، بۆیە لە منداڵە شیرە خۆرەکەی بێ ئاگا بووە، نا!! هەر ئافرەتێک هەرچەندە دڵی بەهێز بێ، هەرچەندە ڕەحمی بەقوەت بێ، یان هەر چۆنێک بێ، هەموو ئافرەتێک لە کاتێکدا کە ئەو لەرزینەوە مەزنە روو دەدات، لە منداڵە شیرە خۆرەکەی خۆیان بێ ئاگا دەبن.

﴿ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ ﴾، واتــە: لــە شــیر پێدراوەکــەی، نەیفەرمــوە: (**عَــنْ رَضِيْعِهَــا**)، وشــەی (**مَــا**) (**مَوصُولة**)یــە، (**يَعْنِــي عَــنْ الـذِي أرْضَعَتْــهُ**)، واتــە: لــەو کۆرپەیــەی کــە شــیری پــێ دەدات، لێــی بــێ نــاگا دەبــێ.

٣)- ﴿ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا ﴾، ئنجا نەک هەر ئافرەتی شیردەر لە منداڵی شیرە خۆرەی خۆی، لەو کاتەدا بێ ئاگا دەبێ و، ناپەڕژێتە سەری، بەڵکو هەر ئافرەتێک کە تۆلیشی هەیەو، دووگیانە، ئەوانیش هەموویان تۆلەکەیان دادەنێن، واتە: منداڵەکەیان لەبەر دەچێ، (**الحَمْلُ: مَصْدَرٌ فِي مَعْنَى المَفْعُول بِقَرِيْنَةِ التَّعَلُّق بِفِعْلِ تَضَعُ**)، یانی: وشەی (**الحَمْلُ**) چاوگە، بەڵام بە واتای بەرکار (**مَفعول**)ە، واتە: کۆرپەیەک کە هەڵگیراوە لە سکدا، ئەویش بە نیشانەی ئەوە کە پەیوەست کراوەتەوە بە وشەی (**تَضَعُ**) دایدەنێ، هەر خاوەن تۆلێک تۆلەکەی خۆی دادەنێ، بۆچی خوا ﷻ نەیفەرموە: (**وَتَضَعُ كُلُّ حَامِلٍ حَمْلَهَا**)؟ بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا ﴾، بۆ ئاگادارکردنەوە لەوە کە ئەو تۆلە زۆر پەیوەستە بەو تۆلدارەوە، ئەو کۆرپەیە زۆر پێیەوە پەیوەستە، بۆیە کاتێک کە دایدەنێ و لە باری دەچێ، دیارە هۆکارێکی زۆر بێ ڕەزا هاتۆتە پێش، ئەگەرنا منداڵ لە سکی دایکیدا، وا بە ئاسانیی نایەتە دەرێ و لە باری ناچێ.

ڕووداوێکی دیکە کە ڕوو دەدات:

٤)- ﴿ وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ ﴾، ﴿ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ ﴾واتە: خەڵکی دەبینی سەر خۆشن، بەڵام سەر خۆشیش نین، واتە: وەک سەر خۆشان دەیانبینی، ئەمە لە ڕووی ڕەوان بێژییەوە پێی دەگوترێ: (**التَّشْبِيهُ البَلِيْغ**)، واتە: وێک چواندنێکی ئەوپەڕیی، کە گەیشتۆتە کۆتایی لە شێوازی وێک چواندندا، خەڵک دەبینی سەرخۆشن، کەچی سەرخۆشیش نین، وشەی (**سُكَٰرَىٰ**) کۆی (**سَكْرَان**)ە، هەڵبەتە بە (**سَكْرَى**)ش خوێنراوەتەوەو وشەی (**سَكْرَى**) کە لەسەر کێشی (**عَطْشَى**)یە و، کۆی (**عَطْشَان**)ە، ئنجا چ بە (**سَكْرى**) چ بە (**سُكَارى**) بخوێندرێتەوە، هەردووکیان تاکەکەیان بریتیە لە (**سَكْران**)، وەک چۆن تاکی (**عَطْشى**) بریتیە لە (**عَطشان**) واتە: تینوو، تینووەکان، (**سَكْران**) کە کۆیەکەی

(سُکاری)یە، یاخود (سَکْری)یە، کەسێکە هۆشی لە لای خۆی نەماوە، ئنجا بە هەر هۆیەکەوە بێ، بەهۆی مەی خواردنەوەوە بێ، یان بەهۆیەکی دیکەوە کەسێک لە هۆش خۆی بچێ، یاخود بەنج دەکرێ و هۆش و هەستی لە لای خۆی نامێنێ.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ﴾، ئەمە دیارە لە شوێنی حاڵدایە، یانی: حاڵی خەڵکیش وایە سەرخۆش نین، ئەدی بۆچی وا دێنە بەرچاو؟! چونکە سەر خۆش کەسێکە هاوسەنگیی تێکدەچێ و، هۆشی لە لای خۆی نیە، هەم قسەی بێجێ دەکات، هەم هەڵسوکەوتی بێ جێ دەکات، هەم هاوسەنگیی تێکچووەو بەولاو بەولادا دەچێ، وەک ئەوەی لە حاڵی سەر خۆشان دەیبینن، ئنجا خەڵک لەو ڕۆژەدا ئاوایان لێ دێ، بۆچی وایان لێ دێ؟! ئایا بەهۆی سەرخۆشییەوەیە؟! نەخێر! بەڵکو بە هۆی ئەوەوەیە کە:

٥)- ﴿وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ﴾، بەڵام سزای خوا سەخت و توندە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا﴾، ئەمە ئەگەر مەبەست پێی ئاخیر زەمان بێ، واتە: پێش ئەوەی ئەم دنیایە کۆتایی بێ و، لە گەرمەی کۆتایی پێ هاتنی ئەم دنیایەدا، ئەو کاتە دەگونجێ بڵێین: مەبەست لە لەبەر چوونی ئافرەت بۆ کۆرپەکەی، مانای ڕاستەقینەی خۆیەتی، چونکە لەو کاتەدا، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: **{لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا عَلَى شِرَارِ الْخَلْقِ} (أخرجه مسلم: ٥٠٦٦، وابن حبّان: ٦٨٣٦، وأبو عوانة: ٧٥٠٧).**

واتە: ئاخیر زەمان تەنیا بەسەر خراپترینی خەڵک دادێ، بێگومان ئەو کاتە ئافرەتیش دەبن و، ئافرەتی سکپڕو تۆڵداریش دەبن و، کۆرپەکانیان لەبەردەچن لە حەژمەتان کە ئەو لەرزینەوەیە دەبینن.

بەڵام ئەگەر مەبەست پێی قیامەت بێ، لەو کاتەدا ئافرەت تۆڵیان نیە، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: بۆ ئەو کاتەش دەگونجێ ئەو ئافرەتەی، کاتێک دووگیان بووەو مردووە، بەو شێوەیە زیندوو بێتەوەو، لەو کاتەدا منداڵەکەی

لەبەر دەچێ، بەڵام ئەوەم پێ مانایەکی بێ هێزە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەر گریمان ئافرەتێک لەو کاتەدا تۆڵی هەبووایە، لە باری دەچوو، ئەگەر ئافرەتێک لەو کاتەدا منداڵی بە بەرۆکی وەبووایەو، شیری پێدابایە، ئاگای لێ نەدەما، ئەو کاتە ماناکەی دەبێ ئاوا لێکبدرێتەوە، بەڵام هەندێک لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا دەگونجێ مەبەست لە (ٱلسَّاعَةِ) قیامەت و، قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی بێ، بەڵام من پێم وایە: مەبەست پێی ئاخیر زەمانەو، ئەو کاتەیە کە ئەم ژیانە دنیایەی ئێرەی تێدا کۆتایی پێ دێت.

مەسەلەی سێیەم:

پێناسەی مرۆڤێکی لەگەڵ خوادا نا تەبای، بەبێ زانیاریی مشت و مڕکەری، لاسایکەرەوەی کەسانی خەڵک لە خوا دوور خەرەوەی، سەر کێش و بێ خێر، کە هەر کەس شوێنیان بکەوێ، بەرەو دۆزەخ و ئاگری بە گڵپەی دەبەن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ (٣) كُتِبَ عَلَيۡهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ (٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾، هەروەها لە خەڵک هەن.

لێرەدا خوا ﷻ خەڵک پۆلێن دەکات بەپێی هەڵوێستیان لە بەرانبەر خواو دیداری خواداو، لە بەرانبەر بڕوا بوونیان بە هاتنی ئاخیر زەمان، پاشان هەڵسانەوەدا، خەڵک پۆلێن دەکات بۆ چوار جۆر.

٢)- ﴿ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ ﴾، ئەمە جۆری یەکەمیانە، دەفەرموێ: لە خەڵک هەیە، لە بارەی خواوە مشت و مڕ دەکات بەبێ زانیاریی، واتە: بە نەزانیی باسی خوا ﷻ دەکات و، لە بارەی خواوە ﷻ دەدوێ.

٣)- ﴿ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ ﴾، بە دوای هەر شەیتانێکی یاخیی و سەر کێش و بێ خێر دەکەوێ، لێرەدا مەبەست لە شوێنکەوتنی شەیتان، ملدانی ئەو مرۆڤەیە بۆ شەیتان و پەیڕەو کردنیەتی لە وەسوەسەو دنەدانی شەیتان، مەبەست لە شەیتانیش مەرج نیە، تەنیا شەیتانی جینیی بێ، بەڵکو وشەی شەیتان، واتە: هەر کەسێک کە خەڵک لە هەق دوور دەخاتەوەو لە (شَطَنَ)دوە هاتوە، (شَطَنَ يَعْنِي بَعُدَ) شەیتان، یانی: کەسێک کە لە هەق دوورە، ئنجا چ مرۆڤ بێ، چ جینن بێ، (مَّرِيدٖ) دەڵێ: (المَرِيدُ مِن مَرَدَ عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَتَا فِيهِ، وَبَلَغَ الغَايَةَ الَّتِي تَتَجَاوَزُ مَا يَكُونُ عَلَيْهِ أَصْحَابُ ذَلِكَ العَمَلِ، وَهُوَ صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ بِالْفِعْلِ)،

واتە: وشەی (مَّرِيدٍ) لە (مَرَدَ)ەوە هاتوە، کەسێکە لە کارێکدا بگاتە نەوپەڕی و، لەوانە تێپەڕێنێ کە لەو کارەدان و خاوەنی ئەو کارەن، ئنجا کە دەگوترێ: (مَّرِيدٍ)، یانی: لە هەمووانی تێپەڕاندوە، هەر شەیتانێک کە لە خراپەدا پێش هەموو کەس کەوتۆتەوەو، هیچ کەس ناتوانێ هێندەی وی خراپ بێ، ئەوانەی کە بەبێ زانیاریی لە بارەی خواوە مشت و مڕ دەکەن، بە دوای هەر شەیتانێکی ئاوا دەکەون، بە دوای هەر خەڵک لە خوا دوور خەرەوەیەکی ئاوا دەکەون.

هەندێکیش دەڵێن: وشەی (مَّرِيدٍ) هەروەها (مارِد) (أَيْ المُتَجَرِّد مِنَ الخَيْرِ) واتە: کەسێک کە لە خێرو چاکە دارنراوە، هیچ خێری پێوە نەماوەو پیس و نەگریسە، ئنجا ئایا ئەوە حاڵی چۆنە؟!

٤)- ﴿كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ﴾: واتە: لەسەری پێویست کراوە (ئەو شەیتانە)، کە هەر کەسێک شوێنی بکەوێ، لەگەڵی دابێ، پەیڕەویی لێبکات و دۆستایەتیی بکات.

٥)- ﴿فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾: ئەوە بە دڵنیایی ئەو بەرەو سزای کڵپەی دۆزەخ ڕێنمایی دەکات و، پێشی دەکەوێ و دەیگەیەنێتە ئەوێ.

﴿كُتِبَ عَلَيْهِ﴾، (إِسْتِعَارَةٌ لِلثبُوتِ وَاللزُومِ أي: وَجَبَ عَلَيْهِ) واتە: کە دەفەرموێ ﴿كُتِبَ عَلَيْهِ﴾، ئەمە خوازراوەتەوە بۆ ئەوە کە ئەو شەیتانە بە پێی سیستمێک کە خوا ﷻ داینـاوە، سروشتەکەی وایە، هەر کەسێک شوێنی بکەوێ و لەگەڵیدابێ و دۆستایەتیی بکات، گومڕای دەکات، واتە: (كُتِبَ عَلَيْهِ إِضْلاَلُ مَنْ تَوَلاَّهُ)، واتە: لەسەری پێویست کراوە، گومڕاکردنی هەر کەسێک کە شوێنی بکەوێ، ئنجا هەر دە (١٠) جۆرە قورئان خوێندنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وشەی (كُتِبَ) دەبێ هەر بە (كُتِبَ) بخوێنرێتەوە، واتە: (بِضَمِّ الكَافِ عَلَى أَنَّهُ مَبْنِيٌّ لِلنَائِبِ)، هەروەها هەر دە (١٠) جۆرە قورئان خوێندنەوەکان، لەسەر ئەوەش پێکهاتوون، کە هەر کام لە: ﴿أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ﴾ و ﴿فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ﴾، هەردووکیان بە سەری هەمزەکە بخوێندرێنەوە، بە (أَنَّ)، نەک بە (إِنَّ).

چوار کورتە سەرنج

١- کە خوا دەفەرموێ: ﴿يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٍ﴾، واتە: بەبێ زانیاریی و بە نەزانیی لە بارەی خواوە مشت و مڕ دەکات، کەواتە: بە زانیارییەوە لە بارەی خواوە دوان، شتێکی پەسندە، هەر بۆیەش زانایانی ئیسلام زانستێکی تایبەتیان لەو بارەوە بەرهەمهێناوە، پێی دەگوترێ: **(عِلْم التَوْحيد)**، یان **(عِلْم العَقِيْدة)**، یان **(عِلْم الكَلَام)**، یان **(عِلْم أصُول الدِّيْن)**، یاخود **(عِلْم الفِقْه الأكْبَر)**.

٢- کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ﴾، واتە: هەر کەسێکی چنگ بکەوێ لە شەیتانانی گومڕاکەر، شوێنی دەکەوێ و، هیچ کامیان جەب نادات.

(سبحان الله) هەندێ کەس هەیە سروشتەکەی هێندە خراپە، هەر کەسێکی خراپی چنگ بکەوێ، لەگەڵی دادەبێ و، پشتگیریی دەکات و، خۆشی دەوێ و، دۆستایەتیی دەکات، وەک مێشە ڕەشە، چۆن هەر شتێکی پیسی چنگ بکەوێ، لەسەری دەنیشێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿كُلَّ شَيۡطَٰنٖ مَّرِيدٖ﴾، واتە: یەک شەیتان جەب نادات، هەر شەیتانێکی بێ خێرو نەگریس و پیسی چنگ بکەوێ، لەگەڵی دادەبێ.

ئێستا کەسی وا هەیە، لێرە لەم هەرێمی کوردستانە، لە عێراق، یان لە هەر شوێنێکی دیکەی دنیادا، لە هەموو گەل و نەتەوەکان، دەگەڕێ و دەسووڕێ و دەپشکنێ، لە کوێ ئینسانێکی بێ دین و مولیحدو خراپەکار هەیە، دەیدۆزێتەوەو خۆشی دەوێ و دۆستایەتیی دەکات، هەوڵ دەدات لێی نیزیک بێ و، لێی بەهرەمەند بێ!

٣- کە خوا دەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيۡهِ﴾، واتە: بە پێی سیستمی خوا ﷻ ئەو شەیتانانە، ئەوە بەرهەمیانە، نەک خوا ﷻ ئەوەی لەسەر پێویست کرد بن، واتە: خوا ﷻ لەسەر

شەیتانەکەی پێویست نەکردوە، کە دەبێ خەڵکی گومڕا بکەی! بەڵام خوا ﷻ بە پێی سیستم (نظام)ێک کە لە گەردوون و ژیانی مرۆڤدا دایناوە، ئەو شەیتانە حاڵەتی وایە، هەر کەسێک ڕەگەڵی بکەوێ و بە دوای بکەوێ، گومڕای دەکات، بە پێی سیستمی خوا ﷻ وایە، هەروەک چۆن کەسێک ژەهر بخواتەوە، پێی دەمرێ، خوا ﷻ سروشتی ژەهری وا هەڵخستوە هەر کەسێ بیخواتەوە، پێی دەمرێ، نەک خوا ﷻ بەو ژەهرەی فەرموو بێ: دەبێ وابکەی، نا! بەڵام سروشتەکەی وایە، ئەو شەیتانەش سروشتەکەی وایە، نەک خوا ﷻ لەسەری پێویست کردبێ، چونکە خوا ﷻ شتی خراپ لەسەر کەس پێویست ناکات، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ ۝٢٨﴾ إبراهيم، واتە: خوا فەرمان ناکات بە ناقۆڵاو خراپە.

٤- کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَهۡدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ﴾، واتە: ڕێنمایی دەکات، یاخود دەیگەیەنێتە سزای بە کڵپە، (ٱلسَّعِيرِ) واتە: ئاگری کڵپەدارو بڵێسەدار، ئەمە یان:

أ- جۆرێکە لە گاڵتە پێکردن، چونکە ئەوە چ هیدایەت و ڕێنماییەکە، سەرەنجام ئینسان بچێتە نێو ئاگری دۆزەخەوە!

ب- دەشگونجێ بڵێین: ئەمە واقیعێکەو ئەو شەیتانە بێ خێرە، هەر کەسێک شوێنی بکەوێ، ئنجا ئەگەر مرۆڤە، ئەگەر جینە، هەر کەسێک شوێنی بکەوێ، سەرەنجام دەیگەیەنێتە سزای بەکڵپە، نەک هەر ڕێی پیشان دەدات، چونکە وشەی (وَيَهۡدِيهِ) هەم مانای: ڕێ پیشاندان دەگەیەنێ، هەم بە مەنزڵگە گەیاندنیش دەگەیەنێ، کە لێرەدا هەردووکیان دەگونجێن، واتە: هەم ڕێی کڵپەی دۆزەخی پیشان دەدا، هەم دەشیگەیەنێتە نێو بڵێسەی دۆزەخ.

مەسەلەی چوارەم:

بەڵگە هێنانـەوەی خـوا ﷻ لەسـەر ئاسـانیی زیندوو کرانـەوە، بە چۆنیەتی دروسـت بـوونی مـرۆڤ و، تێپەڕانـدنی بـە حـەوت قۆناغانـداو، زینـدوو کردنـەوەی زەوی بـە دابەزانـدنی ئـاو بـە سـەریداو، تێـدا ڕوانی چەنـدان جـۆرە ڕووەکیـی جـوان و ڕەونەقدار:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ٥ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە هەژدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾، ئەی خەڵکینە! جاری یەکەم خوا ﷻ فەمووی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ﴾، ئەم جارە بانگیان دەکاتەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾! جاری یەکەم بانگی کردن بۆ هۆشداریی پێدان و وریا کردنەوە، لەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ لەرزینەوەی ڕۆژی دوایی، یاخود بزانن کە ئەم ژیانە دنیاییە ئارامەی ئێستا دەیگوزەرێنن، هەروا بەردەوام نابێ، کاتێک دێ، دەپێچرێتەوەو کۆتایی پێ دێ، ئەویش بە چی؟ بەو لەرزینەوە مەزنەی کە بۆ زەوی دیاریکراوە، ئەم جارە بانگیان دەکات، بۆ ئەوەی بەڵگەیان بۆ بێنێتەوە لەسەر ئەوە کە زیندوو کردنەوەو هەڵساندنەوەیان لە لایەن خواوە، شتێکی ئاسانە، دوو بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە، یەکەمیان: لە زاتی خۆیاندا، دووەمیشیان: لە دەوروبەریاندا.

٢)- ﴿ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ ﴾، ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان، لە زیندووکرانەوە، لێرەدا (إن)، (إنْ الشَّرْطِيَّة)یە، هەرچەندە دوو دڵییەکەیان شتێکی جێی دڵنیاییە، بەڵام

خوا ﷻ بۆیە لێرەدا (إِنْ) بەکاردێنێ، واتە: ئەگەر لە دوو دڵییدان، یانی: نەدەبوو بکەونە دوو دڵییەوە، نەگەرنا دوو دڵییەکەیان شتێکی واقیعەو چەسپاوە.

٣)- ﴿فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ﴾، نەگەر لە دوو دڵییدان لە زیندوو کرانەوەو هەڵسێنرانەوە، ئێمە ئێوەمان لە گڵ دروستکردوە، واتە: ئاگادارتان دەکەینەوە کە وەک چۆن لە گڵ دروستمان کردوون، کاتێک دەبنەوە بە خاک و خۆڵیش، دەتوانین جارێکی دیکە دەرتان بێنینەوە، چونکە سەرەتا نەبوون و خوا ﷻ دەری هێناون لە زەوی، ئنجا دوای ئەوەش کە دەچنەوە نێو زەوی و ددمرن و، جەنازەکەتان ددبێتەوە بە خاک و خۆڵ، هەروەک پێشترتان لێدێتەوە، پێشێ چۆنی بۆ دروستکران، دواییش دەتوانێ دروستتان بکاتەوە.

شتێکی زۆر نامەنتیقییە کەسێک بڵێ: ئەو خوایەی دروستی کردووم، دوای ئەوەی دەمرم ناتوانێ دروستم بکاتەوە، ئەدی پێشێ چۆن توانی؟ هەمیشە دروستکرنەوەی شتێک لە دروستکردنی یەکەمی ئاسانترە، هەڵبەتە خوای پەروەردگار وشەی ئاسان و قورسیشی بۆ بەکارناهێنرێن و، هەموو کارەکان بۆ خوای پەروەردگار وەک یەکن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ئێوەمان لە گڵ دروستکردوە، لەبەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ ئادەم و حەوا لە گڵ دروست بوون، یاخود لەبەر ئەوەیە ئەو تۆوەی لە نێو منداڵدانی ئافرەتدایە (تۆوی پیاوو ئافرەت)، پێشێ نوتفەیەو ئنجا دەبێتە عەلەقەو دەبێتە موضغە، دوایی دەبێتە کۆرپەلەیەک و لە منداڵدانی دایک دێتە دەرێ، بە شێوەی منداڵ، ئەو نوتفەیە لە خوێن دروست دەبێ، خوێنیش لەو خواردن و خۆراکەیە کە لە زەوی پەیدادەبێ.

کەواتە: بە هەردووک باران دا: جەستەی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ زەوی، دەگەڕێتەوە بۆ گڵ و خاک، چ بە ئیعتیباری بابمان ئادەم، چ بە ئیعتیباری ئەو نوتفەیەی باب و دایکمان، کە ئێمەی لێ دروست بووین.

٤)- ﴿ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٖ ﴾، پێشێ لە گڵ، دوایی لە نوتفەیەک، واتە: تۆویلکەیەک، نوتفەش زیندەوەرێکی بچووکە لە دوو بەشان پێک دێ:

أ- لە نێو ئاوی پیاودا، لە نێو هەر دڵۆپەیەکیدا چەند ملیۆن ژیانداری تۆویی (الحیوان المنوي) حەیمەن هەن، ئنجا یەکێکیان یەکدەگرێ لەگەڵ هێلکۆڵە (بُوَیضَة)ی نێو ئاوی ئافرەتداو لە هەردووکیان ژیاندارێکی دیکە پێک دێ، (٤٦) کرۆمۆسۆمی تێدان و، سیفەتەکانی باب و دایک لەوێدا کۆدەبنەوە، واتە: خانەیەک پێک دێ، لەو دوو زیندەوەرە بچووکەی کە لە نێو ناوی پیاوو نافرەتدا هەن.

٥)- ﴿ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٖ ﴾، دوایی ئێوەمان لە عەلەقەیەک دروستکردوە، دوای ئەوەی نەو نوتفەیە گەورەتر دەبێ، دەبێتە زیندەوەرێکی بچووک، کە خۆی بە منداڵدانی دایک هەڵدەواسێ، وەک زەروویەک، واتە: زیندەوەرێکی زەروو ئاسا.

٦)- ﴿ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٖ ﴾، دوایی لە پارچە گۆشتێکی بە قەدەر زارجوویەک بجووێ، وێنە بۆ کێشراوو بیچم پێدراو، یاخود وێنە بۆ نەکێشراوو بیچم پێ نەدراو، بێگومان (مُّضْغَةٖ) پێش ئەوەی بکەوێتە قۆناغی وێنە بۆ کێشران و بیچم و شێوە پێدرانەوە، بێ بیچم و شێوەیە، بەڵام خوای کارزان بۆیە ﴿ مُّخَلَّقَةٖ ﴾ی پێش ﴿ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٖ ﴾، خستوە، چونکە نەوەیان زیاتر جێی تێوەڕامان و سەرنجە، کە نەو ژیاندارە بچووکە لە نێو منداڵدانی دایکدا وردە وردە سەرو سیمای دەردەکەوێ، ئەوە سەریەتی و، نەوە چاویەتی و، نەوە گوێیەتی و، نەوە دڵیەتی و، نەوانە لاقنی، نەوانە دەستنی، ننجا دیارە قۆناغی (غَيْرِ مُخَلَّقَةٍ)، قۆناغێکی لە پێشترە لە ﴿ مُّخَلَّقَةٖ ﴾، یانی: کە جارێ وێنەی پێنەدراوەو بیچمی پێ نەدراوە، نەوە قۆناغێکی لە پێشترەو بەپێی ڕیزبەندیی کاتیی بووایە، دەبووایە فەرمووبای: (مُضْغَةٍ غَيْرِ مُخَلَّقَةٍ وَمُخَلَّقَةٍ)، بەڵام لەبەر ئەو حیکمەتەی باسمان کرد ﴿ مُّخَلَّقَةٖ ﴾ پێش ﴿ غَيْرِ مُخَلَّقَةٍ ﴾ خراوە.

٧)- ﴿ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ﴾، [بۆیە ئەوەتان بە وردیی بۆ باس دەکەین]، تاکو بۆتان ڕوون بکەینەوە، خوا ﷻ چیمان بۆ ڕوون بکاتەوە؟ بەرکار(مفعول)ەکەی فرتێنراو (مَحذُوف)ە، یانی:

أ- تاكو بۆتان ڕوون بكەینەوە كە ئێمە دەسەڵاتمان هەیە، زیندووتان بكەینەوە.

ب- یان: بۆتان ڕوون بكەینەوە چۆن دروست دەبن.

ج- یان: بۆتان ڕوون بكەینەوە، چۆن هاتوون؟

د- یان: بۆتان ڕوون بكەینەوە چەند نابووت بوون! هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، (**حُذِفَ المَفْعُولُ لِيَذْهَبَ الذِّهْنُ كُلَّ مَذْهَب**)، بۆیە بەركارەكەی قرتێندراوە، تاكو زەین بە لای هەموو شتێكدا بچێ، بەڵام ئەگەر دیاریی كردبایە یەك شت دەبوو.

٨)- ﴿وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾، لە نێو منداڵداندا نیشتەجێ و سەقامگیر دەكەین، هەر شتێك بمانەوێ، تاكو كاتی دیارییكراو، نەیفەرمووە: (**مَنْ نَشَاءُ**)، چونكە جارێ نەبۆتە مرۆڤ، بەڵكو فەرموویەتی: ﴿مَا نَشَآءُ﴾، ئەوەی كە بمانەوێ، ئنجا لە حاڵەتی نوتفەدا، یان لە حاڵەتی عەلەقەدا، یان لە حاڵەتی موضغە دا، دەیهێڵینەوە لە نێو منداڵداندا، ئەوەی خوا ﷻ بیەوێ بیكاتە مرۆڤ.

ئنجا بۆچی پێشتر بە كرداری ڕابردوو هێناویەتی: ﴿فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ﴾، ئەوانە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ: ﴿خَلَقۡنَٰكُم﴾، بەڵام لێرەدا بۆچی دەفەرموێ: ﴿وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ﴾، واتە: بە كرداری داهاتوو هێناویەتی؟

پسپۆڕان گوتوویانە: (**عَدِلَ عَنِ المَاضِي إِلَى المُضَارِعِ لاسْتِحْضَارِ الصُّورَةِ**)، ئەمە لە فەرمایشتی خوادا ئەو عادەتە زۆرە، بۆ ئەوەی وێنەكەت بێنێتە بەرچاو، تەماشا بكە! ئەوە خوا دەیهێڵێتەوە ئەو نوتفەیە، ئەو عەلەقەیە، ئەو موضغەیە، لە نێو منداڵداندا دەیهێڵێتەوە، تاكو كاتی دیارییكراو.

٩)- ﴿ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا﴾، دوایی بە شێوەی منداڵ دەرتان دێنین، لێرەدا ﴿ثُمَّ﴾، (**لِلتَّرتِيبِ الرُّتَبِي**)، بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونكە دوای ئەوە دەبێ بە منداڵ.

وشەی ﴿طِفْلًا﴾، مەبەست پێی جینسی منداڵانە، ئەگەرنا دەبووایە فەرمووبای: (**ثُمَّ نُخْرِجُكُم أَطْفَالاً**)، بەڵام ﴿ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا﴾، واتە: (**نخرجُ كُلَّ وَاحِدٍ مِنْكُم طِفْلاً**)، هەر کام لە ئێوە لە شێوەی منداڵێکی تایبەت دا دەر دێنین.

١٠)- ﴿ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ﴾، دواییش بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی تین و تاقەت و تۆغیان هێزو پێزتان، (**أَشُدّ**) یان: کۆی (**شِدَّة**)ەیە، وەک (**أَنْعُم**) کۆی (**نعمة**)ەیە، یان (**أَشدّ**) وشەیەکە تاکی نیە، یانی: بگەنە قۆناغی تین و تاقەتەکانتان، لە ڕووی جەستەوەو، لە ڕووی حاڵەتی عەقڵەوەو، لە ڕووی حاڵەتی دەروونییەوەو، لە ڕووی حاڵەتی عاتیفییەوە، دەگەنە قۆناغی کامڵبوون و تێرو تەواو بوون.

کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ﴾، واتە: دوایی بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی تین و تاقەتتان، ئایا لێرەدا بۆچی ئەم قۆناغە کراوە بە ئامانج؟ چونکە لە هەمووی زیاتر نیعمەتی خوای تێدا دەدرەوشێتەوە.

جێی سەرەنجە کە لە سووڕەتی (غافر) ئایەتی (٦٧)دا، لەو سیاقەدا کە بە هەمان شێوەی ئێرە باسی دروست بوونی مرۆڤ دەکات، سەرەڕای ئەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ لِتَكُونُوا۟ شُيُوخًا ۝٦٧﴾، واتە: تاکو دوایی بگەنە حاڵەتی پیریی، بچنە قۆناغی پیرییەوە، ئەدی باشە بۆچی لێرەدا وەک سووڕەتی (غافر) باسی قۆناغی پیریەتیی ناکات؟ دەڵێین: لێرەدا ئەوە ناخوازێ، چونکە لێرە خوا ﷻ دەیەوێ دەستەڵاتی خۆیمان پێشان بدات، ئنجا دەستەڵاتی خوا ﷻ زیاتر لە حاڵەتی تۆغیان و تین و تاقەتدا دەردەکەوێ، نەک لە حاڵەتی پیرو کەنەفتیی دا، بۆیە لێرەدا نەیخواستوە باسی تەمەنی پیریی بکرێ.

١١)- ﴿وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ﴾، هەشتانە دەمرێندرێ، واتە: پێش ئەوەی بگاتە ئەو قۆناغانە، دەمرێ، کۆتایی دێ، چونکە مردن بۆ هەمووانە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی، پێش گەیشتنە بە قۆناغی تین و تاقەت، یانی: پێش ئەوە دەمرێندرێ، ئەگەرنا هەموویان هەر دەمرێندرێن، بەڵام هەیانە پێش ئەوەی بگاتە ئەو قۆناغانە، دەمرێ.

١٢)- ﴿ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ ﴾، هەشتانە دەگێڕدرێتەوە بۆ خراپترین تەمەن، واتە: تەمەنی پیرو کەنەفتیی و کەلەلایی.

﴿ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ ﴾، خراپترین تەمەن، پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای لێ بە خوا گرتوە، وەک لەم فەرموودەیەدا هاتوە: **{أَللَّهُمْ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ ٱلْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ ٱلْجُبْنِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ ٱلدُّنْيَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ ٱلْقَبْرِ}** **(أخرجه البخاري: ٢٨٢٢، عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ﷺ)**.

واتە: ئەی خوایە! من پەنات پێ دەگرم لە چرووکیی و ڕژدیی و، پەنات پێ دەگرم لە ترسنۆکیی و، پەنات پێ دەگرم لەوە کە بگێڕدرێمەوە بۆ خراپترین تەمەن، پەنات پێ دەگرم لە بەڵای دنیاو لە سزای گۆڕ، واتە: لە سزایەک کە دوای ئەوەی مرۆڤ دەخرێتە گۆڕەوە، دەست پێ دەکات لە قۆناغی بەرزەخ دا.

١٣)- ﴿ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنۢ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْـًٔا ﴾، تاکو دوای ئەوەی شتی زانیوە، هیچ نەزانێ، **(أَي: لاَ يَستَفِيدَ مَعْلُوماً جَدِيْداً بَعْدَ أَنْ كَانَ بِإِمكَانِهِ كَسْبُ العِلْمِ)**، واتە: بۆ ئەوەی هیچ زانیاریی تازە فێر نەبێ، دوای ئەوەی کە دەیتوانی شت فێر ببێ، ئینسان کە زۆر دەکەوێتە تەمەنەوە، خانەکانی مێشکی زانیاریی تازە تۆمار ناکەن، ئەوە واتایەکیەتی.

واتەیەکی دیکەی ئەوەیە: ﴿ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِنۢ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْـًٔا ﴾، دوای ئەوەی شتی زانیوە، ئێستا هیچ نەزانێ، نەک زانیاریی تازە تۆمار نەکەن، بەڵکو ئەوەی پێشێشیان لە بیر بچێتەوە! هەمووتان بینیوتانە هی وا هەیە، کە زۆر دەکەوێتە تەمەنەوە، دوایی ناوی منداڵەکانی خۆیشی لە بیردەچێتەوە، بەڵکو جاری وایە ناوی خۆیشی لە بیردەچێتەوەو خانەکانی مێشکی فۆرمات دەبنەوەو، هیچ زانیارییان تێدا نامێنێ.

واتە: خوا ﷻ ئاوا ئێوە بەو قۆناغانەدا دێنێ و، ئاواش باڵا دەستە بەسەرتاندا، ئەگەر زۆر تەمەن بکەن ئاواشتان لێ دێ، ناشتوانن واتان لێ نەیەت.

ئەمە بەڵگەی یەکەم: خوا بەو شێوەیە ئێوەی دروست کردوەو، بەو قۆناغانەی داهێناون، کە سەرجەم حەوت قۆناغن:

یەکەم: قۆناغی دروستکران لە گڵ (ئادەم و حەووا، یان ماددەو کەرەستەی تۆوی ژن و پیاو).

دووەم: تۆویلکە (نطفة).

سێیەم: خوێنپارە (علقة).

چوارەم: زارجووە گۆشت (مضغة).

پێنج: قۆناغی منداڵیی (نخرجکم طفلاً).

شەشەم: قۆناغی تین و تاقەت و تێرو تەواویی (لتبلغوا أشُدَّکم).

حەوتەم و کۆتایی: قۆناغی پیرو کەنەفت بوون و کەلەلایی (ومنکم من يُرَدُّ إلى أرذل العمر).

ئنجا بەڵگەی دووەم دێنێتەوەو دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ ﴾، بەڵگەیەکی دیکە لە سەر ئەوە کە زیندوو کردنەوەی ئێوە لە لای خوا ئاسانە، ئەوەیە کە: زەوی دەبینی بێ هەست و خوست، دەڵێ: (**الهُمُودُ: قَرِيبٌ مِنَ الخُمُودِ خَمَدَتِ النَّارُ: طفئت**): ئاگرەکە کوژایەوە، خەفە بوو، کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ ﴾، واتە: وەک چۆن ئاگرێک کوژاوەتەوەو هیچ ترووسکایی تێدا نیەو، گەرمایی تێدا نیە، زەویش دەبینی هیچ ژیانی تێدا نەماوە، وشک و سوورو سەقەتاڵەو بێ ڕووەکە، ئاوای دەبینی.

١٥)- ﴿ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ﴾، بەڵام کاتێک کە ئاومان دابەزاندە سەری، ئاو: باران، بەفر، تەرزە، بۆیە خوا وشەی ﴿ ٱلۡمَآءَ ﴾ بەکاردێنێ، چونکە ئەگەر هەر کامێکیانی بەکار هێنابایە، ئەوانی دیکەی نەدەگرتەوە، کاتێ ئاومان دابەزاندە سەری، ئاومان بەسەردا هەڵڕشت.

١٦)- ﴿ ٱهۡتَزَّتۡ ﴾، جوولا، هەژا، (الإهتِزَازُ: التَّحرُّكُ إلى أعْلَى)، (إهتِزاز) بریتیە لە جوولان بەرەو سەرێ، (وَالمَقصُودُ: إرتِفَاعُ الأَرْضِ بِالماءِ بِمَا عَلَيْهَا مِنَ العُشْبِ وَالنَّبَات)، مەبەست لەوەیە کە زەوی دوای ئەوەی ئاوی دادەبەزێتە سەر، ئاوی دەڕژێتە سەر، لە ئاسمانەوە بەشێوەی بەفرو باران و تەرزە، ئەو زەوییە وردە وردە ڕووەکەکانی چەقەرە دەدەن و زەوییەکە بەرز دەکەنەوە، چەقەرەی ڕووەکەکان، ئنجا دانەوێڵەیە، گژو گیایە، دارو درەخت و میوەیە، تەڕەکارە، سەوزەیە، ... هتد.

١٧)- ﴿ وَرَبَتۡ ﴾، پۆز دەبێت، (حَصَلَ لَهَا رَبْوٌ)، (الرَّبوُ: هُوَ ازْدِيَادُ الشَّيءِ)، (ربو) بریتیە لە زیاد بوونی شتێک، (رَبَا، يَرْبُو، رَبْوَاً، أي زَادَ، يَزِيدُ، زِيَادَةً)، مەبەست پێی هەڵاوسانی زەوییە، وشەی (رَبَتْ) خوێنراویشەتەوە: (رَبَئَت، أَي إرتَفَعَت) بەرز بۆوە.

١٨)- ﴿ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ﴾، لە هەر ڕووەکێکی دڵخۆشکەر دەڕوێنێ، لە هەر ڕووەکێکی بە ڕەونەق و جوان، کە کەسێک ببینێ پێی دڵخۆش بێ، دڵی پێی بپشکوێ، ئەو زەوییە قاقڕو دێمەکارو بێ هەست و خوست و بێ ژیان و جووڵەیە، دوای ئەوەی ئاوی دەنێرینە سەر، ئاوا پڕ دەبێ لە ژیان و ، پڕ دەبێ لە ڕووەک و سەوزایی.

(البَهِيجُ: الحَسَنُ المَنظَر السَّارُ لِلنَاظِر)، (بَهِيجُ) ئەوەیە کە دیمەنی جوان بێ و، دڵخۆشکەر بێ بۆ کەسێک کە تەماشای بکات.

ئەمە هەردوو بەڵگەکە، زۆر بە کورتیی.

کەواتە خوا ﷻ کاتێ ئێوەی بەو قۆناغانەدا هێناوەو، زەوی بەو شێوەیە، ساڵانە زیندوو دەکاتەوە، دەتوانێ ئێوەش زیندوو بکاتەوە، ئێوەی لە گڵەوە هێناوەو بەو قۆناغانەدا هێناونی، دەشتوانێ جارێکی دیکە دروستتان بکاتەوە، هەروەها زەویش دوای ئەوەی کە مردووە، زیندووی کردۆتەوە، بە ڕووەک، بە هەمان شێوە خوایەک کە لە نەفسی ئێوەدا ئەوەی کردوەو، لە دەوروبەریشتاندا ئاوا دەکات، دەتوانێ ئێوەش زیندوو بکاتەوەو، هیچ دوو دڵیی و گومانتان نەبێ.

مەسەلەی پێنجەم:

باسکردنی دروستکرانی مرۆڤ بەو جۆرە سەرسووڕهێنەرەو، زیندوو کردنەوەی زەوی، بەهۆی دابەزاندنی ئاوەوە، مەبەست پێی دەرککردنی ڕاستییەتی ڕەهاو تەنیای خوای تاک و پاک و، مسۆگەریی هاتنی قیامەت و، زیندوو کرانەوەی مردووانە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٦﴾ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ذَٰلِكَ﴾، واتە: ئەوەی کە پێشتر باسکرا، دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی مرۆڤ و زیندوو کردنەوەی زەوی، ئەمە سێ واتای هەن:

واتای یەکەم: ئەوەی باسکرا بۆ ئەوەیە کە ئەی مرۆڤ! بزانی وەک چۆن خوا تۆی ئاوا دروستکردوەو، زەوی ئاوا زیندوو دەکاتەوە، بەو شێوەیەش خوا هەق و چەسپاوە.

واتای دووەم: ئەوەی باسکرا بە هۆی ئەوەوەیە کە خوا ﷻ وەک چۆن مرۆڤی وا دروست کردوەو زەوی ئاوا دەژیێنێتەوە، ئاواش خوا هەق و ڕاست و چەسپاوە.

واتای سێیەم: ئەوەی باسکرا بەڵگەی ئەوەیە کە خوا ﷻ هەقەو، لەسەر هەموو شتێک بە توانایەو، مردووانیش زیندوو دەکاتەوەو، ئەوانەش لە گۆڕەکاندان دەریاندێنێتەوە.

٢)- ﴿بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ﴾، خوا ﷻ هەق و چەسپاوە، خوا خاوەنی هەموو سیفەتێکی بەرزو پەسندە، یەکێک لە سیفەتەکانی ئەوەیە کە لەسەر هەموو شتێک بە توانایە، کەواتە: لەسەر زیندوو کردنەوەی ئێوەش بە توانایە.

٣)- ﴿ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾، هەروەها ئەوەی باسکرا، کە دروست کردنی مرۆڤەو، ساڵانە ژیاندنەوەی زەوییە، بەهۆی ئەوەوەیە کە خوا ﷻ مردووان زیندوو دەکاتەوە.

٤)- ﴿ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، هەروەها ئەوەی باسکرا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو (خوا) لەسەر هەموو شتێکیش بە توانایە.

٥)- ﴿ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا ﴾، هەروەها ئەوەی باسکرا، بەڵگەی ئەوەیە کە ئاخیرزەمان (ٱلسَّاعَةَ) دێ و، هیچ دوو دڵیی تێدانیە.

٦)- ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ ﴾، هەروەها بەڵگەی ئەوەشە، کە خوا ﷻ ئەوانەی لە گۆڕەکاندان، دەریان دێنێتەوە.

تەفسیرەکان زۆر لەسەر ئەوە چوون، ئەم شەش حاڵەتە: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (٦) وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ (٧) ﴾، هەموویان پەیوەست دەبنەوە بە: ﴿ ذَٰلِكَ ﴾ەوە، واتە:

یەکەم: ئەوەی کە باسکرا، بەڵگەی ئەو شەشانەیە:

١- خوا ﷻ هەقە.

٢- خوا ﷻ مردووان زیندوو دەکاتەوە.

٣- خوا ﷻ لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

٤- ئاخیر زەمانیش دێ.

٥- هیچ دوو دڵیی و گومانی تێدانیە.

٦- هەروەها خوا ﷻ ئەوانەی لە گۆڕەکاندان دەریان دێنێتەوە.

دووەم: یاخود: ئەوەی باسکرا بە هۆی ئەوەوە پەیدا بووە، کە خوا ﷻ هەقەو مردووان زیندوو دەکاتەوەو ... هتد.

سێیەم: یاخود: ئەوەی باسکرا بۆ ئەوەیە تۆ بزانی: کە خوا ﷻ هەقە، مردووان زیندوو دەکاتەوە، لەسەر هەموو شتێک بە توانایەو، ئاخیر زەمان دێ و، گومانی تێدانیە، هەروەها خوا ﷻ ئەوانەی لە گۆڕەکاندان دەریان دێنێتەوە.

هەرسێک ماناکانیش گونجاون.

مەسەلەی شەشەم:

باسی جۆرە کەسێکی دیکەی مشت و مڕکەر لە بارەی خواوەو، بەبێ زانیاریی و ڕێنمایی و کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، خۆ بادەرو خەڵک گومڕاکەر لەڕێی خوا ﷻ، کە سەرەنجام لە دنیادا ڕیسوایی و، لە دواڕۆژدا سزای سەختی بە مل دادێ:

{ئەمە جۆری دووەمی ئەو مرۆڤانەیە، کە خوای پەروەردگار پۆلێنیان دەکات، لە بەرانبەر ڕۆژی دواییدا، بە پێی هەڵوێستیان لە بەرانبەر ئاخیر زەمان و هاتنی ڕۆژی دواییدا}.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ (٨) ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ لَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ (٩) ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ (١٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ (٩) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾، لە خەڵکی جۆرە کەسێکی دیکە هەیە ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾، بە زۆریی لە قورئاندا بۆ حاڵەتی زەمکردن و سەر زەنشت بەکارهاتوە، وەک لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَمَا هُم بِمُؤۡمِنِينَ (٨) ﴾البقرة، هەروەها لە سوورەتی (العنكبوت)دا: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتۡنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ (١٠) ﴾، بە زۆریی بۆ حاڵەتی سەرزەنشتکردنە، بۆیە لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾، لە خەڵک هەیە کەسانێک:

٢)- ﴿ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ ﴾، لە بارەی خواوە موناقەشە دەکات و، مشت و مڕو، شەڕە قسە دەکات، واتە: لە بارەی بەدیهێنەرایەتیی خواوە، لە بارەی بوونی خواوە، کە مولحیدەکانن، یان لە بارەی ناوو سیفەتەکانی خواوە ﷻ، یان لە بارەی تەنیا پەرستراوێتیی خواوە ﷻ کە موشریکەکانن، هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام کە موناقەشەو مشت و مڕ دەکات:

٣)- ﴿بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ﴾، بەبێ زانیاریی و ڕێنمایی و کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، هی یەکەمیان (لە ئایەتی پێشووتردا) لەبەر ئەوەی لاساییکەرەوە (مُقلِّد) بوو، چاولێکەر بوو، فەرمووی: ﴿بِغَيۡرِ عِلۡمٖ﴾، بێ ئەوەی زانیاریی هەبێ، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ﴾، ئەمانە ئەوانەن کە خەڵک پەیڕەوییان لێ دەکات و سەرمەشقن و، پێش خەڵک دەکەون (مُقلَّدْ)ن، ئەوەی پێش خەڵک بکەوێ، دەبێ زانیاریی هەبێ و، هیدایەت و ڕێنمایی هەبێ و، کتێبێکی ڕوونکەرەوەشی بەدەستەوە بێ، ئنجا زانایان دەڵێن:

أ- مەبەست لە زانیاریی (عِلۡمٖ) بریتیە لە بەڵگە نەویستە عەقڵییەکان (البديهيات العقلية)، واتە: عەقڵێکی سەلیمی هەبێ و، ئەو شتانەی خوا ﷻ لە هەموو عەقڵێکی سەلیمدا دایناون، زۆر باش لە عەقڵی ئەودا کار بکەن، وەک یاسای هۆکاریی: [هەموو پەیدابوویەک پەیداکەرێکی هەیە]، [هەموو ڕێکخراوێک ڕێکخەرێکی هەیە]، [هەموو مشوور لێخوراوێک مشوورخۆرێکی هەیە]، یان: (٢ + ٢ = ٤)، ئەو بەڵگە نەویستە عەقڵییانە، وشەی (علم) یان بۆ بەکاردێ.

ب- وشەی ڕێنمایی (هُدٗى)، واتە: توانای بەڵگە هێنانەوەی هەبێ، هەندێک (هُدٗى)یان بە بەڵگە هێنانەوە، لێکداوەتەوە، هەندێکیش گوتوویانە: (هُدٗى) بەرهەمی ئەو تەقوایەیە کە ئینسان ئەگەر ئەهلی تەقوا بوو، خوای پەروەردگار هیدایەتی پێ دەبەخشێ، هەروەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧﴾محمد، هەروەها دەفەرموێ: ﴿...إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا... ٢٩﴾الأنفال.

ج- پاشان دەبێ وەحییشی لەبەر دەستدا بێ (کتاب مُنیر)، دەبێ عەقڵی باش کار بکات و، توانای بەڵگە هێنانەوەی هەبێ و، ڕۆشنایی دڵ و دەروونی هەبێ، بە هۆی تەقواوە (فورقانی هەبێ)، سەرەڕای ئەمانەش دەبێ کتێبێکی ڕێ ڕۆشنکەرەوەشی لەبەردەستدا بێ (وحي).

کەواتە: ئەو کەسە شایانی ئەوەیە خەڵک پەیڕەویی لێ بکات و، لە بارەی خواوە قسە بکات، دەبێ کەسێک بێ هەم عەقڵێکی سەلیمی هەبێ، هەم

دەروونێکی پاک و چاک و، ڕۆشنی هەبێ، هەم شوێنکەوتووی وەحیی خواو، کتێبی ڕێ ڕۆشنکەرەوەی خوای پەروەردگاریش بێ، ئا ئەوانە شایانی ئەوەن لە بارەی خواوە ﷻ قسە بکەن، هەروەها لە بەڵگەو سەلماندن بکۆڵنەوە.

٤)- ﴿ ثَانِيَ عِطْفِهِۦ ﴾، نووشتێنەرەوەی کەلەکەو تەنیشتیەتی، ئەو کەسە تەنیشتی خۆی دەنووشتێنێتەوە، (ثَانِي: أي لاَوِي، لَوَى: ثَنَى)، واتە: نوشتاندیەوە، وشەی (عِطْف) بە مانای (جَنب) کەلەکە، تەنیشت، دێ، زەمەخشەریی گوتوویەتی: (ثَنْيُ العِطْفِ عِبارَةٌ عَنِ الكِبْرِ وَالخُيَلاَءِ كَتَصْعِيرِ الخَدِّ وَلَيِّ الجِيدِ)، واتە: نوشتاندنەوەی تەنیشت، تەعبیری پێ دەکرێ لە خۆ بەزلگریی و فیزو کەشخە، وەک ڕوو وەرچەرخاندن و، مل بادان.

واتە: ئەو کەسە بەبێ زانیاریی و بەپێخواسیی بەنێو کەوتووەو، تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێ لە بارەی خواوە، ئنجا سەرباری ئەمەش، بەخۆ بادان و بە فیزو کەشخەشەوە مامەڵە دەکات.

وشەی (عِطْف) خوێنراویشەتەوە: (عَطْف)، دەڵێ: (ثَانِي عَطْفِهِ: أي مَانِعَ لُطْفِهِ عَلَى غَيرِهِ)، واتە: سۆزو بەزەییەکەی خۆی لە خەڵکی دەگرێتەوە.

٥)- ﴿ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، تاکو خەڵک لە ڕێی خوا لابدا، کەواتە: ﴿ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەمە هۆکارو عیللەتی موجادەلەو شەڕە قسەکەیەتی، واتە: بۆیە شەڕە قسە دەکات، تاکو خەڵک لە ڕێی خوا لابدات، لێرەدا ﴿ لِيُضِلَّ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (لِيَضِلَّ عَنْ سَبِيْلِ الله)، (يُضِلُّ)، گومڕا بکات، (يَضِلُّ)، گومڕا ببێ، واتە: بەو جۆرە موناقەشەو شەڕە قسە دەکات بەبێ زانیاریی، تاکو سەرەنجام گومڕا ببێ.

٦)- ﴿ لَهُۥ فِي ٱلدُّنْيَا خِزْيٌ ﴾، لە دنیادا سەرشۆڕیی و زەبوونیی بۆ هەیە، ئەم ئایەتە ئەگەر وەک لە تەفسیرەکاندا باسکراوە، مەبەست پێی ئەو زلەزلانەی قورەیش بن، کە لە جەنگی بەدردا کوژران، ئەوە ئیعجازێکی هەواڵییە، یانی: لە دنیادا ئەوانە زەبوون و سەر شۆڕو ڕیسوا دەبن، وەک لە جەنگی بەدردا کەوتبوون، فڕێدرانە قەلیبی بەدرەوە، یاخود مەبەست ئەوەیە کە بابای خۆ بەزلگرو فیزو کەشخەکەر بەسەر خەڵکدا، هەر

لە نێو خەڵکدا ڕیسواو زەبوون و، بە کەم تەماشا کراوە، با خۆیشی خۆی پێ زل بێ، بەڵام خەڵک بە کەم تەماشای دەکات، هەمیشە خەڵک مرۆڤی خۆ بەزلگرو بە دەمارو کەشخەکەرو خۆ پێ زۆریان، پێ کەمە.

٧)- ﴿ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴾، لە ڕۆژی هەڵسانەوەش دا، سزای سووتێنەری پێ دەچێژین.

﴿ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴾، سزای سووتێنەر، ﴿ ٱلۡحَرِيقِ ﴾، واتە: (النَّار)، دەڵێ: (الإِحْرَاقُ: إِيقَاعُ نَارٍ ذَاتِ لَهَبٍ فِي الشَّيْءِ)، واتە: (إِحْراق) بریتیە لەوە کە ئاگرێکی خاوەن بڵێسە، بەریدەیە شتێک، ئەوە (إِحْراق)ە، کە چاوگە، (حَرِيق)یش، واتە: ئاگرێک کە دەسووتێنێ.

٨)- ﴿ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ ﴾، پێی دەگوترێ: ئا ئەوە بەهۆی ئەوەیە کە دوو دەستەکانت پێشیان خستوە، واتە: ئەو سزادرانە لە دواڕۆژداو، ئەو ڕیسوا بوونە لە دنیادا، کردەی دەستی خۆتە.

٩)- ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ﴾، هەروەها بە دڵنیایی خوا ﷻ ستەمکار نیە بەرانبەر بە بەندەکانی، سیفەتەکانی خواش هەموویان لەوپەڕدان بۆیە (ظلاَّم) بەکار هاتوە، یان ئەگەر خوا ستەمی لە بەندەکانی کردبایە، ستەمێکی گەورەو زۆری دەکرد - پاکیی بۆ خوا لە ستەم و کەم و کوڕیی - .

مەسەلەی حەوتەم:

باسی جۆرە کەسێکی دیکەی لە خواپەرستییدا لەسەر تەل و لە بیانوو، کە بە خۆشیی ئاسوودە دەبێ و، بە گرفتاریی ئاڵۆز دەبێ و، لە شتانێک دەپارێتەوە کە زیان و سوودیان نیەو، لە کەسێک دەپارێتەوە زیانی نیزیکترە لە سوودی:

{لێرەدا خوا ﷻ باسی جۆری سێیەممان بۆ دەکات، لەو کەسانە کە بە پێی هەڵوێستییان لە بەرانبەر کارەساتی مەزنی کە بەسەر زەویی دا دێ، کە لەرزینەوە گەورەو مەزنەکەیە، جۆری کەسایەتییان دیاریی دەکرێ}.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ﴿١١﴾ يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ ﴿١٢﴾ يَدۡعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖ ﴾، لە خەڵکی هەیە، جۆرە کەسێک کە لەسەر قەراغ، خوا ﷻ دەپەرستێ، لەسەر پەڕو لە قەراغ و تەنیشت، کە بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست پێی مسوڵمانێکی ڕوو کەش و بە لەقە لەقە، کە لە جیاتی ئەوەی بچێتە نێو جەرگەی دینداریەوە، لەسەر قەراغێ ڕاوەستاوە، نەچۆتە نێو قووڵاییەکەی.

٢)- ﴿ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦ ﴾، ئنجا ئەگەر خۆشیی و ئەو شتەی بە بەرژەوەندیی دەزانێ، تووشی بێ، پێی ئاسوودە دەبێ.

٣)- ﴿ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ ﴾، بەڵام ئەگەر بەڵایەکی بەسەر بێ، لە سەر ڕووی هەڵدەگەڕێتەوە.

واتە: لەپەو ڕوو دەکەوێ، چونکە ئەگەر مەبەست پێی پاشگەزبوونەوە بووایە، دەیفەرموو: (اِنقَلَبَ عَلَى عَقِبَيهِ)، واتە: بەسەر دوو پاژنە پێیەکەیدا هەڵگەڕایەوە، بەڵام لێرە یانی: لەپەو ڕوو دەکەوێ، پێشێ ڕێک وەستاوە لەسەر ڕاستە شەقامی خوا ﷻ، بەڵام دوایی لەپەو ڕوو دەکەوێ، بە هۆی بەڵایەکەوە کە بەسەری دێ.

لەوبارەوە ئەم فەرموودە هەیە:

{عَنْ جَابِرٍ ؓ، أَنَّ أَعْرَابِيًّا بَايَعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَلَى الإِسْلَامِ، فَأَصَابَ الأَعْرَابِيَّ وَعْكٌ بِالْمَدِينَةِ، فَأَتَى الأَعْرَابِيُّ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ أَقِلْنِي بَيْعَتِي، فَأَبَى رَسُولُ اللهِ ﷺ، ثُمَّ جَاءَهُ، فَقَالَ: أَقِلْنِي بَيْعَتِي، فَأَبَى؛ ثُمَّ جَاءَهُ فَقَالَ: أَقِلْنِي بَيْعَتِي، فَأَبَى؛ فَخَرَجَ الأَعْرَابِيُّ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إِنَّمَا الْمَدِينَةُ كَالْكِيرِ تَنْفِي خَبَثَهَا وَيَنْصَعُ طِيبُهَا} (أخرجه أحمد: ١٥١٧١، والبخاري: ٦٨٩١، ومسلم: ١٣٨٣، والترمذي: ٣٩٢٠، والنسائي: ٤١٨٥، وابن حبان: ٣٧٣٢).

واتە: جابیر ؓ دەڵێ: عەرەبێکی خێڵەکیی بەڵێنی بە پێغەمبەری خوادا ﷺ لەسەر موسڵمان بوون، بەڵام دوایی کە لە مەدینە تووشی نەخۆشییەک بوو، هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەڵێنەکەم وێبدەوە، (واتە: موسڵمانیەتییەکەی ڕەت بکاتەوە)، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕازی نەبوو، پاشان هاتەوە گوتی: بەڵێنەکەم وێبدەوە، (پێغەمبەری خوا ﷺ) ڕازی نەبوو (موسڵمانیەتییەکەی لێ وەربگرێتەوە)، پاشان هاتەوە گوتی: بەڵێنەکەم وێبدەوە، (پێغەمبەری خوا ﷺ) ڕازی نەبوو، ئیدی ئەو عەرەبە خێڵەکییە لە مەدینە چووە دەر (واتە: وازی لە ئیسلام هێناو لە شار ڕۆیشتە دەرێ)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: شاری مەدینە وەک مووشەدەمە وایە، ژەنگ و پیسییەکەی فڕێ دەداتە دەرێ و، بۆنی خۆی خۆش دەکات {مووشەدەمە کاتێک ئاسنێ دەخەیە نێو کوورەوە، ئەو ژەنگەی بەو ئاسنەوە بێ، لێی دەکاتەوە).

٤)- ﴿ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَ ﴾، دنیاو دوارۆژی لە دەستچوون، دۆڕاندوون، کەسێک کە ئاوا دەکات، کاتێک بەڵایەکی تووش دەبێ، لەپەو ڕوو دەکەوێ و واز لە ئیسلام دێنێ،

ئەوە هەم دنیای لە دەست چووە، چونکە بەڵای بەسەرهاتوە، واتە: دنیایەکەی نیە، هەروەها دوارۆژیشی لە دەست چووە، بەهۆی ئەوەوە کە خۆڕاگر نەبووە، تاکو خوا پاداشتی بداتەوە، لەسەر ئەو بەڵایەی کە بەسەری هاتوە.

٥)- ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ﴾، ئا ئەوە زیانباریی ئاشکرایە، زیانبارییەک کە هیچ کەس لێی پەنهان نیە.

٦)- ﴿يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ﴾، لە جیاتی خواو لە خوار خواوە، لە شتانێک دەپاڕێتەوە، (کە مەبەست پێی بت و صەنەمەکانن) نە زیانی لێدەدەن و، نە سوودی پێ دەگەیەنن، واتە: سوودی پێ ناگەیەنن، ئەگەر لێیان بپاڕێتەوەو بیانپەرستێ، هەروەها زیانیشی پێ ناگەیەنن، ئەگەر لێیان نەپاڕێتەوەو نەیانپەرستێ، یانی: نە سوودی بۆ دێنن و، نە زیانیشی لێ دەدەن، هەڵبەتە لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەو مسوڵمانە وەک لە سەرەتاوە گوتمان، مسوڵمانێکی ڕووکەشییەو بە لەقە لەقە، ئەگەرنا مسوڵمان چۆن لە جگە لە خوا دەپاڕێتەوە، کە بت و صەنەمەکانن؟!

٧)- ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ﴾، ئا ئەوە گومڕایی دوورە، واتە: گومڕاییەکە کە لە گومڕاییەکەی دا زۆر دوورکەوتۆتەوە، بە ئاسانیی نایەتەوە سەر ڕاستەهێڵ، یانی: گومڕاییەکە هیچ گومڕاییەکی ناگاتێ.

٨)- ﴿يَدۡعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقۡرَبُ مِن نَّفۡعِهِۦۚ﴾، لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە زیانی لە قازانج و سوودی نیزیکترە، زانایان لەو بارەوە گوتوویانە: وشەی ﴿لَمَن﴾، ئەم (مَن)ە، نابێ (ل)ی بچێتە سەر!! بەڵام لە ڕاستیی دا قورئان دادگایی ناکرێ بەو بنەمایانەی ڕێزمانی عەرەبی کە دوایی زانایان دایانناون، بەڵکو ڕێزمانی عەرەبی دەبێ پابەند بێ بە قورئانەوە، بۆی:

١- هەندێک گوتوویانە: (**لَمَن: لَامُ الإبتِداءِ وَهِيَ تُفِيدُ مَضْمُون الجُملَة الوَاقِعَة بَعْدَهَا**)، واتە: ئەم (ل)ە بۆ دەست پێکردنەو، نێوەڕۆکی ئەو ڕستەیەی لە دوایی دێ، بەهێز دەکات.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: (ل)کە، لە ئەسڵدا ئاوایە: (يَدعُوا مَنْ لَضَرُّهُ أَقْرَبُ مِنْ نَفْعِهِ)، واتە: لە کەسێک دەپاڕێتەوە کە زیانی نیزیکترە لە سوودی، کە لە زمانی عەرەبی دا، ئەو بنچینەیەش هەیە کە (ل) کە لە ئەسڵدا هی وشەی دواترە، بخرێتە سەر (مَنْ).

٣- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ يَدۡعُواْ ﴾، لێرەدا بە مانای (يَقُولُ) دێ، واتە: (يَقُولُ لَمَنْ ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِنْ نَفْعِهِ هُوَ مَوْلَاهُ، أَي هُوَ مَعْبُودِه)، دەڵێ: کەسێک کە زیانی نیزیکترە لە سوودی، ئەوە پەرستراوی ویە، یانی: بە زمانی حاڵ وا دەڵێ.

ئەوەی پێشێ فەرموویەتی: ﴿ يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ ﴾، بە (ما) هێناویەتی، کە مەبەست پێی بت و صەنەمەکانن، کە خاوەن هەست و هۆش نین، بەڵام هی دواتر دەفەرموێ: ﴿ يَدۡعُواْ لَمَن ﴾، بە (مَن) هێناویەتی، کە بۆ خاوەن هەست و شعوورو عەقڵان بەکاردێ، بۆیە هی یەکەمیان لەوانەیە مەبەست پێی بت و صەنەمەکان بێ، هی دووەمیان مەبەست پێی تاغووت و فیرعەونەکان بێ، یاخود ئەو سادین و کاهینانەی کە سەرپەرشتیی بتەکانیان کردووە، جار جار خەڵک لەوانیش پاڕاونەتەوە.

٩)- ﴿ لَبِئۡسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِئۡسَ ٱلۡعَشِيرُ ﴾، کەسێک زیانی لە قازانجی نیزیکتر بێ خراپترین دۆستەو خراپترین هاوەڵ و هاودەمە.

مەسەلەی هەشتەم:

باسی جۆرێکی دیکەی مرۆڤی جیاواز لەو سێ جۆرەی پێشوو، کە بریتیە: لە بڕواداری کردار باش، لێرەدا خوا ﷻ باسی جۆری چوارەمی مرۆڤەکان دەکات، لەو خەڵکانەی کەسایەتییان دیاریی دەکرێ لە بەرانبەر کارەساتی مەزنی ڕۆژی دوایی دا:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ١٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەوانەی بڕوایان هێناوە {بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ} هەروەها کردەوە باشەکانیش دەکەن، واتە: هەموو کردەوە باشەکان دەکەن، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەوانە خوا ﷻ دەیانخاتە:

٢)- ﴿جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، چەند باغ و بێستانێکەوە، کە ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، ڕووبار بە ژێر کۆشکەکانیاندا دەڕۆن.

٣)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ هەرچی بیەوێ، ئەنجامی دەدات.

ئنجا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کردەوە باشەکان دەکەن، لە بەرانبەر ئەوانە دایە کە بەبێ زانیاریی لە بارەی خواوە قسە دەکەن، ئەوانەی ئیمانیان بە خوا ﷻ هەیە، لەسەر بناغەی عەقڵ و عیلم و فیترەت و وەحیی، چونکە ئیمانی ڕاست و دروست، دەبێ هەڵقوڵاوی عەقڵ و، هەڵقوڵاوی فیترەت و، هەڵقوڵاوی زانست و، هەڵقوڵاوی وەحیی بێ.

هەروەها لە بەرانبەر کەسانێک دایە، کە لەسەر قەراغن لە خواپەرستییانداو بە کەلادا کەوتوون، ئنجا ئەوانە خوا ﷻ دەیانخاتە نێو باغ و بێستانەکانی خۆیەوە، کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن.

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ﴾، خوا ﷻ هەرچی بیەوێ دەیکات، یانی: بێگومان خوا هیچ شتێکی لەبەر عاسێ نابێ، هەروەها لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ١٦﴾ البروج، واتە: خوا ئەنجامدەری هەر شتێکە کە بیەوێ.

بەڵام لێرەدا بە دڵنیایی مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا ﷻ ئەو هۆکارانەی کردەوەی بەندەکان لەسەریان بەندن، ئەو هۆکارانە دەڕەخسێنێ، بەپێی سیستمێک کە دایناوە، هەروەها خێرو شەڕ لەیەک جیا دەکاتەوەو، پاداشت و سزای داناون.

ئنجا بە هۆی ئەو سیستمەوە کە خوا ﷻ دایناوە، کە ئەگەر تۆ چاکە بکەی، ئەوە پاداشتتەو، ئەگەر خراپە بکەی، ئەوە سزاتە، پاشان خوا چاکەو خراپەشی لە یەک جیا کردوونەوە، لەسەر ئەو بناغەیە خوا ﷻ هەرچی بیەوێ دەیکات، نەک بە هەڕەمەکیی و گۆترەکاریی، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٦﴾ هود، واتە: بەدڵنیایی پەروەردگاری من لەسەر ڕێیەکی ڕاستە، واتە: خوا ﷻ بەپێی ئەو سیستم و یاساو وردو دادگەرو کاربەجێیانەی کە دایناون، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەکات، نەک بە هەڕەمەکیی و لە گۆترە!

بۆیەش ئەوە ڕوون دەکەمەوە، چونکە ڕەنگە کەسێک بە هەڵە لەو نایەتە موبارەکە تێبگات، بەڵام لەڕاستیی دا مەبەست پێی ئەوەیە: دەسەڵاتی خوا ڕەهایە، خوا ﷻ دەست بەستراو نیە، ویست (إرادة)ی خوا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، بەڵام ویستی خواو دەسەڵاتی خوا، لەمیانی ئەو یاسایانەدا کە خۆی داینـاون، لەمیانی ئەو سیستمە دادگەرانەیەدا، کە دایناوە لە ژیانی مرۆڤدا، لەمیانی ئەوەدا خوا ﷻ ویست و دەسەڵاتەکەی جێ بەجێ دەبێ.

مەسەلەی نۆیەم:

باسی دەستە پاچەیی بابای بەد گومان بەرانبەر بە خوا ﷻ، کە جگە لە خۆ کوشتن و خۆهەڵواسین، هیچی دیکەی لە دەست نایەت:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ فَلۡيَمۡدُدۡ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لۡيَقۡطَعۡ فَلۡيَنظُرۡ هَلۡ يُذۡهِبَنَّ كَيۡدُهُۥ مَا يَغِيظُ﴾.

پێویستە ئەوە بڵێین کە: ڕوونکەرەوەکانی ماناو مەبەستەکانی قورئان، ڕاجیاییان هەیە، کە ئایا ئەوەی لەم ئایەتەدا مەبەستە، کەسی دووەمە؟ لەو کەسانەی کە نەیارن بەرانبەر بە ئیسلام و، هەڵوێستێکی نەرێنییان هەیە بەرانبەر بە هاتنی ئاخیر زەمان و ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشت؟ یاخود مەبەست پێی کەسی سێیەمە؟ ئەو کەسەی کە لەسەر قەراغ خوا دەپەرستێ و، هەر لە بیانووە بۆ هەڵگەڕانەوە؟ یاخود مەبەست پێی کەسێکی دیکەیە؟

من زیاتر ئەو ڕایەم پێ پەسندە کە مەبەست پێی کەسێکی دیکە بێ، کە دەگونجێ ئەویش مسوڵمانێکی ڕوو کەشیی و ڕواڵەتیی بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی هەر مرۆڤێک بێ، کە دەستی هیدایەتی خوای نەگەیشبێتێ، لەگەڵ هەردووکیاندا دەگونجێ، بە پێی جۆری تەفسیر کردنەکە.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ﴾، هەر کەسێک گومانی وایە، کە خوا لە دنیا و دوارۆژدا سەری ناخات لێرەدا (ظَنّ) بە مانای گومانە، کەواتە: ﴿يَظُنُّ﴾، واتە: گومان دەبات، کە جاری وایە ئێمە بۆ (یظن) وشەی: پێی وایە، یاخود: وای دادەنێ، بەکار دێنین.

﴿أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ﴾، کە خوا ﷻ سەری ناخات و یارمەتیی نادات، ئایا ئەو ڕاناوە بۆ کێ دەچێتەوە؟ بۆ ئەو کەسە کە گومانەکە دەبات؟ کە ئەوەیان نزیکترە، یاخود

مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە ﷺ؟ واتە: هەر کەسێک پێی وایەو گومانی وایە، کە خوا ﷻ پێغەمبەرەکەی خۆی (موحەممەد) ﷺ سەرناخات و، یارمەتیی نادات لە دنیاو لە دوارۆژدا، هەردوو واتاکان ڕێیان تێدەچێ، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی پێغەمبەر ﷺ نەکراوە، هەرچەندە جاری وایە لە سیاقێکدا باسی کەسێک دەکرێ، ئنجا ئەگەر پێغەمبەری خوایە ﷺ، یان باسی جیبریلە، یان باسی هەر کەسێکی دیکەیە، ناویشی نەهاتوە، بەڵام سیاقەکە دەیگەیەنێ، بەڵام لێرەدا ئەو ڕایە زیاتر پێ دەچێ، کە مەبەست پێی خودی ئەو کەسە بێ، کە ئەو گومانە دەبات، هەر کەسێک گومانی وایە کە خوا ﷻ سەری ناخات لە دنیاو دوارۆژدا، واتە: گومانی خراپ بەرانبەر بە خوا ﷻ دەبات و بەدبینە بەرانبەر بە خوا ﷻ.

٢)- ﴿فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ﴾، با پەتێک (گوریسێک) درێژ بکات، بەرەو سەرێ.

ئنجا وەک چۆن لە بارەی ڕاناوی (هُ)ەوە لە وشەی ﴿يَنصُرَهُ﴾دا، زانایان ڕاجیاییان هەبووە، کە ئایا مەبەست پێی خودی ئەو کەسەیە کە گومانەکە دەبات، یاخود مەبەست پێغەمبەری خوایە ﷺ، کە گوایە خوا ﷻ موحەممەد سەر ناخات؟

لێرەشدا دیسان دەربارەی ﴿ٱلسَّمَآءِ﴾، زانایان ڕاجیاییان هەیە، ئایا مەبەست پێی سەقفی خانووەکەیە، واتە: با پەتێک بە سەقفی خانووەکەیەوە هەڵبواسێ، یاخود مەبەست پێی ئاسمانە؟ واتە: با هۆکارێک بگرێتەبەر بەرەو ئاسمان، چونکە وشەی (سَبَب)، هەم بە مانای پەت و گوریس دێ، کە لە ئەسڵدا (سَبَب) بەو پەت و گوریسە گوتراوە لە خۆیان بەستوەو، پێیدا سەرکەوتوون بۆ دارخورما، بۆ ئەوەی خورمایەکان لێبکەنەوە، یاخود متوربەی بکەن، دوایی وشەی (سَبَب) بەکارهێنراوە بۆ هەر ئامرازێک کە ئینسان پێی دەگاتە ئامانج و مەبەستێک، کەواتە: ئەگەر (سَبَب) مەبەست پێی گوریس و پەتەکە بێ، واتە: با ئەو گوریس و پەتە، بە سەقفی خانووەکەوە هەڵبواسێ و، خۆی پێ هەڵواسێ، ملی خۆی پێدا بکات، دەشگونجێ مەبەست لە (سَبَب) هۆکار بێ، واتە: با ئامرازو هۆکارێک بگرێتە بەرو پێی بچێتە ئاسمان، ئنجا چی بکات؟

٣)- ﴿ثُمَّ لْيَقْطَعْ﴾، دوایی با ببڕێ، چی ببڕێ؟ لێرەدا پیتی (لْ) زەنە (ه)ی لەسەرە، کە لە ئەسڵدا ئەگەر لە سەرەتای ڕستەوە بێ، (لِ) کە ژێر (کَسْرة)ی دەبێ، بەڵام ئەگەر لە نێو قەدی ڕستەدا بێ، وەک ئێرە: ﴿ثُمَّ لْيَقْطَعْ﴾، (لْ) کە زەنە (ه)ی دەبێ.

هەندێک لە زانایان بۆ ڕستەی: ﴿ثُمَّ لْيَقْطَعْ﴾، دەڵێن: مەبەست ئەوەیە: با خۆی بخنکێنێ، (يَعْنِي: لِيَقْطَع نَفَسَهُ)، واتە: هەناسەی خۆی ببڕێ، ئەوە ئەگەر مەبەست پێی هەڵواسینی پەت و گوریسێک بێ، بە سەقفی خانووەکەوە.

بەڵام ئەگەر مەبەست پێی گرتنەبەری ئامرازێک بێ، بۆ بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان، ئەو کاتە ﴿لْيَقْطَعْ﴾، واتە: با خۆی ببڕێ لە زەوی، خۆی هەڵبڕێ لە زەوی، واتە: لاقی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەمە بۆ هەردوو واتایەکان دەگونجێ، واتە: ئەگەر بیەوێ خۆی بخنکێنێ، با لاقی خۆی لە زەوی ببڕێ و بەرزی بکاتەوە، یاخود ئەگەر بیەوێ بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان، با لاقی خۆی بەرز بکاتەوە بە پێچەوانەی هێزی کێشندەوە، کە لێرەدا مەبەست ئەوەیە: ناتوانێ ئەوە بکات.

ئنجا ئایا بۆچی بچێ بۆ ئاسمان؟! تاکو ئەوەی کە پێی وایە خوا ﷻ بۆی ناکات، بچێ بیهێنێتە خوار و وەدەستی بێنێ! کە بێگومان ئەوەشی بۆ ناکرێ.

ئەمە ئەگەر مەبەست لە ڕانەوەکە، ئەو کەسە بێ کە گومانەکە دەبات.

بەڵام ئەگەر بەپێی مانای دووەمیان بێ، کە ڕاناوەکە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بچێتەوە واتە: با ئەو وەحییەی کە بۆ موحەممەد ﷺ دێت، یان ئەو یارمەتیی و سەرکەوتنەی کە لە خواوە بۆی دێ، بچێت بیبڕێ، واتە: با ئەو یارمەتیی و سەرکەوتنە ببڕێ لە ئاسمان، یاخود با ئەو وەحییەی بۆ پێغەمبەر ﷺ دێت، ئەویش پێی قەڵسە، ئەو بابا بەد گومانە بەرانبەر بە خوا ﷻ پێی قەڵسەو، پێی نارەحەتە، با بچێ بیبڕێ.

٤)- ﴿فَلْيَنظُرْ﴾، دوایی با سەرەنج بدات، تەماشا بکات.

٥)- ﴿هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ﴾، ئایا ئەو فێڵ و پیلانەی کە دەیکات، ئەوەی کە ڕقی هەڵدەستێنێ و، ئەوەی کە پەستی کردوە، ئەوە دەبڕێ و کۆتایی پێ دێنێ؟! لێرەدا دیارە ئەوەی کە ﴿يَغِيظُ﴾ی پێوە پەیوەستە، ڕاناوی (ە)ی قرتێنراوە، چونکە زانراوە، واتە: (**يَغِيظُهُ**)، (**غاظَهُ**) ڕقی هەستاندو پەستی کرد، (**يَغِيظُهُ**)، ڕقی هەڵدەستێنێ، (**غَاظَهُ، يَغِيظُهُ، غَيْظاً، أَي أَغْضَبَهُ**)، ئنجا وەک بە (**غَاظَ**)، هاتوە، بە (**أَغَاظَ**)ش هەر هاتوە، لە زمانی عەرەبییدا، بە هەر دوو ڕێژگە (**صيغة**)کە هاتوە.

کەواتە: لێرەدا کەسێک کە بەد گومانە بەرانبەر بە خوای خۆی و، پێی وایە خوا ﷻ سەری ناخات لە دنیاو دواڕۆژداو، لەگەڵی میهرەبان نیە، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: چیت لە دەست دێ، بیکە! یان خۆت بخنکێنە، یان بچۆ لە ئاسمان ئەوەی کە مەبەستتە بە دەستی بێنە، کە خۆ خنکاندنەکە، لە زەرەری خۆیەتی و، چوونە ئاسمانەکەشی مەحاڵە.

ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێ کەسێک کە بە پێغەمبەری خوا ﷺ قەڵسە، لەبەر ئەوەی خوا ﷻ سەری دەخات، یان لەبەر ئەوەی خوا ﷻ وەحیی بۆ دەنێرێ، واتە: تۆ ئەگەر پێتوایە خوا ﷻ پێغەمبەری خۆی ﷺ لە دنیاو دواڕۆژدا سەر ناخات، لە حاڵێکدا کە سەریشی دەخات، تۆش هەر ئەوەت لە دەست دێ، یان خۆت بخنکێنی، یان بچی بۆ ئاسمان، خۆ خنکاندنەکە ئەوە هیچ! چونکە زەرەری خۆتە، هەروەها چوونە ئاسمانەکەش مەحاڵە، کەواتە: دەستە پاچەی و لە بەرانبەر خوادا هیچت لە دەست نایەت، بۆیە ئەو پیلان و فێڵەی دەیکەی، ئەوەی کە مایەی ڕق هەڵساندن و تووڕەبوونتە، لای نابات و ئەو پیلانە گرفتەکەت چارەسەر ناکات.

وەک پێشتریش گوتمان: لە نێوان زانایاندا ڕاجیایی هەیە، ئایا مەبەست پێی ئەوانەیە کە مشت و مڕ دەکەن، لە بارەی ئایەتەکانی خواوە، بەبێ زانیاریی و بەبێ ڕێنمایی و بەبێ کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، یان مەبەست پێی کەسانێکن کە

لەسەر تەل وەستاون بۆ بەندایەتیی بۆ خوا کردن و، ئەگەر وەزعەکەیان بە دڵ بوو، بەردەوامن، نەگەرنا هەڵدەگەڕێنەوەو، لەپەو ڕوو دەکەون؟

یاخود مەبەست پێی کەسانێکە کە ڕقیان لە پێغەمبەری خوا ﷺو لە هاوەڵانی بەڕێزی بووە؟ هەروەها لە تەفسیرەکاندا باسکراوە کە دەشگونجێ مەبەست پێی کەسانێک بێ کە مسوڵمان بوون، بەڵام دوایی کە کافرەکان ئەشکەنجەو نازاریان داون و ، ناڕەحەتیان کردوون، هاتنی یارمەتی خوایان پێ درەنگ بووەو پێیان وابووە کە دەبوو خوا ﷻ یارمەتیان بداو، سەریان بخات و، هاوکارییان بۆ بنێرێ و، دەربازیان بکات، خوای کاربەجێش لێرەدا سەرزەنشتیان دەکات، کە ئێوە دوو ڕێتان لە پێشن، ئەگەر بەو سیستم و بەرنامەیەی خوا ڕازی نەبن، کە خوا داناوە، کە دەبێ، خۆڕاگرو پشوو درێژبن، نەگەر وا دڵ گچکەو تەنگە پرێسکەن و، پەلە پەل دەکەن و، بە بڕیاری خواو حوکمی خوا ڕازی نین، دوو حاڵتان لە پێشن:

أ- یان خۆتان بخنکێنن و خۆتان لەبەین بەرن.

ب- یان بچن بۆ ئاسمان، کە هەردوو تەگبیرو فێڵەکان، ئەوەی کە هۆکاری ناڕەحەتییتانە، لای نابەن.

مەسەلەی دەیەم و کۆتایی:

خوا ﷻ ئایەتەکانی قورئانی بە ڕۆشنیی دابەزاندوون و هەر کەسێکی بوێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يُرِيدُ (١٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، واتە: هەروەها بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە، کە ئەمە هەواڵەکەی دوایی دێ، ئەو شێوە سەرسوڕهێنەرە بۆ چییە؟

٢)- ﴿ أَنزَلْنَٰهُ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴾، ئێمە قورئانمان دابەزاندوە، چەندان ئایەتی ڕۆشنی گرتوونە خۆی و ئەم قورئانەش بریتیە: لەو ئایەتە ڕۆشنانە.

٣)- ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يُرِيدُ ﴾، بە دڵنیاییەوەش خوا ﷻ هەر کەسێکی بوێ، ڕاستە ڕێی دەکات، دەیگەیەنێتە ئامانج، نەک ڕێنمایی دەکات، هەرچەندە زۆر لە تەفسیرەکان وایان لێکداوەتەوە، بەڵام وەک زۆرجار گوتوومانە: وشەی (هِدایة) لە هەندێ شوێن لە قورئاندا بە مانای ڕێنمایی و ڕێ پیشاندانە، بەڵام لە هەموو شوێنان بە مانای ڕێ پێشاندان و ڕێنمایی نایەت، بۆ وێنە: لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يُرِيدُ ﴾، ئایا یانی: بە دڵنیایی خوا ﷻ هەر کەسێکی بوێ ڕێنمایی دەکات؟ نا! چونکە خوا ﷻ ڕێنمایی هەمووانی کردوە، وەک دەفەرموێ: ﴿ وَهُدًى لِّلْعَٰلَمِينَ (٩٦) ﴾آل عمران، یانی: ڕێنماییە بۆ جیهانییان، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ...(١٧) ﴾فصلت، واتە: گەلی سەموودمان هیدایەت دابوون، ڕێنماییمان کردبوون، بەڵام کوێرییان بەسەر ڕێنمایی دا هەڵبژارد.

کەواتە: هیدایەتەکە بۆ هەموو لایەک دەستەبەر کراوە، هیدایەت بە مانای ڕێنمایی کردن و ڕێ پێشاندان، ئەوەیان نەبەستراوتەوە بەوەوە کە خوا ﷻ

بۆ کەسانێکی تایبەتی تەرخان کردوە، بەڵکو بۆ هەمووانی بە گشتی فەراهەم هێناوەو دەستەبەری کردوەو، ڕێ پێشاندان و ڕێنمایی خوا گشتییە، بەڵام بە مانای خستنە سەر ڕاستە ڕێ و، ڕاستە ڕێ کردن و، بە ئامانج گەیاندن، کە ئەمە مانای دووەم و مانای تایبەتی هیدایەتە، ئا ئەوەیان خوا ﷻ بەستوویەتەوە بە ویستی خۆیەوە، کە دیارە ویستی خواش ﷻ پەیوەستە بە حیکمەتی خواوە، بە ڕەحمەتی خواوە، بە زانیاریی خواوە، خوا ﷻ لە ئەسڵدا هیدایەتەکەی بۆ هەمووان ناردوە، ڕێنمایی و ڕێ پێشاندانەکەی بۆ هەمووان ناردوە، بەڵام تەنیا هەندێکیان قبووڵیان کردوە، ئنجا لێرەدا: ﴿ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ ﴾، ئەوانە دەگرێتەوە، ئەوانەی ڕێنمایی خوایان قبووڵ کردوە، خوا ﷻ دەیەوێ بیانگەیەنێ بە ئامانج و مەنزڵ، بەڵام ئەوانەی هیدایەتی خوایان ڕەفز کردوە، ویستی خوا ﷻ وانیە بیانخاتە سەر ڕاستە ڕێ و، بیانگەیەنێ بە ئامانج، بۆچی؟ چونکە کەسێک نەیەوێ بەرەو خوا بچێ، خوا ﷻ بە تۆبزیی ملی ناگرێ، تاکو ملی پێ وەربسووڕێنێ بەرەو لای خۆی، ئەو کاتە تۆبزیی (جبر) کردن ڕوودەدا، خواش ﷻ نەیویستوە زۆر لە بەندەکانی بکات و ، تۆبزییان لێ بکات و ناچاریان بکات.

کەواتە: ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يُرِيدُ ﴾، واتە: هەر کەسێک کە ڕێنمایی خوای قبووڵ کردبێ، خوا ﷻ ویستی بۆی هەیە کە بیگەیەنێ بە ئامانج و مەنزڵ و، ڕاستەڕێی بکات و، دوای ئەوەی کە هیدایەتی خوای بە مانا گشتییەکەی وەرگرتوە، هیدایەتی بە مانای تایبەتییشی بۆ بڕەخسێنێ، وەک لە سووڕەتی (محمد)یشدا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧ ﴾، یانی: ئەوانەی ڕێنمایی خوایان وەرگرتوە، خوا ﷻ هیدایەتی بۆ زیاد کردوون، ئەو هیدایەتە زیادەش بریتیە لەوەی بیانگەیەنێ بە ئامانج و مەنزڵ، هەروەها پارێزکارییشیان پێ ببەخشێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان هەشـت (٨) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەكانی: (١٧ - ٢٤)، خـوا ﷻ لـەم هەشـت (٨) ئایەتـەدا، سـێ بابـەتی سـەرەكیی بـاس دەكات:

١)- خوا ﷻ لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی لە نێوان بڕواداران و جوولەكەو صابینەو نەصڕانیی و مەجووسیی و هاوبەش بۆ خوا دانەرەكاندا دەكات، ئەو شەش (٦) كۆمەڵە خوا ﷻ لە ڕۆژی دوایی دا لێكیان جیا دەكاتەوەو، دادوەرییان لە نێواندا دەكات.

٢)- هەرچی دروستكراوانی خوان، بە سەرو خوارو، هۆشدارو بێ هۆش و، ژیاندارو بێ ژیانەوەو، هەر كەس لە ئاسمانەكان و لە زەوی دا هەیە، هەروەها خۆرو مانگ و ئەستێرەكان و، چیایەكان و دارو درەخت و ئاژەڵان و، زۆرێك لە خەڵكیش، هەموویان ملكەچی خوان و، كڕنووش بۆ خوا دەبەن، هەروەها ئاماژەش بەوە دەكات: كەسانێكیش سزای خوایان لەسەر پێویست بووە، لە سۆنگەی ئەوەوە كە بۆ خوا ملكەچ نین.

٣)- باسی دوو كۆمەڵی پێكەوە ناكۆكی بێبڕواو بڕوادار دەكات، كە خوای دادگەر هەر كامێكیان، سزا یان پاداشتێكی پڕ بە پێست و تێرو تەواوی بۆ ساز كردوون، لە ڕۆژی دوایی دا.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ
إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ (١٧) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ
يَسۡجُدُۤ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ
وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍۚ
إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ ۩ (١٨) ۞ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ (١٩) يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ

وَٱلْجُلُودُ (٢٠) وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ (٢١) كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُواْ
فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ (٢٢) إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا
وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ (٢٣) وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ
(٢٤) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، ئەوانەی بوونە جوولەکەو، صابینەکان و، نەصرانییەکان و، مەجووسیی و، ئەوانەی هاوبەشیان (بۆ خوا ﷻ) داناوە، بێگومان خوا ﷻ لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا لێکیان جیا دەکاتەوە (دادوەرییان لە نێواندا دەکات)، بە ڕاستیی خوا ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکە (١٧) ئایا (بە چاوی عەقڵ و دڵ) نابینی کە هەر کەس لە ئاسمانەکان و هەر کەس کە لە زەوی دایەو، خۆرو مانگ و ئەستێرەکان و، چیایەکان و دارو درەخت و ژیانداران و، زۆرێک لە خەڵکی، کڕنووش بۆ خوا ﷻ دەبەن و، زۆرێکیش (لە خەڵک) سزاو ئازاریان لەسەر پێویست بووە، هەر کەسێکیش خوا ﷻ ڕیسوای بکات، هیچ ڕێزگرێکی نابێ، بێگومان خوا ﷻ چی بیەوێ دەیکات (١٨) ئەمانە دوو کۆمەڵی پێکەوە دژن لە بارەی پەروەردگاریانەوە کەوتوونە ناکۆکیی، ئنجا (لە ڕۆژی دوایی دا) ئەوانەی بێبڕوان، پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕدرێ و، ئاوی کوڵاویان بەسەر سەردا دەکرێ (١٩) (سەرەنجام) هەرچی لەنێو سکیان دایەو پێستیشیانی پێ قاڵ دەبێتەوە (دەتوێتەوە) (٢٠) هەروەها گورزی ئاسنیشیان بۆ داندراون (بۆ لێدانیان) (٢١) هەر کات ویستیشیان لەبەر بێزاریی و خەم و ناسۆر لێی بچنە دەرێ (لە دۆزەخ)، دەگێردرێنەوە نێوی (و پێیان دەگوترێ:) سزای سووتێنەر

بچێژن! (٢٢) بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەوانەی بڕوایان هێناوەو چاکەکان ئەنجام دەدەن، دەیانخاتە بە هەشتانێکەوە ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن و، بە بازنە زێڕەکان و بە گەوهەریش دەڕازێندرێنەوەو، پۆشاکیشیان ئاوریشمە (٢٣) ڕێنماییش کران بۆ قسەی پاک و چاک و، ڕێنماییش کران بۆ ڕێبازی (خوای) ستایشکراو (٢٤)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ**): (**الفَصْلُ: إبَانَةُ أَحَدِ الشَّيئَيْنِ مِنَ الأَخَرِ، وَيَومُ الفَصْلِ: اليَوْمُ الَّذِي يُبَيِّنُ اللهُ الحَقَّ مِنَ البَاطِلِ، وَيَفْصِلُ بَيْنَ النَّاسِ بالحُكْمِ**)، (**فَصْل**) بریتیە لە لێک جیاکردنەوەی دوو شتان لە یەکدی (**يَومُ الفَصْلِ**) ئەو ڕۆژەیە کە خوا ﷻ هەق لە ناهەق جیادەکاتەوەو، دادوەریی لە نێوان خەڵکدا دەکات و، لێکیان هەڵدەوێرێ.

(**خَصۡمَانِ**): وشەی (**خَصْم**)، واتە: کەسی ناکۆک، دژ، ئنجا هەم بۆ تاک بەکار دێ، هەم بۆ دووان، هەم بۆ کۆو، هەم بۆ نێر، هەم بۆ مێش، دەگوترێ: (**هذا خَصمٌ، وَهذَانِ خَصْمَانِ، وَهؤلاءِ خَصْمٌ، وَ هَذِهِ خَصْمٌ**)، لێرەدا ﴿ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ﴾، ئەم دوو کۆمەڵە پێکەوە ناکۆکن، ناکۆکییان هەیە، ﴿ هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡ ﴾، لە بارەی پەروەردگاریانەوە کەوتوونە ناکۆکیی و مشت و مڕەوە.

(**يُصَبُّ**): (**صَبُّ المَاءِ: إراقَتُهُ مِنْ أعلَى**)، (**صَبُّ المَاءِ**)، ئەو ئاوەی لەسەرێوە هەڵبڕژێتە خوارێ.

(**ٱلۡحَمِيمُ**): (**الحَميمُ: المَاءُ الشَّدِيْدُ الحَرَارَة**)، ئاوی زۆر گەرم، یان ئاوی کوڵاو.

(**يُصۡهَرُ بِهِۦ**): پێی قاڵ دەبێتەوە، پێی دەتوێتەوە، (**الصَّهْرُ: إِذَابَةُ الشَّحْمِ**)، (**صَهْر**) بریتیە لە تواندنەوەو قاڵکردنەوەی بەزو چەوریی.

(مَّقَـٰمِعُ): کـۆی (مِقْمَعَة)یـە (وهـي ما یُـضرَبُ بِـهِ وَیُذَلَّـلُ)، ئەویـش هـەر ئامرازێکـە کـە پێـی لـە کەسـێک بـدرێ و ، پێـی زەبـوون و دامـاو بکـرێ، بـە کوردیـی (مِقْمَـعْ) یـان (مِقْمَعـة)، یـانی: گـورز، یاخـود قەمچـی، بـەڵام خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئـەو گـورزە، ئـەو قەمچییـە، لـە ئاسـنە.

(غَمٍّ): واتـە: خـەم و خەفـەت و ناسـۆرو، بـە مانـای دڵتەنگیـی و تەنگە نەفەسـیش دێ، (غَـمّ)و (غُمَّـة) وەک (کَـرْب)و (کُرْبَـة)، بـە مانـای غـەم و خەفـەت دێ و، بـە مانـای تەنگـە نەفەسـییش دێ و، بـە مانـای بێزاریـی و پەسـتییش دێ.

(یُحَلَّوْنَ): واتـە: دەڕازێندرێنـەوە، (حَـلِيَ، یَحْـلَى)، واتـە: ڕازێنرایـەوە، دەڕازێنرێتـەوە، دەگوتـرێ: (حَـلِيَ الـشَّيءُ فِي عَينِـي)، واتـە: شـتەکە لـە چـاوم دا جـوان بـوو، (وحَلِيَـتِ المَـرأَةُ حَلْيَاً)، ئافرەتەکـە خشـڵی بـە خۆیـدا کـرد، خـۆی پـێ ڕازانـدەوە.

(أَسَاوِرَ): کـۆی (أَسْـوِرَة)یە، (أَسـوِرَة)ەش، کـۆی (سِـوَارَ)ە، (سِـوَار): بـازن، کەواتـە: (أَسَاوِرَ)، کـۆی کـۆ، (جَمْـعُ الجَمْع)یـە.

(وَلُؤْلُؤًا): واتـە: گەوهـەر، دەگوتـرێ: (تَلَئْـلأَ الـشَّيءُ: لَمَـعَ لَمْعَـانَ اللّؤلُـؤِ)، واتـە: وەک چـۆن گەوهـەر دەتروسـکێ و دەدرەوشـێتەوە، ئەویـش ئاوا درەوشـایەوە.

(المُعْجَـمُ الوَسِـیط)[1] ئـاوا پێناسـەی (لؤلـؤ)، دەکات: {اللُّؤلُـؤُ: الـدُّرُّ یَتَکَـوَّنُ فِي الأَصْدَافِ مِـنْ رَوَاسِـبَ، أَو جَوامِـدَ صَلْبـة، لَمَّاعَـة مُسْـتَدِیرَة، فِي بَعْـضِ الحَیْوانَـاتِ المَائِیّـةِ الدُّنْیَا مِـنَ الرَّخْوِیّات}، واتـە: (لؤلـؤ) کـە بـە عـەرەبی (دُرّ)یـشی پـێ دەڵێـن و بـە کوردیـی دەڵێـن: گەوهـەر، لـە نێـو قۆزاخـە نیشـتووەکان، یـان وشـکە ڕەقـەکان دا پێـک دێ، ئـەو گەوهـەرە بریسـکە دەداتـەوەو، خـڕە، لـە هەندێـک لـەو ژیانـدارە ئاوییانـەی کـە لـە ڕووی پلـەی ژیانداریـیەوە لـە خوارێـن، ئەوانـەی نەرمـن و، ئێسـقانیان نیـە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هۆی هاتنە خواردوەی ئەم ئایەتە موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَانِ خَصْمَانِ ٱخْتَصَمُوا۟ فِى رَبِّهِمْ ۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ ﴾.

لەو بارەوە ئەو فەرموودەیە هەیە: **[عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﷺ، نَزَلَتْ فِي الَّذِينَ بَرَزُوا يَوْمَ بَدْرٍ: حَمْزَةَ، وَعَلِيٌّ، وَعُبَيْدَةَ بْنِ الْحَارِث، وَعُتْبَةَ وَشَيْبَةَ ابْنَيْ رَبِيعَةَ، وَالْوَلِيدِ بْنِ عُتْبَةَ] (أخرجه البُخاري: ٤٧٤٣، ومُسلِم: ٣٠٣٣).**

واتە: ئەبوو زەڕ ﷺ، دەڵێ: ئەم ئایەتە لە بارەی ئەوانەوە هاتە خوار، کە لە جەنگی بەدردا، ئەن بە ئەن بۆ یەکدی چوونە مەیدانێ، لە مسوڵمانان: حەمزەو عەلی و عوبەیدەی کوڕی حاریس، [هەر سێکیان خزم بوون، حەمزە مامی عەلی بووە خوا لێیان ڕازی بێ، عوبەیدەی کوڕی حاریسیش ئامۆزای بوو] لە بەرانبەریشدا لە کافرەکان: عوتبەو شەیبەی کوڕانی ڕەبیعەو، وەلیدی کوڕی عوتبەش، [ئەوانیش دوو براو برازایەک].

ئنجا هەندێک دەڵێن: ئەو ئایەتەو ئایەتەکانی دوایی، لە مەدینە هاتوونە خوارێ، بەڵام ئەوی دیکە سوورەتەکە هەمووی مەککەییە، دەشگونجێ ئەو ئایەتانە هەموویان لە مەککە هاتبنە خوار، بەڵام دوایی میصداقەکەیان (ئەوەی کە بەسەریدا دەچەسپن)، لە پێش هەموو کەسەوە ئەو شەش کەسە بوون، سێ لە بڕواداران: حەمزەو عەلی لەگەڵ عوبەیدەی کوڕی حاریس، خوا لێیان ڕازی بێ، هەروەها سێ نەفەریش لە کافرەکان: عوتبەو شەیبەی کوڕانی ڕەبیعەو، وەلیدی کوڕی عوتبە، پێش هەموو کەس ئەم ئایەتە بەسەر ئەم دوو کۆمەڵەدا،

کە بۆ یەکدی چوونە مەیدان، تەن بە تەن، بەسەر ئەواندا دەچەسپێ، کە دوایی کافرەکان، هەرسێکیان دەکوژرێن و، لە مسوڵمانانیش عوبەیدە بریندار دەبێ و، دوایی ئەویش شەهید دەبێ، ئەگەرنا مەرج نیە ئایەتەکە بە هۆی ئەوانەوە هاتبێتە خوار، بەڵام پێش هەموو کەس بەسەر ئەواندا دەچەسپێ و، دەشگونجێ ئەو ئایەتانە لە مەدینە هاتبنە خوار.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بڕگەی: (ئەوانەی بڕوایان هێناوە) ئەمە بۆتە نازناوێک بۆ مسوڵمانان، چونکە لەڕاستییدا خەڵکی دیکەی غەیری مسوڵمانان، بە ئیماندار لە قەڵەم نادرێن، بە خواناس لە قەڵەم دەدرێن و، بە پێغەمبەر ناس لە قەڵەم دەدرێن، خوا ﷻ دەناسن و، پێغەمبەر دەناسن و، دەزانن ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام بە مانا زاراوەییەکەی، بە بڕوادار داناندرێن.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، واتە: بە دڵنیاییەوە ئەوانەی بڕوایان هێناوە، (واتە: مسوڵمانان)، ﴿ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ ﴾، جوولەکەکان و ﴿ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ ﴾، صابیئەکان و ﴿ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ ﴾، نەصرانییەکان و ﴿ وَٱلْمَجُوسَ ﴾، مەجووس و ﴿ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ ﴾، ئەوانەش کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، هەر کام لەو شەشانە، یاخود هەموو ئەو شەش کۆمەڵە، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، بە دڵنیایی لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، خوا ﷻ لێکیان جیا دەکاتەوە، یاخود دادوەرییان لە نێواندا دەکات، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرەو، لە هەموو شتێک ئاگادارە.

لێرەدا خوا ﷻ کە ئەو شەش کۆمەڵە باس دەکات، کە یەکێکیان ئەهلی ئیمان و ئەهلی ئیسلامە (مسوڵمانان)، پێنجەکەی دیکە، هەموویان ئەهلی کوفرن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ئیسلامدا زۆر بە سینە فراوانیی و باخەڵ فەڕاحیی مامەڵە دەکرێ لەگەڵ نامسوڵماناندا، ئنجا ئەو نامسوڵمانانە: چ ئایینێکی ئاسمانییان هەبێت، کە دوایی تێکیاندا بێ و گۆڕیبیان، یاخود ئایینی ئاسمانییشیان نەبێت و، بتپەرست بن و، ئاگر پەرست بن و، ئەستێرەو خرۆکە پەرست بن و ، یاخود هەرچی بن، ئیسلام زۆر بە باخەڵ فەڕاحیی و بە سەماحەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵگەمان ئەوەیە کە خوا ﷻ لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا دادوەرییان لە نێواندا دەکات، واتە: ئێوە لێیگەڕێن و پێکەوە یەکدی تەحەممول بکەن، پێکەوە تەبا بن، پێکەوە بژین، بەڵام ئەوە عایدی خوایە: کێ سزای چەندەو، کێ پاداشتی چۆنە! ئەوە خوای پەروەردگار بۆ کەسی بەجێ نەهێشتوەو، عایدی خۆیەتی، هەروەها ئەویش چاودێرو ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکەوە.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە ئەم گەردوونە بە سەرو خوارییەوە، بە بینراوو نەبینراویەوە، بە ژیاندارو بێ ژیانیەوە، بە هۆشدارو بێ هۆشیەوە، هەمووی بۆ خوا ﷻ ملکەچەو، کڕنووش بۆ خوا دەبات: ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾، ئایا نابینی؟ بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست لە دوێنراو (مخاطب)ی (ئایا نابینی؟) هەر کەسێکە کە بتوانێ سەرنج بدا، چونکە لێرەدا مەبەست لە دیتن (رؤية) بینینی عەقڵ و دڵ و زانینە، نەک بینینی چاو، چونکە هیچ کەس نیە، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، ببینێ کە کڕنووش بۆ خوا دەبات، هەروەها مانگ و خۆرو ئەستێرەو، چیاو دارو درەخت و ژیانداران ببینێ، کەواتە: لێرەدا مەبەست لە بینین ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾، واتە: (ألَم تَعلَم)، ئایا نابینی بە چاوی عەقڵ و دڵ؟ ﴿أَنَّ ٱللَّهَ يَسۡجُدُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، کە کڕنووش بۆ خوا دەبات، هەر کەسێک کە لە ئاسمانەکاندا هەیەو، هەر کەسێک کە لە زەوی دا هەیە، کە

ئەوەی لە ئاسمانەکاندا هەیە، بە دڵنیایی بە پلەی یەکەم فریشتەکانن، نازانین ڕەنگە خوای پەروەردگار لە ئاسمانەکاندا دروستکراوی دیکەشی هەبن، بەڵام ئەوانەی لە زەویی دان بە پلەی یەکەم مرۆڤەکان و ، جینن و، ئەو فریشتانەشن کە لەگەڵیاندان لە سەر زەوی، ﴿ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ ﴾، خۆرو مانگ و ئەستێرەکانیش، ئەوانەش کڕنووش بۆ خوا دەبەن، ﴿ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ ﴾، چیایەکان و دارو درەخت و ژیاندارانیش، (دَوابّ) کۆی (دَابَّة)ەیە، (كُلُّ مَا يَدُبُّ عَلَى الأَرْض)، واتە: هەرچی بە زەویی دا دەڕوات، بەڵام دوایی واتایەکی گشتییتریشی بۆ داندراوە، واتە: ژیانداران، ئەوانەی کە ژیاندارن و، خاوەنی هەستن، نەک خاوەنی عەقڵ و هۆش، بەڵکو خاوەنی هەستن، هەر لە ژیاندارێکی یەک خانەیی وەک ئەمیباوە بگرە، تاکو هەموو ئەو ژیاندارە گەورانەی، وەک ئەهەنگی شین و فیل و کەرگەدەن و... هتد.. ﴿ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِ ﴾، زۆرێکیش لە خەڵک، واتە: زۆرێکیش لە خەڵک کڕنووش بۆ خوا دەبەن، کە ئەوانە ئەهلی ئیسلامن، ئەگەر مەبەست پێی خواپەرستیی ڕاستەقینە بێ، یاخود هەموو ئەوانەن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خوا دەپەرستن، ئەگەر مەبەست پێی کڕنووش بردنی ڕەهاو پەرستن و ملکەچیی ڕەها بێ، چ لە لای خوا ﷻ قبووڵ بێ، چ قبووڵ نەبێ، ئەو کاتە جوولەکەو نەصرانیی و صابیئەو هەموو ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خوا دەپەرستن، هەمووان دەگرێتەوە، ﴿ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُ ﴾، زۆرێک لە خەڵکیش سزای لەسەر پێویست بووە، واتە: زۆرێک لە خەڵکی ملکەچ نابن بۆ خواو، کڕنووش بۆ خوا نابەن و، بەندایەتیی بۆ خوا ناکەن، بۆیە سزایان لەسەر پێویست بووە، ﴿ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍ ﴾، هەر کەسێکیش خوا سووکی بکات، هیچ ڕێزگرێکی بۆ پەیدا نابێ، هیچ کەسێک نابێ ڕێزی لێ بگرێ، ئنجا ئایا خوا ﷻ بۆچی خەڵک سووک دەکات؟ لە ئەنجامی ئەوەدا کە سەرپێچیی لە فەرمانی خوا دەکەن، بەندایەتیی بۆ خوا ناکەن، پێچەوانەی ئەو سیستمە گشتییەی خوا دەجووڵێن، کە خوا دایناوە لە گەردووندا، کەسێک وابێ و بەهۆی سەرپێچیی

کردنی خواوە، خۆی بێ ڕێز کرد بێ، هیچ ڕێزگرێکی بۆ پەیدا نابێ، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ﴾، بە دڵنیایی خوا هەرچی بیەوێ دەیکات.

ئنجا خوا ﷻ باسی سەرەنجامی ئەوە دەکات: کەسانێک بۆ خوا ملکەچن و کڕنووشی بۆ دەبەن و، کەسانێکیش کە سزای خوایان لەسەر پێویست بووە، دەفەرموێ: ﴿هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡۖ﴾، ئا ئەمانە دوو کۆمەڵن، لە بارەی پەروەردگاریانەوە بە دەمەقاڵ هاتوون، ناکۆکیی و دووبەرەکییان هەیە، ﴿فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، باسی بێبڕوایەکان دەکات، کە سزایان چۆنە؟ ئنجا ئەوانەی بێبڕوان: ﴿قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ﴾، لە ئاگر پۆشاکێکی ئاگریان بۆ دەبڕدرێ، ﴿يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ﴾، ئاوی داغ و کوڵاویشیان بەسەر سەردا دەکرێ،

﴿يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ وَٱلۡجُلُودُ﴾، هەرچی لە هەناویاندا هەیە، لە نێو سکیاندا هەیەو، پێستیشیان پێی دەتوێتەوە (قاڵ دەبێتەوە)، ﴿وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ﴾، گورزو قامچی ئاسنیشیان بۆ هەن (بۆیان داندراون) کە پێیان لێیان بدرێ، ﴿كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا﴾، هەر کاتێک ویستیان لە تەنگە نەفەسیان و لە خەم و مەراق و بێزارییان، لێی بچنە دەر (واتە: لە ئاگری دۆزەخ)، ﴿أُعِيدُواْ فِيهَا﴾، دەگێڕدرێنەوە نێوی، ﴿وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ﴾، پێشیان دەگوترێ: سزای سووتێنەر بچێژن.

بە نسبەت کۆمەڵی یەکەمەوە، کە نەیارن بەرانبەر بە پەروەردگاریان، ئەوە چارەنووسیانە کە خوای دادگەر لە پێنج بڕگەدا باسی سزایەکەیان دەکات.

ئنجا دێتە سەر باسی پاداشتی ئیمانداران، ئەویش هەر لە پێنج بڕگەدا دەخاتە ڕوو: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، شێوەی تەعبیرەکە دەگۆڕێ بۆ سەرنج ڕاکێشانی بیسەر: بە دڵنیایی خوا ﷻ کەسانێک کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، دەخاتە نێو چەند باغ و بێستانێکەوە، کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە:

ڕووبار بە ژێر کۆشکەکانیاندا دەڕۆن، ﴿ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا ﴾، دەڕازێنرێنەوە لەوێدا بە بازنەی زۆری زێڕو گەوهەر، ﴿ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ ﴾، پۆشاکیشیان لەوێدا ئاوریشمە، مرۆڤ لە جۆری قوماشان، لە ئاوریشم جوانترو نایابترو بە نرختری پێ شک نایەت، کە بیکاتە بەرگ و پۆشاک، بۆیە خوا ﷻ باسی ئاوریشم دەکات، چونکە خوا بە پێی عەقڵی ئێمە، ئێمە دەدوێنێ، ئەگەرنا بە دڵنیایی ئاوریشمێک کە خوا لە ڕۆژی دواییدا دەیکاتە پۆشاک بۆ بڕواداران، جیایە لەوەی لە دنیادا هەیە، هەروەها هەموو نیعمەتەکانی دیکەی بەهەشت، جیان لەوانەی دنیا، ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ ﴾، هەروەها ڕێنمایی دەکرێن بۆ قسەی چاک و پاک و ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ ﴾، ڕێنمایی دەکرێن بۆ ڕێی خوای شایستەی ستایش و مەدح و سەنا، ئەمەش پاداشتی ئیمانداران، خوا لە پێنج بڕگەدا خستوویەتە ڕوو.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا ﷻ لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی لە نێوان مسوڵمانان و جوولەکەو صابینەکان و نەصرانییەکان و مەجووسییەکان و، هاوبەش بۆ خوادانەرەکاندا دەکات و، خواش ﷻ ئاگاداری هەموو شتێکە:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ١٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوە، جێی سەرنجە کە لە شێوەی ئەم ئایەتە موبارەکەدا، هەم لە سوورەتی (البقرة)دا هاتوە، هەم لە سوورەتی (المائدة)شدا هاتوە، بەڵام لە سوورەتی (البقرة)و (المائدة)دا، باسی مەجووسییەکان، هەروەها باسی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش نەکراوە، بەڵکو تەنها باسی چواریان کراوە: بڕواداران و جوولەکەو نەصرانیی و صابینە، واتە: تەنیا لێرەدا (الحج)دا، بە یەکەوە باسی ئەو شەش جۆرە خەڵکە کراوە، مسوڵمانان و ئەو پێنج جۆرە نامسوڵمانانە، کە جوولەکەو صابیئەو نەصرانیی و مەجووسیی و موشریکەکانن، کاتی خۆی ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (البقرة) شدا گوتوومانە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەوە نازناوە بۆ مسوڵمانان کە ئەهلی ئیمانن، چونکە خەڵکی دیکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە ئەهلی ئیمان لە قەڵەم نادرێن، چونکە بەڵێ خاوەن کتێبەکان خۆیان بە بڕوادار بە

خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی، دادەنێن، بەڵام ئەوەی ئەوان پێیان وایە بڕوا هێنانە: بە خواو، فریشتەکانی و کتێبەکانی پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کەم و کوڕیی زۆری تێدا هەیە، کە لێرەدا دەرفەت نیە باسی بکەین.

کەواتـە: نازنـاوی ﴿ ءَامَنُواْ ﴾، تەنیـا بـۆ مسـوڵمانان بـەکاردێ و لـە قوڕئانـدا تەنیـا بـۆ مسـوڵمانان بـەکار هاتـوە، بەڵـێ دەگونجـێ بـۆ جوولەکـەکان و نەصرانییەکانیـش و بـۆ خـاوەن کتێبـەکانی دیکـەش بـەکار هاتبـێ، بـەڵام لـە کاتی خۆیـدا کـە بەڕاسـتیی بڕوایـان هەبـووە بـە خـواو بـە پێغەمبـەرانی خـواو، بـە ئایینـە دەسـتکاریی نەکـراوو ڕاسـت و دروسـتەکەی خۆیـان.

٢)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ ﴾، مەبەست پێی جوولەکەکانە، ئنجا ئایا بۆچی گوتراوە: ﴿ هَادُواْ ﴾؟ وەڵام:

أ- لەوەوە هاتوە کە لە سوورەتی (الأعراف)دا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَ ١٥٦ ﴾، (هُدْنَا: يَعْنى: رَجَعْنا)، ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای تۆ، (هَادَ، يَهُودُ): (رَجَعَ، يَرجِعُ)، لەبەر ئەوەی جوولەکەکان گەڕاونەوە بۆ لای خوا ﷻ.

ب- بۆیە پێیان گوتراوە: (هَادُواْ)، چونکە شوێنکەوتووی یەهوودا بوون، کاتی خۆی جوولەکە دەوڵەتێکیان دروستکردوە، ئەوەی دەوڵەتەکەی بنیاتناوە، لە نەوەی یەهوودا بووە، کە یەکێک بووە لە کوڕەکانی یەعقووب، کتێبی جوولەکەکانیش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەنیا بریتیە: لە تەورات، بەڵام ئێستا ئەوان پەیمانی کۆنیان هەیە، کە (٣٩) یاخود[1] (٤٩) سیفرە، یانی: ئەوەندە کتێبەیە.

٣)- ﴿ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ ﴾، واتە: صابینەکان، ئەمانیش کتێبێکیان هەیە، پێی دەڵێن: (كَنْزا رَبْا أو الكَنزُ العَظِيم)، هەروەها کتێبیکی دیکەشیان هەیە بەناوی: (دِراشَة أدِهِيَا مَواعِظ وتَعالِيم يَحيَى بنُ زَكَرِيًا)، کە ئەوان خۆیان بە شوێنکەوتووی یەحیای کوڕی زەکەریا دادەنێن، ئەوانەی ئێستا هەن.

---

٤)- ﴿وَٱلنَّصَٰرَىٰ﴾، واتە: نەصارا، کە کۆمەڵی چوارەمن خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا دادوەریان لە نێواندا دەکات، ئەوانیش خوا ئینجیلی بۆ عیسا ناردوە (عَلَيْهِ السَّلَام)، بەڵام ئێستا نەصرانییەکان هەم پەیمانی کۆن و هەم پەیمانی نوێشیان هەیە! دیارە پەیمانی کۆن وەک گوتمان: (٣٩) یاخود (٤٩) کتێبە، بەپێی جیاوازیی ڕاو بۆچوونی: (کاثولیك و ئەرثذوکس و پرۆتسانتەکان) کە لە جێی دیکەدا بە درێژیی باسی ئەوەمان کردەوە(١).

هەروەها پەیمانی نوێشیان هەیە، کە چوار ئینجیلە: (مەتتاو لۆقاو مەرقووس و یوحەننا)، هەروەها کۆمەڵێک کتێبی دیکەشن: (أعمَال الرُّسُل)، نامەکانی بۆڵص، کە چواردە نامەن، هەشت نامەی دیکەش، ئەوانیش هەموویان (٢٦) کتێبن، ئەوە هەمووی پەیمانی نوێ پێک دێنن، ئنجا نەصرانییەکان پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ هەردووکیانیان تەبەننیی کردوون و پێکەوەش چاپیان کردوون.

٥)- ﴿وَٱلۡمَجُوسَ﴾، مەجووسییەکان، ئەوانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن، کتێبێکی ئاسمانییان هەیە، بە ناوی (ئاڤێستا) یاخود (ئاوێستا) بەڵام مەجووسییەکان لە نێو هەموو ئەوانەدا بەوە جیادەکرێنەوە کە بڕوایان بە دوو بەدیهێنەر، بە دوو پەروەردگار هەیە، چونکە ئەوانەی دیکە هەموویان دەڵێن: یەک بەدیهێنەر هەیە، بۆ نموونە: نەصرانییەکان دەڵێن خوا ﷻ خواو کوڕو گیانی پیرۆز، بەڵام دەڵێن: بەدیهێنەر هەر یەکە، بەڵام عیسا بە کوڕی خوا ﷻ دادەنێن و، جیبریلیش یاخود (رُوح القُدُس)یش کە وا پێدەچێ مەبەست پێی جیبریل بێ، بە (گیانی پیرۆز)ی دادەنێن، دەڵێن: بە هەرسێکیان خوا ﷻ پێکدێنن، ئنجا مەجووسییەکان لافی ئەوەش لێ دەدەن کە وەختی خۆی زەردەشت پێغەمبەری خوا بووە، کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە.

٦)- ﴿وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ﴾، ئەوانەی کە هاوبەشیان داناوە، واتە: هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، کە مەبەست پێی هەموو ئەوانەن کە بت پەرستن، واتە: (الوَثَنِيُّون)، ئەوانەی کە لەگەڵ خوادا شتی دیکەش دەپەرستن.

---

(١) بڕوانە: مەوسووعەی: [درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد لەبەر تیشکی: زگماک و

٧)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، بە دڵنیایی خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، لێکیان جیا دەکاتەوە (هەموو ئەو کۆمەڵانە)، واتە: دادوەرییان لە نێواندا دەکات.

٨)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴾، بە دڵنیایی و بە مسۆگەریی خوا ﷻ بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرەو، لە هەموو شتێک ئاگادارە.

سێ هەڵوەستە لە بەرانبەر ئایەتی ژمارە (١٧)دا:

یەکەم: لە شوێنی دیکەدا[1] بە درێژیی باسی جوولەکەو صابینەو مەجووسیی نەصرانییەکان و کتێبەکانیانمان کردوە، واتە: تەورات و ئاڤێستا ئینجیل و (**كَنْزا رَبًّا أو الكَنْزُ العَظِيْم**)، (**دراشة أديها**)یاخود: پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ و، ئاڤێستاو، هەردوو کتێبی صابیئە.

دووەم: مەجووس کتێبێکیان هەیە، بە ناوی (ئاڤێستا) هەروەها کتێبەکە شەرحێکی هەیە، بە ناوی (زەند ئاڤێستا)، تایبەتمەندیی مەجووسییەکان ئەوەیە کە بەحیساب خۆیان پاراستوە لە پەرستنی بت و صەنەمەکان، بەڵام ئەوان بڕوایان بە دوو پەروەردگاران هەیە، کاتێ خۆی مەجووسییەکان لە قۆناغی حوکمڕانیی سابووری کوڕی ئەردەشیردا، کە لە نێوان ساڵانی (٢٣٨ - ٢٧١)ی زایینیی دا ژیاوە، مەجووسییەکان پێیان گوتراوە: (**المانَوِيَّة**) و شوێنکەوتوویی مانیی بوون، کە ئەویش بە حیساب لەسەر ڕێبازی زەردەشت ڕۆیشتوە.

هەروەها لە قۆناغێکی دیکە لە سەردەمی قوباد دا، کە ئەویش هەروەک سابووری کوڕی ئەردەشیر یەکێک بووە لە پادشاکانی فارس و لە نێوان ساڵانی (٤٨٧ - ٥٢٣)ی زایینیی دا ژیاوە، لەو سەردەمەدا پێیان گوتراوە: (**المُزْدَكِيَّة**)، شوێنکەتووی موزدەک (یان مەزدەک) بوون،

ئنجا بە نسبەت مەجووسییەکانەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: [**سُنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ**][2]، وەک خاوەن کتێبەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، لەبەر

---

[1] مەوسووعەی: ئیمان و ئیلحاد.

ئـەوەی ئەوانیـش بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، کتێبێکـی ئاسـمانییان هەیـەو پێـی دەگوتـرێ: ئاڤێسـتا.

ئنجا (محمد حسين الطّباطبائي) لە تەفسیرەکەیدا⁽¹⁾ دەڵێ:

مەجـووس ئـەوەی کـە زانـراوە لـە بارەیانـەوە، ئەوانـەن کـە بڕوایـان بـە زەردەشـت هەبـووە، {کـە ئـەو بـە (سەردەشـت) هێنـاوە} کتێبـە موقـەددەس و پیرۆزەکەشـیان پێـی دەگوتـرێ: ئاوێسـتا.

بـەڵام مێـژووی ژیـانی زەردەشـت و، کاتی دەرکەوتنـی زۆر نەزانـدراوە، هـەروەک ئەوەیـە کـە کەسـێک ون بووبـێ و، شـوێن بـزر بووبـێ و، هەواڵـی نەزاندرابـێ، لەبـەر ئـەوەی کاتێـک ئەسـکەندەری مەقدۆنیـی ئێـران داگیـر دەکات، لـەو کاتـەدا ئـەو کتێبـە پیـرۆزەی خۆیـان کـە ئاڤێسـتایە لێیـان ون بـووە، دوایـی لـە سـەردەمی پادشـاکانی ساسـانییەکاندا، کتێبەکـە دووبـارە نووسراوەتـەوە، هـەر بۆیـە کەسـێک بیـەوێ حەقیقـەتی مەزهـەب و ڕێبازەکەیـان بزانـێ، زۆر بـۆی قورسـە⁽²⁾، بـەڵام ئـەوەی کـە سـەلمێندراوە ئەوەیـە کـە ئەوانـە بـۆ بەڕێوەبـردنی جیهـان بڕوایـان بـە دوو پڕەنسـیپ هەیـە: (مَبْـدَأ الخَـيْر وَمَبْـدَأ الـشَّرّ)، کـە یـەزدان و ئەهریمەنـن، یاخـوود ڕووناکیـی و تاریکییـن، هەروەهـا مەجووسـییەکان فریشـتەکانیش بـە بـەرز دەگـرن و، خۆشـیانیان لـێ نیزیـک دەخەنـەوە، بـەڵام بـت و پەیکەریـان بـۆ دانانێـن، وەک بتپەرستەکان، هەروەهـا مەجووسـییەکان ڕێـز لـە توخمـەکان دەگـرن، واتـە: لـە ئـاوو هـەواو گڵ و ئاگـر (بـە تایبـەت ئاگـر)، کاتی خـۆشی خانـووی تایبەتیـان هەبـووە بـە ئاگـر تێـدا کرانـەوە، لـە ئێـران و لـە چیـن و لـە هینـدو لـە غەیـری ئـەو وڵاتانـەش،

الرَّحْمَـنِ بْـنَ عَـوْفٍ: أَشْـهَدُ لَسَـمِعْتُ رَسُـولَ اللـه ﷺ يَقُـولُ: سُـنُّوا بِهِـمْ سُـنَّةَ أَهْـلِ الْكِتَـابِ} أخرجـه مالك: ٩٦٨.

(١) تفسير الميزان: ج١٤، ص٣٥٨.

هەروەها ئەوانە دەڵێن: چ ئەهریمەن و چ یەزدانیش، هەردووکیان دەکەونەوە ژێر دەستی ئاهۆڕامەزدا، کە پەیداکەری هەموو شتێکە، واتە: ئەو دووانەش کە لە نێو خۆیاندا ناکۆکن، یەکێکیان: خاوەنی خێرەو، ئەوی دیکە هی شەڕە، یاخود یەکێکیان هی بەدیهێنەری چاکەکان و، یەکێکیان بەدیهێنەری خراپەکانە، هەردووکیان دەکەونەوە بەر دەستی ئاهۆڕامەزدا.

سێیەم: ئەم ئایەتە سەماحەت و دڵ فراوانیی و تەبایی ئیسلاممان بۆ دەردەخات لە بەرانبەر نەیارەکانی دا، ئەوەتا خوا ﷻ باسی پێنج کۆمەڵ لە نامسوڵمانان دەکات، کە جوولەکەو صابیئەو نەصرانیی و مەجووسیی و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانن، هەروەها خوا ﷻ دەفەرموێ: ئا ئەوانە هەموویان خوا لە ڕۆژی دوایی دا دادوەرییان لە بەینڈا دەکات، واتە: مسوڵمانینە! ئێوە بەتەما مەبن، لە دنیادا تەصفیە حیسابیان لەگەڵدا بکەن و، لەگەڵیان لێکدەر بکەن، چونکە ئەوە عایدی خوایە، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾الغاشية، واتە: بە دڵنیایی گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیەو، دوایی لێپرسینەوەشیان بەس لەسەر ئێمەیە.

مەسەلەی دووەم:

کڕنووش بۆ خوا بردنی تێکڕای ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و ئەوانەی کە لە زەویی دان و، خۆرو مانگ و ئەستێرەکان و، چیاکان و درەخت و ژیانداران و زۆرێک لە خەڵک، زۆرێکیش سزادرانیان مسۆگەر بووە، بەهۆی لا ملیی کردنیانەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ۩ ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ تَرَ ﴾، ئایا نەتبینیوە؟ (الرُؤيَةُ عِلْمِيَةٌ والخِطَابُ لِغَيْرِ مُعَيَّنٍ)، مەبەست لە بینین لێرەدا زانینە، ئایا بە چاوی عەقڵ و دڵ نەتبینیوەو سەرەنجت نەداوە؟ ڕووی دواندنیش لە کەسێکی دیارییکراو نیە، بەڵکو هەر کەسێک بتوانێ سەرەنج بدا لە بوونەوەرو دەوروبەری، ڕووی دواندن لە هەموویانە، هەروەها پرسیارکردنەکەش پرسیار کردنێکی نکوولّیی لێکەرانەیە بۆ کەسێک کە زانیاریی نیە بەوە کە هەرچی لە گەردووندایە، بۆ خوا ملکەچە، بەڵام ئەگەر ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەم بێ ﷺ، ئەو کاتە پرسیارکردنەکە پرسیارکردنێکی دان پێپێداهێنەرانە، (إستِفهامُ تقريري)یە، چونکە پێغەمبەر ﷺ زانیویەتی کە هەموو بوون (گەردوون) بە سەرو خواریەوە بۆ خوا ملکەچەو کڕنووش بەرە.

٢)- ﴿ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ ﴾، کە خوا کڕنووشی بۆ دەبات. وشەی (سُجُود) کڕنووش بردن، مانا ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر حەوت ئەندامان کڕنووش بۆ خوا دەبات: نێو چاوانی (تەوێڵی) و، هەردوو لەپە دەستی و، هەردوو ئەژنۆی و، هەردوو سینگی پێی، ئا ئەوە کڕنووش بردنی ڕاستەقینە، یاخود کڕنووش بردنی زاراوەییە.

کڕنووش بردنێکی دیکەی مەجازییمان هەیە، کە بریتیە لە ملکەچیی و مل دانەواندن و تەسلیم بوون، ئنجا لەم ئایەتە موبارەکەدا وشەی (سُجُود) بە هەردوو مانای ڕاستەقینەو، بە مانای مەجازییش بەکارهاتوە، دوایی ڕوونی دەکەینەوە لەبەر چی؟

٣)- ﴿مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾، (کڕنووش بۆ خوا دەبات) هەر کەسێک کە لەنێو ئاسمانەکاندان، بە دڵنیایی ئەوانەی لە ئاسمانەکاندان، فریشتەکانن بە پلەی یەکەم، نازانین خوای پەروەردگار چ جۆرە دروستکراوێکی دیکەشی هەن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمەی باسکردوە، هەر فریشتەکانن لە ئاسمان.

٤)- ﴿وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، هەروەها هەر کەسێک کە لە زەویدا هەیە، ئەوەش هەم فریشتەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی سەروکاری مرۆڤ و جند دەکەن و، هەم جند دەگرێتەوەو، هەم مرۆڤیش دەگرێتەوە.

٥)- ﴿وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ﴾، هەروەها کڕنووش بۆ خوا دەبات، هەریەک لە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان.

٦)- ﴿وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ﴾، چیاکان و دارو درەخت و، پێڕۆیەکان (کە لەسەر زەوی دەڕۆن) واتە: ژیانداران بە گشتی.

٧)- ﴿وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾، هەروەها زۆرێکیش لە خەڵکی، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾، ئەوە ناچارمان دەکات بڵێین: وشەی (سُجُود) تەنیا مەبەست پێی مانا مەجازییەکەی نیە، کە بریتیە: لە ملکەچیی و تەسلیم بوون، بەڵکو مانا ڕاستەقینەکەیشی دەگرێتەوە، چونکە زۆرێک لە خەڵک (**وكثير من الناس**) مەبەست پێی ئەوانەن کە ئەهلی ئیمان و ئیسلامن و، کڕنووشی ڕاستەقینە بۆ خوا دەبەن، لەسەر حەوت لە ئەندامەکانیان، وەک باسمان کرد.

بۆیەش خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾، ئەمە خۆ پاراستن (**إحتراس**)ە لەوە کە تەنیا مانا مەجازییەکەی پێ مەبەست بێ، چونکە

ئەگەر تەنیا مانا مەجازییەکەی مەبەست بێ، واتە: ملکەچیی بۆ خوا، کافرو مسوڵمان هەموویان، گەردیلەکانی کە خانەکانی لەشیان لێیان پێک دێن و، خانەو ئەندامەکانی لەشیان، ملکەچن بۆ خوا، بە پێی ئەو سیستەمە کە خوا ﷻ دایناوەو، لە جەستەیاندا کار دەکەن و بەڕێوە دەچن، کەواتە: کافرو مسوڵمان لە ڕووە ناویستەکەیان (لا إرادي)ەوە، بۆ خوا ملکەچن، بەڵام لە ڕووە ئیرادییەکەیانەوە، تەنیا مسوڵمانان بۆ خوا کڕنووش دەبەن و ملکەچیی بۆ دەنوێنن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ﴾، زۆرێک لە خەڵکی، ئەدی بەشەکەی دیکە:

٨)- ﴿ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ﴾، زۆریشیان سزای خوایان لەسەر پێویست بووە، کە لێرەدا واتە: کڕنووشی ڕاستەقینە بۆ خوا نابەن، ملکەچیی ئازادانە بۆ خوا ناکەن، ملکەچییەک کە بە ویست و خواستی خۆیانە، بۆ خوای ئەنجام نادەن، ئەگەرنا ملکەچییەک کە بە ویست و خواستی خۆیان نیە، ئەوە ئازایەتیی نیە، چونکە ئەوە مانگ و خۆرو ئەستێرەو دارو بەردو ژیاندارو بێ ژیان، هەمووی ئەو جۆرە ملکەچییەی بۆ خوا هەیە، بەڵام بۆ مرۆڤ، ئازایەتیی لەوەدایە کە ملکەچیی ئیختیاریی بۆ خوا هەبێ، ئەگەرنا هەموو دروستکراوەکان وەک ملکەچیی ناچاریی، بۆ خوا ملکەچن.

لێرەدا نەیفەرمووە: (لا يَسْجُدُونَ للـهِ)، بەڵکو تەنها دەفەرموێ: ﴿ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ﴾، واتە: دەرەنجامی کڕنووش نەبردنەکەی باسکردوە، نەک خودی کڕنووش نەبردنەکە، واتە: پەیداکراو (مُسبِّب)ەکەی باسکردوە، نەک هۆکار (سبب)ەکە، هۆکار کڕنووش نەبردنە، بەڵام پەیداکراو (مُسَبَّبْ) بریتیە لەوە کە سزای خوایان لەسەر پێویست بووە.

٩)- ﴿ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ﴾، هەر کەسێکیش خوا ﷻ سووکی بکات، ڕیسوای بکات، هیچ ڕێزگرێکی بۆ پەیدا نابێ، ئایا خوا ﷻ بە چی سووکی کردوون و، بێ نرخی کردوون؟ بەوە کە سزایان دەدات، چونکە سزای دواڕۆژ وەک چۆن بۆ جەستەیە، بە هەمان شێوە بۆ ڕووحیشە، زۆرجار خوا ﷻ لە قورئاندا کە باسی سزای کافران دەکات، لە

پێشدا باسی سزا مەعنەوییەکەیان دەکات، وەک دەفەرموێ: ﴿فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ ...﴿٢٠﴾﴾الأحقاف، واتە: ئەمڕۆ سزای ڕیسواکەر دەچێژن.

کەواتە: خوا ﷻ بەوە سووک و بێ نرخی کردوون و، ڕیسوای کردوون، کە سزایان دەدات، لەبەرچی سزایان دەدات؟ لەبەر ئەوەی خۆیان بە هەڵبژاردنی خۆیان بۆ خوا ملکەچ نەبوون و، بەندایەتییان بۆ خوا نەکردوە.

ئنجا کە باسی کڕنووش بردن دەکرێ، لەبەر ئەوەیە کە ئەو پەڕی بەندایەتیی مرۆڤ و ئەو پەڕی ملکەچیی مرۆڤ، بە ئیختیاریی بۆ خوا، لە کڕنووش بردندا بەرجەستە دەبێ، بۆیە کەسێک خوا ڕیسوای بکات و زەبوونی بکات، بە تەئکید بە هیچ کەس ڕێزو حورمەتی بۆ پەیدا ناکرێتەوە.

١٠)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ﴾، بێگومان خوا ﷻ هەرچی بیەوێ دەیکات، خوا ﷻ کاری بە گۆترە ناکات، بەڵکو ویستی خوا شوێن زانیارییەکەی و حیکمەتەکەی دەکەوێ.

لەم سوورەتەداو لە چەند شوێنی دیکەی قوڕئانیشدا، هەم وشەی (إرادة) بەکارهاتوە، هەم وشەی (مشيئة) کە هەندێک لە زانایان دەڵێن: یەک واتایان هەیە، بەڵام بە سەرنجدانی ئەو ئایەتانەی ئەم سوورەتە، وا دێتە بەرچاو، وشەی (إرادة) تایبەت بێ بە ژیاندارانەوە، بەڵام وشەی (مشيئة) بۆ مامەڵە کردنی خوا ﷻ بێت لەگەڵ ژیاندارو بێ ژیان، واتە: وشەی (مشيئة) چەمکەکەی گشتییتر بێ، هەندێکیش دەڵێن: نەخێر! وشەی ئیرادە چەمکەکەی گشتییترە، گرنگ ئەوەیە جۆرێک لە جیاوازیی وردیان لە نێواندا هەیە، با زانایانیش لەسەر ئەو جیاوازییە وردە ڕێک نەکەوتبن.

چونکە من قەناعەتم وایە کە وشەی هاو واتا (مُتَرَادِف) لە قوڕئاندا نیە، ئەوە کە دوو وشە هەبن، یەک واتایان هەبێ و هیچ جیاوازییان نەبێ، پێم وایە شتی وا لە قوڕئاندا نیە، بەڵکو هەر وشەیەک کە بەکارهاتوە، مانایەکی تایبەت

بەخۆی هەیە، جاری وا هەیە کە دوو سێ وشە وێکدەچن، بە دڵنیایی جیاوازیی وردیان لە بەینیدا هەن.

لێرەدا خوا ﷻ باسی کڕنووش دەکات و، وەک زانایان گوتوویانە: وشەی (سُجُود)، لێرەدا هەم بە مانای ملکەچیی تەکوینیی و، هەم بە مانای ملکەچیی شەرعیی دێ، کە هی یەکەمیان مەجازیی و، هی دووەمیان ڕاستەقینەییە.

بەڵام سەرەڕای ئەو دوو واتایە، دەشگونجێ مەبەست لەو کڕنووش بردنەی دروستکراوەکانی خوا، بە مانایەک بێت کە ئێمە نازانین چۆنە! هەروەک لە چەند شوێنێکی قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (الإسراء)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤٤﴾﴾، واتە: حەوت ئاسمانەکان و زەویی و هەرچی تێیاندا هەیە، خوا بە پاک دەگرێ و، هیچ شتێک نیە کە خوا بە پاک نەگرێ بە ستایش کردنیشیەوە، بەڵام ئێوە لە خوا بە پاکگرتنەکەیان تێناگەن، بێگومان خوا هێدیی و مەندو لێبوردەیە.

کە دەفەرموێ: تێی ناگەن، کەواتە: هەموو دروستکراوەکان، جۆرێک لە خوا بە پاکگرتن و ستایش کردنی خوایان هەیە، کە بۆ ئێمە زاندراو نیە، هەرچەندە هەندێ لە زانایانیش گوتوویانە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡ﴾، ڕووی دواندن لە کافرەکانە، واتە: ئێوە تێی ناگەن، ئەگەرنا مەبەست پێی هەر ئەو ملکەچییە گشتییەیە کە بۆ خوا ملکەچن، بەڵام کافرەکان ئەوە نازانن کە ئەوانە هەموویان بۆ خوا ملکەچن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡ﴾، بەڵام ئەگەر ڕووی دواندن لە ئەهلی ئیمان بێ، ئیمانداران دەزانن کە هەموو دروستکراوەکان بۆ خوا ملکەچن (ملکەچیی تەکوینیی)، خوا وای خوڵقاندوون، بەڵام ئەگەر مەبەست پێی خوا بە پاکگرتنێکی دیکە بێ، کە بۆ ئێمەی ئیماندار زانراو نەبێ، کەواتە: جۆرێکی دیکەیە لە بە پاکگرتنی خوا.

هەروەک لە سوورەتی (النور)دا خوا ﷻ ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلطَّيۡرُ صَٰٓفَّٰتٖۖ كُلّٞ قَدۡ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسۡبِيحَهُۥۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَفۡعَلُونَ ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: ئایا سەرەنج نادەی! کە هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، خوا بە پاک دەگرێ، هەروەها باڵندەکانیش هەموویان ڕێک دەوەستن (بەڕیز دەفڕن)، هەر کامێکیان پاڕانەوەی خۆی و خوا بە پاکگرتنی خۆی چاک دەزانێ و، خوا زانایە بەوەی ئەنجامی دەدەن.

بە دڵنیایی ئەم دوو ئایەتە - هی (الإسراء) و (النور) - لەگەڵ ئەم ئایەتی سوورەتی (الحج)ە، ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە کە دروستکراوەکان هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان، خوا بە پاک دەگرن، کە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الإسراء)دا، لەو بارەوە وردەکاریی زیاترمان باسکردوە.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

باسی دوو کۆمەڵی ناکۆک و تێکگیراو لە بارەی پەروەردگاریانەوە: (بێبڕواو بڕوادار)، ئنجا وەسفی سزای بێبڕوایان و پاداشتی بەرزو پەسندی بڕواداران:

خوا دەفەرموێ: ﴿هَٰذَانِ خَصۡمَانِ ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ (١٩) يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ وَٱلۡجُلُودُ (٢٠) وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ (٢١) كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ (٢٢) إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ (٢٣) وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡحَمِيدِ (٢٤)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پازدە بڕگەدا:

١)- ﴿هَٰذَانِ خَصۡمَانِ﴾، ئەم دوو کۆمەڵە پێکەوە ناکۆکە، وشەی ﴿هَٰذَانِ﴾ خوێندراویشەتەوە (هَذَانِّ)، هەردوو خوێندنەوەکان هاتوون.

٢)- ﴿ٱخۡتَصَمُواْ فِي رَبِّهِمۡ﴾، لە بارەی پەروەردگاریانەوە کەوتوونە دەمەقاڵێی و ناکۆکیی و دوو بەرەکیی، ئایا ئەو دوو کۆمەڵە کێن؟

أ- کۆمەڵێکی بڕوادارو کۆمەڵێکی بێبڕوا.

ب- یاخود بڕوادارو مولحید.

ج- یاخود خوا بە یەکگر (مُوحِّد) و هاوبەش بۆ خوا دانەر (مُشْرِك).

د- یاخود فەرمانبەر بۆ خوا (مُطيع لله) و سەرپێچییکار؟

(الإخْتِصامُ: الإفْتِعَالُ مِنَ الخُصُومَةِ وَهِيَ الجَدَلُ وَالإخْتِلَافُ بِالقَوْلِ)، واتە: (إِختِصام) لەسەر کێشی (إفتِعال)ە، لە (خُصُومَة)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە شەڕە قسەو ڕاجیایی، بەڵام بە قسە.

ئنجا باسی سزای کۆمەڵی یەکەمیان دەکات، کە کۆمەڵی نەیارانن بەرانبەر بە خوا ﷻ، کۆمەڵی بێبڕوایەکان، دەفەرموێ:

٣)- ﴿ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، ئنجا ئەوانەی کە بێبڕوان، واتە: بێبڕوان بە خوا ﷻ بە پلەی یەکەم، ئنجا هەر کەسێک بێبڕوا بوو بە خوا، بێبڕواش دەبێ بە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، بە کتێبەکانی خوا، بە فریشتەکانی خوا، بە دیداری خوا، بە بەهەشت و دۆزەخ، بە قەدەر، ئەوانەی بێبڕوان واتە: ئەهلی کوفر بە هەموو پۆل و بەشەکانیانەوە.

٤)- ﴿ قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ ﴾، لە ئاگر پۆشاکیان بۆ بڕدراوە، (التَّقْطِيعُ: مُبالَغَةٌ فِي القَطْعِ، يَعْنِي: يُهَيَّأُ لَهُمْ ثَوْبٌ نَارِيٌّ مُحْرِقَةٌ لِلجلُودِ)، واتە: وشەی (تَقْطِيع) زێدەڕۆییە لە (قَطع)دا، واتە: زۆر باش بۆیان دەبڕدرێ، پۆشاکێکی ئاگرینیان بۆ ئامادە دەکرێ، ئەو ماددە ئاگرییە پێستیان دەسووتێنێ، ئێمە نازانین چۆنە، لە لای ئێمە ئاگر ناکرێتە پۆشاک، بەڵام ماددەی وا هەیە وەک ئاگر دەسووتێنێ و ، دەشگونجێ پۆشاکی لێ دروست بکرێ، حاڵ و باڵی قیامەتیش لەهی دنیا جیایە، بڕگەی یەکەمی سزاکەیان ئەوەیە کە پۆشاکی ئاگرینیان بە بەردا دەکرێ.

٥)- ﴿ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴾، بڕگەی دووەمی سزاکەیان ئەوەیە: ئاوی داغ و کوڵاویان بەسەر سەردا دەکرێ، هەر بەوەندە وازیان لێ ناهێنرێ بەرگی پۆشاکی ئاگرینیان بەبەردا بکرێ، بەڵکو ئاوی داغ و کوڵاویشیان بەسەر سەردا دەکرێ.

٦)- ﴿ يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ ﴾، بڕگەی سێیەمی سزاکەیان ئەوەیە: کە بەو ئاوە کوڵاوو داغە، هەرچی لە نێو سکیان دایە، لە نێو هەناویان دایە، دەتوێتەوە، ڕیخۆڵەو گەدەو جەرگ و سیی و هەموو ئەوانەیان دەتوێنێتەوە، هەڵبەتە ئێمە نازانین پێکهاتەی جەستەی مرۆڤەکان لە ڕۆژی دوایی دا چۆن دەبێ؟ چ ئەوانەی ئەهلی بەهەشتن، چ ئەوانەی ئەهلی دۆزەخن، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ دەفەرموێ: (مَا فِي بُطُونِهِمْ) هەرچی لە هەناویاندا هەیە، ﴿ وَٱلْجُلُودُ ﴾، هەروەها پێستیشیان پێی دەتوێتەوە، بەو ئاوە داغ و کوڵاوە.

(الإِصْهَارُ: الإِذَابَةُ، أَصْهَرَهُ وَصَهَرَهُ: أَذَابَهُ)، (إِصْهَار) بە مانای تواندنەوەو قاڵکردنەوەیە، دەگوترێ: (أَصْهَرَهُ) و دەشگوترێ: (صَهَرَهُ)، هەردووکیان بە یەک واتان.

٧)- ﴿ وَلَهُم مَّقَـٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٍ ﴾، ئەمە بڕگەی چوارەمی سزاکەیانە: گورزو قامچیی لە ئاسنیشیان بۆ هەن، قەمچییەکانیشیان بۆ داندراون بۆ لێدرانیان، ﴿ مَّقَـٰمِعُ ﴾، کۆی (مِقْمَع) یاخو (مقمعة)یە، دەڵێ: (آلَةُ القَمعِ)، کە بە کوردیی گورزو قامچیی، پێ دەڵێن.

٨)- ﴿ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا ﴾، بڕگەی پێنجەمی سزاکەیان ئەوەیە: هەر کاتێک لە داخ و خەفەتان، لەبەر بێزاریی و لەبەر تەنگە نەفەسیی و ناڕەحەتیی، ویستیان لێی بچنە دەر لەو ئاگری دۆزەخە، دەگێڕدرێنەوە نێوی.

دەگوترێ: (الغَمُّ: الكَرْبُ، إغتَمَّ: تَغَطَّى وَحَزِنَ، وَاحْتَبَسَ نَفَسُهُ عَنِ الخُرُوجِ)، وشەی (إغتَمَّ) هەم بە مانای خۆی داپۆشیی، هەم بە مانای دڵتەنگ بوو، هەم بە مانای هەناسەو پشووی سوار بوو، هەناسەی تەنگ بوو، هەناسەی بە زەحمەت بۆ هاتەدەر، دێ.

کەواتە: ئەوانە لە دۆزەخدا، هەم دڵتەنگیش دەبن، هەم پشووشیان سوار دەبێ، هەم بێزارو ناڕەحەتیش دەبن، ئینجا کە دەیانەوێ بچنەدەر، دەگێڕدرێنەوە نێوی.

٩)- ﴿ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ﴾، پێشیان دەگوترێ: بیچێژن سزای سووتێنەر.

ئینجا دێتە سەر پاداشتی بڕواداران، بەڵام شێوازەکەی دەگۆڕێ، بۆ ئەوەی سەرنج ڕابکێشێ، ئیدی نافەرموێ: (وَالَّذِينَ آمَنُوا)، بەڵکو دەفەرموێ:

١٠)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ ئەوانەی بڕوایان هێناوە (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ) و، چاکەکانیشیان ئەنجام داون، بە هەموو جۆرەکانیانەوە، چ کردەوەی دڵ بن، چ هی زمان بن، چ هی ئەندامەکان بن، چ بینراو بن، چ نەبینراو بن، چ پەیوەندییان بە ژیان و هەڵسوکەوتی تاکییەوە هەبێ، چ خێزانیی و، چ کۆمەڵایەتیی و، چ سیاسیی و.. هتد، ﴿ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، هەمووی دەگرێتەوە، هەموو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن، بە پێی توانای خۆیان، ئەوانەی وا دەکەن، خوا ﷻ دەیانخاتە نێو:

١١)- ﴿ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، ئەمە بڕگەی یەکەمی پاداشتەکەیانە: چەند باغێک، ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، وشەی ﴿ جَنَّٰتٍ ﴾، کۆی (جَنَّة)یە، وشەی (جَنَّة) واتە: باغ و بێستان، گوڵ و گوڵزار، بە کوردیی ئێمە بە بەهەشت دەڵێین: بەهەشت، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (جَنَّة).

کەواتە: خوا ﷻ دەیانخاتە چەند بەهەشتانێکەوە، چەند باغ و گوڵزارانێکەوە کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: ڕووبار بە ژێر درەختەکاندا دەڕۆن، یاخود بەژێر کۆشکەکانی کە تێیاندا نیشتەجێن، دەڕۆن.

١٢)- ﴿ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا ﴾، بڕگەی دووەمی پاداشتەکەیان، ئەوەیە: دەڕازێندرێنەوە بە بازنەی لە زێڕ دروستکراو و، بە گەوهەریش، وشەی ﴿ أَسَاوِرَ ﴾ کۆی (أَسْوِرَة)یە، (أَسْوِرَة)ەش کۆی (سِوَار)ە، (سِوَار) واتە: بازن، (أَسوِرَة) کۆیەکەیەتی، کەواتە: (أَسَاوِر) کۆی کۆیەکەیەتی، بۆیەش خوا ﷻ کۆی کۆ (جَمْعُ الجَمْع)ی بەکارهێناوە، تاکو بزانرێ ئەو بازنانە زۆر زۆرن، ئنجا ڕەنگە لە ڕووی عورفییەوە خەڵک پێی سەیر بێ، باشە ئەوە ئافرەتەکان بازنەی زێڕیان لە دەست دەکرێ، خڕخاڵیان لەپێ دەکرێ، بەڵام پیاوان چۆن؟! بەڵام بێگومان حاڵ و باڵی بەهەشت جیایە لە هی دنیا، ئەگەرنا خوا ﷻ لێرەدا بە گشتی باسی پیاوان و ئافرەتانی کردوە، هەموو ئەوانەی کە بەهەشتیین دەڕازێندرێنەوە لە بەهەشتەکاندا، بە بازنەی لە زێڕ دروستکراو و، بە گەوهەریش.

١٣)- ﴿ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ ﴾، بڕگەی سێیەمی پاداشتەکەیان: پۆشاکیشیان لەوێدا (لە بەهەشتدا) بریتیە: لە ئاوریشم، ئەو قوماشەی کە پۆشاکی ئەوانی لێ دروست دەکرێ، ئاوریشمە.

١٤)- ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ ﴾، بڕگەی چوارەمی پاداشتیان: ڕێنماییش دەکرێن بۆ قسەی پاک و چاک، واتە: کە قسەی پاک و چاک بکەن و قسەی نارێک نەکەن.

١٥)- ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ ﴾، بڕگەی چوارەمی پاداشتیان: ڕێنماییش دەکرێن بۆ ڕێی ستایشکراو، واتە: کردەوەی چاک، یاخود ڕێی خوای ستایشکراو، یانی: بەو شێوەیە مامەڵە بکەن، لە بەهەشتدا کە ڕێبازی خوا ﷻ دەیخوازێ.

پێنج هەڵوەستەی کورت

١- ﴿ يُحَلَّوْنَ ﴾، **(التَّحْلِيَةُ: وَضْعُ الحُلِيِّ عَلَى أَعْضَاءِ الجِسْمِ، حَلَّاهُ: أَلبَسَهُ الحُلِيَّ، مِثْلُ: جَلبَبَهُ)**، وشەی **(تَحلِيَة)** واتە: دانانی خشڵ لەسەر ئەندامەکانی جەستە، دەگوترێ: **(حَلَّاهُ)** واتە: خشڵی لەبەر کرد، وەک: **(جَلبَبَهُ)** واتە: جیلبابی لەبەر کرد.

٢- ﴿ أَسَاوِرَ ﴾ کۆی **(أَسْوِرَة)**یە، **(أَسْوِرَة)**ش کۆی **(سِوَار)**ە، کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی ئەو بازنانە زۆر زۆرن.

٣- ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی بەهەشت بێ، واتە: لە بەهەشتدا هەر قسەی باشیان فێر دەکرێ، وەک پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: **{إِنَّهُمْ يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ وَالتَّحْمِيدَ، كَمَا يُلْهَمُونَ النَّفَسَ}** **(أخرجه مُسلِم: ٢١٨٠)**.

واتە: ئەهلی بەهەشت فێر دەکرێن کە خوا بە پاک بگرن و ستایشی بکەن، وەک چۆن هەناسە دەدەن و پێیەوە ماندوو نابن.

چونکە لە بەهەشتدا عیبادەت و تاعەتی لێ نیە، بۆیە دەگونجێ ﴿ وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ... ﴾ مەبەست پێی بەهەشت بێ، هەم بۆ قسەی باش و، هەم بۆ کردەوەی باش ڕێنمایی دەکرێن، چونکە لە بەهەشتدا نابێ قسەی نارێکی لێ بگوترێ و، نابێ کردەوەی نارێکی لێ بکرێ، ئنجا لەوێ ئەوان هەم ڕێنمایی دەکرێن بۆ قسەی باش و پاک و چاک، هەم بۆ ڕێبازی ستایشکراو، کە دەگونجێ ستایشکراو سیفەت بێ بۆ ﴿ صِرَٰطِ ﴾، واتە: ڕێبازێک کە مامەڵەی باشی پێ بکەن، یاخود ستایشکراوەکە سیفەتی خوای پەروەردگارە، خوای ستایشکراو، خوایەک کە شایستەی هەموو ستایش و مەدح و سەنایەکە، ڕێ

پێشانی بەهەشتیان دەدا کە لە بەهەشتدا بە شێوەیەک مامەڵە بکەن، شایستەی ئەهلی بەهەشت بێ.

دەشگونجێ کە دەفەرموێ: ﴿وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡحَمِيدِ﴾، مەبەست پێی ئەوە بێ: ئەمە بەرهەمی ئەوەیە کە لە دنیادا ڕێنمایی کرابوون بۆ قسەی باش، کە وشەی خوا بە یەکگرتن (توحید) لەپێش هەموو قسەیەکی باشەوەیە، هەروەها خوا بە پاکگرتن و ستایشکردن و بە گەورە گرتنی، هەروەها ڕێنماییش کرابوون بۆ ڕێبازی خوای شایستەی ستایش، کە ئیسلامەو بەندایەتییە بۆ خوا ﷻ.

٤- وشەی: گەوهەر (لُؤْلُؤ) کە (درّ) و (جُمان)یشی پێ دەگوترێ، هەروەها جەوهەریشی پێ دەگوترێ، جۆرە ماددەیەکە دەنکی سپی و زەردن، درەوشاوەن، لە صەدەف دەردەهێنرێ، ئەویش بریتیە لە ژیاندارێکی ئاوی (وەک قۆزاخە)، ئەو ماددەیە دەخاتە نێو بەدەنی خۆیەوە و، دەیمژێ، دوایی ئەو صەدەفە دەردەهێنرێ و دەشکێنرێ، ئەو گەوهەرەی تێدایە، ئەو گەوهەرەش جاری وا هەیە بچووکەو، جاری وا هەیە گەورەیە، جاری وا ڕەنگەکەی سافترەو، جاری واش هەیە بە جۆرێکی دیکەیە.

٥- بە نسبەت ئاوریشمەوە: ئاوریشمیش لە کرمێک پەیدادەبێ، پێی دەگوترێ: کرمی ئاوریشم (دُودَةُ القَزّ)، لیکی ئەو کرمەیە بە دەوری خۆیدا دەیچنێ، کە لە شێوەی پاقلەی سوودانیی دایە، پاشان ئەو کرمە لە نێویدا دەمێنێتەوە، تاکو دوای باڵی لێ دەڕوێن، دەبێتە پەپوولەیەک و لێی دێتە دەرێ، دواتریش خەڵک ئەو قۆزاخەیە کە دروستی کردوە، دەخەنە نێو ئاوێکی گەرمی کوڵاوەوە، تاکو ئەو ماددە لینجەی کە پێی لێک بەستراوە، شل ببێتەوە، دواییش وەک دەزوویەک دەری دەکێشن، پێنج هەزار (٥٠٠٠) ساڵ لەمەو بەر، لە چین ئاوریشم زانراوە بەکاربهێنرێ، بە زۆریی کرمی ئاوریشم، لە سەر درەختی (توو) دەبێ، دەیخوات و، ئاوریشمی لێ دروست دەکات[1].

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەکانی (٢٥ - ٣٧)، واتە: سێزدە (١٣) ئایەت دەگرێتە خۆی و تەوەری سەرەکیی ئەم سێزدە ئایەتەش بریتیە لە باسی دروستکردنی کەعبە (**البیت الحرام**)، لە لایەن ئیبراهیمەوە بە فەرمانی خوا صەڵات و سەلامی خوا لەسەر ئیبراهیم و هەموو پێغەمبەرانی خوا بێ، پاشان باسی حەج، یانی: سەردان و زیارەتی ئەو ماڵە تایبەتەی خوا ﷻ بۆ بەرجەستە کردنی خوا بە یەکگرتن و، تەنیا خوا پەرستن، لەمیانی جێبەجێ کردنی خوا پەرستییەکانی حەج و عومرەدا کە پێیان دەگوترێ: (**مناسك**).

ئنجا لەم سێزدە ئایەتەدا، وێڕای ئەوەی خوا ﷻ ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ئیبراهیم بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خوا ﷻ، لەو جێیەی خوا بۆی دیاریی کردوە، کەعبەی دروست کردوە، وێڕای ئەوە کۆمەڵێ لە خوا پەرستییەکانی حەج و عومرەش لەم ئایەتانەدا باس کراون، وەک سەربڕانی ئاژەڵەکان و، دابەش کردنی گۆشتەکەیان بەسەر هەژاراندا و، سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا و، لابردنی چڵک و چەپەر و پیسییەکان لە جەستە، دوای ئەنجامدانی ژمارەیەک لە خواپەرستییەکانی حەج و، ئیحرام شکاندن، کە مەبەست پێی ئیحرام شکاندنی گچکەیە، (**التَّحَلُّلُ الأَصْغَر**)، وەک دوایی بە تەفسیل باسی دەکەین، ئنجا خۆپاراستن لە قسەی خراپ و، هاوبەش بۆ خوا دانان (**شرك**) و، بە مەزنگرتنی دروشم و حورمەتەکانی ئایینی خوا ﷻ و، خوا یاد کردن و، لە خۆدا بەرجەستە کردنی تەقوا و، ملکەچیی بۆ خوا و، بەرپا کردنی نوێژ و، بەخشین و...هتد.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ
سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٢٥﴾ وَإِذۡ
بَوَّأۡنَا لِإِبۡرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلۡبَيۡتِ أَن لَّا تُشۡرِكۡ بِي شَيۡـٔٗا وَطَهِّرۡ بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ
وَٱلۡقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿٢٦﴾ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ
ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ﴿٢٧﴾ لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ
فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۖ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ
ٱلۡفَقِيرَ ﴿٢٨﴾ ثُمَّ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ وَلۡيُوفُواْ نُذُورَهُمۡ وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ
﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦۗ وَأُحِلَّتۡ لَكُمُ
ٱلۡأَنۡعَٰمُ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡۖ فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ
قَوۡلَ ٱلزُّورِ ﴿٣٠﴾ حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ
فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴿٣١﴾ ذَٰلِكَۖ وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ
فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ ﴿٣٣﴾ لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ
ٱلۡعَتِيقِ ﴿٣٣﴾ وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ
بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۗ فَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ
ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ
﴿٣٥﴾ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا
صَوَآفَّۖ فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرۡنَٰهَا لَكُمۡ
لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿٣٦﴾ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡۚ
كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمۡ لِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

[بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوا بوون و ڕێگریی (خەڵکی) دەکەن، لە ڕێی خواو، ئەو مزگەوتی حەڕامەی کە بە یەکسانیی بۆ خەڵکی نیشتەجێ و دەرەکییمان داناوەو، هەر کەسێکیش ستەمکارانە بیەوێ لادانی تێدا بکات، ئازارێکی بە ئێشی پێ دەچێژین (٢٥) یادیش بکەوە! کاتێک شوێنی ماڵ (ی خوا)مان بۆ ئیبراهیم دەستنیشان و ساز کرد، (پێشمان فەرموو:) هیچ شتێک مەکە هاوبەشم و ماڵەکەشم بۆ سووڕاوان (بە دەوری کەعبەدا)و ڕاوەستاوان بۆ (خواپەرستیی) و ڕکووعبەران و کڕنووشبەران، پاک بکەوە (٢٦) هەروەها جاڕیش بە نێو خەڵکدا بدە بۆ حەج کردن، کە بە پیادەو بە سواری هەر وڵاخێکی لاواز (ئەگەر هیچی دیکەیان چنگ نەکەوت)، لە هەر ڕێیەکی دوورەوە بێن (٢٧) تاکو ئامادەی چەندان سوود و بەرژەوەندییان بن، لە ڕۆژانێکی زانراودا و، ناوی خوا لەسەر ئاژەڵە چوار پێیەکان بێنن، (لە کاتی سەر بڕینیاندا، هەر کاتێکیش سەرتان بڕین)، لێیان (لە گۆشتەکەیان) بخۆن و دەرخواردی بابای داماوی هەژاریشی بدەن (٢٨) ئنجا با دوایی چڵک و چەپەری خۆیان لابەرن و، نەزرەکانیان بەجێ بێنن و، بە دەوری ماڵی دێرینیشدا بسووڕێنەوە (تەواف بکەن) (٢٩) ئەوە (بەو شێوەیە باسکرا) و، هەر کەسێک ڕێزلێگیراوەکانی خوا بە مەزن بگرێ، (ئەو خواپەرستییانەی خوا ڕێزو حورمەتیی تایبەتی بۆ داناون)، ئەوە لە لای پەروەردگاری بۆی باشترەو، ئاژەڵەکانیشتان تێکڕا بۆ ڕەوا کراون، جگە لەوانەی بە سەرتاندا دەخوێندرێنەوە (لە قورئاندا)، دەجا خۆتان لە پیسیی بتەکان دوور بگرن و، خۆشتان لە گوتنی درۆ بە دوور بگرن (٣٠) بۆ خوا ساغ بووەوە بن و هاوبەش بۆ دانەری مەبن، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەک

ئەوە وایە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوار و، باڵندە (ی لاشەخۆر) تێی ڕۆهاتبن، یان با بیڕفێنی بەرەو شوێنێکی قووڵی دوور (٣١) ئەوە (بەو شێوەیە ڕوونکرایەوە)و، هەر کەسێکیش دروشمەکانی خوا بە مەزن بگرێ، بە دڵنیایی ئەو کارە لە پارێزکاریی دڵانەوەیە (٣٢) سوودگەلێکتان تێیاندایە (لە ئاژەڵانی قوربانیی دا)، تاکو کاتی ناوبراو، دوایی شوێنی تایبەتییان (بۆ سەربڕان) لە لای ماڵی دێرین (ی خوای)ە (٣٣) بۆ هەر ئۆممەتێکیش (شوێن و دروشمی) خواپەرستیی تایبەتمان داناوە، تاکو ناوی خوا لەسەر ئەو ئاژەڵە چوار پێیانە بێنن، کە پێی داون، پەرستراویشتان یەک پەرستراوە، ئنجا بۆ وی ملکەچ بن و، مژدەش بدە بە خۆ بە کەمگران (لە بەرانبەر فەرمانی خوادا) (٣٤) ئەوانەی کاتێک باسی خوا دەکرێ، دڵیان ڕادەچڵەکێ و، خۆ ڕاگران لەسەر ئەوەی تووشیان بووەو، بەرپاکەرانی نوێژو، ئەوانەی لەوەی پێمان داون دەبەخشن (مژدەی پاداشتی بەرزی خوایان پێ بدەن) (٣٥) حوشترە قەبەو بەدەوەکانیشمان لە دروشمەکانی خوا گێڕاون، سوود گەلی زۆریشیان بۆتان تێدایە، ئنجا لە حاڵێکدا کە بە ڕیز وەستاون، ناوی خوایان لەسەر بێنن، (بۆ سەربڕین)، ئنجا کە تەنیشتیان کەوتنە سەر زەوی، لێیان (لە گۆشتەکەیان) بخۆن و دەرخواردی بابای سواڵکەر و (بە ناڕاستەوخۆ) داواکەریشی بدەن، بەو جۆرە ئاژەڵەکانمان بۆ دەستەمۆ کردوون، بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن (٣٦) بێگومان نە گۆشتەکەیان و نە خوێنەکەیان ناگاتە خوا، بەڵکو پارێزکاریی لە ئێوەوەی پێ دەگات، بەو شێوەیە (خوا) بۆتانی دەستەمۆ و ڕام کردوون، تاکو بە هۆی ئەوەوە کە ڕێنمایی کردوون، خوا بە گەورە بگرن و، مژدەش بدە بە چاکەکاران (کە لە دنیاو دوارۆژدا پاداشتیان هەیە) (٣٧)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْعَٰكِفُ): **(العُكُوفُ: الإِقْبَالُ عَلَى الشَّيءِ وَمُلازَمَتـه عَلَى سَبِيْلِ التَّعْظِيمِ لَهُ)**، **(عكُوُف)** بریتیە لە ڕووکردنە شتێک و پێوە پەیوەستبوونی بە شێوەی بە مەزنگرتنی، **(وَالإِعتِكَافُ فِي الشَّرْعِ: هُوَ الإحتِبَاسُ فِي المَسْجِدِ عَلَى سَبِيلِ القُرْبَى)**، **(إعتكاف)** لە زاراوی شەرعدا، بریتیە لە خۆ هێشتنەوە لە مزگەوتدا، بە نیەتی لە خوا نیزیک بوونەوە.

(وَٱلْبَادِ): **(البَدو: خِلَافُ الحَضَرِ)**، **(بَدُو)**، واتە: بیابانشین، دەشتنشین، یاخود لادێ نشین، پێچەوانەی **(حَضَر)**د، واتە: نیشتەجێی شار، **(البَادِ: المُقِيمُ فِي البَادِيَة)**، **(بَادِ)** کە هەم بە ژێر **(كسْرة)** خوێندراوەتەوە، هەم بە **(ي)** **(بادي)**، وەک دوایی باسی دەکەین، واتە: نیشتەجێی دەشت و چۆلایی و بیابان و سارا.

(بِإِلْحَادٍ): واتە: لادان، **(لَحَدَ القَبرَ وَألحَدَهُ: أَمَالَهُ، وَجَعَلَ حُفْرَةً مَائِلَةً فِي وَسَطِهِ)**، **(لَحَدَ القَبْرَ وَألحَدَهُ)**، بە کوردیی دەڵێین: گۆڕیچە، هەندێک وایان لێکداوەتەوە، لە نێو گۆڕدا گۆڕیچەیەک لێ دەدرێ و، هەندێکیش بە لا گۆڕ لێکیان داوەتەوە، کە ئەوەی دووەمیان زیاتر پێ دەچێ مەبەست بێ، لاگۆڕ ئەوەیە کە دوای ئەوەی گۆڕەکە لێ دەدرێ، بە لایەکی دا هەڵبقەنرێ لە بنەوە و، دوایی جەنازەکە بخرێتە نێوی، نەک بخرێتە نێو خودی گۆڕەکە، بخرێتە ئەو لاگۆڕەی کە لە ژێر دیواری گۆڕەکەدا لێدراوە، کەواتە: ئیلحاد، یانی: لادان.

(بَوَّأْنَا): **(البَوَاءُ: مُسَاوَاةُ الأَجْزَاءِ)**، **(بَوَاء)** دەگوترێ: **(أَرْضٌ بَوَاء)**، واتە: **(أَرْضٌ مُستَوِيَة)** زەوییەکی یەکسان، هەموو بەشەکانی یەکسان بن، هیچی لە هیچی بەرزتر نەبێ، **(مَكَانٌ بَوَاء)**، واتە: تەخت و ڕێک، هەموار، **(بَوَّأْتُ لَهُ مَكَانَاً: سَوَّيْتُهُ)**، **(بَوَّأْتُ لَهُ مَكَانَاً)**، واتە: شوێنێم بۆ دیاری کردن، یاخود شوێنەکەم بۆ ڕێکخست و بۆم ساز کرد.

(وَأَذِّن): **(أَذِنْتُهُ وَآذَنْتُهُ: أَعْلَمْتُهُ)**، ئاگادارم کردەوە، هەم **(أَذِنْتُهُ)**، هەم **(آذَنْتُهُ)** یانی: ئاگادارم کردەوە، **(المُؤَذِّنُ: كُلُّ مَنْ يُعْلِمُ بِشَيءٍ نِدَاءً)**، **(مُؤَذِّن)** هەر کەسێکە شتێک بە بانگکردنەوە خەڵکی لێ ئاگادار دەکاتەوە، واتە: جاڕدان، بە کوردیی دەڵێین: جاڕدان، ﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ ﴾، واتە: جاڕ بە نێو خەڵکیدا بدە، بێن بۆ حەج.

(رِجَالًا): **(الرَّجِلُ وَالرَّاجِلُ: المَاشِي)**، **(رَجِل)** و **(رَاجِل)** یانی: پێڕۆ، **(وَالجَمْعُ رِجَال)**، واتە: پێڕۆیەکان، **(مِثْلُ رِكاب جَمْعُ راكِب)**، **(رِكَاب)** کۆی **(رَاكِب)**ە، **(رَاكِب)** یانی: سوار، **(رِكَاب)** واتە: سوارەکان.

(رِجَال)، لێرەدا بە مانای **(مُشاة)** دێ، کە کۆی **(مَاشي)**یە، یانی: پێڕۆ، **(رُكْبَان)** یان **(رِكَاب)** یانی: سوارەکان، یانی: بەراورد دەکرێن، وەک لە سوورەتی **(الإسراء)** دا، کاتێک شەیتان (ئیبلیس) کڕنووش نابات بۆ ئادەم، کڕنووشی ڕێز لێگرتن، خوا ﷻ پێی دەفەرمووێ: ﴿ وَٱسْتَفْزِزْ مَنِ ٱسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ ... ﴿٦٤﴾ ﴾الإسراء، **(خَيل)** واتە: وڵاخیی سوارییە کە مەبەست پێی سوارەیە، ﴿ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم ﴾، واتە: بەسەریان وەرکە، سوارەکانت و پیادەکانت، یانی: سوارەو پێڕۆیان بەسەر وەرکە، واتە: هەرچی هێز و سووپای هەتە، بۆ مرۆڤەکانی دەنگ بدە.

(ضَامِرٍ): **(الضَّامِرُ: مِنَ الفَرَسِ: الخَفِيفُ اللَّحْمِ مِنَ الأَعْمَالِ لَا مِنَ الهُزَالِ)**، **(ضَامِر)** لە ئەسپان ئەوەیە کە گۆشتەکەی کەم بێ، لە ئەنجامی زۆر کار کردندا، یا زۆر مەشق پێ کران و، ڕاهێندراندا، نەک لەبەر لاوازیی و بێ هێزیی، دەگوترێ: **(نَاقَةٌ ضَامِر، وَنَاقَةٌ ضَامِرَة، وَفَرَسٌ ضَامِر)**، حوشترێکی **(ضامِر)** یان حوشترێکی هەم **(ضَامِرة)**، ئەویش بە هەمان شێوە واتە: کەم گۆشت، یاخود ورگی بە پشتیەوە نووسابێتەوە، ورگن نەبێ، چونکە ورگنیی و سکی زل، بۆ ئاژەڵ بە تایبەت بۆ حوشتری بارە بەر و ئەسپ و ماین و وڵاخە بەرزە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕۆیشتندا و لە ڕاکردندا سست بن.

(فَجٍّ عَمِيقٍ): (الفَجُّ: شُقَّةٌ يَكْتَنِفُهَا جَبَلانِ)، (فَجّ) کەلێنێکە دابڕاوابیە کە دەکەوێتە نێوان دوو چیایانەوە و، (عَمیق)، واتە: قووڵ، بەڵام لێرەدا مەبەستی پێ دوورییە، بۆیە گوتراوە: (وَالأَصْلُ فِي العُمْقِ: البُعْدُ سُفْلاً)، واتە: دوور بێ بەڵام بە چوونە خواردا دوور بێ، واتە: قووڵ، بنەکەی قووڵ بێ، کەواتە: لێرە ﴿ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾، واتە: لە هەر ڕێیەکەوە کە بە نێو چیایەکاندا دێ، بە هەر دۆڵ و شیوێکی دووردا بێن، کەواتە: ﴿ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾، یانی: (الطَّرِيقُ الوَاسِع)، هەر ڕێیەکی فراوان کە دەکەوێتە نێوان چیایەکانەوە، (فِجَاج) کۆی (فَجّ)ە، یانی: دۆڵ و شیوەکانی، یاخود کەلێنەکانی نێوان چیایەکان.

(بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَـٰمِ): (البَهِيْمَةُ: مَا لَا نُطْقَ لَهُ لِمَا فِي صَوْتِهِ مِنَ الإِبْهَامِ، وَخُصَّ فِي التَّعَارُفِ بِمَا عَدَى السِّبَاعِ وَالطَّيرِ) (بَهِيْمَة) هەر ژیاندارێکە کە قسەو دوانی نەبێ، لەبەر ئەوەی دەنگەکەی موبهەمە، {واتە: لێی حاڵی نابی}، بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە، تایبەت کراوە بە هەموو ئەو ئاژەڵانەی جیا لە دڕندەو باڵندە، کەواتە: هەموو ئاژەڵەکان دەگرێتەوە، بەڵکو لە عورف و باوێکی تایبەتتردا، وشەی ﴿ ٱلْأَنْعَـٰمِ ﴾، ئەو چوار جۆرە ئاژەڵە دەگرێتەوە: (وشتر و، ڕەشە وڵاخ و، مەڕ و، بزن)، کە دەگونجێ بڵێین: حوشتر بە نێر و مێوە: هەم (ناقة)، هەم (جَمَل)، ڕەشە وڵاخیش بە نێر و مێوە: هەم گا، هەم مانگا، هەروەها گامێش و کەڵیش بە هەمان شێوە و، ئاژەڵی وردیش بە نێر ومێوە: بەران و نێریی و، مەڕ و بزن، بە ڕەش و سپیی و مەرەزەوە، بەڵام ﴿ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَـٰمِ ﴾، بە هۆی وشەی (بهيمة) وە، وشەی (أنعام) واتاکەی فراوانتر دەبێ، لەو چوار جۆرە ئاژەڵە و، هەموو ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە.

(ٱلْبَآئِسَ): واتە: داماو، بێچارە، دەگوترێ: (بَئِسَ الرَّجُلُ: اشْتَدَّتْ حَاجَتُهُ هُوَ بَائِس)، پیاوێک کە زۆر ئاتاج بێت، زۆر هەژارو نەدار بێ، دەگوترێ: (بَئِسَ)، واتە: ئەو پیاوە زۆر داماوو بێچارەیە، (بائِس)، ناوی بکەر (إسم فاعِل)ەکەیەتی.

(لْيَقْضُواْ تَفَثَهُمْ): **(لِيُزِيلوا وَسْخَهُم)**، با چڵک و چەپەریان لابەرن، دەگوترێ: **(قَضَى الشَّيءُ يَقْضِي، إذْا قَطَعَهُ وأَزَالَهُ)**، کاتێک کە بڕیی و لایبرد، وشەی **(قَضَى)**ی، بۆ بەکاردێ، **(وَأصلُ التَفَثِ وَسْخُ الظُفْرِ وَغَيْرِ ذَلِك)**، چڵکی نینۆک و جگە لە نینۆکیش و، ئەو مووانەی کە لە هەندێ شوێنی جەستەی مرۆڤ دێن، وشەی **(تَفَث)**یان بۆ بەکاردێ، واتە: با خۆیان پاکبکەنەوە، کە وەک دوایی باسی دەکەین، مەبەست پێی ئیحرام شکاندنی گچکەیە، دوای ئەوەی کە لە عەرەفات دێنە خوارو شەو لە موزدەلیفە دەمێننەوەو، دوایی دێن بۆ مینا، ئەمە پێی دەگوترێ: ئیحرام شکاندنی گچکە.

(نُذُورَهُمْ): **(النَّذرُ: أنْ تُوجِبَ عَلَى نَفْسِكَ مِمَا لَيْسَ بِوَاجِبِ لِحُدُوثِ أمْرٍ)**، **(نَذْر)** ئەوەیە شتێک لەسەر خۆت پێویست بکەی، کە لە سەرت پێویست نەبێ، لەبەر ڕوودانی کارێک، بەڵام وشەی **(نُذُور)** کە کۆی **(نَذر)**ە، بە مانای ئەو ئاژەڵانەیە کە سەر دەبڕدرێن، واتە: قوربانییەکان، لێرەدا بەو مەبەستە بەکارهاتوە.

(ٱلْعَتِيقِ): **(العَتِيقُ: المُتَقَدِّمُ فِي الزَّمَان أو المَكَان أوِ الرُّقَبَة)**، **(عَتِيق)** واتە: دێرین، لە ڕووی کاتەوە و، لە ڕووی شوێنەوە، یاخود لە ڕووی گەردنەوە، واتە: بەو واتایە لەمێژینە بێت، بە کات و کاتی زۆری بەسەردا چوو بێت، یاخود شوێنێک بێت دێرین بێت، یاخود ماوەیەکی زۆر بێت هەبێت، هەروەها وشەی **(عَتِيق)**، واتە: بە مانای بەخشندە و، بە مانای ئازاد و، بە مانای شوێنێک کە هیچ کەس دەستی بەسەردا نەگرتبێ، بەو مانایانەش هاتوە.

(حُرُمَٰتِ): **(حُرْمَةُ الرَّجُلِ: أَهْلُهُ)**، حورمەتی پیاو بریتیە لە خێزانی پیاو، بەڵام ﴿ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، **(مَا حَرَّمَهُ اللَه)**، حورمەتەکانی خوا ﷻ ئەو شتانەن کە خوا ﷻ قەدەغەی کردوون، یاخود قەدەغەی کردوون، کە دەستیان بگەیەندرێتێ و دەستیان بۆ ببرێ.

(ٱلزُّورِ): (الزُّورُ: الكَذِبُ)، (زُور) بە مانای درۆ دێ، کە لێرەدا بە مانای شیرکە، چونکە لە ڕاستیی دا شیرک گەورەترین جۆری درۆیە کە بگوترێ: خوا هاوبەشی هەیە، بەڵام (زَوْر)، واتە: (ضَیْف)، (الزَّائِرُون)، ئەوانەی سەردان دەکەن.

(حُنَفَآءَ): (حُنَفَاء)، کۆی (حَنِیْف)ە، (الحَنَفُ: المائِلُ مِنَ الباطِلِ إلَى الحَقِّ، عَكسُ الجَنَف)، (حَنَفَ)، واتە: لە ناهەقەوە گەڕایەوە بۆ هەق، بە پێچەوانەی (جَنَفَ)ە، واتە: لە هەقەوە لایدا بۆ ناهەق، کەواتە: (حَنِیف)، یانی: مسوڵمانێکی خۆ بۆ خوا ساغکەرەوە.

(خَرَّ): یانی: (سَقَطَ)، کەوت، بەڵام بە مەرجێک لە بەرزییەوە بکەوێتە خوار.

(فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ): (الخَطْفُ: الإستِلَابُ)، (خَطْف) واتە: ڕفاندن، بە کت و پڕ دەستی بدەیە و بیرفێنی، (إختَطَفَهُ، وَتَخَطَّفَهُ)، واتە: ڕفاندی و، تێبڕۆهات، بە کوردیی بە (تێبڕۆهاتن) مانام کردوە، لە مانای دەقاو دەقەکەیدا، کە ئەو وشەیە ڕەنگە هەندێ کەس تێی نەگا، بەڵام وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، لە زاری موکریانیی دا، هەروەک زۆر وشەی دیکەش لە زاری موکریانیی دا هەن، ڕەنگە ئێستا لە نێو شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا نەما بن، یاخود سپات بووبنەوە، یاخود خەڵکێکی کەم بیانزانێ.

(سَحِيقٍ): (بَعِيد)، بە مانای دوور دێ (أَسحَقَهُ الله: أبعَدَهُ الله)، واتە: خوا دووری بخاتەوە.

(مَنسَكًا): (النُّسُكُ: العِبادَةُ)، (نُسُك) یان (نُسْك)، بە مانای خواپەرستیی دێ، (النَّسِيكَةُ: الذَّبِيحَةُ)، ئەوەی کە سەر دەبڕدرێ، سەربڕاو بۆ خوا ﷻ، (وَالجَمعُ نُسُك وَنَسائِك)، بە (نُسُك) و بە (نَسائِك) کۆدەکرێتەوە، (مَنسِك) یان (مَنسَك) بە هەردوو شێوەکەی هاتوە، ئەو شوێنەی کە (نَسائِك)ی یاخود (نُسُك) قوربانییەکانی تێدا سەر دەبڕدرێن.

(ٱلْمُخْبِتِينَ): واتە: ملکەچان و نەرم و نیانان، لە (خَبْت)ەوە هاتووە، (الخَبْتُ: المُطْمَئِنُّ مِنَ الأَرْض)، شوێنێکی گۆملایی و نزمایی لە زەوی، دوایی وشەی (خَبْت) یان (مُخْبِت) بەکارهێنراوە بۆ نەرمیی و خۆ بە کەمگریی لە بەرانبەر خوادا ﷻ و، لەگەڵ بەندەکانی خواشدا، ئینسان دەبێ خۆ بە کەمگر و نەرم و میهرەبان بێ.

(وَٱلْبُدْنَ): (البُدنُ: جَمْعُ بَدَنَة: التي تُهْدَى، نَاقَة أَو بَقَرَة)، (بُدْن)، کۆی (بَدَنَة)یە، (بَدَنَة) ئەو حوشترەیە، یاخود ئەو ڕەشە وڵاخەیە (بە ڕای هەندێک لە زانایان، هەردووکیان دەگرێتەوە) کە دەکرێتە دیاریی و خەڵات و لە کاتی خواپەرستییەکانی حەجدا سەر دەبڕدرێ.

(شَعَٰٓئِرِ): (جَمعُ شَعِيرَة، البَدَنَةُ تُهدَى، والشَّعائِرُ أَعْمالُ حَجٍّ وَكُلُّ مَا جُعِلَ علاقة لِطاعَةِ الله)، ﴿شَعَٰٓئِرِ﴾، (شَعَائِر) کۆی (شَعِيرَة)ەیە، (شَعِيرَة) واتە: دروشم، هەندێکیان (شَعِيرَة)یان بە (بَدَنَة) لێکداوەتەوە، واتە: ئەو حوشترە، یاخود ئەو ڕەشە وڵاخەی سەر دەبڕدرێ، بەڵام لە ڕاستییدا وشەی (شَعَائِر) واتە: کۆی کردەوەکانی حەج، بەڵکو هەموو ئەو تاعەت و فەرمانبەرییانەی بۆ خوا ئەنجام دەدرێن، چ پەیوەندییان بە حەجەوە هەبێت و، چ جگە لە حەجیش.

(صَوَآفَّ): دەگوترێ: (صَفَّتِ الإِبِلُ قَوائِمَها فَهِيَ صافَّةٌ وَصَوَافٌّ)، (صَوَافّ) کۆی (صَافَّة)یە، کاتێک کە حوشتر ڕێک دەوەستێ، پێیەکانی جووت دەکات، ئەو وشەیەی بۆ بەکاردەهێنرێ، کە وەک دوایی باسی دەکەین، سوننەتە حوشتر بەپێوە سەر ببڕدرێ، نەک یەخ بدرێ.

(وَجَبَتْ جُنُوبُهَا): (وَجَبَ المَيِّتُ: سَقَطَ، وَوَجَبَ الحائِطُ: سَقَطَ)، مردوویەک کە دەمرێ دەگوترێ: (وَجَبَ)، یانی: کەوت، هەروەها دیوارێک کە دەڕووخێ دەگوترێ: (وَجَبَ)، یانی: کەوت، کە دەفەرموێ: ﴿وَجَبَتْ جُنُوبُهَا﴾، کاتێک لا تەنیشتەکانیان کەوتنە سەر زەوی، واتە: دوای ئەوەی سەر دەبڕدرێ، ئەو حوشترە یان ڕەشە وڵاخە، تەنیشتی دەکەوێتە سەر زەوی و، حەتمەن بەلایەکدا دەکەوێ.

(ٱلْقَانِعَ): (القنوعُ: السُّؤالُ: التَّذَلُّلُ)، (قَانِع) و (قَنِوع) واتە: کەسێک کە بە داماویی داوات لێ دەکات.

(وَٱلْمُعْتَرَّ): ئەو کەسەی کە بە لەبەر ڕاهاویشتنەوە، بە کنارە داوات لێ دەکات، نەک بە ئاشکراو بە زەقیی.

مانای گشتیی ئایه‌ته‌كان

به‌ڕێـــــــزان!

خـوا ﷻ پشـتیوان بـێ، ئێمـه لـه كۆتایـی ئـه‌م ده‌رسـه‌دا، باسـێكی تایبـه‌ت لـه بـاره‌ی حـه‌ج و عومـڕه‌وه ده‌كه‌یـن، لـه نـۆزده خاڵـدا، له‌بـه‌ر ڕۆشـنایی ئـه‌وه‌دا كـه كاتێ خـۆی لـه مه‌وسـووعه‌ی: {خواپه‌رسـتیی ئیسـلامیی} (به‌رگـی چـوار)دا، لـه بـاره‌ی حـه‌ج و عومـڕه‌وه باسـم كـردوه، پوخته‌یه‌كـی لـه نـۆزده (١٩) خاڵـدا، ده‌خه‌ینـه ڕوو، بۆیـه مانـای گشـتی ئایه‌تـه‌كان كـه هه‌ندێكـی ورده‌كاریـی زۆری هه‌یـه، لـه مه‌سـه‌له گرنگه‌كانـدا بـاس ده‌كه‌یـن، بـه‌ڵام هه‌ندێكیـشی هه‌ڵده‌گریـن بـۆ ئـه‌و لێكۆڵینـه‌وه كـورت و پوختـه‌ی لـه بـاره‌ی حـه‌ج و عومـڕه‌وه، دوای ته‌فسـیری ئـه‌م ئایه‌تانـه، ده‌یخه‌ینـه ڕوو.

خـوا ﷻ ده‌فه‌رمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِ ﴾، بـه دڵنیایـی ئه‌وانـه‌ی بێبـڕوان و، لـه ڕێـی خـوا و لـه مزگـه‌وتی حـه‌ڕام لاده‌ده‌ن، كـێ لا ده‌ده‌ن؟ خه‌ڵـك لاده‌ده‌ن، یاخـود خۆیـان لاده‌ده‌ن، چونكـه (صَـدَّ عَـن سَـبِيلِ اللـه)، یـانی: (إمتَنـعَ)، واتـه: خـۆی سـه‌رپێچیی كـردو لایـدا لـه ڕێـی خـوا و، لایـدا لـه مزگـه‌وتی حـه‌ڕام كـه خـوای تێـدا بپه‌رسـترێ، هه‌روه‌هـا (صَـدَّ عَـن سَـبِيلِ اللـه)، وه‌ك چـۆن بـه بـه‌ركار نه‌خـواز (لازِمْ) هاتـوه، واتـه: خـۆی لایـدا، بـه به‌ركارخـواز (مُتَعَدِّي)یـش هاتـوه، واتـه: خه‌ڵكـی لادا.

ئه‌وانـه‌ی بێبـڕوان (ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ) ئه‌مـه بۆتـه ناوێكـی عه‌لـه‌م بـۆ نـا مسـوڵمانان، ئه‌وانـــه‌ی كافـرن، وه‌ك چـۆن ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئه‌وانـه‌ی بڕوایـان هێنـاوه، بۆتـه نـاوی عه‌لـه‌م بـۆ مسـوڵمانان، ئه‌مـه‌ش بۆتـه ناوێكـی عه‌لـه‌م، بـۆ كـۆی نامسـوڵمانان،

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانەی بێبڕوان، واتە: نامسوڵمانانێک (ئەهلی کوفر) کە عادەتیان وایە خەڵک لەڕێی خواو لە مزگەوتی حەرام لادەدەن، ئەو مزگەوتی حەرامەی کە بۆ خەڵکیمان یەکسان کردوە، چ ئەوانەی کە لە دەورو بەری نیشتەجێن و، چ ئەوانەش کە لە دەرەوە ڕادێن.

ئنجا خوا ﷻ فەرموویەتی: ئەوانەی وا دەکەن، بەڵام دوایی هەواڵەکەی نەهێناوە و بە هۆی ڕەوت (سیاق)ەکەیەوە دەزانرێ، واتە: ئەوانەی وا دەکەن، خوا سزای سەختیان دەدات، دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، هەر کەسێک بیەوێ ستەمکارانە لادان بکات، لە مزگەوتی حەرامدا، لە سزای بە ئازاری پێ دەچێژین.

ئەوە هەمووی باسی پێگەو پایەی بەرزی مزگەوتی حەرامە.

ئنجا دێتە سەر باسی خودی کەعبە، ﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ﴾، یاد بکەوە! کاتێک شوێنی ماڵمان [ماڵی تایبەتیی خوا ﷻ، شوێنەکەمان] بۆ ئیبراهیم دیاریی کرد، یان بۆمان سازو ئامادە کرد، ﴿أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا﴾ [پێمان فەرموو:] هیچ شتێک مەکە هاوبەشم ﴿وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾، ماڵەکەشم پاک بکەوە، [یان پاکی ڕابگرە] بۆ سووڕاوان، [سووڕاوان بە دەوری کەعبەدا] و ڕاوەستاوان [بۆ تاعەت و بەندایەتیی ئەنجامدان بۆ خوا ﷻ] و ڕکووع بەران و، کڕنووش بەران.

یانی: لە کاتێک دا شوێنەکەمان بۆ دیارییکرد، کە چۆن کەعبە دروست بکات؟ ئەو شتانەشمان پێ فەرموون. ئێمە لە کاتی تەفسیری سوورەتی ئیبراهیمدا لە میانی سەرگوزشتەو بەسەرهاتی ئیبراهیمدا ﵇ بە تەفسیل باسمان کرد، چۆن خوا ﷻ فەرمانی بە ئیبراهیم کردو، لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی کەعبەیان دروستکرد و، دوایی هاجەری خێزانی و ئیسماعیلی کۆرپەی کوڕی، کە تاقە منداڵ و تاقە کوڕی بوو - تاکو ئەو کاتە - لەوێ نیشتەجێی کردن، بە فەرمانی خوا ﷻ.

﴿ وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، هەروەها بە نێو خەڵکیدا جاڕ بدە، کە بێن بە پێیان (پێڕۆ) و بە سواریی هەر وڵاخێک کە سکی بە پشتیەوە نووساوەتەوە، واتە: هەر وڵاخێک کە لە ئەنجامی هاتن بە ڕێی دووردا، قەڵەویی و ورگنیی نەماوە، یاخود ئەگەر هیچیان دەست نەکەوێ، جگە لە وڵاخێکی لەڕ و لاواز، با سواری بن و پێی بێن، واتە: چ بە پێیان، چ بە سواری هەر جۆرە وڵاخێک، کە ئێستا سەیارە و تەیارەو کەشتیی و شەمەندەفەر، شوێنی ئەوانە دەگرنەوە، یانی: هەر ئامڕازێکی سوارییان دەست دەکەوێ، با پێی بێن ﴿ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾، لە هەر ڕێیەک و لە هەر شیوو دۆڵێکی دوور و، قووڵەوە بابێن.

﴿ لِّيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ ﴾، تاکو ئامادەیی کۆمەڵێ سوود و بەرژەوەندیی بن، بۆ خۆیان.

سوود و بەرژەوەندیی دنیایی و دوارۆژیی، دنیاییەکان وەک: بازرگانیی و، یەکدی ناسین و، پێک ئاشنا بوون و، لە ڕووی سیاسییەوە، ئاگاداری حاڵ و باڵی یەکدی بوون، لە سوودە مەعنەوییەکانیش وەک: ئەنجامدانی دروشمەکانی خوا پەرستیی و، بەرجەستەکردنی تەنیا خوا پەرستیی و خوا بە یەکگرتن، لەمیانی ئەنجامدانی خواپەرستییەکانی دیکەدا، ﴿ وَيَذْكُرُوا ٱسْمَ ٱللَّهِ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴾، یادی خوا ﷻ بکەن، ناوی خواش بێنن، لە ڕۆژانێکی زانراودا، یانی: ئەو ڕۆژانەی حەجیان تێدا ئەنجام دەدرێ، بەتایبەت کە لە (يَومُ التَّروِيَة)، هەشتی (ذِي الحِجَّة)ەوە، دەست پێ دەکەن، تاکو ڕۆژەکانی دوایی ﴿ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴾، ناوی خوا بێنن لە ڕۆژانێکی دیارییکراودا، لەسەر ئەو ئاژەڵە چوار پێیانەی پێی داون، ﴿ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا ٱلْبَآئِسَ ٱلْفَقِيرَ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی ناوی خوایان لەسەر هێنان و سەریان بڕین، با هەم خۆشیان لە گۆشتەکەیان بخۆن و، هەم دەرخواردی هەر هەژارێکی داماوی بێ دەرەتانیشی بدەن.

...

دوایی سێ شتی دیکەیان پێ دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴾، دوای ئەوەی ڕۆژی هەشتەم (يَومُ التَّروِيَة)، دەچن شەو لە مینا دەمێننەوە، ڕۆژەکەی - کە نۆ (٩)ی (ذا الحِجَّة)یە - دەچن لە عەرەفات ڕادەوەستن، تاکو ئێوارەی شەوەکەی دێنەوە بۆ موزدەلیفە، شەو لەوێ دەمێننەوە و، بەیانییەکەی دێن حەوت بەرد وچکە بە جەمرەی گەورەدا دەدەن و، سەری خۆیان دەتاشن، یان کورتی دەکەنەوە، ئنجا با ئەو چڵک و چەپەرەی خۆیان لابدەن، خۆیان بشۆن و، بەرگی ئیحرام دابنێن، ﴿ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ ﴾، هەروەها نەزرەکانیشیان جێبەجێ بکەن، قوربانییەکان سەر ببڕن، ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴾، دواییش بچن بسووڕێنەوە بە دەوری ماڵی دێریندا.

﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَـٰتِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوەی باسکرا بەو شێوەیە، زۆر ڕوونە و، هەر کەسێک حورمەتەکانی خوا ﷻ بە مەزن بگرێ، واتە: ئەو شتانەی خوا ﷻ قەدەغەی کردوون، ئەویش بە مەزنیان بگرێ و توخنیان نەکەوێ، یان ئەو شتانەی خوا ﷻ ڕێزی لێناون، ئەویش ڕێزیان لێ بنێ، ﴿ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ﴾، ئەوە باشترە بۆی لە لای پەروەردگاری، ﴿ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ ٱلْأَنْعَـٰمُ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، ئاژەڵەکانیشتان هەموو بۆ حەڵاڵ کراون، [سەریان ببڕن و لێیان بەهرەمەند بن] جگە لەوەی بەسەرتاندا دەخوێندرێتەوە [لە قورئاندا] ﴿ فَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَـٰنِ وَٱجْتَنِبُوا۟ قَوْلَ ٱلزُّورِ ﴾، خۆشتان دوور بگرن لە پیسیی بتەکان (پەیکەرەکان) و، خۆتان دوور بگرن لە قسەی درۆ، گەورەترین قسەی درۆش بریتییە لە هاوبەش بۆ خوا دانان، ﴿ حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ ﴾، خۆتان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، ملکەچیی و بەندایەتیی خۆتان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، هاوبەش بۆ خوا دانەر مەبن، هیچ شتێ مەکەنە هاوبەشی، ﴿ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ ﴾، هەر کەسێک هاوبەش بۆ خوا دابنێ، ﴿ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ ﴾، وەک کەسێک وایە لە ئاسمانێ کەوتبێتە خوار و باڵندە

تێی ڕۆهاتبن (باڵندەی لاشە خۆر پڕیان دابێتێ) ﴿أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ﴾، یاخود با بیڕفێنێ بۆ شوێنێکی دووری قووڵ (بیباتە چاڵێکی قووڵەوە).

﴿ذَٰلِكَ﴾، ئەوەی کە باسکرا بەو شێوەیە، ڕوونە: ﴿وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ﴾، هەر کەسێک دروشمەکانی خوا ﷻ بە مەزن بگرێ، ئەوە لە پاریزکاریی دڵانەوەیە و تەقوای لە دڵدا هەیە.

﴿لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾، ئەو قوربانییانە کە دەیانهێنن سەریان ببڕن، هەتا کاتی دیاریکراو، سوود گەلی زۆریان تێدا هەیە، بۆ ئێوە، دەتوانن ئەگەر شیریان هەبوو، لە شیرەکەیان بەهرە وەربگرن، ئەگەر پشتیان هەبوو، دەتوانن بۆ بارو سوار بەکاریان بێنن، بە تایبەتی حوشتر، هەتا کاتی دیاریکراو، ﴿ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾، دوایی شوێنی دیاریکراویان بۆ تێدا سەربڕان، لایماڵی دێرینی خوایە، بەڵام مەرج نیە بیرێتە لای کەعبە، یانی: ئەو دەوروبەرەیە، ناوچەی حەرەم.

﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾، بۆ هەر کۆمەڵێک شوێنێکمان دیاریی کردوە، کە قوربانییەکانی تێدا سەر ببڕن، ناوی خوا بێنن لەسەر ئەو ئاژەڵە چوار پێیانەی پێمان داون، واتە: حوشترو ڕەشە وڵاخ و مەڕ و بزن، ناوی خوایان لەسەر بێنن و سەریان ببڕن، ﴿فَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ﴾، ئنجا پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە، [کە خوایە ﷻ] ﴿فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْ﴾، بەس بۆ وی ملکەچ بن، ﴿وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ﴾، موژدەش بدە بە ملکەچان و خۆ بە کەمگران لە بەرانبەر فەرمانی خوادا.

ئایا ئەوانە کێن؟

﴿ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ﴾، ئەوانەی کاتێک باسی خوا ﷻ دەکرێ، دڵیان ڕادەچڵەکێ، ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ﴾، هەروەها خۆڕاگران لەسەر ئەوەی کە تووشیان دێ، ﴿وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ﴾، دیسان بەرپاکەرانی نوێژ، ﴿وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ﴾، ئەوانەش کە لەوەی پێمان داون، دەبەخشن.

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞ ﴾، حوشترەکان (حوشترە قەڵەو و بەدەو و بە کەلەشەکان، دەشگونجێ مەبەست پێی ڕەشە وڵاخەکانیش بێ، بەپێی هەندێک بۆچوون) ئەوانەمان گێڕاون لە دروشمەکانی خوا، بۆ ئێوە سوودو بەرژەوەندیی زۆری دنیایی و دواڕۆژییان تێدایە، ﴿ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّ ﴾، ئنجا کاتێک بە ڕیز وەستاون، ناوی خوایان لەسەر بێنن و سەریان ببڕن بە پێوە، ﴿ فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا ﴾، ئنجا کاتێک تەنیشتیان کەوتنە زەوی (مردن و ژیانیان تێدا نەما دوای سەربڕان) ﴿ فَكُلُواْ مِنۡهَا ﴾، ئنجا لە گۆشتەکەیان بخۆن، ﴿ وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّ ﴾، هەروەها لە گۆشتی ئەو سەر بڕاوانە دەرخواردی کەسێک بدەن، کە بە داماویی داوا دەکات، یاخود کەسێک کە بەشەرمێکەوە تێیدەگەی داوا دەکات، بەشی هەردووکیانی لێ بدەن، واتە: سواڵکەرێکی ئاشکرا و، ئاتاجێک کە بە پەنهانیی داوا دەکات، ﴿ كَذَٰلِكَ سَخَّرۡنَٰهَا لَكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە بۆمان ڕام و دەستەمۆ کردوون، تاکو سوپاسگوزاریی بۆ خوا ئەنجام بدەن.

﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا ﴾، هەرگیز نە گۆشتەکەیان، نە خوێنەکەیان ناگاتە خوا ﷻ، ئەدی چی دەگاتە خوا ﷻ؟ ﴿ وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡ ﴾، بەڵکو تەقوا لە ئێوەوە دەگاتە خوا، واتە: ئەوەی خوا ﷻ جێی بایەخیەتی، بریتیە لەو تەقوایەی کە لە دڵ و دەروونتاندا هەیە و پاڵتان پێوە دەنێ، ئەو ئاژەڵانە سەر ببڕن، ئەگەرنا خوا ﷻ بەهرەمەند نابێ، نە لە گۆشتەکەی نە لە خوێنەکەی، ﴿ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمۡ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە (خوا) بۆ ئێوەی دەستەمۆ و ڕام کردوون (ئەو ئاژەڵانە) ئەگەر خوا ﷻ بۆی دەستەمۆ و ڕام نەکردبانایە، بە سەد پیاو بە حوشترێک ناوێرن، گایەک کە شێت دەبێ، خەڵک لەبەری ڕا دەکات، ﴿ لِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ ﴾، تاکو ئێوەش خوا ﷻ بە هۆی ئەوەوە، کە ڕێنمایی کردوون، بە گەورەی بگرن، ﴿ وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، موژدەش بدە بە چاکەکاران، (کە لە دنیاو دواڕۆژدا سەربەرزیی و پاداشتی مەزنیان هەیە).

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێبڕوایانی ڕێگریکار لەڕێی خواو لە مزگەوتی حەرام، چ خەڵکی نیشتەجێی دەوروبەری مزگەوتی حەرام و، چ خەڵکی غەوارەو دەرەکیی، کە لە مزگەوتی حەرامدا یەکسان کراون لەلایەن خواوە، ئەوانە دەیانەوێ ستەمکارانە لادانی تێدا بکەن، خوا ﷻ لە سزای بە ئێش و ژانیان پێ دەچێژێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٱلَّذِي جَعَلۡنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ (٢٥) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوان، بێبڕوان بەچی؟ بێبڕوان بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، هەروەک دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ، ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، ناوی عەلەمە بۆ نامسوڵمانان، هەروەک ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بۆتە ناوی عەلەم و ناوی ناسینەوە، بۆ ئەهلی ئیسلام.

٢)- ﴿ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، خۆیان، یان خەڵکی لادەدەن لەڕێی خوا ﷻ، چونکە (صَدَّ عَن سَبِيلِ الله)، دەگونجێ بە مانای (إمتَنَعَ)، واتە: لاملیی کرد لە ڕێی خوا، کە لێرەدا (صَدَّ)، کە کرداری ڕابردووە، لازیمە و پێویستیی بە بەرکار (**مفعول به**) ناکات، (صَدَّ عَن سَبِيلِ الله)، یانی: سەرپێچیی کرد لە ڕێی خوا ﷻ، هەروەک دەگونجێ بەکارخواز (**متعدِّي**) بێ،

﴿ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، کە لێرەدا ئەو واتایەیان بەهێزترە، واتە: ئەوانەی خەڵک لا دەدەن لە ڕێی خوا ﷻ، (يَمنَعُونَ الناس عَن سَبِيلِ الله)، ڕێی خواش ﷻ، یانی: ئیسلام دینداریی و مسوڵمانەتیی و خوا بە یەکگرتن، کێ لا دەدەن؟ بێگومان خەڵک لا دەدەن، بەڵام وەک زۆرجاران گوتومانە: هەر وشەیەک سیاقەکە بیگەیەنێ و بە عەقڵ و سەلیقە دیار بێ، خوای پەروەردگار نەیخستۆتە نێو فەرمایشتە بەهێز و پێزەکەی خۆیەوە.

ئنجا بۆیە وشەی (يَصُدُّونَ)، (النَّاس)ی بۆ زیاد نەکردوە، تاکو وێڕای مانای دووەم، مانای یەکەمیشیان بگەیەنێ، واتە: وێڕای خەڵك، خۆشیان لا دەدەن و سەرپێچیی دەکەن لە ڕێی خوا ﷻ و، لە مزگەوتی حەڕام دوور دەکەونەوە کە خوای تێدا بە پاک بگرن، بە یەک بگرن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بۆچی بە کرداری ئێستا (فعل المضارع) هێناویەتی؟ تاکو ئامادەی بکات لەبەر چاو و، ئەوەش بگەیەنێ کە ئەوە عادەت و پیشەیانە و بەردەوام ئەوە لە ژیانیاندا تازە دەبێتەوە.

٣)- ﴿ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ﴾، خەڵک لادەدەن لە مزگەوتی حەڕام، هەڵبەتە مزگەوتی حەڕامیش هەر لە نێو ڕێبازی خوا (سَبِيلِ الله) دایە، بەڵام بۆ زیاتر گرنگیی پێدان و، بۆ ئەوەی لەوێوەش لە باسی مزگەوتی حەڕامەوە، بگوازێتەوە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی کەعبە، لە لایەن ئیبراهیم ﵇ەوە، بە فەرمانی خوا.

ئنجا پێناسەی مزگەوتی حەڕام دەکات و دەفەرموێ:

٤)- ﴿ ٱلَّذِى جَعَلْنَٰهُ لِلنَّاسِ ﴾، کە ئێمە بۆ خەڵکیمان گێڕاوە، ئنجا ئەمە نیهاد (مُبْتَدأ)ە، ئەدی گوزارە (خَبَر)ەکەی چییە؟ یان: ئەوانەی بێبڕوان و خەڵک لادەدەن لەڕێی خواو لە مزگەوتی حەڕام، هەمووی نیهاد (مُبْتَدأ)ە و گوزارە (خَبَر)ەکەی، یان ئەوەیە کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾، لە ئازاری بەئێشی پێ دەچێژین، یان هەواڵ (خبر)ێکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە قرتێندراوە لەبەر ئەوەی عەقڵ و سەلیقە دەیزانێ، واتە: ئەوانەی وا دەکەن، شایستەی سزای بێ ڕەزای خوای کاربەجێن، ئنجا پێناسەی مزگەوتی

حەڕام دەكات و دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى جَعَلۡنَـٰهُ لِلنَّاسِ﴾، كە ئێمە بۆ خەڵكیمان گێڕاوە، چۆنی بۆ گێڕاون؟

٥)- ﴿سَوَآءً ٱلۡعَـٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِ﴾، چ ئەوەی نیشتەجێیە لەوێ، لەو دەوروبەرە لە سنووری حەرەمدا و، چ ئەوەی دەرەكییە، غەوارەیە و لە دەرەوە دێ، هەموویانی تێدا یەكسان كردوون، واتە: وەک یەک بەشیان پێوەی هەیە، كە بێن لەوێدا خوا ﷻ پەرستییەكان ئەنجام بدەن.

وشەی (سَوَاء) بە ﴿سَوَآءً﴾ و بە (سَوَاءٌ)، واتە: بە سەر (نصب) و بە بۆر (رفع)یش خوێنراوەتەوە، (باد)یش، هەم بە ژێر (كَسْر) خوێندراوەتەوە و، هەم بە (ي)ش، بە تایبەت ئەگەر لە سەری بوەستین (الباد)، (البادي)یش واتە: ئەو كەسەی كە لە (بادي)یە، لە بیابان و سارا، یاخود لە دەرەوەی شار نیشتەجێن، كە مەرج نیە، تەنیا مەبەست پێی بیابان و دەشت و سارا بێ، یانی: هەر كەسێ لە دەرەوەی ناوچەی حەرەم نیشتەجێیە و لە شوێنەكانی دیكەوە دێن، هەرچەندە زۆربەی زانایان بۆ وشەی (بادي) گوتوویانە: ئەو كەسەی بیابانشین (أَي سَاكِنُ البَادِيَة)ە، بەڵام پێم وایە (بادي) یانی: دەرەكیی، ئنجا با لە بیابانیش نەبێ، بۆ وێنە: خەڵک لێرەوە دەچێ و لە هەموو چوار تەرەفی دنیاوە خەڵک دەچێ بۆ وێ، ئنجا ئەوانەی لەوێن نیشتەجێن، پێیان دەگوترێ: (عَاكِف)، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوە دەچن، مەرج نیە تەنیا هی بیابان و دەشت بن، بەڵكو هەر كەس لە دەرەوە دێ، واتە: دەرەكیی و غەوارە، هەموویان وشەی (بادي) دەیانگرێتەوە، ئنجا هەموویان لەوێدا یەكسانن، خەڵكی ئەوێ و هی دەرەكیی و غەوارە.

٦)- ﴿وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٍ﴾، هەر كەسێک بیەوێ لادان بكات بە ستەم لەوێدا، لە مزگەوتی حەڕام دا.

٧)- ﴿نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، ئەوەی پێشێ هەمووی نیهاد (مُبْتَدأ) بوو، گوزارە (خَبَر)ەكەی ئەوەیە لە سزای بە ئێشی پێ دەچێژین.

وشەی (إلحاد)یش پێشتر باسمانکرد، یانی: لادان، لادان لە ڕاستە شەقام، لادان لە هەڵوێستی ڕاست، ئەو (ب)یەی کە خراوەتە سەر: ﴿ بِإِلْحَادٍ ﴾، زیاد کراوە، لە ئەسڵدا ئاوایە (وَمَن یُرِد فِیهِ إلحاداً)، هەر کەسێک لەوێدا بیەوێ لادان بکات، بەڵام بۆچی (ب)ی خراوەتە سەر؟ چونکە ماناکەی تۆختر دەکاتەوە.

هەروەها وشەی ﴿ بِظُلْمٍ ﴾، ﴿ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ ﴾، یانی: (وَمَن یُرِد فِیهِ إلحَاداً ظُلْماً)، هەر کەس بیەوێ لادانی تێدا بکات لە حاڵێکدا کە ستەم دەکات، ئەمیش دیسان (ب)ی تێکەڵیی (ملابسة)یە، یانی: لە کاتێکدا و لە حاڵێکدا کە خۆی ئاوێتە کردوە لەگەڵ ستەمدا، بۆیە دەیەوێ لادان بکات، ئنجا کەسی وا سزای بە ئازاری پێ دەچێژین، چونکە لە ڕاستیی دا کەسێک بیەوێ لادان و تاوان و خراپە بکات، لە چوارچێوەی مزگەوتی حەرام و دەوروبەری مزگەوتی حەرامدا، لە حەرەمدا، ستەم دەکات و، ستەمکارانە ئەوە دەکات.

زانایان گوتوویانە: خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ ﴾، هەر کەسێک بیەوێ لەوێدا ستەمکارانە، لادان بکات، ئێمە سزای پێ دەچێژین، هەر کەسێ بیەوێ و، هەر نیەتی هەبێ، ئەوە سزایەتی، چ جای بە کردەوە بیکات! لە زۆربەی تەفسیرەکاندا لێرەدا مەسەلەیەکی فیقهیی وروژێنراوە: ئایا دروستە خانووەکانی مەککە لە سنووری حەرەم دا، خەڵک و خاوەنەکانیان بیانفرۆشن و بە کرێیان بدەن و، خەڵکی دیکە بیانکڕێ یان بە کرێیان بگرێ؟

هەندێک گوتوویانە: نەخێر دروست نیە، کاتی خۆی ئەو مەسەلە فیقهییە بووە، بەڵام ئێستا پێم وانیە کەس ئەوە باس بکات، چونکە ئێستا خەڵکی مەککە بە تەئکید خانووەکان هی خۆیانن و، بۆیان هەیە بیانفرۆشن و بە کرێیان بدەن، کاتی خۆی خەڵک کەم بووە و خەڵکی مەککەش ڕەنگە پێیان عەیب بووبێ، بە کرێیان بدەن و بیانفرۆشن، وەک چۆن ئێستاش لە هەندێک شارۆچکەی هەرێمی کوردستاندا ئوتێلی لێ نیە، خەڵکەکە پێیان عەیبە و دەڵێن:

چۆن دەبێ ئێمە ماڵمان هەبێ و میوان بچێ بۆ ئوتێل؟ ئەوانەش ماڵەکانی خۆیانیان چۆڵکردوون بۆ ئەو حاجیانەی هاتوون و دەرفەتیان داوە لێیان بەهرەمەند بن، بەڵام بە تەئکید ئێستا ئەو چەند ملیۆن خەڵکەی دەچن بۆ سنووری ناوچەی حەرەم و مەککە، ناگونجێ ئەو خەڵکە لەو ماڵانەدا بحەوێنەوە و لە هوتێلەکانیشدا بە زەحمەت دەحەوێنەوە و، خەڵکێکی زۆریش لە دەرەوەی هوتێلەکان و، لە دەشت و دەر و لە نێو مزگەوت و لە کووچەو کۆڵانەکان دەبن، چونکە پارەیان نیە، کرێی ئوتێلی بدەن، بەڵام ئەو مەسەلەیەی کاتی خۆی لە هەندێ تەفسیرەکاندا باسکراو، وەک (**محمد الطاهر بن عاشور**) دەڵێ: لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پەیوەست نیە، بەم ئایەتە موبارەکەوە، ئەم ئایەتە کەم و زۆر ئەوە ناگەیەنێ، ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵکی ئەوێ کاتی خۆی موشریک و بتپەرست بوون و، ئەهلی ئیسلام و ئەهلی تەوحیدیان مەنع کردوە، لەوەی بێن خوا پەرستیی بکەن و، خوا پەرستییەکانی حەج و عومرە، لەوێ ئەنجام بدەن، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: خەڵکی نیشتەجێی ئەوێ و، خەڵکی غەوارەو دەرەکیی تێیدا یەکسانن، یانی: خەڵکی ئەوێ بۆیان نیە، خەڵکەکەی دیکە بە بیانووی ئەوە کە ئەهلی تەوحیدن و بت ناپەرستن، ڕێگرییان لێ بکەن، لەوەی خواپەرستییەکانی حەج و عومرە، لە دەوری کەعبەو مزگەوتی حەرام، ئەنجام بدەن.

مەسەلەی دووەم:

دیاریکرانی شوێنی کەعبە لەلایەن خواوە ﷻ بۆ ئیبراهیم ﷺ و، فەرمان پێکرانی ئیبڕاهیم بە پاک ڕاگرتنی کەعبە، بۆ تەوافکاران و نوێژکاران و، ڕکووعبەران و کڕنووش بەران و، فەرمان پێکرانی بە جاڕدان بە نێو خەڵکدا بۆ هاتنیان بۆ حەج و عومرە، کە بە هەر شێوەیەک بووە، بە پێڕۆ و یاخود بە سواریی و، بە هەر ئامڕازێک خۆیان بگەیەننە ئەو شوێنەی خوا پەرستییەکانی حەج و عومرەیان تێدا ئەنجام دەدرێن، تاکو بەهرەمەند بن و، ناوی خواش لەسەر ئاژەڵەکانیان بێنن و، سەریان ببڕن و، بەشی بابای هەژاری داماو و بێ دەرەتانیشی لێ بدەن لە گۆشتەکەیان و، دواییش چڵک و چەپەری خۆیان لابەرن و، قوربانییەکانیان سەر ببڕن و، تەوافی ئەو ماڵە دێرینەی خوای پەروەردگار بکەن (حەوت جاران بە دەوریی دا بسووڕێنەوە):

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِى شَيْـًٔا وَطَهِّرْ بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ (٢٦) وَأَذِّن فِى ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ (٢٧) لِّيَشْهَدُوا۟ مَنَٰفِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ فِىٓ أَيَّامٍ مَّعْلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ فَكُلُوا۟ مِنْهَا وَأَطْعِمُوا۟ ٱلْبَآئِسَ ٱلْفَقِيرَ (٢٨) ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ (٢٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە (١٤) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلْبَيْتِ ﴾، یاد بکەوە! کاتێک ئێمە شوێنی ماڵمان (شوێنی ئەو ماڵە دێرینە کە کەعبەیە)، بۆ ئیبڕاهیم دیارییکرد، ئامادە کرد.

﴿ بَوَّأْنَا ﴾، بە مانای (هَيَّأنا)، ئامادەمان کرد، (سَوَّينا) ڕێکمانخست و سازمان کرد بۆ نیشتەجێ کردن، وشەی ﴿ ٱلْبَيْتِ ﴾، (ال)ەکە بۆ ناساندنە و

مەبەست پێی عەهدە، واتە: ماڵەکە، ئەو ماڵە تایبەت و دیاریکراوەی خوا ﷻ کە دەزانـدرێ کامەیە، ئەو ماڵی خوایەی، یەکەم ماڵ و یەکەم پەرستگا بووە، لەسەر زەوی بنیات نراوە، بە دەستی ئیبراهیم ﵇ کە پێشتر بە تەفسیل لە تەفسیری سوورەتی ئیبراهیمدا باسمانکرد، خوا ﷻ لە سوورەتی (آل عمران)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ ﴿٩٦﴾ ﴾، یەکەمین ماڵێک، پەرستگایەک، بۆ خەڵک لەسەر زەویی داندراوە، ئەوەیە کە لە مەککەیە، بەککەو مەککە هەر یەکن.

٢)- ﴿ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا ﴾، کە هیچ شتێك مەکە هاوبەشم، یانی: (قائِلِينَ لَهُ)، پێشمان فەرموو، یان: فەرمانمان پێ کرد: (آمِرِينَ بِهِ أَنْ لَا تُشْرِكْ بِي شَيْئاً)، بەڵام ئەم (قائِلِينَ)یان (ءَامِرِينَ)ی نەهێناوە، چونکە بە سیاق و سەلیقە دیارە، پێشمان ڕاگەیاند، فەرمانمان پێکرد: هیچ شتێک مەکە هاوبەشی من، خوا ﷻ کە ئاوا بە ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ، مەبەست سەرزەنشتکردنی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، ئەگەرنا ئیبراهیم ﵇ خاوەنی خوا بە یەکگرتنێکی ڕەها بووە.

٣)- ﴿ وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ ﴾، ماڵەکەشم پاک بکەوە، پاکی ڕابگرە، بۆ تەوافکەران و ڕاوەستاوان و ڕکووعبەران و کڕنووشبەران، واتە: فەرمانمان پێکرد، کە ئەو ماڵە دروست بکات و، دوایش کە دروستی کرد، پاکی ڕابگرێ، لەوە کە شتی پیس و پۆخەڵی تێدا بێ، یان ڕواڵەت و دیاردەکانی شیرکی تێدا بن، وەک پەیکەر و وێنەکانی بت و صەنەمەکان، کە لێرەدا ﴿ وَطَهِّرْ بَيْتِيَ ﴾، ماڵەکەی من پاک بکەوە، پاکی ڕابگرە، هەم پاک ڕاگرتنی ماددیی دەگرێتەوە، هەم پاک ڕاگرتنی مەعنەوییش، پاکڕاگرتنی ماددیی ئەوەیە کە شتی پیس و پۆخەڵ و شتی بۆن ناخۆش و ئەوانەی لێ نەبێ و، پاکڕاگرتنی مەعنەوییش یانی: بتەکان و پەیکەر و وێنەی بتانی لێ نەبن، هەروەها وشەی شیرکی تێدا نەگوترێ، ئنجا بۆ کێ؟

١- بۆ تەوافکەران (الطائفين) کە دوایی باسی تەواف دەکەین، سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا، کە حەوت جارە، چۆن دەبێ؟

٢- ڕاوەستاوان ﴿وَٱلۡقَآئِمِينَ﴾، یانی: ئەوانەی کە ڕوو بە کەعبە ڕادەوەستن و، دەپاڕێنەوە، یاخود ئەوانەی کە ڕوو بە کەعبە نوێژ دەکەن، بە پێوە، چونکە پایەی گەورەو گرنگی نوێژ بریتیە: لە ڕاوەستان **(قیام)**، کە سووڕەتی **(فاتیحة)** و، قوڕئانی دیکەی تێدا دەخوێنرێ.

٣و٤- چەماوان و کڕنووشبەران ﴿وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ﴾، ﴿وَٱلرُّكَّعِ﴾، کۆی **(رَاكِع)**ە، یانی: چەماوەی ﴿ٱلسُّجُودِ﴾یش، کۆی **(ساجد)**ە، واتە: کڕنووشبەر، **(سجود)** کۆی **(ساجد)**ە، وەك **(ركوع)** و **(قعود)**، کۆی **(راكع)** و **(قاعد)**ن.

یانی: ئەو ماڵە، هەم بۆ ئەوانەی تەواف بە دەوردا دەکەن، هەم بۆ ئەوانەی نوێژی تێدا دەکەن، هەم بۆ ئەوانەی ڕکووعی تێدا بۆ خوا دەبەن و سەجدەی تێدا دەبەن، کە بە تەئکید ڕاوەستان و ڕکووع بردن و سەجدە بردن، بە هەموویان نوێژ پێک دێنن، بەڵام بۆیە خوا ﷻ بە تایبەت باسیان دەکات، تاکو بزانین ئەو سێیەیان: ڕاوەستان لە نوێژدا و، ڕکووع بردن و، سەجدە بردن، سێ پێکهێنەری گرنگ و زۆر سەرەکیی نوێژن و، ئەو پەڕی بەندایەتیی مرۆڤ بۆ خوا ﷻ لەو سێ حاڵەتەدا، بەرجەستە دەبێ:

أ- لە بەرانبەر ماڵی خوادا، بە ملکەچیی ڕاوەستان: ﴿...وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ٢٣٨﴾البقرة.

ب- ڕکووع بردن و چەمانەوە.

ج- کڕنووش بردن، کە ئەو پەڕی ملکەچیی و زەبوونیی مرۆڤە لە بەرانبەر پەروەردگار و خاوەنی خۆی دا، کە دیارە کاتێک مرۆڤ ئەو پەڕی ملکەچیی بۆ خوا پێشان دەدات، ئەو پەڕی سەربەرزیشی دەبێ، لە بەرانبەر غەیری خوادا، وەک: **(محمَّد إقبال)** دەڵێ: **(وَسَجدَةٌ لِلّٰهِ الأَحَدِ تُنجِيكَ مِن أَلفِ سَجدَةٍ لِلعَبِيدِ)**، یانی: کڕنووش بردنێک بۆ خوای یەکانەی تاک، دەربازت دەکات لە هەزاران کڕنووش بردن بۆ بەندەکان، بۆ مرۆڤەکان.

٤)- ﴿وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ﴾، هەروەها پێمان فەرموو، فەرمانمان پێ کرد: بە نێو خەڵکدا جاڕ بدە بۆ حەج، **(التَّأذِينُ: رَفْعُ الصَّوْتِ بِالإعْلاَمِ بِشَيءٍ)**، **(تَأذِين)** بریتیە لە دەنگ بەرزکردنەوە بە جاڕدان بە شتێک، بە نێو خەڵک دا جاڕ بدە، بێن بۆ حەج، بەڵام چۆن بێن؟

٥)- ﴿ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، بەپێرۆ بێن و، بە سواری هەر وڵاخێکی لەڕ و لاواز، یاخود: هەر وڵاخێک کە لەبەر زۆر ڕۆیشتن، سکی بە پشتیەوە نووساوەتەوە، واتە: کەم گۆشت و بێ ورگ، ئنجا لە کوێوە بێن؟

٦)- ﴿ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾، لە هەر ڕێیەکی دوور و قووڵەوە بێن، (فَجّ): (الشَّقُّ بَيْنَ جَبَلَين)، دابڕاوایی نێوان دوو چیایانە، شیو و دۆڵ (عَمِيق)یش، واتە: قووڵ، مەبەست پێی ڕێی دوورە، یاخود: لە شوێنی پڕ چیا و چۆڵەوە، کە دۆڵ و شیوی قووڵ دەکەونە نێوان چیا بەرزەکانەوە، با بێن، کە ئەو شوێنەی مەککەی لێیە، بیابانە، واتە: لە شوێنە دوورەکانەوە کە خاوەن ڕێی دوورن، با بێن.

سێ وشە هەن:

أ- (أَذِنَ) واتە: (سَمِعَ)، گوێی لێ بوو.

ب- (آذَنَ: أي أعلَمَ، وَأخبَرَ)، هەواڵی پێدا و ئاگاداری کردەوە.

ج- (وَأَذَّنَ: أي: أعلَمَ، وَأعْلَنَ)، ئاگاداری کردەوە و جاڕی دا و ئاشکرای کرد.

کە دەفەرموێ: ﴿ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾، بۆچی نەیفەرموە: (يَأتونَ)؟ خەڵکەکە بابێن لە هەر شیو و دۆڵێکی قووڵەوە، یان لە هەر ڕێیەکی دوورەوە؟ چونکە ﴿ يَأْتِينَ ﴾، سیفەتە بۆ ﴿ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، (ضَامِر)یش، وڵاخێکە کە پشتی بە سکییەوە نووسا بێتەوە و، یاخود کەم گۆشت، ئنجا ﴿ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، هەر وڵاخێک، ئەوە دەبێتە کۆ و وشەی: ﴿ يَأْتِينَ ﴾ی بۆ بەکارهێنراوە، یاخود ﴿ يَأْتِينَ ﴾، سیفەت نیە بۆ ﴿ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، بەڵکو حاڵە (حاڵێکی دووەمینە) بۆ ڕاناوی کۆ، کە دەفەرموێ: ﴿ يَأْتُوكَ ﴾، ﴿ يَأْتُوكَ ﴾، خەڵکەکە با بێن، ﴿ رِجَالًا ﴾، بە پێڕۆ، کە (رِجَال)، کۆی (رَاجِل)ە، واتە: پێڕۆ، پیادە، ﴿ وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ ﴾، هەروەها بە سواریی، ئنجا ئەمە حاڵی دووەمە لە ﴿ يَأْتُوكَ ﴾، بەڵام بۆیە نیشانەی مێینەی لەسەرە ﴿ يَأْتِينَ ﴾، چونکە خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ دێن، کۆمەڵ (جماعة)ش مێینەی مەجازییە، وەک گوتراوە: (كُلُّ جَمْعٍ مُؤَنَّثٌ)، یانی: (يَأتوكَ جَمَاعَاتٍ)، کۆمەڵ کۆمەڵ با بێن، ئنجا بۆچی بێن؟

٧)- ﴿ لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ ﴾، تاكو ئامادەی سوودگەلێک بن بۆ خۆیان.

٨)- ﴿ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ ﴾، له ڕۆژانێكی زانراودا، كه ڕۆژانی تێدا ئەنجامدرانی خوا پەرستییەكانی حەجن، ﴿ لِّيَشۡهَدُواْ ﴾، (أَي: لِيَحضَرُوا)، ئاماده بن لەوێدا، یان (لیرَوا) تاكو ببینن، وشەی ﴿ مَنَٰفِعَ ﴾، به نەزانراو (نكرة) هاتوه، بۆ به مەزنگرتن، واته: سوود گەلێكی زۆر گەوره، هەم سوود گەلی مەعنەویی، هەم ماددیی، هەم هی تاكیی، هەم هی به كۆمەڵ، ئنجا ئایا ﴿ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ ﴾، ڕۆژانێكی زانراو، مەبەست پێیان چییه و چ ڕۆژانێكن؟

لەو بارەوە چەند دەقێك دێنین:

یەكەم: {عَنْ ابنِ عَبّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا قَالَ: الأَيّامُ المَعلُومات: أَيّامُ العَشْرِ، وَعَلَّقَهُ البُخارِيُّ عَنهُ بِصِيغَةِ الجَزْم بَهِ، وَرُوِيَ مِثْلُهُ عَن أَبِي موسى الأَشعَرِيِّ وَمُجاهِد وَقَتادَة وَعَطَاء وَابْنُ جُبَير وَالحَسَن وَالضَّحّاك وَعَطَاءِ الخُراسانِي وَ إِبراهِيم النَّخَعِي}[1].

واتـه: عەبدوڵـڵای كـوڕی عەبباس (خـوا لێیان ڕازیبـێ)، گوتوویـەتی: (**الأَيّـامُ المَعلُومات: أَلأَيّـامُ العَـشرِ**)، ڕۆژه زانـراوەكان، ڕۆژی ده شـەوەكانن، واتـه: كـه خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلۡفَجۡرِ ﴿١﴾ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ﴿٢﴾ ﴾الفجـر، ڕۆژی ده شـەوەكان كـه ڕۆژانی سـەرەتای مانگـی (**ذِا الحِجَّـة**)ن، لـه یەكـەوه تاكـو ده (١٠)، گوتوویـەتی: مەبەسـت پێـی ئـەو ده ڕۆژانـەن، كـه زۆربـەی خـوا پەرسـتییەكانی حـەج لـەو ده ڕۆژانـەدان، كـه لـه هەشـتەمەوه دەسـت پـێ دەكـەن، لـه (**یَـومُ التَّروِیـة**)ەوه، تاكـو ڕاوەسـتان لـه عەرەفـات و، دوایـی ڕۆژی دەیەمیـش، زۆر لـه خواپەرسـتییەكان لـەو ڕۆژەدا ئەنجـام دەدرێـن:

١- هەم ورده بەرد هاویشتنی جەمرەی گەوره.

٢- هەم سەری خۆ تاشین یان كورت كردنەوه.

٣- پاشان قوربانیی سەربڕین.

٤- دوایی تەواف (إفاضَة) یان تەوافیی پایە.

٥- ئیحرام شکاندنی گچکە.

ئەوانە هەموویان لەو ڕۆژەدا ئەنجام دەدرێن.

دووەم: **{عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَا مِنْ أَيَّامٍ أَعْظَم عِنْدَ الله وَلا أَحَبُّ إِلَيْهِ فِيهِنَّ الْعَمَلُ مِنْ هَذِهِ الأَيَّامِ: عَشْرِ ذِي الحجة «أَوْ قَالَ: الْعَشْرُ» فَأَكْثِرُوا فِيهِنَّ من التَّهْلِيلَ والتسبيح ، وَالتَّكْبِيرَ وَالتَّحْمِيدَ}**[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هیچ ڕۆژانێک نین کردەوە لە لای خوا تێیاندا مەزنتر بێ و بۆ لای خوا خۆشەویستتر بێ، لەو ڕۆژانە [دە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی (**ذي الحجة**)]، ئەو ڕۆژانەی کە بە دوای ئەو دە شەوانەدا دێن، بۆیە زۆریان تەهلیل و تەکبیرو تەحمید تێدا بکەن، واتە: زۆر (**لَا إلـه إلاَّ الله، أَللهُ أَكْبَر، الحَمدُ لله**)، لەو ڕۆژانەدا بکەن.

هەروەها بوخاریی گێڕاویەتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو ئەبوو هورەیرە (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەچوونە بازاڕ لەو دە (١٠) ڕۆژانەدا و، (**أَللهُ أَكْبَر**)یان دەکردو، خەڵکیش لەگەڵ ئەواندا (**أَللهُ أَكْبَر**)ی دەکرد.

ئەویش بە چەند شێوەیەک هاتوە، یەکێک لە صیغەکانی ئەو (**أَللهُ أَكْبَر**) گوتنانە کە لە ڕۆژی دەیەمی زیلحیججەو سێ ڕۆژەکەی دوایی دا کە پێیان دەگوترێ: (**أَيَّامُ التَّشرِيق**) دەکرێ، ئەمەیە: (**أَللهُ أَكْبَرُ، أَللهُ أَكْبَرُ، أَللهُ أَكْبَرُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ وَلِلهِ الْحَمْدُ**).

---

[1] (١) حديث ابن عمر: أخرجه أحمد: ٥٤٤٦، والبيهقي في شعب الإيمان: ٣٧٥١، وحديث ابن عباس: أخرجه الطبراني في الكبير: ١١١١٦، قال الهيثمي: رجاله رجال الصحيح .. وَقَالَ البُخَارِيُّ: (كَانَ ابنُ عُمَرَ، وَأَبُو هُرَيرَة يَخرُجَانِ إلى السُّوقِ في أَيَّامِ العَشرِ فَيُكَبِّرَانِ وَيُكَبِّرُ النَّاسُ بتَكبِيرِهِما)

سێیەم: **{عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﷺ، قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ صِيَامِ يَوْمِ عَرَفَةَ؟ فَقَالَ: أَحتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ المَاضِيَةَ وَالآتِيَةَ} (أخرجه مسلم: ٨١٩).**

واتە: ئەبوو قەتادە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرا لە بارەی بە ڕۆژوو بوون لە ڕۆژی عەرەفەدا، واتە: ڕۆژی نۆیەمی (**ذي الحِجَّة**)، {بۆ غەیری ئەوانەی کە لە حەجن، ئەگەرنا بۆ بابای حاجی، سوننەت نیە، بە ڕۆژوو بێ، چونکە دەبێ لەو ڕۆژەدا زۆر بپاڕێتەوەو بلاڵێتەوەو بکڕووزێتەوە، بۆیە تاقەتی هەبێ و بەڕۆژوو نەبێ باشە، بەڵام بۆ غەیری حەجکەران، لێپرسراوە لە خێرو پاداشتی بە ڕۆژوو بوون لەو ڕۆژەدا} فەرموویەتی: لە لای خوا ﷻ وا حیساب دەکەم، کە گوناهی ساڵی ڕابردوو و ساڵی داهاتوو بسڕێتەوە {لەو کەسەی کە تێیدا بە ڕۆژوو دەبێ}.

٩)- ﴿وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾، ئەو خەڵکە جاڕیان بۆ بدە، بێن بۆ سەردان و حەجی ماڵی خوا، سوود گەلێکی زۆر ببینن و، وێڕای ئەوەش ناوی خوا لەسەر ئەو ئاژەڵانە (ئەو وڵساتە) بێنن، کە پێمان داون، واتە: لە کاتی سەر بڕینیاندا ناوی خوایان لەسەر بێنن.

وشەی ﴿بَهِيمَةِ﴾، بە کوردیی یانی: بە بەستەزمان، یان وڵسات و چوار پێ، ﴿ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾یش، بەو چوارە دەگوترێ: حوشتر و ڕەشە وڵاخ و مەڕ و بزن، بەڵام وشەی ﴿بَهِيمَةِ﴾، واتاکەی فراوانترە لەو چوارانەش، بۆیە وشەی ﴿بَهِيمَةِ﴾، (الأنعام)ی پاڵدراوەتەلا: ﴿بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾، تاکو بزانرێ کە مەبەست پێی ئەو چوارەیە، بە شێوەکی سەرەکیی.

١٠)- ﴿فَكُلُواْ مِنۡهَا﴾، دوای ئەوەی ناوی خواتان لەسەر هێنان و سەرتان بڕین، لێیان بخۆن، واتە: لە گۆشتەکەیان بخۆن، لەو بارەشەوە ئەمە گێردراوەتەوە: **{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ نَحَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي الْحَجِّ مِائَةَ بَدَنَةٍ، نَحَرَ بِيَدِهِ مِنْهَا سِتِّينَ، وَأَمَرَ بِبَقِيَّتِهَا فَنُحِرَتْ، وَأَخَذَ مِنْ كُلِّ بَدَنَةٍ بَضْعَةً فَجُمِعَتْ فِي قِدْرٍ، فَأَكَلَ مِنْهَا وَحَسَا مِنْ مَرَقِهَا، وَنَحَرَ يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ} أخرجه أحمد: ٢٨٨٢، تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده ضعيف.**

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەد (١٠٠) حوشتری سەر بڕین، شەست دانە خۆی و چلیش بەفەرمانی وی و، فەرمانی کرد لە هەر حوشترێک کە سەری بڕیوە، پارچە گۆشتێکی لێ بکەنەوە و بکوڵێنرێ، ئنجا لە گۆشتەکەی خوارد و، دوایی لە گۆشتاوەکەشی خواردەوەو سەری بڕی لە ڕۆژی حودەیبییەدا.

هەر لەوبارەوە ئەم شوێنەوارەش هاتوە: [عَنْ مُجاهِد: ﴿ فَكُلُوا۟ مِنْهَا ﴾، قَالَ: هِيَ كَقَوْلِهِ، ﴿ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟...(٢) ﴾المائدة، ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ...(١٠) ﴾الجمعة](١) کە ئەمە ڕای بژاردەی (إبن جرير الطَبري)یە.

واتە: موجاهید گوتوویەتی: ئەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُوا۟ مِنْهَا ﴾، لێی بخۆن، [لە گۆشتی ئەو ئاژەڵانە کە بۆ خوا ﷻ سەرتان بڕیون، لە قوربانییەکان بخۆن] دەڵێ: وەک فەرمایشتی خوایە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟...(٢) ﴾المائدة، واتە: هەر کاتێ ئیحرامتان شکاند، ڕاو و شکار بکەن، هەروەها وەک فەرمانی خوایە کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ...(١٠) ﴾الجمعة، واتە: هەر کاتێک نوێژ تەواو بوو (نوێژی جومعە)، بە زەوی دا بڕۆن و لە بژیوی خوا داوا بکەن، کارو کاسبیی بکەن، کە بە تەنکید نە ڕاو و شکار واجبە لە دوای ئیحرام شکاندن و، نە بازرگانیی کردن و کار و کاسبیی کردن واجبە، لە دوای نوێژی جومعە، کەواتە: ئەو دوو فەرمانە پێیان دەگوترێ، لێرەدا فەرمان بۆ ڕەواییە، چونکە پێشێ لێیان قەدەغەیە، هەتا ئیحرامیان بەستوە، لێیان قەدەغەیە ڕاو و شکار بکەن و، هەتا لە کاتی نوێژی جومعە دان، لێیان قەدەغەیە بازرگانیی و مامەڵە بکەن.

بۆیە زانایان دەڵێن: هەر فەرمانێک لە دوای قەدەغە، زیاتر مانای ڕەوا (مباح) بوون دەگەیەنێ، کەواتە: لەوێش کە دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُوا۟ مِنْهَا ﴾، لێ خواردنیان فەرز نیە و مەبەست پێی ڕەوا (مباح) بوونی لێخواردنیانە.

١١)- ﴿ وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ﴾، هەروەها لە گۆشتەکەیان دەرخواردی هەژاری داماو بدەن، بەڵام پێدانی گۆشتەکەیان بە هەژار و داماویش پێویست نیە، بەڵکو هەردووکیان هەم لێ خواردنەکە و، هەم خێر و چاکە کردنەکە، ڕەوان و، دەبێ بەڵگەی دیکە هەبێ لەسەر ئەوە کە هەرکامیان ئایا واجبە، یان هەر لەسەر حاڵەتی ڕەوایی خۆی دەمێنێتەوە، یاخود سنوورێکی میانجیی هەیە، کە سوننەتەو شتێکی پەسندە، ئەگەر لێی بخورێ و گۆشتەکەی بەشی خەڵکی لێ بدرێ؟ هەڵبەتە لەو بارەوە وردەکاریی زیاتر هەیە، کە دوایی باسی دەکەین، زانایانیش لەو بارەوە ڕاجیاییان هەیە.

بەڵام وا پێدەچێ کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ﴾، هەم لێی بخۆن و، هەم بەشی هەژاری داماو و بێ دەرەتانی لێ بدەن، وا پێدەچێ کە ئەمە بەلای کەمەوە سوننەت و پەسند بێ، وێرای ئەوەی ڕەواشە، بەڵام بۆیە بەو تەعبیرە هاتوە، چونکە کافرەکان عادەتیان وابووە، لێیان نەخواردوە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: لێی بخۆن، ئەوان پێیان وابووە کە نابێ لێی بخورێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: لێشی بخۆن و بەشی هەژارانیشی لێ بدەن، ئنجا ئەم دەربڕینە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بیرو بۆچوونە هەڵەیەی ئەوانە.

(**البَائسُ: الَّذِي أَصَابَهُ البؤسُ**)، کەسێک کە داماویی و مەینەتیی بەسەر هاتوە، بەهۆی هەژارییەوە، ئنجا لە تەفسیرەکاندا هاتوە: (**ذِكرُ البائِسِ الفَقِيرِ لِتَرقِيقِ قُلُوبِ النَّاس**)، کە دەفەرموێ: (**الفَقِيرِ**) یانی: هەژار، (**بائِسِ**)یش، یانی: داماو بێ دەرەتان، ئنجا کە هەردووکیان پێکەوە باسکراون، بۆ دڵ نەرمکردنی خەڵکە، یانی: بەزەییتان پێیان دابێ، ئەها چەند داماو و بێ دەرەتانن، هیچ شک نابەن بیخۆن!!

١٢)- ﴿ ثُمَّ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ ﴾، دوایی با چڵک و چەپەری خۆیان لابەرن، پێشەوا (**طبري**) لە تەفسیرەکەی دا(١) ئەم دەقە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دێنێ، بۆ تەفسیری: ﴿ لۡيَقۡضُواْ تَفَثَهُمۡ ﴾، {**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا، قَالَ: هُوَ وَضْعُ الإِحْرَامِ، وَحَلْقُ الرَّأْسِ، وَلَبْسُ الثِّيَابِ، وَقَصُّ الأَظَافِرِ، وَنَحوِ ذَلِك**}.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: ﴿لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ﴾، (تَفَث) بریتیە لە لابردنی پۆشاکیی ئیحرام (ئەو دوو پارچە قوماشە) و، سەری خۆ تاشین و، پۆشینی پۆشاکی ئاسایی و، نینۆک کردن و وێنەی ئەوانە، کە پێشتر ئەوانەیان هەموو لێ قەدەغە بوون.

چونکە هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: ﴿لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ﴾، واتە: با خوا پەرستییەکان ئەنجام بدەن، بەڵام لە ڕاستییدا وشەی (تَفَثْ)، بە نینۆک و چڵک و چەپەر و ئەوانە زیاتر دەگوترێ، (أي: لِيُزِيلُوا وَسْخَهُم، وَأَصْلُ التَّفَثِ وَسْخُ الأذنِ)، واتە: با چڵک و چەپەری خۆیان لابەرن، کە پێشتر بەهۆی ئەوەوە کە نەدەبوو بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن و، نەدەبوو مووی خۆیان و نینۆکی خۆیان لابەرن، وا بکەن کە خزمەتی جەستەیان بکەن، بۆیە چڵک و چەپەریان لێ کۆبۆتەوە، هەروەها بەهۆی قەڵەباڵغیی و هاتن و چوون لە نێو ئەو خەڵکە و حەشاماتەدا، وشەی (تَفَث)یش بە چڵکی گوێ، دەگوترێ.

هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: (تَفَث)، یانی: کردەوەکانی حەج، کە (**محمد الطاهر بن عاشور**) ئەو ڕایەی زاڵکردوە، بەڵام لە ڕاستییدا، ڕا زاڵ کردنەکەی بێ هێزە، چونکە هەم لە زمانی عەرەبییدا، وشەی (تَفَث) زیاتر بە مانای چڵک و چەپەر هاتوە و، بە پێی سیاقیش دوای قوربانیی سەر بڕین و، دوای ئەو خوا پەرستییانە، ئنجا ئیحرام شکاندنی یەکەم (**التَّحَلُّل الأصغَر**)، دێتە پێشێ، بۆیە: ﴿لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ﴾، زیاتر ئەوە دەگەیەنێ.

١٣)- ﴿وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ﴾، هەروەها ئەو ئاژەڵانەی لەسەر خۆیانیان نەزر کردوون، با وەفایان پێ بکەن و، جێبەجێی بکەن، سەریان ببڕن.

وشەی (نَذر)، بریتیە لە خۆ پابەند کردن بە خوا پەرستییەکەوە کە دەتەوێ لە خوای بەرزت نیزیک بکاتەوە و، لەسەریشت پێویست نیە، بەڵام ببیبەستیەوە بە شتێکەوە کە پێت خۆش بێ، ئەو شتەت بۆ پەیدا بێ، یاخود نەشیبەستیەوە.

بۆ وێنە: کەسێک دەڵێ: خوایە! دە (١٠) ڕۆژووم لەسەر نەزر بێ، ئەگەر فڵان شتە ببێ، یان فڵان نەخۆشە چاک ببێ، یاخود بۆ خۆ لە خوا نزیک خستنەوە، دەڵێ: خوایە! ئەوەم لەسەر نەزر بێ، بۆ ئەوەی خۆی زیاتر لە خوا نزیک بخاتەوە، دەشگونجێ بە شتێکی واوە نەبەسترێتەوە.

١٤)- ﴿وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾، هەروەها با تەوافی ماڵی کۆن بکەن.

ماڵی کۆنی خوا، ماڵی دێرینی خوا، مەبەست پێی کەعبەیە.

ڕستەی ﴿وَلۡيُوفُواْ نُذُورَهُمۡ﴾، خوێندراویشەتەوە: (وَلیُوَفُّوا نُذُورَهُم).

وشەی (عَتِیق)، هەم بە مانای ئازاد دێ، کە نەکەوتبێتە ژێر ڕکێفی خەڵک، هەم بە مانای دێرین و لەمێژینەش دێ.

ئنجا هەر کام لەو سێ وشانە:١- ﴿لۡيَقۡضُواْ﴾، ٢- ﴿وَلۡيُوفُواْ﴾، ٣- ﴿وَلۡيَطَّوَّفُواْ﴾، بە دوو جۆر خوێندراونەوە:

أ- بە زەنەی لامەکەیان: (لۡيَقضُوا)، (لۡيُوفُوا)، (لۡيَطَّوَّفُوا).

ب- بە ژێری لامەکەش: (لِيَقضُو)، (لِيُوفُو)، یان (لیوفُّوا)، (لِيطوَّفوا) زانایانیش لەسەر ئەو دوو جۆرە خوێندنەوانەش یەک دەنگن.

مەسەلەی سێیەم:

بە مەزنگرتنی ڕێزلێگیراوەکانی خوا ﷻ {ئەو شتانەی خوا ﷻ ڕێزی لێگرتوون و حورمەتی بۆ داناون} مایەی پاداشتی لای خوایەو، جگە لە ئاژەڵە هەڵاوێردراوەکانیش {ئەوانەی هەڵاوێردراون، لەوە کە حەڵاڵ بن} هەموویان ڕەوان و، پێویستە دوورە پەرێزیی بکرێ لە پیسیی بتەکان و، قسەی درۆ و شیرک، کە بابای هاوبەش بۆ خوا دانەر، وەک کەسێکە لە ئاسمانەوە بکەوێتە خوار و باڵندە تێیرۆبێ، یاخود با ڕایماڵێتە شوێنێکی دوورو قووڵ، چاڵێکی قووڵ.

بە بەرزگرتنی دروشمەکانی خواش، نیشانەی تەقوای نێو دڵانە و، شوێنی سەربڕانی قوربانییانیش، نزیک ماڵی دێرینی خوایە ﷻ {کە مەبەست ئەوە نیە، بچنە لای کەعبە، بەڵکو لەو جوغز و سنوورەدا، کە پێی دەگوترێ: حەرەم}:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ۗ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمُ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ۖ فَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَٰنِ وَٱجْتَنِبُوا۟ قَوْلَ ٱلزُّورِ (٣٠) حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١) ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ (٣٢) لَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ (٣٣) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە (١٤) بڕگەدا:

١)- ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، ئەمە ناوی ئاماژە (إسم الإشارة)یە، بۆ لێک جیاکردنەوەی دوو قسانە، یاخود دوو ڕووی یەک قسە و، مەبەست لێی ئاگادار کردنەوە و بایەخدانە بەوەی کە لەمەودوا دێ، ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، واتە: ئەوە ڕۆیی باسکرا، ڕوونکرایەوە، ئنجا بابەتێکی دیکەش، هەیە یاخود: ئەوە ڕووێکی ئەو بابەتە بوو، ئنجا ڕووێکی دیکەشی ئەمەیە.

٢)- ﴿ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، هەر کەسێک حورمەتەکانی خوا ﷻ، بە مەزن بگرێ، واتە: ئەو شتانەی کە خوا ڕێزی لێناون و، قەدری لێناون، ئنجا چ بە باری قەدەغەکرانیاندا بێ، چ بە باری فەرزکرانیاندا بێ، هەردووکیان دەگرێتەوە، ئەگەر قەدەغە کراون، دەبێ تۆش بە مەزنیان بگری و توخنیان نەکەوی، ئەگەر خوا فەرزی کردوون، دەبێ تۆش بە مەزنیان بگری و ئەنجامیان بدەی، بۆیە وشەی: ﴿ حُرُمَٰتِ ﴾ی، بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی هەم بارە سەلبییەکە بگەیەنێ، هەم بارە ئیجابییەکەی، هەم قەدەغە کراوەکان بگەیەنێ، هەم فەرزکراوەکان.

(الحُرُمَاتُ: جَمْعُ الحُرْمَةِ، مَا يَجِبُ احْتِرَامُهُ، وَالإِحْتِرَامُ اعْتِبَارُ الشَّيْءِ ذَا حَرَمٍ، كِنَايَةٌ عَنْ عَدَمِ الدُّخُولِ فِيهِ)، **(إِحْتِرَام)** بریتیە لەوەی تۆ ئەو شتە بە خاوەن حەرەم دابنێی، ئەمەش کنارەیە بەوەی کە نابێ بچیە نێوی و ئەگەر قەدەغە بێ، بیشکێنی و، ئەگەر واجب بێ بیچوێنی، ئنجا کەسێک حورمەتەکانی خوا بە مەزن بگرێ:

٣)- ﴿ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە بۆ وی زۆر شتێکی باشە و باشترین شتە لە لای پەروەردگاری، چونکە وشەی ﴿ خَيْرٌ ﴾، دەگونجێ بە مانای باش یان باشتر و، دەشگونجێ بە مانای باشترین بێ، وەک دەڵێ: **(خَيْرُ النَّاسِ مَنْ يَنْفَعُ النَّاس)**، باشترینی خەڵک ئەوەیە سوودی بۆ خەڵک هەبێ، هەروەها: **(شَرُّ النَّاس مَنْ أكْرَمَهُ النَّاسُ مَخَافَةَ شَرِّهِ)**، خراپترین خەڵک ئەوەیە کە خەڵک بە ناچاریی ڕێزی لێبنێ، لەبەر ئەوەی لە زیان و خراپەی بە دوور بێ، کەواتە: وشەی ﴿ خَيْرٌ ﴾، دەگونجێ بە مانای باش بێ و، دەشگونجێ بە مانای باشترین بێ، کە لێرەدا بە مانای دووەمیانە، واتە: هەر کەسێک حورمەتەکانی خوا ﷻ بە مەزن بگرێ، ئەوە باشترین شتە بۆ وی لە لای پەروەردگاری، چونکە تۆ دەبێ بە پێوەری خواو بە تەرازووی خوا مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکەی، هەر شتێک خوا ڕێزی لێناوە، تۆش ڕێزی لێ بنێی و، هەر شتێک خوا ﷻ قەدەغەی کردوە، لە لای تۆش قەدەغە بێ و، هەر شتێک لە لای خوا پێویستە، لە لای تۆش پێویست بێ و، وەک ئەرکێکی سەر شانت تەماشای بکەی.

٤)- ﴿وَأُحِلَّتْ لَكُمُ ٱلْأَنْعَـٰمُ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾، ئاژەڵەکانیشتان بۆ ڕەوا و حەڵاڵ کراون (سەریان ببڕن)، جگە لەوانەی کە بەسەرتان دەخوێنرێنەوە، واتە: لە قورئاندا بەسەرتاندا خوێندراونەوە، کە کاتێ خۆی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کۆمەڵێک لە ئاژەڵانیان لە خۆیان قەدەغە دەکردن، بە ناو لێنانی بێ بەڵگە، بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَـٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾﴾، واتە: خوا هیچ بەحیرەو هیچ سائیبەیەک و هیچ وەصیلەیەک و هیچ حامێکی دانەناوە، کە ئەوانە چوار جۆرە ئاژەڵ بوون، - وەک پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (المائدة)دا باسمان کردوە - کافرەکان لە خۆیانیان قەدەغە کرد بوون.

بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: هەموویان بۆتان حەڵاڵن، جگە لەوەی کە بەسەرتاندا دەخوێندرێتەوە، یان بەسەرتاندا خوێندراوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە: مردار، خوێن، گۆشتی بەراز، بۆ جگە لەخوا سەربڕاو، کە پێشتر باسکراون.

٥)- ﴿فَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَـٰنِ﴾، خۆتان لە پیسیی بتەکان بپارێزن، ئنجا بتەکان هەر پیسن، ئایا پیسیی بتەکان یانی چی؟ ئەم ﴿مِنَ﴾ە، (بَيانٌ لِمُجمَلِ الرِّجْسِ)، لە (من) بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی گشتی پیسییە، پیسیی زۆر جۆری هەیە، لێرەدا مەبەست پیسیی بت و صەنەمەکانە، چونکە وشەی ﴿ٱلرِّجْسَ﴾، پیسیی بتەکان و هی غەیری بتەکانیش دەگرێتەوە.

پیسیی بتەکانیش ئەوەیە کە وەک پەرستراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و، بکرێنە هاوبەشی خوا ﷻ.

٦)- ﴿وَٱجْتَنِبُوا۟ قَوْلَ ٱلزُّورِ﴾، دیسان خۆتان لە قسەی درۆ بپارێزن و، بە دوور بگرن، (زُور)، یانی: (كَذِب)، درۆ، وەک ئەوە کە خوا ﷻ هەم لە سوورەتی (الأنعام)دا و، لە سوورەتی (المائدة)دا، هەروەها لە سوورەتی (یونس)دا، باسیکردوە کە هەر لە خۆوە

دەیانگوت: ﴿ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ ﴾، ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، لە خۆوە بەبێ بەڵگە، خۆتان لەو جۆرە قسە درۆیە بپارێزن.

هەروەها ﴿ قَوْلَ ٱلزُّورِ ﴾، قسەی درۆ و شیرکیش دەگرێتەوە، کە لە ڕاستییدا شیرک گەورەترین جۆری درۆیە، پاڵ بدرێتە لای خوا ﷻ کە گوایە هاوبەشی هەیە.

لەوبارەوە ئەم دەقە دێنین: **[عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم ألا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الكَبائِرِ ثَلاثًا؟ قَالُوا: بَلى يا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: الإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوالِدَيْنِ، وَجَلَسَ، وَكَانَ مُتَّكِئًا، فَقالَ: أَلا وَقَوْلُ الزُّورِ، قَالَ، فَما زَالَ يُكَرِّرُهَا، حَتَّى قُلْنا: لَيْتَهُ سَكَتَ] (أخرجه البخاري: ٢٦٥٤، ومسلم: ٨٧، والترمذي: ٢٣٠١).**

واتە: ئەبوو بەکرە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئایا هەواڵتان پێبدەم بە گەورەترینی گوناهە گەورەکان؟ سێ جاران وایفەرموو، گوتیان: با، ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: هاوبەش بۆ خوا دانان و، ئازاردانی دڵی باب و دایک و، شایەدیی دانی بە درۆ و قسەی درۆیە، پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا پاڵیدابوّوە، دوایی هەڵساو، ئەوەی زۆر دووبارە کردەوە، هەتا گوتمان: بریا بێدەنگ بووبایە، واتە: هێندە خۆی ئەزیەت نەدابایە.

٧)- ﴿ حُنَفَآءَ لِلَّهِ ﴾، خۆساغکەرەوانە بۆ خوا، ئەمە حاڵە، واتە: ئەگەر ئێوە خۆتان پاراست لە پیسیی بتەکان و، خۆتان پاراست لە قسەی درۆ و شیرک، ئەو کاتە مانای وایە خۆتان بۆ خوا ساغ کردۆتەوە، ﴿ حُنَفَآءَ ﴾، کۆی (حَنِيف)ە، یانی: (خَالِص)، خۆتان بۆ خوا ساغ و پاک ڕاگرتوە.

٨)- ﴿ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ ﴾، ئێوە هاوبەشی بۆ دامەنێن، لە هاوبەش دانەران مەبن، لەوانەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، کە ئەمە لەبەر ڕاهاویشتنی هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، یانی: ئێوە وەک ئەوان مەبن.

دوایی وێنای بابای موشریکمان بۆ دەکات، حاڵی چۆنە؟

٩)- ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ﴾، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەک کەسێک وایە لە ئاسمان کەوتبێتە خوار، باڵندە (باڵندەی لاشخۆر) تێی ڕۆ هاتبن [﴿فَتَخۡطَفُهُ﴾، خوێندراویشەتەوە: (فَتَخَطَّفُهُ)، تێی ڕۆهاتبن] یاخود با ڕاپێچی بکات و ڕایماڵێتە شوێن و چاڵێکی قووڵەوە.

کەسێک کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێ، حاڵی وەک حاڵی ئەو دوو جۆرە کەسە وایە، یان لە ئاسمان بکەوێتە خوار و باڵندە بیرفێنێ و تێی ڕۆبێ، یاخود با ڕایماڵێتە شوێنێکی دوور و چاڵێکی قووڵەوە کە بنەکەی دوور بێ.

١٠)- ﴿ذَٰلِكَ﴾، ئەوەی باسکرا، بەو شێوەیە ڕوونکرایەوە.

١١)- ﴿وَمَن يُعَظِّمۡ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقۡوَى ٱلۡقُلُوبِ﴾، هەر کەسێکیش دروشمەکانی خوا ﷻ بە مەزن بگرێ، ئەوە لە پارێزکاریی دڵانەوەیە، ئەو پارێزکارییەی کە لە دڵاندا هەیە، پێشتریش گوتمان: ﴿شَعَٰٓئِرَ﴾، کۆی (شَعِيرة)ەیە، کە سەرکێشی (فعيلة)یەو بە مانای (مَفعُولَة)، واتە: نیشانەدار کراو، ئەو شتانەی کە کراون بە نیشانە، بۆ ئەنجامدانی بەندایەتیی بۆ خوا، مەبەست پێیان ئەو نیشانانەن کە لە حەجدا ئەنجام دەدرێن، یاخود کۆی خواپەرستییەکان، کە بۆ خوا ئەنجام دەدرێن، لە نێویشیاندا خواپەرستییەکانی حەج، بە (مناسک) تەعبیریان لێکراوە.

١٢)- ﴿لَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾، ئێوە لەو دروشمانەی خوادا: قوربانییەکان، ئەو ئاژەڵانەی سەریان دەبڕن، سوودگەلێکتان تێیاندا هەیە، ﴿مَنَٰفِعُ﴾، کۆی (منفعة)یە و ناوە بۆ سوود (نَفْع)، یانی: دەتوانن لێیان بەهرەمەند بن.

١٣)- ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾، تاکو کاتی دیارییکراو، کە کاتی سەربڕانیانە.

١٤)- ﴿ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ﴾، دوایی شوێنیان (واتە: شوێنی لێ سەربڕانی ئەو قوربانییانە ئەو ئاژەڵانە) لای ماڵی دێرین و کۆنە.

ئەمە وەک ئەو ئایەتەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿هَدْيًا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ ...﴾ ﴿٩٥﴾ المائدة، یانی: دەبێ قوربانییەکە بگاتە کەعبە، کە مەبەست ئەوە نیە بەکەعبەوە بچەسپێنرێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بگاتە نیزیک کەعبە و چوارچێوەی حەرەم، وشەی (مَحِلّ)یش، (المَحِلّ: مَصْدَرٌ مِيمِيٌّ من حَلَّ بِالمَكَان) چاوگێکی (میمي)یە، واتە: لەو شوێنە ئامادە بوو، واتە: لە حەرەمی مەککەدا سەر ببڕدرێ.

کۆتایی ئەم مەسەلەیە بەم فەرمایشتە دێنین: **[عَنْ أَبِي هُرَيرَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ رَأَى رَجُلاً يَسُوقُ بَدَنَةً، فَقَالَ: ارْكَبْهَا فَقَالَ: إِنَّهَا بَدَنَةٌ، فَقَالَ: ارْكَبْهَا قَالَ: إِنَّهَا بَدَنَةٌ، قَالَ: ارْكَبْهَا وَيْلَكَ فِي الثَّالِثَةِ أَوْ فِي الثَّانِيَةِ] (أخرجه البخاري: ١٦٨٩، ومسلم: ١٣٢٢).**

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی حوشترێکی لێ دەخوڕی، (حوشترێکی قوربانیی)، فەرمووی: سواری بە، (حوشتر بۆ سوارییە)، کابرا گوتی: ئەوە بەدەنەیە (واتە: بۆ قوربانییە، بۆ سەربڕانە) فەرمووی: سواری بە، دووبارە گوتی: ئاخر ئەوە بۆ قوربانییە [واتە: سەری دەبڕم، لە کاتی حەجدا] لە جاری دووەم یان سێیەمدا فەرمووی: سواری بە هاوار بۆ تۆ. واتە: بۆت هەیە لێی بەهرەمەند ببی، تاکو کاتی سەر بڕانی.

هەروەها لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە خوا لێیان ڕازی بێ، هاتووە کە لە بارەی سوار بوونی (هَدِي) [واتە: ئەو ئاژەڵانەی کە دەکرێنە قوربانیی] پرسیاری لێکراوە، ئەویش گوتوویەتی: **[سَمِعتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: إركَبها بِالمَعرُوفِ، إِذَا أُلجِئتَ إِلَيهَا حَتَّى تَجِدَ ظَهْرًا]، (أخرجه مسلم برقم: ٣٢٤، وأبو داود برقم: ١٧٦١).**

واتە: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە فەرموویەتی: بە شێوەیەکی پەسند سواری بە، ئەگەر ناچار بووی، تاکو پشتت دەستدەکەوێ و سواری وڵاخێکی دیکە دەبی، ئەگەر پێویستی پێی بوو، لێی بەهرەمەند ببە.

مەسەلەی چوارەم:

خوا ﷻ دەفەرموێ: بۆ هەر ئۆممەتێک جێگایەکی تایبەتیمان بۆ خوا پەرستیی {یان قوربانیی سەربڕین} داناوە، تاکو بە ناوی خوا هێنان ئاژەڵەکانیان سەرببڕن، بۆ خوای تاکە پەرستراوی هەق و، ئەوانەش کە بەو شێوەیە قوربانییەکانیان سەر دەبڕن، شایستەی مژدەی خۆشی خوان و، سیفەتە سەرەکییەکانی ئەو جۆرە کەسانەش، ئەوانەن کە نەرم و نیان و ملکەچن بۆ خوا ﷻ، دڵ ڕاچڵەکیون بە یادی خوا و، خۆڕاگرن لەسەر گرفتارییەکان و، نوێژ بەرپاکەرن و،ماڵی خۆ بەخشەرن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ ۗ فَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا ۗ وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ (٣٤) الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَالصَّابِرِينَ عَلَىٰ مَا أَصَابَهُمْ وَالْمُقِيمِي الصَّلَاةِ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (٣٥) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ (٩) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا ﴾، هەروەها بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێک، [یان بۆ هەر کۆمەڵگایەکی دیندار]، شوێنێکی خواپەرستییمان دیاریی کردوە، یاخود: جۆرێک لە خواپەرستییمان داناوە، یاخود: شوێنێکمان بۆ تێدا سەربڕینی ئاژەڵان بۆ خوا ﷻ داناوە.

وشەی (مَنْسَك) خوێندراویشەتەوە: (مَنْسِك)، هەردوو خوێندنەوەکەی هاتوون و بەمانای (مَكَانُ ذَبْحٍ) أو (مَكَانُ تَعَبُّدٍ) أو (نَوْعاً مِنْ تَعَبُّدٍ)، هەر سێ واتاکەی هاتوون: أ- شوێنی سەربڕین، ب- یان شوێنی خواپەرستیی تێدا ئەنجامدان، ج- یاخود جۆرێک لە خوا پەرستیی، یانی: خوا ﷻ پێمان دەفەرموێ: ئەوە بەس ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ نیە، کە ئەو خواپەرستییانەی بۆ دیارییکراون، بەڵکو بۆ

هەموو ئوممەتانی دیکەش هی هەموو پێغەمبەرەکان: (مَنْسَك) یان (مَنْسِك)یان بۆ دیاریکراوە.

٢)- ﴿لِّيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾، تاکو ناوی خوا بێنن، (تاکو ناوی خوا بێنن) لەسەر ئەوەی پێمان داون، لە چوار پێیانی ئاژەڵان، پێشتریش گوتمان: (بَهِيمَة) ئاژەڵێکە تێی ناگەی، بە کوردیی دەڵێن: بەستەزمان، یانی: زمانی بەستراوە و ناتوانێ بدوێ، لێی تێ ناگەی، وشەی (الأنعام)یش هەر بە مانای ئاژەڵ دێ، بەڵام چوار ئاژەڵی سەرەکیی دەگرێتەوە کە ئەمانەن:

أ- حوشتر.

ب- ڕەشەوڵاخ، (گاو مانگاو گامێش و کەڵ).

ج- مەڕ، (ئاژەڵی سپی ورد)، کە هەم مەڕیش کە مێیەکەیەتی، هەم بەرانیش کە نێرەکەیەتی، دەگرێتەوە.

د- بزن، (ئاژەڵی ڕەسی ورد)، ئنجا چ ڕەش بێ، چ مەرەز بێ، ئەویش هەم بزن کە مێیەکەیەتی و، هەم نێریی، کە نێرەکەیەتی دەگرێتەوە.

یانی: تاکو ناوی خوا بێنن لەسەر ئەو ئاژەڵانەی پێمانداون، واتە: لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی خوایان لەسەر بهێنن.

٣)- ﴿فَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾، ئەمە جەختکردنەوەی خوا بەیەکگرتنە، واتە: پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە، بێگومان ئەمە بەرپەرچدانەوەی هاوبەش بۆ خوادانەرەکانە، کە لەگەڵ خوای بەرزدا، شتەکانی دیکەشیان دەپەرستن، خوا ﷻ دەفەرموێ: پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە، یانی: پەرستراوی بە هەق، بەڵام پەرستراوی ساختەو پووچ و بێ بنەما، زۆر زۆرن، هەر بۆیە دروشمی سەرەکیی ئیسلامەتیی بریتیە لە (لَا إلهَ إلاّ الله)، هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە خوا (الله) ﷻ، یانی: هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە، ئەگەرنا پەرستراوی بە ناهەق زۆرن.

٤)- ﴿ فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْ ﴾، ئنجا بەس بۆ ئەو ملکەچ بکەن ئەمە شێوازی کورت هەڵهێنان (حصر)ە: یانی: تەنیا بۆ وی، نەک بۆ جگە لەوی، تەنیا بۆ وی ملکەچ بن، ئەگەرنا لە ئەسڵ دا ناوایە: (أَسْلِمُوا لَهُ)، بۆوی ملکەچ بن، بەڵام کە کار و بکەر (فعل و فاعل) دوادەخرێن و بەرکار (مفعول به) پێش دەخرێ، کورتهەڵێنان دەگەیەنێ وەک: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ (٥) ﴾الفاتحة، بەس تۆ دەپەرستین، ﴿ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ (٥) ﴾الفاتحة، بەس پشت بە تۆ دەبەستین، لێرەش (فَلَهُ أَسْلِمُوا)، تەنیا بۆ وی ملکەچ بن.

ئنجا خوای بەرز ومەزن بە چەند سیفەتێکی پەسند وەسفیان دەکات، سەرەتا دەفەرموێ:

٥)- ﴿ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ﴾، موژدەش بدە بە خۆبەکەمگر و میهرەبانان (ٱلۡمُخۡبِتِينَ)، (مُخْبِت)، کە بە (مُخْبِتِين) و (مُخْبِتُون) کۆ دەکرێتەوە، لە (أَخْبَت)ەوە هاتوە، (أَخْبَتَ، يُخْبِتُ، إِخْبَاتاً، فَهُوَ مُخْبِت)، کە ناوی بکەر (إسم فاعل)ە، (مُخْبِت) لە ڕیشەدا لە (خَبْت)ەوە هاتوە، (خَبْت) واتە: شوێنی نزم و گۆملایی و تەخت، ئنجا (مُخْبِتْ) کەسێکە دەچێ بۆ شوێنێکی لەو جۆرە، دوایی لەوەوە خوازراوەتەوە بۆ کەسێک کە نەرم و نیان و هێور و مەند بێ و، ملکەچ و خۆنەویکەر و خۆبەکەمگر، (مُتَوَاضِع) بێ و، خۆ بەرز نەکاتەوە، یانی: موژدە بدە بە خۆ بەکەمگران و میهرەبانان و نەرم و نیانان، لە بەرانبەر خوادا ﷻ، یانی: (المُتَوَاضِعِيْنَ أَمَامَ اللهِ، وَلَيْسَ المُتَكَبِّرِيْنَ عَنْ طَاعَتِهِ)، ئەوانەی لە بەرانبەر خوادا خۆیان بەکەم دەگرن، کە هەر کەمیشن، هەروەها خۆیان بچووک دەنوێنن، نەک ئەوانەی خۆیان بەرز دەگرن و سەرکەشیی دەکەن.

ئنجا خوا دوای سیفەتی یەکەم بە چەند سیفەتێکی دیکە وەسفیان دەکات: سیفەتی دووەمیان:

٦)- ﴿ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ ﴾، ئەوانەی کاتێک باسی خوا ﷻ دەکرێ، دڵیان ڕادەچڵەکێ، (وَجَلُ القَلْبِ: ارْتِجَافُهُ بِسَبَبِ ذِكْرِ اللهِ وَاسْتِشْعَارُ عَظَمَتِهِ)، دڵ ڕاچڵەکین ئەوەیە کە دڵ بهەژێ بە هۆی یادی خواوە و، بە هۆی هەست پێکردن و هێنانە نێو دڵی خۆی، مەزنیی و بەرزیی بێ وێنەیی خوا ﷻ.

٧)- ﴿ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ ﴾، سیفەتی سێیەمیان: هەروەها خۆڕاگران لەسەر ئەوەی کە تووشیان دێ، یانی: ئەوەی کە لە ئازار و ناڕەحەتیی تووشیان دێ، لە پێناوی خواو لە ڕێی خوادا.

٨)- ﴿ وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ ﴾، سیفەتی چوارەم: دیسان بەرپاکەرانی نوێژ، بەرپاکەری نوێژ ئەوەیە کە نوێژەکەی بەو شێوەیە، کە خوا ﷻ فەرموویەتی، جێبەجێی بکات.

٩)- ﴿ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴾، سیفەتی پێنجەم: هەروەها لەوەی پێمان داون، دەبەخشن، ئەمەیانی بە ڕستەی کرداریی (الجُمْلَة الفِعْلية) هێناوە، چونکە بەخشینیان بە پێی حاڵەتە جۆرا و جۆرەکان، دووبارە دەبێتەوە.

کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ ئەو بەندانەی خۆی، کە ئەهلی خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا دەپەرستن، بە پێنج سیفەتان وەسف کردوون:

١- (الإِخْبَات): (التَّسْلِيْمُ لله) واتە: بۆ خوا ملکەچ بوون، کە ئەمە ئیمان و عەقیدە دەگرێتەوە.

٢- (وَجَل القَلْبِ عِنْدَ ذِكْرالله): واتە: دڵ ڕاچڵەکین لە کاتی یادی خوادا، ئەمیش هەست و نەستی نێو دڵ و دەروون دەگرێتەوە.

٣- (الصَّبْر): خۆڕاگریی لەسەر بەڵاو گرفتارییەکان لە ڕێی خوادا.

٤- (الصَّلاة): نوێژ بەرپاکردن.

٥- (الإِنْفَاق): ماڵ بەخشین.

ئنجا لەمەوە ئەنجامگیریی دەکەین، کە دینداریی ڕاست و ڕێک و ڕەسەن، هاوسەنگیی تێدایە و، ئەو هاوسەنگییە کە لەم ئایەتانەدا خوا ﷻ بۆی بەرجەستە کردووین، لە گەلێک شوێنی دیکە لە قورئاندا هەیە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (السجدة)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُؤۡمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِهَا خَرُّواْ سُجَّدٗا وَسَبَّحُواْ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمۡ عَنِ ٱلۡمَضَاجِعِ يَدۡعُونَ رَبَّهُمۡ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

واتە: تەنیا ئەوانە بڕوا بە ئایەتەکانی ئێمە دێنن، کە کاتێک دەخرێنەوە بیریان، بە کڕنووشدا دەکەون و، خۆیان بە زل ناگرن و، تەنیشتەکانیان لەسەر جێیەکانیان بەرزدەبنەوە، {شەوانە هەڵدەستن شەو بێداریی دەکەن، شەو نوێژ دەکەن} لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە بە ترس و هیواوە، {هەم ترسیان هەیە، لە سزای خوا و، هەم ئومێدو هیوایان هەیە بە پاداشتی خوا} و لەوەی پێمان داون دەبەخشن.

ئەوانە ئەهلی ئیمانن، کە خاوەنی ئەو شەش سیفەتەن:

١) کارلێککردن لەگەڵ ئایەتەکانی خوادا ﷻ.

٢) بە کڕنووشدا کەوتن.

٣) خۆ بە زل نەگرتن.

٤) شەونوێژ کردن.

٥) پاڕانەوە لە پەروەردگاریان بە ترس و هیواوە.

٦) بەخشین.

کەواتە: مسوڵمان دەبێ هاوسەنگ بێ، نەک هەر بە باریکە ڕێیەکدا بڕوا، نەک تەنیا دوو سێ شتان بزانێ و خوویان پێوە بگرێ و، دینداریی خۆی لەواندا کورت هەڵێنێ، وەک زۆربەی مسوڵمانانی ئەم ڕۆژگارە بەو شێوەیەن، یەکێ بەس ئەهلی زیکرە، یەکێک تەنیا ئەهلی فیکرە، یەکێ بەس ئەهلی عیلمە، یەکێک هەر عیبادەتی شەخصی دەکات، ئەوی دیکە تەنیا سەر گەرمی سیاسەتە، یەکێک هەر خەریکی بانگەوازە، یەکێ بەس خەریکی پەروەردەیە، یەکێ هەر خەریکی جەنگ و جیهادە، نا دەبێ لەهەر شوێنێک کە شەریعەت فەرمانی پێکردووی، ئامادە بی، دەبێ بەس یەک کار نەزانی و لە هەموو مەیدانەکان دا هەوڵ بدەی ئەسپی خۆت تاو بدەی و، لە هەر شوێنێک بی، کە شەریعەت

فەرمانی پێکردووی، هەروەک یەکێک لە زانایان و خواناسان پێناسەیەکی جوانی تەقوا دەکات و دەڵێ:

(**التَّقْوَى: هُوَ أَلاَّ يَجِدَكَ الله حَيْثُ مَنَعَكَ، وَأَلاَّ يَفْتَقِدَكَ حَيْثُ أَمَرَكَ**)، واتە: تەقوا ئەوەیە خوا ﷻ تۆ لە شوێنێک نەبینێ کە لێی قەدەغە کردووی و، لە شوێنێکیش غایب نەبی کە لەسەری فەرز کردووی.

یانی: هەموو ئەرکەکان جێبەجێ بکەی و، خۆشت لە سەرجەم قەدەغەکان بپارێزی.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**الذاريات**)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٥﴾ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ ﴿١٦﴾ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿١٩﴾ ﴾، واتە: بێگومان پارێزکاران لە نێو باخ و گوڵزارو کانیی و سەرچاوەکاندان [پارێزکاران، کە خۆیان دەپارێزن لەو شتانەی خوا پێی ناخۆشن، خواش دوو شتی سەرەکیی پێ ناخۆشن:

أ- فەرمانەکانی (ئەرکەکانی) کە لەسەری پێویست کردووی، بیانچوێنی.

ب- قەدەغەکانی و حەرامکراوەکانی بشکێنی].

یەکەمین سیفەتیان ئەوەیە: ﴿ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ ﴾، لە ڕۆژی دوایی دا ئەوەی پەروەردگاریان پێی داون، وەرگرینی، پاداشتی خوایان وەرگرتوە، بۆچی؟

﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ ﴾، چونکە پێش ئەوە لە چاکەکاران بوون، واتە: هەم خوا پەرستییەکەیان بە شێوەیەکی زۆر چاک ئەنجام دەدا، هەم خەڵک دۆستییەکەیان بە شێوەیەکی زۆر باش بوو، هەم بەندەی خوا بوون و بۆ خوا ﷻ، صوڵحا و بوون، هەم کەسێکی باش بوون لە نێو کۆمەڵگادا.

﴿ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴾، دوای ئەوەی بە تەقوا و بە ئیحسان پێناسی کردن، ئنجا باسی شەو و نوێژیان دەکات و دەفەرموێ: بە کەمی نەبێ لە شەوێ دا نەدەخەوتن.

﴿ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾، ئنجا کە کەمیش دەخەوتن و شەوگاریان بە خوا پەرستیی و تاعەت دەبردە سەر، وە نەبێ پێی لە خۆبایی بن، بەڵکو پێش ئەوەی شەبەقی بەیانی بدا، پێش ئەوەی نوێژی بەیانیی ببێ، داوای لێبوردنیان لە خوا ﷻ دەکرد، وەک شەوگارەکەیان بە گوناە بردبێتە سەر، داوای لێبوردنیان لە خوا دەکرد!!

ئنجا: ﴿ وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴾، لە ماڵ و سامانیشیان دا هەق هەبوو بۆ کەسێ کە داوای لێ دەکردن و، بۆ کەسی بێ بەشیش، داواکار (سائل) ئەوەیە کە دێتە بەر دەرگات، بێ بەش (محروم) ئەوەیە کە هەژارە، بەڵام ڕووی نایێ داوا بکات، کە بەوانە خێرترە، لە سواڵکەرێک کە دێتە بەر دەرگات، چونکە سواڵکەرەکە پەکی ناکەوێ و داوا دەکات، بەڵام ئەوی دیکە پێی عەیبە داوا بکات.

مەسەلەی پێنجەم:

حوشترانی بە کەلەش و بەدەو و لە دروشمەکانی خوان و، سەر بەخێرن و، پێویستە لە کاتی وەستانیاندا بە ڕیز، بە ناوی خوا هێنانەوە سەر ببڕدرێن، پاشان لە گۆشتەکەیان بخورێ و بەشی ئاتاجانی جۆرا و جۆریشی لێ بدرێ و، بێگومان ئەوەی خواش مەبەستیەتی، تەقوای نێو دڵانە، نەک خوێن و گۆشتی ئاژەڵان، خواش بۆیە ئەو ئاژەڵانەی ڕام و دەستەمۆ کردوون، کە سوپاسگوزاریی بۆ بکرێ و بە گەورەو مەزن بگیرێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرۡنَٰهَا لَكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ (٣٦) لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمۡ لِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ (٣٧) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە (١١) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ ﴾، خوا ﷻ دەفەرموێ: حوشترە قەڵەو و بە کەلەش و بەدەوەکانمان گێراون لە دروشمەکانی خوا ﷻ (کە بۆ خوا ﷻ سەرببڕدرێن)، وشەی (بدن) بە (بُدْن) و (بُدُن)یش خوێندراوەتەوە، هەردووکیان کۆی (بَدَنة)ن، (**البَدَنَةُ: هِيَ البَعِيْرُ العَظِيْمُ، وَهُوَ اسْمٌ مَأخُوذٌ مِنَ البَدَانَةِ، وَهِيَ عِظَمُ الجِثَّةِ وَالسِّمَنِ مِثْلُ خُشُب جَمْعُ خَشَبَة**)، (بَدَنة) بە حوشترێکی مەزن دەگوترێ، ناوێکە لە (بَدَانة)ەوە هاتوە، (بَدَانة) یانی: بە کەلەش، مەزن، یاخود زۆر قەڵەو و بەدەو، وەک (خُشُب) و (خَشَبة)، (خُشُب) کۆیە و (خَشَبة) تاکە، (بُدُن) یان (بُدْن)یش کۆیە و (بَدَنَة) تاکە.

٢)- ﴿لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞ﴾، بۆ ئێوە سوود و بەرژەوەندیی زۆریان تێدایە، واتە: هەم لە دنیا و هەم لە دوارۆژدا، حوشتر هەموو شتێکی بە کەڵک دێ، هەم گۆشتەکەی، هەم

چەوریيەکەی، هەم شیرەکەی، تەنانەت میزیشی بە کەڵک دێ، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، بۆ هەندێک نەخۆشیی پێست، هەروەها شیاکە و ڕیخەکەشی کاتی خۆی سوودی لێوەرگیراوە، وەک سووتەمەنیی، ئنجا بۆ سوارییش بە کەڵک دێ و، بۆ بار لێنانیش بە کەڵک دێ و، سەرباری هەموو ئەمانەش، لە پێناوی خوادا سەر دەبڕدرێ، وەک دروشمێکی خواپەرستیی و بەندایەتیی بۆ خوا ﷻ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞ ﴾، وشەی (خیر)، واتە: سوود (**نَفْع**)، بەڵام بە نەناسراو (**نكِرة**) هێناویەتی، یانی: سوود و بەرژەوەندییەکی گەورە و زۆر و جۆرا و جۆر.

٣)- ﴿ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ ﴾، ئنجا لە کاتێکدا بە ڕیز وەستاون، بە پێوە ناوی خوایان لەسەر بێنن، ئاژەڵەکانی دیکە بە پاڵخراویی سەر دەبڕدرێن، بەڵام حوشتر سوننەتە بە پێوە سەر ببڕدرێ، (صَوَآفَّ) کۆی (**صَافَة**)یە، (**نَاقَةٌ صَافَّة**)، واتە: حوشترێک کە وەستاوە، (صَوَآفَّ) یانی: ئەوانەی بە ڕیز وەستاون، ناوی خوایان لەسەر بێنن، یانی: سەریان ببڕن لەو کاتەدا، (**يُقَالُ صَّفٌ إذَا كَانَ مَعَ غَيْرِه صَفاً بِأنَ اتَّصَل بِه**)، (**صَفاً**) واتە: ڕیز بوو لە پەنای یەکدا کە پاڵیان وێکداوە.

٤)- ﴿ فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا ﴾، هەرکات تەنیشتیان کەوت، (**أي: سَقَطَتْ عَلَى الأَرْضِ**)، واتە: تەنیشتیان کەوتە زەوی، چونکە ئاژەڵ کە سەر دەبڕدرێ، بەلا تەنیشتدا دەکەوێ، نە لەسەر پشت دەکەوێ و نە لە سەر دەم دەکەوێ، ئەمە کنارەیە بۆ ئەوە کە ژیانیان تێدا نەما، یانی: هەر لەگەڵ ژیانیان تێدا نەما، گەرماو گەرم، مەبەست پێی پەلەکردنە لە دابەشکردنی گۆشتەکەیاندا.

٥)- ﴿ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ ﴾، (لە گۆشتەکەیان) خۆشتان لێی بخۆن و، بەشی بابای (**قَانِع**)ی لێبدەن و، هەم بەشی بابای (**المُعْتَرّ**)یشی لێبدەن.

ئەم (**ف**)یەی سەر (فَكُلُواْ مِنۡهَا) بۆ بەدوا داهاتن (**تعقیب**)ە، یەکسەر بە دوایدا، گەرماو گەرم و ز و و لە گۆشتەکەی بەهرەمەند بن، هەم بۆ خۆتان و، هەم بۆ ناتاج و هەژارو نەدارانێک، کە دوایی شیی دەکەینەوە: (ٱلۡقَانِعَ) و (وَٱلۡمُعۡتَرَّ) یانی چی؟

کە دەفەرموێ: ﴿فَكُلُوا۟ مِنْهَا وَأَطْعِمُوا۟ ٱلْقَانِعَ وَٱلْمُعْتَرَّ﴾، خۆشتان لە گۆشتەکەیان بخۆن و، بەشی (ٱلْقَانِعَ)و (وَٱلْمُعْتَرَّ)یشی لێبدەن، ئەمە فەرمانە **(فَكُلُوا)**، ئەم فەرمان (أمر)ە، دەگونجێ بۆ پێویست بوون بێ، دەشگونجێ بۆ پەسند بوون بێ، دەشگونجێ بۆ ڕێپێدان بێ، **(يَحْتَمِلُ الأَمْرُ الوُجُوبَ وَالنَّدْبَ وَالإِبَاحَة)**، لەو بارەوەش شەرعزانان ڕا جیاییان هەیە، کە دوایی باسی دەکەین.

(القَانِعُ: مِنْ قَنَعَ قُنُوعَاً: سَأَلَ بِتَذَلُّلٍ)، **(قَانِع)** کەسێکە بە کڕووزانەوەوە داوا بکات، ئەوە **(قَنَعَ قُنُوعَاً)**ە، بەڵام **(قَنِعَ قَناعةً)** مانایەکەی جیایە، **(قَنَعَ قُنُوعَاً)**، واتە: داوای کرد بە کڕووزانەوەو لاڵانەوە، بەڵام **(قَنِعَ قَنَاعَةً)** واتە: ئەهلی قەناعەت بوو، بە کەم ڕازیی بوو.

(المُعْتَرُّ: اسْمُ فَاعِل مَنِ اعتَرَّ إذا تَعَرَّضَ للعَطَاء)، واتە: **(مُعْتَرّ)** ناوی بکەر **(فاعل)**ە لە **(إعتَرّ)**، یانی: وایکرد پێی بدرێ و، داوای نەکرد بە ڕوون و ڕاشکاویی، بەڵام بە زمانی حاڵ، لێی تێدەگەیشتی کە ئاتاجەو پێویستیی بە هاوکاریی هەیە.

کەواتە: **(قَانِع)** کەسێکە بە ئاشکرا داوا دەکات و بە کڕووزانەوەوە، ئەوەی دیکە **(مُعْتَرّ)** بە شەرمەوە و، بە ئەدەبەوە، ڕەفتار دەکات و، داوا ناکات، بەڵام بە زمانی حاڵ وا دەکات تێی بگەی کە پێویستە هاوکاریی بکرێ، خوا ﷻ دەفەرموێ: بەشی هەردووکیانیان لێ بدەن، ئنجا لێرەدا **(إبن كثير)** لە تەفسیرەکەی خۆی(١) دا دەڵێ: {**إِحْتَجَّ بِهَذِهِ الْآيَةِ الْكَرِيمَةِ مَنْ ذَهَبَ مِنْ الْعُلَمَاء إِلَى أَنَّ الْأُضْحِيَّة تُجَزَّأ ثَلَاثَة أَجْزَاء: فَثُلُثٌ لِصَاحِبِهَا يَأْكُلُ مِنْها، وَثُلُثٌ يُهْدِيه لِأَصْحَابِهِ، وَثُلُثٌ يَتَصَدَّق بِهِ عَلَى الْفُقَرَاء**}.

واتە: ئەو زانایانەی کە گوتوویانە: قوربانیی دەکرێ بە سێ بەشەوە، ئەم ئایەتەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە، گوتوویانە: سێیەکی قوربانیی گۆشتەکەی بۆ خاوەنەکەیەتی کە سەری بڕیوە لێی دەخوات و، سێیەکیشی دەکاتە دیاریی

---

(١) المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير ص٨٩٦

بۆ هاوەڵانی و ناسیاوانی و، سێیەکیشی دەکاتە خێرو صەدەقە بەسەر هەژارو نەداراندا، دابەشی دەکات.

لەو بارەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەریش هەیە ﷺ کە دەفەرموێ: **{إِنِّي كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلَاثٍ، كَيْمَا تَسَعَكُمْ، فَقَدْ جَاءَ اللَّهُ عَزَّ وتَعَالَى بِالْخَيْرِ، فَكُلُوا وَتَصَدَّقُوا وَادَّخِرُوا، وَإِنَّ هَذِهِ الْأَيَّامَ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ} (أخرجه أحمد: ٢٠٧٤٨، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم، والنسائي: ٤٢٣٠، وابن ماجه: ٣١٦٠).**

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: من لێم قەدەغە کردبوون قوربانیی پاشەکەوت بکەن و هەڵیبگرن لە سێ ڕۆژان زیاتر، بۆ ئەوە بەشی هەمووانتان بکات، بەڵام ئێستا خوا عز وجل خێر و چاکەی هێناوە، بۆیە بخۆن و خێریش بکەن و پاشەکەوتیش بکەن، ئەم ڕۆژانەش ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن.

لەو بارەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ ﴾، کاتێک کە بە ڕیز وەستاون، ناوی خوایان لەسەر بێنن، لەو بارەوە ئەم فەرموودەیە هەیە:

{عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّهُ رَأَى رَجُلاً قَدْ أَنَاخَ بَدَنَتَهُ وَيَنْحَرُهَا، فَقَالَ: ابْعَثْهَا قِيَامًا مُقَيَّدَةً سُنَّةَ مُحَمَّدٍ ٢} (أخرجه البخاري: ١٧١٣، ومسلم: ٣٢، وأبو داود: ١٧٦٨، وابن حبان: ٥٩٠٣).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازیبێ)، پیاوێکی بینی حوشترەکەی خۆی یەخ دابوو، سەری دەبڕی، فەرمووی بەری بدە، با بە پێوە بێ، بەڵام ببەسترێتەوە، ئەوە ڕێباز و ڕێ و شوێنی (**محمد** ﷺ)ە.

زانایان گوتوویانە: ئەم دەقە وەک فەرموودەی بەرز کراوەیە بۆ لای پێغەمبەر (**لە حکم الرفع**)، چونکە هاوەڵان کە شتێک دەڵێن، ئەگەر بەرزی نەکەنەوە

بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ پێـی دەڵێـن: (**موقـوف**)، واتـە: وەسـتێندراوە لەسـەر هـاوەڵان، بـەڵام ئـەو شـتانەی کـە لـە ڕێـی وەحییـەوە نەبـێ نازاندرێـن و پـاڵ دەدرێنـە لای پێغەمبـەر ﷺ، بـا نەشـیگوتبێ: پێغەمبـەری خـوام بینـی ئـاوای کـردو، ئـاوای فەرمـوو، ئـەوە حوکمـی دەقـی بەرزکـراوەی هەیـە بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ، چونکـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر (خـوا لـە خـۆی بابـی ڕازی بـێ)، لـە خـۆوە ناڵـێ ئـەوە سـوننەتی پێغەمبـەرە ﷺ، دەبـێ دڵنیـا بـێ کـە پێغەمبـەر ﷺ ئـاوا حوشـترەکەی سـەر بڕیـوە، ئنجـا وا دەڵـێ، بۆیـە ئەمـە حوکمـی فەرمـوودەی بەرزکـراوەی هەیـە، بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ.

هـەر لـەو بـارەوە ئـەم دەقـەش هەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ دەیفەرمـوێ: {عَـنِ الْبَرَاءِ ﷺ، قَـالَ: قَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: إِنَّ أَوَّلَ مَـا نَبْـدَأُ بِـهِ فِي يَوْمِنَـا هَـذَا، أَنْ نُصَلِّيَ، ثُـمَّ نَرْجِـعَ فَنَنْحَـرَ، مَـنْ فَعَلَـهُ فَقَـدْ أَصَابَ سُـنَّتَنَا، وَمَـنْ ذَبَـحَ قَبْـلُ، فَإِنَّمَـا هُـوَ لَحْـمٌ قَدَّمَـهُ لِأَهْلِـهِ، لَيْـسَ مِـنْ النُّسُـكِ فِي شَيْءٍ} (أخرجـه أحمـد: ١٨٥٠٤، والبخـاري: ٥٢٢٥، ومسـلم: ١٩٦١، وأبـو داود: ٢٨٠٠، والترمـذي: ١٥٠٨، والنسـائي: ٤٣٩٥) ، والدارمـي: ١٩٦٢).

واتـە: بەڕانـی کـوڕی عازیـب ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: (لـە ڕۆژی جـەژنی قوربـان دا بـووە)، فەرمـووی: یەکەمیـن شـتێک کـە لـەم ڕۆژەمانـدا دەیکەیـن و دەسـتی پێدەکەیـن ئەوەیـە کـە نوێـژ دەکەیـن، دوایـی دەگەڕێینـەوە (ئاژەڵـەکان قوربانییـەکان) سـەر دەبڕیـن، هـەر کەسێک وایکـرد، بـە پێـی ڕێبـازی ئێمـە ڕەفتـاری کـردوە، بـەڵام هـەر کەسـێک ئاژەڵەکـەی خـۆی سـەربڕیبوو، پێـش ئـەوەی نوێـژ بـکات، ئـەوە هـەر گۆشـتێکە بـۆ خـاو و خێزانـی خـۆی پێشکەشـی کـردوە و، ئـەوە بـە قوربانیـی لـە قەڵـەم نـادرێ.

ئایا قوربانیی چ کاتێک سەر دەبڕرێ؟ لەوبارەوە ئەم دەقە دێنینەوە:

{عَـنْ جُبَـيْرِ بْـنِ مُطْعِـمٍ ﷺ، أَنَّ رَسُـولَ اللـهِ ﷺ قَـالَ: أَيَّـامُ التَّشْرِيـقِ كُلُّهَـا ذَبْـحٌ}، (أخرجـه البيهقـي فِي الكُـبرى: ١٩٧١٧، والبـزّار: ٣٤٤٣، والدارقطنــي: ٤٧، والديلمـي: ١٦٧٦).

واتـه: جوبەیـری کـوڕی موتعیـم ﵁، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: ڕۆژانـی تەشریـق هەموویـان ڕۆژی سـەربڕینن، سـەربڕینی قوربانییـن.

(أَيَّامُ التَّشْرِيقِ) ئـەم چـوار ڕۆژەن، ڕۆژانـی: **(١٠و ١١و ١٢و ١٣ ذي الحجـة)**، ڕۆژی جـەژن و، سـێ ڕۆژی دوای جـەژن، لـە هـەر چواریانـدا قوربانیـی سـەر دەبـڕدرێ.

٦)- ﴿ كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَٰهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیەی ئێوە دەبینن (ئەو حوشترە زلانە و ئەو ڕەشەوڵاخانە: گایە، مانگایە، گامێشە و کەڵە) ئێمە بۆمان ڕام و دەستەمۆ کردوون، بۆمان ملکەچ کردوون، بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن.

ئەگەرنـا بـە سـەد (١٠٠) ئەفـەر بـە حوشـترێک ناوێـرن، کـە لێیـان بەلەسـە ببـێ، هەروەهـا بـە گایـەک و بـە گامێشـێک و بـە کەڵێـک، ناوێـرن.

٧)- ﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا ﴾، لێرەدا خوا ﷻ حەقیقەتێکی دیکە باس دەکات دەفەرموێ: گۆشتەکەیان (هی ئەو قوربانییانە) و، خوێنەکەیان، ناگاتە خوا. **(النَّيْلُ: الإِصَابَة)** تووشبوون، گەیشتن نە گۆشتی ئاژەڵەکان کە سەرتان بڕیون و نە خوێنەکەشیان، ناگاتە خوا، وشەی: (لَن يَنَالَ ٱللَّهَ)، خوێندراویشەتەوە: **(لَنْ تَنَالَ اللهَ)** چونکە **(لُحُوم)** و (دِمَاء) کۆن، ئنجا لەبەر ئەوە مێینەی مەجازیی **(المؤنث مجازي)**ن، هەردووک لایان تێدا دروستن، بە هەردوو شێوەکان خوێندراونەوە، ئەدی ئایا چی دەگاتە خوا ﷻ؟

٨)- ﴿ وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ ﴾، بەڵکو پارێزکاریی لە ئێوەوە بە خوا ﷻ دەگات، ئەمەش دیسان خوێندراوەتەوەش: **(وَلَكِنْ تَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُم)**، چونکە تەقواش، هەم بە نێر **(مُذَكَّر)** دێ و، هەم بە مێ **(مُؤَنَّث)**یش دێ، کەواتە: ئەوەی جێی سەرنجی خوای پەروەردگارە، ڕواڵەتی گۆشتەکەو ڕواڵەتی خوێنەکەیان نیە، کە دەیڕێژن لە پێناوی خوادا، بەڵکو ئەو هاندەرو پاڵنەرەیە کە پاڵتان پێوە دەنێ ئەو ئاژەڵانە سەر ببڕن بۆ خوا، کە بریتیە لە تەقوای نێو دڵ، تەقوای نێو دڵان بە خوا دەگات، نەک گۆشت و خوێنی ئاژەڵان.

دوایی جارێکی دیکە خوا ﷻ دەفەرموێ:

٩)- ﴿كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ﴾، ئاوا بەو شێوەیە کە دەیبینن، خوا ﷻ بۆ ئێوەی دەستەمۆ و ڕام و ملکەچ کردوون، بۆ ئێوەی بەردەست کردوون.

١٠)- ﴿لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ﴾، تاکو لەسەر ئەوەی خوا ﷻ ڕێنمایی ئێوەی کردوە و خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، بە گەورەی بگرن (أللهُ أكْبَر) بکەن، بەڵام (أللهُ أكْبَر) کردنەکە بە زار، دەبێ پێشێ لە دڵ دابێ و، گەورەیی و بەرزیی و بێ وێنەیی خوا ﷻ لە دڵدا هەبێ.

١١)- ﴿وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ﴾، موژدەش بدە بە چاکەکاران، ئەوانەی باش خواپەرستیی دەکەن و چاک بەندایەتیی بۆ خوا ﷻ ئەنجام دەدەن.

کە دەفەرموێ: ﴿لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ﴾، یانی: خوا بە گەورە و مەزن بگرن، کە خوا ﷻ بەو شێوەیە، قوربانیی سەربڕینی بۆ ئێوە ڕوون کردۆتەوەو، پێشانی ئێوەی داوە و ڕێنمایی کردوون: چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ ئاژەڵ سەربڕین و قوربانیی سەربڕیندا، کە لەو بارەوە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، چ لە نیوە دورگەی عەڕەبیی و گەلی عەڕەب و، چ لە دەرەوەی نەتەوەی عەڕەب لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و، لە یۆنان و، ڕۆمان و، میسڕ و، میزۆپۆتامیا و، شام و، لە هەموو دنیادا، غەڵەت و پەڵەتی زۆر هەبووە.

کورتە باسێک: حەوت هەڵوەستە

لێرەدا پێویستە حەوت هەڵوەستە بکەین، لە بەرانبەر کۆمەڵێک شت دا کە لەم دوو ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێن:

١- پێناسەی (بَدَنـة): زانایان ڕاجیاییان لەو بارەوە هەیە، کە ئایا وشەی (بُدُن)، یان (بُدْن) کە کۆی (بَدَنَة)یە، ئایا تەنیا بە حوشتر دەگوترێ، یاخود بە ڕەشە وڵاخیش دەگوترێ؟

أ- (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودو عەطاء و شافیعیی) گوتوویانە: بە ڕەشە وڵاخ ناگوترێ و تەنیا بە حوشتر دەگوترێ: (بَدَنَة).

ب- (مالیک و ئەبوو حەنیفە) گوتوویانە: وشەی (بُدُن) یان (بُدْن) کە کۆی (بَدَنَة)یە، هەم بە حوشتر دەگوترێ، هەم بە ڕەشە وڵاخیش، واتە: گاو مانگاو گامێش و کەڵ.

سوودی ئەو ڕاجیاییەش ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک ئەزرێکی کرد و گوتی: خوایە! بەدەنەیەکم لەسەر ئەزر بێ و، حوشتری دەست نەکەوت و ڕەشە وڵاخێکی دەستکەوت، وەک: گا یان مانگا، ئایا لەسەری لا دەچێ؟ بە پێی قسەی مالیک و ئەبوو حەنیفە بێ، بەڵێ، بەڵام بە پێی قسەی ئیبنو مەسعوودو شافیعیی و عەطاء بێ، نەخێر، هەڵبەتە (القرطبي) ئەم مەسەلەیەی هێناوە[١]، دوایی ئەو ڕایە بەهێزتر دەکات کە شافیعی و عەتا و ئیبنو مەسعود و ئەوان هەڵیان بژاردوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە بارەی ڕۆژی جومعەوە فەرموویەتی: ﴿مَنْ اغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ غُسْلَ الجَنَابَةِ، ثُمْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الأولى فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً﴾ (أخرجه البخاري: ٨٨١، ومسلم: ٨٥٠).

واتە: هەر کەسێک ڕۆژی هەینی خۆشۆردنی لەشگرانیی ئەنجام بدات، پاشان لە کاتی یەکەمی ڕۆژی هەینی دا بچێ بۆ نوێژی جومعە، وەک بەدەنەیەکی سەر بڕیبێ (واتە: حوشترێک) و هەر کەسێک لە کاتی دووەمی دا بچێ، وەک مانگایەکی سەر بڕیبێ.

بەڵام من پێم وایە ڕای مالیک و ئەبوو حەنیفە ڕاسترە، بەڵێ ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ یش هەیە، بەڵام دەڵێین: وشەی (بَدَنة) ئەگەر لەگەڵ (بقرة)دا بەکار بێ، (بَدَنة)، یانی: حوشتر، (بقرة)ش یانی: مانگا، بەڵام ئەگەر (بُدْنٌ) بە ڕەهایی بەکاربێ، ڕەشە وڵاخیش دەگرێتەوە، هەروەک چۆن خوا ﷻ هەندێک وشان بەکاردێنێ، ئەگەر بە بە تاککراوەیی (منفرد) هاتن، مانایەکەیان گشتگیر دەبێ، بەڵام ئەگەر بە جووت کردن و بە بەراورد کردن لەگەڵ وشەی دیکەدا بەکارهاتبن، ماناکەیان تەسک دەبێتەوە، بۆ وێنە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ ٩٠﴾النحل.

یان ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ ٢﴾المائدة.

وشەی (ٱلۡبِرِّ) ئەگەر بە تەنیا بێ، (التَّقْوَى)ش دەگرێتە نێو خۆی، بەڵام کە لەگەڵ (التَّقْوَى)دا دێ، (ٱلۡبِرِّ)، واتە: چاکەکاریی، (التَّقْوَى) واتە: پارێزکاریی، هەروەها وشەکانی (الإِيْمَان) و (الإِسْلَام)، وشە(الإِيْمَان) ئەگەر بە تەنیا بێ (الإِسْلَام)یش دەگرێتە نێو خۆی، بەڵام ئەگەر (الإِيْمَان) و (الإِسْلَام) هەردووکیان هاتن، (الإِيْمَان) یانی: حاڵەتی پەنهانی دینداریی و (الإِسْلَام) یانی: حاڵەتی ڕواڵەتیی و ئاشکرا.

٢- مەرجەکانی قوربانیی: ئەم فەرموودەیە هەیە لە بارەی ئەو قوربانییەوە کە سەر دەبڕدرێ: {عَنِ ٱلْبَرَاءِ بنِ عَازِبٍ ﷺ، قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ: أَرْبَعٌ لاَ تَجُوزُ فِي ٱلضَّحَايَا: ٱلْعَوْرَاءُ ٱلْبَيِّنُ عَوَرُهَا، وَالْمَرِيضَةُ ٱلْبَيِّنُ مَرَضُهَا، وَالْعَرْجَاءُ ٱلْبَيِّنُ ظَلْعُه، وَالْكَسِيرَةُ ٱلَّتِي لاَ تُنْقِي} (أخرجه مالك: ١٠٢٤، وأحمد: ١٨٥٣٣، وأبو داود: ٢٨٠٢، والترمذي: ١٤٩٧، والنسائي: ٤٣٦٩، وابن ماجه: ٣١٤٤، والدارمي: ١٩٥٠، وابن حِبان: ٥٩٢١، والحاكم: ١٧١٨، وقال: صحيح).

واتە: بەڕائی کوڕی عازیب ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چوار سیفەت ئەگەر لە قوربانییاندا هەبن، هەر کامێکیان بێ، بە کەڵکی قوربانیی نایەت:

١- ئاژەڵێک کە کوێر بێ و، کوێرییەکەی زۆر ئاشکراو ڕوون بێ.

٢- ئاژەڵێک کە نەخۆش بێت و، نەخۆشییەکەی زۆر دیار بێ و، لەڕو لاوازی کرد بێ.

٣- ئاژەڵێک شەل بێ، شەلییەکەی زۆر زەق و دیار بێ.

٤- ئاژەڵێک کە یەکێ لە چوار پەلەکانی شکابێ، بەشێوەیەک کە ڕێی قەڵەو بوون و بە گۆشت بوونی لێ بگرێ.

٣- **خواردن لە گۆشتی قوربانیی:** وەک پێشتر گوتم ئەمە ڕاجیایی تێدایە:

أ)- مالیک (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، گوتوویەتی: ڕەوایە، بەڵکو پەسندە مرۆڤ لە گۆشتی قوربانیی بخوات، بەڵام نەک قوربانییەک کە واجب بووبێ، بەڵکو ئەوەی کە وەک سوننەت سەردەبڕدرێ، بەڵام قەدەغەیە لە گۆشتی ئاژەڵێک بخورێ کە وەک قەرەبوو (فدیة) سەربڕاوە، هەروەها ئەوەی کە سزای نێچیر کوشتن بێ و، ئەوەی کە بۆ هەژارو نەداران نەزر کرابێ، نابێ ئەوانە لێیان بخورێ.

ب)- ئەبوو حەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، دەڵێ: هەر ئاژەڵێک دروستە لێی بخورێ، کە لە حەجی (**تَمَتُّع**) و حەجی (**قِران**)دا - کە دوایی باسیان دەکەین و حەجی (**تَمَتُّع**) ئەوەیە کە ئینسان ئیحرام بە عومرە ببەستێ، عومرەکەی تەواو بکات و دوایی حەجەکەی بکات، حەجی (**قِران**)یش ئەوەیە کە نیەت بۆ هەردووکیان پێکەوە بێنێ - ئەبوو حەنیفە دەڵێ: دروستە لێیان بخورێ، بەڵام قوربانییەک کە حاجی لە کاتی ئیحرام بەستندا، لەسەر خۆی پێویست کردوە، نابێ لێی بخورێ.

ج)- شافیعیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، دەڵێ: نابێ لە گۆشتی قوربانییان بە هیچ شێوەیەک بخورێ، بە هەر جۆرێک بێ.

د)- ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، دەڵێ: لە گۆشتی ئەو قوربانییانەی کە واجبن، دەخورێ، جگە لەوەی سزای نێچیر کوشتن بێ، یاخود بەهۆی نەزرو لە خۆگرتنەوە بێ.

٤- پێناسەی (قانع): پێشتر باسمان کرد کە (قانِع) یانی: کەسێک کە سیفەتی (قُنُوع)ی هەیە، ئەویش بریتیە لە ملکەچیی و داماویی و زەبوونیی پێشاندان، بەڵام قەناعەت لە: (قَنِعَ، يَقْنَعُ، قناعة) هاتوە و ئەوی دیکە لە: (قَنَعَ)ەوە.

(الخفاجي) گوتوویەتی:

الـعَبْدُ حـُـرٌ إنْ قَنِــعَ　　وَالحــرُ عَبـْـدٌ إنْ قَنَـــعَ
فَاقْنَـــع ولاَ تَقْنَع فَمَا　　شَـيءٌ يشِينُ سِـــوَى الطَّمـعِ

واتە:

کۆیلـــە ئـــازادە ئەگەر قەناعـــەت بکات
بەڵام ئازاد کۆیلەیە ئەگەر زەبوونیی پێشانبدا!

قەناعەتت هەبێ و زەبوونیی پێشان مـــەدە
هیچ شت مرۆڤ ناشیرین ناکات جگە چاوبرسیەتیی

٥- پێغەمبەر چۆن قوربانیی سەربڕیوە؟: جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لێیان ڕازی بێ، باسی ئەوەی کردوە، کە پێغەمبەر ﷺ چۆن قوربانییەکانی سەر بڕیوە: {عَنْ جَابِرٍ أَنَّ الْبُدْنَ الَّتِي نَحَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كَانَتْ مِائَةَ بَدَنَةٍ نَحَرَ بِيَدِه ثَلَاثًا وَسِتِّينَ وَنَحَرَ عَلِيٌّ مَا غَبَرَ، وَأَمَرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ كُلِّ بَدَنَةٍ بِبَضْعَةٍ فَجُعِلَتْ فِي قِدْرٍ ثُمَّ شَرِبَ مِنْ مَرَقِهَا} (أخرجه أحمد: ١٤٥٨٩ تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح.

دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ چـوو بـۆ سـەربڕگە {ئـەو شـوێنەی لێـی سـەر دەبـڕدرێ، کوشـتارگە} و، بـە دەسـتی خـۆی، شەسـت و سـێ (٦٣) حوشـتری سـەربڕی، دوایـی چەقـۆ گەورەکـەی دایـە دەسـت عەلـی ئەوانـەی کـە مابـوون {لـەو سـەد (١٠٠) حوشـترە، کـە دەکاتـە (٣٧)} ئەویـش ئەوانـی سـەربڕی، پێغەمبـەر فەرمانـی کرد

لەهەر حوشترێك پارچە گۆشتێك بخرێتە مەنجەڵێکەوە، دوایی لە گۆشتاوەکەی خواردەوە.

٦- مامەڵەی دروست لەکەڵ گۆشتی قوربانیی دا: لەو بارەوە کە ئایا دروستە ئەو قوربانییانەی دەهێنرێن، ئەگەر بزانی خەسار دەبن و، گۆشتەکەیان بۆگەن دەبێ، ئایا دروستە ئەو قوربانییانە هەڵبگیرێن بۆ کاتێکی دیکە؟

لەو بارەوە ڕاجیایی هەیە، بەڵام وەک: **(محمد الطاهر بن عاشور)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: **{يُفْعَلُ ما هو أَنْفَعُ للفُقَرَاء}** دەبێ ئەوە بکرێ کە بۆ هەژاران باشترە، قوربانییەکان دانراون لە شوێنی خۆیان، بەڵام مەرج نیە هەر هەمان ڕۆژ سەر ببڕدرێن، بەڵکو دەگونجێ بهێڵدرێنەوە بۆ کاتێکی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو گۆشتە هەموو بەسەریەکدا نەترشێ.

٧- تێهەڵسوونی خوێن لە دەرو دیوار: تێهەڵسوونی خوێن لە دارو دیواری کەعبە لە سەردەمی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و، بت پەرستەکاندا هەبووە و، خوای پەروەردگار ئەوەی قەدەغە کردوە، هەروەها سووتاندنی قوربانییەکان لە نێو جوولەکەکاندا و، لە نێو زۆرێک لە گەلاندا هەبووە، کە شتێکیان کردۆتە قوربانیی، گوتوویانە: دەبێ بیسووتێنین، چونکە تایبەت بۆ خوایە و، نابێ هیچ کەس لێی بخوات، ئەوانە هەموویان عادەتی سەردەمی نەفامیی و بتپەرستەکانن.

هەر بۆیە خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا ﴾، یانی: نە خوێنەکەی لە دارو دیوار هەڵسوون و، نە گۆشتەکەشی بسووتێنن، بەڵکو بۆ خۆتان لێی بەهرەمەند بن، چونکە ئەوەی دەگاتە خوا ﷻ و ئەوەی جێی سەرنجی خوایە، بریتیە لەو تەقوایەی کە لە دڵ و دەروونتاندا هەیە.

کورتە باسێک لە بارەی حەج و عومرەوە

لێرەدا کورتە باسێک لە بارەی حەج و عومرەوە دەخەینە ڕوو، ڕاستەوخۆ لە مەوسووعەی: (خواپەرستیی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا)(١) وەریدەگرین، مەرج نیە کت ومت هەمووی، بەڵکو بە پوختکردنەوەوە.

ئەو کورتە باسەش لەم نۆزدە (١٩) بڕگەیەدا دەخەینە ڕوو:

١)- پێناسەی حەج و عومرە.
٢)- پلەو پایەی حەج و عومرە.
٣)- حوکمی حەج و عومرە.
٤)- جۆرەکانی حەج و عومرە.
٥)- مەرجەکانی حەج و عومرە.
٦)- حەج کردنی ئافرەت.
٧)- کاتەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە.
٨)- شوێنەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە.
٩)- کردەوەکانی حەج.
١٠)- پایەکانی حەج.
١١)- فەرزەکانی حەج.
١٢)- پایەو فەرزەکانی عومرە.
١٣)- ئەو شتانەی لە ماوەی ئیحرامدا قەدەغەن.

---

(١) [illegible]

١٤)- ئەو شتانەی لە ماوەی ئیحرامدا ڕەوان (مباح)ن.

١٥)- چۆنیەتیی ئیحرام شكاندن.

١٦)- چۆنیەتیی حەجی ماڵئاوایی پێغەمبەر ﷺ (حجة الوداع).

١٧)- چۆن حەج و عومرە ئەنجام دەدەی؟

١٨)- بەرهەم و سوودەكانی حەج و عومرە.

١٩)- دوا قسەم لە بارەی حەج و عومرەوە.

شایانی باسە: كاتێ خۆی لە ساڵی (١٩٩٩)ز دا، ئەم مەوسووعەیەم: (خواپەرستیی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا)، لە چوار بەرگدا نووسیومە و، ئەم باسەش كە لە بارەی حەج و عومرەوە لە نۆزدە (١٩) بڕگەدا، دەیخەمە ڕوو، لە كۆمەڵێك سەرچاوە بەهرەم وەرگرتوە⁽¹⁾ كە لە پەراوێزدا دەیاننووسم.

---

(١) لێرەدا هەم ناوی سەرچاوەكان و، هەم ژمارەی بەرگ و لاپەڕەكانیان دەخەمەڕوو:
١- (كتاب الموطأ للإمام مالك، كتاب الحج)، لاپەڕەكانی: (٢٦٠ - ٢٧٣).
٢- (المغني والشّرح الكبير)، بەرگی: (٣)، لاپەڕەكانی: (١٥٩ - ٥٩١).
٣- (المجموع شرح المهذب، للنووي)، بەرگی: (٧) هەمووی، هەروەها بەرگی: (٨)، لاپەڕە: (٣١٨).
٤- (شرح صحيح مسلم للنووي)، بەرگەكانی: (٥ و ٦)، لاپەڕەكانی: (٣١٥٥ - ٣٧٢٥).
٥- (أحكام القرآن لابن العَرَبي)، بەرگی: (١)، لاپەڕەكانی: (١٦٧ - ٢٠٢).
٦- (الجامع لأحكام القرآن للقرطبي)، بەرگی: (١)، لاپەڕەكانی: (٦٦٠ - ٧١٥) و، بەرگی: (٢)، لاپەڕەكانی: (١ – ١٤).
٧- (مجموع الفتاوى لابن التيمية)، بەرگی: (٢٨) هەمووی.
٨- (زاد المعاد في هدي خير العِباد، لابن القيم)، بەرگی: (١)، لاپەڕەكانی: (١٧١ - ٢٤٧).
٩- (المُحَلَّى شرح المُجَلَّى لابن حزم الأندلسي)، بەرگی: (٧)، لاپەڕەكانی: (١ - ٢٠٩).
١٠- (بداية المجتهد لابن رشد)، بەرگی: (١)، لاپەڕەكانی: (٣٣٠ - ٣٩٦).
١١- (فتح الباري لابن حجر العسقلاني)، بەرگی: (٤)، لاپەڕەكانی: (١٥٢ - ٥٩١).
١٢- (سُبلُ السلام شرح بلوغ المرام)، بەرگی: (٢)، لاپەڕەكانی: (٩١٩ - ١٠١٢).
١٣- (العُدّة على الأحكام، شرح العمدة)، بەرگی: (٣)، لاپەڕەكانی: (٢٧٥ - ٤٣٧).
١٤- (الرّوضة النّدية شرح الدُّرر البهيّة)، بەرگی: (١)، لاپەڕەكانی: (٣٥٦ - ٤٠٨).

١)- پێناسەی حەج و عومرە:

أ)- لە ڕووی زمانەوانییەوە:

تێکڕای زانایانی زمان لەسەر ئەوە پێکهاتوون، کە وشەی **(الحَج)** کە بە **(حَج)** و **(حِج)** دەبێژرێ، لە ئەسڵی زمانی عەرەبیی دا، بە مانای جێی مەبەست **(قَصْد)** دێ، هەندێکیشیان بۆ وێنە: **(خليل بن أحمد الفراهِيدي)**، وشەی **(حَجّ)** یان بە: **(كَثْرَةُ القَصْدِ إلى مُعَظَّم)**، واتە: زۆر ڕوو کردنە شتێکی بە مەزنگیراو، مانایان کردوە و، ئەوە بە نسبەت **(الحَجّ)**ەوە.

وشەی **(العُمْرَة)**ش لە ئەسڵی زماندا، بە مانای سەردان و زیارەت دێ.

ب)- لە زاراوەی شەرعدا:

یەکەم: (الحَجّ) بە چەند جۆرێک پێناسە کراوە، کە لە نێوەڕۆکدا دەبنەوە یەک، **(فتح الباري)** هەروەها **(شرح صحيح مسلم)**، کە یەکەمیان هی: **(إبن الحجر العسقلاني)** و دووەمیان هی: **(النووي)**یە، بەم شێوەیە وشەی **(الحَج)**یان لە زاراوەی شەرعییدا مانا کردوە: **(القَصْدُ إلى البَيْتِ الحَرَام بِأعْمَالٍ مَخْصُوصَة)**، واتە: ڕوو تێکردنی ماڵی حەڕام (کەعبە) بە چەند کردەوەیەکی تایبەت، هەروەها هەندێکیان ئاوایان پێناسە کردوە، کە لەو دوو سەرچاوەی پێشوودا هاتوە: **(الحَجُّ: قَصْدُ مَوْضِع مَخْصُوصٍ وَهُوَ البَيْتُ، بِصِفَةٍ مَخْصُوصَةٍ، فِي وَقْتٍ مَخْصُوصٍ،**

١٥- (الأدلّة الرضيّة)، لاپەڕەکانی: (١٤٠ - ١٦٢).

١٦- (الفقه على المذاهب الخمسة، لِمحمد جواد مُغْنية)، لاپەڕەکانی: (١٨٩ - ٢٨٨).

١٧- (فقه السنة، للسيد سابق)، بەرگی: (١)، لاپەڕەکانی: (٦٢٣ - ٧٨١).

١٨- (المفصّل في أحكام المرأة والبيت المسلم، للدكتور عبدالكريم زيدان)، بەرگی: (٢)، لاپەڕەکانی: (١٤٧ - ٤٦٠).

١٩- (الفقه الإسلامي وأدلته، للدكتور وهبة الزحيلي)، بەرگی: (٣)، لاپەڕەکانی: (٢٠٦١ -- ٢٤١٦).

٢٠-(الوجيز في فقه السنةِ والكتاب العزيز، تأليف عبدالعظيم بن بدوي)، لاپەڕەکانی: (٢٢٩ – ٢٧٦).

٢١- (فتاوى مُهمّة تتعلق بالحج والعمرة، للشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز). ڕەحمەتی

بِشَرائِطَ مَخْصُوصةٍ)، واتە: (حَجّ) بریتیە لە مەبەستێکی تایبەت، ڕوو کردنە شوێنێکی تایبەت کە کابەیە، بە شێوەیەکی تایبەت و، لە کاتێکی تایبەتدا و، بە چەند مەرجێکی تایبەت.

دووەم: (عومرە): سەردانی ماڵی خوایە، بە ئیحرام بەستن و، سووڕانەوە بە دەوری کەعبەداو، هاتن و چوون لە نێوان صەفاو مەڕوەداو، تاشینی قژی سەر یان کورت کردنەوەی(1).

بە کورتیی: هەر کام لە حەج و عومرە، لە زاراوەی شەرعدا: بریتین لە سەردانی ماڵی خوا کە کەعبەیە (**بیْتُ اللە الحَرَام**) و، هەر کامێکیان لە چەند پایەو فەرزو سوونەتێک پێک دێن، ئەوەندە هەیە حەج چەند ئیمتیازێکی بەسەر عومرەدا هەن، کە گرینگترینیان ڕاوەستانە لە عەرەفات، کە پایەو کۆڵەکەی سەرەکیی حەجە، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: [**الحَجُّ عَرَفَةُ**] (**أخرجە أحمد: ١٨٧٩٦، وأبو داود: ١٩٤٩، والترمذي: ٨٨٩، والنسائي ٣٠٤٤، وابن ماجە: ٣٠١٥**).

واتە: حەج عەرەفەیە، یانی: وەستان لە عەرەفات.

لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندیی دیکەدا، کە شەو مانەوە لە موزدەلیفەداو، شەو مانەوە لە میناو، وردە بەرد هاویشتنەکانن.

٢)- پلەو پایەی حەج و عومرە:

هەم خوا ﷻ و، هەم پێغەمبەری سەروەریشمان ﷺ، لە زۆر دەقی قورئان و سوننەتدا، باسی حەج و عومرەو پایەو فەرزو سوونەتەکانیان کردوون و، بەرزیی پلەو پایەیان و، گەورەیی و خێرو پاداشتی ئەنجامدەرانیان خستۆتە ڕوو، کە ئێمە هەر بۆ نموونە، چەند ئایەتێک و چەند فەرموودەیەک دێنین:

أ- چەند ئایەتێک:

١- خوا ﷻ لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ١٩٦ ﴾، واتە: حەج و عومرە بە تەواویی ئەنجام بدەن (یان: تەواویان بکەن) بۆ خوا.

٢- لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٧﴾﴾، واتە: بۆ خوا ﷻ لەسەر خەڵک پێویستە، سەردانی ماڵی خوا بکەن، بۆ هەر کەسێک کە دەتوانێ، هەر کەسێکیش بێبڕوا بێ، خوا بێنیازە لە جیهانییان.

بۆیە هەندێک لە زانایان کە گوتوویانە: چۆن بە نەکردنی نوێژ مرۆڤ کافر دەبێ و، بە زەکات نەدان کافر دەبێ، بە حەج نەکردنیش کافر دەبێ، ئەم ئایەتەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە، کەسێک لە توانایدا هەبێ و بە ئەنقەست نەیکات، ئەوە ڕای هەندێک لە زانایانە.

٣- هەروەها لە سوورەتی (الحج)یشدا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَذِّن فِى ٱلنَّاسِ بِٱلْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴿٢٧﴾﴾، واتە: جاڕ بە نێو خەڵکیدا بدە، بۆ حەجێ بێن، بە پێیان و بە سواریی هەر وڵاخێک کە سکی بە پشتیەوە نووساوەتەوە، لە هەر ڕێیەکی دوورو قووڵەوە با بێن.

ب- چەند دەقێکی سوننەت:

پێغەمبەر ﷺ لە بارەی پلە وپایەی حەج و عومرەوە فەرمایشتی زۆرن، بۆ وێنە:

١- (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ؓ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ سُئِلَ: أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ فَقَالَ: إِيمَانٌ بِاللهِ وَرَسُولِهِ، قِيلَ: ثُمَّ ماذا؟ قَالَ: الْجِهادُ فِي سَبِيلِ اللهِ، قِيلَ: ثُمَّ ماذا؟ قَالَ: حَجٌّ مَبْرورٌ) (أخرجه أحمد: ٧٥٨٠، والبخاري: ١٤٤٧، ومسلم: ٨٣، والترمذي: ١٦٥٨، والنسائي: ٣١٣٠، وابن حبان: ٤٥٩٨).

واتە: ئەبوو هورەیرە ؓ، دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێکرا: چ کردەوەیەک چاکترە؟ فەرمووی: بڕوایەکی پتەو بە خواو پێغەمبەرەکەی، گوترا: ئەدی دوای ئەو؟ فەرمووی: تێکۆشان لە پێناوی خوادا، گوترا: ئەدی دوای ئەو؟ فەرمووی: حەجێکی تێر و تەواو.

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: مَنْ حَجَّ فَلَمْ يَرْفُثْ، وَلَمْ يَفْسُقْ، رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ} (أخرجه أحمد: ٧٣٧٥، والبخاري: ١٤٤٩، والترمذي: ١٦٥٨، والنسائي: ٢٦٢٧، وابن ماجه: ٢٨٨٩، وابن حبان: ٣٦٩٤).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: هەر کەسێ حەجێک بکات، (تێیدا) قسەی بێ جێ نەکات و، کرداری ناشایستە نەکات، ئەو ڕۆژە کە دەگەڕێتەوە، وەک تازە لە دایک بووبێ، ئاوا دەگەڕێتەوە.

واتە: چڵکی گوناهانی پێوە نامێنێ، پاک و چاک دەبێ.

٣- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الْجَنَّةُ}، (أخرجه مالك: ٧٦٧، وأحمد: ٩٩٤٩، والبخاري: ١٦٨٣، والترمذي: ٩٣٣، والنسائي: ٢٦٢٩، وابن ماجه: ٢٨٨٨، وابن حبان: ٣٦٩٦).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: عومرە تاکو عومرە، نێوان خۆیان دەسڕنەوە، حەجی تێرو تەواویش جگە لە بەهەشت، پاداشتێکی دیکەی نیە.

٤- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ! نَرَى الجِهَادَ أَفْضَلَ العَمَلِ، أفلا نُجَاهِدُ؟ قَالَ: لَكِنْ أَفْضَلُ الجِهَادِ: حَجٌّ مَبْرُورٌ}، (أخرجه البخاري: ١٥٢٠).

واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ دەبینین، جیهاد چاکترین کردەوەیە، ئایا ئێمەش جیهاد نەکەین (وەک نافرەتان)؟ فەرمووی: بۆ ئێوەی نافرەت حەجی تێرو تەواو، لە جیهاد چاکترە.

٥- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً، أَوْ حَجَّةً مَعِي} (أخرجه البخاري: ١٨٦٣، ومسلم: ١٢٥٦).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: عومرەیەک لە مانگی ڕەمەزاندا، بارتەقای حەجێکە، یاخود حەجێکە لەگەڵ مندا.

٦- {عَنْ عَائِشَة رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، إِنْ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ مِنْ أَنْ يُعْتِقَ اللهُ فِيهِ عَبْدَاً مِنَ النَّارِ مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ} (أخرجه مسلم: ١٣٤٨، والنسائي: ٣٠٠٣، وابن ماجه: ٣٠١٤، وابن خزيمة: ٢٨٢٧).

واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازیبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: لە هیچ ڕۆژێکدا، خوا بەندەکان لە سزای ئاگر ئازاد ناکات، زیاتر لەوەی لە ڕۆژی عەرەفەدا ئازادیان دەکات.

٣)- حوکمی حەج و عومرە:

أ/ حوکمی حەج:

حەج یەکێکە لە پێنج پایەکانی ئیسلام و، زانایان لەسەر ئەوە یەک دەنگن، کە لەسەر هەر مسوڵمانێکی عاقڵ و باڵغ و ئازاد و خاوەن توانا، فەرزی عەینە، چونکە دەقەکانی قورئان و سوننەت لەو بارەوە زۆرن و ڕاشکاون، هەروەها زانایانیش لەسەر ئەوە یەک دەنگن، کە ژن و پیاو تێیدا یەکسانن و، لە تەمەنیشدا یەکجار فەرزە، لەو بارەوە فەرمووده زۆرن، ئێمە پێشتر ئایەتەکانمان هێنان، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (آل عمران)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٧﴾ ﴾، واتە: بۆ خوا لەسەر خەڵک پێویستە کە سەردانی ماڵ {ماڵی خوا} بکەن {کە کەعبەیە} بۆ کەسێک کە بتوانێ، بۆی بچێ و بیگاتێ و، هەر کەسێکیش بێبڕوا بێ، خوا لە جیهانییان بێنیازە.

٢- هەروەها لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ﴿١٩٦﴾ ﴾، واتە: حەج و عومرە بە تەواویی ئەنجام بدەن، ئەوە مانایەکیەتی، مانایەکی دیکەی ئەوەیە: حەج و عومرە کە دەستتان پێکردن، تەواویان بکەن.

هەروەها ئەم دوو فەرموودەیەی خوارەوەش دێنین:

١- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ البَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ] (أخرجه البخاري: ٨، ومسلم: ١٦).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئیسلامەتیی لەسەر پێنج پایان بنیات نراوە: شایەدیی دان بەوە کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە و، موحەممەد ڕەوانەکراوی خوایە و، نوێژ بەرپاکردن و، زەکات دان و، حەجی ماڵی خوا و، ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان.

کە دەفەرموێ: (بني الإسلام)، واتە: مسوڵمانەتیی شەخصیی، لەسەر ئەو پێنج پایە بنیات نراوە، بۆ ئەوەی بزانین کەسێک مسوڵمانە یان نا؟ تەماشا دەکەین بزانین شایەتمان دێنێ، کە ئەوە تەعبیرکردنە لە ئیمان و عەقیدەکەی، ئنجا تەماشا دەکەین: ئایا نوێژی هەیە، پێنج نوێژە فەڕزەکان، هەروەها زەکاتی هەیە و، حەجی هەیە و، ڕۆژووی هەیە؟ ئەمانە پێنج پایە و دروشمەکانی مسوڵمانەتیی شەخصیین، ئەگەرنا ئەو ئیسلامە پان و پۆڕە کە لە قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیە، هەمووی لەو پێنج شتانەدا خوڵاصە نابێ، بەڵکو وەک تاک کەسێ بتەوێ بزانی مسوڵمانە یان نا؟ تەماشای ئەو پێنجەی دەکەی، بۆ ئیمان و عەقیدەکەی، تەماشای شایەتمانی دەکەی، بۆ شتەکانی دیکەشی پەیوەندیی لەگەڵ خوا، تەماشای نوێژی دەکەی، بۆ پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک، تەماشای زەکاتی دەکەی، هەروەها تەماشای ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزانی دەکەی، وەک لایەنی ڕووحیی و، تەماشای حەج کردنەکەی دەکەی، بۆ کەسێک لە توانایدا هەبێ.

٢- فەرموودەیەکی دیکە لەو بارەوە: **[عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: خَطَبَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ! قَدْ فَرَضَ اللهُ عَلَيْكُم الحَجَّ فَحُجُّوا، فَقَالَ رَجُلٌ: أَكُلَّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللهِ؟ فَسَكَتَ،**

حَتَّى قَالَهَا ثَلاَثًا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لَوْ قُلْتُ نَعَمْ، لَوَجَبَتْ، وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ} (أخرجه مسلم: ١٣٣٧).

واتە ئەبوو هورەیرە ﵁، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێک وتاری بۆ داین، فەرمووی: ئەی خەڵکینە! خوا حەجی لەسەرتان پێویست کردوە، حەج بکەن، پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! هەموو ساڵێک؟ بێ دەنگ بوو، سێ جاران دووبارەی کردەوە، دوایی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر گوتبام، بەڵێ، لەسەرتان پێویست دەبوو، نەشتاندەتوانی (هەموو ساڵێ) بیکەن.

ب/ حوکمی عومرە:

لە بارەی عومرەوە زانایان ڕاجیاییان هەیە:

(شافعي والثوري وأحمد وإسحاق وأبو داود الظاهري وابن عبيد) بە فەرزیان زانیوە، وەک لەو سەرچاوانەدا کە پێشتر ئاماژەم پێدان هاتوە، هەروەها **(البخاري وابن حزم والشوكاني)**یش هەر هەمان ڕایان هەیە.

بەڵام **(أبو حنيفة وأبو الثور والنخعي)** عومرەکردنیان بە سوننەت داناوە و، هەر کام لە **(إبن تيمية والصنعاني وإبن العربي)**یش پشتگیریی ئەو ڕایەیان کردوە.

واش دێتە بەرچاو ڕای ئەوانە ڕاستر بێ، کە عومرە بە فەرز نازانن، چونکە وەک گوتوویانە: هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە نیەو، ڕستەی: ﴿ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ١٩٦ ﴾البقرة، نابێتە بەڵگە، چونکە ڕای بەهێزتری توێژەرەوانی قورئان لەو بارەوە ئەوەیە، کە خوای پەروەردگار فەرمانی کردوە بە تەواوکردن و بە تەواویی بەجێهێنانی حەج و عومرە، پاش دەست پێکردنیان، ئەمەش بەڵگە نیە، لەسەر فەرز بوون لەسەرەتاوە.

ئنجا ئایا حەج هەروەها عومرە لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەڵێن: فەرزن، ئایا پێویستە دەستبەجێ **(فوراً)** ئەنجام بدرێن، یان بە لەسەرخۆ و کاوەخۆ **(التراخي)**؟

زانایان لەو بارەوە ڕاجیاییان هەیە: (**أبو حنيفة ومالك وأحمد ويوسف**) و هەندێک لە هاوەڵانی شافیعیی ڕایان وایە، پێویستە دەستبەجێ ئەنجام بدرێ.

بەڵام (**شافعي والأوزاعي والثوري ومحمد بن حسن**) ڕایان وایە، ئەگەر بە کاوەخۆش ئەنجام بدرێ، مادام پێش مردن ئەنجام بدرێ، ئەو کەسە گوناهبار نابێ.

بەڵام وا پێدەچێ ڕای یەکەم بەهێزترو چاکتر بێ، چونکە وێڕای هەبوونی چەند دەقێکی سوننەت، دووربینیشی تێدایە، هیچ کەسیش نازانێ تا سبەینێ چی بەسەر دێ.

ئەم دەقەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە حەج و عومرە پێویستە دەستبەجێ ئەنجام بدرێن، بە تایبەتی حەج: **{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: مَنْ أَرَادَ الْحَجَّ فَلْيَتَعَجَّلْ، فَإِنَّهُ قَدْ يَمْرَضُ الْمَرِيضُ، وَتَضِلُّ الرَّاحِلَةُ، وَتَعْرِضُ الْحَاجَةُ} (أخرجه أحمد: ٣٣٤٠، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێک ویستی حەجێک بکات، با پەلە بکات، چونکە ئینسان نەخۆش دەبێ و، وڵاخ (یان وەسیلەی سواریی) بزر دەبێ و، ئیش و کاری دیکەی دێتە پێش.

٤)- جۆرەکانی حەج و عومرە:

تێکڕای زانایان لەسەر ئەوە یەک دەنگن، کە جۆرەکانی حەج سیانن و هەر سێکیشیان دروستن، کە ئەمانەن:

١- (إِفْرَاد) تاککردنەوە، کە بریتیە لەوەی لە پێشدا، ئیحرام بە حەج ببەسترێ و کارەکانی حەج تەواو بکرێن، دوایی عومرە بکرێ.

٢- (**تَمَتُّع**) بەهرە وەرگرتن، کە بریتیە لەوەی لە مانگەکانی حەجدا، عومرە بکرێ، پاشان ئیحرام بشکێنرێ و، دوایی دووبارە ئیحرام بە حەج ببەسترێ و، حەجەکەش ئەنجام بدرێ.

٣- (**قِران**) جووتکردن، کە بریتیە لەوەی لە یەک کاتدا، وێکڕا ئیحرام بە حەج و عومرە ببەسترێ و پێکەوە ئەنجام بدرێن.

بەڵام دوای ئەوەی زانایان لەسەر ئەوە یەک دەنگن کە هەر سێکیان دروست و ڕەوان، لەسەر ئەوەی کامیان باشترن؟ ڕاجیاییان هەیە:

أ- هەندێکیان کە شافیعییەکان و مالیکییەکانیان لە نێودان، ڕایان وایە کە تاککردنەوەی حەج (**إفْرَاد**) چاکترە.

ب- هەندێکیشان کە حەنەفییەکانیان لە نێودان، جووتکردنی حەج و عومرە (**قِران**) بە چاکتر دەزانن.

ج- هەندێکیشان کە حەنبەلییەکانیان لە نێودان، جۆری (**تَمَتُّع**) لە هەموویان بە چاکتر دادەنێن.

شیعەی ئیمامییەش ڕایان وایە کە هەر کەسێک (٤٨ میل) لە مەککەوە دوور بێ، مەگەر زۆر ناچار بێ، ئەگەرنا جۆری (**تَمَتُّع**) نەبێ، هیچ جۆرێکی دیکەی حەج کردنی بۆ نیە، بەڵام شایانی باسە کە: هەر کام لە جۆری (**تَمَتُّع وقِران**) لەسەر خاوەنەکانیان خوێن پێویست دەبێ، کە سەربڕینی مەڕێکە یان بزنێکە، یان یەک لەسەر حەوتی ڕەشە وڵاخێک، یان حوشترێکە، ئەگەر نەیبوو، پێویستە دە (١٠) ڕۆژان بەڕۆژوو بێ، سێیان لە کاتی حەجدا و، حەوتیشیان دوای گەڕانەوەی.

چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِۚ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌۗ ﴿١٩٦﴾ ﴾ البقرة، واتە:

هەر کەسێک عومرەی کرد و، دوایی ئیحرامی شکاند، ئنجا ئیحرامی بە حەج بەستەوە، پێویستە ئەوەندەی بە دەستیەوە دێ، قوربانیی سەر ببڕێ و هەر کەسێک نەیبوو، سێ ڕۆژان لە حەجێ دا بەڕۆژوو بێ و، حەوت ڕۆژیش کە گەڕایەوە، ئەوە دە (١٠) ڕۆژی تەواو.

٥)- مەرجەکانی حەج و عومرە:

بەڕای تێکڕای زانایان مەرجەکانی حەج و عومرە، پێنج (٥)ن، دەبێ ئەو کەسەی حەج و عومرە ئەنجام دەدات، ئەو پێنج مەرجەی تێدابن:

١- مسوڵمان بوون.

٢- عاقڵ بوون.

٣- باڵغ بوون.

٤- ئازاد بوون.

٥- بۆ لوان و بۆ گونجان (توانا هەبوون).

ئنجا ئەم مەرجانەش دەبنە سێ بەش:

١- مەرجی فەرز بوون و دروست بوون، ئەگەر وانەبێ نە لە سەری فەرز دەبن، نە بۆی دروست دەبن، کە بریتین لە مسوڵمان بوون و عاقڵ بوون، چونکە حەج لەسەر بابای کافرو شێت، نە فەرز دەبێ، نە ئەگەر ئەنجامیشی بدات، دروستە.

٢- جۆری دووەمی مەرجەکان کە مەرجی فەرز بوون و بۆ بەرکەوتن (إجزاء)، کە باڵغ بوون و ئازادبوونن، بەڵام مەرجی دروست بوون واتە: وەبەرکەوتن نین، چونکە منداڵ و کۆیلەش حەجەکەیان دروستە، یانی: ئەو دووە کە بریتین لە باڵغ بوون و ئازاد بوون، مەرجی فەرز بوونن، هەروەها بۆشی وەبەردەکەون، بەڵام مەرجی دروست بوون نین، چونکە منداڵ و کۆیلەش ئەگەر حەج و عومرە بکەن، بۆیان دروستە، بەڵام کەلێنی فەرزی

حەجیان بۆ ناگرێ و، هەر کاتێ کۆیلە ئازاد بوو، دەبێ حەجێ بکاتەوە، منداڵەکەش کە باڵغ بوو، دەبێ حەجی فەرز بکات، ئەگەرنا هەر خێری دەگاتێ و، خێرەکەشی بۆ خۆی و بۆ دایک و بابیشی دەبێت.

٣- جۆری سێیەمی ئەو مەرجانە، بریتیە لە مەرجی فەرز بوون، ئەویش توانا هەبوون و بۆ لوانە (إسْتِطَاعَة)، چونکە کەسێک توانای نیەو بۆی نالوێ حەج بکات، ئەگەر خۆی ماندوو کردو هەرچوو بۆ ئەوێ و حەجی کرد، ئەوە حەجەکەی دروستەو بەردەکەوێ و، حەجیشی لەسەر لادەچێ، بەڵام ئەگەر نەچێ، مادام لە توانایدا نیەو بۆی هەڵناسوورێ، گوناهبار نیە، بەڵام ئەگەر هەرچۆنێکی بێ خۆی گەیاندە ئەوێ، حەجەکەی دروستەو لەسەریشی لادەچێ.

هەر کام لەو پێنج مەرجەش بەڵگەی خۆیان هەیە، بۆ وێنە:

مەرجی یەکەم: لە بارەی ئەوەوە بابایەک کە حەج و عومرە دەکات، دەبێ مسوڵمان بێ، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمْ يُؤْمِنُواْ فَأَحْبَطَ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ ۝١٩﴾ الأحزاب، واتە: ئەوانە ئیمانیان نەهێناوە، خوا ﷻ کردەوەکانی هەڵوەشاندوونەوە، واتە: بەبێ ئیمان، کردەوەی چاک جێ ناگرێ و قبووڵ نابێ.

مەرجی دووەم و سێیەم: کە عاقڵ بوون و باڵغ بوونن، بەڵگەکەیان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنْ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنْ الصَّبِيِّ حَتَّى يَشِبَّ، وَعَنْ الْمَعْتُوهِ حَتَّى يَعْقِلَ} (أخرجه أبو داود: ٤٤٠٣، والترمذي: ١٤٢٣، وقال: حسن غريب، والنسائي في الكبرى: ٧٣٤٦، وابن ماجه: ٢٠٤٢، والحاكم: ٨١٧٠، عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه).

واتە: قەڵەمی گوناح نووسین لەسەر سێ جۆرە کەسان هەڵگیراوە: لەسەر نووستوو هەتا بێدار دەبێتەوە و، لەسەر منداڵ هەتا دەبێتە گەنج و باڵغ دەبێ و، لەسەر شێت تاکو عەقڵی دێتەوە سەر.

مەرجی چوارەم: کە ئازاد بوونە و دەبێ کۆیلە نەبێ، ئەمیش چەندان دەقی لەسەر هەن، کە بەبێ ڕێپێدانی خاوەن و گەورەکەی، بۆی نیە بەملاو ئەولادا بڕواو سەفەری دوور بکات.

مەرجی پێنجەم: توانا هەبوون (الإسْتِطَاعَة)، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴿٢٨٦﴾ ﴾البقرة، واتە: خوا ﷻ هیچ شتێک لەسەر هیچ کەس پێویست ناکات، مەگەر ئەوەی لە توانایدا هەبێ، هەروەها ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ﴿٩٧﴾ ﴾آل عمران، لەسەر خەڵک پێویستە سەردانی ماڵەکەی خوا بکەن بۆ هەر کەسێک کە توانای هەبێ خۆی بگەیەنێتی، ئەگەر نەیتوانی لەسەری پێویست نیە.

٦)- حەج کردنی ئافرەت:

ئایا حەج کردنی ئافرەت جیاوازیی چییە، لەگەڵ حەج کردنی پیاودا؟

حەج و عومرەکردنی ئافرەت، جگە لەو مەرجانەی ڕابردن، زۆربەی هەرە زۆری زانایان، لەسەر بە مەرجگرتنی مەرجێکی دیکەش، ڕێککەوتوون، کە دەڵێن:

ئەگەر ئافرەت مێردی لەگەڵ نەبوو، لە سۆنگەی ئەوەوە کە مێردی نەکرد بوو، یان مرد بوو، یان لەگەڵی نەهاتبوو، پێویستە خزمێکی مەحرەمی، یان کۆمەڵە ئافرەتێکی متمانە پێکراوی لەگەڵ دا بن، ئەگەرنا حەجەکەی لەسەر پێویست نابێ، چونکە دروست نیە، بەبێ لەگەڵ بوونی مێرد، یان مەحرەمێک، یان کۆمەڵە ئافرەتێکی متمانەپێکراو، سەفەر بکات، نە بۆ حەج و نە بۆ غەیری حەجیش، مادام سەفەرەکە دوور بێ(١).

بەڵام هەندێک لە زانایان، وەک (**داود الظاهري وابن حزم**) و هەندێک لە شافیعییەکان و شیعەی دوازدە ئیمامییش، ڕایان وایە کە ئافرەت هەر کات حەجی

لەسەر فەرز بوو، مێردیشی نەبوو، یان هەیبوو، بەڵام لەگەڵی نەچوو، کەسی مەحرەمیشی چنگ نەکەوت لەگەڵی بچێ، ئەوە نەک هەر بۆی هەیە حەجەکەی بکات، بگرە لەسەری فەرزە بچێ و، ئەنجامی بدات، مادام رێ سەلامەت بێ.

ئنجا کاتی خۆی من رای زۆربەی زانایانم پێ بەڵگەدارترو بەهێزتر بووە، لەبەر ئەوەی گوتوومە: چەند دەقێکی لەسەرن.

بەڵام ئێستا ئەو رایەی دووەمم پێ بەهێزترە، چونکە دەقەکان بۆ هەل و مەرج و کاتی خۆی گوتراون، وەک من لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا) لە تەوەری پێنج (٥)دا، لەو بارەوە قسەم کردوە، بۆ وێنە: با تەماشا بکەین و بزانین دەقەکان چۆنن؟:

فەرموودەی یەکەم: [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: لَا تُسَافِرُ الْمَرْأَةُ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ، وَلَا يَدْخُلُ عَلَيْهَا رَجُلٌ إِلَّا وَمَعَهَا مَحْرَمٌ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ! إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَخْرُجَ فِي جَيْشِ كَذَا وَكَذَا، وَامْرَأَتِي تُرِيدُ الْحَجَّ، قَالَ: اخْرُجْ مَعَهَا] (أخرجه البخاري: ١٧٦٣).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان رازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئافرەت لەگەڵ مەحرەمیدا نەبێ سەفەر ناکات و، هیچ پیاوێک لێی وەژوور ناکەوێ مادام مەحرەمی لەوێ نەبێ، پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من دەمەوێ لەگەڵ سوپایەکی ئاوا و ئاوادا دەربچم بۆ جەنگ، ژنەکەشم دەیەوێ حەج بکات، فەرمووی: لەگەڵی برۆ (بۆ حەج).

فەرموودەی دووەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: [لاَ تُسَافِرُ الْمَرْأَةُ مَسِيرَةَ يَوْمَيْنِ لَيْسَ مَعَ زَوْجِهَا، أو ذُو مَحْرَمٍ] (أخرجه البخاري: ١٧٦٥).

واتە: ئافرەت ماوەی دوو رۆژان سەفەر ناکات، کە مێردەکەی لەگەڵی نەبێ و، خاوەن مەحرەمێکی لەگەڵی نەبێ (واتە: باب، برا، کوڕ... هتد).

فەرموودەی سێیەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لاَ يَحِلُّ لامْرَأَةٍ تؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ أَنْ تُسَافِرَ مَسِيرَةَ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ لَيْسَ مَعَهَا حُرْمَةٌ} (أخرجه البخاري: ١٠٣٨).

واتە: هەر ئافرەتێک بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێ، بۆی نیە بۆ ماوەی شەوو ڕۆژێک بە سەفەر بچێ، مادام خزمێکی مەحرەمی لەگەڵ نەبێ.

ئنجا وەڵامی ئەو زانایانەی کە ڕای دووەمیان هەیە، کە دروستە ئافرەت (بەڵکو هەندێکیان دەڵێن: واجبە لەسەری) هەر بچێ بۆ حەج، با مێردیشی هەبێ، مادام لەگەڵی نەچێ و، با مەحرەمێکیشی دەست نەکەوێ، ئەوەیە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی ئەو کاتە و ئەو هەل و مەرجە بووە، کە ڕێگا ئەمین نەبووە، بەڵام ئێستا ئافرەت لێرە سواری فڕۆکە دەبێ، یەکسەر لە جیددە، یان لە مەدینە دادەبەزێ بە سەلامەتیی و، خەڵکی دیکەشی لەگەڵ دایە و، لەوێش دەچێتە هوتێل و، هەموو پێکەوەن، هیچ مەترسییەکی لەسەر نیە، ئێستا جیایە و، پێغەمبەر ﷺ ئەو فەرموودانەی فەرموونی، دەبێ تەماشا بکەی، لە چ کاتێکدا فەرموونی؟!

ئەو کاتە کە ڕێگا ئەمین نەبووە، بە بارو سوار چوون، بە پێیان چوون، بە ڕێی مەترسییداردا چوون، ئەگەری هەبووە ڕێگر هەبێ، ئەگەری هەبووە لە تینووان و لە برسان بمرن، دزو جەردەیان بێتە ڕێ، بەڵام ئێستا ئەو ئەگەرانە هیچیان نەماون.

کەواتە: دەبێ فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ وەک خۆی مەبەستی بوون، ئاوا لێیان تێبگەین و، شتێکی کە بۆ کاتێک فەرمووە، دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەل و مەرج و بارودۆخەدا کە بۆی فەرمووە، تەماشای بکەین، ئنجا وێڕای ئەو بەڵگە عەقڵییە، ئەم بەڵگە نەقڵییەش هەیە لەوبارەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

{وَاللهِ لَيُتِمَّنَّ الله هَذَا الأَمْر حَتَّى تسيرِ الظَّعينةُ مِنْ صَنْعَاءَ إِلَى حَضْرَموتَ لاَ تَخَافُ إلاَّ اللهَ والذِّئب عَلَى غَنَمِهِا، وَلَكِنَّكُم تَسْتَعْجِلُونَ} (أخرجه أحمد: ٢١٠٩٥، والبخاري: ٣٤١٦، وأبو داود: ٢٦٤٩، والنسائي في الكبرى: ٥٨٩٣).

واتە: بەخوا خوا ئەم ئایینە تەواو دەکات و سەقامگیری دەکات، تاکو کەژاوەدارێك (ئافرەتێک) لە صەنعاوە دەچێ بۆ (**حَضْرَموتَ**) بێجگە لە خوا لە کەس ناترسێ، مەگەر ترسی گورگیشی هەبێ لە مەڕەکەی، بەڵام ئێوە پەلە دەکەن.

لێرەدا باسی ئافرەتێک دەکات چونکە (**ظَعِينَةٌ**) بە ئافرەتێک دەگوترێ: کەژاوەدار بێ و لەسەر پشتی وشتر بێ، واتە: دروستە ئافرەتێک بە تەنیا لە صەنعاوە بچێ بۆ (**حَضْرَموتَ**)، مادام ڕێ ئەمین و ئەمان بێ، باسی مەحرەمیشی نەکردوە.

٧)- کاتەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۝١٨٩﴾البقرة، واتە: دەربارەی مانگەکان (دەرکەوتنی مانگی یەک شەوەو دوو شەوەو سێ شەوەو تاکو پازدەو، دوایی کەم دەکات) لێت دەپرسن، بڵێ: ئەوانە کاتی دیاریکراون بۆ خەڵک، کە حەج و خواپەرستییەکانیان تێدا ئەنجام بدەن.

زۆربەی هەرە زۆری زانایان ڕایان وایە، کە مانگەکانی حەج تێدا کردن، بریتین لە: (**شوال و، ذي القَعدَة**) و، دە (١٠) ڕۆژی سەرەتای مانگی (**ذي الحجة**)، هەر کام لە (**أبو حنيفة والشافعي وأحمد والنخعي والثوري وأبو الثور وداود الظاهري**)، لە نێو ئەو زانایانەدان کە ڕایان وایە، ئەوەندە هەیە، (**الشافعي والنخعي والثوري وأبو الثور وداود الظاهري**)، ڕایان وایە کە ڕۆژی دەیەم کە ڕۆژی قوربانیی سەربڕین (**يوم النحر**) و، ڕۆژی جەژنە، کاتی حەج نیە و تەنیا شەوەکەی هەوە، بەڵام ئەوانی دیکە دەڵێن: ڕۆژەکەو شەوەکەشی کاتی حەجە.

(**ماليك**)یش ڕای وایە کە وێڕای (**شوال و ذي القعدة**)، سەرجەم مانگی (**ذي الحجة**)ش کاتی حەج تێدا کردنە.

واش پێدەچێ ڕای ئەوانە بەهێزتر بێ کە دەڵێن: لە غەیری مانگەکانی حەجدا، ئیحرام بە حەج دانامەزرێ، چونکە بوخاری هێناویەتی: [**قَالَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ**

عَنْهُمَا، أَشْهُرُ الْحَجِّ: شَوَّالٌ وَذُو الْقَعْدَةِ وَعَشْرٌ مِنْ ذِي الْحِجَّةِ، وَقَالَ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: مِنَ السُّنَّةِ أَلَّا يُحْرَمَ بِالْحَجِّ إِلَّا فِي أَشْهُرِ الْحَجِّ) (أخرجه: البخاري ١٦٠٣).

واتە: ئیبنو عومەریش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتوویەتی: مانگەکانی ئیحرام تێدابەستنی حەج بریتین لە: (**شَوَّالٌ وَذُو الْقَعْدَةِ وَعَشْرٌ مِنْ ذِي الْحِجَّةِ**)، هەروەها ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گوتوویەتی سوننەتە ئیحرام بە حەج نەبەسترێ، مەگەر لە مانگەکانی حەجدا.

ئنجا ئەمانە کاتەکانی ئیحرام بەستنن بە حەج، بەڵام بۆ عومرە، زانایان لەسەر ئەوە یەک دەنگن، کە هەموو مانگەکانی ساڵ بۆ عومرە تێدا کردن، ڕەوان، بەبێ جیاوازیی.

٨)- شوێنەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە:

زانایان لەسەر ئەم پێنج شوێنە، کە میقاتی ئیحرام تێدابەستنی بابای حاجیی و عومرەکار (**الحاج والمعتمر**)ن، لە هەر پێنج لای کەعبەوە، یەکدەنگن:

١- میقاتی خەڵکی مەدینە (**ذو الحُلیفة**)یە، کە (**آبارُ علي**)شی پێدەڵێن، کە ماوەی شەش میل لە مەدینەوە دوورە و، چوارسەدو شەست (٤٦٠) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە و، دوورترین میقاتە لە مەککە.

٢- میقاتی خەڵکی شام تونس و مەغریب کە (**جُحْفَة**)یە و، (**رَابِغ**)یشی پێ دەڵێن و، دووسەدو چوار (٢٠٤) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە.

٣- میقاتی خەڵکی عێراق و غەیری عێراقیش، ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی مەککەوە دێن، (**ذات عِرْق**)ی پێدەڵێن و، سەدو نەوەدو چوار (١٩٤) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە.

٤- میقاتی خەڵکی نەجدو کوەیت و ئیمارات و تائیف، کە (**قرن المنازل**)ە و، (**قرن الثَّعالیب**) یشی پێ دەڵێن و، لە نزیک شوێنێکە کە ئێستا (**سَیْل**)ی پێ دەڵێن، نەوەدوچوار (٩٤) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە.

٥- میقاتی خەڵکی یەمەن و تیهامەو هیند، کە (یَلَمْلَم)ی پێ دەڵێن.

هەر کەسێک لە هەر ڕێیەکەوە بڕوا، چ وشکانیی، چ دەریا، چ هەوایی، کە بکەوێتە نێوان دوو میقاتەوە، دروستە کە هەر کاتێ گەیشتە ئاقار (ئاستی) یەکێک لە میقاتەکان، ئیحرام ببەستێ، بەڵام پێویستە بۆ دوور بینیی، بەر لەوەی بگاتە ئاستی ئەو شوێنە، ئیحرامەکەی ببەستێ، چونکە ئەگەر لێی تێپەڕی، تازە ئیحرام بەستنەکەی بۆ وەبەرناکەوێ، وەک گوتمان: چ لە ڕێی وشکانیی و، چ دەریا و، چ هەواییەوە، بڕوا، هەر هەمان حوکمی هەیە.

بێگومان دیارییکردنی ئەو میقاتانەش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ وَقَّتَ لأهْلِ المَدِينَةِ: ذَا الْحُلَيْفَةِ، وَلأهْلِ الشَّامِ: الْجُحْفَةَ، وَلأهْلِ نَجْدٍ: قَرْنَ الْمَنَازِلِ، وَلأهْلِ الْيَمَنِ: يَلَمْلَمَ، هُنَّ لَهُنَّ، وَلِمَنْ أَتَى عَلَيْهِنَّ مِنْ غَيْرِهِنَّ مِمَّنْ أَرَادَ الحَجَّ وَالْعُمْرَةَ، وَمَنْ كَانَ دُونَ ذَلِكَ، فَمِنْ حَيْثُ أَنْشَأَ، حَتَّى أَهْلُ مَكَّةَ مِنْ مَكَّةَ {وفِي رِوَايَةٍ لَهُمَا: فَمَنْ كَانَ دُونَهُمَا فَمَهِلُّه مِنْ أَهْلِهِ} (أخرجه البخاري: ١٥٢٤، ومسلم: ١١٨١).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ بۆ خەڵکی مەدینە (**ذا الحليفة**) دیاریی کردوە و {ئەوێ میقاتی شوێنی ئیحرام تێدا بەستنە} بۆ خەڵکی شام (**الجحفة**) و، بۆ خەڵکی نەجد (**قرن المنازل**) و، بۆ خەڵکی یەمەن (**يلملم**) و، هەم بۆ خەڵکی ئەو شوێنانەن و، هەم خەڵکی غەیری ئەو شوێنانەش کە لە پشت وانەوە دێن و بەو شوێنانەدا دێن، بەڵام خەڵکی دیکەی لەوان نیزیکتر لە کابەوە، بۆ وێنە: خەڵکی مەککە هەر لە مەککە و لە ماڵی خۆیانەوە ئیحرام بە حەج یان بە عومرە دەبەستن.

هەروەها خەڵکی عێراقیش: **{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: أَنَّ النَّبِيَّ اللهِ ﷺ وَقَّتَ لِأَهْلِ الْعِرَاقِ ذَاتَ عِرْقٍ} (أخرجه أبو داود برقم: ١٧٣٩).**

واتە ئەو شوێنەی کە خەڵکی عێراق ئیحرامی لێ دەبەستن [(**أللهُ أكبر**)ی حەج و عومرەکردنی لێدەکەن، دەڵێن: (**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ حَجَّة**) یان (**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ عمرة**) یان (**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ حجَّة وعمرة**)] ئەوە (**ذَاتِ عِرْقٍ**)ە، کە پێشتر باسمان کرد.

٩)- کردەوەکانی حەج:

کردەوەکانی حەج بە گشتیی، واتە: چ پایە بن، چ فەرز بن، ئەم یازدە (١١) کردەوەیەن:

١- ئیحرام بەستن، کە بریتیە لە نیەت هێنان بە ئەنجام دانی حەج، یان عومرە، یان هەردووکیان.

٢- چوونە نێو شاری مەککە لەلای سەروویەوە، پاشان مزگەوتی حەرام و، دوایی تەوافی چوونە مەککە (**طواف القدوم**).

٣- شەو مانەوە (**المبيت**) لە مینا کە شەوی نۆیەمی (**ذي الحجة**)یە.

٤- ڕاوەستان لە عەرەفات، کە لە ڕۆژی نۆیەمدایە.

٥- شەو مانەوە لە موزدەلیفە، لە شەوی دەیەمی (**ذي الحجة**)دا.

٦- بەرد تێفڕێدانی سێ جەمرەکان، کە لە ڕۆژی دەیەمی (**ذي الحجة**)دا، تەنیا یەکەمیان ئەنجام دەدرێ جەمرەی گەورە و، پاشان هی هەر سێک جەمرەکان لە ڕۆژانی: (١١و١٢و١٣)دا و، سەرجەم حەفتا (٧٠) وردە بەرد فڕێ دەدات (٧+٢١+٢١+٢١=٧٠).

٧- قوربانیی سەربڕین، پاش حەوت وردکە بەرد تێفڕێدانی جەمرەی عەقەبە، کە پێشی دەگوترێ جەمرەی گەورە (**الجمرة الكُبْرَى**)، کە لە ڕۆژی دەیەمی (**ذي الحجة**)دا ئەنجام دەدرێ.

٨- سەری خۆتاشین یان کورت کردنەوەی، پاش سەربڕینی قوربانیی هەر لە ڕۆژی دەیەمدا.

٩- تەوافی دەوری کەعبە، کە بە تەوافی پایە (**طواف الركن**)، یان (**طواف الإفاضة**) تەوافی هاتنە خوار لە عەرەفات ناودەبرێ.

١٠- هاتن و چوون (**السعي**)ی نێوان صەفا و مەروە، حەوت (٧) جاران کە لە صەفاوە دەست پێدەکات، جارێک دەچێتە مەروە و دەبێتە جارێک، لە مەروەوە دێتەوە صەفا دەبێتە دوو، بەو شێوەیە لە صەفا دەست پێدەکات و لە مەروە کۆتایی پێ دێ.

١١- تەوافی خواحافیزیی (**طواف الوداع**) واتە: ماڵئاوایی لە حەرەم.

کردەوەکانی عومرەش چوارن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئیحرام بەستن.
٢- تەواف کردن.
٣- هاتن و چوون لە نێوان صەفاو مەروەدا.
٤- سەری خۆتاشین، یاخود کورت کردنەوە.

١٠) پایەکانی حەج:

پێشتریش باسمان کرد، حەج چوار پایەی سەرەکیی هەن:

١- ئیحرام بەستن.
٢- ڕاوەستان لە عەرەفات.
٣- تەواف، حەوت سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا.
٤- هاتن و چوونی نێوان صەفاو مەروە.

ئەوانە پایەکانی حەجن، بە ڕای زۆربەی زانایان، واتە: بەبێ هیچ کام لەو چوارە، حەج وەبەر ناکەوێ و دورست نابێ.

پایەی یەکەم: ئیحرام بەستن:

بریتیە لە نیەت هێنان بە ئەنجامدانی حەج، کە بە ڕای زۆربەی زانایان ئیحرام بەستن، پایەیە، بەڵام حەنەفییەکان بە مەرجی دادەنێن، جیاوازییەکەش لە نێوانی پایە بوون و مەرج بوونی ئیحرام بەستندا بۆ حەج، هەر ئەوەیە، کە پایە لە نێو خودی حەج دایە، بەڵام چ بە نسبەت ئێردود و، چ بە نسبەت هەرشتێکی دیکەوە، مەرج لە دەرەوەی پایەکانی ئەو کردەوەیە کە ئەنجام دەدرێ، چۆنیەتی ئیحرام و نیەتەکەش، ئەوەیە کە بەدەنگی بەرز بڵێ: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِحجَّةٍ)، یان (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِحجَّةٍ وَعُمرَةٍ)، یان: (نَوَيْتُ الْحَجُّ لِلَّهِ تَعَالَى)، یان (نَوَيْتُ الْحَجُّ والعمرة لِلَّهِ تَعَالَى)، یان بە کوردیی بڵێ: (نیەتم وایە حەج دەکەم)، یان (نیەتم وایە حەج و عومرە دەکەم)، مەرج نیە، تەنها بە زمانی عەرەبیی بێ، لەو بارەوەش با ئاماژە بە چەند دەقێک بکەین:

یەکەم: {عَنْ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ ؓ ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى} (أخرجه البخاري: ١، ومسلم برقم: ٤٥).

واتە: عومەر ؓ دەڵێ: گوێ بیستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم، دەیفەرموو: بێگومان کردەوەکان بەپێی نیاز و مەبەستەکانی نێو دڵن و، بۆ هەر مرۆڤێک بەپێی ئەوە کە نیاز و مەبەستی لە دڵدا هەیە، کردەوەکەی بۆ بەردەکەوێ.

ئەوە بە گشتیی لە بارەی نیەت هێنانەوە،

دووەم: بە تایبەت دەربارەی ئیحرام بەستن و نیەت هێنان بە حەج، ئەم فەرموودەیە هەیە: {عَنْ أَنَسٍ ؓ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: لَبَّيْكَ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ مَعاً} (أخرجه إبن حبان: ٣٩٣٢ قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري).

واتە: ئەنەس ؓ، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەی خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: {لَبَّيْكَ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ مَعَاً}، وشەی: (لَبَّيْكَ)، واتە: لە خزمەتدام، ئامادەم، کە حەج و عومرە بەجێ بێنم.

سێیەم: {عَنْ سَالِمَ بْنَ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ، أَخْبَرَنِي عَنْ أَبِيهِ ﷺ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يُهِلُّ مُلَبِّدًا} (أخرجه البخاري برقم: ١٥٤٠، و مسلم برقم: ١١٨٤).

واتە: سالیمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە بابیەوە، واتە: لە عەبدوڵڵاوە، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، ئیحرامی دەبەست، لە کاتێکدا کە قژی کۆ کردبۆوە سەر یەک.

(**يُهِلُّ**) واتە: دەنگی بەرز دەکردوە بە ئیحرام بەستن.

ئەو ئیحرام بەستنەش دەبێ، لە میقات بێ: **{عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، أَنَّهُ سَمِعَ أَبَاهُ، يَقُولُ: «مَا أَهَلَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِلَّا مِنْ عِنْدِ المَسْجِدِ، يَعْنِي مَسْجِدَ ذِي الحُلَيْفَةِ} (أخرجه البخاري: ١٥٤٢، ومسلم: ١١٨٦).**

واتە: سالیمی کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە بابیەوە هێناویەتی کە گوێی لێ بووە گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها لە لای مزگەوت ئیحرامی بەست، دەنگی بەرز کردەوە بە ئیحرام بەستن، واتە: مزگەوتی (**ذِي الحُلَيْفَةِ**)، کە میقاتی خەڵکی مەدینەیە.

لە کاتی ئیحرام بەستندا سوننەتەو، هەندێکی بە پێویستیان داناوە، بەڵام وا پێدەچی هەر سوننەت بێ، ئەم زیکرە بخوێنرێ کە پێی دەگوترێ: تەلبییە:

چوارەم: {عَنْ نَافِعٍ، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَنْ تَلْبِيَةَ رَسُولِ اللهِ ﷺ: لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالمُلْكَ، لاَ شَرِيكَ لَكَ} (أخرجه البخاري: ١٥٤٩).

واتە: نافیع لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازیبێ) دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: تەلبییەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا بوو: (ئەی خوایە! بە دەم فەرمانتەوە هاتم و لە خزمەتدام، لە خزمەتدام هیچ هاوبەشت نین، لە خزمەتدام بێگومان ستایش و چاکە و موڵک هەر هی تۆیە و بەس، هیچ هاوبەشت نیە.

هەڵبەتە لە کاتی ئیحرام بەستن و نیەت هێناندا، پێویستە بابای ئیحرام بەستوو (مُحْرِم) بەرگ و پۆشاکی ئاسایی دابنێ، ئافرەتان هەر بەرگ و پۆشاکی ئاسایی خۆیان لەبەر دەکەن، بەڵام پیاوان دەبێ بەرگ و پۆشاکی ئاسایی دابنێن و، دوو پارچە قوماش لە خۆیان وەر بپێچن، یەکێکیان لە پشتیان بەرەو ژێریان، ئەوی دیکەش لە پشتیان بەرەو ژووریان، وەک لەم فەرموودەیەوە دیارە و، زۆر فەرموودەش لەم بارەوە هەن:

پێنجەم: {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ مِنَ الثِّيَابِ؟ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لاَ يَلْبَسُ الْقُمُصَ، وَلاَ الْعَمَائِمَ، وَلاَ السَّرَاوِيلاَتِ، وَلاَ الْبَرَانِسَ، وَلاَ الْخِفَافَ إِلَّا أَحَدٌ لاَ يَجِدُ نَعْلَيْنِ، فَلْيَلْبَسْ خُفَّيْنِ، فَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ، وَلاَ تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ أَوْ وَرْسٌ} (أخرجه البخاري: ١٥٤٣).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ بابای ئیحرامگرتوو چ جۆرە جل و بەرگێک دەپۆشێ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نابێ نە کراسان لەبەر بکات و، نە مێزەران لەسەر بکات و، نە شەڕواڵان لە پێ بکات و، نە کڵاوان لەسەر بنێ و، نە خووف و پێڵاوان لەپێ بکات، مەگەر کەسێ نەعلی نەبن، ئەوە با دوو خوف، یان دوو پێڵاوان لەپێ بکات، لە خوار گوێزنگەکانەوە (لە خوار قولە پێیەوە بیانبڕێ) هەروەها هیچ بەرگێک یان هیچ قوماشێک لەبەر مەکەن، کە زەعفەران، یان وەرسی پێکەوتبێ (کە دوو جۆرە بۆنی خۆشن).

وەک گوتمان: ئەوە بە نسبەت پیاوانەوە، بەڵام بەنسبەت ئافرەتانەوە، هەر بەرگی ئاسایی خۆیان لەبەر دەکەن، وەک لەم دەقەدا دیارە:

شەشەم: {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى النِّسَاءَ فِي إِحْرَامِهِنَّ عَنِ الْقُفَّازَيْنِ، وَالنِّقَابِ، وَمَا مَسَّ الْوَرْسُ، وَالزَّعْفَرَانُ مِنَ الثِّيَابِ، وَلْتَلْبَسْ بَعْدَ ذَلِكَ مَا أَحَبَّتْ مِنْ أَلْوَانِ الثِّيَابِ مُعَصْفَرًا، أَوْ خَزًّا، أَوْ حُلِيًّا، أَوْ سَرَاوِيلَ، أَوْ قَمِيصًا، أَوْ خُفًّا} (أخرجه أبو داود رقم: ١٨٢٧، والحاكم رقم: ١٧٨٨، ورجاله رجال صحيح، عَنْ عَبْد اللَّه بْن عُمَرَ).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر (خـوا لێیـان ڕازیبـێ)، بیسـتوویەتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئافرەتـانی لـە کاتی ئیحرامیانـدا، لـە پۆشـینی دەسـتکێش و پەچـە و هـەر بەرگێـک، کـە وەرس و زەعفـەرانی لـێ درابـێ، قەدەغـە کـردوون، [کـە دوو جـۆرە بـۆنی خـۆش بـوون، دوو جـۆرە، گوڵـن بـۆنی خۆشـیان هەیـە] بـەڵام جگـە لـەوە بـا هـەر جـۆرە بەرگێکـی حەزیـان لێیـەتی، بپۆشـن لـە ڕەنگکـراو بـە ڕەنگـی سـوور، یان ئاوریشـم، یـان خشـڵ، یـان دەرپـێ، یـان کـراس، یـان پێـڵاو.

ئەمـە بـە نسـبەت پایـەی یەکەمـی (حـەج)ەوە: ئیحـرام بەسـتن یاخـود نیـەت هێنـان.

پایەی دووەم: ڕاوەستان لە عەرەفات:

هەمـوو زانایـان لەسـەر ئـەوە یـەک دەنگـن، کـە ڕاوەسـتان لـە عەرەفـات پایـەی بنەڕەتیـی و هـەرە مـەزنی حەجـە، چونکـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: **[الحَـجُّ عَرَفَـةُ]** **(أخرجـه أحمـد: ١٨٧٩٦، وأبـو داود: ١٩٤٩، والترمـذي: ٨٨٩، والنسـائي ٣٠٤٤، وابـن ماجـه: ٣٠١٥)**.

واتە: حەج بریتیە لە وەستان لە عەرەفات.

چـــوار برگـــە دەربـــارەی ڕاوەستان لە عەرەفات

برگـەی یەکـەم: شـوێنی لـێ ڕاوەسـتان، دەبـێ لـە کـوێ بوەسـتێ؟ زانایـان لەسـەر ئـەوە یـەک دەنگـن، کـە لـە هـەر بەشـێکی عەرەفاتـدا بوەسـتێ، دروسـتە، بـەڵام چاکـتر وایـە لـە نیزیـک و دامێـن چیـای ڕەحمەتـەت **(جَبَـلُ الرَّحْمَـةِ)**وە بـێ، لـە لای تاشـە بـەردە زلـەکان و، ڕوو بـە کەعبـە بوەسـتێ، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە کـە دەشـتی عەرەفـات هەمـووی دروسـتە، لێـی بوەسـتێ، ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەرە ﷺ کـە دەفەرمـوێ: **[قَـدْ وَقَفْـتُ هَـا هُنَـا وَعَرَفَـةُ كُلُّهَـا مَوْقِـفٌ]** **(أخرجـه: أبـو داود برقـم: ٦١٧٣، وَصَحَّحَـهُ الألبـاني)**.

واتە: ئەوە من لێرە وەستام و عەرەفاتیش [هەم کێوەکەی (جَبَلُ الرَّحْمَةِ)، هەم دەشتەکەی] هەمووی شوێنی لێ وەستانە.

برگەی دووەم: بۆ کاتی وەستان لە عەرەفات، زۆربەی هەرە زۆری زانایان ڕایان وایە: کاتی ڕاوەستان لە عەرەفات لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمان بەرەو لای ڕۆژئاوا لادەدات، لە ڕۆژی نۆیەمی (ذِي الْحِجَّةِ)دا، کە پێی دەگوترێ: ڕۆژی عەرەفە و، هەتا سپێدەی بەرەبەیانی ڕۆژی دەیەم دەخایەنێ.

بەڵام حەنبەلییەکان دەڵێن: لە بەرەبەیانی ڕۆژی نۆیەمەوە دەست پێ دەکات، نەک لە کاتی لادانی خۆر لە نێوەڕاست، بەڵام دەڵێن: دەبێ دوای نیوەڕۆکەشی هەر بەردەوام بێ، هەروەها زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە هەر کەسێک بەر لە لادانی خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمان بەرەو لای ڕۆژئاوا، عەرەفات بەجێ بهێڵێ، ڕاوەستانەکەی بەرناکەوێ، هەروەها زۆربەی زانایان کە حەنەفییەکان و مالیکییەکان و حەنبەلییەکانیان لە نێودان، دەڵێن: فەرزە هەتا دوای خۆرئاوا بوون، بوەستێ، بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژان پێکەوە کۆبکاتەوە لە ڕاوەستانەکەیدا، بەڵام شافیعییەکان تەنها بە سوننەتی دەزانن و، ڕای جەماوەریش بەڵگەدارترە.

برگەی سێیەم: ئەندازەی ڕاوەستانەکە، زانایان لەسەر ئەوەش یەک دەنگن، کە ئەوەندە بەسە بۆ ڕاوەستان (وُقُوف)، لە عەرەفات کە ماوەیەکی کەم لە دوای لادانی خۆرەوە هەتا بەرەبەیان بمێنێتەوە، هەروەها لەسەر ئەوەش یەک دەنگن، کە پاکیی و، دەست نوێژ هەبوون و، خۆداپۆشین و، ڕووکردنە قیبلە، هیچ کامیان مەرج نین بۆ ڕاوەستان لەسەر عەرەفە، ئنجا ئایا واباشە بە سواریی، بێ یان بە پیادە؟ زانایان لەو بارەوە ڕاجیاییان هەیە.

برگەی چوارەم: حوکمی ڕانەوەستان لە عەرەفات، وەک پێشتر گوتمان: ڕاوەستان لە عەرەفات پایەی بنەڕەتیی و هەرە گەورەی حەجە و، هەر کەسێک لە دەستی بچێ، ئەوە حەجەکەی بەرنەکەوتوە، واتە: دەبێ لە دوای نیوەڕۆی

ڕۆژی نۆیەمی (**ذِي الْحِجَّة**)وە، هەتا دەگاتە سپێدەی ڕۆژی دەیەم، دەبێ، کاتێک ئەگەر کەمیش بێ، فریای وەستان لە عەرەفات بکەوێ، ئەگەرنا مانای وایە وەستان لە عەرەفاتی نەبووە و، ئەو پایە مەزنەی حەجیش ئەگەر نەبوو، مانای وایە حەجەکەی بەر نەکەوتوە.

پایەی سێیەم: تەواف کردن:

واتە: حەوت جار سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا، کە تەوافەکانی حەج، سێ جۆرن:

١- تەوافی هاتنە نێو مەککە، کە پێی دەگوترێ: (**طَوَافُ الْقُدُوم**)، واتە: تەوافی بە دەوری کەعبەدا، سووڕانەوەی هاتن بۆ نێو شاری مەککە، کە زۆربەی زانایان بە سوننەتی دەزانن.

٢- تەوافی هاتنە خوار لە عەرەفات، کە پێی دەگوترێ: (**طَوَافُ الإِفَاضَة**)، یان (**طَوَافُ الرُّكْن**) و یان (**طَوَافُ الزِّيَارَة**)یشی پێ دەگوترێ، هەموو ئەو ناوانەی بۆ بەکاردێن، ئەمە بە یەک دەنگیی زانایان پایەیە.

٣- تەوافی بە جێهێشتنی مەککە و مزگەوتی حەڕام، (**طَوَافُ الْوَدَاع**)، واتە: تەوافی خواحافیزیی، کە زۆربەی زانایان بە فەڕزی دەزانن.

ئەم ئایەتە موبارەکەش کە خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ ﴾الحج، واتە: دوایی با چڵک و چەپەری خۆیان لابدەن و، با قوربانییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و، با بە دەوری ماڵی دێریندا، بخولێنەوە (بە دەوری کەعبەدا)، مەبەست پێی: (**طَوَافُ الرُّكْن**)ە، کە (**طَوَافُ الإِفَاضَة**)یشی پێ دەڵێن و (**طَوَافُ الزِّيَارَة**)یشی پێ دەڵێن، مەبەست پێی ئەو تەوافەیە.

لەو بارەوەش فەرموودە زۆرن، بۆ وێنە: دەربارەی تەوافی هاتنە نێو مەککە، ئەم فەرموودەیە هەیە: {**عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَوَّلَ شَيْءٍ بَدَأَ بِهِ حِينَ قَدِمَ مَكَّةَ، أَنَّهُ تَوَضَّأَ، ثُمَّ طَافَ بِالْبَيْتِ**} (**أخرجه البخاري: ١٥٦٠، ومسلم: ٣٠٦٠**).

واتــە: دایکــمان عائیشــە (خــوا لێــی ڕازی بــێ)، دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا ﷺ یەکەمیـن کارێـک کـە دەسـتی پـێ کـرد، کاتێـک چـووە نێـو شـاری مەککـە، ئـەوە بـوو کـە دسـتنوێژی گـرت و بـە دەوری ماڵـی خـوادا خولایـەوە (سـووڕایەوە) [واتـە: حـەوت جـاران].

ئنجـا سـووڕانەوە بـە دەوری کەعبـەدا، زانایـان لـەو بـارەوە ڕاجیاییـان هەیـە، کـە ئایـا مەرجـە دەسـت نوێـژ هەبـێ، یـان نـا؟ بـەڵام هەموویـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن، کـە ئەگـەر کەسـێک لـەش پیسـیی گـەورەی لەسـەر بـێ، یـان ئافـرەت بێ نوێـژ بـێ و لـە حەیزدابـێ، یـان لـە زەیسـتانیی دابـێ، بـۆی نیـە ئـەو تەوافـە بـکات، وەک لـەم فەرموودەیـەدا هاتـووە:

{عَـنْ عَائِشَـةَ رَضِيَ اللـهُ عَنْهَـا: أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ قَـالَ لَهَـا حِـيْنَ حَاضَـتْ، وَهِـيَ مُحْرِمَـةٌ: اصْنَعِـي مَـا يَصْنَـعُ الْحُجَـاجُ غَـيْرَ أَنْ لَا تَطُـوفِي بِالْبَيْـتِ حَتَّـى تَغْتَسِـلِي} (أخرجـه البخـاري: ٣٠٥، ومسـلم: ١٢١١، وأبـو داود: ١٧٨٨).

واتـە: لـە عائیشـەوە (خـوا لێـی ڕازیبـێ) هاتـوە، کـە پێغەمبـەر ﷺ، کاتێک عائیشـە کەوتـە بـێ نوێژییـەوە، لـە ئیحرامیـش دابـوو پێـی فەرمـوو: حاجییـەکان چـی دەکـەن، تـۆش بیکـە، بـەڵام بـە دەوری ماڵـی خـوادا مەخولێـوە، تاکـو خـۆت نەشـۆی.

پــایەی چوارەم: هاتن و چوون لە نێوان صەفاو مەڕوەدا:

ئەمیـش لەسـەر ڕای زۆربـەی زانایـان پایەیـە و، پێویسـتە لـە دوای تەوافیشـەوە بـێ، زانایـان لەسـەر ئـەوەش یەکدەنگـن کـە دەبـێ حـەوت کـەڕەت بـێ و، لـە صەفـاوە دەسـت پـێ بکـرێ و، لـە مـەڕوە کۆتایـی پـێ دێ، هەروەهـا زانایـان لەسـەر ئـەوەش یەکدەنگـن، کـە چـوون لـە صەفـاوە بـۆ مـەڕوە، جارێکـە و، گەڕانـەوە لـە مـەڕوەوە بـۆ صەفـا، جارێکـی دیکەیـە، بۆیـە لـە صەفـا دەسـت پـێ دەکات و لـە مـەڕوە کۆتایـی دێ.

چونکـە هەنـدێ کـەس وا دەزانـێ، کـە لـە صەفـاوە دەچـێ بـۆ مـەڕوە، دەبـێ بێتـەوە بـۆ صەفـا، ئنجـا جارێکـە، کـە ئـەوە دەکات چـواردە (١٤) جـار، بـەڵام وانیـە و

هەر چوونێک لە صەفاوە بۆ مەڕوە، جارێکە و، هەر هاتنەوەیەک لە مەڕوەوە بۆ صەفا، جاریکی دیکەیە.

زانایان زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە هاتن و چوونی نێوان صەفاو مەڕوە، لەش پاکیی و دەست نوێژ هەبوونی تێدا بە مەرج نەگیراوە، ئنجا سوننەتە یان فەڕزە، لە صەفاوە دەست پێ بکرێ و لە مەڕوە کۆتایی پێ بهێنرێ، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴾البقرة.

واتە: بێگومان صەفا و مەڕوە لە دروشمەکانی خوان، ئنجا هەر کەسێک سەردانی ماڵی خوای کرد، یاخود عومرەی کرد، گوناهی ناگاتێ کە (لە نێوانیاندا بێت و بچێ و) بە دەوریاندا بسوورێتەوە.

بۆیەش بەو تەعبیرە فەرموویەتی، چونکە کافرەکان کاتی خۆی بتێکیان لەسەر صەفا دانا بوو و، بتێکیان لەسەر مەڕوە دانا بوو، ئنجا مسوڵمانان هەستیان بەسەغڵەتیی دەکرد، لە نێوان ئەو دوو تەپۆڵکە چیایانەدا بێن و بچن، کە کاتی خۆی بتیان لەسەر بوون، بۆیە خوا ﷻ فەرموویەتی: هەر کەسێک حەجی کرد یان عومرەی کرد، گوناهی ناگاتێ لە نێوانیاندا بێت و بچێ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اسْعَوْا، فَإِنَّ السَّعْيَ قَدْ كُتِبَ عَلَيْكُمْ}** **(أخرجه الدارقطني: ٢٥٨٢، والبيهقي: ٩٦٣٤، بإسناد حسن)**، واتە: ئەی خەڵکینە! لە نێوان صەفاو مەڕوەدا بێن و بچن، چونکە بێگومان هات و چوونتان لەسەر پێویست کراوە، لە نێوان صەفا و مەڕوەدا.

ئەو چوار کردەوە گرنگ و گەورەیەی کە ڕابردن: ١- (ئیحرام بەستن و، نیەت هێنان بە حەج و، ٢- ڕاوەستان لە عەرەفات و، ٣- تەوافی ماڵی خوا (کابە) دوای هاتنە خوار لە عەرەفات و مینا و، ٤- هاتن و چوونی نێوان صەفاو مەڕوە)، بە ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایان هەر چواریان کۆڵەکەو پایەی پێکهێنەری حەجن.

هەندێکیشیان - لە زانایان - هەندێک کردەوەی دیکەی حەجیش، بە پایە دەزانن، بۆ وێنە: شافیعییەکان زۆربەیان تاشینی سەر یان کورت کردنەوەی (**حَلْقُ الرَّأْسِ أو التَّقْصِيرِ**)، بە پایە دەزانن و، هەشیانە شەو مانەوە لە موزدەلیفە (**الْمَبِيتُ بِمُزْدَلِفَة**) بە پایە دەزانن.

بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، وەک گوتمان: ئەو چوارەی گوتمان بە پایە دەزانن و، کردەوەکانی دیکەی حەجیان بە فەڕز یان بە سوننەت داناون، جیاوازیی نێوان پایە (**رَكْن**) و، پێویست (**فَرْض، وَاجِب**) و، پەسند (**سُنَّة، مَنْدُوب**)یش بە کورتیی، ئەوەیە کە هەبوونی پایە مەرجی دروستبوون و، وەبەرکەوتنی حەجە و، بە نەبوونی ئەو پایە، کردەوەکە، کە حەجە، پەکی دەکەوێ و نایەتە دی و، هیچ شتێکیش قەرەبوو (**تعویض**)ی ناکاتەوە.

بەڵام فەڕز پەکی ئەصڵی کارەکە ناخات و، بە خوێن [قوربانیی سەر بڕین] یش قەرەبوو دەبێتەوە، سوننەتیش: بە هەبوونی خێرو پاداشتی زیاتر دەبێ و، کارەکە چاکتر و تیر و تەواوتر دەبێ، بەڵام نەبوونی زیانێکی ئەو تۆ لە کارەکە نادات، کە پێویستیی بەقەرەبوو کردنەوە بکات، ئەوە بە کورتیی جیاوازیی نێوان هەر کام لە: (پایە و، فەڕز و، سوننەت)ە، لە حەجدا.

II)- فەڕزەکانی حەج:

پایەکانی حەج چوار بوون، بەڵام فەڕزەکانی حەج، شەشن:

١- **ئیحڕام بەستن لە میقات:** خودی ئیحڕام بەستن و نیەت هێنان، پایەیە، بەڵام ئەوە کە دەبێ لە میقات بێ، فەڕزە و، زۆربەی هەرە زۆری زانایان، کە شوێنکەوتووانی هەر چوار مەزهەبەکە لە نێویاندان، ئیحڕام لە میقات، بە فەڕز دەزانن.

بەڵام شیعەی دوازدە ئیمامیی لە فەڕز بە گەورەتری دەزانن و بە پایەی دەزانن، مەبەستیش لە میقات، هەر کام لە میقاتەکانی کاتیی و شوێنیی (**المواقیت الزمانیة والمكانية**)ن، کە پێشتر باسمان کردن.

ئنجا پێویست بوونی ئیحرام بەستران لە میقاتی شوێنیدا، تایبەتە بە کەسانێکەوە کە لە دەرەوەی مەککە و، دەرەوەی سنووری حەرەم و سنووری نێوان میقاتەکانی شاری مەککەدان یانی: لە دەرەوەی ئەو شوێنە تاکو دەگاتە ئەو جێیەی کە میقاتەکەی تێدا دیاریی کراوە.

٢- وەستان یان شەو مانەوە لە موزدەلیفە: سەرجەم زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە وەستان لە موزدەلیفە، لە بەشێکی شەوگاردا، پاش هاتنە خوار لە عەرەفات لە شەوی دەیەمی (**ذِي الْحِجَّة**)دا، فەرزە و، هەندێکیشیان شەو مانەوەی سەرجەم شەوی ناوبراو بە فەرز دەزانن، واتە: دەبێ شەوەکە هەمووی بمێننەوە، واشپێدەچێ ئەم ڕایەی دووەم بەهێزتر بێ، کە ڕای: (**عطاء، والزهري، وقتادة، وأبو الثور، وإسحاق، وأحمد، وزيد وبعض الشَّافِعِيَّة**)یە، چونکە خوا ﷻ ئاماژەی پێکردووە وەک دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ١٩٨ ﴾البقرة، واتە: کاتێک هەڵڕژانە خوارێ لە عەرەفات، [یان هاتنە خوار لە عەرەفات، چونکە عەرەفات بەرزە] لە لای (ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِ)، یادی خوا بکەن [کە (**المشعر الحرام**) مەبەست پێی هەموو موزدەلیفەیە، یاخود چیای (**قُزَح**) لە لای موزدەلیفە] یادی (خوا) بکەن، وەک چۆن ڕێنمایی کردوون و، خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، کە بە دڵنیایی پێشتریش لە گومڕایان بوون.

٣- بەردۆچکە بارانکردنی سێ جەمرەکان: ئەمیش بە یەکدەنگیی زانایان فەرزە، ئنجا بەردۆچکە بارانکردنی سێ جەمرەکان، بە دوو قۆناغ تەواو دەبێ:

قۆناغی یەکەم: کە لە ڕۆژی دەیەمی (**ذِي الْحِجَّة**)دا - کە ڕۆژی جەژنە - دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە تەنها جەمرەی گەورە (**الجمر الكُبْرَى**)، حەوت وردە بەردی پێدا دەدرێن، دوای ئەوەی موزدەلیفە بە جێدەهێڵدرێ، پێش نیوەڕۆیەکەی، یان بەرەبەیانییەکەی، بە یەک دەنگیی زانایانیش پەسند و سوننەت وایە لە دەمی چێشتەنگاودا بێ.

بەڵام مالیکییەکان و حەنەفییەکان کاتی ناوبراو بە فەڕز دەزانن، نەک هەر بە سوننەتیش، زانایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگن، کە ڕۆژی جەژن، تەنها جەمرەی گەورە بەردۆچکە باران دەکرێ و، دەبێ حەوت دانە بەردۆچکەی وەک بەردی پەلاپیتکە، کە لە دەنکە نۆک گەورەترە و هێندەی دەنکە پاقلەی ئاسایی دەبن، بهاویشترێن و، دەبێ حەوت بەردۆچکەکان بە حەوت کەڕەتان فڕێ بدات، نەک هەموویان بە یەک چەنگ فڕێ بدات و، ئەگەر هەر حەوتیان بە یەک جار فڕێ بدات، بە یەک بەردۆچکە بۆی حیسابە، ئەوە قۆناغی یەکەمی بەردۆچکە بارانکردنی جەمرە.

قۆناغی دووەم: بریتیە لە بەردۆچکە بارانکردنی هەر سێ جەمرەکان، واتە: جەمرەی گچەکە و جەمرەی نێوەنجیی و جەمرەی گەورە، لە هەر سێ ڕۆژەکانی: (**الأيام التشريق**)دا، کە ڕۆژانی یازدە و دوازدە و سێزدەی (**ذِي الحِجَّة**)ن و، دەبێ لە هەر کام لەو سێ ڕۆژەدا، پاش لادانی خۆر (**زوال الشمس**)، بەرەو ڕۆژئاوا، هەر کام لەو سێ جەمرەیە بەردۆچکە باران بکات، یەکی حەوت وردکە بەرد.

کەواتە: حەوت جارانی سێی بکە (٧ × ٣ = ٢١)، دەکاتە بیست و یەک، ڕۆژەکانی: یازدەیەم و دوازدەیەم و سێزدەیەم، هەر ڕۆژە بیست و یەک وردە بەرد باوێ، سێ بیست و یەکی دەکاتە: شەست و سێ، حەوتەکەی ڕۆژی دەیەمیش، ئەوە حەفتا (٦٣+٧=٧٠).

بەڵام ئەگەر کەسێک پەلەی بێ بۆ گەڕانەوە، دەتوانێ بەس دوو ڕۆژ لە سێ ڕۆژەکانی: (**الأيّام التشريق**) جەمرەکان بەرد باران بکات، واتە: دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دووەم، مینا بەجێ بهێڵێ و تەنها چل و نۆ بەرد بهاوێژێ، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۖ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ ﴿٢٠٣﴾﴾البقرة، واتە: لە ڕۆژانێکی ژمێردراودا، یادی خوا بکەن، ننجا هەر کەسێک لە دوو ڕۆژاندا پەلەی کرد،

گوناهی ناگاتێ و، هەر کەسێکیش دوا بکەوێ، هەر گوناهی ناگاتێ، واتە: هەر کەسێک تەنها چل و نۆ بەرد باوێ، تەنها لە دوو ڕۆژی (الأیام التشریق) و، لەگەڵ ڕۆژی یەکەمیش، کە دە (١٠)ی (ذِي الْحِجَّة)یە، حەوت (٧) لە وێ و دوو بیست و یەک (٢١+٢١) لە وێ، دەکاتە: چل و نۆ، گوناهی ناگاتێ و، کەسێکیش بمێنێتەوە و خۆی دوابخات و، حەفتا بەردەکە تەواو بکات، هەر گوناهی ناگاتێ، لەو بارەوە با تەماشای ئەم فەرموودەیە بکەین:

{عَنِ جَابِرٍ ﷺ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَرْمِي عَلَى رَاحِلَتِهِ يَوْمَ النَّحْرِ، وَيَقُولُ: «لِتَأْخُذُوا عَنِّي مَنَاسِكَكُمْ، فَإِنِّي لَا أَدْرِي لَعَلِّي لاَ أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هَذِهِ} (أخرجه مسلم: ٣١٠، وأحمد: ١٤٦١٨، والنسائي: ٣٠٦٢).

واتە: جابیر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی، جەمرەی بەرد باران دەکرد، (واتە: جەمرەی گەورە)، بەسەر وڵاخەکەیەوە لە ڕۆژی قوربانیی سەر بڕیندا و، دەیفەرموو: بۆ ئەوەی خوا پەرستییەکانتانم لێ فێر بن، چونکە من نازانم ڕەنگە لە پاش ئەم حەجەم، هیچ حەجی دیکە نەکەم.

ئەوەش ئاماژە بووە بۆ ئەوە کە دوای ئەو حەجە، کۆچی دوایی دەکات و وەک دوایی ناونرا، دەبێتە حەجیماڵئاوایی (حجة الوداع).

پێویستە بزانرێ: جەمرەی گچکە کە لە میناوە دێ، لە پێشەوەیە و، دوایی جەمرەی نێوەنجیی و، جەمرەی گەورەش بە لای کەعبەوەیە، بابای حاجی ڕۆژی یەکەم جەمرەی یەکەم و دووەم، یان گچکە و نێوەنجیی، دەبوێرێ و، یەکسەر دێ جەمرەی گەورە وردکە بەردانی پێدا دەدەت، کە بە لای مەککەوەیە، بەڵام ڕۆژی یازدەیەم و دوازدەیەم و سێزدەیەم، بە ڕیز پێیان دادێ، لە گچکەوە بۆ نێوەنجیی و بۆ گەورە، هەروەها لەو بارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ بعَثَ بِضَعَفَةَ أَهْلِهِ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ لَا يَرْمُوا الْجَمْرَةَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ}، (أخرجه أحمد: ٢٠٨، وأبو داود: ١٩٤، والترمذي: ٨٩٣، وقال: حسن صحيح، والنسائي: ٣٠٦٤، وابن ماجه: ٣٠٢٥).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ خاو خێزانە بێهێزەکەی، (واتە: ئافرەتان و منداڵ و یاخود خەڵکی بە تەمەنی دەنارد) فەرمانی پێکردن کە پێشتر بڕۆن، [لە ڕۆژی دەیەمی (**ذِي الْحِجَّة**)دا، ڕۆژی جەژن] بەڵام فەرمووی: هەتا خۆر هەڵنەیەت، وردکە بەردان بە جەمرەی گەورەدا مەدەن.

چۆنیەتیی بەرد باران کردنەکەش، لەم دەقە هاتووە: **[عَنْ جَابِرٍ ﷺ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ، أَتَى الْجَمْرَةَ الَّتِي عِنْدَ الشَّجَرَةِ، فَرَمَاهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ مَعَ كُلِّ حَصَاةٍ مِنْهَا، مِثْلُ حَصَى الْخَذْفِ] (أخرجه مسلم: ١٤٧، وابن ماجه: ٣٠٧٤، والنسائي: ٣٠٥٤).**

واتە: جابیر ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ هات بۆ لای جەمرە، [لە ڕۆژی قوربانیی سەر بڕین دا] حەوت وردکە بەردی پێدادان، لەگەڵ هەر وردکە بەرد هاویشتنێکدا (**أَللّٰهُ أَكْبَر**)ی دەکرد و، وردکە بەردەکان بە قەدەر بەردی پەلەپیتکە بوون، (واتە: لە نۆک گەورەتر و وەک پاقلە، یاخود بچووکتر).

لەو بارەوە ئەم فەرموودەیەش هاتووە: **[عَنْ جَابِرٍ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ رَمَى الْجَمْرَةَ أَوَّلَ يَوْمٍ ضُحًى ثُمَّ لَمْ يَرْمِ بَعْدَ ذَلِكَ حَتَّى زَالَتِ الشَّمْسُ] (أَخْرَجَهُ البيهقي فِي سننه الكبرى: ٩٤٤٧).**

واتە: جابیر ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی یەکەم دەمی چێشتەنگا و جەمرەی بەردۆچکە بارانکرد (جەمرەی گەورە) پاشان دوای ئەوە هەتا خۆر لای نەدا، بەلای ڕۆژئاوادا بەردۆچکەکانی نەدەهاویشتن.

واتە: ڕۆژی یازدە و دوازدە و سێزدە، دەبێ دوای نیوەڕۆ وردە بەردەکان بهاوێشترێن.

٤- سەری خۆتاشین، یاخود کورت کردنەوە: ئەمیش زانایان لەسەر پێویست بوونی یەکدەنگن، بەڵکو هەندێکیان وەک شافیعیەکان بە پایەی دەزانن.

ئنجا هەرچەندە زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگن، کە هەر کام لە بەردۆچکە هاویشتن (**رَمِيُ الْجِمَار**) و قوربانیی سەربڕین و، سەری خۆ تاشین،

یـان کورتکردنـەوە، دروسـتە پـاش و پێشـیان پـێ بکـرێ، بـەڵام لەسـەر ئـەوەش ڕێککەوتـوون، کـە پەسـند و سـوننەت وایـە، بەردۆچکـە هاویشـتن، بخرێتە سـەرەتاوە، ئنجـا قوربانیـی سـەربڕین و، سـەری خـۆ تاشـین، یاخـود کـورت کردنـەوە.

زانایـان لەسـەر ئـەوەش یەکدەنگـن کـە سـەری خۆتاشـین بـۆ پیـاوان، لـە کورتکردنـەوەی یـان هەڵپاچینـی باشـترە، بـۆ ئافرەتانیـش بـە تەئکیـد تەنیـا قـژ کـورت کردنەوەیـە و، تاشـین، نـەک فـەرز و سـوننەت نیـە، بەڵکـو هـەر دروسـتیش نیـە، ئـەو ئایەتـەی سـووڕەتی (الفتح)یـش، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾﴾.

واتـە: بـە دڵنیایـی خـوا ﷻ خـەونی پێغەمبـەری خـۆی ﷺ، هێنایـە دی، دەچنـە مزگـەوتی حەرامـەوە، ئەگـەر خـوا ﷻ بیـەوێ بـە هێمنیـی، ترسـتان لەسـەر نابـێ و، (هەندێکتـان) سـەری خۆتـان دەتاشـن و (هەندێکیشـتان) کـورتی دەکەنـەوە.

هـەردووک لایـان دروسـتن، بـەڵام بـە دڵنیایی سـەری خۆتاشـین خێری زیاتـرە، وەک لـەم فەرموودەیـەدا دەردەکـەوێ: {عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ: «اَللَّهُـمَّ اغْفِـرْ لِلْمُحَلِّقِـينَ»، قَالُـوا: يَـا رَسُـولَ اللـهِ وَالْمُقَصِّرِيـنَ؟ قَالَ:«اَللَّهُـمَّ اغْفِـرْ لِلْمُحَلِّقِـينَ» ثَلَاثًـا قَالُـوا: يَـا رَسُـولَ اللـهِ وَالْمُقَصِّرِيـنَ؟ قَالَ:«وَالْمُقَصِّرِيـنَ»} (أخرجـه مالـك: ٨٨٦، والطيالـسي: ١٨٣٥، وأحمـد: ٥٥٠٧، والبخـاري: ١٦٤٠، ومسـلم: ١٣٠١، وأبـو داود: ١٩٧٩، والترمـذي: ٩١٣، وقـال: حسـن صحيـح، وابـن ماجـه: ٣٠٤٤).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی: ئـەی خوایـە! لەوانـەی سـەری خۆیـان تاشـیوە ببـوورە، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ﷺ ئـەدی ئەوانـەی کورتیـان کردۆتـەوە؟ دووبـارە فەرمـووی: ئـەی خوایـە! لەوانـە ببـوورە کـە سـەری خۆیـان تاشـیوە، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ﷺ ئـەدی ئەوانـەی کورتیـان کردۆتـەوە؟ بـۆ جـاری سـێیەم فەرمـووی: لەوانـە ببـوورە کـە سـەری

خۆیان تاشیوە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ، ئەوانەی کورتیشیان کردۆتەوە؟ ئنجا دوای جاری سێیەم فەرمووی: لەوانەش کە کورتیان کردۆتەوە.

کەواتە: سەری خۆتاشین لە حەجدا هەروەها لە عومرەشدا، باشترە، لە کورت کردنەوەی.

٥- شەو مانەوە لە مینا لە شەوەکانی: (أَيَّامُ التَّشْرِيقِ)دا: واتە: شەوەکانی: دەیەم - کە لە موزدەلیفە دەبێ - و شەوی یازدەیەم و دوازدەیەم و سێزدەیەم، لە مینادا، ئەمە زۆرێک لە زانایان بە فەرزیان زانیوەو، هەندێکیشیان بە فەرزی دانانێن، ئنجا هەندێکیان گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ بۆ هەندێکیان مۆڵەتی داوە، ئەگەر نەشمێننەوە، بۆیە کەسێک بیانووێکی ڕەوای هەیە، شەو لە میناش نەمێنێتەوە، دوای ئەوەی وردە بەردەکان، داوێ، قەیناکات.

٦- تەوافی خواحافیزیی (طَوَافُ الوِدَاع): ئەویش زۆربەی زانایان کە حەنەفییەکان و شافیعییەکان و حەنبەلییەکانیان لە نێودان، بە فەرزی دەزانن، بەڵام مالیکییەکان تەنها بە سوننەتی دەزانن، واش پێدەچێ ڕای زۆرینە ڕاستتر بێ، چونکە چەند دەقێک لەو بارەوە هەن، یەکێک لەوانە: **{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: أُمِرَ النَّاسُ أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِمْ بِالْبَيْتِ، إِلَّا أَنَّهُ خُفِّفَ عَنِ الحَائِضِ} (أخرجه البخاري: ١٧٥٥، ومسلم: ١٣٢٨).**

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد، کە کاتێک حەڕەم بەجێ دێڵن، دواشت ئەوە بێ، کە بە دەوری ماڵی خوادا دەخولێنەوە، بەڵام بۆ ئافرەتێک کە کەوتۆتە بێ نوێژییەوە (حِيَض)ە، لە سەری سووک کراوە.

١٣)- ئەو شتانەی کە لە ماوەی ئیحرامدا حەرامن، چ ئیحرامی حەج و، چ ئیحرامی عومرە:

پێنج شتی سەرەکیی قەدەغەن، لە کەسێک کە ئیحرامی بەحەج، یان بە عومرە بەستوە:

یەکەم: پۆشینی بەرگ و پۆشاکی ئاسایی، کە تەقەڵ و درووومان یاخود جێداری تەقەڵ و درووومانی هەبێ، وەک قۆپچەو زریزە و قرتێنە، زانایان گوتوویانە: (**لُبْسُ الْمَخِيطِ وَمَا فِي مَعْنَاهُ**)، لەبەرکردنی درووماندار، یاخود ئەوەی لە شوێنی درووومانە.

دووەم: خزمەتکردنی جەستە (**تَرفِيهُ الْبَدَنِ**)، بە هەر شێوەیەک بێ، وەک بۆن خۆشکردن و لابردنی موو و و کردنی نینۆک و... هتد.

سێیەم: لەگەڵ هاوسەردا جووت بوون، کە ئەمە وێڕای قەدەغە بوونی، مایەی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی حەج و عومرەشە.

چوارەم: هەر قسەو کردەوەیەکی لە خودی خۆیدا خراپ، یان لەگەڵ کەش و هەوای حەج و عومرەدا نەگونجاو، وەک دمبەدەمە و شەڕە قسەو، جنێو و، گاڵتە پێکردن و ئازاردان و، قسە و باسی جینسیی و، دەستبازیی لەگەڵ هاوسەر و، خوازبێنیی ژن و مارەکردن و لێ مارەکران و ... هتد.

پێنجەم: ڕاو و شکار و کوشتنی هەر ژیانداریێک، جگە لەوانەی کە شەرع ڕێی پێداون بکوژرێن، کە چەند ژیانداریکی زیان بەخشن.

یەکەم: لەو شتانەی کە قەدەغەن، لە کاتی ئیحرام دا:

پۆشینی بەرگ و پۆشاکی ئاسایی تەقەڵدار (**لُبْسُ الْمَخِيط**) وەک: پێشتر فەرموودەکەمان هێنا، لە بوخاریی و موسلیمەوە، کە پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد: بابای ئیحرام بەستوو چ پۆشاکیک لەبەر دەکات؟ (واتە: بە نسبەت پیاوانەوە، چونکە ئافرەتان

هەر بەرگی ئاسایی خۆیان لەبەر دەکەن)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نابێ کراس لەبەر بکات و، نابێ مێزەر لەسەر بنێ و، نابێ شەرواڵ لە پێ بکات و، نابێ کڵاو لەسەر بنێ و، نابێ پێڵاو لەپێ بکات، مەگەر کەسێک نەعلی دەست نەکەون، ئەوە دروستە پێڵاوەکانی لای سەرێیان ببڕێ لە خوار گوێزینگیانەوە، وەک نەعلیان لێ بکات و، نابێ پۆشاکێکیش لەبەر بکات کە بۆنی خۆش بێ، ئەو فەرموویەتی: زەعفەران و وەڕس کە دوو جۆرە گوڵی بۆنخۆشن، یانی: نابێ بۆنی خۆشی لێدرا بێ.

دووەم: کە لە بابای ئیحرام بەستوو قەدەغەیە، خزمەتکردنی جەستەی (تَرفِيهُ البَدَن)ە:

لەو بارەوە ئەو فەرموودەیە هەیە: **{عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَامَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: مَنِ الحَاجُّ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: الشَّعِثُ التَّفِلُ} (أخرجه الترمذي: ٢٩٩٨، وابن ماجه: ٢٨٩٦).**

واتە: ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازیبێ) دەڵێ: پیاوێک هەڵسا و هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! حاجیی کێیە؟ فەرمووی بابای سەرو قژ ئاڵۆز و چڵکن.

خواش ﷻ کە لە سووڕەتی (الحج)دا، دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ ﴾، دوایی با چڵک و چەپەری خۆیان لاببەن و، با نەزرەکانیان جێبەجێ بکەن و، با بە دەوری ماڵی دێریندا بخولێنەوە.

ئەوەش هەر ئەوە دەگرێتەوە.

تەنانەت کەسێک کە ئیحرامی بەستوەو کۆچی دوایی دەکات و دەمرێ، ئەویش نابێ بۆنی خۆشی لێ بدرێ، پێغەمبەر ﷺ لە بارەی حاجییەکەوە کە مرد بوو، فەرمووی: **{لاَ تُحَنِّطُوهُ، وَلاَ تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ، فَإِنَّهُ يُبْعَثُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُلَبِّيًا} (أخرجه البخاري: ١٢٦٥، ومسلم: ٩٣، و أبو داود: ٣٢٣٨، والنسائي: ٢٨٥٣).**

واتە: حەنووتی لێ مەدەن {حەنووت جۆرە بۆنێکی خۆشە} و، سەریشی دامەپۆشن، چونکە ڕۆژی دوایی بە (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ)، گوتنەوە، زیندوو دەکرێتەوە.

هەروەها خوا ﷻ لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَحۡلِقُواْ رُءُوسَكُمۡ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ ٱلۡهَدۡيُ مَحِلَّهُۥۚ (١٩٦)﴾، واتە: سەری خۆتان مەتاشن، تاکو قوربانییەکان دەگەنە جێی خۆیان.

سێیەم: لەو شتانەی قەدەغەن لە حەجدا، چوونە لای هاوسەر (جِمَاعُ الْزَّوْجَةَ):

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ (١٩٧)﴾البقرة، واتە: کاتی حەجکردن چەند مانگێکی زانراوە، هەر کەسێک تێیاندا حەجی لەسەر خۆی پێویست کرد، نابێ گوناهو دەم بە دمە بکات، لە کاتی حەجکردندا.

لێرەدا مانای: ﴿رَفَثَ﴾، بە چوونە لای هاوسەر، لێکدراوەتەوە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ لَيۡلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمۡۚ (١٨٧)﴾البقرة، واتە: لە شەوی بە ڕۆژوو بووندا، دروستە بچنە لای هاوسەرانتان، وشەی: ﴿رَفَثَ﴾، بۆ جووت بوون (جماع) بەکارهاتوە.

چوارەم: کە حەرامە لە کاتی ئیحرام بەستندا، هەر قسەو گوفتارێکی گوناح، یان نەگونجاوە لە حاڵەتی ئیحرامدا:

کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ (١٩٧)﴾البقرة، واتە: مانگەکانی حەج تێدا ئەنجامدران، چەند مانگێکی زاندراون، ئنجا هەر کەسێک حەجی تێدا لەسەر خۆی پێویست کردن، نابێ نە قسەی گوناه بکات، یاخود: قسە و باسی جنسیی و، نە لادان، نە مشت و مڕ و شەڕە قسە.

پێنجەم: لەو شتانەی کە لە بابای ئیحرام بەستوو قەدەغەن، بریتیە لە ڕا و و شکارکردن لە سەر زەوی و لە وشکانییدا:

وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗاۗ (٩٦)﴾المائدة، واتە: ڕاوکردنتان لە وشکانیی دا لێ قەدەغە کراوە، تاکو لە ئیحرامدابن.

قەدەغە بوونی ڕاو و شکاریش لە کاتی ئیحرامدا، زانایان هەموویان لەسەری یەکدەنگن، وەک (النووي) گوتوویەتی، بەڵام کە ڕاو و شکار قەدەغەیە، کوشتنی ئەو ژیاندارانە کە زیان بەخشن، قەدەغە نیە، وەک ئەو فەرموودەیە، ڕوونی کردۆتەوە:

{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: خَمْسٌ مِنَ الدَّوَابِّ، كُلُّهُنَّ فَاسِقٌ، يُقْتَلْنَ فِي الْحَرَمِ: الْغُرَابُ، وَالْحِدَأَةُ، وَالْعَقْرَبُ، وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ} (أخرجه البخاري: ١٨٢٩، ومسلم: ١١٩٨، واللفظ للبخاري).

واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازیبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پێنج ژیاندار کە هەموویان خراپەکارن، بابای خاوەن ئیحرام لە حەرەمدا بۆی هەیە بیانکوژێ: قەلەبەڵەکە و، باشوو و، دووپشک و، مشک و، سەگی خەڵک گر (سەگێک خەڵک بگرێ).

١٤)- ئەو شتانەی کە لە ماوەی ئیحرامدا ڕەوا (مباح)ن بۆ کەسێك کە حەج، یاخود عومرە ئەنجام دەدات:

١- خۆشۆردن:

زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ئەوە شتێکی ڕەوایە، بابای ئیحرامگرتوو بە ئاو - بەڵام بۆنی خۆش نا - خۆی بشوات و، خۆی لە ئاویدا نوقم بکات، بەڵگەشیان ئەو دەقەیە: **{عَنْ أَبِي أَيُّوبَ ﵁، رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَغْتَسِلُ وَهُوَ مُحْرِمٌ} (أخرجه الطبراني في الكبير: ٣٩٧٨).**

واتە: ئەبوو ئەیوب ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی لە کاتێکدا لە ئیحرام دابوو، خۆی دەشۆری.

پێشتریش باسمان کردوە کە (ئەبوو حەنیفەو مالیک) ڕایان وایە: ئەگەر بە صابوون و شتێکی وەک وی بێ و، مەبەستی خۆ خاوێن کردنەوە و لابردنی چڵک و چەپەر بێ، دروست نیە و فیدیەشی دەکەوێتە سەر.

بـەڵام هەندێـک دەڵێـن: دروسـتە صابـوون بەکاربێنـێ، مـادام مەبەسـتی بـۆن خۆشـیی نەبـێ، بەڵکـو مەبەسـتی لابـردنی چڵـک و چەپەر بـێ و، ئەو دەقـەش دەکەنە بەڵگـە لـەو بـارەوە: حاجییـەک کـە وڵاخەکـەی فڕێـی دابـوو مردبـوو، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: {اغْسِـلُوهُ بِمَـاءٍ وَسِـدْرٍ} (مُتَّفَـقٌ عَلَيْـهِ: البخـاري: ١٢٦٥، ومسـلم: ١٢٠٦).

واتـە: بـە ئـاو و سـیدر بیشـۆن (سـیدریش گیایەکـی بۆنخۆشـە) بۆیـەش هەندێـک لـە زانایـان دەڵێـن: بـە صابـوون و بـۆنی خـۆش خۆشـۆردن، بـە مەبەسـتی لابـردنی چڵـک و چەپـەر، ناپەسـندە، بـەڵام ناتوانیـن بڵێیـن: حەڕامـە.

منیش ئەم ڕایەم پێ بەهێزترە.

٢- چوونە ژێر سێبەر و سێبەر لەخۆ کردن:

زۆربـەی زانایـان بـە ڕەوای دەزانـن و، هەندێکیـان بـە ناپەسـندی دەزانـن، لـەو بـارەوەش ئـەو دەقـە هەیـە، کـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ڕەوایـە:

{عَـنْ أُمِّ الْحُصَـيْنِ رضي اللـه عنهـا، قَالَـتْ: حَجَجْـتُ مَـعَ النَّبِـيِّ ﷺ حَجَّةَ الـوَدَاعِ، فَرَأَيْتُ أُسَـامَةَ بْـنَ زَيْـدٍ وَبِـلَالًا وَأَحَدُهُـمَا آخِـذٌ بِخِطَـامِ نَاقَـةِ النَّبِـيِّ ﷺ وَالْآخَـرُ رَافِـعٌ ثَوْبَـهُ يَسْـتُرُهُ مِنَ الْحَـرِّ، حَتَّى رَمَـى جَمْـرَةَ الْعَقَبَـةِ} (أخرجـه مسـلم ٣١٩٩، وابن حبـان: ٣٩٤٩، وابن خزيمـة: ٢٦٨٨).

واتـە: ئوممـو حوصەیـن (خـوا لێـی ڕازیبـێ)، دەڵـێ: لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ حەجـیماڵئاواییـم کـرد، ئوسـامە و بیـلالم بینیـن (خـوا لێیـان ڕازیبـێ)، یەکێکیـان ڕێشـمەی حوشـترەکەی پێغەمبـەری بـە دەسـتەوە بـوو، ئەوی دیکەشـیان پۆشـاکەکەی خـۆی بڵنـد ڕاگرتبـوو، لەبـەر گەرمـا سـێبەری لێدەکـرد، تاکـو بەردۆچکـەکانی بـە جەمـڕەی عەقەبـەدا دان.

٣- سەر و ڕیش شانەکردن و، خۆ خوراندن بە نینۆک:

ئەمیـش زانایـان لەسـەری یەکدەنگـن، کـە دروسـتە بابـای ئیحڕامگرتـوو، بێجگـە لـە سـەر و ڕیـشی، هەمـوو جەسـتەی خۆیـشی بخورێنـێ و، بەڵگەشـیان ئـەم دەقەیـە:

{عَنْ عَلْقَمَةَ بْنِ أَبِي عَلْقَمَةَ، عَنْ أُمِّهِ أَنَّهَا قَالَتْ: سَمِعْتُ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ تُسْأَلُ عَنِ الْمُحْرِمِ، أَيَحُكُّ جَسَدَهُ؟ قَالَتْ: نَعَمْ فَلْيَحْكُكْهُ، وَلْيَشْدُدْ، وَلَوْ رُبِطَتْ يَدَايَ، وَلَمْ أَجِدْ إِلَّا رِجْلِي لَحَكَكْتُ}، (أخرجه مالك: ١٣١٠).

واته: عەلقەمەی کوڕی ئەبی عەلقەمە لە دایکییەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: گوێم لە عائیشە بوو خوا لێی ڕازی بێ، هاوسەری پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێ دەکرا لە بارەی کەسێکەوە کە ئیحرامی بەستوە، ئایا جەستەی خۆی دەخورێنێ؟ عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، گوتی: بەڵێ با خۆی بخورێنێ و بە توندییش خۆی بخورێنێ، ئەگەر من هەردوو دەستیشم بەسترا بن، تەنیا بە لاقەکانم خۆم پێ بخورێندرێ، خۆم دەخورێنم (واتە: دروستە).

٤- چاو ڕشتن بە کل و قەترە و دەرمان تێکردنی چاو:

ئەمیش زانایان لەسەری یەکدەنگن کە بە مەبەستی چارەسەر، کل تێکردنی چاو و قەترە و دەرمان، دروستە و، هیچیان لەسەر نیە و ئەگەر پێویست بوو، بۆ چارەسەر، کلی چاویش بۆنی خۆشی تێبکرێ، واتە: جۆرێک لە میسک یان شتی دیکە، کە بۆ کلەکە پێویست بێ، بۆ چارەسەر، دیسان دروستە، دەڵێن: بەڵام دوایی فیدیەی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەگەر هەر بە شێوەی ئاسایی - بەبێ نەخۆشیی - کل بڕێژێتە چاوی و، بۆنی خۆشی تێدابێ، ئەوە هەندێکیان دەڵێن: ناپەسندە و، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن: ڕەوایە و هیچی ناکەوێتە سەر.

٥- کەڵەشاخ لە خۆگرتن و خوێندان و خوێن تێکران:

زۆربەی هەر زۆری زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە بابای ئیحرامگرتوو، بۆی هەیە کەڵەشاخ لە خۆی بگرێ و، خوێن بدات و خوێنیشی تێبکرێ، وەک لەم فەرموودەیەدا هاتوە: **[عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ احْتَجَمَ وَهُوَ مُحْرِمٌ] (أخرجه البخاري: ١٨٣٥، ومسلم: ١٢٠٢).**

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کە لە ئیحرام دابوو، کەڵەشاخی لە خۆی گرت.

٦- پۆشینی پەشتەماڵی ڕەنگدار (لُبسُ ثیابٍ مُصْبَغة):

ئەمیش زۆربەی زانایان بە ناپەسندی دەزانن، کە ڕەنگدار بێ، بە مەرجێک بۆندار نەبێ، نەگەرنا بە حەڕامی دەزانن، بەڵگەی ناپەسند بوونیشی ئەو دەقەیە کە مالیک لە (**الموطأ**)دا هێناویەتی: **{عَنْ نَافِعٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَسْلَمَ مَوْلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يُحَدِّثُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ رَأَى عَلَى طَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ ثَوْبًا مَصْبُوغًا وَهُوَ مُحْرِمٌ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: مَا هَذَا الثَّوْبُ الْمَصْبُوغُ يَا طَلْحَةُ؟ فَقَالَ طَلْحَةُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنَّمَا هُوَ مَدَرٌ، فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: إِنَّكُمْ أَيُّهَا الرَّهْطُ أَئِمَّةٌ يَقْتَدِي بِكُمُ النَّاسُ، فَلَوْ أَنَّ رَجُلاً جَاهِلاً رَأَى هَذَا الثَّوْبَ لَقَالَ: إِنَّ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ قَدْ كَانَ يَلْبَسُ الثِّيَابَ الْمُصْبَغَةَ فِي الإِحْرَامِ، فَلاَ تَلْبَسُوا أَيُّهَا الرَّهْطُ شَيْئًا مِنْ هَذِهِ الثِّيَابِ الْمُصْبَغَةِ} أخرجه مالك: ٧١٠، والبهقي في الكبرى: ٩٣٨٤.**

واتە: ئەسلەمی خزمەتکاری عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازیی بێ)، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەگێڕێتەوە، کە عومەر (خوا لێی ڕازیی بێ) تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵای بینی، بەرگێکی ڕەنگ کراویی لەبەر بووە و لە ئیحرامیش دابوو، گوتی: ئەی تەڵحە! ئەو بەرگە ڕەنگکراوە چییە؟ تەڵحە گوتی: ئەی فەرماندەی بڕواداران! ئەوە هەر ڕەنگ خاکییە؟ عومەر گوتی: ئەی ئەو کۆمەڵەی کە خەڵک تەماشاتان دەکات و، دەتانکاتە سەر مەشق! ئەگەر پیاوێکی بێ ئاگا تۆ ببینێ ئەو پۆشاکەت لەبەردایە، دەڵێ: تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا لە کاتێکدا کە لە ئیحرامدابوو، پۆشاکی ڕەنگکراوی لەبەر دابوو، بۆیە ئەی ئەو کۆمەڵەی خەڵک تەماشاتان دەکات! ئەو جۆرە بەرگە ڕەنگکراوانە مەپۆشن، (بۆ ئەوەی خەڵک بە هەڵەدا نەچێ).

٧- تەماشاکردنی ئاوێنە:

زۆربەی هەرە زۆری زانایان ڕایان وایە تەماشاکردنی ئاوێنە ڕەوایە، هەندێکیشیان گوتوویانە: ناپەسندە، بەڵام بە دڵنیایی ڕای زۆرینە ڕاسترە و، لەو بارەوەش ئەم دەقە هەیە: [عَنْ نَافِعٍ عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: **أَنَّهُ نَظَرَ فِي الْمِرْآةِ وَهُوَ مُحْرِمٌ**] **(أخرجه الشافعي في المسند: ١٦٧٩، والبيهقي في الكبير: ٩٤١١)**، واتە: نافیع دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازیبێ) تەماشای ئاوێنەی کرد، لە کاتێکدا کە لە ئیحرامدا بوو.

عەبدوڵڵاش زۆر سەختگیر بووە لە شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ.

٨- قسەکردنی ئاسایی:

هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە بابای ئیحرامدار بۆی هەیە، هەر جۆرە قسەیەکی ئاسایی بکات و ڕەوایە، بەڵام هەمووشیان بە پەسندی دەزانن، کە بەزۆریی سەرگەرمی زیکر و فیکر و پاڕانەوە بێ و، ئەگەر قسەشی کرد، جگە لە قسەی خێر و چاکە هیچی دیکە نەکات و، خۆی لە قسەی پووچ و بێ کەڵک بپارێزێ و، هی حەرامیش ئەوە نابێت هەر بیکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: [**مَنْ كانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ**]، **(مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البخاري: ٦١٣٨، ومسلم: ٧٤)**، واتە: هەر کەسێک بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با چاکە بڵێ، ئەگەر نا بێدەنگ بێت.

15)- ئیحرام شکاندنی یەکەم، یان گچکە:

ئیحرام شکاندنی گچکە، ئەو ئایەتەی سوورەتی (الحج) ئاماژەی پێداوە، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ ﴾، زانایان دەڵێن: ئیحرام شکاندنی گچکە، دوای ئەنجامدانی دوو شت لە سێ شتان، دێتە دی، سێ شتەکان:

١- وردە بەرد هاویشتن بۆ جەمرەی گەورە **(جمرة العقبة)**.

٢- سەری خۆ تاشین، یان کورتکردنەوە.

٣- بەدەوری کەعبەدا سووڕانەوە، پاش شۆڕبوونەوە لە عەرەفات.

هەر کەسێک لەو سێیانە دووان ئەنجام بدات، بۆی هەیە ئیحرام شکاندنی گچکە، یان یەکەم، ئەنجام بدات، وەک لەو بارەوە ئەم دەقە هەیە:

{عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ ﷺ: «إِذَا رَمَيْتَ الْجَمْرَةَ فَقَدْ حَلَّ لَكَ كُلُّ شَيْءٍ إِلَّا النِّسَاءَ} (أخرجه البيهقي في الكبير: ١٠٢٩٤).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر وردکە بەردت بە جەمرەی گەورەدا دان، هەموو شتێکت بۆ ڕەوایە، جگە لە نافرەت (سەرجێی نافرەتتان بۆ دروست نیە).

لە ڕیوایەتێ دیکەدا هاتوە: **{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِذَا رَمَى أَحَدُكُمْ جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ، وحَلَقَ رأْسَهُ، فَقَدْ حَلَّ لَهُ كُلُّ شَيْءٍ إلاَّ النِّسَاءُ} (أخرجه أبو داود: ١٩٨٠، وَصَحَّحَهُ الألباني)** واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازیبێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان وردکە بەردی هاویشتن بۆ جەمرەی گەورە و سەری خۆی تاشی، هەموو شتێکی بۆ ڕەوایە، {وەک بۆنی خۆش لە خۆدان و، پۆشاکی ئاسایی لەبەر کردن} جگە لە چوونە لای نافرەت.

شایانی باسە: ئیحرام شکاندنی گەورە کە ئیحرام شکاندنی دووەمیشی پێ دەڵێن:

دوای ئەنجامدانی شتی سێیەم، لەو سێ شتانەی باسمان کردن، دێتە دی، کە بە زۆری زانایان ڕایان وایە، بریتیە لە تەوافی پایە **(طواف الرُّكن)**، چونکە وردە بەرد هاویشتن بۆ جەمرەی یەکەم و سەری خۆتاشین، بە دوایی یەکدا دێن، بەڵام حاجی دوایی دەچێ بۆ مەککە و تەواف پایە ئەنجام دەدات.

١٦)- باسی حەجی ماڵئاوایی پێغەمبەری خاتەم ﷺ (حَجَّةُ الوِدَاع):

لەوبارەوە ئەو فەرموودەیە هەیە، کە زانایان زۆر گرنگییان پێداوە:

ئێمە لێرە تەنیا دەقە کوردییەکەی دێنین و، بۆ پاراستنی ئەمانەتی زانستیی، ئاماژە بە سەرچاوەکەی دەکەین لە خوارەوە⁽¹⁾:

پێشەوا موسلیم دەڵێ: ئەبوو بەکر ئیبنو ئەبی شەیبەو، ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، لە ئیبنو حاتەمەوە بۆیان باسکردم، ئەبوو بەکر گوتی: حاتەمی کوڕی ئیسماعیلی مەدەنیی لە جەعفەری کوڕی موحەممەد (واتە: جەعفەری صادیق) ئەویش لە بابیەوە (واتە: موحەممەدی باقر) بۆی گێڕامەوە، گوتوویەتی:

چووینە لای جابیری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەویش لە خەڵکەکەی پرسی تاکو گەیشتە من، گوتم من موحەممەد کوڕی حسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبم، ئەویش دەستی بۆ لای سەرم ڕاکێشا و قۆپچەی سەرەوەی کراسەکەم و پاشان قۆپچەی خوارەوەی کردەوە، ئەو کاتە من تازە دەگەیشتمێ، دەستی خستە سەر دڵم (سەر سینگم)، ئنجا گوتی: برازای خۆم! بەخێر بێی {دیارە جابیری کوڕی عەبدوڵڵا چاوی نەیبینیوە و لەو کاتەدا کوێر بووە و ویستوویەتی بیلاوێنێتەوە، وەک یەکێک لە بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ} چیت دەوێ، پرسیار بکە، منیش پرسیارم لێ کرد، ئەو کاتە کوێر بوو، کاتی نوێژ هات، هەڵسا و عەبایەکەی لە خۆوە گرت، لەبەر تەسکیی و بچووکیی کە دەیخستە سەر شانی، ئەملا وملای نەدەگەیشتنەوە یەک، کراسەکەشی لە تەنیشتیەوە لەسەر هەرزاڵێک دانرابوو، نوێژی بۆ کردین.

ئنجا گوتم: دەربارەی حەجی پێغەمبەر ﷺ هەواڵم بدەیە، ئەویش بە دەستی ژمارەی نۆی دروست کردو گوتی: پێغەمبەری خوا نۆ ساڵان مایەوە، حەجی

---

(١) أخرجه مسلم: كتاب الحج، باب حجة النبي: ١٢١٩

نەکرد، ئنجا لە ساڵی دەیەمدا لە نێو خەڵکیدا جاڕی دا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەج دەکات، خەڵکێکی زۆر هاتنە مەدینەوە، هەموویان دەیانویست چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و وەک وی بکەن، لە کاتی ڕۆیشتن دا، کە گەیشتینە (**ذَا الْحُلَيْفَة**)، لەوێ ئەسمائی کچی عومەیس (واتە: خێزانی ئەبوو بەکری صیددیق خوا لە هەردووکیان ڕازی بێ)، موحەممەدی کوڕی ئەبوو بەکری بوو، بۆ لای پێغەمبەری خوای ﷺ نارد، چیبکەم! فەرمووی: خۆت بشۆ و بە پەڕۆیەک خۆت بپێچەوە و ئیحرام ببەستە.

ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ لە مزگەوتێ نوێژی کرد و سواری حوشترەکەی بوو، کاتێک بە سواری حوشترەکەی گەیشتە دەشت و، تەماشای بەردەمیم کرد، هەتا چاو بڕ دەکات لە سوار و پیادە، خەڵک هەبوو، هەروەها لە لای ڕاست و لە لای چەپی و لە پشتیەوە، بە هەمان شێوە(١).

پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوماندا بوو، قورئانی بۆ دەهاتە خوارێ و ئەویش مەبەستەکەی دەزانی و، هەرچی فەرمانی پێ کردبایەن، ئێمەش کارمان پێ دەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی بە خوا بەیەکگرتن: (**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ، وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لَا شَرِيكَ لَك**) بەرزدەکردەوە و خەڵکیش هەر بەو وشانەی کە ئێستا دەنگی پێ بەرز دەکەنەوە، دەنگیان بەرز دەکردەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ بەرپەرچی هیچ وشەیەکیانی نەداوەتەوە، [واتە: ئەوان مەرج نیە ڕێک وەک پێغەمبەریان گوتبێ ﷺ، بەڵام ئەوانیش هەر (**لَبَّيْكَ**) یان گوتوە و پێغەمبەر ﷺ بەرپەرچی نەداونەوە، گرنگ ئەوەیە بڵێ: پەروەردگارم! لە خزمەت دام و تۆ تاکی و پاکی و هاوبەشت نین و هەموو شتێک هی تۆیە].

---

(١) کە بە مەزەندە وەک لە هەندێک فەرموودانـدا هاتوە: سەد هەزار کەس (١٠٠٠٠٠)، یاخود سەدو بیست هەزار کەس لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ لە ساڵی دەیەمی کۆچییدا، حەجیان کرد.

www.alibapir.com

ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر تەلبیەکەی بەردەوام بوو، جابیر (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: جگە لە حەجێ بە تەمای هیچ شتێکی دیکە نەبووین، عومرەمان نەدەزانی (واتە: نەیانزانیوە کە عومرەش دەکەن)، هەتا لەگەڵی هاتینە لای ماڵی خوا، ئنجا دەستی گەیاندە بەردە ڕەشەکە (دیارە ئەوە تەواف هاتن بووە) و سێ جاریان بە خێرایی و چواریان بە ڕۆیشتنی ئاسایی بە دەوری کەعبەدا سووڕایەوە، دوایی چووە لای مەقامی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ و، ئەمەی خوێند: **(وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًى)** و مەقامی خستە نێوان خۆی و کەعبە وە و نوێژی دابەست، بابم دەیگوت: پێشم وایە هەر لە پێغەمبەرەوە باسی دەکرد: لە دوو ڕکاتەکاندا: **(قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ)** و **(قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)**ی دەخوێندن، پاشان گەڕایەوە بۆ لای بەردە ڕەشەکە و، دەستی گەیاندەوە پێی و دوایی لە دەرگاکەوە چوو [کە لێی نیزیک بووە و دوای ئەوەی حەوت سووڕانەوەکەی تەواو کردوون،] ئنجا ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾ی خوێند و فەرمووی: **(أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللهُ بِهِ)** بەوە دەست پێدەکەم کە خوا لەوەوە دەستی پێ کردوە، لە صەفاوە دەستی پێکرد و، سەرکەوتە سەری و، کاتێک ماڵی خوای بینی، ڕووی کردە قیبلە و، تاکیەتیی و گەورەیی خوای ڕاگەیاند و فەرمووی: **(لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِي وَيُمِيتُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ)**، لە نێوانیشیاندا دەپاڕایەوە، جابیر دەڵێ: سێ جاران ئاوای کرد، پاشان بەرە و مەڕوە هاتە خوار، هەتا کاتێک کە پێیەکانی بەرە و نزمایی شیوەکە شۆڕبوونەوە، بە گورگە لۆقە ڕۆیشت (بە نەرمە غار) بەڵام کە بەرەو سەرێ تێهەڵکشایەوە، بە ڕۆیشتنی ئاسایی ڕۆیشت، هەتا گەیشتە مەڕوە و، لەسەر صەفا چیی کردبوو، لەسەر مەڕوەش کردی، ئنجا لە جاری کۆتایی سەر مەڕوەدا فەرمووی: ئەگەر ئەوەی تێپەڕی، بۆم بێتەوە پێش، قوربانیی لەگەڵ خۆم ناهێنم و ئەمیان دەکەمە عومرە، ئنجا هەر کامێکتان قوربانیی نەهێناوە، با ئیحرام بشکێنێ و ئەو تەواف و

هاتن و چوونەی نێوان صەفاو مەڕوە بکاتە عومرە، لەو کاتەدا (**سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُم**) هەڵسا و گوتی ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئایا هەر بۆ ئەم ساڵمانە، یان بۆ هەمیشەیە؟ پێغەمبەری خواش ﷺ پەنجەکانی هەردوو دەستی خستنە نێو یەک و دوو جاران فەرمووی: عومرە چووە نێو حەجەوە، نەخێر بۆ هەتا هەتایە.

ئنجا عەلی (خوا لێی ڕازی بێ)، کە لە یەمەنەوە هاتبۆوە و حوشتری هێنابوون، چووە لای پێغەمبەر ﷺ و فاتیمەی بینی (هاوسەری خۆی و کچی پێغەمبەر ﷺ)، لەوانە بوو کە ئیحرامیان شکاندوە و بەرگ و پۆشاکی ڕەنگداری پۆشیوە و چاوی ڕشتبوون، عەلییش لەو بارەوە گلەیی لێ کرد، ئەویش گوتی: بابم بەمە فەرمانی پێکردووم، ئنجا عەلی لە عێراق دەیگوت: منیش چوومە لای پێغەمبەر ﷺ گلەیی لە فاتیمە بکەم و پێغەمبەری لێ هانبدەم، کە لێپرسینەوەی لەگەڵ دا بکات، لەسەر ئەوەی کردوویەتی و، لەو بارەوە کە لە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕایەوە، لێی بپرسم، بەڵام کە هەواڵم پێدا کە لەو بارەوە گلەییم لێ کردوە، فەرمووی: ڕاست دەکات، ڕاست دەکات.

ئنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئایا کاتێک کە ئیحرامت بە حەج بەست، چیت گوت: ئەی عەلی؟ دەڵێ: گوتم: ئەی خوایە! ئەو من دەنگ بەرز دەکەمەوە و ئیحرام دەبەستم، بەو شتەی کە پێغەمبەرەکەت ئیحرامی پێ بەستوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەجا من قوربانییم هێناون و، تۆش جارێ ئیحرام مەشکێنە، ئنجا ئەو کۆمەڵە قوربانییەی کە عەلی لە یەمەنەوە هێنابوونی و ئەوەی کە پێغەمبەر هێنا بوونی، سەد (١٠٠) سەر بوون، سەد حوشتر، ئیدی سەرجەم خەڵکی ئیحرامیان شکاندو سەری خۆیان کورتکردەوە، بێجگە لە پێغەمبەر ﷺ و لەو کەسانەی کە قوربانییان هێنابوو، {ئەوانەی قوربانیی لەگەڵ خۆیان بێنن، نابێ ئیحرام بشکێنن، تاکو عومرە و حەج هەردووکیان ئەنجام دەدەن و، قوربانییەکانیان سەر دەبڕن}.

ننجا لە ڕۆژی تەڕویە (يَوْمُ التَّرْوِيَة)دا ڕوویان کردە مینا [واتە: ڕۆژی هەشتەمی (ذو الحجة)] و ئیحرامیان بە حەج بەست، ئەوانەش کە عومرەیان کرد بوو، ئیحرامیان شکاند بوو، ئیحرامیان بە حەج بەست و، پێغەمبەری خواش ﷺ سوار بوو، نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەصر و ئێوارە و خەوتنان و بەیانیی، لە مینادا کردن، ننجا هەتا خۆرکەوتن مایەوە و، فەرمانی کرد کە چادرێکی لە موو چنرا وی لە نەمیرە (نِمرة) [واتە: لە عەرەفات] بۆ هەڵبدەن.

ننجا پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە ڕێ و قوڕەیشییەکان وایانزانی لە لای (الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ)، دەوەستێ [کە شاخۆلکەیەکە لە موزدەلیفە پێی دەگوترێ: قوزاح و، هەندێکیان گوتوویانە: موزدەلیفە هەمووی (الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ)ە] وەک چۆن قوڕەیش لە سەردەمی نەفامێتیی دا، دەیانکرد، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ڕەتبوو، هەتا هاتە عەرەفات و بینی چادرەکەی لە نەمیرە بۆ هەڵدراوە و، لەوێ دابەزی و سەقامگیر بوو، هەتا کاتێک کە خۆر لایدا بە لای خۆرئاوادا، فەرمانی کرد حوشترەکەیان بۆ جل کردو هێنا و، هاتە لای (بطن الوادي)ی، کە دۆڵی (عُرَنَة)شی پێدەگوترێ و، لەوێ وتاری بۆ خەڵک دا [کە وتارەکەی پێغەمبەر ﷺ وتارێکی زۆر گەورە و مێژوویییە و من دەقەکەی بە عەرەبیی دەخوێنمەوە و دوایی مانای دەکەین] فەرمووی:

[إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، أَلاَ كُلُّ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ، وَدِمَاءُ الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ، وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِنْ دِمَائِنَا دَمُ ابْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ، كَانَ مُسْتَرْضِعًا فِي بَنِي سَعْدٍ، فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ، وَرِبَا الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ، وَأَوَّلُ رِبًا أَضَعُ، رِبَانَا رِبَا عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَإِنَّهُ مَوْضُوعٌ كُلُّهُ، فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ، وَلَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ، فَإِنْ فَعَلْنَ ذَلِكَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ، وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَقَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ كِتَابَ اللَّهِ، وَأَنْتُمْ تُسْأَلُونَ عَنِّي فَمَا أَنْتُمْ قَائِلُونَ؟ قَالُوا: نَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغْتَ، وَأَدَّيْتَ، وَنَصَحْتَ، فَقَالَ بِإِصْبَعِهِ

السَّبَّابَةِ يَرْفَعُهَا إِلَى السَّمَاءِ وَيَنْكُتُهَا إِلَى النَّاسِ: «أَللَّهُمَّ اشْهَدِ، أَللَّهُمَّ اشْهَدْ»، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ أَذَّنَ، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الظُّهْرَ، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الْعَصْرَ، وَلَمْ يُصَلِّ بَيْنَهُمَا شَيْئاً، ثُمَّ رَكِبَ رَسُولُ اللهِ ﷺ حَتَّى أَتَى الْمَوْقِفَ].

واتە: بێگومان خوێنتان و ماڵتان و سامانتان، وەک قەدەغەی ئەم ڕۆژەتان لەم مانگەتاندا و، لەم وڵاتەتاندا، لێتان قەدەغەیە، بزانن کە هەر شتێک پەیوەندیی بە نەفامێتییەوە بێ، لە ژێر ئەم دوو پێیەم دایە، خوێنەکانی سەردەمی نەفامێتیی بە فەوتاو بە هەدەر دادەنرێن و، یەکەمین خوێن کە بە بە زایە چووی دادەنێم، لە خوێنەکانمان، خوێنی (ابْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ)ە، کە لە نێو تیرەی بەنی سەعددا بەدایەن درابوو، تیرەی (هُذَيْل) کوشتیان [خوێنی خزمەکەی خۆی، پێشێ بە بەفیڕۆ چوو دانا، مادام لە سەردەمی نەفاییدا بووە]، هەروەها سوودی سەردەمی نەفامێتیی بە فەوتاو دادەنێم و، یەکەمین سوود کە بە بە زایە چووی دادەنێم، سوودی خۆمانە سوودی (عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ)، هەمووی بە فەوتاو حیسابە [واتە: هیچ کەس بۆی نیە، داوای ئەو جۆرە خوێن و سوودانە بکاتەوە و، پێشی خوێنی نیزیکانی خۆی، هەروەها ئەو سوودەی مامی لەسەر خەڵکی بووە، دەبێ لە خۆتەوە دەست پێ بکەی]، دەربارەی ژنان پارێز لە خوا بکەن، چونکە ئێوە بە ئەمانی خوا وەرتانگرتوون و، بە نیزن و فەرمانی خوا داوێنیانتان حەڵاڵ کردوە، مافی ئێوەیە لەسەریان کە هەر کەسێک حەز لە چارەی نەکەن، نەهێڵن بێتە ماڵتان و فەرموویان لێ نەکەن و، ئەگەر ئەوەیان کرد [واتە: بە ئامۆژگاریی کردن و وازهێنان لەسەرجێی چاک نەبوون] ئەوە بۆ تەمبێ کردنیان بە شێوەیەک کە زۆر توند نەبێ، لێیان بدەن، [ئافرەتێک کە یاخیی دەبێ لە مێردی] مافی ئەوانیشە لەسەر ئێوە، بە چاکە و بە شێوەی باو و پەسند و بژێن و، بەرگ و پۆشاکیان بۆ دابین بکەن.

شتێکم لە نێوتاندا بە جێ هێشتوە کە ئەگەر چاک دەستی تێبگرن، هەرگیز پاش پەیڕەوییتان لێی سەرگەردان نابن، ئەویش کتێبی خوایە ﷻ.

ئێوەش لە بارەی منەوە پرسیارتان لێ دەکرێ، ئایا چیی دەڵێن؟ گوتیان: شاهێدیی دەدەین بە ڕاستیی تۆ پەیامی خوات پێڕاگەیاندووین، جێبەجێت کردو دڵسۆزیی و پەرۆشییت نواند، ئەویش بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی بەرەو ئاسمان کردو، بەرزی کردەوە و، ڕووی پێکردە خەڵکەکەو فەرمووی: خوایە! شایەد بە، خوایە! شایەد بە، خوایە! شایەد بە، ئەمەی سێ جاران دووبارە کردەوە، دوایی بانگ درا و قامەت خوێندرا ، نوێژی نیوەڕۆی کرد و، دوایی دووبارە قامەت خوێندرا و نوێژی ئێوارەی کرد و، لە نێوانیاندا هیچ نوێژی نەکرد، ئنجا پێغەمبەر ﷺ سوار بوو هەتا گەیشتە شوێنی ڕاوەستان [لە عەڕەفات]

ئنجا ڕووی کردە قیبلە و زگی حوشترەکەی کە بە (قَصْوَاء) ناسراوە، کردە ئاتە بەردەکان و، ڕێچکە و ئاپۆرای خەڵکەکەی خستە بەردەمی خۆی، ئنجا هەروا بە ڕاوەستاوەیی مایەوە و زیکر و پاڕانەوەی کرد، هەتا خۆر ئاوا بوو، زەردەش تۆزێ ڕۆیشت و قورسی خۆر ون بوو، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئوسامەی لە پشت خۆیەوە سوار کرد بوو، بەرە و موزدەلیفە شۆڕبۆوە، دوای خۆرئاوا بوون، لە کاتێکدا کە هێندە جڵەوی حوشترەکەی توند کرد بوو، سەری لە قەرپووزی کورتانەکەی دەدا [سەری حوشترەکە] بە دەستی ڕاستی ئاماژەی دەکرد و دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە! ئارامیی، ئارامیی، [یانێ: دەنگە دەنگ و قرە قڕ مەکەن] هەر کاتێک دەگەیشتە گردێک لە گردۆلکەکان تۆزێک جڵەوی بۆ حەشترەکە شل دەکرد، تاکو لێی سەر دەکەوت، [پێشێ بۆیە جڵەوی بۆ توند کردوە، تاکو بە پەلە نەڕوات و بە خەڵک بڵێ: ئارام بن] هەتا گەیشتە موزدەلیفە و، لەوێ نوێژی شێوان و خەوتنانی بە بانگێک و دوو قامەت کرد و، هیچ نوێژی سونەتی لە نێوانیان دا نەکرد.

پاشان پێغەمبەر ﷺ هەتا سپێدەی بەیانیی ڕاکشا و خەوت، کاتێک بەیانیی بۆ ڕۆشن بۆوە، بە بانگێک و قامەتێک نوێژی بەیانیی کرد، ئنجا سواری حەشترەکەی بۆوە، تاکو هاتە لای (الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ)، لەوێ ڕووەو قیبلە وەستا و

لە خوا پاڕایەوە و (أللهُ أكبر ولا إله إلاّ الله)ی کرد و، یەکتایی خوای ڕاگەیاند، هەروەها بە ڕاوەستاوەیی مایەوە، تاکو دنیا تەواو ڕووناک داهات، ئنجا بەر لەوەی خۆر دەربکەوێ، کەوتە ڕێ بەرەو مینا.

پاشان فەزڵی کوڕی عەبباسی ئامۆزای لە پشت خۆیەوە سوار کرد، کە پیاوێکی قژ جوان و سپی پێست و بەرچاو بوو، کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە ڕێ، چەند ئافرەتێک کە دەڕۆیشتن بە لایدا ڕەت بوون، (الْفَضْلَ)یش دەستی کرد بە سەرنجدانی ئافرەتەکان و، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی خستەسەر ڕووی فەزڵ، فەزڵیش ڕووی بە لایەکەی دیکەدا سوڕاندەوە و، هەر تەماشای دەکردن و دووبارە پێغەمبەر ﷺ بە لایەکەی دیکەدا دەستی خستە سەر دەم و چاوی فەزڵ و، ڕووی لە لایەکەی دیکەش، وەری چەرخاند، چونکە هەر تەماشای ئافرەتەکانی دەکرد، هەتا گەیشتە دۆڵی موحەسسیر (وادي مُحَسِّر)، توزێک وڵاخەکەی خێرا کرد، پاشان ئەو ڕێیەی نێوەڕاستی گرت کە بەرەو جەمرەی گەورە دەچێ، تاکو هاتە لای ئەو جەمرەی کە لە لای درەختەکەیە (واتە: جەمرەی کە لە مەککەوە نیزیکترە)، حەوت بەردۆچکەی تێگرتن و، لەگەڵ هەر بەردۆچکەیەکدا (أللە أكبر)ی دەکرد، وەک بەردۆچکەی پەلاپیتکە بوون و، لە (بطن الوادي)یەوە دەیهاویشتن و بۆ جەمرەی گەورە، دوایی بەرەو کوشتارگە (الْمَنْحَر) چوو و، لەوێ شەست و سێ (٦٣) حوشتری بە دەستی خۆی بە نێزەکەی (ئەو چەقۆیە گەورەی کە پێیبوو) سەربڕین، دوایی نێزەکەی دایە دەست عەلیی و ئەوەی مابوون، بیست و حەوت (٢٧) دانە بوون، ئەویش سەری بڕین و، لە قوربانییەکانی خۆیدا بەشداری کرد، پاشان فەرمانی کرد، کە لە گۆشتی هەر حوشترێک پشکێک گۆشت بخرێتە مەنجەڵێکەوە، ئنجا کوڵێندرا و، لەگەڵ عەلیی گۆشتەکەیان خوارد و لە چەلاوەکەشیان خواردەوە.

دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ سوار بۆوە و بەرەو ماڵی خوا ڕۆیشتەوە و تەوافی کرد و، نوێژی نیوەڕۆی لە مەککە کرد، ئنجا هاتە لای بەنو عەبدلموتتەلیب، خزمانی پشتی خۆی کە لە سەرچاوەی ئاوی زەمزەم ئاویان دەدا بە خەڵکی،

فەرمووی: ئەی وەچەی عەبدولموتتەلیب! هەڵهێنجن، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، کە خەڵکی ئەو ئاو پێدانەتان لێ بستێنن، منیش لەگەڵتان هەڵم دەهێنجا، [یانی: بۆ ئەوەی دوایی خەڵک نەڵێن: پێغەمبەر ﷺ چووە ئاوی داوە بە حاجیان، دەبێ ئێمەش وا بکەین، بۆیە بەشدار نابم] پاشان دۆلکەیەکیان دایە لێی خواردەوە.

ئەمە چۆنیەتیی حەجیماڵئاوایی پێغەمبەر ﷺ بوو، کە تەنیا ئەو حەجەی کردوە.

١٧)- چۆن حەج و عومرە دەکەین:

پێشتریش باسمان کرد کە حەج و عومرەکردن، سێ جۆرە:

١- جۆری (تَمَتُّع)، ئەوەیە کە نیەت بە عومرە بێنی و، دوایی ئیحرام بشکێنی و، ئنجا هەر لەو شوێنەی ئیحرامت لێ شکاندوە کە مەککەیە، جارێکی دیکە ئیحرام بە حەج ببەستیەوە، بەڵام خوێنێکت دەکەوێتە سەر.

٢- (قِران) ئەوەیە کە نیەت بە هەردووکیان (حەج و عومرە) بێنی، ئەویش دیسان هەر خوێنت دەکەوێتە سەر.

٣- (إفراد)یش ئەوەیە کە نیەت بە حەج بێنی و دوای ئەوەی حەجت تەواو کرد، ئنجا عومرەش بکەی، هەڵبەتە هەر کەسێک ئیحرام بە حەج و عومرە ببەستێ: یەک تەواف و یەک سەعیی (هاتن و چوونی نێوان صەفا و مەڕوە) بۆی وەبەری حەج و عومرەش دەکەون، وەک دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: [**وَأَمَّا الَّذِينَ جَمَعُوا الحَجَّ وَالعُمْرَةَ، فَإِنَّمَا طَافُوا طَوَافًا وَاحِدًا**] (**أخرجه البخاري: ١٤٨١، ومسلم: ٢٩٦٨**).

واتە: ئەوانەی حەج و عومرەیان پێکەوە کرد، یەک تەوافیان کرد.

واتە: حەوت جار بە دەوری کەعبەدا سووڕانەوە (ئەمە تەوافێکە) هەروەها هاتن و چوونی نێوان صەفا و مەروە، بەس جارێکیان کرد.

بەم شێوەیە حەج و عومرە دەکرێ :

١- کاتێک وەختی بە ڕێکەوتن بۆ سەفەری حەج نیزیک بۆوە، دەبێ مرۆڤ جوان خۆی بشوات و نینۆکەکانی بکات و، ئەگەر پیاو بێ، دەبێ سمێڵی خۆی کورت بکاتەوە، ئنجا ئەگەر زۆری نەمابوو بۆ گەیشتنە میقات، ئەو مرۆڤە دەتوانێ بەرگی ئیحرامیش بپۆشێ، کە چاکتر وایە دوو پەشتەماڵ، یان دوو پارچە قوماشی سپی پاک بن، ئەگەرنا هەر ڕەنگێکی دیکەش بن، هەر دەبێ، دەتوانێ سەعاتێک یان کەمتر پێش گەیشتنە میقات، پۆشاکەکانی بپۆشێ و، دەشگونجێ هەر لەو کاتەدا، نیەت بێنێ بەڵام ئەگەر بە سواری فڕۆکە بوو، دەبێ دووربینیی (إحتیاط) بکرێ و پێش گەیشتن بە میقات، نیەت بهێنرێ و ئەگەر لێی تێپەڕیی، تازە لە میقات ئیحرامی نەبەستوە و خوێنی دەکەوێتە سەر.

٢- کە چووە نێو شاری مەککە و، چوو مزگەوتی حەڕام و چاوی بە کەعبە کەوت، وا باشە سێ جاران (أللهُ أكبر ولا إله الاّ الله) بکرێ و، لە خوا بپاڕێتەوە، دوایی یەکسەر تەواف چوونە کەعبە (طواف القدوم) بکرێ، ئنجا ئەگەر ئەو کەسە نیەتی بە حەجی (تَمَتُّع)هێنا بوو، وا باشە یەکسەر دوای تەوافی کەعبە، هاتن و چوونی نێوان سەفا و مەڕوەش بکات و، قژی کورت بکاتەوە و عومرەکەی تەواو بکات.

٣- بەڵام ئەگەر ئەو کەسە (مُفْرِد) بوو و تەنیا ئیحرامی بە حەج بەستبوو، یاخود (قَارِن) بوو و نیەتی هەردووکیانی هێنا بوو، ئەوە ئیحرامەکەی هەر هەیە و، دروست نیە ئیحرامەکەی بشکێنێ، تاکو مەناسیکەکانی حەج تەواو دەکات، بەڵام حەجی (تَمَتُّع) جیایە و عومرەکەی تەواو دەکات و ئیحرام دەشکێنێ و، دوایی ئیحرام بە حەج دەبەستێتەوە.

٤- لە عەرەفات لە هەر شوێنێک بوەستێ، هەر دروستە، بەڵام باشتر وایە لە لای تاتە بەردەکان ڕوو بە قیبلە بوەستێ، تاکو خۆرئاوا بوون و، بە گەرمیی لە خوا بپاڕێیتەوە .

٥- پاش خۆرئاوا بوون بە تەواویی و لەگەڵ بوولێڵدا، دەبێ بەرە و موزدەلیفە بچێ و لەوێش پاش نوێژکردنی شێوان و خەوتنان بە کۆکراوەیی و کورتکراوەیی، هەتا بەیانی ئیسراحەت بکات و، پاش نوێژی بەیانی دنیا کە ڕووناک بۆوە بەرەو مینا بکەوێتە ڕێ.

٦- ئنجا کە چووە مینا، سەرەتا حەوت بەردۆچکە بە جەمرەی گەورەدا بدات، پاشان ئەگەر قوربانیی هەبوو، یان خوێنی لەسەر بوو، سەری ببڕێ، پاشان سەری بتاشێ، یاخود کورتی بکاتەوە، ئنجا ئەوە پێی دەگوترێ: ئیحرام شکاندنی گچکە، یاخود یەکەم.

٧- پاشان بەرە و مەککە و مزگەوتی حەرام بچێ و تەوافی پایە (**طواف الركن**) یاخود تەوافی داپەڕین (**طواف الإفاضة**) بکات و، ئەگەر (**مُفْرِد**) یاخود (**قارن**) بوو و دوای تەوافی هاتن، سەعیی نەکرد بوو، سەعییش بکات و، ئەگەر کردبووشی ئەوە یەک سەعیی وەبەر هەردووکیان دەکەوێ، دوای ئەوەش دەگاتە قۆناغی دووەم و کۆتایی ئیحرام شکاندن و، دوای تەواوکردنی بەردۆچکە هاویشتن بۆ سێ جەمرەکان، لە ڕۆژانی یازدە و دوازدە و سێزدەدا، ئەوە بە یەکجاریی خوا پەرستییەکانی حەجیشی تەواو کردوون و، دوایی تەوافی خواحافیزیی (**طواف الوداع**) دەکات و، شاری مەککەی موبارەک بە جێدێڵێ و دەگەڕێتەوە شوێن و وڵاتی خۆی.

١٨)- بەرهەم و سوودەکانی حەج:

١- پاک بوونەوە لە چڵک و چەپەری گوناهو، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی لەگەڵ خوادا ﷻ، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **[مَنْ حَجَّ فَلَم يرْفُثْ، وَلَمْ يفْسُقْ، رَجَعَ كَيَومِ ولَدتْهُ أُمُّهُ]** **(أخرجه أحمد: ٧٣٧٥، والبخاري: ١٤٤٩، والترمذي: ١٦٥٨، والنسائي: ٢٦٢٧، وابن ماجه: ٢٨٨٩، وابن حبان: ٣٦٩٤).**

واتە: هەر کەسێک حەجێ بکات و، قسەی بێ جێ نەکات و، کرداری ناڕێک نەکات، وەک ئەو ڕۆژەی لە دایکی خۆی بووە، ئاوا دەگەڕێتەوە، واتە: پاک بۆتەوە.

لە بارەی عومرەشەوە فەرموویەتی: **{الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الْجَنَّةُ}** **(أخرجه مالك: ٧٦٧، وأحمد: ٩٩٤٩، والبخاري: ١٦٨٣، ومسلم: ١٣٤٩، والترمذي: ٩٣٣، والنسائي: ٢٦٢٩، وابن ماجه: ٢٨٨٨، وابن حبان: ٣٦٩٦).**

واتە: عومرە بۆ عومرە، نێوان خۆیان دەسڕنەوە و، حەجی وەرگیراویش جگە لە بەهەشت پاداشتێکی دیکەی نیە.

www.alibapir.com

٢- پتەوتر بوونی ئیمان و، تازەکردنەوەی پەیمانی بەندایەتیی و، زیادبوونی پارێزکاریی، کە هەموو خواپەرستییەکانی حەج، بێگومان باشترین بەندایەتیی بۆ خوا کردن و، خوا بە یەکگرتنیان، تێدا بەرجەستە دەبێ: هەم نیەت هێنان و ئیحرام بەستن و، هەم سووڕانەوە بە دەورەی ماڵی خوادا و، هەم ڕاوەستان لە عەرەفات لە خزمەت خوادا ﷻ و، هەم شەومانەوە لە موزدەلیفە و لە مینا، هەروەها وردە بەرد پێدادانەکانی سێ جەمرەکان، کە ڕەمزی بەرد بارانکردنی شەیتان و بە قسە نەکردنیەتی و، هەموو کردەوەکانی دیکەی حەج، بەندایەتیی مرۆڤ بۆ خوا، بە باشترین شێوە بەرجەستە دەکەن.

٣- ڕاهاتن لەسەر ڕەوشت بەرزیی و، هێمنیی و، ئارامیی و، خۆ دوورگرتن لە گوناهو هەڵە، وەک پێشتر ئایەتەکەمان هێنا، کە مرۆڤ لە کاتی هەبوونی ئیحرامدا، دەبێ خۆی لە هەموو ئەو شتانە بپارێزێ، کە قەدەغەن، زیاتر لە حاڵەتی ئاسایی و، هەندێک شتی دیکەش کە لە شوێنی دیکە و لە کاتی دیکەدا، قەدەغە نین، دەبێ هەر خۆییان لێ بپارێزێ.

٤- لەبەر چاو بەرجەستەو نمایان بوونی و سیرە و ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی، کاتێک دەچیە ئەو شوێنانە، بۆ وێنە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو بەردە ڕەشەی ماچکردوە و دەستی لێداوە، بە دەوری کەعبەدا سووڕاوەتەوە و، لە عەرەفات وەستاوە و، شەوێ لە موزدەلیفە و لە مینا ماوەتەوە و، هاتن وچوونی نێوان سەفا و مەڕوەی کردوە، هەروەها هاوەڵانی بەڕێزی، ئەوە هەمووی لەبەر چاوت، نمایان و بەرجەستە دەبێ.

٥- بە بەرجەستەیی دیتنی زۆر لە بەها بەرزەکانی ئیسلام، وەک یەکسانیی و، ئازادیی و، فەرمانبەریی بۆ خوا و، دۆستایەتیی لەگەڵ هەموو ئەهلی ئیمان دا، هەر ڕەنگ و زمانێکیان هەبێ، پاشان بەرد بارانکردنی سێ جەمرەکان: کە ئەوە نیشانەو هێمای هەڵگەڕانەوەیە لە شەیتان و، بە قسەنەکردنی شەیتانە.

٦- خۆ بەختکردن و قوربانیی دان لە پێناوی خوادا ﷻ، کە لە قوربانیی سەربڕیندا و لە خوێن ڕشتن لە پێناوی خوادا، خۆی دەبینێتەوە.

٧- ڕاهاتن بە گوێڕایەڵیی و فەرمانبەرییەوە، کە لە کاتی ئیحرام بەستندا، دەبێ ئینسان زۆر وریا و هۆشیاربێ و، هیچ شتێک نەکات، کە نا فەرمانبەریی خوا ﷻ بێ.

٨- حەج و عومرە سەربازگەیەکن بۆ مەشق و ڕاهێنان و، لە ڕاستییدا مرۆڤ حاڵەتی سەربازیی و حاڵەتی ئامادەیی و هۆشیاریی لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، لە کاتی حەج و عومرەدا.

٩- هەڵگرتنی باری دینداریی و بە جێهێنانی ئەرکی بەندایەتیی، بەشداریی کردن و دەستبارگرتنی هەموو ئەندامانی، پێویستە، هەروەک لە حەجدا ئێمە هەموو ئەو شتانە دووبارە دەکەینەوە کە ئیبراهیم و هاجەری خێزانی و ئیسماعیلی کوڕی (علیهم الصلاة والسلام) کردوویانن، کە بێگومان کۆمەڵگای مسوڵمان، هەمیشە لە پیاو و ئافرەت و منداڵ پێک دێ و، هەمووشیان دەستبارگروهاوکارن.

کەواتە: دینداریی و هەڵگرتنی ئەرکی بەندایەتیی و مسوڵمانەتیی، هەموو کۆمەڵگای پێویستە بە پیاوان و ئافرەتان و، بە ورد و درشتەوە.

١٠- کۆمەڵێک بەرژەوەندیی دیکەی سیاسیی و، ئابووریی و، فەرهەنگیی و، کۆمەڵایەتیی، لە حەج و عومرەدا هەن، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ ﴾الحج: ٢٨، لە ڕووی سیاسییەوە مسوڵمانان ئاگاداری حاڵ و باڵی یەکدی دەبن و، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پتر پێک ئاشنا دەبن و، لە ڕووی ئابوورییەوە بازرگانیی و مامەڵە دەکەن و، لە ڕووی فەرهەنگییەوە، شارەزای کلتوور و عادەتی گەلان و نەتەوەکانی دیکە دەبن و، زانیارییان زیاد دەکات، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: کۆمەڵێک بەرژەوەندیی دێنە دی، کە لە ڕاستییدا لە حەج و عومرەدا نەبێ، ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە نایەنە دی.

١٩)- دوا قسەم لە بارەی حەج و عومرەوە:

لە پێنج برگەدا، بە کورتیی دوا قسەی خۆم لە بارەی حەج و عومرەوە دەکەم:

١)- براو خوشکی بەڕێزم! ئەگەر خوا قسمەتی کرد و ویستت حەج و عومرە بکەی، بەر لە هەموو شتێک دوای نیاز و مەبەستی خۆ ساغکردنەوە بۆ خوا ﷻ، هەوڵبدە بە وردیی شارەزای حەج و عومرە بی، بە پایە و فەرز و سوننەتەوە و، بەرچاو ڕوونانە ئەو سەفەرە موبارەکە بکە و، بزانە چی دەکەی و چۆنی دەکەی؟

٢)- ئەگەر خوا کردی حەج و عومرەت کردو گەڕایەوە، ڕێژەی ئەندازەی قبووڵکران و قبووڵ نەکرانی حەج و عومرەکەت، بەوە بزانە کە تاکو چ ڕاددەیەک گۆڕیویانی و پاک و چاکیان کردووی و، بەرەو خوایان بردووی، ئنجا ئەگەر حەجەکەت قبووڵ و، سەعییەکەت سوپاسکراو (حَجٌّ مبرورٌ، وسعيٌ مَشكورٌ) و، بێ گوناهەکەشت لێبوردرا و (ذنْبٌ مغفور) بێ، ئەوە لە ڕاستییدا بۆ خۆت بە مراد گەیشتووی و، ئامانجێکی گەورەی دینداریت هێناوەتە دی، بەڵێ دوای حەج دەبێ تەماشای خۆت بکەی: تا چ ڕاددەیەک گۆڕاوی و چاک بووی.

٣)- زۆر وریا بە حەج و عومرە کردن، جگە لە هی فەرز، نەکەیە خولیا و ئاواتی خۆت و چوونە حیجازت لێ ببێتە نەخۆشیی و، هەموو ساڵێک: حیجاز بگرە و هاتم! چونکە زۆر کاری چاک و تاعەت و فەرمانبەریی هەن، لە حەجی سوننەت و، عومرەی سوننەت خێرترن و، دەبێ مرۆڤ بە پێوەر و تەرازووی شەریعەت شتەکان هەڵسەنگێنێ، نەک بە میزاجی خۆی.

٤)- بازرگانیی مامەڵەکردن لە حەجدا شتێکی ڕەوا (مباح)یە، بەڵام نابێ هەموو کرد و کۆشش و تەقەلاشمان ببێتە ئابووریی و بازرگانیی و، لە حەجیشدا هەر سەرگەرمی دنیا و شتومەک و کەل وپەل بین و، مرۆڤ لەبەر شت کڕین و دیاریی کڕین، ئاگای لە زۆر شت

نەمێنێ و داڵغە و خولیای هەر لە لای ئەوەیە: کە فڵانکەس چی بۆ بێنێ و، فیسارکەس چی بۆ بێنێ؟ یان هی وایە بۆ قازانجکردن، شت لەگەڵ خۆی دێنێتەوە دەیفرۆشێ!

٥)- ئاشکرایە حەج لەسەر کەسێک فەرز نابێ، توانایی ماڵ و سامانی نەبێ و، مەسەلە تەنیا چوونە حەج و عومرە نیە، بەڵکو لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە ئینسان بە ماڵی حەڵاڵ و زەڵاڵ بچێ، چونکە لە ئیسلامدا وێڕای ئامانج، پێویستە ئامرازی شەرعیی چاکیش بەکاربێنین و، لە ڕێی پاکەوە بەرە و ئامانجی چاک هەنگاو بنێین، ئەگەرنا خوا نەکردە، مرۆڤ ڕەنج بە خەسار و شەرمەزار دەبێت.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات: هەم حەج و عومرە، هەم هەموو ئەو خواپەرستییانەی ئەنجامیان دەدەین، بە باشترین شێوە ئەنجامیان بدەین و، باشترین بەرهەم و ئامانجیشمان لێیان دەستگیر ببێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە بریتین لە ئایەتەکانی: (٣٨ - ٤٨)، تەوەری سەرەکییان بریتیە لە مۆڵەتدرانی مسوڵمانان بە جەنگ و بەرگریی لە خۆکردن و خستنەڕووی بەڵگەو پاساوەکانی جیهادو جەنگ و ئامانجەکانی.

پاشان ئاماژەیەکی زۆر کورت بە چارەنووسی شوومی گەل و کۆمەڵگایە پێشووەکان، لە ئەنجامی کوفرو ستەم و ملهووڕییاندا، دەکات، کە جێی خۆیەتی پەندیان لێ وەربگیرێ، نەک هەمان هەڵەو ئەزموونی تاڵی ئەوان دووبارە بکرێتەوە، کە بێگومان هەمان سەرەنجامی شوومیشی بەدوادا دێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ (٣٨) أُذِنَ لِلَّذِينَ
يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ (٣٩) ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم
بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ
وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن
يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠) ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ (٤١) وَإِن
يُكَذِّبُوكَ فَقَدۡ كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَعَادٞ وَثَمُودُ (٤٢) وَقَوۡمُ إِبۡرَٰهِيمَ وَقَوۡمُ لُوطٖ (٤٣)
وَأَصۡحَٰبُ مَدۡيَنَۖ وَكُذِّبَ مُوسَىٰۖ فَأَمۡلَيۡتُ لِلۡكَٰفِرِينَ ثُمَّ أَخَذۡتُهُمۡۖ فَكَيۡفَ كَانَ نَكِيرِ
(٤٤) فَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٞ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئۡرٖ
مُّعَطَّلَةٖ وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ (٤٥) أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ

ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾
وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا
تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ
﴿٤٨﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی خوا بەرگریی لە بڕواداران دەکات (چونکە) بێگومان خوا هەموو زۆر خیانەتکارێکی سپڵەی خۆشناوێ ﴿٣٨﴾ ئەوانەی جەنگیان لە دژ دەکرێ، بە هۆی ئەوەوە کە ستەمیان لێکراوە، مۆڵەتدران (تۆڵەبسێننەوە)و مسۆگەر خواش لەسەر سەرخستنیان توانایە ﴿٣٩﴾ ئەوانەی بەبێ هیچ هەقێک لەماڵەکانیان وەدەرنران، جگە لەوەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایەو، ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکیشی بە هەندێکیان پاڵپێوە نەنابایە (بە بڕواداران بێبڕوایانی ڕاونەنابایە) دێرو کڵیساو کەنیشتەو مزگەوتانێک کە زۆر یادی خوایان تێدا دەکرێ دەڕمێنران و، بێگومانیش هەر کەس (بەرنامەی) خوا سەربخات، خوا سەری دەخات، بە دڵنیایی خوا ئەو پەڕی بەهێزی زاڵە ﴿٤٠﴾ ئەوانەی هەرکات لە زەویدا دەسترۆیشتوومان کردن: نوێژ بەرپا دەکەن و، زەکات دەدەن و، فەرمان بە پەسند دەکەن و، ڕێگریی لە ناپەسند دەکەن و، سەرەنجامی کاردکانیش هەر بۆ لای خوا دەچێتەوە ﴿٤١﴾ ئنجا ئەگەر (بێبڕوایان) بە درۆشت دابنێن، پێش وانیش (هەرکام لە:) گەلی نووح و (گەلی) عادو (گەلی) سەموودو ﴿٤٢﴾ گەلی ئیبراهیم و گەلی لووطو ﴿٤٣﴾ هاوەڵانی مەدیەن، (پێغەمبەرانیان بە درۆدانان) و مووساش (لەلایەن فیرعەون و گەلەکەیەوە) بە درۆ دانراو، مۆڵەتی کافرانم داو دوایی گرتمن (و سزام) دان، ئنجا نکووڵیکردن (و سزادان)م چۆن بوو! ﴿٤٤﴾ زۆر

ئاوەدانییشمان فەوتاندوون، لە حاڵێکدا کە ستەمکار بوون، ئێستا دیوارەکانیان بەسەر سەربانەکانیاندا کەوتوون (تێک ڕووخاون) و بیری (ئاوی) پەکخراوو، کۆشکی بەرزی سپیکارکراو (یان لێ جێماون) (٤٥) ئنجا ئایا بە زەویدا نەڕۆیون (بۆ سەرنجدانی شوێنەواری گەلانی پێشوو) عەقڵ و دڵیان هەبن، پێیان تێبگەن و گوێیان هەبن پێیان ببیستن! بێگومان چاوەکانیان کوێر نین، بەڵکو ئەو دڵانەی لە سینەکانیاندان، کوێرن (٤٦) پەلەشت لێ دەکەن بە هاتنی سزاو، خواش گفتی خۆی ناشکێنێ، ڕۆژێکیش لە لای پەروەردگارت وەک هەزار ساڵە لەوەی ئێوە دەیژمێرن (٤٧) ڕستیشم بۆ گەلێک ئاوەدانیی ستەمکار درێژ کردو دوایی گرتمن (سزام دان)و، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای منە (٤٨)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(خَوَّانٍ): (الخِيَانَةُ مُخَالَفَةُ الحَقِّ بِنَقْضِ العَهْدِ فِي السِّرِّ، وَنَقِيضُهَا الأَمَانَة، وَالخَوَّانُ: صِيغَةُ مُبَالَغَةِ خَائِن)، **(خَوَّانٍ)**: لە (خيانة)ەوە هاتوە، (خيانة) بریتیە لە پێچەوانەی هەق جووڵانەوە، ئەویش بە هۆی شکاندنی پەیمان بە پەنهانیی و، دژی (خيانة) بریتیە لە (أمَانة) واتە: پاراستنی بەڵێن و پەیمان، (خَوَّانٍ): ڕێژگەی زێدەڕۆییە لە (خَائِن) واتە: پەیمانشکێن، بە کوردییش هەر دەڵێین: خیانەتکار (خَوَّانٍ)، واتە: زۆر پەیمان شکێن، واتە: زۆر موخەننەت و خیانەتکار.

(كَفُورٍ): (المُبَالِغُ فِي كُفْرَانِ النِّعْمَةِ، كَفَّار: صِيغَةُ مُبَالَغَةِ كَافِر، وَكُفَّار جَمْعُ كَافِر وَكَفَرَة: جَمْعُ كَفُور)، **(كَفُور)**: ڕێژگەی زێدەڕۆییە بۆ (كافر) بە مانای سپڵەو نادیدەگری چاکەو نیعمەتی خوا، وشەی (كافر): ڕێژگەی زێدەڕۆییەکەی بریتیە لە (كَفَّار)، بێبڕوا (كافر)یش بە (كُفَّار) کۆدەکرێتەوە، هەروەها بە (كَفَرَة)ش کۆدەکرێتەوە، بەڵام هەندێکیش گوتوویانە: کۆی (كفور) بریتیە لە (كَفَرة) واتە: ئەوانەی زۆر سپڵە و نا سوپاسن. ...

(صَوَامِعُ): **(جَمْـعُ صَوْمِعَـة، مَعْبَـدُ الرَّاهِـبِ، كُلُ بِنَـاءٍ مُتَصَمِّـعِ الـرَّأس: مُتَلَاصِقَـهُ)**، **(صَوَامِـع)** کـۆی **(صَوْمِعَة)**یـە، واتـە: پەرسـتگای بابـای ڕاهیـب، واتـە: گۆشـەگیر، هـەر خانوویـەک کـە سـەردکەی هاتبێتەوەیـەک، بـە شـێوەیەک سـەرەکەی مەیلـەو تیژبـێ، پێـی دەگوتـرێ: **(صَوْمِعَـة)**، واتـە: سـەردکەی پێکـەوە نووسـاوبێ.

(وَبِيَعٌ): **(جَمْـعُ بِيْعَـة: مَعْبَـدُ النَّصَـارَى)**، **(بِيَـعْ)** کـۆی **(بِيْعَة)**یـە، بـە پەرسـتگای نەصرانییـەکان دەگوتـرێ.

(وَصَلَوَتٌ): **(جَمْـعُ صَـلاة: كَنِيْسَـة اليَهـود، بَيْـتُ العِبَـادَةِ لليهـود)**، **(صَلَوات)**یـش کـۆی **(صـلاة)**ە، کەنیشـتەی جوولـەکان، یـان پەرسـتگای جوولـەکان، هـەروەک چـۆن **(مسـاجد)** کـۆی **(مسـجد)**ە، پەرسـتگای مسـوڵمانان.

(مَّكَّنَّهُمْ): **(مَكَّنْتُـهُ وَأَمْكَنْتُـهُ)** واتـە: دەستڕۆیشـتووم کـرد، **(مُتَمَكِّـن: ذِي قَـدْرٍ وَمَنْزِلَـة)**، **(مُتَمَكِّـن)**: وەک چـۆن بـە دەستڕۆیشـتوو دەگوتـرێ، بـە خـاوەن پلـەو پێگـەش دەگوتـرێ.

(فَأَمْلَيْتُ): **(الإِمْـلاءُ: الإِمْـدَادُ، أَمْلَيْـتُ: أَمْهَلْـتُ)**، **(إِمْـلاَء)** بـە مانـای ڕسـت بـۆ درێژکـردن و مۆڵەتدانـە، **(أَمْلَيْـتُ)** واتـە: مۆڵەتمـدان، بـوارم پێـدان.

(نَكِيرِ): **(أَنْكَـرْتُ عَـلَى فُـلاَنٍ وَنَكَـرْتُ عَلَيْـهِ، إِذَا فَعَلْـتَ بِـهِ فِعْـلاً يَرْدَعُـهُ)**، **(نَكِـير)** بـە مانـای **(إِنـكار)**ە، واتـە: نکوولّیپلێکـردن، دەگوتـرێ: **(أَنْكَـرْتُ عَـلَى فُـلاَنٍ وَنَكَـرْتُ عَلَيْـهِ)** ئەگـەر کارێکـی پێبکـەی کـە بیگێڕێتـەوە، بیپرینگێنێتـەوە لـەوەی دەیـکات.

(فَكَأَيِّن): **(كَأَيِّـن)** بـە مانـای **(كَـم الخَبَرِيَّة)**یـە، بـۆ زۆریـی بـەکاردێ (فَكَأَيِّن مِّن قَـرْيَةٍ)، واتـە: زۆر لـە ئاوەدانییـان.

(خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا): واتـە: دیـوارەکانی بەسـەر سـەربانەکاندا کەوتـوون، **(جِدْرَانُهَـا سَـاقِطَةٌ عَـلَى سُـقُوفِهَا، أَصْـلُ الخَـوَاءِ: الخَـلاَءُ وَالفَـرَاغُ، خَـوِيَ بَطْنُـهُ مِـنَ الطَّعَـامِ، أَي: خَـلِيَ وَفَـرَغ)**، وشـەی **(خـواء)**: لـە ئەصڵـدا بـە مانـای بۆشـایی و بەتاڵایـی دێ،

دەگوترێ: (خَوِيَ بَطْنُهُ مِنَ الطَّعَامِ) سکی لە خواردن خاڵیی بوو، واتە: برسیەتیی، (خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا) خانووەکان کەسیان تێدا نەماوەو چۆڵ بوون، بۆیە دیوارەکان ڕووخاون (عَلَىٰ عُرُوشِهَا) (عُـرُوش) کۆی (عَـرْش)ە، کە بە مانای سەقف و سەربان دێ، واتە: پێشێ سەربانەکان ڕووخاون و دیوارەکان هەر بە پێوە ماون، دواییش دیوارەکان بەسەر سەربانەکاندا ڕووخاون.

(مُعَطَّلَةٍ): (العَطَلُ: فُقْدَانُ الزِّينَةِ وَالشُّغل، وَعَطَّلَهُ مِنَ العَمَلِ فَتَعَطَّلَ)، (عَطَل): بریتیە لە نەمانی ڕازاوەیی و نەمانی کار، دەگوترێ: (فُلان عَاطِلٌ باطِلٌ) واتە: فڵانکەس بێ ئیشە و خەریکی شتی پووچە، (عَطَّلَهُ مِنَ العَمَلِ فَتَعَطَّلَ) پەکی لە ئیشێ خست، ئێستا پەککەوتوە، کەواتە (مُعَطَّلْ) واتە: پەکخراو یاخود کارپێنەماو.

(وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ): (قَصْر) بە مانای کۆشک دێ، (مَشِيد: بُنِيَ بالشيد)، بە (شيد) بینا کراوە (شيد) یان گەچە، یاخود شتێکی وەک گەچە، یانی: سواق دراوە، یاخود (مَشِيدٍ) بە مانای (مُطَوَّل) دێ، یانی: بەرز هەڵچوو، هەروەها (شَيَّدَ قَوَاعِدُها: أَحْكَمَهَا) واتە: (مشِيدٍ): بە مانای مەحکەمیش دێ، هەروەک دەگوترێ: (أَشَادَ بِهِ يَشيدُ، الإِشَادَةُ: رَفْعُ الصَّوْتِ) (إشادة) دەنگ بەرزکردنەوەیە بە شتێک.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتی ژمـارە (٣٩)و ئایەتـەکانی دوایـی، لـەو بـارەوە ئـەم گێڕدراوەیـە دێنیـن:

[عَـنِ ابْـنِ عَبّـاسٍ قَـالَ: لَـمّا أُخْـرِجَ النَّبِـيُّ صَـلّى اللّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ مِـنْ مَكَّـةَ قَـالَ أَبُـو بَكْـرٍ: أَخْرَجُـوا نَبِيَّهُـم: إِنَّـا للـهِ وَإِنَّا إِلَيْـهِ راجعـون، لَيَهْلِكُنَّ الْقَـوْمُ، فَنَزَلَـتْ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ﴾، فَعَرَفْـتُ أَنَّـهُ سَـيَكُونُ قِتَـالٌ، قَـالَ ابْـنُ عَبّـاسٍ: وَهِـيَ أَوَّلُ آيَـةٍ نَزَلَـتْ][1].

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) دەڵـێ: کاتێـک پێغەمبـەر ﷺ لـە مەککـە دەرکـرا، ئەبـوو بەکـر (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبەرەکـەی خۆیانیـان دەرکـرد (**إِنَّـا للـهِ وإِنَّـا إِليـهِ راجعـون**)، ئێمـە هـی خوایـن و ئێمـە تەنیـا بـۆ لای خـواش دەگەڕێینـەوە، (ئەمـە لـە کاتی بـەڵادا دەگوتـرێ)، بـە دڵنیایـی لەبەیـن دەچـن (مـادام پێغەمبـەری خوایـان ﷺ دەرکـرد، واتـە: ناچاریانکـرد دەربچـێ)، ئنجـا بـەو بۆنەیـەوە، ئـەم ئایەتـە موبارەکـە هاتـە خـوار: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ﴾، ئەوانـەی جەنگیـان لـە دژ دەکـرێ و ستەمیشـیان لێکـراوە، مۆڵەتـە کـە بەرگریـی لـە خۆیـان بکـەن، ئەبـوو بەکـر (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: (**فَعَرَفْـتُ أَنَّـهُ سَـيَكُونُ قِتَـالٌ**)، زانیـم کـە لەمـەو دوا جەنـگ ڕوودەدات، عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە یەکەمیـن ئایەتـە لەبـارەی جەنگـەوە دابەزیبـێ.

ڕایەکەشی ڕاستە.

---

[1] أخرجـه عبدالـرزاق في التفسـير، ج٢، ص٣٩، أحمـد في المسـند: ج١، ص٢١٦، ومـن طريقـه (الضيـاء المقـدسي) في (المختـارة) برقـم: ٣٨٤ والترمـذي: ٣١٧١، والنسـائي في (المجتبـى) ج٢، ص٦، وفي الكـبرى: ٤٩٩٢، ١١٣٤٥، وابـن أبي حاتـم في (تفسـيره) كـما في (تفسـير القـرآن العظيـم) ج٢، ص٢٣٥، والطـبري في (جامـع البيـان) ج١٧، ص١٢٣، ابـن حبـان: ٦٨٧، غيرهـم، قـال مؤلفـا الإستيعاب، قُلنـا: وهـذا إسـناد

مانای گشتیی ئایەتەکان

وەک پێشتر گوتمان: تەوەری سەرەکیی ئەم یازدە (١١) ئایەتە موبارەکانە، بریتیە لە دەستکردنەوەی بڕواداران بۆ دەستەوکەرو بەرگریی لە خۆکردن و، فیداکارییکردن لە پێناوی خواداو لە بەرگرییکردن لە دینی خواو لە حوڕمەتەکانی مسوڵمانان و پیرۆزییەکانی ئیسلام.

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، بە دڵنیایی خوا بەرگریی لەو کەسانە دەکات کە بڕوایان هێناوە، لەسەریان دەکاتەوەو پشتیان دەگرێ، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ﴾، بە دڵنیایی خوا هەموو زۆر خیانەتکارێکی زۆر سپڵەی خۆشناوێ، واتە: بەرانبەرەکانیان زۆر خیانەتکارو بێ پەیمانن، پەیمانیان لەگەڵ خوادا هەڵوەشاندۆتەوە، پەیمانی زگماک (فطرة) کە خوا لێی وەرگرتوون، دەبێ خواناس و خواپەرستبن، هەروەها پەیمانی عورفیی و عەقڵییان لەگەڵ پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانیدا هەڵوەشاندۆتەوە، کە ئەوانەش هاوڵاتیی و هاوشاریی بوون، بەڵام دەریانکردن و ئەزیەتیاندان و ناڕەحەتیانکردن، ئنجا ئەوانە زۆر سپڵەو ناسوپاس بوون، خوا ئەو هەموو چاکانەی پێداون، بە تایبەت چاکەی ڕەوانەکردنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ لە نێویاندا، ئەوە گەورەترین چاکەی خوا بوو لە ژیانیاندا، کەچی سپڵەو ناسوپاس بوون بەرانبەر بەو چاکە گەورەیەی خواو، بەرانبەر بە چاکەکانی دیکەی خواش، بۆیە خوا ﷻ بەرگریی دەکات لە کەسانێک کە بڕوایان هێناوە، لە بەرانبەر کەسانێکدا کە زۆر خیانەتکارو زۆریش سپڵەو ناسوپاسن.

﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْ﴾، مۆڵەت درا بۆ ئەوانەی جەنگیان لە دژ دەکرێ، بە هۆی ئەوەوە کە ستەمیان لێکراوە، واتە: بە هۆی ئەوەوە

کە ستەمیان لێکراوە، مۆڵەتیاندرا، یاخود کە جەنگیان لە دژ دەکرێ، بە هۆی ستەملێکراوییەوەیە، جەنگیان لە دژ دەکرێ، نەک ئەوان شتێکیان کردبێ پاساوی ئەوەبێ کە بەرانبەرەکانیان جەنگیان لە دژ بکەن و، شەڕیان پێبفرۆشن، ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ﴾، بەدڵنیایی خواش لەسەر پشتگرتن و سەرخستنی وان بە توانایە.

ئنجا خوا ﷻ باسی ستەمدیدەیی و ستەملێکراویی و چەوسێنراوەیی ئەو بڕوادارانە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ ﴾، ئەوانەی لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەرێ نراون، بەبێ هیچ هەقێک، مەگەر ئەوە کە دەڵێن: پەروەردگارمان خوایە، واتە: هیچ هەقێکیان لەسەریان نەبووە، مەگەر ئەوە بە هەق دابنرێ، کە گوتوویانە: پەروەردگارمان خوایە، ئنجا ئەوە پاساوی ئەوە بێ، شەڕیان لە دژ بکەن! بۆیە زانایان دەڵێن: لێرەدا ئەم (إلاَّ)یە بۆ هەڵاواردنە، بەڵام هەڵاواردنی دابڕاو (إستثناء منقَطِع)ە، بۆچی؟ چونکە ئەو هەقەی کە کافرەکان لەسەر بڕوادارانیان بێ، ئەوە نیە کە دەڵێن: پەروەردگارمان خوایە، ئەوە هەقی ئەوان نیە لەسەریان، بۆیە هەڵاوێردراو (مستثنی) لە جینسی لێ هەڵاوێردراو (مستثنی منه) نیە، بۆیە ئەمە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی دابڕاو.

دەشگونجێ (إلاَّ) بە مانای بەڵام (لكن) بێ، یانی: تەنیا گوتوویانە: پەروەردگارمان خوایە، هیچ هەقێکیان لەسەریان نەبووە، بەڵام گوتوویانە: پەروەردگارمان خوایە، ﴿ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ ﴾، ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکی بە هەندێکیان پاڵ پێوە نەنابایە، واتە: هەندێک لە خەڵکی ستەمکاری بە هەندێ خەڵکی ستەملێکراو، کە لێیانیان هاندەداو پشتیان دەگرێ، بەوانی پاڵ پێوەنەنابان، زەوی لێ خاوێن نەکردبانەوە، چی ڕوویدەدا؟ ﴿ لَّهُدِّمَتۡ ﴾، ئەوە کاول دەبوو، دەڕمان، ﴿ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ ﴾،

١- ﴿ صَوَٰمِعُ ﴾ کۆی (صَوْمَعة)یە، بە مانای پەرستگای بابای ڕەبەن، گۆشەگیر.

٢- ﴿ وَبِيَعٌ ﴾، کۆی (بِيعْة)یە، پەرستگای نەصرانییەکانە، کە ئێستا پێی دەڵێن: کڵێسا، کەنیسە.

٣- ﴿ وَصَلَوَٰتٌ ﴾، کۆی (صَلاة) کە هەندێ دەڵێن: لە (صلوت)ەوە هاتوە، مەرج نیە لە (صَلاة)ی بە مانای نوێژەوە بێ، بە مانای کەنیشتەیە واتە: پەرستگای جوولەکەکان.

٤- ﴿ وَمَسَٰجِدُ ﴾ یش کۆی (مسجد)ە واتە: شوێنی کڕنووش تێدا بردن، کە پەرستگای مسوڵمانانە.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴾، ئەمە دوو ئەگەری هەن: ئایا کە دەفەرموێ: یادی خوایان زۆر تێدا دەکرێ، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوتەکان، یان دەگەڕێتەوە بۆ کۆی پەرستگایەکان؟ هەردووک ئەگەری هەن، بەڵام پێم وایە وا ڕاسترە بگەڕێتەوە بۆ هەموویان، چونکە خوا ﷻ وەک پاساودانەوەی ئەوە کە خوا جەنگ و جیهادی پێویست کردوە، دەفەرموێ: ئەگەر جەنگ و جیهاد نەبووایە و، خەڵکی ستەمکار بە هۆی خەڵکی دیکەوە پاڵ پێوەنەنرابان، کە جەنگ و جیهادیان لە دژ بکەن ئەوە: دێرەکان و کڵێساکان و کەنیشتەکان (ی جوولەکەکان) و مزگەوتەکان (ی مسوڵمانان) دەڕمان، کە زۆر یادی خوایان تێدا دەکرێ، ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ﴾، بە دڵنیاییش هەر کەسێ خوا سەربخات، خواش سەریدەخات، واتە: هەر کەسێک پێغەمبەری خوا ﷺ سەربخات، یاخود ئایین و بەرنامەی خوا سەربخات، خوا سەریدەخات و پشتی دەگرێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾، بەدڵنیایی خوا زۆر بەهێزی باڵادەست و زاڵە.

ئنجا خوای کارزان ئامانجی جەنگ و جیهادو، هەبوونی هێزو توانا بۆ بڕواداران ڕووندەکاتەوە.

﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەوانەی هەر کاتێک ئێمە دەسترۆیشتوومان کردن لە زەویدا، توانامان پێدان، چی دەکەن؟ ﴿ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾، نوێژ بەرپا دەکەن و، زەکات دەدەن و، فەرمان بە پەسند دەکەن و، ڕێگریی لە ناپەسند دەکەن، ﴿ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴾، سەرەنجامی کارەکانیش هەر بۆ لای خوا ﷻ دەگەڕێتەوە.

ئنجا ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات و دەفەرمووێ: ﴿ وَإِن يُكَذِّبُوكَ ﴾، ئەگەر خەڵکەکەشت، کۆمەڵگایەکەشت تۆ بەدرۆ دابنێن و پاڵتدەنە لای درۆ، پێت بێ بڕوا بن، دڵت لەخۆت دانەمێنێ، ئەوە عادەتی لەمێژینەی ئەهلی کوفرە، ﴿ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ ﴾، بەدڵنیایی لە پێش وانیشدا بەدرۆیان دانا، کێ؟ ﴿ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ ﴾، هەر کام لە گەلی نووح و، گەلی عادو گەلی سەموودیش پێغەمبەرەکانی خۆیانیان بەدرۆ دانا، گەلی نووح نووحیان بەدرۆ دانا، گەلی عاد هوودیان بە درۆ دانا، گەلی سەموود، صاڵحیان بە درۆ دانا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام)، ﴿ وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ ﴾، هەروەها گەلی ئیبراهیم و گەلی لووطیش، هەر کام لە ئیبراهیم و لووطیان بە درۆ دانان، ﴿ وَأَصْحَٰبُ مَدْيَنَ ﴾، هەروەها هاوەڵانی مەدیەن [(مەدیەن) ناوی شار و وڵاتەکەیە)] ئەوانیش پێغەمبەری خۆیان بە درۆ دانا، کە شوعەیب ﵇ بوو، ﴿ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ ﴾، هەروەها مووساش بە درۆ دانرا، لە لایەن کێوە؟ لە لایەن قیبطییەکانەوە، لە لایەن فیرعەون و داروودەستەو گەلەکەیەوە.

بەڵام ئایا خوا ﷻ چی لێکردن؟ ﴿ فَأَمْلَيْتُ لِلْكَٰفِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ﴾، واتە: ڕستم درێژکرد بۆ ئەوانەی بێبڕوان، بواری ئەو گەلە کافرانەم دا، مۆڵەتم دان، بەڵکو بگەڕێنەوەو چاو بەخۆیان دا بگێڕنەوەو، واز لە کوفرو ملهوڕیی بێنن، بەڵام دوایی کە هەر بەردەوام بوون، ﴿ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ﴾، دوایی گرتمن، واتە: سزامدان، وەک چۆن کەسێک بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ و دەیگرێ، ئاوا گرتمانن، گرتن (أخذ) لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ سزادان، ﴿ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴾،

ئنجا ئایا نکووڵییلێکردنی من چۆن بوو؟ بێگومان خوا نکووڵیی لە شتێک بکات و ڕەخنەی لە شتێک هەبێ، لەسەری سزا دەدا، ڕەخنە لە کەسێک بگرێ، سزای دەدا، ئایا نکووڵییلێکردنی من، واتە: نکووڵییلێکردنی من و ڕەخنەگرتنم و سزادانم چۆن بوو؟ یانی: وابوو کە بە زەحمەت وەسف دەکرێ، (**لا يُحِيطُ بِهِ وَصْف**)، وەسف ناکرێ، هێندە بێڕەزاو گەورە بوو.

﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٞ ﴾، ئنجا زۆر ئاوەدانییمان فەوتاندن، واتە: خەڵکی ئاوەدانییان فەوتان، کە ئەو ئاوەدانییانە خەڵکەکەیان ستەمکار بوو، واتە: خوا ﷻ بە هۆی ستەم و دەستدرێژیی و سنوورشکێنییەوە، خەڵکی ئاوەدانییەکان لەبەین دەبات، ﴿ فَهِيَ ﴾، ئنجا ئێستا ئەو ئاوەدانییانە کە فەوتێندراون ﴿ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا ﴾، یانی: (**سَاقِطَةٌ جِدْرَانُهَا عَلَى سُقُوفِهَا**) دیوارەکانیان بە سەر سەربانەکانیاندا ڕووخاون، عادەت وایە کە بینایەک دەڕووخێ، پێشێ سەربانەکەی دەڕووخێ و، دیوارەکانی دەمێننەوە، دوایی بە درێژایی ڕۆژگار وردە وردە دیوارەکانیش بنکۆڵ دەبن و دەڕزن و، ئەوانیش بەسەر سەربانەکاندا دەڕووخێن، ﴿ وَبِئۡرٖ مُّعَطَّلَةٖ وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ ﴾، هەروەها لە شوێنەوارەکانیان، جگە لە دیوارە ڕووخاوەکان بەسەر سەربانەکاندا، زۆر بیری پەکخراو، بیری ئاو، کە کەس ئاوی لێ هەڵناهێنجێ، ﴿ وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ ﴾، زۆر کۆشکی بەرز هەڵچوو، یاخود کۆشکی گەچکاریی کراو و سپییکار کراو و سواقدراو، یاخود کۆشکی مەحکەم دروستکراو، ماوەنەوە، لە شوێنەوارەکانیان.

﴿ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ ئنجا ئایا (ئەی موحەممەد ﷺ! یان هەر کەسێک کە قورئان دەخوێنێ!) بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری تۆ بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ ﴿ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ ﴾، دڵانێکیان هەبن پێیان تێبگەن، ﴿ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَا ﴾ یان گوێیانێکیان هەبن، پێیان ببیستن، ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾، بە دڵنیایی چاوەکانیان کوێرنین، ﴿ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴾، بەڵام ئەو دڵانە کوێرن، کە لە سینەکاندان.

لێرەدا خوا ﷻ دڵی داناوە بە چەقی تێگەیشتن، هەڵبەتە مرۆڤ بە مێشک (دماغ) شت تێدەگات، ئەوە شتێکی زانستییەو، ئێستا سەلمێنراوە، بەڵام ئێستا زانست ئەوەشی بۆ دەرکەوتوە کە بەشێک لە ئیدراک و زانین پەیوەندیی بە دڵیشەوە هەیە، ئنجا ئەگەر گریمان ئیدراک و زانین هەمووشی بە عەقڵ و بە مێشک بێ، کە لە کەللەی سەردایە، بەڵام سەرەنجام ئەو زانیارییانەی بە عەقڵ و مێشک دەزانرێن، لە دڵەوە بڕیاریان بۆ دەدرێ: ئەو زانیارییانە چۆن کاریان پێ بکرێ و، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ؟ بۆ وێنە:

أ- کەسێک بە عەقڵێک کە لە مێشکی دایە، لە کەللەی سەری دایە، دەزانێ کە جگەرە کێشان زیانبەخشە، بەڵام بڕیاری کێشان و نەکێشانی جگەرە، تەنیا بەو زانینەی لەسەردایە، نادرێ، بەڵکو لە دڵەوە بڕیار دەدرێ.

ب- فیرعەون دەیزانی مووسا ڕاستگۆیە و، ئەبوو جەهل هەر دەیزانی موحەممەد ﷺ ڕاست دەکات و ئەمینە و، هەموو زلەزلانی ئەهلی کوفر بەزۆریی زانیویانە کە پێغەمبەران ڕاست دەکەن، بەڵام خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەیان هەڵخەڵەتاندوەو گوتوویانە: ئەوانە جادوو گەرن، فاڵچیین، خۆیانتان بەسەردا فەرز دەکەن! ئەگەرنا خۆیان زانیویانە ڕاستدەکەن، بەڵام بۆچی بڕوایان نەهێناوە؟ بە مەعلووماتێک کە لە مێشکیاندا هەیە، زانیویانە هەق لە کوێیە، بەڵام بڕیار بە دڵ و دەروونی و نێو سینە دەدرێ، بۆیە خوا ﷻ لێرەدا باسی ئەو دڵانە دەکات کە لە سینەکاندا هەن، دەفەرموێ: ئەو دڵانەیان کوێرن، ئەو دڵانەیان باش هەق ناپێکن و، هەق نابینن، ئەو هەقە، بە چاوی سەر دەیبینن و، بە گوێ بیستوویانەو، بە عەقڵ تێیگەیشتوون، بەڵام بە دڵ ڕەفزی دەکەن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییان بە هۆی ئەو هەقەوە تێک دەچێ، ئەوان بەرژەوەندیی ناشەرعییان هەیە، ئەوان بەهۆی ستەم و دەستدرێژییەوە، بەرژەوەندییان بەسەر یەکەوە ناون، ئێستا ئەو هەقە کە بە عەقڵیان دەرکیان کردوەو، دەزانن ڕاستە، بەڵام ئەو هەقە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە ناشەرعییەی ئەوان دا تێک دەگیرێ،

بۆیە دەبێ ئەو هەقە ڕەفز بکەن، تاکو بەرژەوەندیە ناشەرعییەکانیان، ئەو بەزم و بازاڕە ناشەرعییەی، پێکیانەوە ناوە، پارێزراوبێ.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ﴾، پەلەشت لێدەکەن بە هاتنی سزا (ئەی موحەممەد! ﷺ) هەڵتدەپێچن و دەڵێن: سزای خوا کەنگێیە؟ بابێ، ﴿وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ﴾، هەرگیز خواش بەڵێنی خۆی دواناخات، بەڵێنی خوا هەرگیز پێچەوانە نابێ و، گفت و بەڵێنی خوا هەردەم ڕاست دەردەچێ، ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾، بەڵام ڕۆژێک لەلای پەروەردگارت بە ئەندازەی هەزار ساڵ لەوەیە کە ئێوە دەیژمێرن، کەواتە: ئەو پەلە پەلەی لە ئێوەیەو، ئەو کورتبینییەی ئێوە، لە لای خوا ﷻ حسابێکی دیکەیە، ڕۆژێک لەلای خوا، ڕۆژێکی خوا، بە قەدەر هەزار ساڵی ئێوەیە، کەواتە: ئەگەر زوو سزای نەدان، وامەزانن خوا بێ بەڵێن دەرچووە! بەڵێنی خوا هەر دێتەدی، سزای خواتان بۆ دێ، ئەمڕۆنا سبەینێ، خوا ﷻ پەلەی نیە.

﴿وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ﴾، زۆر ئاوەدانییش هەبوون، مۆڵەتم داون، ڕستم بۆ درێژ کردوون، لە حاڵێکدا کە ستەمکار بوون، ﴿ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ﴾، دوای گرتوومن، ئەو ئاوەدانیانەم گرتوون، ئەو وڵاتانەم گرتوون و سزام داون و، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای منە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بە هۆی ئەوەوە خوای دادگەر بەرگریی لە بڕواداران دەکات، کە حەز بە چارەی بێبڕوایانی پەیمان شکێنی سپڵەو، خیانەتکاری پێنەزان ناکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ (٣٨)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، بە دڵنیایی خوا بەرگریی لەوانە دەکات کە بڕوایان هێناوە، وشەی (إِنَّ) بۆ چەسپاندن و جەختکردنەوەیە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، بە جەختکردنەوەو بە دڵنیاییەوە خوا بەرگریی دەکات لەوانەی بڕوایان هێناوە، لەسەریان دەکاتەوە، پشتیان دەگرێ، ئەمە یاسایەکی گشتیی خوایە لە ژیانی بەشەردا، کە خوا پشتگیریی بڕواداران دەکات، بەڵام بە مەرجێک بە ڕاستیی بڕواداربن، ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بڕوایان بەچی هێناوە؟ بڕوایان بە هەموو ئەو شتانە هێناوە کە پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ، بڕوایان بە خوا ﷻ هێناوە، بەو شێوەیەی خوا فەرموویەتی بڕوای پێبێنن، بڕوایان بە فریشتەکانی خوا هێناوە، بڕوایان بە کتێبەکانی خوا هێناوە، بڕوایان بە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام)، هێناوە، بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هێناوەو، بڕوایان بە نەخشەو ئەندازەگیریی خوا هێناوە، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، شایستەی ئەوەن خوا بەرگرییان لێبکات و لەسەریان بکاتەوە.

٢)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ﴾، بەدڵنیایی خوا هەر خیانەتکارێکی سپلەی خۆشناوێ، ئەمە وەک پاساو دانەوەی ئەو ڕستەیەی پێشێیە، واتە: بۆیە خوا بەرگریی دەکات لە بڕواداران، چونکە خوا هەر زۆر خیانەتکارێکی سپڵەی خۆش ناوێ و، حەز بەچارەی ناکات.

پێشتر گوتمان: (**خَوّانٍ: صِیغةُ مبالغَة خَائِن**)، (**خَائِن**) واتە: ناپاک، پەیمان شکێن، (**خَوّانٍ: یَعْنِي الشَّدِید الخَون، والخون کَالخِیَانَةِ والخِیَانَةُ: الغَدْر**) یان (**الغَدْرُ: عَدَمُ الوَفَاءِ بالعَهْدِ والوَعْد**)، (**خَوّانٍ**)، واتە: کەسێک کە زۆر (**خَوْن**)ی هەبێ، (**خَوْن**)یش وەک (**خیانة**) وایە، چاوگە، (**خیانة**)یش بە مانای پەیمان شکێنیی دێ و، بە مانای زایەکردنی سپاردەو ئەمانەتیش دێ، (**کَفُورٍ**)یش واتە: زۆر سپڵە و پێنەزان و نادیدەگری چاکەکانی خوا، هەڵبەتە هەموو کافرێک خائینیشە، بێگومان کەسێک بێبڕوابێ، دیارە خیانەتی کردوە بە پەیمانی زگماکی (**العهد الفطري**) خوا کە لێی وەرگرتوە، هەروەها هەموو سپڵەو پێنەزانێکیش، سیفەتی کافرانی تێدایە کە خیانەتە، (**کفور**) یش دەگونجێ بە مانای بێبڕوابێ و دەشگونجێ بە مانای سپڵەو ناسوپاس بێ، چونکە دەگونجێ مەبەست لە (**کَفُورٍ: الشَّدِیدُ الکُفْر**)بێ، واتە: کەسێک کە زۆر بێبڕوایە، دەشگونجێ (**کَفُورٍ**) مەبەست پێی زۆر سپڵەو ناسوپاس بێ، بەرانبەر بە چاکەکانی خوا.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾، واتە: تێکڕای ئەوانەی زۆر خیانەتکارن و، زۆر سپڵەو ناسوپاسن، یاخود زۆر خیانەتکار و بێبڕوان، خوا حەز بە چارەیان ناکات.

ئەم یاسایەش یاسایەکی گشتیی خوایە لە ژیانی بەشەردا، کە خوا بەرگریی دەکات لە بڕواداران، لە چەند شوێنێکی دیکەی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی (**غافر**)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَـٰدُ (٥١)﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانمان (**عَلَیْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام**)و بڕواداران سەردەخەین، لە ژیانی دنیاشدا سەریان دەخەین و، لەو ڕۆژەش دا کە شایەدەکان هەڵدەستن و ڕاستدەبنەوەو، شایەدیی دەدەن، واتە: لە ڕۆژی قیامەتیش دا.

٢- لە سوورەتی (**الصافات**)یشدا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ (١٧١) إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ (١٧٢) وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ (١٧٣)﴾، واتە: بە دڵنیایی وشەی ئێمە (بڕیاری

ئێمە) پێشکەوتووە بۆ بەندە ڕەوانەکراوەکانمان، کە بە دڵنیایی ئەوان سەرخراون و، بەدڵنیایی سەربازەکانی ئێمە زاڵ و سەرکەوتوون.

٣- هەروەها لە سووڕەتی (محمد)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ۝٧﴾، واتە: ئەگەر ئێوە خوا سەربخەن، خواش سەرتاندەخات و، پێیەکانتان دەچەسپێنێ.

یەکێک بۆی هەیە لێرەدا بپرسێ: ژمارەیەک لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام) شەهیدکراون، وەک زەکەریاو یەحیا، هەروەها زۆربەی پێغەمبەران دەرکراون و، خوا دەربازی کردوون و، سزاو بەڵای بۆ گەلەکانیان ناردوە! ئنجا ئایا سەرخستنی خوا بۆیان، کوا؟!

زانایان دەڵێن: هیچ پێغەمبەرێک بە سوپاو هێز لەگەڵ نەیارەکانیدا ڕووبەڕوو نەبۆتەوە، مەگەر سەرکەوتوە، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، دیارە، هیچ پێغەمبەرێک لە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک و جەنگێکدا تێکنەشکاوە، بەڵام ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە نەبووبێ، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام) سەرخستنەکەیان و سەرخستنی بڕواداران، مەبەست پێی سەرخستنە بە بەڵگەو، سەرخستنە بە مانەوەیان لەسەر ڕێبازەکەی خۆیان و، سەرخستنیانە بەوە کە بەو شێوەیە ژیانەکەیان گوزەراندوە و، بەو شێوەیە مامەڵەیانکردوە، کە خوا لێیان ڕازیبێ و جێگای ڕەزامەندیی خوای پەروەردگار بێ.

کەواتە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام) و بڕوادارانی ڕاستەقینە، سەرکەوتووبوون لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا، هەرکاتێ ڕووبەڕووبوونەوە هاتبێتە پێش، ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەش نەهاتبێتە پێش، پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلام)و بڕواداران سەرکەوتووبوون بەسەرکەوتنی مەعنەویی، قسەی ئەوان ڕاست بووە، بەڵگەی ئەوان ڕاست بووە، پاشان ئەوان پەرێز پاک و، پاک و چاک بوون، هەر کەسێ تەماشای ئەوان و، تەماشای نەیارەکانیانی کردبێ،

زانیویەتی ئەوان لەسەر هەقن، ئێستاش هەروایە، ئێستاش شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) خاوەنی بەڵگەن و، لەسەر ڕێی ڕاستن و، خاوەنی دڵنیایین، پاشان ڕازاوەن بە سیفەت و ڕەوشتە بەرزەکان و، بە هەڵوێستی جوان و، بە مامەڵەی ڕاست و، نەیارەکانیشیان پڕ لە درۆو خیانەت و ناپاکیی و گەندەڵیی و خراپەکاریین.

مەسەلەی دووەم:

مۆڵەتـدران بـە شـەڕپێفرۆشراوانی سـتەمدیدەی بێتـاوانی، لەسـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان دەرکـراو، کـە بەرگریـی لـە خۆیـان بکـەن و تۆڵـە بکەنـەوەو، خـواش پشـتگیریانە، ئەگـەر جەنـگ و بەرەنگاریـش نەبووایـە، ئەهلـی کوفـرو سـتەم، پەرسـتگاکانی: گۆشەنشـینان و، نەصرانیـی و، جوولەکـەو، مسـوڵمانانیان تێـک دەڕووخانـدن، کاتێکیـش بـڕواداران باڵادەسـت دەبـن: نوێـژو زەکات و، فەرمـان بـە پەسـندو ڕێگریـی لـە ناپەسـند، دەکەنـە پیشـە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ (٣٩) ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠) ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ (٤١)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە (١٤) بڕگە:

١)- ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْ﴾، مۆڵەت درا بۆ ئەوانەی جەنگیان لە دژ دەکرێ، بە هۆی ئەوەوە کە ستەمیان لێکراوە.

وشـەی (أُذِنَ) خوێندراویشـەتەوە: (أَذِنَ)، (يُقَٰتَلُونَ) خوێندراویشـەتەوە: (يُقَاتِلُـونَ)، (أَذِنَ لِلَّذِيـنَ يُقَاتِلُـونَ) (خـوا) مۆڵەتـی دا بەوانـەی دەجەنگـن، ﴿بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْ﴾، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە پێشـتر سـتەمیان لێکـراوە، ئەگـەر (أُذِنَ)ش بـێ واتـە: مۆڵـەت درا بەوانـەی جەنگیـان لـە دژ دەکـرێ، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە سـتەمیان لێکـراوە، لێـرەدا خـوا ﷻ مۆڵـەت بۆدراوەکـەی قرتانـدوە (حـذف المَأْذونُ لَـهُ) بـەڵام

بەهـۆی ﴿ يُقَـٰتَلُونَ ﴾ەوە دەزانیـن کـە: مۆڵـەت بـۆ دراوەکـە، بریتـی بـووە لـە جەنـگ (**أُذِنَ فِي القِتـالِ**) مۆڵـەت درا بـۆ جەنـگ کـردن.

یاخـود وشـەی (**أُذِنَ**) مانـای (**أُخْـبِرُوا**)ی خراوەتـە نێـو، (**أُذِنَ**) یانـی: مۆڵـەت درا، (**أَذِنَ**) یانـی: مۆڵەتیـدا، ئنجـا ئەگـەر (**أُذِنَ**) بـێ، مانـای (هەواڵیـان پێـدرا) (**أُخـبروا**)ی خراوەتـە نێـو، کـە ئەمـەش تیژکردنـی بڕوادارانـەو، هاندانیانـە لەسـەر جەنـگ، (**أُذِنَ**) واتـە: مۆڵـەت دراو، هەواڵیشـیان پێـدرا.

بەڵام ئەگەر (**أَذِنَ**) بێ، یانی: خوا مۆڵەتیداو، هەواڵیشی پێدان.

بـە کورتیـی: (**أُذِنَ**) لەسـەر ڕواڵەتەکـەی خـۆی، یانـی: (**رُخِّصَ**) مۆڵـەت درا، بـەڵام مانـای: هەواڵیـان پێـدرا (**أُخْبِرُوا**)شـی خراوەتـە نێـو، ئەگـەر (**أَذِنَ**)ش بـێ مانـای: هەواڵیـدا (**أَخْـبَرَ**)ی خراوەتـە نێـو، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە بـە (ب) بـەرکاری خواسـتوە: ﴿ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ﴾، مەبەسـتیش لـەم تەعبیـرە ئەوەیـە: ئێـوە سـتەمتان لێکـراوە، بۆیـە مۆڵەتـدران کـە بجەنگـن.

٢)- ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴾، بە دڵنیاییش خوا لەسەر سەرخستنیان بە توانایە، لەسەر پشتگیریی کردنیان بۆ ئەوەی سەربکەون، بە توانایە.

٣)- ﴿ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ ﴾، ئەوانەی کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان، لە خانووەکانی خۆیان، لە جێگەو ڕێگەکانیان وەدەرنراون، بەبێ هیچ هەقێک (**أَي: لَمْ يَكُنْ عَلَيْهِمْ حَقٌّ لأَحَدٍ مُوجِبٌ لإِخْراجِهِم**) هیچ کەسێک مافێکی وای لەسەریان نەبوو ئەوە پێویست بکات و پاساوی ئەوە بێ، لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەربنرێن، ئەدی بۆچی وەدەرنران؟

٤)- ﴿ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ﴾، مەگەر ئەوە کە بڵێن: پەروەردگارمان خوایە، ئەم هەڵاواردن (إستثناء)ە زانایان دەڵێن: (**هذا إِستِثْناءٌ عَلى سَبِيلِ التَّهَكُّمِ مِثْل: لاَ عَيْبَ فِيهِم غَيْرَ أَنَّ سِيُوفَهُمْ ... بِهِنَّ فُلُولٌ مِنْ قِرَاعِ الكَتَائِبِ**) ئەمە هەڵاواردنێکە لەسەر شێوەی توانج و گاڵتە پێکردن، واتە: هیچ هەقێکیان لەسەریان نەبوو، مەگەر ئەوە بە هەق دابنرێ کە گوتیان:

پەروەردگارمان خوایە، ئەگەر ئەوە هەقی کافرەکان بێ، لێیان بکەنەوە، ئەو هەقەیان لێ بستێننەوە کە نابێ بڵێن پەروەردگارمان خوایە! ئەمە وەک شیعری شاعیرێک وایە کە مەدحی قەومەکەی خۆی دەکات دەڵێ:

لاَ عَيْبَ فِيهِم غَيْرَ أَنَّ سِيُوفَهُمْ ... بهنَّ فُلُولٌ مِنْ قِرَاعِ الكَتَائِبِ

خەڵکەکەی من هیچ عەیبیان نیە، ئەوە نەبێ شمشێرەکانیان پاچاونەوە، ئەوەندەی شەڕە شمشێریان پێ بکەن.

کە بێگومان ئەوەش عەیب نیە، چونکە: خەڵکێک ئەوەندە شمشێربازیی کردبێ، شەڕە شمشێری کردبێ، شمشێرەکەی نوشتابێتەوە، پاچابێتەوە، مانای وایە زۆر ئازایە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: کافرەکان هیچیان لێ بە ڕەخنە نەگرتن و، هیچ هەقێکیان لەسەر ئەو بڕوادارانە نەبوو، کە لە زێدی خۆیان وەدەریان نان و دەریان کردن، مەگەر ئەوە کە گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، کە بێگومان ئەوەش پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی دابڕاو، چونکە ئەوە کە گوتوویانە: پەروەردگارمان خوایە، هەقێکی کافرەکان نیە لەسەر بڕواداران بێ، واتە: هەڵاوێردراو (مُسْتَثْنى) لە (جِنس)ی لێهەڵاوێردرا و (مُسْتَثْنى مِنْهُ) نیە.

٥)- ﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٍ﴾، ئەگەر ئەوەش نەبووایە کە خوا هەندێک لە خەڵکی بە هەندێکیان پاڵ پێوە دەنێ، وشەی (لَوْلَا) لێرەدا (حَرْفُ امْتِناعٍ لِوُجُود) پیتی ڕێنەدانە بەهۆی بوونەوە، یانی: (لَولا الدَّفْعُ لَصَارَ الهَدْمُ)، ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکی کە مەبەست پێی خەڵکی ستەمکارو دەستدرێژکارە، بە هەندێکی دیکە، کە مەبەست پێی خەڵکی بڕوادارو بەرگرییکارە، کە جەنگ دەکەن و بەرگریی لە خۆیان و پیرۆزییەکانیان دەکەن، ئەگەر ئەوە نەبووایە: پەرستگایەکان دەڕووخێنران.

٦)- ﴿لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ﴾، ئەوە دێرەکان و کڵێساکان و کەنیشتەکان و مزگەوتەکان هەموویان دەڕووخان، (لَّهُدِّمَتۡ) خوێندراویشەتەوە: (لَهُدِمَت) واتە: بەبێ گیرە (شَدَّة) کە هەر یەک واتایان هەیە.

۱- (صَوَٰمِعُ) کۆی (صَوْمِعَة)یە، کە بە پەرستگای ڕەبەن و گۆشەگیرەکانی نەصرانییان دەگوترێ کە لە شوێنێک، لە چۆڵاییەک، لە چیایەک، پەرستگایەکیان دروست کردوە و بە زۆریی وایە سەرەکەی باریک بووە، بە تەنیا خواپەرستییان تێدا کردوە، بە کوردیی (دێر).

۲- (بِیَع) کۆی (بِیعَة)یە ئەویش بە پەرستگای نەصرانییەکان دەگوترێ.

۳- (وَصَلَوَٰتٌ)یش هەندێک لە زانایان دەڵێن: لە (صَلُوتا)وە هاتوە، کە بە زمانی عیبریی بە مانای پەرستگای جوولەکانە، ئنجا (صَلَوَات) کۆی (صلوتا)یە، نەک کۆی (صَلاة) بە مانای نوێژ.

٤- (مَسَاجِدُ)یش کۆی (مَسْجِد)ە، مزگەوت، کەواتە: هەموو ئەو پەرستگایانەی کە جوولەکەو نەصرانیی و مسوڵمانان خوایان تێدا دەپەرستن، هەروەها کەسانێک کە بەتەنێ گۆشەگیرو گۆشەنشینن، خوا دەپەرستن، هەموو ئەوانە دەڕووخان، بە هۆی ستەمی ستەمکارانەوە.

۷)- ﴿يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا﴾ زۆر یادی خوایان تێدا دەکرێ، دەگونجێ ڕاناوی (فِيهَا)، بگەڕێتەوە بۆ مزگەوتەکان واتە: لە مزگەوتەکاندا زۆر یادی خوا دەکرێ، دەشگونجێ بچێتەوە بۆ هەموو پەرستگاکان، بۆ (صَوْمِعَة)کان و (بِیعَة)کان و (صَلُوتا)کان واتە: بۆ پەرستگاکانی ڕەبەنەکان و هی نەصرانییەکان و هی جوولەکەکان، هەروەها مزگەوتەکانی مسوڵمانانیش، کە زۆر یادی خوایان تێدا دەکرێ، مانای دووەمیش زیاتر پێدەچێ، بەڵێ لە پەرستگای نەصرانیی و جوولەکاندا ڕەنگە یادی خوا کەمتر بکرێ، یاخود بە هەڵە یادی خوا بکرێ، بەڵام مادام خوا ﷻ باسی کردوون و ناوی هێناون، وا پێدەچێ ڕاناوی (فِيهَا) بۆ هەموویان بچێتەوە.

ئنجا ئەگەر ئێستا دوای هاتنی ئیسلام بە هەڵە یادی خوا لە دێرەکان و لە پەرستگای نەصرانیی و جوولەکاندا دەکرێ، بەڵام کاتی خۆی پێش ئیسلام، ئەو یادی خوا کردن و بەندایەتییەی کردوویانە، هەر ئەوەیان زانیوە و بە پێی ئایین و

بەرنامەی خۆیان، ڕێک و ڕاست و تەواو بووە، با لادان و هەڵەو پەڵەش هەر بووبێ، کە ئێستا لە نێو مسوڵمانانیشدا هەر هەیە.

٨)- ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ﴾، بە دڵنیایی خواش، هەر کەسێ خوا سەر بخات، سەریدەخات، واتە: هەرکەسێک نایین و بەرنامەکەی خوا سەربخات، پێغەمبەرەکەی ﷺ سەربخات، خواش سەریدەخات و پشتی دەگرێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ ﴿٧﴾ ﴾محمد، ئەگەر ئێوە پشتیوانیی خوا بکەن و خوا سەربخەن، خواش سەرتان دەخات.

٩)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾، بێگومان خوا زۆربە هێزی زاڵە، ئەمە وەک شیکردنەوەی ڕستەی پێشێیە، یان هۆکاردۆزیی (**تعليل**)ە بۆ ڕستەی پێشێ، بۆچی خوا هەر کەسێ سەریبخات، سەریدەخات؟ چونکە خوا زۆر بەهێزە و زۆریش باڵادەستە.

ئنجا باسی ئامانجەکانی جیهادو جەنگ، فەرزکردنی بەرگریی لەخۆکردن دەکات، کە خوا ﷻ بۆچی پێویستی کردوە؟ یان مسوڵمانان دوای ئەوەی باڵادەست دەبن و جەنگ و جیهاد دەکەن، دەبێ چی بکەن؟

١٠)- ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەوانەی کاتێک دەستڕۆیشتوومان کردن و کردمانن بە خاوەن تواناو بڕست لە زەویدا، (وەڵامەکەی دوایی دێ) (مَّكَّنَّٰهُمۡ): (**التَّمْكِينُ: التَّوْفِيقُ، وَأَصْلُهُ إِقْرَارُ الشَّيْءِ فِي مَكَانٍ، وَهُوَ مُسْتَعْمَلٌ فِي التَّسْلِيطِ وَالتَّمْلِيك**)، (**تَمْكِين**): بە مانای قاییم کردنە، بەڵام ڕیشەکەی بریتیە لە چەسپاندنی شتێک لە شوێنێک، کە لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ باڵادەست کردن و خاوەندار کردن و، دەستڕۆیشتوو کردن، هەر کاتێک دەستڕۆیشتوومان کردن لە زەوی دا، چی دەکەن؟

١١)- ﴿ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، نوێژ بەرپا دەکەن، نوێژ بریتیە لە پایەی مەعنەویی دینداریی و مسوڵمانەتیی واتە: جارێ پێش هەموو شتێک، پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ خوادا مەحکەم دەکەن، پەیوەندیی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان کە لە ژێر ڕکێفیاندایە، هەوڵدەدەن لەگەڵ خوادا توندو مەحکەمی بکەن.

١٢)- ﴿وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾، هەروەها زەكات دەدەن، واتە: پەیوەندییشیان لەگەڵ كۆمەڵگاو دەوروبەردا مەحكەمە، كە ئەگەر نوێژ پایەی مەعنەوییە، ئەمەش پایەی ماددیی و ئابوورییە، ئەگەر نوێژ هەقی خوایە، زەكاتیش هەقی خەڵكە، واتە: وێڕای ئەوەی كە هەقی خوا دەدەن، هەقی خەڵكیش دەدەن، وێڕای ئەوەی كە دینداریيەكەیان لایەنی مەعنەویی و ڕووحیی تێدایە، لایەنی ئابووریی و مادد‌ییشی تێدایە، وێڕای ئەوەی كە خواپەرستیی تێدایە، خەڵك دۆستیشی تێدایە.

١٣)- ﴿وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾، هەروەها فەرمان بە هەرچی شتی پەسندە دەكەن و، ڕێگریی لە هەرشتی ناپەسندە دەكەن، هەرچی شتی پەسندە لە ڕووی بوونناسییەوە، لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە، لە ڕووی پەرستشەكانەوە، لە ڕووی ڕەوشت و ئاكاری شەخصییەوە، لە ڕووی ئەدەبە كۆمەڵایەتییەكانەوە، لە ڕووی ئیدارەدانی كۆمەڵگاوە، لە ڕووی حوكم و سیاسەتەوە، لە ڕووی پەیوەندییەكان و، لە ڕووی جەنگ و ئاشتییەوە، هەرچی شتی پەسندە، هەوڵدەدەن بیچەسپێنن و، هەرچی شتی ناپەسندو خراپە، هەوڵدەدەن كۆمەڵگاو دەوروبەری خۆیانی لێ بژار بكەن، لە هەموو بوارەكانداو، لە هەموو ڕووەكانەوە.

یەكێك لە زانایان دەڵێ: **(المَعْرُوفُ مَا هُوَ مُقَرَّرٌ مِنْ شُؤُونِ الدِّينِ، سَوَاءٌ كَانَ مَعْرُوفَاً لِلأُمَّةِ عَامَّةً، أَوْ لِلعُلَمَاءِ خَاصَّةً).**

واتە: پەسەندو بە پەسند زانراو، ئەوەیە كە لە كاروبارەكانی دین دا، چەسپێنراو بێ، ئنجا چ بە گشتیی لە لایەن ئوممەتەوە بە باش زانرابێ، چ تەنیا زانایان بیزانن [كە شتێكی پەسندو چاكە، یان پێویستە].

هەروەها ناپەسەند (مُنْكَر)یش بە هەمان شێوە، ناپەسندیش دیسان، چ خەڵك بە گشتیی بزانن ناپەسندە، چ تەنیا زانایان بزانن، كە ئەو كاتە خەڵكیش پابەند (مُلْزَمْ)ن بەوەكە زانایان دەزانن: ناپەسندە و، پێویستە لێی دوور بن و، ئەوەی پەسندە، پێویستە بیكەن، چونكە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ۝٧﴾ الأنبياء، واتە: ئەگەر نازانن لە خاوەنانی زانست بپرسن.

١٤)- ﴿ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾، سەرەنجامی کارەکانیش تەنیا بۆ لای خوایە، (**العَاقِبَةُ: آخِرُ الشَّيْءِ وَمَا يَعْقُبُ الحَاضِرَ، وَتَأْنِيثُهَا لِمُلاَحَظَةِ مَعْنَى الحَالَة**)، (**عاقِبَة**): بە مانای کۆتایی شتە و، بە مانای ئەوەیە کە بە دوای ئێستادا دێ، بەڵام بۆیە (**عاقِبَة**) بە (**مُؤَنَّث**)ی هاتوە، لەبەر ئەوەی مانای حاڵەتی تێدایە، یانی: (**الحالَةُ العَاقِبَة**) ئەو حاڵەتەی کە دوایی دێ.

مەسەلەی سێیەم:

بە درۆ دانانی کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بۆی، شتێکی چاوەڕوانکراوەو گەلانی: نووح و عادو سەموودو، گەلی ئیبڕاهیم و گەلی لووطو هاوەڵانی مەدیەن بۆ پێغەمبەرانیان، و گەلی فیرعەونیش لە میسڕ بەرانبەر مووسا هەروا بوون، ئنجا ئەو گەلە بێبڕوایانە، شوێنەواری زۆریان لێ بەجێماون و، ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ سەرەنجی شوێنەوارەکانیان بدەن، پەندیان لێوەردەگرن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ (٤٢) وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ (٤٣) وَأَصْحَٰبُ مَدْيَنَ ۖ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ فَأَمْلَيْتُ لِلْكَٰفِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (٤٤) فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ فَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ (٤٥) أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ (٤٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە (١٦) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِن يُكَذِّبُوكَ ﴾، خوا ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرمووێ: ئەگەر بە درۆت دابنێن، یانی: کۆمەڵگاکەی خۆت و دەوروبەرەکەت، ئەگەر بە درۆت دابنێن، ئەمە بە تەئکید دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ واتە: بێبڕوا بوون و بە درۆ دانانی خەڵکەکەت بۆ تۆ، شتێکی چاوەڕوانکراوە، هەڵبەتە (إن)، (إنْ الشَّرْطيَّة)یە، بە مەرجێک ئەوان بە درۆت دابنێن، وەڵامی مەرجەکە قرتێنراوە و چەند شتێک دەگرێتەوە:

١- ئەگەر بە درۆت دابنێن، شتێکی سەیر نیە.

٢- ئەگەر بە درۆت دابنێن، شتێکی چاوەڕوانکراوە.

٣- ئەگەر بە درۆت دابنێن بۆ تۆ کەم و کەسریی نیە.

بۆیەش خوا ﷻ وەڵامەکەی قرتاندوە، تاکو هەموو ئەو واتایانەو زۆری دیکەش بگرێتەوە.

بـەڵام ئەگـەر فەرمووبـای: (وَإِنْ يُكَذِّبُـوكَ فَـلاَ عَجَـبَ) ئەگـەر بـەدرۆت دابنێـن، سـەیر نیـە.

یاخـود: (وَإِنْ يُكَذِّبُـوكَ فَـلاَ غَضَاضَـةَ عَلَيْـكَ) ئەگـەر بـەدرۆت دابنێـن، هیـچ کـەم و کەسریـی نیـە بـۆ تـۆ، هیـچ ئەقوسـتانیی نیـە بـۆ تـۆ.

یاخــود: (وَإِنْ يُكَذِّبُـوكَ فَهُـوَ شَيْءٌ مُتَوَقَّـع) ئەگـەر بـەدرۆت دابنێـن، شـتێکی چاوەڕوانکـراوە، هـەر ئـەوەی دەگرتـەوە، کـە باسـکراوە، بـەڵام بۆیـە خـوا وەڵامـی مەرجەکـەی قرتانـدوە، تاکـو هەمـوو ئـەو واتایانەی گوتمانـن و جگە لەوانـەش بگرێتەوە.

٢)- ﴿ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ ﴾، بە دڵنیایی لە پێش ئەواندا بە درۆیان دانان یانی: پێغەمبەرانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بە درۆ دانان، پەیامەکانی خوایان بە درۆ دانان، ئنجا پێیاندادێ:

٣)- ﴿ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ ۝٤٢ وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ ۝٤٣ وَأَصْحَٰبُ مَدْيَنَ ﴾، حەوت گەل و کۆمەڵگایان باس دەکات، کە لە زۆر لە سوورەتەکاندا خوا ﷻ باسی ئەو کۆمەڵگایانەی بە تەفصیل هێناوە، لە سوورەتەکانی: (**الشعراء والأعراف وهود**)و هەندێکی دیکە لە سوورەتەکان دا، خوا بەسەرهاتی ئەو گەلانەی هێناون، بۆیە لێرە تەنیا هەڵوێستی بە درۆدانەرانەیان بۆ پێغەمبەرەکانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) باس دەکات، یانی: ئەی موحەممەد! ئەگەر کۆمەڵگایەت بە درۆت دابنێن، لە پێش وانیشدا گەلی نووح، پێغەمبەری خوایان بە درۆ دانا، کە نووح عليه السلام بوو، گەلی عادیش، هوودیان عليه السلام بە درۆ دانا، ئەو پەیامەی خوا بە هووددا بۆی ناردبوون، هەروەها گەلی (ثمود)یش صاڵیحیان بە درۆ دانا و ئەو پەیامەش کە خوا بە صاڵیحدا بۆی ناردبوون، صەڵات و سەلامی خوا لەسەر صاڵیح بێ.

﴿ وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ ﴾، هەروەهـا هـەردوو گەلـی ئیبراهیـم و گـەلی لـووط عليه السلام کۆمەڵـی ئیبراهیـم و کۆمەڵـی لـووط، کـە کۆمەڵـی ئیبراهیـم سـەرەتا لـە ناوچەی

حەڕڕان بوون، لە باکووری شام، بەڵام گەلی لووط لەو شوێنەی کە ئێستا بۆتە دەریاچەی مردوو، لە نێوان ئوردون و فەڵەستیندا، لەوێ بوون، ئەو دوو گەلەش ئەو دوو پێغەمبەرانەی خوایان بە درۆ دانان.

﴿ وَأَصۡحَٰبُ مَدۡيَنَ ﴾، هەروەها هاوەڵانی مەدیەنیش، [مەدیەن ناوی شارو وڵاتەکەیە]، پێغەمبەرەکەیان ناوی شوعەیب ﵇ بوو، ئەوانیش شوعەیبیان بە درۆ دانا.

٤)- ﴿ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ ﴾، مووساش ﵇ بە درۆ دانرا، لە لایە فیرعەون و گەلەکەیەوە بە درۆ دانرا، بۆیە خوا ﷻ، بۆچی بۆ ئەو نەیفەرمووە (قوم)؟ چونکە بەدرۆ دانەرانی مووسا، قەومی مووسا نەبوون، گەل و کۆمەڵگای ئەو نەبوون، بەڵکو کۆمەڵەکەی ئەو بەنوو ئیسرائیل بوون، بەڵام ئەوانەی مووسایان بە درۆ دانا، قیبتییەکان بوون، فیرعەون و دارودەستەکەی بوون.

ئنجا ئایا کە ئەوانە پێغەمبەرانیان (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بە درۆ دانان، پەیامەکانی خوایان بە درۆ دانان، کە بە پێغەمبەراندا ناردبوونی، خوا چی لێکردن؟ ئایا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون؟ نەخێر.

٥)- ﴿ فَأَمۡلَيۡتُ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴾، خوا ﷻ دەفەرموێ: سەرەتا ڕستم بۆ درێژ کردن، بێبڕوایانم مۆڵەتدان، خوا ﷻ دەیتوانی بفەرموێ: (**فَأَمْلَيْتُ لَهُم**) مۆڵەتم دان، بەڵام بۆچی دەفەرموێ: ﴿ فَأَمۡلَيۡتُ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴾؟ (**وُضِعَ الظَّاهِرُ مَوْضِعَ الْمُضْمَرِ إِيماءً إِلى علَّةِ الإمْلاءِ وَالأَخْذِ، وَهُوَ الكُفْر**) بۆیە ئەوەی کە ئاشکرایە کە سیفەتی کافرایەتییە لە شوێنی ڕاناوەکە دانراوە، تاکو ئاماژە بێ بۆ هۆکاری ئەوە کە بۆچی خوا مۆڵەتی دان و دوایی سزای دان؟ یانی: لەبەر بێبڕواییەکەیان، دوای مۆڵەتدان، سزای دان.

٦)- ﴿ ثُمَّ أَخَذۡتُهُمۡ ﴾، دوایی گرتمن، (**أَخْذ**) بۆ سزادانە لە زمانی عەرەبییدا (**الأَخْذُ حَقِيقَتُهُ: التَّناوُلُ لِما لَمْ يَكُنْ فِي اليَد، وَاسْتُعِيرَ هُنا لِلْقُدْرَةِ عَلَيْهِم بِإِهْلاكِهِم بَعْدَ إِمْهَالِهِم**)، (**أَخْذ**) ڕاستە مانایەکەی بریتیە لەوەی شتێک بەدەستەوە نەبێ، بە دەستەوە بگیرێ،

وەک من نەم موصحەفە موبارەکە بە دەستەوە دەگرم دەڵێم: (أَخَذْتُ المُصْحَفَ)، بەڵام لێرەدا (أَخْذ) خوازراوەتەوە بۆ دەسەڵات بەسەردا هەبوون، بەوە کە دوای ئەوەی مۆڵەت دراون، هەر نەگەڕاونەوە و خواش فەوتاندوونی و قڕەبڕی کردوون.

٧)- ﴿ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴾، ئنجا ئایا نکووڵییکردنم چۆن بوو؟! (نَكِيرِ) لێرەدا بە مانای (إِنْكَارَ)ە واتە: نکووڵییکردنی من چۆن بوو؟ ئەم پرسیار کردنە بۆ سەرسوڕماندنە (إِسْتِفْهامٌ تَعْجِيبِيٌّ) واتە: نکووڵییکردنی من، ڕەخنە گرتنی من لێیان، دوایی سزادانی من بۆیان، هێندە مەزن بوو، هێندە زەبەلاح بوو، ناگونجێ وەسف بکرێ و جێی سەرسوڕمانە.

ئەمە ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەگەر ئێوەش وا بکەن، هەمان سەرەنجامتان بەسەر دێ، هەروەها ئەوەش دەگرێتەوە: وامەزانن کە ئێستا ڕستم بۆتان درێژ کردوە، دەرباز دەبن، کافرەکانی پێش ئێوەش ڕستم بۆ درێژ کردن، بەڵام کە لەسەر کوفرو ستەمی خۆیان بەردەوام بوون و نەگەڕانەوە، بەو شێوەیە سزام دان، ئێوەش ئێستا بوارتان دەدەم، بەڵام وا مەزانن ئەو بواردانە، پشتگوێ خستنە، بەڵکو ڕست بۆ درێژ کردنە و مۆڵەت دانە، بوارو دەرفەت پێدانە، بیقۆزنەوە و وەک وان مەکەن کە بەهرەیان وەرنەگرت لەو مۆڵەتدانەی خوای میهرەبان، بۆیە سەرەنجام دوای مۆڵەتدرانەکە، خوا گرتنی و سزای دان، کەواتە ئێوەش ئەگەر وەک وان بکەن، لە مۆڵەتدرانەکەی خوا بەهرە وەرنەگرن، سزادرانیشتان بۆ دێ.

پێشێ وەک بەسەرهات گێڕانەوە، باسیکرد، ئنجا خوا ﷻ شوێنەوارەکانیان وەک دیمەنی بەرجەستەو بەرچاو، پێشانی کافرو بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ و دوای ئەویشیان دەدات، دەفەرموێ:

٨)- ﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ﴾، زۆر ناوەدانییمان لەبەین بردن، لە کاتێکدا ستەمکار بوون، (كَأَيِّنْ: اسْمٌ دَالٌّ عَلَى الإِخْبارِ عَنْ عَدَدٍ كَثِيرٍ)، (كَأَيِّنْ) بە مانای (كَم الخَبَرِيَّة)یە، ناوێکە دەلالەت دەکات لەسەر هەواڵدان بە ژمارەیەکی زۆر، (كَأَيِّنْ) یانی: زۆر، ﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ ﴾، یان ﴿ وَكَم مِّن قَرْيَةٍ ﴿٤﴾ ﴾الأعراف،

هەردووکیان هاتوون لە قورئاندا، یان: ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً ﴿١١﴾﴾ الأنبياء، واتە: زۆر ئاوەدانییمان پشت شکاندن، کە ستەمکار بوون، (كَأَيِّنْ) دەبێتە نیهاد (مُبْتَدَأ) و ئەوەی لە دوایەوە دێ، دەبێتە گوزارە (خَبَر).

﴿وَهِيَ ظَالِمَةٌ﴾، لە حاڵێکدا کە ستەمکار بوون، خوا ﷻ لە زۆر شوێنی قورئاندا بەیانی کردوە کە: هیچ ئاوەدانییەک، هیچ کۆمەڵگایەک سزا نادات، ئەگەر ستەمکار نەبێ، ستەم (ظُلْم)یش:

١- بە مانای کوفر دێ.

٢- بە مانای شیرک دێ.

٣- بە مانای دەستدرێژیی کردن بۆ سەر مافی ئەوانی دیکە دێ.

٤- بە مانای بەدرۆ دانانی پێغەمبەران دێ (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام).

٥- بە مانای نادیدە گرتنی چاکەکانی خوا دێ.

هەموو ئەو واتایانەی هەن، بەڵام ئەسڵی واتایەکەی: (**الظُّلْمُ: وَضْعُ الشَّيْءِ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ المُنَاسِب**)، (ظُلْم) بریتیە لە دانانی شتێک لە شوێنێک کە شوێنی گونجاوی خۆی نەبێ.

بێگومان هەر پێنج واتایەکەی قورئان بۆیان بەکاری هێناوە، ئەو مانا ئەسڵییەی دەیانگەیەنێ.

٩)- ﴿فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾، ئێستا ئەو ئاوەدانییە زۆرانە کە فەوتاندمانن بە هۆی ئەوەوە کە ستەمیان کرد، دیوارەکانیان بەسەر سەربانەکانیان دا ڕماون، (خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا) (**سَاقِطَةٌ جِدْرَانُهَا عَلَى سُقُوفِهَا**) دیوارەکانیان بەسەر سەربانەکانیان دا ڕووخاون، عادەت وایە کە خانوویەک، بینایەک دەڕووخێ، پێشێ سەربانەکەی دەڕووخێ، دوایی بە تێپەڕ بوونی کات، ئنجا دیوارەکانیش بەسەر سەربانەکاندا دەڕووخێن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا﴾، دیوارەکانی بەسەر سەربانەکاندا ڕماون.

١٠)- ﴿وَبِئۡرٖ مُّعَطَّلَةٖ﴾، هەروەها ئەوەی کە لێیان بەجێماوە: بیرێکی پەکخراو، (بئر معطّلة) (البِئْرُ: الَّتِي عُطِّلَت الإنتِفَاعُ بِهَا مَعَ صَلَاحِهَا لِلإنْتِفَاعِ) بیرێک کە سوود لێوەرگرتنی پەکیخراوە، لە حاڵێکدا کە بە کەڵکی سوود لێوەرگرتن دێ، بەجێهێڵراوە، هەرچەندە ئاویشی تێدایە و بە کەڵکیش دێ.

١١)- ﴿وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ﴾، هەروەها کۆشکی بەرزکراوە، یاخود کۆشکی مەحکەم، (مَّشِيدٍ) چەند واتایەکی هەن، وەک پێشتریش گوتمان:

١- (أَي: المَبْنِيُّ بالشِّيدِ وَهُوَ الجِصُّ وَالجِيرُ) واتە: دروستکراو بە گەچ، یاخود سواق دراو بە گەچ، سپیکار کراو.

٢- یاخود (مَّشِيدٍ) بە مانای (حَصِين) دێ، زۆر قایم و مەحکەم.

٣- یان (مَّشِيدٍ) بە مانای (عالِي، مُرْتَفِع) بەرز، هەڵچوو، کۆشکی بەرز دێ، لە یەک کاتیشدا دەکرێ هەر سێ واتایەکان بگرێتەوە، بۆیە خوا وشەی (مَّشِيدٍ)ی بەکارهێناوە، دەیتوانی بفەرموێ: (قَصْرٍ عالِي)، یان بفەرموێ: (قَصْرٍ مُجَصَّص)، یان (قَصْرٍ حَصِين)، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ﴾، کە ئەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا ئاماژە بەوە بکرێ، خوا فەرموویەتی: (وَقَصۡرٖ مَّشِيدٍ) تاکو ئەوە بگەیەنێ کە ئەو کۆشکە:

أ- هەم بەرز بووە و بەرز کراوەتەوە.

ب- هەم بە گەچ، یاخود بە ماددەیەک وەک گەچ، سواقدراوەو سپییکار کراوە.

ج- هەم زۆریش مەحکەم و قاییم بووە.

١٢)- ﴿أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ لێرەش و لە زۆر شوێنی دیکەش وشەی (سَیْر) ڕۆیشتن، بە دوو واتا هاتوە، وەک گوتراوە: (السَّيْرُ سَيْرَانِ: سَيْرٌ مادِّي وَسَيْرٌ مَعْنَوِي) ڕۆیشتن دوو ڕۆیشتنە: ڕۆیشتنی ماددیی، کە خەڵک بڕوا بە پێیان، بە سەیارە، بە هەر شێوازێک بڕواو تەماشای شوێنەوارەکان بکات، ڕۆیشتنی مەعنەوییش هەیە، کە بە چاوی عەقڵ و دڵ ئەو کۆشک و تەلارو شوێنەوارانەی بەجێیان هێشتوون،

بێنیە بەرچاو، چاوی خەیاڵی خۆت، یاخود مێژوو بخوێنیەوە، کە قورئان دەخوێنیەوە و، سەرچاوەکانی مێژوو دەخوێنیەوە، بە چاوی عەقڵ و دڵ بیهێنیە بەرچاوی خۆت، ئەوەش هەر ڕۆیشتنە، بەڵام ڕۆیشتنی مەعنەویی، کەواتە: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئایا بە پێیان نەڕۆیشتوون، یان بە ئامرازەکان، یاخود بە فیکرو ئەندیشەو عەقڵ نەڕۆیشتوون؟

١٣)- ﴿ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ ﴾ ئنجا دڵانێکیان هەبن پێیان تێبگەن.

١٤)- ﴿ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ﴾ یان گوێیانێکیان هەبن پێیان ببیستن.

١٥)- ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَـٰرُ ﴾، بە دڵنیایی چاوەکان کوێر نین، یانی: چاوی سەریان، کە دەفەرموێ: (فَإِنَّهَا) ئەمە ڕاناوەکەی: (ضَمِيرُ الْقِصَّةِ وَالشَّأْنِ) دەچێتەوە بۆ حاڵەت و بەسەرهات یانی: حاڵ وایە، بەسەرهات وایە، کە ئەوانە چاویان کوێر نیە، چاوی سەر، بەڵکو ئەو دڵانەیان کوێرن، کە لە سینەکانیاندان.

١٦)- ﴿ وَلَـٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ ﴾، بەڵکو ئەو دڵانەیان کوێرن، کە لە سینەکانیاندان.

شایانی باسە: ئێستا لە ڕووی زانستییەوە دەرکەوتوە، کە ئامرازی زانین و دەرککردن مێشکە، کە لە کەللەی سەردایە و، لە قورئاندا وشەی (فُؤاد)ی بۆ ئەو بەکارهاتوە و، بە (أَفْئِدَة) کۆدەکرێتەوە، بۆیەش (أَفْئِدَة)و (فُؤاد) لە قورئاندا زەم نەکراون، وەک چۆن (سَمْع)و (أَبْصَار)یش زەم نەکراون، چونکە ئەوانە ئامرازن، دەگونجێ ئینسان هەقیان پێ ببیستێ و ببینێ و بناسێ، دەشگونجێ لە ئەرکی سروشتیی خۆیاندا بەکاریان نەهێنێ، بۆیە نە سەرزەنشت کراون، نە ستایش کراون، بەڵام دڵ (قَلْب) کە بە (قُلُوب) کۆدەکرێتەوە، لە قورئاندا جاری وا هەیە ستایش کراوە و، جاری واش هەیە زەم کراوە، بۆ وێنە:

أ- ﴿ أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾الرعد، واتە: ئاگادار بن! بە یادی خوا دڵان ئارام دەگرن.

ب- ﴿ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ (٢٢) ﴾المجادلة، یانی: (خوا) ئیمانی لە دڵیان دا نووسیوە.

ج- ﴿ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ (٢) ﴾الأنفال، واتە: دڵەکانیان راچڵەکین (موچڕکەیان پێداهات).

ئەوانە هەموویان ستایش و مەدحن بۆ دڵانێکی شایستە و پاک.

بەڵام لە بەرانبەریشدا دڵ هەیە، زەم دەکرێ، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ (٧) ﴾البقرة، خوا مۆری بەسەر دڵەوە ناون، یان کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴾ بەدڵنیاییی چاویان کوێر نین، بەڵکو ئەو دڵانەی لە سینەکان دان کوێرن.

ئنجا لە سۆنگەی ئەوەوە کە دڵ چەقی ویستن و نەویستنە، چەقی بڕیاردانە، بۆیە هەم زەم دەکرێ، ئەگەر بڕیاری خراپ بدات و بەلای خراپەدا بچێ، هەم مەدح دەکرێ، ئەگەر بڕیاری چاک بدات و بەلای چاکەدا بچێ، بەڵام بیستن و دیتن و دەرککردن، بە گوێ و بە چاو و بە عەقڵ (فُؤاد)، ئەوانە ئامرازن، دەگونجێ چاکەیان پێ دەرک بکرێ و، ڕوویان پێ لە چاکە بکرێ، یان ڕوویان پێ لە خراپە بکرێ، ئنجا ئەوەی کە ڕوویان پێ دەکاتە چاکە، یان خراپە، دڵەکەیە، لەوێوە بڕیاریان بۆ دەدرێ.

بەڵام وێڕای ئەوەش: ئێستا بەهۆی زانستەوە دەرکەوتوە، کە ئەندازەیەک لە زانین و ئیدڕاک، پەیوەندیی بە دڵیشەوە هەیە.

هەر کام لە: (**الأَبْصَار، القُلُوب، الصُدُور**) کە (أل)ی ناساندنیان لەسەرە، هەموو ناساندنەکان یان: مەبەست پێیان ناساندنی (جِنْس)ە، واتە: تێکڕای ئەو دڵانە، تێکڕای ئەو چاوانە، تێکڕای ئەو سینانە کە دڵەکانیان تێدان، هی بێبڕوایان، ئنجا ئەگەر بۆ (جِنْس) بن، یانی: تێکڕای چاوو سینەو دڵی کافران بەو شێوەیەن.

دەشگونجێ (أل)ەکە بۆ ناساندن بێ، بەڵام بۆ (عَهْد) بێ، دڵەکانیان و چاوەکانیان و سینەکانیان، هی کافرەکان - کە قسەیان لە بارەوە دەکرێ - بەو شێوەیەن.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

بێبڕوایان پەلەی هاتنی سزای خوا دەکەن و، خواش بەڵێنی خۆی ناشکێنێ، بەڵام پێوەری کات لەلای خوا جیاوازەو، گەلێک ئاوەدانییش ڕستیان بۆ شل کراوەو دوایی گیراون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ ﴿٤٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ ﴾، پەلەت لێدەکەن بۆ هاتنی سزا، وەک لە سوورەتی (الأنفال)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: یاد بکەوە! کاتێک گوتیان: ئەی خوایە! ئەگەر ئەمە (ئەم قورئانە) هەقە لە لایەن تۆوەیە، بەردمان بەسەردا ببارێنە، یاخود سزایەکی بە ئێشمان بۆ بێنە، لە جیاتی بڵێن: خوایە! هیدایەتمان بدە، گوتیان: بەرد بارانمان بکە، یاخود سزای بە ئێشمان بۆ بنێرە، خوا دەفەرموێ: پەلەت لێدەکەن لە هاتنی سزا.

٢)- ﴿ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ ﴾، خواش بەڵێنی خۆی دوا ناخات، (أَخْلَفَ وَعْدَهُ: لَمْ يَفِ بِهِ)، (أَخْلَفَ وَعْدَهُ) پەیمانەکەی پێوەی پابەند نەبوو، بەڵێنی نەبردە سەر، خوا ﷻ خاوەنی هەرچی سیفەتی بەرزو پەسندو چاکە، یەکێک لە سیفەتە بەرزو پەسندو چاکەکان، کە فەرمانیشی پێکردوە خۆمانی پێ بڕازێنینەوە، بریتیە لە وەفاداریی بە بەڵێن و پەیمان، پابەندیی بە بەڵێن و پەیمانەوە: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ ﴿١﴾ ﴾المائدة، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! وەفادار بن بە گرێبەستەکان.

ئنجا خوا ﷻ لەسەر زمانی بەندە چاکەکانی دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ١٩٤ ﴾ آل عمران، واتە: خوایە! تۆ بەڵێن و پەیمان زایە ناکەی و دوای ناخەی.

٣)- ﴿ وَإِنَّ يَوۡمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلۡفِ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾، ڕۆژێک لە لای پەروەردگارت بە ئەندازەی هەزار ساڵە، لەوەی کە ئێوە دەیژمێرن، لە سوورەتی (العنكبوت)دا ئەم تەعبیرە بەم شێوەیە هاتوە: ﴿ وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ وَلَوۡلَآ أَجَلٞ مُّسَمّٗى لَّجَآءَهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَيَأۡتِيَنَّهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٥٣ يَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ٥٤ يَوۡمَ يَغۡشَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۡ وَيَقُولُ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٥٥ ﴾.

واتە: پەلەت لێدەکەن بە هاتنی سزا، ئەگەر کاتێکی دیارییکراویش نەبووایە، سزایان بۆ دەهات، کت و پڕیش بۆیان دێ، بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەن، پەلەت لێ دەکەن بە هاتنی سزا، دۆزەخیش دەوری بێبڕوایانی داوە، ئەو ڕۆژە کە سزا دایاندەپۆشێ لە سەریانەوە و لە ژێریانەوە، (خوا) پێیان دەفەرموێ: بیچێژن سزای ئەوەی دەتانکرد.

کەواتە: کە سزای خوا یەکسەر بۆتان نایەت، لەبەر ئەوەیە کە پێوەری کات لە لای خوا جیایە، ڕۆژێک لە لای خوا بە قەدەر هەزار ساڵی ئێوەیە، ئێوە زۆر پەلە دەکەن، بەڵام خوا ﷻ کات و شوێن و هەموو شتێک، دنیاو دواڕۆژ لە ژێر دەستی خۆیدایە، پەلەی نیە، خوا ئەم گەردوونەی بە سیستەم (نظام) داناوە، هەر شتە لە کاتی خۆیدا دێ، بە هۆی ئارەزوو کردنی خەڵکەوە و، بە هۆی داوا کردن و پەلە کردنی خەڵکەوە، خوا سیستمی خۆی تێکنادات.

٤)- ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرۡيَةٍ أَمۡلَيۡتُ لَهَا ﴾، زۆر ئاوەدانییش هەبوون ڕستم بۆ درێژ کردوون، مۆڵەتم داون، پێشێ فەرمووی: ﴿ فَكَأَيِّن ﴾، ئەوەیان دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن ﴾، بۆچی؟ چونکە ئەوەی پێشێ یەکسەر بە (ف)ی بەدواداهاتن (تَعْقِيب) بە دوای ئەوی دیکەدا هات، بەڵام ئەمەیان بە (و) بادەدرێتەوە و سیاقەکان جیان.

٥)- ﴿ وَهِىَ ظَالِمَةٌ ﴾، لە كاتێكدا كە ستەمكاریش بووە، لە حاڵێكدا كە ستەمكار بوون

٦)- ﴿ ثُمَّ أَخَذْتُهَا ﴾، دوایی گرتوومن، پێشتریش گوتمان: (أَخْذ) بە كارهێنراوە بۆ سزادان، چونكە كەسێک بیەوێ كەسێک سزا بدات، دەیگرێ، دەگوترێ: پشتە ملی گرت، ئنجا دوایی سزای دەدات

٧)- ﴿ وَإِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴾، سەرەنجامیش هەر بۆ لای منە، ئەمە - پێشخستنی ژێردار كەرو ژێرداركراو (تقديم الجار والمجرور) - شێوازی كورت هەڵێنانە واتە: گەڕانەوە تەنیا بۆ لای منە.

نوكتەیەكی ڕەوانبێژیی:

بۆچی خوا لەوەی پێشێدا فەرموویەتی: ﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَـٰهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ ﴾، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ ﴾، هی پێشێ بە (ف) و، هی دوایە بە (و) بادراوەتەوە؟!

چونكە دوای ئەوەی لە پێش دا باسی فەوتاندنی حەوت لە گەلە پێشووەكانی كردوە، بۆیە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَكَأَيِّن ﴾، واتە: ئەو گەلانە فەوتاون، ئێوەش چاوەڕێ بكەن، ئەم (ف)ە، دەگونجێ (فَاء الجَزَائِيَّة) بێ، بۆ سەزا بێ، ئێوەش چاوەڕێ بكەن وەک ئەوان سزا بدرێن، یاخود (فاء التَّعْقِيب) بێ، یانی: بە دوای ئەواندا چاوەڕێ بن، ئێوەش ئاوا سزا بدرێن.

بەڵام لێرەدا ﴿ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ ﴾، لەبەر ئەوەی داوایان كردوە بە پەلە سزای خوایان بۆ بێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئێوە پەلە دەكەن لە حاڵێكدا [ئەم (و)ە دەگونجێ (واو الحالِيَّة)بێ یانی: بۆ بادانەوە (عطف)یە، بەڵام دەگونجێ مەبەست پێی حاڵ بێ] زۆر شارو ئاوەدانیی لە ڕابردوودا ڕستم بۆ درێژ كردوون و مۆڵەتم داون، لە حاڵێكدا كە ستەمكار بوون، دوایی گرتوومن و سزام داون، سەرەنجامیش هەر بۆ لای منە.

کەواتە: ئێوە نابێ پەلە بکەن، تەماشای مێژوو بکەن! ئنجا قەناعەتتان دێ، کە: هەر گەل و کۆمەڵگایەک ستەمکار بووبێ و یاخیی بووبێ، لایدابێ و لاڕێ بووبێ، دەرباز نەبووە لە سزای خوا، ئەوە شوێنەوارەکانیان، تەماشایان بکەن!

خوای پەروەردگار بە لوتف و کەڕەمی خۆی یارمەتییمان بدات، زیاتر لە کتێبە موباڕەک و پڕ پیت و پێزەکەی تێبگەین و، زیاتر بە هۆیەوە پێبگەین، یارمەتییشمان بدات تێگەیشتن و پێگەیشتنەکەی خۆمان بگوازینەوە بۆ دەوروبەریشمان، دەوروبەریشمان تێبگەیەنین، پێبگەیەنین، خوا بە هۆی قوڕئانەوە، بە هۆی ئەم کتێبە موباڕەکەوە، تەمەنمان زیاتر پڕ بەرەکەت بکات بە لوتف و کەڕەمی خۆی و، لە هەرچی خراپەو هەڵەو پەڵەو پیسیی هەیە، پاکمان بکاتەوە و، بە هەرچی چاکیی و پاکیی و ڕاستیی و ساغیی هەیە، بمانڕازێنێتەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە هەژدە (١٨) ئایەت، پێک دێ، ئایەتەکانی: (٤٩ - ٦٦)، کە خوا ﷻ پێنج بابەتی سەرەکیی تێیان دا خستوونە ڕوو:

١)- فەرمانکردن بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ بە مرۆڤایەتیی ڕابگەیەنێ: ئاگادارکەرەوە و ترسێنەرێکی ڕۆشنە بۆ هەموویان، بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، ئنجا بڕوادارانی کردەوە باش، لێبوردن و بژێوی باش و، ناحەزانی ئایەتەکانی خواش ﷻ، دۆزەخی بڵێسەداریان بۆ دانراوە.

٢)- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هەمیشە شەیتان بۆ پێغەمبەرانی خوا و ڕەوانەکراوان، لە بۆسەدایە: خوتخوتەی خراپیان بخاتە دڵ، بەڵام خوا ﷻ پیلانەکەی (ئیبلیس)ی هەڵوەشاندۆتەوە و، سەرەنجام دڵنەخۆشان و دڵڕەقان، زەرەرمەند و، زانایانی بڕواداریش بەهرەمەند بوون لە ئایەتەکانی خواو، لە پەیامی خوا کە بە پێغەمبەرانی دا ناردوویەتی.

٣)- بێبڕوایان هەمیشە لە دوو دڵیی دابوون و دەبن، لە بارەی قورئانەوە، هەتا کاتی مەرگیان، یان کاتێ سزای بە ئێشیان بۆ دێ و، لە قیامەتیشدا هەر کەسە بەپێی خۆی، پاداشت یان سزای پڕ بە پێست وەردەگرێ.

٤)- ستایشی کۆچکەرانی تێکۆشەر و فیداکار لە پێناوی خوادا، کە پاداشتی بەرز و سەرەنجامێکی پڕ ڕەزامەندییان هەیە و، خوای دادگەر و باڵا دەستیش پشتیوانی ستەملێکراوانە.

٥)- خستنە ڕووی دوازدە (١٢) کردەوەی گەورە و گرنگی خوا ﷻو، وەسفکردنی خوا ﷻ بە شازدە (١٦) لە سیفەتە بەرز و پەسندەکانی، کە سەرجەم دەکەنە: بیست و هەشت (٢٨).

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٞ (٤٩) فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ (٥٠) وَٱلَّذِينَ سَعَوۡاْ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ
ٱلۡجَحِيمِ (٥١) وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ
أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ
(٥٢) لِّيَجۡعَلَ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ
ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ (٥٣) وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ
فَيُؤۡمِنُواْ بِهِۦ فَتُخۡبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمۡۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ
(٥٤) وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً أَوۡ يَأۡتِيَهُمۡ
عَذَابُ يَوۡمٍ عَقِيمٍ (٥٥) ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ (٥٦) وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأُوْلَٰٓئِكَ
لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ (٥٧) وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ
لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ (٥٨) لَيُدۡخِلَنَّهُم
مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ (٥٩) ۞ ذَٰلِكَ وَمَنۡ عَاقَبَ بِمِثۡلِ مَا
عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ (٦٠) ذَٰلِكَ
بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ
(٦١) ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ
هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ (٦٢) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ
مُخۡضَرَّةًۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ (٦٣) لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ
لَهُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ (٦٤) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ
بِأَمۡرِهِۦ وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ (٦٥)
وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۗ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ (٦٦) ﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد!) بڵێ: ئەی خەڵکینە! بە دڵنیاییی من بۆ ئێوە تەنیا ترسێنەر و ووریاکەرەوەیەکی ئاشکرام (٤٩) ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوە و، کردەوە باشەکانیان کردوون، لێبوردن و بژێوێکی پەسندیان هەیە (٥٠) ئەوانەش کە لە دژی ئایەتەکانمان تێکۆشان بۆ پەکخستنیان، ئەوانە هاوەڵی کڵپەی ئاگرن (٥١) لە پێش تۆشدا (ئەی موحەممەد ﷺ) هیچ ڕەوانەکراو و پێغەمبەرێکمان نەناردوە، مەگەر کاتێک ئاواتێ خواستوە، شەیتان (خوتخوتەی خراپی) فڕێداوەتە نێو ئاواتەکەیەوە، ئنجا خواش (یاسای وابووە کە) ئەوەی شەیتان فڕێیداوە، لایدەبات و دوایی (کاریگەریی) ئایەتەکانی پتەو و قایم دەکات و، خوا زانای کارزانە (٥٢) تاکو لە ئەنجامی ئەوەدا (خوا ﷻ)، ئەو (خولیا و خوتخوت)ەی شەیتان فڕێیداوە، بیکاتە تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە و، ئەوانەش کە دڵیان ڕەق و سەختە، ستەمکارانیش لە ناکۆکییەکی دوور و قووڵدان (لەگەڵ خوا و پێغەمبەرانی دا) (٥٣) هەروەها تاکو ئەوانەش کە زانیارییان پێدراوە، بزانن و دڵنیابن کە ئەو (قورئان)ە هەقە لە پەروەردگاریانەوە، ئنجا سەرەنجام بڕوای پێ بێنن و، دڵیان بۆی نەرم و ملکەچ بێ، بێگومان خواش ڕێنماییکاری ئەوانەیە کە بڕوایان هێناوە بەرەو ڕاستە ڕێ (٥٤) بەردەوامیش ئەوانەی بێبڕوان لە بارەی (قورئان)ەوە، لە دوو دڵیی دان، هەتا کت و پڕ کۆتایی (مەرگ)یان دێ، یان سزای ئازاری ڕۆژێکی نەزۆک و بێ خێریان بۆ دێ (٥٥) لەو ڕۆژەدا حوکم و دەسەڵات تەنیا هی خوایە، دادوەرییان لە بەیندا دەکات، ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردوون، لە بەهەشتە پڕ ناز و نیعمەتەکان دان (٥٦) ئەوانەش کە بێبڕوا بوون و ئایەتەکانمانیان بەدرۆ داناوە، ئا ئەوانە ئازارێکی ڕیسواکەریان هەیە (٥٧) هەروەها ئەوانەی لە ڕێی

خوادا کۆچیان کردوە، دوایی کوژراون، یان مردوون، خوا ﷻ بە بژیوێکی باش ڕۆزییان دەداتێ و، مسۆگەر هەر خواش باشترین بژیوەدەرە (٥٨) بە دڵنیایی دەیانخاتە مەنزڵگایەکەوە کە پەسندیانە و، بێگومان خواش زانای هێدییە (٥٩) (ئەوەی باسکرا) هەر بەو شێوەیەیە و، هەر کەسێک بە گوێرەی پێ سزادرانی، سزای بەرانبەر بداتەوە و، دوایی دەستدرێژیی بکرێتە سەر، بێگومان خوا سەری دەخات، بە دڵنیایی خوا چاوپۆشییکاری لێبوردەیە (٦٠) ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە خوا شەوگار بە نێو ڕۆژگاردا دەکات و، ڕۆژگاریش بە نێو شەوگاردا دەکات و، بێگومان هەر خوا بیسەری بینەرە (٦١) بە هۆی ئەوەشەوە کە خوا هەر خۆی هەقە و، ئەوەی (هاوبەشدانەران) لێی دەپاڕێنەوە، ناهەقە و، بێگومان هەر خواش بەرزی گەورەیە (بەڕەهایی) (٦٢) ئایا سەرنجت نەداوە کە: خوا ﷻ لەسەرێوە ئاوی دابەزاندوە، یەکسەر زەوی سەوز هەڵگەڕاوە! بێگومان خوا پەنهانکاری شارەزایە (٦٣) هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەوی دایە، هی ویە و بە دڵنیایی هەر خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە (٦٤) ئایا (بە چاوی عەقڵ و دڵ) نابینی کە خوا هەرچی لە زەوی دایە، بۆی ڕام و دەستەمۆ کردوون و، کەشتییەکانیش بە فەرمانی وی لە دەریادا دەڕۆن (دێن و دەچن) و ئاسمانیش دەگرێ و ناهێڵێ بەسەر زەوی دا بکەوێ، مەگەر بە مۆڵەتی خۆی، بە دڵنیایی خوا بەرانبەر بە خەڵکی، یەکجار بە پەرۆش و میهرەبانە (٦٥) هەروەها بەس ئەویش دەتانژیەنێ، دوایی دەتانمرێنێ، پاشان زیندووتان دەکاتەوە، بە ڕاستیی مرۆڤ (ی بێبڕوا) زۆر سپڵە و پێ نەزانە (٦٦)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**مُعَٰجِزِينَ**): واتە: دەستە وسانکەران (**أَعْجَزْتُ فُلَانَاً وَعَجَّزتُهُ وَعَاجَزتُهُ: جَعَلْتُهُ عَاجِزاً**)، ئەم سێ کرداره، (**أَعْجَزْتُ وَعَجَّزتُهُ وَعَاجَزتُهُ**) واتە: دەستەوسانم کرد و دەستەپاچەم کرد، یانی: فڵان کەسم دەستە پاچە و بێ دەسەڵات کرد (**مُعَٰجِزِينَ**) خوێندراویشەتەوە: (**مُعَجِّزِيْن**)، واتە: دەستە وسان کەر و دەستە پاچەکار.

(**تَمَنَّىٰٓ**): واتە: خۆزگە و ئاواتی خواست، (**التَّمَنِّي: تَقْدِيرُ الشَّيْءِ فِي النَّفْسِ وَتَصْوِيرُهُ فِيهَا، وَلَمَّا كَانَ أَكْثَرُهُ عَنْ تَخْمِينٍ، صَارَ الْكَذِبُ لَهُ أَمْلَكُ، فَأَكْثَرُ التَّمَنِّي تَصَوُّرُ مَا لَا حَقِيقَةَ لَهُ، وَالأُمْنِيَّةُ: هِيَ الصُّورَةُ الْحَاصِلَةُ فِي النَّفْسِ مِنْ تَمَنِّي الشَّيْءِ**)، (**تَمَنِّي**) بریتیە لە ئەندازەگیریی کردنی شتێک و وێناکردنی شتێک لە دەروونـدا، ئنجا لەبەر ئەوەی بە زۆریی ئەو ئەندازەگیریی کردن و وێناکردنی شتانە، بە زەین و گۆترەیە، بۆیە زیاتر مانای درۆ دەگەیەنێ، چونکە زۆربەی ئاوات و خۆزگەکان، وێناکردنی شتێکن حەقیقەتیان نیە و (**أُمْنِيَّة**) کە بە (**أَمَانِي**) کۆ دەکرێتەوە، بریتیە لەو وێنەیەی لە ئەنجامی خۆزگە خواستن و بە ئاوات خواستنی شتێکدا، لە دڵدا پەیدا دەبێ.

(**شِقَاقِۭ بَعِيدٍ**): واتە: ناکۆکیەکی دوور، (**الشِّقَاقُ: الْمُخَالَفَةُ**)، واتە: ناکۆکیی و دووبەرەکیی، (**لأنه يَكُونُ فِي شِقٍّ غَيْرِ شِقك**)، چونکە ئەو لەلایەک دەبێ، جیا لەلایەکەی تۆ.

(**فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ**): دڵیان بۆی نەرم بێ و ملکەچ بێ، (**الْخَبْتُ: الْمُطْمَئِنُّ مِنَ الأَرْضِ: الْمُنْخَفِضُ، الإِخْبَاتُ: اللِّيْنُ وَالتَّوَاضع**)، (**خَبْت**) بە شوێنێکی گۆملایی و تەخت دەگوترێ لە زەوی، کە نزم بێ و لەوەوە خوازراوەتەوە بۆ (**إِخْبَات**) واتە: نەرمیی و تەسلیم بوون و ملکەچیی.

(مِرْيَةٍ): **(المِرْيَةُ: التَّرَدُّدُ فِي الأَمْرِ، وَهُوَ أَخَصُّ مِنَ الشَّكِّ)**، **(مِرْيَة)** واتە: لە بارەی شتێکەوە دڵ لە دڵ بدەی و دوو دڵ بی، کە تایبەتترە لە **(شَكّ)**، **(شَكّ)** ئەوەیە کە دوو لای شتێکت پێ وەک یەک بن، بوون و نەبوونیت پێ وەک یەک بن، تێیدا دوو دڵ بی، بەڵام (مِرْيَةٍ) لەوە تایبەتترە، ئەوەیە کە دڵت بێت و بچێ لە بەینیاندا، یان: (مِرْيَةٍ) ئەوەیە کە لە شتێکدا دوو دڵ بی و، ئەو دوودڵییە هیچ پاساوێکی نەبێت، (مِرْيَةٍ) لە **(شَكّ)** تایبەتترە.

(بَغْتَةً): **(البَغْتُ: مُفَاجَأَةُ الشَّيْءِ مِنْ حَيْثُ لَا يُحْتَسَبُ)**، بریتیە لە ڕوودانی کت و پڕی شتێک بە شێوەیەک کە چاوەڕوان ناکرێ.

(عَقِيمٍ): **(أَصْلُ العُقْمِ: اليُبْسُ المَانِعِ مِنْ قُبُول الأَثَرِ)**، **(عُقْم)** بریتیە لە وشکییەک کە ڕێگر بێ لەوەی ئەو شوێنەوارە قبووڵ بکات، **(يَوْمٍ عَقِيْم)**، یانی: **(لَافَرَحَ فِيْه)**، ڕۆژێک کە هیچ دڵخۆشییەکی تێدا نەبێ و، ڕۆژێکی نەزۆک و بێ خێر، ﴿ٱلرِّيحَ ٱلۡعَقِيمَ ٤١﴾ الذاریات، واتە: بایەکی نەزۆک، بایەک کە هیچ خێری پێوە نەبێ، بای سزا دان.

(مُّدۡخَلٗا): خوێندراویشەتەوە: **(مَدْخَلًا)**، ئەگەر **(مَدْخَل)**بێ، ئەوە لە **(دَخَلَ يَدْخَلُ)**ەوە، واتە: چووە نێو، دەچێتە نێو، بەڵام ئەگەر **(مُدْخَل)**بێ، لە: **(أَدْخَلَ يُدْخِلُ)** هاتووە، واتە: خستیە نێو، دەیخاتە نێو.

(يُولِجُ): **(الوُلُوجُ: الدُّخُولُ فِي مَضِيْق)**، **(ولوج)** بریتیە لە چوونە نێو شتێکی تەنگەبەر و تەسک.

(مُخۡضَرَّةً): **(المَكَانُ الكَثِيرُ الخُضْرَة)**، **(مخضرة)** شوێنێکە زۆر سەوزایی لێ بێت و سەوز هەڵبگەڕێ، هەروەها خوێندراویشەتەوە: **(مَخْضَرَة)**، **(المُخْضَرَّةُ: الَّتِي صَارَ لَوْنُهَا الخُضْرَة)**، **(مُخْضَرَّة)** واتە: شتێک کە ڕەنگەکەی سەوز بێ و سەوز هەڵگەڕابێ.

(لَكَفُورٌ): **(المُبَالِغُ فِي كُفْرَانِ النِّعْمَة)**، **(كَفُور)** بریتیە لە کەسێک کە زێدەڕۆیی کردبێ لە نادیدەگرتنی چاکە و نیعمەتەکانی خوادا ﷻ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەو باسانەدا کە ڕابردن، کە کۆتا باس سەرەنجدانەوەیەکی مێژووی گەلانی پێشوو بوو، کە لە ئەنجامی ملهووڕیی و سەرپێچییان لە فەرمانی پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) و، پابەند نەبوونیان بە بەرنامەکانی خواوە ﷻ، چۆن دووچاری سزای پڕ بە پێستی خوا ﷻ بوون، لە دنیادا و، لە دواڕۆژیشدا سزای گەورەتر چاوەڕێیانە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَعَذَابُ ٱلْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ ١٢٧﴾ طـه، سزای ڕۆژی دوایی سەختریشە و بەردەوامتریشە، دوای ئەوە خوا ﷻ ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم و ﷺ دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾، بڵێ: ئەی خەڵکینە! ئەی خەڵکینە، واتە: بە ڕەش و سپییەوە و، بە عەرەب و عەجەمەوە، بە هەموو زمانەکانەوە و، هەموو ڕەنگەکانەوە و، لە هەموو چوار تەرەفی دنیا و، هەموو ئەوانەی لە ئادەم و حەواوە هاتوون، ﴿إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ﴾، من تەنیا هۆشیارکەرەوە و ترسێنەرێکی ئاشکرا و ڕوونم بۆ ئێوە، واتە: تەنیا ئەرکی من ئەوەیە کە هۆشیار و وریاتان بکەمەوە و، بتانترسێنم و ئاگادارتان بکەمەوە کە: بەهەوەنتە و بێ حیکمەت نەهاتوونە ئەو ژیانە دنیایەوە، خوایەکی پەروەردگار هێناونی و، بۆ ئەرک و بۆ حیکمەتێک هاتوون و، ژیانیش بەس ئەوە نیە کە لە چوارچێوەی دنیادا هەیە و، قۆناغی دیکەی ژیانتان لە پێشن، لەبەر ئەوە بزانن چۆن دەژیین و، ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی دنیا چۆن دەگوزەرێنن؟

ئنجا باسی سەرەنجامەکەیان دەکات: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾، ئنجا ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوە باشەکانیان کردوون، بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ و، کردەوە باشەکانیان کردوون، واتە: هەموو ئەو جموجۆڵ و چالاکییانە، چ پەنهان

بن و پەیوەندییان بە دڵ و دەروونەوە هەبێ، چ زارەکیی بن و پەیوەندییان بە قسە و دەربڕینەوە هەبێ، چ جەستەیی بن و پەیوەندییان بە ئەندامەکانی جەستەوە هەبێ، چ لە بوار و جوغزی تاکیی، یان خێزانیی، یان کۆمەڵایەتیی، یان سیاسیی دابن، هەمووئەو جموجۆڵ و کردەوە باشانە، کە بە پێی شەریعەتی خوا ﷻ باشن و، عەقڵی سەلیم و فیترەتی ساغ بە باشیان دەزانێ، هەموو ئەوانەی ئاوا بوون: ئیمانیان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێندرێ و، جموجۆڵ و چالاکییە باشەکانیان ئەنجام داون، ﴿ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾، لێبوردنێکی مەزن و بژێوێکی زۆر پڕ ڕێز و حورمەتیان بۆ هەیە، لە ڕۆژی دواییدا.

﴿ وَٱلَّذِينَ سَعَوْاْ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ ﴾، ئەوانەش کە تێکۆشاون و هەوڵیان داوە و خۆیان ماندوو کردوە، کە ئایەتەکانی ئێمە پەک بخەن و، دەستەوسان و ناکارایان بکەن، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴾، ئا ئەوانە هاوەڵانی کڵپەی ئاگری دۆزەخن، (ٱلْجَحِيمِ) واتە: کڵپەی ئاگر، (أَصْحَٰبُ) کە کۆی (صَاحِبٌ)ە، هەم بە مانای خاوەن دێ و، هەم بە مانای هاوەڵ دێ، ئنجا ئەوانە دەبنە هاوەڵانی دۆزەخ و لێی جیانابنەوە و، دەبنە خاوەنی دۆزەخیش، ئەگەر شتێک هەبێ ئەوانە خاوەنداریەتیی بکەن، لە ڕۆژیی دواییدا، بریتیە لە ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ.

ئنجا دوای ئەوە خوا ﷻ ڕاستییەکی مەزن بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ و، بە ئۆممەتەکەی و شوێنکەوتووانی و، بە مرۆڤایەتیش ڕادەگەیەنێ، مرۆڤایەتییش لە دوای هاتنی پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ هەمووی هەر بە ئۆممەتی موحەممەد ﷺ لە قەڵەم دەدرێ، هەموو مرۆڤایەتیی ئۆممەتی موحەممەدە ﷺ، ئنجا ئەو ئۆممەتەش دوو بەشە:

١- ئۆممەتی وەڵامدەرەوە (الأمة المستجيبة) کە ئێمە و مانانین.

٢- ئۆممەتی بانگکراو (الأمة المدعوّة) سەرجەم خەڵکی دیکە، کە بانگکراون لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ.

ئنجا خوا ﷻ ئەو ڕاستییە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ ڕادەگەیەنێ و بە مرۆڤایەتییشی ڕادەگەیەنێ، بە مسوڵمان و نامسوڵمانەوە، تاکو بەرچاو ڕوون بن، کە شەیتان هەمیشە لە بۆسەدایە و لە کەلێن دەگەڕێ، بۆ ڕەوانەکراوان و پێغەمبەرانی خوا.

دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ ﴾، لە پێش تۆدا، (ئەی موحەممەد ﷺ) هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوان نەکردوە، مەگەر کاتێک کە خۆزگە و ناواتێکی خواستوە، شەیتان فڕێی داوەتەوە نێو خۆزگە و ناواتەکەیەوە، نایا چی فڕێداوە؟ بێگومان ئەوەی لە شەیتان چاوەڕێ دەکرێ فڕێی بدات خوتخوتە و خولیای خراپ و پڕوپاگەندەی خراپ و بیرۆکەی خراپ ﴿ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴾، دوایی خوا ﷻ ئەوەی شەیتان فڕێی داوە، لای دەبات و دەیسڕێتەوە و، نایەتەکانی خۆیشی مەحکەم دەکات.

یانی: کاریگەریی نایەتەکانی مەحکەم دەکات و، پیلان و فێڵی شەیتان و خوتخوتە و خەیاڵەکەی کە ویستوویەتی، ئاوێتەی خۆزگە و ئاواتی پێغەمبەر ﷺ ی بکات، دەیسڕێتەوە و لای دەبات، ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴾، خواش زانای کارزانە.

ئنجا ڕەنگە یەکێک بپرسێ: بۆچی خوا ﷻ مۆڵەتی داوە و، بواری بۆ شەیتان ڕەخساندوە وابکات، خولیا و خوتخوتەی خراپ، ڕەگەڵ ئاوات و خۆزگەی پێغەمبەران بخات؟

أ- چ بیخاتە گەڵ خۆزگە و ئاواتەکانی کە لە دڵی پێغەمبەران (**عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)دان.

ب- چ بیخاتە دڵی ئەوانەوە کە گوێیان لە نایەتەکانە.

ج- چ مەبەست ئەوە بێ پڕوپاگەندەی خراپ بڵاوبکاتەوە لە دژی ئایەتەکان.

هەر سێ واتاكەی هەن و دوایی باسیان دەكەین، یەكێك بۆی هەیە بڵێ: بۆچی خوا ئەو بوارەی بۆ شەیتان ڕەخساندوە؟

وەڵامەكەی ئەوەیە: ﴿ لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِي ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ ﴾ (بۆیە خوا ﷻ ئەو بوارەی بۆ شەیتان ڕەخساندوە): تاكو ئەوەی شەیتان فڕێی دەدات، بیكاتە تاقیكردنەوە بۆ ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە و، ئەوانەش كە دڵیان سەخت و ڕەقە، هەموویان پێی تاقیی دەكرێنەوە.

﴿ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِي شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴾، بێگومان ستەمكارانیش لە ناكۆكییەكی دوور دان، واتە: ئەوانەی كە دڵیان نەخۆشیی تێدایە و ئەوانەی كە دڵیان سەخت و ڕەقە لە بەرانبەر هیدایەتی خوادا، لە ناكۆكییەكی دوور دان، بۆیە بەو خوتخوتە و خەیاڵ و دنەدانەی شەیتان، كارتێكرا و دەبن و، خوا ﷻ كردوویەتی بە ماددەی تاقیكردنەوە بۆیان.

﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ﴾، هەروەها تاقیكردنەوەشە بۆ ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، كە بزانن ئەوە هەقە و لە پەروەردگارتەوەیە، یانی: ئەو قورئانە هەقە، ﴿ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ﴾، سەرەنجام بڕوای پێ بێنن، وێڕای ئەو ئیمانەی هێناویانە، ئیمانی دیكەشی پێ بێنن و ئیمانیان زیاد بێ، ﴿ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ﴾، سەرەنجام دڵیان بۆ ئەو فەرمایشتەی خوا ﷻ نەرم و میهرەبان و ملكەچ بێت.

تەماشا دەكەین: هەر یەك خوتخوتە و دنەدانی شەیتانە، بەڵام ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، یان دڵیان سەخت و ڕەقە، لە بەرانبەر ئایەتەكانی خوادا، بۆیان دەبێتە مایەی بەڵا و نەگبەتیی، بەڵام بۆ ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، دەبێتە مایەی زیادبوونی ئیمانیان و، زیاتر ملكەچ بوونیان و نەرم بوونی دڵ و دەروونیان، ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، بە دڵنیایی خواش ڕێنماییكاری ئەوانەیە، كە بڕوایان هێناوە بەرە و ڕاستە شەقام.

ئنجا باسی بابەتێکی دیکە دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً أَوۡ يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمٍ عَقِيمٍ﴾، ئەوانەی بێبڕوان، بەردەوام لە بارەی (قوڕئان)ەوە لە دوو دڵیی دا دەبن، [یان: لە بارەی پێغەمبەر موحەممەدەوە ﷺ] تاکو کت و پڕ ئاخیر زەمانیان بۆ دێ، یاخود سزای ڕۆژێکی نەزۆک و بێخێریان بۆ دێ، ئاخیرزەمان، چ مەبەست پێی ئاخیر زەمانی گەورەبێ، کە بەسەر هەموو خەڵکی سەر زەویدا دێ، چ مەبەست پێی ئاخیر زەمانی تایبەتی ئەوان بێ، کە بریتیە لە کاتی مەرگ و مردنیان.

﴿ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ﴾، لەو ڕۆژەدا دەستەڵات و دەست ڕۆیشتوویەتیی، تەنیا هی خوایە، دادوەرییان لە نێواندا دەکات.

ئنجا سەرەنجامی دادوەرییەکەش بەم شێوەیە دەبێ: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، لە باغ و بێستانە پڕ ناز و نیعمەتەکاندان، ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوابوون، بە هەموو ئەو شتانەی کە دەبووایە ئیمانیان پێ بهێنن، ﴿وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ هەروەها ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان:

١- چ ئایەتە خوێنراوەکان، کە قوڕئانە.

٢- چ ئایەتە بینراوەکان، کە دیاردە و دیمەنەکانی سروشتن.

٣- چ ئایەتە نێردراوەکان بە پێغەمبەراندا، کە موعجیزەکانی پێغەمبەرانن (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

٤- چ ئەو ئایەتانەی لە ژیانی بەشەردا ڕوویانداوە، ئایەتەکانی خوا کە بریتین لە: سەرخستنی خوا بۆ پێغەمبەران و، لە بەین بردنی دوژمن و ناحەزانیان.

وشەی (آیات) لە قوڕئاندا، بۆ هەر کام لەو چوارانە بەکارهاتوە، ئنجا ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناون، ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ﴾، ئا ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەر و زەبوونکەریان بۆ هەیە.

ئنجا دێتە سەر بابەتێکی دیکە، چونکە لە ئەنجامی بە درۆدانانی ئەهلی کوفر بۆ ئایەتەکانی خوادا، زۆرجاران مسوڵمانان جێ و ڕێیان پێ سەغڵەت دەبێ و نارەحەت دەبن و، ناچاردەبن خاک و وڵات و زێد و کەس و کاری خۆیان بەجێبێڵن، بۆیە باسی ئەوە دەکات کە ئەوانە زیانیان لێ ناکەوێ، بەڵکو چ بکوژرێن یان بمرن و، چ بمێنن، لە دنیا و لە دوارۆژدا، خوا ﷻ لەگەڵیانە و پشتیوانیانە و بە دەمیانەوەیە، دەفەرموێ:

﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ﴾، ئەوانەش کە کۆچیان کردوە لە ڕێی خوادا، دوایی کوژراون، یاخود مردوون، ﴿لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗا﴾، بە دڵنیایی خوا بژیوێکی باشیان پێدەدات، واتە: لە بەهەشتدا، چونکە دەفەرموێ: ﴿قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ﴾، ئەگەرنا دەگونجا بۆ دنیاش بێ، بەڵام دوای مردن و کوژران، لە دوارۆژدا ئەو بژیوە باشە هەیە، کە لە بەهەشتدایە، ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ باشترینی بژیودەرانە.

﴿لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥ﴾، دەیانخاتە شوێنێکەوە، جێگا و ڕێگایەکەوە کە دڵپەسندیانە و لێی ڕازیین، ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ﴾، بە دڵنیایی خواش ﷻ زۆر زانایە و زۆریش هێدیی و مەندە، پەلە ناکات.

﴿ذَٰلِكَ﴾، ئەوەی کە باسکرا، هەر بەو شێوەیە ﴿وَمَنۡ عَاقَبَ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ﴾، هەر کەسێک سزای بەرانبەرەکەی بدات، بەو شێوەیەی کە پێی سزادراوە، تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ﴿ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ﴾، بەڵام دوایی دەستدرێژیی بکرێتەوە سەر، ﴿لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ سەری دەخات،

کە مەبەست پێی بە پلەی یەکەم مسوڵمانانێکە، کە لە مەککە سزا دەدران، دواییش کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لەوێش کافرەکان دەیانویست لەسەر سزادان و ئازاردانی خۆیان بەردەوام بن، بەشەڕ پێفرۆشتن و گێچەڵ پێکردن، ئنجا

خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر ئێوە بتانەوێ تۆڵەی خۆتان بکەنەوە، سزای ئەو ناحەز و دوژمنانەتان بدەن، دوای ئەوەی کە ئەوانە هەر لەسەر دەست درێژیی خۆیان بەردەوامن، ئەوە بە دڵنیایی خوا ﷻ سەرتان دەخات، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ زۆر چاوپۆشیکاری لێبوردەیە، واتە: ئەگەرنا دەبووایە زووتر و زیاتر سزای ئەو کافرانە بدات، بەڵام خوا پەروەردگاری خەڵکە و دەرفەتیان پێدەدات بگەڕێنەوە و، هەڵوێستە لارەکەی خۆیان ڕاست بکەونەوە.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ﴾
یانی: بەرگریی کردن و پشتگیریی کردنەی خوا ﷻ بۆ بڕوادارانی ستەملێکرا و، لەبەر ئەوەیە کە خوا ﷻ حوکمڕان و هەمەکارەی گەردوونە: خوا ﷻ شەوگار بە ئەسپایی دەخاتە نێو ڕۆژگارەوە و، ڕۆژگاریش دەخاتە نێو شەوگارەوە، یانی: شەوگار دەخاتە نێو ڕۆژگار و ڕۆژگار درێژ دەبێ، جاری واش هەیە ڕۆژگار دەخاتە نێو شەوگارەوە و شەوگار درێژ دەبێ، کە لەو شوێنانەی ئێمە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، جاری وا هەیە شەوگار یان ڕۆژگار، هەر کامێکیان دەبن بە شازدە (١٦) سەعات و، بەرانبەرەکەی کە شەوگارە یان ڕۆژگارە، دەبێتە هەشت (٨) سەعات، واتە: دوو هێندەی وی لێ دێ، کە لە هەندێ شوێنی دنیادا زۆر زیاتریش دەبێ، بۆ وێنە: لە دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیی (سوید، نەرویج، فنلەندا، دانیمارک) ئەو ساڵە ئێمە سەفەرمان کرد، ساڵی (٢٠١٤)، سەفەری (سوید و نەرویج و فنلەندا)مان کرد، ڕۆژگار بیست (٢٠) سەعات زیاتریش بوو، ئەو کاتە ئێمە لە شەشەڵان دا بە ڕۆژوو دەبووین، بە پەلە فریادەکەوتین بەر بانگ بکەینەوە و، پارووە نانێک بخۆین و، نوێژی شێوان و خەوتنان بکەین، دوایی یەکسەر پارشێو و نوێژی بەیانی بەسەردا دەهات، هەڵبەتە هەندێک شوێن، شەوگار تێیدا درێژتریشە، یاخود ڕۆژگار تێدایە درێژترە، بە نۆرە.

ئنجا ئەمە دەستەڵاتی ڕەهای خوا ﷻ دەگەیەنێ، کە خوا ﷻ سەرپەرشتیی شەوگار و ڕۆژگار دەکات، کەواتە: کە شەوێت بینی درێژ بوو، لەسەر حیسابی

ڕۆژگار، یان ڕۆژگارت بینی درێژ بوو لەسەر حیسابی شەوگار، دەستەڵاتی خوات، بێتەوە یاد، ئنجا ئەم جۆرە ناسین و تەماشاکردنەی خوا ﷻ لە کوێ و، ئەوە لە کوێ کە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەڕەستۆ و فەیلەسووفەکانی یۆنان دا باوبوو، لە کاتێکدا کە خوا ناسیش بوون، کە دەیانگوت: خوا دنیای دروستکردوە و وەگەڕی خستوە و لێیگەڕاوە و، خوا لەوە مەزنترە کە زانیاریی دەربارەی دروستکراوەکانی خۆی هەبێ، یاخود مشووریان لێ بخوات، خوا زۆر لەوە بەرزترە، بیر لە دروستکراوەکانی خۆی بکاتەوە، کە ئەوەندە گچکە و نابووتن لە بەرانبەریدا!!

ئنجا ئەو بیرکردنەوە لاتەڵە لە کوێ و، ئەمەی کە قورئان دەفەرمووێ لە کوێ! کە تۆ هەمیشە لە کاتێکدا، شەوگار و ڕۆژگارت بەسەردا دێن، تۆ بزانی کە خوا ﷻ شەوگار و ڕۆژگاران دەسووڕێنێ و بەسەر زەوییان دا دێنێ، کە شەوگارو ڕۆژگار لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، لە بەرانبەر خۆردا دێنە پێش، کە زەوی لە خولەکێک دا (٢٨) کیلۆمەتر و نیو، دەوری (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ، واتە: لە سەعاتێکدا نزیکەی (٢٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر دەبڕێ بە دەوری خۆیدا لە بەرانبەر خۆردا، لە ئەنجامی ئەوەدا شەو و ڕۆژ پەیدا دەبن.

هەروەک چوار کەشەکانی ساڵیش، لە ئەنجامی ئەوەدا کە زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، لە ماوەی (٣٦٥) ڕۆژدا، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە سورگەکەی بە (٢٣/٥) پلە و نیو لارە، بۆیە چوار وەرزەکان پەیدا دەبن، ئەگەرنا هەمیشە نیوەی زستان دەبوو و نیوەی هاوین دەبوو و بەهار و پاییز نەدەبوون، دوایی دەفەرمووێ: ﴿وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾، بە دڵنیایی خوا بیسەری بینەرە، بیسەرە لە شەوێداو بینەرە لە ڕۆژێدا، هەروەها لە شەوێشدا بە تاریکییش هەر دەبینێ و، بە ڕۆژێش هەر دەبیستێ، بەڵام باسکردنی ئەو دوو سیفەتانە، بۆ ئەوەیە تۆ بزانی کاتێک، تاریک دادێ، خوا ﷻ هەموو شتێک دەبیستێ، لە ڕۆژی ڕوونیشدا خوا ﷻ هەموو شتێک دەبینێ، هەروەک لە تاریکییشدا دەبینێ و لە ڕووناکییشدا دەبیستێ.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ﴾ ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە هەر خوا هەق و چەسپاوە.

هەق بریتیە لە شتێکی چەسپاو کە بوونەکەی لە خۆیەوە بێ و، نەبوونی بەسەردا نەیەت و، نەبوونی پێش نەکەوتبێ و نەبوونی بۆ نەیەت، ﴿ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ ﴾، ئەوەش کە لێی دەپاڕێنەوە لە جیاتی خوا ﷻ پووچە، واتە: بوونەکەی بوونێکی خودیی نیە و، نەبوونی پێشکەوتوە و، بوونەکەی لە خۆیەوە نیە و پێی دراوە، ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴾، بە هۆی ئەوەوەشە کە هەر خوا ﷻ بەرزی گەورەیە (بە ڕەهایی).

دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، ئایا سەرەنجت نەداوە بە چاوی سەر، کە خوا ﷻ لە ئاسمانەوە، لە سەرووەوە، ئاو دادەبەزێنێ، ئاو واتە: بەفر و باران و تەرزە، ﴿ فَتُصْبِحُ ٱلْأَرْضُ مُخْضَرَّةً ﴾، یەکسەر زەوی سەوز هەڵدەگەڕێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾، بێگومان خوا پەنهانکاری شارەزایە، ﴿ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە، هی ئەوە و، بە دڵنیایی خوا زۆر دەوڵەمەندی ستاییشکراوە.

دووبارە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ﴾، ئایا سەرنجت نەداوە، خوا ﷻ هەرچی لە زەویدایە، دەستەمۆ و ڕامیکردوە و، کەشتییەکانیشی دەستەمۆ کردوون و لە دەریادا دەڕۆن بە فەرمانی خوا ﷻ، واتە: بە پێی ئەو یاسایانە کە خوا ﷻ وایکردوە، کەشتیی بتوانێ ئاو بدڕێ و بەسەریدا بڕوات، کە ئەگەر دەریا وەک زەوی بووایە، کەشتیی لەسەر وشکانیی ناڕوات، ﴿ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ ﴾ (خوا) ئاسمانیش دەگرێ کە بەسەر زەویدا بکەوێ، مەگەر بە مۆڵەتی وی، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ بەرانبەر بە خەڵک یەکجار بە پەرۆش و میهرەبان و بەبەزەییە.

...

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاكُمۡ ﴾، دیسان هەر ئەویشە، هەر خوایە ﷻ کە ئێوەی ژیاندوە و ژیانی پێ بەخشیون ﴿ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ﴾، دوایی دەتانمرێنێ و، ژیانتان لێ وەردەگرێتەوە، ﴿ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡ ﴾، دوایی جارێکی دیکەش دەتانژیەنێتەوە و ژیانتان بە بەردا دەکاتەوە، ﴿ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ ﴾، بەڵام بە ڕاستیی ئینسان، ئینسانێک کە دەستی هیدایەتیی خوای پێ نەگەیشتوە، ئینسانێک کە نەکەوتۆتە سەر ڕاستە شەقامی خوا ﷻ، زۆر سپڵە و ناسپاس و پێ نەزانە، بەرانبەر بە چاکە و نیعمەتەکانی خوا ﷻ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ کە مرۆڤایەتیی ئاگادار بکاتەوە، لەوەی هۆشیارکەرەوەیەکی ئاشکرایە بۆیان و، باسی سەرەنجامی چاک و بەختەوەرانەی بڕوادارانی کردار باش و، سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی پیلانگێڕ لە دژی ئایەتەکانی خوا ﷻ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٞ (٤٩) فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ (٥٠) وَٱلَّذِينَ سَعَوۡاْ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ (٥١) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾، بڵێ: ئەی خەڵکینە! واتە: خەڵک بە تێکڕایی، بە ڕەش و سپییەوە و بە عەرەب و عەجەمەوە و، لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی دنیادا.

٢)- ﴿ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴾، بە دڵنیایی من تەنیا هۆشیارکەرەوە و ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە، لە کێوە؟ بێگومان لە خواوە ﷻ.

(**النَّذِيرُ: المُحَذِّرُ مِنْ شَرٍّ يُتَوَقَّع**) (**نَذِير**) بریتیە لە ترسێنەرێک و ورياكەرەوەيەک لە خراپە و زیانێک کە چاوەڕێ دەکرێ بێ.

ئنجا کە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٞ ﴾، (**وَفِي تَقْدِيمِ الْمَجْرُورِ الْمُؤْذِنِ، بِالإهْتِمَامِ بِنِذَارَتِهِمْ، إِيمَاءٌ إِلَى أَنَّهُمْ مُشْرِفُونَ عَلَى شَرٍّ عَظِيمٍ**)، ئەوە کە زێردار کەرو

ژێردار کراو (جارّ ومجرور) پێش کەوتوون ﴿إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٞ﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (إِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُبِين لَكُم)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ ئێوە من ورياكەرەوەيەكم، لەبەر خاتری ئێوە و بۆ ئێوە و بە قازانجی ئێوە و خراپە و زیان و مەترسیەکی گەورە چاوەڕێتان دەکات.

٣)- ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ﴾ ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوە، کردەوە باشەکانیان کردوون، لێبوردن و بژێوێکی هەرە باشیان هەیە ڕستەی: (آمنوا) وەک گوتمان: بەرکار (مَفْعُول بە)ەکەی قرتێندراوە، بڕوایان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێندرێ، بە خوا ﷻ و بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەران و بە ڕۆژیی دوایی و بە قەدەر و، بە هەموو ئەو شتانەی کە پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلاَم)، لە خواوە هەواڵیان پێداون، (وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ) هەروەها کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، چ پەیوەندییان بە دڵ و دەروونەوە و، چ بە دەربڕینەوە و، چ بە ئەندامەکانی جەستەوە هەبێ، تا ئەو جۆرەکەسانە:

﴿لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ﴾، لێبوردنێکی مەزن و پاداشتێکی پڕ ڕێز و حورمەتیان بۆ هەیە، واتە: لێبوردنیان بۆ هەیە، لەسەر ئەو کوفر و شیرک و تاوانانەی کە ئەنجامیان داون، ئەگەر بگەڕێنەوە، (وَأَجْرٌ كَرِيم) پاداشتێکی پڕ ڕێز و حورمەتیشیان بۆ هەیە، (كَرِيْم) بریتیە لە باشترین شت لە جۆری خۆی، بۆیە خوا وشەی: (كَرِيْم)ی بەکارهێناوە بۆ پاداشت، هەروەها بۆ ڕووەک: ﴿مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ٧﴾الشعراء، لە هەر ڕووەکێکی زۆر بەرهەمدار، بڕوادارانی کردار باش، ئەوە چاوەڕێیان دەکات.

٤)- ﴿وَٱلَّذِينَ سَعَوۡاْ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ﴾، بەڵام ئەوانەی کە لە دژی ئایەتەکانی ئێمە، تێدەکۆشن و، تێکۆشاون، کە ئایەتەکانی ئێمە پەک بخەن.

(معاجزين) خوێندراویشەتەوە: (مُعَجِّزِيْنَ) واتە: دەستە وسانکەرانە و پەکخەرانە لە دژی ئایەتەکانی ئێمە تێکۆشاون، (سَعِي)ش بریتیە لە ڕۆیشتنێکی خێرا، کە لێرەدا بۆ سووربوون لەسەر شتێک و هەوڵدانی زۆر بۆ شتێک، بەکارهێنراوە.

(المُعَاجِزُ: الْمُسَابِقُ الطَّالِبُ الذي عَجِزَ مُسَايِرَهُ عَنِ الْوُصُولِ إِلَى غَايَتِهِ وَعَنِ اللَّحَاقِ بِهِ)، (**مُعَاجِز**) کەسێکە پێشبڕکە دەکات لەگەڵ کەسێکدا، تاکو ئەوەی لەگەڵیدا پێشبڕکە دەکات، دەستەوسانی بکات و بگاتە ئامانجی خۆی و، پێش وی بکەوێتەوە و پێی بگات.

٦)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ﴾، ئا ئەوانە خاوەنی کڵپەی دۆزەخن، یاخود هاوەڵانی دۆزەخن، ئەوانەی کە هەواڵیان لە بارەوە درا، ئەوانە شایستەی ئەوەن کە بەو شێوەیە بن.

ئەمە جۆرێک لە نواندن (**تَمْثِيل**)ی تێدایە و هەوڵدانی کافرەکان، لە بە درۆدانانی قورئان و، نەهێشتنی کاریگەریی قورئان و هەڵوەشاندنەوەی کاریگەرییەکەی کە گوتوویانە: جادوویە و، شیعرە و، قسەی شێتە و، ئەفسانەی پێشینانە، ئەو هەوڵدانە و ئەو جۆرە قسە و قاڵانەیان، تەشبیهکراوە و چوێندراوە، بە هەوڵی کەسێکەوە کە لە ڕێیە، پێشبرکێ لەگەڵ کەسێک دا دەکات، تاکو پێشی بکەوێتەوە.

کۆتایی ئەم دەرسەمان بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ:
{إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلُ مَا بَعَثَنِيَ اللَّهُ بِهِ كَمَثَلِ رَجُلٍ أَتَى قَوْمَاً، فَقَالَ: يَا قَوْمِ! إِنِّي رَأَيْتُ الْجَيْشَ بِعَيْنَيَّ، وَإِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْعُرْيَانُ، فَالنَّجَاءَ، فَأَطَاعَهُ طَائِفَةٌ مِنْ قَوْمِهِ، فَأَدْلَجُوا، فَانْطَلَقُوا عَلَى مَهْلِهِمْ، فَنَجَوْا، وَكَذَّبَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ، فَأَصْبَحُوا مَكَانَهُمْ، فَصَبَّحَهُمُ الْجَيْشُ، فَأَهْلَكَهُمْ وَاجْتَاحَهُمْ، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ أَطَاعَنِي، فَاتَّبَعَ مَا جِئْتُ بِهِ، وَمَثَلُ مَنْ عَصَانِي، وَكَذَّبَ بِمَا جِئْتُ بِهِ مِنَ الْحَقِّ} (أخرجه البخاري: ٧٢٨٣، ومسلم: ٥٩١٣).

واتە: (پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:) وێنەی من و وێنەی ئەوە کە خوا ﷻ منی پێ ڕەوان کردوە (ئەو پەیامە) وەک وێنەی پیاوێکە کە دەچێ بۆ لای خەڵکەکەی خۆی، پێیان دەڵێ: خەڵکەکەم! من بە دوو چاوەکەی خۆم سوپایەکم بینی، بەرە و ڕوومان دێ و، من وریاکەرەوەی ڕووتم بۆ ئێوە، {کاتێ خۆی کەسێک کە چووبێتەوە لای هۆزەکەی خۆی ئاگاداریان بکاتەوە لە مەترسییەک، ئەگەر هیچی

پێ نەبووبێ، کراسەکەی داناوە و ڕای وەشاندوە، بۆ ئەوەی لە دوورەوە بیبینن! ئنجا خۆتان دەرباز بکەن، خێرا بن، کۆمەڵێکیان بە قسەیان کردوە و بە شەوێ ڕۆیشتوون و، بە ئارامیی دەربازیان بووە، بەڵام کۆمەڵێکیان بە درۆیان داناوە و لە شوێنی خۆیان ماونەوە، تاکو بەیانی سوپایەکە بەسەری داداون و فەوتاندوونی و بنبڕی کردوون، ئەوە وێنەی من و وێنەی ئەو کەسەیە کە بەقسەم دەکات و، فەرمانبەریم دەکات و شوێن ئەوە دەکەوێ، کە من هێناومە و، وێنەی کەسێکە کە سەرپێچییم لێ دەکات، لەوهەقەدا کە هێناومە.

خوا ﷻ ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە هەرچی پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەقی ڕەها لە خواوە هێناویەتی، فەرمانبەریی بۆ بکەین و، بە قسەی بکەین و شوێنی بکەوین.

مەسەلەی دووەم:

خوا ﷻ هیچ ڕەوانەکراو و هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە، مەگەر لە کاتی خۆزگە و ئاوات خواستنیدا، شەیتان هەوڵیداوە: شتی بخاتە گەڵ، بەڵام دوایی خوا ﷻ ئەوەی شەیتانی لابردوە و، ئایەتەکانی خۆیشی مەحکەم و پتەو کردوون، بۆیەش ئەو بوارەی بۆ شەیتان ڕەخساندوە، تاکو ببێتە تاقیکردنەوە بۆ دڵنەخۆشان و دڵڕەقان، زانایانیش زیاتر هەقیەتیی وەحییان بۆ دەربکەوێ و، دڵیان بۆی نەرم و ملکەچ بێ و، شایستەی زیاتری ڕێنمایی خوا ﷻ بن بەرەو ڕاستە ڕێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلْقَى ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ ثُمَّ يُحْكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٢) لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ (٥٣) وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٥٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە (١٣) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ ﴾، لە پێش تۆدا (ئەی موحەممەد ﷺ)، هیچ ڕەوانەکراوێک و هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە:

أ- (رَسُول): واتە: ڕەوانەکراو.

ب- (نَبِي): واتە: هەواڵپێدراو، یاخود هەواڵدەر.

هەڵبەتە هەموو (رَسُول)ێک (نَبِي)یە، واتە: هەر کەسێک خوا ﷻ بە بەرنامە و پەیامێکەوە ڕەوانی کرد بێ، هەواڵدەریش بووە بە ناوی خواوە و،

هەواڵپێدراویش بووە لە لایەن خواوە، چونکە (نَبِيّ) لەسەر کێشی (فَعِيل)ە و دەگونجێ بە مانای (مَفعول)بێ، واتە: (مُنَبَّأٌ بِهِ) هەواڵ پێدراو لەلایەن خواوە و، دەشگونجێ بە مانای (فَاعِل)بێ، واتە: هەواڵدەر، کە بە ناوی خواوە هەواڵ دەدات، جیاوازیی نێوان (رَسُول) و (نَبِي) من لە مەوسووعە عەرەبییەکەی خۆم: (الإسلامُ كَمَا يَتَجَلَّى فِي كِتَابِ الله)، لە (الكِتَابُ السادس)دا، کە باسی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دەکەم، لەوێدا لێکۆڵینەوەیەکی باشم کردوە، کە جیاوازیی (رَسُول) و (نَبِي) چییە؟ کورتەکەی ئەوەیە: (رَسُول): کە بە مانای ڕەوانەکراو و، نێردراو دێ و، کۆیەکەی (رُسُل)ە، ئەو پێغەمبەرانەن (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، کە خوا ﷻ بەرنامەیەکی سەربەخۆی پێدا ناردوون، (أَرْسَلَهُم بِشَرِيعَةٍ مُستَقِلَّة).

بەڵام (نَبِي): کە کۆیەکەی (أنبياء ونبيون)ە، ئەوانەن کە یان بە دوای بەرنامەی پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوی پێش خۆیان کەوتوون، یاخود بەرنامەیەکیان پێدا نێردراوە، کە تەواوکەری ئەو بەرنامە سەربەخۆیەیە کە ڕەوانەکراوی پێش ئەو، پێیدراوە، بۆیە زانایان گوتوویانە: هەموو (رَسُول)ێک (نَبِيّ)یە، بەڵام مەرج نییە هەموو (نَبِي)ێک (رَسُول) بێ، هەڵبەتە دەشگونجێ بە مانا گشتییەکەی بڵێین: هەموو (نَبِي)ێکیش (رَسُول)ە، چونکە خوا ﷻ هیچ کەسێکی نەناردوە بە تایبەت هەواڵی پێ بدات و بیکاتە پێغەمبەر، مەگەر ڕاشیسپاردوە کە دەبێ خەڵکی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام وەک گوتم: جیاوازییە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا بەرنامەکەی بەرنامەیەکی سەربەخۆیە، یاخود بەرنامەیەکی شوێنکەوتوویی و، پاشکۆ و تەواوکەری بەرنامەی سەربەخۆی پێغەمبەر و ڕەوانەکراوەی پێش خۆیەتی؟

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: هیچ ڕەوانەکراوێک و هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە لە پێش تۆدا.

٢)- ﴿إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ﴾، مەگەر کاتێک کە خۆزگەی خواستوە، ئاواتی خواستوە و خولیایەکی بووە، (التَّمَنِّي: طَلَبُ الشَّيءِ العَسِيرِ حُصُولُهُ) (تمنّي) داواکردن و خواستنی شتێکە کە بە

زەحمەت پەیدا دەبێ، (أُمنِيَة)ش بە (أَمَانِي) کۆ دەکرێتەوە، واتە: (الشَّيءُ المُتَمَنَّى) شتێکی بە ئاوات خوازراو و خۆزگە پێ خوازراو.

٣)- ﴿أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ﴾، شەیتان فڕێداوەتە نێو خولیا و خۆزگەکەیەوە، چی فڕێداوە؟ بەرکار (مَفعول بِه)ەکەی قرتێنراو (مَحذُوف)ە، چونکە بە تەئکید دەزانرێ کە شەیتان هەر شتی خراپ فڕێ دەدات، یانی: (أَلقَى الشَّرَّ فِي أُمْنِيَّتِهِ) یان (أَلقَى الوَسوَسَةَ) یان (التَّحرِيْضَ عَلَى الشَّرِّ)، ئنجا لەبەر ئەوەی بە پێی سیاق و سەلیقە دەزانرێ، بۆیە خوا ﷻ نەیفەرمووە، چونکە شەیتان هەر لێی چاوەڕێ دەکرێ، شتی خراپ فڕێبداتە نێو خۆزگە و ئاوات و خولیای پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ).

(الإلقَاءُ: رَمْيُ الشَّيءِ مِنَ اليَدِ، وَاستُعِيرَ هُنا لِلوَسوَسَةِ، وَمَفعُولُ أَلقَى مَحْذُوفٌ دَلَّ عَلَيهِ المَقَامُ، لِإنَّ الشَّيطَانَ يُلْقِي الفَسَادَ)، (إلقَاء) ئەوەیە کە تۆ شتێکت بە دەستەوە بێ فڕێی بدەی و بیهاوێی، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ خوتخوتە و دنەدان بەرەو خراپە و، بەرکار(مَفعول بِه)ی (أَلقَى) قرتێندراوە، چونکە سیاقەکە و شوێنەکە دەیگەیەنێ، شەیتان هەر خراپە فڕێ دەدات.

٤)- ﴿فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾، ئنجا خوا ﷻ ئەوەی کە شەیتان فڕێی داوە (بۆ نێو خولیا و خۆزگەی پێغەمبەران) (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، لای دەبات و نایهێڵێ.

٥)- ﴿ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ﴾، دوایی خوا ﷻ ئایەتەکانی خۆی پتەو و مەحکەم دەکات، واتە: کاریگەریی ئایەتەکانی مەحکەم دەکات، ئەگەرنا ئەو تێفڕێدان و ڕەگەڵ خستنەی شەیتان بۆ خولیا و ئاواتی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، ئایەتەکانی خوای بێهێز نەکردوە، کەواتە: شوێنەوار و کاریگەریی ئایەتەکانی مەحکەم دەکات، چونکە جاری وایە بەهۆی خوتخوتە و خەیاڵ و دنەدانی شەیتانەوە، کاریگەریی ئایەتەکان کاڵ دەبێتەوە، یاخود کاریگەریی پێویستیان نابێ، وەک دوایی زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، واتە: خوا ﷻ ئایەتەکانی خۆی لەوە کە تەئویلکردن و مانای هەڵە لێدانەوەی، ئەوانەی مەبەستی خراپیان هەیە، بیانشێوێنن، ئایەتەکانی خۆی مەحکەم دەکات و کاریگەرییەکەیان، وەک بۆیان شایستەیە، دەیهێڵێتەوە.

٦)- ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾، خوا زانای کارزانە، ئنجا زانایی و کارزانیی خوا لەوەدا دەردەکەوێ، کە بواری داوە بە شەیتان ئەوە بکات، ئەگەرنا خوا ﷻ دەیتوانی نەیەڵێ شەیتان وا بکات، بەڵام بۆچی و حیکمەتی چییە؟ ڕوونی دەکاتەوە.

٧)- ﴿ لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً ﴾ [خوا ﷻ بۆیە بواری داوە بە شەیتان] تاکو ئەوەی شەیتان فڕێیدەدات، ببێتە مایەی تاقییکردنەوە، یاخود بیکاتە مایەی لادان و بەڵا و نەگبەتیی، دیارە ئەو (ل)ی (لِّيَجْعَلَ)، (لامُ العَاقِبَة)ی پێدەڵێن، نەک (لامُ التَّعْلِيل)، یانی: خوا ﷻ بۆیە وای نەکردوە کە ئەوە پەیدا ببێ، بەڵێ، خوا ﷻ بۆیە دەرفەتی ڕەخساندوە، تاکو خەڵک تاقی بکرێتەوە، بەڵام ئەو دەرەنجامەی کە دێتە دی، خوا ﷻ مەبەستی نەبووە و ئامانجی نەبووە، بەڵکو ئەوە دەرهاویشتەی دڵنەخۆش بوون و، دڵڕەق و سەخت بوونی بێبڕوایەکانە، وەک خوای پەروەردگار لە سوورەتی (القَصَص)دا، کە باسی دایکی مووسا خوا لێی ڕازی بێ دەکات، کە خوا ﷻ بەئیلهام پێی دەفەرموێ: مووسا بخە نێو سندووقێکەوە و فڕێبدە و بە ڕووباری نیلی دابدە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ﴿٨﴾ ﴾القصص، واتە: ماڵی فیرعەون هەڵیانگرتەوە، تاکو بۆیان ببێ بە دوژمن و، مایەی دڵتەنگیی و پەژارە، کە سەرەنجام فیرعەون لەسەر دەستی ئەو مەلۆتکەیە کە هەڵیانگرتۆتەوە، لەبەین دەچێ، ئنجا دیارە بنەماڵەی فیرعەون نەیانویستوە، ئەو مەلۆتکەیە بۆیان ببێتە دوژمن و بۆشیان ببێتە مایەی خەمباریی، بەڵکو ئەو (ل)ە، (لام العَاقِبَة)یە، یانی: سەرەنجامەکەی و ئاکامەکەی وای لێ بێ و دەرهاویشتەکەی ئاوا دەبێ، ئنجا لێرەش بە هەمان شێوە: (ل)ی سەر (ليجعل) لامی سەرەنجامە.

٨)- ﴿ لِّلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ ﴾، بۆ ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە و، ئەوانەی دڵیان سەخت و ڕەقە، بەرانبەر بە هیدایەت و پەیام و بەرنامەکانی خوا، واتە: خوای کارزان بێبڕوایەکان و خراپەکارەکان، کە بەهۆی ئەو تێفڕێدانەی شەیتانەوە زەرەرمەند دەبن، کردوونی بە دوو بەشەوە:

أ- بەشێکیان دڵیان نەخۆشیی تێدایە.

ب- بەشێکیان دڵیان سەخت و ڕەقە.

ئنجا ئەو کەسەی دڵی نەخۆشیی تێدایە، نەخۆشیی تۆمەت و گومان (**مرض الشبهة**)ە، یان نەخۆشیی ئارەزوو (**شهوة**)، ئەوانەش کە دڵیان ڕەق و پتەو و سەختە، وەک بەردێک، بەڵکو لە بەردیش سەختترەو، کارتێکراو نابێ بە ئایەتەکانی خوا ﷻ.

٩)- ﴿ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴾، بێگومان ستەمکاران لە ناکۆکیی و دووبەرەکییەکی دووردان. ستەمکاران مەبەست پێی ئەو کافرانەیە کە بەشێکیان دڵیان نەخۆشیی تێدایە و، بەشێکیان دڵیان سەخت و پتەو و ڕەقە، بەڵام بۆیە وشەی (ٱلظَّٰلِمِينَ)ی بەکارهێناوە، لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (**وَإِنَّهُمْ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيْد**)، ئەوانە کە باسیان کرا، لە ناکۆکییەکی دوور دان، تاکو خوا ﷻ ئەو سیفەتەشیان بخاتە گەڵ وەسفە خراپەکانی دیکەیان، کە ئەوانە ستەمکاریشن.

ئەوانە ستەمیان لە خۆیان و، لە پەیامیی خوا و، لە پێغەمبەری خوا کردوە و، ئەوانە لە ناکۆکییەکی دوور دان، بۆیە لە جیاتی ئەوەی بەهرەمەند بن لە ئایەتەکانی خوا ﷻ، لێیان تووشی زیان دەبن، وەک چۆن کەسێک نەخۆش بێ، خواردنێک کە دەیخوات، مادام میزاجی تەواو نەبێ، لە جیاتی ئەوەی لێی بەهرەمەند بێ، لێی زەرەرمەند دەبێ، کە ئەوە خەتای خواردنەکە نیە و خەتای میزاجی ناتەواوی خۆیەتی.

١٠)- ﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ﴾، حیکمەتێکی دیکەی خوا ﷻ لە دەرفەت پێدانی شەیتان دا، کە بتوانێ خوتخوتە و خولیای خراپ ڕەگەڵ خۆزگە و ئاواتی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بخات، ئەوەیە کە ئەوانەی زانیارییان پێدراوە بزانن، کەئەوە هەقە لە پەروەردگارتەوە.

واته: زیاتر بزانن و دڵنیاتر بن، که ئه‌و قورئانه هه‌قه له په‌روه‌ردگارته‌وه.

١١)- ﴿ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ ﴾، سه‌ره‌نجام بڕوای پێ بێنن، واته: بڕوای پێ بێنن، زێده له‌و بڕوایه‌ی که هێناویانه، چونکه پێشتر زانیاریان پێدراوه و بڕوایان پێی هه‌بووه، به‌ڵام ئیمانیان پێی زیاد ده‌کات، وه‌ک خوا ﷻ له سووره‌تی (النساء)دا، ده‌فه‌رموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴿١٣٦﴾ ﴾، واته: ئه‌ی ئه‌وانه‌ی ئیمانتان هێناوه! ئیمان بێنن به خوا و به پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ﷺ، واته: ئیمانێکی زیاتر له ئیمانی پێشوو، ئیمانیش پله پله‌یه.

١٢)- ﴿ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ﴾، سه‌ره‌نجام دڵیان زیاتر بۆی نه‌رم و ملکه‌چ بێ، پێشتر باسمان کرد: (الإِخبَاتُ: اللِّينُ وَالتَّوَاضُع) (إخبات) یانی: نه‌رمیی و خۆبه‌که‌مگرتن و ملکه‌چیی.

١٣)- ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، به دڵنیایی خوا ﷻ ڕێنماییکاری ئه‌وانه‌یه که ئیمانیان هێناوه، به‌ره‌و ڕێی ڕاسته شه‌قام.

واته: ده‌یانخاته سه‌ر ڕاسته شه‌قام و، زیاتر به‌رچاو ڕوونیان ده‌کات، ئه‌مه دڵخۆشکردن و دڵنیاکردنه‌وه‌ی ئیماندارانه، به‌وه که خوا ﷻ له‌گه‌ڵیانه و، ڕێنماییان ده‌کات و، ده‌یانپارێزێ له گومڕایی و به‌هه‌ڵه‌داچوون.

کورتە باسێک:

تێفڕێدانی شەیتان بۆ نێو خۆزگەی پێغەمبەران

پێش هەموو شتێک دەڵێین: سەرنجی تەفسیرەکانم دا، کە زیاتر لە سی (٣٠) تەفسیرم لەبەر دەستە، مشت و مڕی زۆر لە بارەی ئەم سێ ئایەتانەوە بووە، لە نێوان ڕوونکەرەوانی مانا و مەبەستەکانی ئایەتەکانی قورئانی بەهێز و پیرۆزدا.

ئنجا هەوڵدەدەم خولاسە و پوختەی قسەکانی ئەوان، بهێنم ئەوەی کە بە دڵمە و بەڕاستی دەزانم، هەروەها ئاماژەش دەکەم، بەوەی پێموایە تێیدا بە هەڵەدا چوون و بەڕاستی نازانم، هەڵبەتە لە قەدەر پانتایی گونجاو لەگەڵ قەبارەی ئەم تەفسیرەدا:

١)- کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ ﴾:

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەمیشە وابووە و هەمیشە ئیبلیس لە بۆسەدا بووە، بۆ تێکڕای ئەوانەی خوا ﷻ پەیامی خۆی پێدا ناردوون، چ پەیامێکی سەربەخۆ و، چ پەیامێکی تەواوکار، (رَسُول) کە بە (رُسُل) و (مُرسَلِين) کۆدەکرێتەوە و، (نَبِي) بە (أنبِياء) و (نَبِيِّين) کۆدەکرێتەوە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوەی کە پەیامی خوایان هێناوە، چ پەیامێکی سەربەخۆ و، چ پەیامێکی تەواوکار، هەموو ئەوانە ئیبلیس (شەیتان) بۆیان لە بۆسەدا بووە، بە هەموو شێوەیەک، ئنجا یەکێک لە شێوەکانی لە بۆسەدا بوونی شەیتان بۆیان، ئەوە بووە کە هەر کاتێک خۆزگە و ئاواتێکیان خواست، شەیتان خوتخوتە و دنەدان و خولیای خراپ بخاتە نێو ئەو خولیا و ئاوات و خۆزگەیەی پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

٢)- کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلْقَى ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ﴾، ئایا مەبەست لە (تَمَنَّىٰٓ) چییە؟

زانایان بە گشتی دوو واتایان بۆ ئەوە لێکداونەوە:

أ)- (تَمَنَّىٰٓ) لە (أُمْنِيَة)ەوە هاتوە، یانی: خۆزگە و ئاواتی خواست، (أُمْنِيَة)ش یانی: خولیا و ئاوات.

ب)- هەندێکیشیان گوتوویانە: (تَمَنَّىٰٓ) بە مانای (قَرَأَ) و (تَلَى)یە، یانی: کاتێک کە فەرموودەی خوا دەخوێنێ، شەیتان شتی خۆی فڕێدەداتە نێو خوێندنەوەی ئایەتەکان.

٣)- ئینجا ئەگەر مەبەست لە (تمنّى) خۆزگە خواستن بێ، وشەی (أَلْقَى) لە: ﴿أَلْقَى ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ﴾، ئەو تێفڕێدانەی شەیتان، زانایان سێ ڕایان لەو بارەیەوە، هەن، وەک گوتمان: ئەوەی شەیتان فڕێی دەدات، قرتێندراوە، لەبەر ئەوەی ڕەوت و سەلیقە دەیگەیەنن، یانی: بیرۆکەی خراپ و خولیای خراپ فڕێ دەدات:

یەک: شەیتان شتەکەی خۆی فڕێ دەداتە نێو خولیا و خۆزگە خواستنی ئەو پێغەمبەرەوە ﷺ، بۆ وێنە:

أ- پەلە کردن.

ب- زیاد لە پێویست ساچاندن و دڵڕاگرتنی کافرەکان، لەسەر حیسابی مافە تایبەتییەکانی خۆی.

ج- شەیتان کارێکی وایکردوە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، جۆرێک لە دابەزینی جوزئیی بکەن، لە هەندیک لە شتەکانی خۆیان، لە پێناوی بەرژەوەندیی گەورەتردا وەک ئیجتیهادێکی تایبەتیی.

هەر سێ واتایەکان هاتوون، ئەوە ئەگەر تێفڕێدان (إلقاء) بۆ خۆزگە خواستنی پێغەمبەران ﷺ بێ.

دوو: واتایەکی دیکەی ئەو تێفرێدان و ڕەگەڵ خستنە ئەوەیە کە: شەیتان شتێک بخاتە نێو دڵی بیسەرەکانەوە لە کافرەکان، واتە: خوتخوتە و خولیای خراپ دەخاتە نێو دڵی بیسەرەکانەوە، یاخود دڵی ئەوانەی کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) پەیام و بەرنامەی خۆیانیان ئاراستە دەکەن.

سێ: واتای سێیەم: شەیتان بیرۆکەی خراپ و گومڕاکەر بڵاودەکاتەوە، لە دژی ئەو خولیا و ئاواتانەی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

ئەوە ئەگەر (تَمَنَّىٰٓ) بە مانای خۆزگە و ئاوات خواستن بێ.

بەڵام ئەگەر بە مانای خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوا ﷻ بێ، کە ئەوەش ڕایەکە، بەڵام ڕایەکی بێهێزە، واتە: کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ ئایەتەکانی خوای خوێندوونەوە، شەیتانیش هەندێک قسەی کردوون، نێواخنی ئایەتەکانی کردوون، یاخود ئەوانەی کە گوێیان لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوا بووە، لەلایەن پێغەمبەرانەوە، وا گوێبیست بوون، واتە: نەیخستوونە نێو ئایەتەکانەوە کە تێکەڵ بن، بەڵکو خستوویەتە گوێی بیسەرانەوە لە کافران، یان مەبەست ئەوەیە دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئایەتەکانی خوێندوونەوە، ئەو شەیتانەش هەندێک بیرۆکە و بۆچوونی گومڕاکەری بڵاوکردوونەوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئایەتەکان نەهێڵێ.

٤)- لێرەدا هەندێک ڕیوایەت گێڕدراونەوە، زۆربەی تەفسیرەکان هێناویانن، ئنجا چ ئەوانەی ڕیوایەتەکانیان بەڕاست زانیبێ، کە کەمینەن، چ ئەوانەی کە ئەو ڕیوایەتانەیان بە ناڕاست و هەڵبەستراو زانیبێ، کە زۆرینەن، یەکێک لەو ڕیوایەتانە ئەوەیە:

[عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قَرَأَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِمَكَّةَ «النَّجْمَ» فَلَمَّا بَلَغَ هَذَا الْمَوْضِعَ: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾النجم، قَالَ: فَأَلْقَى الشَّيْطَانُ عَلَى لِسَانِهِ: «تِلْكَ الغَرَانِيقُ الْعُلَى . وَإِنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرْتَجَى». فَفَرِحَ الْمُشْرِكُونَ بِذَلِكَ، فَقَالُوا: مَا ذَكَرَ آلِهَتَنَا بِخَيْرٍ قَبْلَ الْيَوْمِ. فَسَجَدَ وَسَجَدُوا، فَجَاءَ جِبْرِيلُ فَقَالَ: إِقْرَأْ عَلَيَّ مَا جِئْتُكَ بِهِ، فَقَرَأَ آخِرَ آيِةِ، إتِلْكَ الْغَرَانِيقُ الْعُلَى، وَإِنَّ شَفَاعَتَهَا

لَتُرْتَجَى]. فَقَالَ: مَا أَتَيْتُكَ بِهَذَا؟ فَقَالَ: هَذَا مِنَ الشَّيْطَانِ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلۡقِي ٱلشَّيۡطَٰنُ ثُمَّ يُحۡكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٥٢) ﴾[1].

واتە: سەعیدی كوڕی جوبەیر كە یەكێكە لە زانایانی شوێنكەوتووانی هاوەڵان، {كەواتە: ئەمە بە (مُرسَل) دادەنرێ، چونكە لە هاوەڵەوە نەهاتووە، بەڵكو لە شوێنكەوتوو (تابع)ەوە هاتووە} دەڵێ: كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەككە بوو، سوورەتی (وَالنَّجْمِ)ی خوێندەوە: ﴿ وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ (١) مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمۡ وَمَا غَوَىٰ (٢) وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ (٣) إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ (٤) ﴾النجم، تاكو دەگاتە ئەو شوێنەی كە دەفەرموێ: ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ (٢٠) ﴾النجم، واتە: ئایا لات و عوززاتان بینین؟ هەروەها مەناتی سێیەمتان بینی؟ [كە ئەمانە ناوی سێ لە بتەكانی كافرەكانن]، كاتێك گەیشتە ئەوێ، شەیتان ئەوەی خستە سەر زمانی پێغەمبەر ﷺ: (تِلْكَ الْغَرَانِيقُ الْعُلَى، وَإِنَّ شَفَاعَتَهَا لَتُرْتَجَى)، واتە: ئەوانە باڵندە بەرزەكانن (یان پەرستراوە بەرزەكانن) و تكای ئەوان ئومێدەوار كراوە، كە خوا ﷻ لە دوای ئەمە، دەفەرموێ: ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ (٢٠) أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ (٢١) تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِيزَىٰٓ (٢٢) ﴾النجم، واتە: ئایا لات و عوززاتان بینیون و، مەناتی سێیەمیشتان بینیوە؟ ئایا بۆچی خۆتان بە كوڕ نەبێ ڕازی نین، كەچی ئەو بتانە بە حیساب كچی خوان، پاڵتانداونە لای خوا ﷻ؟ ئەوە دابەش كردنێكی زۆر نادادگەرانەیە.

واتە: خۆتان بە كوڕ نەبێ ڕازی نەبن و ئەگەر كچتان ببێ، هەندێكتان زیندە بە چاڵی دەكەن و دەیكوژن، یان بە لای كەمەوە زۆر پێتان ناخۆشە، كەچی كچان پاڵبدەنە لای خوا ﷻ بڵێن: ڕۆڵەكانی وی مێینەن.

---

[1] أخرجه الطبري في جامع البيان ج١٧، ص١٣٢، وابن أبي حاتم في تفسيره كما في تفسير القرآن العظيم، لابن الكثير ج٤، ص٢٩٣.

ئنجا بە پێی ئەو ڕیوایەتە، کاتێک شەیتان ئەوەی خستە سەر زمانی پێغەمبەر ﷺ، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان زۆر دڵخۆش بوون و گوتیان: لەمەو پێش پەرستراوەکانی ئێمەی بە چاکە باس نەکردوون، بۆیە کاتێک پێغەمبەر ﷺ گەیشتە ئایەتی سەجدە لە کۆتایی سوورەتی (النجم)دا و کڕنووشی برد، ئەوانیش لەگەڵیدا کڕنووشیان برد، بەڵام دوایی جیبریل هات فەرمووی: ئەوەی بەسەرمدا خوێندبوویەوە، لە سوورەتی (النجم) بۆم بخوێنەوە، پێغەمبەر ﷺ بۆی خوێندەوە، هەتا گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ: (**تِلْكَ الغَرَانيقُ العُلَى، وَإِنَّ شَفَاعَتَهُنَّ لَتُرْتَجَى**)⁽¹⁾، واتە: ئەوانە باڵندە بەرز و جوانەکانن و تکا کردنیان چاوەڕوانکراو و ئومێدەوار کراوە، جبریل پێی فەرموو: ئەوەم بۆ نەهێناوی، ئەوە لە شەیتانەوەیە، ئنجا بەو بۆنەوە خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٖ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلۡقَى ٱلشَّيۡطَٰنُ فِيٓ أُمۡنِيَّتِهِۦ ﴾.

ئەمە یەکێک لە گێڕدراوەکانە، کە لەو بارەوە هاتوون، کە وەک گوتم: یەکێک لە تابیعین کە سەعیدی کوڕی جوبەیرە، پاڵدراوەتە لای وی، ئنجا ئەویش ئایا هی خۆیەتی یان نا؟ ئێستا با باسی بکەین:

تەماشای تەفسیرەکانم کرد، بە پێویستم نەزانی تەماشای هەموویان بکەم، (سی (٣٠) تەفسیر زیاترم لە لایە)، بەڵام سەرنجی بیست (٢٠) سەرچاوەم دا لە تەفسیرو غەیری تەفسیریش، ئەوانەی زیاتر سەرچاوەو بوولا گەڕاوە (مَرجِع)ن و توێژەرەوانی قورئان بۆ ئەوان دەگەڕێنەوە، هەموویان دەڵێن: ئەم ڕیوایەتە هیچ سەنەدێکی ڕاستی نیە و، شتێکی بێ بنەما و هەڵبەستراوە، بۆ وێنە:

١- (**سُئِلَ ابنُ خُزَيمَةَ عَنْ هَذِهِ القِصَّةِ فَقَالَ: هَذَا مِنْ وَضْعِ الزَّنَادِقَةِ**)، واتە: ئیبنو خوزەیمە کە زانایەکی زۆر موعتەبەرە، هەم لە تەفسیر و هەم لە فەرموودەناسیی دا، لە بارەی ئەم چیرۆکەوە پرسیاری لێکرا؟ گوتی: ئەوە لە داهێندراوی زەندیقەکانە⁽²⁾.

---

(١) {(الغَرَانيقُ) کۆی (غُرنُوق)ە، واتە: باڵندەی جوان و بەرز}.

(٢) (زَنَادِقَة) کۆی (زِندِیق)ە، واتە: کەسێک کە بڕوای بە ئایین نیە و بڕوای بە هیچ شتێک

٢- (البَيهَقي) كە ئەویش زانایەكی زۆر موعتەبەری بواری تەفسیر و سوننەتە، گوتوویەتی: (هَذِهِ القِصَّة غَيرُ ثَابِتَةٍ مِن جِهَةِ النَّقلِ)، واتە: ئەم گێردراوە و چیرۆكە لە ڕووی سەنەدەوە چەسپاو نیە.

٣- (ابنُ كَثِير) لە تەفسیرەكەی خۆیدا دەڵێ: (لَمْ أَرَهَا مُسْنَدَةً مِنْ وَجْهٍ صَحِيحٍ)، واتە: من ئەو ڕیوایەتەم نەبینیوە كە لە ڕووێكی ڕاستەوە پاڵدرابێتە لای پێغەمبەر ﷺ.

٤- (القَاضِي عِيَاض) لە كتێبی: (الشِّفَاء)دا(١)، بە هەمان شێوە (كە دواییش باسی دەكەین)، قسەی زۆر توند دەكات لەسەر ئەو ڕیوایەتە.

٥- (القُرطُبِي) لە (الجَامِع لأحكَامِ القُرآن)دا(٢)، دیسان ئەویش ئەو ڕیوایەتە بە درۆ و بە بێ بنەمای دادەنێ.

٦- (الزَّيعَلي) لە (تَخرِيج أَحَادِيث الكَشَّاف)دا(٣)، زۆری لەسەر دەڕوا، كە ئەصڵەن ئەو ڕیوایەتە هیچ سەنەد و بنەمایەكی نیە.

٧- (الفَخرُ الرَّازي) لە تەفسیرەكەی خۆی (مَفَاتِيحُ الغَيب) یان (تَفسِيرُ الكَبِير)دا(٤)، زۆری لەسەر دەڕوا، كە ئەو ڕیوایەتە هیچ ئەصڵ و بنەمایەكی نیە.

٨- (العَيني) خاوەنی (عُمْدَةُ القَارِيء)(٥)، بە هەمان شێوە ئەو ڕیوایەتە بە درۆ دادەنێ.

٩- (اِبْنُ العَرَبِي) لە (أَحْكَامُ القُرآن)دا(٦)، دیسان ئەو ڕیوایەتە بە درۆ و بە هەڵبەستراو دادەنێ.

---

(١) بەرگی ٢، لاپەڕە: ١٢٥).

(٢) ج١٢ ص٧٠ -٧١.

(٣) ج٢ ص٣٩٢ - ٣٩٤.

(٤) ج٢٣ ص٤٩ - ٥٤.

(٥) ج١٩ ص٦٦.

١٠- **(الشّوكَاني)** لە **(فَتحُ القَدِير)**دا(١)، بە هەمان شێوە.

١١- **(الآلوسي)** لە تەفسیرەکەی خۆی **(رُوحُ المَعَانِي)**دا(٢)، یازدە لاپەڕی لەسەر دەڕوات، کە ناگونجێ ئەوە شتێکی ڕاست بێ و، بێ بنەمایە.

١٢- **(صِدِّيق حَسَن خَان)**، لە تەفسیرەکەی خۆی **(فَتحُ البَيَان)**دا(٣)، بە هەمان شێوە.

١٣- فەرموودەناسی ناودار **(الألبَاني)**، کتێبێکی تایبەتی لەو بارەوە داناوە، بە ناوی: **(نَصْبُ المَجَانِيق لِنَسْفِ قِصَّةُ الغَرَانيق)**، واتە: دانانی مەنجەنیقەکان بۆ نەهێشتن و لێکهەڵوەشاندنی چیرۆکی غەڕانیق.

١٤- **(عَلي حسن الحَلَبي)** کە ئەویش قوتابی شێخ ئەلبانییە، نامیلکەیەکی نووسیوە بە ناوی: **(دَلائِلُ التَّحْقِيق لإبطَالِ قِصَّةِ الغَرَانِيق)**، واتە: بەڵگەکانی ساغکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی چیرۆکی **(الغَرَانيق)**.

١٥- **(أَحمَد مُصطَفى المَرَاغي)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا: **(تَفسِيرُ المَرَاغي)**(٤) بە هەمان شێوە ئەو ڕیوایەتە بە درۆ دادەنێ.

١٦- **(إعرَابُ القُرءانُ الكَرِيم وَبَيَانُهُ)**ی **(مُحيَ الدِّين دَرويش)**(٥) ئەویش زۆری لەسەر دەڕوا و، بە شتێکی درۆی دادەنێ.

١٧- **(سَيد قُطب)** لە **(فِي ظِلاَلِ القُرآن)**دا(٦) ئەویش بە هەمان شێوە بە شتێکی هەڵبەستراو و بێ بنەمای دادەنێ.

---

(١) ج٣ ص٤٦٢.

(٢) ج١٧ ص١٧٦ - ١٨٦.

(٣) ج٦ ص٢٤٥.

(٤) ج٦ ص١٢٩.

(٥) ج٦ ص٤٤٩ - ٤٦٦.

١٨- **(الإستِيعَاب فِي بَيانِ الأسباب)** هەردوو نووسەر: **(سَليم بنُ عَبيد الهِلالي وَمحَمَّد بنُ مُوسَى آل نَصر)**⁽¹⁾ بە هەمان شێوە زۆری لەسەر دەڕۆن، کە بێ بنەمایە.

١٩- **(البَحرُ المَديد فِي تَفسيرِ القُرآنُ المَجيد)**ی **(إبنُ عَجِيبة)**⁽²⁾ بەهەمان شێوە بەدرۆ و بێ بنەمای دادەنێ.

٢٠- **(الشَّيخ مُحَمَّد عَبده)**، **(إعرَابُ القُرآن)**⁽³⁾، ئەم تەعبیرەی لێ دەخوازێتەوە دەڵێ: **(وَلَو صَحَّ مَا قَالَ نَقَلَةُ قِصَّةِ الغَرَانيق، لآرْتَفَعَتِ الثِّقَةُ بِالوَحِي، وَانتَقَضَ الإعتِمَادُ عَلَيهِ كَمَا قَالَهُ البَيضَاوي وَغَيرُهُ، وَلانهَدَمَ أَعْظَمُ رُكن لِلشَرَائِع الإلهِيَّةِ وَهُوَ العِصْمَة)**.

واتە: ئەوەی کە گواستەرەوانی بەسەرهاتی **(الغَرَانيق)**، گواستوویانەتەوە، ئەگەر ڕاست بووایە، متمانە بە وەحیی نەدەما و پشت پێ بەستنی هەڵدەوەشایەوە، هەروەک **(بَيضَاوي)** و غەیری ئەویش گوتوویانە و، مەزنترین پایەی بەرنامەکانی خوا ﷻ هەڵدەوەشایەوە، کە بریتیە لە پارێزرانی پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)**، لەوە کە شەیتان بتوانێ شتێکیان بخاتە سەر زمان.

دیارە ئەو سەرچاوانەی ئاماژەم پێدان هەموویان لە بارەی ئایەتەکەوە قسە دەکەن و، لە بارەی ئەو ڕیوایەتەوە، دەدوێن و بەو ئیعتیبارەش گوتم: ئەوانەی مانا و مەبەستەکانی قورئانیان ڕوونکردوونەوە، ئەگەرنا هەندێک لە سەرچاوەکان کە ئاماژەم پێدان، کتێبی سوننەتن، نەک تەفسیر بۆ وێنە: **(القَاضِي عِيَاض)** کە پێشتریش باسمان کرد، لە کتێبی: **(الشِّفَاء بِحُقُوقِ المُصطَفى)**دا، کە چوار بەرگە دەربارەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، سیرە و ژیانی و تایبەتمەندییەکانی، دەڵێ:

(هَذَا حَدِيث لَم يُخَرِّجهُ أَحَدٌ مِنْ أَهل الصِّحَّة وَلَا رَوَاه ثِقَة بِسَنَد سَلِيمٍ مُتَّصِلٍ، وَإِنَّمَا أُولِع بِهِ وَبِمِثْلِهِ الْمُفَسِّرُون وَالْمُؤَرِّخُون الْمُولَعُون بِكُلّ غَرِيب، قَالَ أَبُو بَكرُ البَزَّار: وَهَذَا الحَدِيْثُ لَا نَعلَمُهُ يُروَى عَنِ النَّبِي بِإسنادٍ مُتَّصِلٍ يَجوزُ ذِكرُهُ).

---

(١) ج٢ ص٥١٧ - ٥٣٠.

(٢) ج٤ ص٤٢٥ - ٤٢٦.

(قَاضِي عِيَاض) دەڵێ: ئەم فەرموودەیە، هیچ کەس لەوانەی کە فەرموودە ڕاستەکانیان هێناون، نەیانهێناوە و، هیچ کەس بە سەنەدێکی ڕاستی سەلامەتی پەیوەست نەیهێناوە، کە متمانە پێکراو بێ، بەڵکو ئەو توێژەرەوانەی قورئان و ئەو مێژوونووسانەی کە زۆر هۆگری شتی سەیر و سەمەرەن، ئەوانە زیاتر گرنگییان پێداوە، وەک ئەبوو بەکری بەززاریش گوتوویەتی: ئەم فەرموودەیە نەمانزانیوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە سەنەدێکی پەیوەست گێڕدرابێتەوە، کە دروست بێ باس بکرێ.

ئنجا **(القُرطُبي)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا(1)، بۆ ئەوە ئەگەر گریمان **(تَمَنَّىٰٓ)** بە مانای: **(تَلَى، قَرَأَ)** بێ، تەئویلێکی جوان دەکات و بە دڵمە، هەرچەندە وشەی **(تَمَنَّىٰٓ)** لە زمانی عەرەبیی دا بە مانای خۆزگە و ئاوات خواستن و خولیا هاتوە، نەک بە مانای خوێندنەوە، بەڵام گریمان ئەگەر بە مانای خوێندنەوەش بێ، ئەو تەئویلەی **(القُرطُبي)**م، زۆر بە دڵە کە دەڵێ:

(وَالَّذِي يَظْهَرُ وَيَتَرَجَّحُ فِي تَأْوِيلِهِ عَلَى تَسْلِيمِهِ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ كَمَا أَمَرَهُ رَبُّهُ يُرَتِّلُ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا، فَيُمْكِنُ تَرَصُّدُ الشَّيْطَانُ لِتِلْكَ السَّكَتَات، وَدَسُّهُ فِيهَا مَا اخْتَلَقَهُ مِنْ تِلْكَ الْكَلِمَاتِ، مُحَاكِيًا نَغْمَةَ النَّبِيِّ ﷺ، بِحَيْثُ يَسْمَعُهُ مَنْ دَنَا إِلَيْهِ مِنَ الْكُفَّارِ، فَظَنُّوهَا مِنْ قَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ وأَشَاعُوْهَا).

واتە: ئەوەی کە دەردەکەوێ و زاڵە لە ماناکردنی ئەوەدا {لەسەر گریمانەی ئەوە کە **(تَمَنَّىٰٓ)** بە مانای خوێندنەوە بێ و، پێغەمبەر ﷺ شتی وای بەسەر زماندا هاتبێ، یان شتی وای بەدەمەوە گوترابێ} ئەوەیە کاتێ خوا ﷻ فەرمانی پێکردوە قورئان بخوێنێ، شەیتان لە کەمیندا بووە و لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ جارجار وەستاوە، کە ئایەتەکانی خوێندوون، {هەموویانی پێکەوە نەبەستوون و لەسەری ئایەتەکان و لە کۆتایی بڕگەکان دا وەستاوە} ئنجا لەو کاتی وەستانەدا، شەیتان ئەو وشانەی خستوونە نێو خوێندنەوەکە و، لاسایی ئاواز و دەنگی

پێغەمبەری ﷺ کردۆتەوە، بە شێوەیەک کە ئەوانەی نیزیک بوون، وایانزانیوە ئەوەش قسەی پێغەمبەرە ﷺ، {لە حاڵێکدا کە قسەی پێغەمبەر نەبووە و ﷺ دەنگی ئەو نەبووە و دەنگی شەیتان بووە و ویستوویەتی تێکەڵ بە دەنگی پێغەمبەری ﷺ بکات، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ وەستاوە بۆ پشوودانێک} ئنجا کافرەکانیش ئەوەیان وەرگرتوە و بڵاویان کردۆتەوە.

بەڵام وەک گوتم: لە ڕاستییدا ئێمە بێ نیازین لەو تەئویلەش، هەرچەندە تەئویلێکی تاکو ڕاددەیەک بەجێیە، بەڵام ئێمە بێ نیازین لەوەش، چونکە وشەی: (تَمَنَّىٰ) بە مانای (تَلَىٰ) نایەت، بەڵکو بە مانای خۆزگە خواستن و ئاوات خواستنە.

کورتەی واتایەکەی ئەوەیە: پێغەمبەر ﷺ ئاوات و، خۆزگەی خواستوە، خولیای بووە، کە ئەو ئایین و پەیام و بەرنامەیەی خوا ﷻ پێیدا ناردوە، بیگەیەنێ بە هەموو خەڵک و خەڵکەکە لێی وەربگرن، بۆیە عەجایب نیە کە جار جار پێغەمبەر ﷺ بیری کردبێتەوە لە هەندێک شێواز و هەندێک نامراز، کە هەر چۆن بێ ئەو هیدایەتە ئەو خەڵکە لێی وەربگرێ، ئنجا لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ لە بیرکردنەوە و خولیای ئەوەدا بووە، چۆن ئەو پەیامە هەرچی زووتر و زیاتر خەڵک لێی وەربگرێ و بیگەیەنێ، ڕەنگە بیری لە هەندێک شت کردبێتەوە و شەیتان دەرفەتی بینیبێ، جۆرێک لە دنەدان و خولیای خراپ بخاتە گەڵ خولیا و ناواتەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ناڕاست بن، بۆ وێنە:

أ- کاتێک پێغەمبەر ﷺ (عَبدُ الله ابن أُمِّ مَكتُوم) هاتوە بۆ خزمەتی، وەک لە سوورەتی (عَبَسَ)دا، خوا ﷻ ئاماژەی پێ دەکات: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ① أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ② ﴾، لەو کاتەدا سەرگەرم و سەرقاڵی قسە کردن بووە بۆ زلە زلانی قورەیش، ئەویش هاتوە، بۆ خزمەتی و گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ لەو ئایەتانەی خوا بۆی ناردووی، پێم ڕابگەیەنە، پێغەمبەری خواش ﷺ ڕووی لێ وەرچەرخاندوە و، ڕووی لێ گرژ کردوە، کە

ئەوە ئیجتیهادێک بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ، کە لەو کاتەدا ئەو سەرگەرمی قسەکردن لەگەڵ ئەو زلە زلانەیە، کە ئەگەر ئەوانە مسوڵمان ببن، پەیامەکە باشتر بڵاودەبێتەوە، ئیجتیهادی کردوە کە جارێ گوێ نەداتە (عَبدُ الله بن أُمّ مَكتُوم) و ڕووی لێ وەرگێڕێ، خواش ﷻ لەسەر ئەوە سەر زەنشتی کردوە، ئنجا ئەوە یەکێک بووە لەو شتانە.

ب- یان وەک پێشتر لە سووڕەتی (الأنعام)دا، باسمان کرد، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی کە بەیانیان و ئێواران لە خوا دەپاڕێنەوە، (ڕەزامەندیی و) ڕووی خوا و دیداری خوا بە ئاوات دەخوازن، دەریان مەکە لە کۆڕەکەی خۆت.

ئنجا وەک لەوێ باسمان کرد، هەندێک لە هاوەڵان دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەنگە شتێکی بەدڵدا هاتبی، کاتێک کافرەکان لە سەریان بە مەرج گرت و گوتیان: ئەگەر دەتەوێ ئێمە بێینە کۆڕ و مەجلیسی تۆ، با ئەو کۆیلە و ڕەش و ڕووتانە نەیەنە مەجلیس و کۆڕی تۆوە، ئنجا ئێمە دێین، ئەگەرنا ئێمە ئەوانە بە شایستەی ئەوە نازانین لە کۆڕ و مەجلیسی ئێمەدا دابنیشن، پێغەمبەریش ﷺ ڕەنگە شتێکی بە دڵدا هاتبێ وەک ئیجتیهادێک، بەڵام بەس خولیا بووە و جێبەجێی نەکردوە، خواش ﷻ فەرمووی: ئەوە مەکە و دەریان مەکە، وەک ئەوان دەڵێن، دووریان مەخەوە لە کۆڕ و مەجلیسی خۆت بۆ دڵڕاگرتنی ئەو کافرانە، ئنجا ئەو جۆرە ئیجتیهاد و بیرکردنەوە و خولیایانەی پێغەمبەر ﷺ بوون، کە شەیتان ویستوویەتی شتێکی خۆییان بخاتە گەڵ، نەک شەیتان شتێک بخاتە گەڵ ئایەتەکانی خوا ﷻ.

بۆیەش خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ يُحْكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ ﴾، واتە: خوا کاریگەریی و دەرهاویشتەی چاکی ئایەتەکانی خۆی قایم دەکات، کە بە هۆی خوتخوتە و خەیاڵ و خولیا و دنەدانەکانی شەیتانەوە، کاریگەریی ئایەتەکان بەلاڕێدا نەبردرێ، یاخود ئەو بیرۆکانەی شەیتان بڵاویان دەکاتەوە بۆ دژایەتیی ئایەتەکانی خوا ﷻ، خوا کارێکی کردوە و ویستوویەتی ئەو کاریگەرییە خراپانەی ئەو بیرۆکە خراپانەی شەیتان نەهێڵێ و، کاریگەریی ئایەتەکانی خۆی مەحکەم بکات.

مەسەلەی سێیەم:

بێبڕوایەکان لە بەرانبەر قوڕئاندا، هەر لە دوو دڵییدا دەبن، هەتا مەرگیان دێ، یان ئازاری ڕۆژێکی بێخێریان بۆ دێ، لەو ڕۆژەشدا حوکمڕانیی بەس هی خوا دەبێ و، پاش دادوەریی کردن، بڕوادارانی کردار باش لە بەهەشتە پڕ ناز و نیعمەتەکانی خۆیدا و، بێبڕوایەکانیش کە بە درۆ دانەری ئایەتەکانی خوان، سزایەکی ڕیسواکەریان بە ملدا دێ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً أَوۡ يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمٍ عَقِيمٍ ﴿٥٥﴾ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٥٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ ﴾، بەردەوام ئەوانەی بێبڕوان، لە بارەیەوە (لە بارەی قوڕئانەوە) لە دوو دڵییدان.

﴿ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ ﴾، لێی لە دوو دڵییدان، دوو دڵییەک کە هیچ پاساوێکی نەبێ، چونکە (مِرۡيَةٖ) بریتییە لە دوو دڵییەکی تایبەت، (المِريَـةُ: شَـكٌّ خَـاصٌ)، ئەویش ئەوەیە کە هیچ پاساوێک و هیچ بیانوویەک نەبێ بۆ ئەو دوو دڵییە، کە دەفەرموێ: ﴿ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُ ﴾، ڕاناوەکەی بە سیاق دەزانین دەچێتەوە بۆ قوڕئان، واتە: لە بەرانبەر قوڕئاندا لە دوو دڵییدان، هەندێکیش گوتوویانە: لە بەرانبەر پێغەمبەردا ﷺ، کە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە دەگونجێ، بەڵام وەک سەرنجدانی سیاقی ئایەتەکان، قسە لە بارەی قوڕئانەوەیە، واتە: زیاتر ئەو مانایە زاڵە کە لە بارەی قوڕئانەوە لە دوو دڵییدان.

٢)- ﴿ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً ﴾، بەردەوام دەبن لەسەر ئەو دوو دڵییە بێ پاساوە، تاکو (ٱلسَّاعَةُ)یان، بۆ دێ کتوپڕ، (ٱلسَّاعَةُ) واتە: ئاخیر زەمان، کە مەبەست پێی مەرگی خۆیانە، یاخود ئاخیر زەمانی گشتیی، کە بەسەر دنیادا دێ، بە کتوپڕیی.

٣)- ﴿ أَوۡ يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمٍ عَقِيمٍ ﴾، یاخود سزای ڕۆژێکی بێ خێر و نەزۆکیان بۆ دێ، (عَقِيْم) بە ئافرەتێک دەگوترێ: کە منداڵی نەبن و، خوازراوەتەوە بۆ نەگبەتیی و بێخێریی، چونکە کافرەکان بەپێی بۆچوونی هەڵەی خۆیان، ئافرەتی نەزۆکیان پێ بێ خێر و نەگبەت بوو، واتە: سزایەکیان بۆ دێ لە ڕۆژێکدا کە بنبڕ دەبن، بۆ ئەوان ئەو سزایە، سزایەکی بێ خێر و نەگبەتە.

٤)- ﴿ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ﴾، لەو ڕۆژەدا حوکمڕانیی و دەسەڵات تەنیا هی خوایە، ئەم تەنوینەی سەر ﴿ يَوۡمَئِذٖ ﴾، قەرەبووی ڕستەیەکە واتە: ئەو ڕۆژەی کە ئاخیر زەمانی تێدا دێ، یاخود ئەو سزا نەزۆکەی تێدا دێ، حوکمڕانیی تەنیا هی خوایە.

دەشگونجێ کە دەفەرموێ: ﴿ أَوۡ يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمٍ عَقِيمٍ ﴾، یان سزای ڕۆژێکی نەزۆکیان بۆ بێ، ئاماژە بێ بە ڕۆژی جەنگی بەدر، کە بۆ ئەوان ڕۆژێکی بێ خێر بوو، حەفتایان لێ کوژرا و، حەفتاشیان لێ بەدیل گیرا، دەگونجێ ئەمە هەواڵدان بە پەنهان و نادیار بێ، کە دوای دوو سێ ساڵ لە دابەزینی ئەم ئایەتانە، ئنجا جەنگی بەدر هاتۆتە پێش.

٥)- ﴿ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ ﴾، واتە: خوا ﷻ دادوەرییان لە نێواندا دەکات، دادوەریی واتە: لێکیان جیا دەکاتەوە، کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر ناهەقە.

٦)- ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، لە باخە پڕ نازونیعمەتەکان دان.

لە ئایەتی ژمارە (٥٠)دا، کە پێش ئەم ئایەتانە دابەزیوە، دەفەرموێ: ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴾، بەڵام لێرەدا لە ئایەتی (٥٦)دا

دەفەرموێ: ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، چونکە ئەو ئایەتەی پێشوو هەواڵدانە لە بارەی ژیانی دنیایانەوە، بەڵام ئەمەیان هەواڵدانە لە بارەی قیامەتەوە، وەک (**الخَطيبِ الإسكَافِي**) لە (**دُرَّةُ التَّنزِيل وَغُرَّةُ التَّأوِيل**)دا(١) وایگوتوە، واتە: ئەوەی پێشێیان باسی ژیانی دنیا و سەرەنجامی ژیانی دنیایان دەکات، بۆیە فەرموویەتی: لێبوردنیان بۆ هەیە و بژێویکی پڕ ڕێز و حورمەت، بەڵام ئەمەیان باسی ڕووداوەکانی ڕۆژی قیامەت و هەڵسانەوە دەکات، بۆیە دەفەرموێ: لە نێو باغ و بێستانە پڕ ناز و نیعمەتەکاندان، ئەدی ئەوانەی بێبڕوان چۆنن؟

٧)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوا بوون بە ئایەتەکانی ئێمە، بێبڕوا بوون بە پێغەمبەران و، ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناون.

﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، ئا ئەوانە سزایەکی ڕیسواکەر و زەبوونکەریان بۆ هەیە، (مُّهِينٌ) واتە: (مُذِلّ) یان (مُخْزِي) واتە: سزایەکە بۆ جەستەیانە، بەڵام ڕیسواکردن و زەبوونییەکە بۆ ڕووحیانە و، هەم لە ڕووی جەستەییەوە سزا دەدرێن، سزای جەستەیی و ماددیی و، هەم سزای مەعنەویی و ڕووحیی دەدرێن، کە لەوێدا ڕیسوا و زەبوون و شەرمەزار دەبن.

مەسەلەی چوارەم:

کۆچکەرانی ڕێی خوا ﷻ بکوژرێن یان بمرن، باشترین بژیویان لە لای خوا هەیە و، دەیانخاتە جێگا و ڕێگایەکی دڵ پەسەندیان، هەر کەسێکیش دوای سزادانی ئەوانەی سزایان داوە، ستەمی لێ بکرێ، خوا ﷻ پشتی دەگرێ و سەری دەخات:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٥٨ لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ ٥٩ ذَٰلِكَۖ وَمَنۡ عَاقَبَ بِمِثۡلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيۡهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ٦٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، هەروەها ئەوانەی کۆچیان کردوە لەڕێی خوادا.

٢)- ﴿ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ﴾، دوایی کوژراون، یاخود مردوون.

٣)- ﴿لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗا﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ بژیوێکی زۆر باشیان پێ دەدات.

٤)- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾، مسۆگەر خوا ﷻ باشترینی بژیودەران و ڕۆزیدەرانە.

ئەم ئایەتە موبارەکە کە ئایەتی ژمارە: (٥٨)ە، لە سوورەتی (الحج)دا، زەمینە خۆشکەر و ڕێ ئاچووغکەرە بۆ مسوڵمانان، کە لەو ڕۆژگار و کاتەدا، لە مەککە لە سەغڵەتیی و تەنگانەیەکی زۆردا بوون، بە دەست ئەهلی کوفرەوە، ئنجا ئەمە

ئاماژە و زەمینـە خۆشـکەر و ڕێخۆشـکەریانە کـە کـۆچ بکـەن و، دوای کۆچکردنیـش جەنـگ و بەرخـۆدان بکـەن لـە پێنـاوی خـوادا و، دڵنیـاش بـن کـە ئەگـەر لـە ئەنجامی کـۆچ کردنەکەیانـدا بکوژرێـن، یاخـود بـە مردنـی ئاسـایی خۆیـان بمـرن، خـوا ﷻ لـە جیهانـی بـەرزەخ و لـە ڕۆژی دوایـی دا، باشـترین بژیویـان پـێ دەدات، کەواتـە: بـا دەربەسـت نەبـن، کـە ئـەو پێنـج و دوو ڕۆژەی ژیانـی دنیایـان لـە دەسـت دەچـێ، خـوا ﷻ زۆر بـە باشـتر بۆیـان قەرەبـوو دەکاتـەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا﴾، خـوا ﷻ بژیوێکـی باشـیان دەدات، ئەمـە دەگونجـێ هـەم مەبەسـت پێـی ژیانـی دنیـا بـێ و، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی ڕۆژی دوایـی بـێ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دەفەرمـوێ: ﴿ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوْ مَاتُواْ﴾، دوایـی کـوژران، یاخـود مـردن، کەواتـە: بـە پێـی سـیاقەکە، ئـەو مانایـە مسـۆگەر دەکات، کـە مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، چونکـە لـە دوای مـردن و کوژران، قۆناغـی بـەرزەخ و ڕۆژی دوایـی دێتـە پێـش و، بژیوێـک کـە بـە مـرۆڤ دەدرێ، لـە دوای مـەرگ و بـە جێهێشـتنی ژیانـی دنیایـە، ئەگەرنـا دەگونجـا بڵێیـن: مەبەسـت پێـی ئەوەیـە: ئەوانـەی لـە پێنـاوی خـوادا کـۆچ دەکـەن، خـوا ﷻ دەرووی خێریـان لـێ دەکاتـەوە و، بژیوێکـی باشـیان پـێ دەدات، بـا دەربەسـتی ئـەو زێـد و نیشـتیمان و کار و کەسـابەتە نەبـن، کـە بەجێـی دێڵـن، خـوا ﷻ بـە باشـتر بۆیـان قەرەبـوو دەکاتـەوە.

دەشـگونجێ مەبەسـت ئـەوە بـێ: ئەوانـەی لـە پێنـاوی خـوادا کـۆچ دەکـەن، ئەگـەر بمێنـن، خـوا ﷻ لـە دنیـادا بژیوێکـی باشـیان پـێ دەدات و، دەرووی خێریـان لـێ دەکاتـەوە و، ئەگـەر بشـکوژرێن یاخـود بمـرن، ئـەوە لـە ڕۆژی دوایـی دا، خـوا ﷻ بۆیـان قەرەبـوو دەکاتـەوە، وەک لـە سـوورەتی (النسـاء)دا، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِى ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ۝١٠٠﴾، واتـە: هـەر کەسـێک لـە پێنـاوی خـوادا کـۆچ بـکات، زێـد و کـەس و کار و وڵاتـی خـۆی بەجـێ بهێڵـێ، لەسـەر زەویـدا (واتـە: لـە غەیـری ئـەو شـوێنەدا کە بـە جێی هێشـتوە،

لەو شوێنەدا کە بۆی دەچێ)، ﴿ يَجِدۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُرَٰغَمٗا كَثِيرٗا وَسَعَةٗۚ ﴾، (مُرَاغَم) کۆی (مَرْغَم)ە، واتە: دەرفەتی وای بۆ هەڵدەکەوێ کە دوژمنانی پێ نارەحەت بێن و فراوانییشی دەست دەکەوێ، لە بژیو و، هاتن و چوون و ئەوانەدا، واتە: با دەربەست نەبێ، ئەوە بۆ دنیای، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَخۡرُجۡ مِنۢ بَيۡتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدۡرِكۡهُ ٱلۡمَوۡتُ فَقَدۡ وَقَعَ أَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۗ ﴾النساء، هەر کەسێک لە ماڵی خۆی بچێتە دەرێ، وەک کۆچ کردن بەرەو خوا و پێغەمبەری خوا، دوایی مردنی بگاتەسەر، ئەوە پادشتی کەوتۆتە سەر خوا ﷻ.

ئایەتەکەی سوورەتی (النساء) هەردوو حاڵەتەکان دەگرێتەوە، واتە: مرۆڤ کە لە پێناوی خوادا کۆچ دەکات، ئەگەر بمێنێ فراوانیی چنگ دەکەوێ و، حاڵەتێکی بۆ دێتە پێش کە دوژمنانی ناحەزانی پێی نارەحەت بن و لووتیان لە عەرز بچەقێ و، ئەگەر بشمرێ، ئەوە پاداشتی کەوتۆتە سەر خوا ﷻ، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ زیاتر باسی حاڵەتی دوای مەرگی کردوە، بۆیەش فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ ﴾، بەڵام بێگومان ئەوانەی کۆچ دەکەن لە پێناوی خوادا، هەموویان هەر ناکوژرێن و نامرن، بۆیە دەگونجێ بڵێین: ﴿ لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ ﴾، هەردوو حاڵەتەکە دەگرێتەوە، ئەگەر بمێنن خوا ﷻ لە دنیادا بژیوی باشیان دەداتێ و، ئەگەر بشکوژرێن یان بمرن، خوا ﷻ لە ڕۆژی دوایی و لە قۆناغی بەرزەخدا بژیوی باشیان پێ دەدات، ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ باشترینی بژیوودەران و ڕۆزییدەرانە.

٥)- ﴿ لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۗ ﴾، بە دڵنیایی دەیانخاتە نێو جێگا و ڕێگایەکەوە کە دڵپەسندیانە و لێی ڕازین.

وشەی (مُّدۡخَلٗا) بە (مَدْخَلاً)یش خوێندراوەتەوە: (لَيَدْخِلَنَّهُم مَدْخَلاً)، کە (مَدْخَل) لە: (دَخَلَ يَدْخُلُ مَدْخَلاً) هاتوە و (مُدْخَل) لە: (أدْخَلَ يُدْخِلُ مُدخَلاً) ئنجا (مَدْخَل) بێ، یان (مُدْخَل) بێ، یان بە مانای (إِدْخَال)ە، واتە: بردنە نێوێکی باش

دەیانباتە نێو جێگا و ڕێگایەکەوە، کە دڵ پەسندیانە، یاخود ناوی شوێن (اسم مَکان)ە واتە: دەیانخاتە جێگا و ڕێگایەکەوە، کە دڵ پەسندیانە، واتە: وشەی (مُدْخَل) یان بە مانای (إدْخَال)ە و چاوگە، بە بردنە نێوێکی باش دەیانخاتە نێو جێگا و ڕێگای دڵپەسندیان، یاخود ناوی شوێن (اسم مَکان)ە.

٦)- ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا زانای هێدیی و مەندە، زانایە بەئێش و ژان و موعاناتیان، کە لە شوێنی خۆیان و، لە زێدی خۆیان بە دەست کافرەکانەوە، ئێش و ژان و موعاناتیان بووە، بۆیە ناچار بوون وڵات و نیشتیمانی خۆیان جێبێڵن، ﴿ حَلِيمٌ ﴾، واتە: خوا هێدیی و مەندە، ئەگەرنا دەبوو ئەو کافرانەی ئەوانیان ئەزیەت داوە، یەکسەر قەلاچۆو بنبڕیان بکات.

یاخود: خوا هێدیی و مەندە بەرانبەر ئیمانداراننێکی کۆچکەر، کە ئەگەر کەم و کوڕیی و نوقسانییەکیان هەبێ، خوا ﷻ لەگەڵیاندا هێدیی و مەند و چاوپۆشییکارە.

ئنجا خوا ﷻ هەر لە هەمان سیاقدا، باسی مەسەلەیەکی دیکە دەکات، دەفەرموێ:

٧)- ﴿ ذَٰلِكَ ﴾،ئەوەی کە باسکرا بەو شێوەیە، لێرەدا وشەی (ذَٰلِكَ) کە چەند جارێک لەم سوورەتەدا دووبارە بۆتەوە، ئەمە وەک سەرنج ڕاکێشانێکە بۆ قسەیەک کە لەمەودوا دێ، واتە: ئەوەی کە ڕۆیشت بەو شێوەیە بە دڵنیایی، ئنجا گوێ بگرە بۆ ئەو قسانەی دواییش کە دێن، یاخود (ذَٰلِكَ)، بۆ جیاکردنەوەی دوو بابەتە، ئەو بابەتەی کە ڕابرد، ئەوە بەو شێوەیە بوو، ئنجا مەسەلەیەکی دیکەش دێتە پێش، گوێ بۆ ئەویش بگرە، کە دەفەرموێ:

٨)- ﴿ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ ﴾، هەر کەسێک سزا بدات بەو شێوەی کە سزادراوە، دوایی دەستدرێژی بکرێتە سەر، بە پێی سیاقی ئایەتەکان، یانی: هەر کەسێک جەنگ لەگەڵ کافرەکان بکات، وەک چۆن ئەوان شەڕیان پێ فرۆشتوە و گێچەڵیان پێکردوە، ئەویش بەرگریی لە خۆی بکات، دواییش دەستدرێژیی بکرێتە

سەر، کە پێشتر سزادراوە لە لایەن کافرەکانەوە و گێچەڵ و تەشقەڵەی پێکراوە، ئەویش بەرگریی لە خۆی کردوە و، تۆڵەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام دووبارە دەستدرێژیی بکرێتە سەر.

٩)- ﴿ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ پشتی دەگرێ و سەری دەخات.

١٠)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾، بێگومان خوا ﷻ چاوپۆشییکاری لێبوردەیە.

شایانی باسە: ئەم ئایەتە موبارەکە وەک ئەو ئایەتەی سوورەتی (الشورى) دەچێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَا ٤٠ ﴾، واتە: سزای خراپەیەک خراپەیەکی وەک خۆیەتی، واتە: کەسێک تۆ ئەزیەتبدات، تۆش بۆت هەیە ئەو ئەزیەت بدەیەوە، وەک هەر جۆرێک لە ئەزیەتدان، بۆ وێنە: کەسێک قسەیەکت پێ دەڵێ، تۆش بۆت هەیە قسەکەی پێ بڵێیەوە، یان: کەسێک حەقێکت لێ زەوت دەکات، تۆش بۆت هەیە هەقی خۆتی لێ بستێنیەوە، بەڵام لە هەموو حاڵاندا مەرج نیە، ئیسلام پێی خۆش بێ بەوجۆرە مسوڵمانان ڕەفتار بکەن، نەک لە نێو خۆیاندا، ئەوە هیچ، بەڵکو لەگەڵ دەرەوەی خۆشیان، چونکە هەر لە هەمان ئایەتدا کە ئەو ڕستەیەی تێدا هاتوە، باسی لێبوردن و چاکسازییش کراوە: ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٠ ﴾الشورى، واتە: سزای خراپەیەک خراپەیەکی وەک خۆیەتی، بەڵام هەر کەسێک چاوپۆشیی بکات و، چاکسازیی و چاکەکاریی بکات، ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، بەدڵنیایی ئەو ستەمکارانی خۆشناوێن. واتە: با خراپەشی بەرانبەر بکرێ، بەڵام ئەو ئەگەر لە جیاتی ئەوەی خراپەکە بکاتەوە - کە بۆشی هەیە - بەڵام لە جیاتی ئەوەی بە داد (عَدْل) ڕەفتار بکات و، ئەگەر بە چاکە (فَضْل) ڕەفتار بکات، چاوپۆشیی بکات و چاکەکاریی بکات، ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، ئەگەر تاقەتی بە خۆی بشکێ، ئەوە باشترە، بەڵام بە مەرجێک ئەو چاوپۆشیی کردن و چاکەکاریی کردنەی مسوڵمانی خراپە لەگەڵکراو و ستەم لێکراو، نەبێتە

هۆی شوول لێهەڵکێشان و زیاتر بوغڕا بوونی بابای خراپەکار، ئەگەرنا ئەو کاتە ئەو چاوپۆشیی کردن و چاکە لەگەڵدا کردنە، جێی خۆی ناگرێ و خاوەنەکەی لەسەری قەرزدار دەبێتەوە، بۆیە گوتراوە: (لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَال)، بۆ هەر شوێنە قسەیەک هەیە و، یاسایەک هەیە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ﴾، وەک یاسایەکی گشتیی خوا ﷻ فەرموویەتی: هەر کەسێک بەرانبەرەکەی خۆی سزا بدات، وەک چۆن سزا دراوە.

یانی: ئەوە یاسایەکی گشتییە و مرۆڤ بۆی هەیە وەک چۆن سزای دەدەن، سزا بداتەوە، بەڵام بە تەماشا کردن و تێوەڕامانی بارودۆخ و هەلومەرجی ئەم ئایەتانە، کە قسەیان لێدەکەین، دەزانین کە مەبەست پێی مسوڵمانانێکی ناچارکراو بۆ کۆچ کردن و، زێد و نیشتیمانی خۆ بەجێهێشتنە.

ئنجا ئەوە ئاماژەیە بەوەش کە مسوڵمانان ئەگەر دوای ئەوەی، زێد و نیشتیمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن، ئنجا چ کاتی خۆی، کە مەککەیان بەجێهێشتوە و چوون بۆ مەدینە، چ لە هەر هەلومەرجێکی دیکەدا، مسوڵمانان ناچار بن، زێد و نیشتیمانی خۆیان جێبهێڵن و، کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی دیکە، ئەگەر ئەوانەی ناچاریان کردوون، ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و، دەریان کردوون، بە پێی بۆ لوان و توانای خۆیان، سزایان بدەن و تۆڵەی خۆیانیان لێ بکەنەوە، شتێکی ڕەوایە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ﴾، بەڵام کەسێک کە سزای بەرانبەرەکەی داوەتەوە، لەسەر ئەوەی سزا دراوە، بەو شێوەیەی کە سزا دراوە، ئەویش تۆڵەی خۆی لێکردۆتەوە، کە چی دووبارە دەستدرێژیی دەکرێتەوە سەر: ﴿لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ پشتی دەگرێ و سەری دەخات، یانی: با بە چۆک دانەیەت و تەسلیم نەبێ، کە ئەمە دەگونجێ مەبەست پێی ئەوە بێ: دوای ئەوەی مسوڵمانان کۆچ دەکەن و ئەو شوێنەی کە لێینی، بەجێی دەهێڵن و دەچن بۆ

شوێنێکی دیکە، لەوێش ئەگەر مسوڵمانان هەوڵ بدەن، تۆڵەی خۆیان بستێننەوە و بەشێک لە حەقی خۆیان لە کافرەکان وەربگرنەوە، شتێکی ڕەوایە، هەروەک چۆن دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ و مسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ مەدینە، ئەوە بوو ڕێیان لە کاروانی قوڕەیشییەکان دەگرت، تاکو بەشێک لە ماڵ و سامانیان، کە کافرەکان لێیان زەوت کردن و ناچاریان کردن جێی بهێڵن، لێیان بستێننەوە و بیگێڕنەوە، بەڵام کافرەکان لەوێش دووبارە دەهاتنەوە سەریان، وەک لە جەنگەکانی بەدر و ئوحود و ئەحزابدا، ڕوویدا، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر دوای ئەوەی بەشێک لەو هەقەی خۆتان لەوان دەستێننەوە، کە چی دووبارە ئەوان دەستدرێژییتان دەکەنەوە سەر، دڵنیابن کە خوا ﷻ سەرتان دەخات و پشتتان دەگرێ.

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ چاوپۆشییکاری لێبوردەیە، واتە: خوا ﷻ چاوپۆشییکارە بەو شێوەیەی کە ڕێگەی نەداوە بە دادگەریی نەبێ، سزای کەسێک بدەی، کە سزای داوی و، لێبوردەشە بۆ کەسێک کە واز لە ستەم و لە دەستدرێژیی و خراپەکاریی دێنێ.

دەڵێن: کاتی خۆی پرسیار لە کیسرا (پادشای فارس) کراوە: (**بِمَ دَامَ مُلْكُكُم؟ فَقَالَ: لأَنَّنَا نُعَاقِبُ عَلَى قَدَرِ الذَّنبِ، لَا عَلَى قَدَرِ الغَضَبِ**)، واتە: چۆن حوکمڕانیی ئێوە بەردەوام بووە؟ گوتوویەتی: لەبەر ئەوەی ئێمە بە ئەندازەی گوناهێک کە دەکرێ، بابای خراپەکار سزا دەدەین، نەک بە ئەندازەی توڕەبوونی خۆمان.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾، دەشگونجێ ئەمە ئاماژە بەوە بێ کە کافرەکان و، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ئارەزوومەند بکرێن و، هانبدرێن کە بگەڕێنەوە و، دڵخۆشیش بکرێن بەوە کە خوا ﷻ چاوپۆشییشیان لێ دەکات و، لێشیان دەبووری.

هەروەها دەشگونجێ ئەمە ئاماژەبێ بۆ مسوڵمانانی کۆچکەر لە پێناوی خوادا و، جەنگاوەر لەڕێی خوادا، کە ئەگەر کەم و کوڕیی و نوقسانییەکیشیان بێ، خوا ﷻ چاوپۆشییکار و لێبوردەیە بەرانبەریان.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

خستنەڕووی دوازدە (١٢) کرداری بێ وێنەی خوا و، سێزدە (١٣) سیفەتی بەرز و پەسندی و، سیفەتێکی زۆر خراپی مرۆڤی بێبڕوا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ (٦١) ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ (٦٢) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ مُخۡضَرَّةًۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ (٦٣) لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ (٦٤) أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦ وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ (٦٥) وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۗ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ (٦٦) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

١)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ ﴾، ئەم (ذَٰلِكَ)یە، وەک (ذَٰلِكَ)ی پێشێ نیە، (ذَٰلِكَ) واتە: بەم شێوەیە، ناوی ئاماژە (اسم إشَارَة)یە، بەڵام لێرەدا ئەمە وەک ئەوەی پێشێ نیە، بۆ لێک جیاکردنەوەی دوو قسان بێ، بەڵکو ئەمە ناوی ئاماژەیە بەوەی ڕابرد، واتە: ئەوە کە خوا ﷻ پشتی بڕوادارانی کۆچکەر و جەنگاوەر لە پێناوی خوادا دەگرێ و، سەریان دەخات، ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ ﴾، ئەو پشتگرتنی خوا ﷻ بۆ بڕوادارانی کۆچکەر و جەنگاوەر لە پێناوی خوادا، کە ستەمیان لێکراوە، بە هۆی ئەوەوەیە کە خوا ﷻ شەوگار دەخاتە نێو ڕۆژگارەوە.

٢)- ﴿ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ ﴾، هەروەها ڕۆژگاریش دەخاتە نێو شەوگارەوە، واتە: لە شەوگار کەم دەکات و دەیخاتە سەر ڕۆژگار، هەروەها لە ڕۆژگاریش کەم دەکات و

دەیخاتە سەر شەوگار، کە سەرەنجام شەو و ڕۆژ کورت و درێژ دەبن، یاخود شەوگار بە شوێنی ڕۆژگاردا دێنێ و، ڕۆژگار بە شوێنی شەوگاردا دێنێ، مانای وشەی (إیلاج) ئەوەیە کە بە ئەسپایی و بەنەرمیی و، بە پەنهانیی شتێک بخرێتە نێو شتێکەوە، ئەوەش کە شەوگار و ڕۆژگار دەخرێنە نێو یەک، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی پەنهان و نەرم کە هیچ دەنگی نەیەت شەوگار بە شوێنی ڕۆژگاردا دێ و، ڕۆژگار بە شوێنی شەوگاردا دێ، وەک لە سووڕەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا ٥٤ ﴾، بە خێرایی بەدوای دادێ، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد: زەوی لە هەر خولەکێک دا (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ لە سووڕانەوەی بە دەوری خۆیدا، هەروەک لە هەر چرکەیەکیشدا (٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ لە سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا، واتە: جووڵەی زەوی لە سووڕانەوە بە دەوری خۆردا (٦٠) ئەوەندەی جووڵەی زەوی لە سووڕانەوە بە دەوری خۆیدا، خێرایە، بەڵام ئێمە گوێمان لە دەنگە دەنگ و، هەرا هەرا و، فڕکە فڕک نابێ، چونکە زۆر بە نەرمیی ئەوە ئەنجام دەدرێ، چونکە ئەگەر گوێمان لەو هەموو دەنگە دەنگی سووڕانەوە ببووایە، وەک هی فڕۆکە، دیارە مرۆڤ ژیانی لەسەر زەوی نەدە بوو، بەڵام ئاگامان لەوە لە هیچی نیە و گوێبیستی نابین.

ئنجا ئەمە ئاماژەشە بەوە کە وەک چۆن شەوگار دەچێتە نێو ڕۆژگارەوە و ڕۆژگار درێژ دەبێ لەسەر حیسابی شەوگار، هەروەها دواییش ڕۆژگار دێتە نێو شەوگارەوە و شەو درێژ دەبێ لەسەر حیسابی ڕۆژ، بە هەمان شێوە ڕۆژەکانیش لە نێوان خەڵکدا دەستا و دەست دەکەن، ڕۆژێک ئەم سەر دەکەوێ و، ڕۆژێک ئەو سەر دەکەوێ، ئەمەش دڵدانەوەیەکە بۆ بڕواداران، کە ئەگەر کافرەکان ئێستا ئێوەیان ناچارکردوە، زێد و نیشتیمانی خۆتان بەجێ بهێڵن، وامەزانن دنیا هەروا دەبێ، کاتێکیش دێ ئێوە جێ بەوان لێژ دەکەن، کە هەر واش بوو، ئەوە بوو مسوڵمانان دوایی چوون مەککە و هەموو دوورگەی عەرەبیی و، دواییش نیوەی دنیایان خستە ژێر سایە و سێبەری پڕ فەڕ و بەرەکەتی ئیسلامەوە.

کەواتە: بۆیە خوا ﷻ پشتی مسوڵمانانی کۆچکەر دەگرێ، چونکە خوا ﷻ هەموو گەردوونی بەدەستە و، شەوگار و ڕۆژگار بەدەوری یەکدا دێنێ، زەوی و مانگ و خۆر

دەخولێنێتەوە، ئەستێرەکان هەموویان لە سوورگەی خۆیاندا دەخولێنەوە، خوا ﷻ هەمەکارەی کەون و کائیناتە، کەواتە: ئەی بڕوادارینە! ئەی مسوڵمانانی مەزڵوومی ستەملێکراوی، نیشتیمانی خۆبەجێهێڵەری ناچارکراو بە کۆچ کردن! دڵ لە دڵ مەدەن و ناڕەحەت مەبن، چونکە ئێوە خوا لە پشتتانە، کە هەمەکارەی گەردوونە.

٣)- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾ ئەوەی ڕابرد بە هۆی ئەوەوەشە کە خوا بیسەری بینەرە، بیسەرە هەموو دەنگەکان دەبیستێ و، بینەریشە هەموو شتەکان دەبینێ، بیسەرە بە شەو و بە ڕۆژ و، بینەرە بە شەو و بەڕۆژ، دەشگونجێ بڵێین: لە تاریکایی شەودا خوا دەنگەکان دەبیستێ و، بە ڕۆژی ڕوونیش دەبینێ، هەڵبەتە بینینی خوا ﷻ ڕووناکیی و تاریکیی، کاریگەریی لەسەر نیە، خوا ﷻ سیفەتی دیتنی هەیە بە ڕەهایی و، سیفەتی بیستنی هەیە بە ڕەهایی و، هیچ شتێک نابێتە پەردە و دیوار لە نێوان ئەوەدا کە خوا هەموو دەنگەکان ببیستێ و، هەموو ڕەنگەکان و دیمەنەکان ببینێ.

دەشگونجێ کە دەفەرموێ: خوا شەوگار و ڕۆژگار دەخاتە نێو یەک و، بە دوای یەکیاندا دێنێ، ئاماژەش بێ بەوە کە شەوگار ڕەمزی کوفر و ستەم و خراپەیە و، ڕۆژگاری ڕوونیش ڕەمز و هێمای ئیسلام و ئەو دادگەریی و خێر و بەرەکەتەیە، کە ئیسلام لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ.

٤)- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ﴾، ئەم (ذَٰلِكَ)یە، دووبارە کردنەوەی ئەوەی پێشێیە، واتە: ئەوەش بەهۆی ئەوەوە خوا ﷻ پشتی بڕواداران دەگرێ و سەریان دەخات، کە هەر خوا هەقە، هەر بۆیەش نە (و) نە (ف) بۆ بادانەوە (عَطف) بەکارنەهاتوون: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ﴾، ئەویش بە هۆی ئەوەوەیە کە بەس خوا هەقە، هەقیش بریتیە لە شتێکی چەسپاو، (**الحَقُّ: هُوَ المُطَابِقُ لِلوَاقِعِ أي: الصِّدْقُ مَأخُوذٌ مِنْ حَقَّ الشَّيءُ: أي ثَبَتَ، أي: حَقٌّ فِي الإلهِيَّةِ**)، (حق) بریتیە لە شتێک کە لەگەڵ واقیعدا پڕ بە پێست بێ، واتە: ڕاست، لەوەوە هاتوە: (**حَقَّ الشَّيءُ أي: ثَبَتَ**)، شتەکە چەسپا، یانی: پەرستراویەتیی خوا و، پەروەردگارێتیی خوا هەقە و، چەسپاوە.

٥)- ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ﴾، هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ش كه له جیاتی خوا و، له خوار خواوه لێی ده‌پاڕێنه‌وه، هه‌ر ئه‌وه ناهه‌قه، پووچه، بێ بنه‌مایه، واته: هه‌قیه‌تیی خوا و، پووچیه‌تیی په‌رستراوه‌كان، هۆكاری ئه‌وه‌یه كه خوا ﷻ بڕواداران سه‌ر ده‌خات و پشتیان ده‌گرێ و، بێبڕوایانی سته‌مكار ژێر ده‌كه‌ون و نابووت ده‌بن.

ئه‌م: ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾، خوێندراویشه‌ته‌وه: (وَأَنَّمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ)، كه ئه‌مه ئاوڕدانه‌وه‌یه له بێبڕوایه‌كان، كه: ئه‌وه‌ی ئێوه لێی ده‌پاڕێنه‌وه ئه‌ی بێبڕوایان! نا هه‌قه و، پووچه، به خوێندنه‌وه‌كه‌ی دیكه‌ش: ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ﴾، واته: ئه‌وه‌ی بێبڕواكان لێی ده‌پاڕێنه‌وه، پووچ و بێ بنه‌مایه.

٦)- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ﴾، به دڵنیایی هه‌ر خوا به‌رزی گه‌وره‌یه، به‌رزه به ڕه‌هایی، گه‌وره‌یه به ڕه‌هایی، به‌رزیی خوا ﷻ خوازراوه‌ته‌وه بۆ شكۆ و تێر و ته‌واویی خوا ﷻ، هه‌روه‌ك گه‌وره‌یی خواش خوازراوه‌ته‌وه، بۆ ئه‌وه كه ده‌سه‌ڵات و ویستی خوا ﷻ ڕه‌هایه و، بێ سنووره و، هیچ په‌رچ و له‌مپه‌رێكی نایه‌ته به‌ر.

نوكته‌یه‌كی ڕه‌وانبێژیی:

(الخَطِيبُ الإسْكَافِي) له كتێبه‌كه‌ی خۆی(١)دا، به‌راوردێك ده‌كات له نێوان ئه‌م ئایه‌ته‌ی سووره‌تی (الحج)دا، كه ده‌فه‌رموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾﴾ و، ئه‌و ئایه‌ته‌ی سووره‌تی (لقمان)دا، كه خوا ﷻ ده‌فه‌رموێ: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٠﴾﴾.

كه له ئایه‌ته‌كه‌ی سووره‌تی (لقمان)دا، وشه‌ی (هُوَ)، نیه، ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ ﴿٣٠﴾﴾، به‌ڵام له هی سووره‌تی (الحج)دا، ده‌فه‌رموێ: ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ﴾، ئنجا ئایا ئه‌وه هۆكاره‌كه‌ی چیيه؟!

---

(١) [illegible] ٣١٧ - ٣١٨

دەڵێ: هۆیەکەی ئەوەیە کە لە سوورەتی (الحج)دا، شەش جەختکردنەوە (تأكيد) هاتوون، لەپێش ئەو ڕستەیەدا، بۆیە خوا ﷻ بە یەک شێوە هەموویانی هێناوە، چونکە ئەم (هُوَ)، بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە، بۆ ئەوەی لە ڕیزی ئەوانەی پێش خۆی، ڕیزپەڕ نەبێ، با تەماشا بکەین:

١- خوا ﷻ لە پێش ئەم ئایەتەدا، دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوۡ مَاتُواْ لَيَرۡزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ﴾، (لَيَرۡزُقَنَّهُمۡ) ئەمە هەم (ل)ەکە، هەم (ن)ەکە، بۆ جەختکردنەوەن.

٢- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾، هەروەها بە دڵنیایی خوا ﷻ باشترین بژیوەدەرە.

٣- ﴿لَيُدۡخِلَنَّهُم مُّدۡخَلٗا يَرۡضَوۡنَهُۥۚ﴾، بە دڵنیایی دەیانخاتە نێو جێگە و ڕێگەیەکەوە کە دڵپەسندیانە.

٤- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٞ﴾، بە دڵنیایی خوا زانای هێدیی و مەندە.

٥- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ﴾، ئەوەش بە هۆی ئەوەوەیە کە هەر خوا هەقە.

٦- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ﴾، بە دڵنیایی بەس خوا بەرزی گەورەیە.

بۆیە ئەوەش لە ڕیزی ئەواندا هاتوە و دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ﴾، واتە: ئەوەی کە لە جیاتی خوا ﷻ لێی دەپاڕێنەوە، هەر ئەو ناهەق و پووچە، کەواتە: لە هەر شوێنێکدا خوا ﷻ وشەیەک و تەعبیرێک بەکاردێنێ، کە لەگەڵ ئەو سیاقەدا کە تێیدا هاتوە، گونجاو بێ.

پاشان خوا دەفەرموێ:

٧)- ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ﴾، ئایا نابینی، سەرنج نادەی، کە خوا ﷻ لە ئاسمانەوە، لە سەرێوە ئاوی دابەزاندوە؟ وەک زۆرجاران گوتوومانە: ئەگەر فەرمووبای:

(مَطَر) هەر بارانی دەگرتەوە و، ئەگەر فەرمووبای: (ثَلْج) هەر بەفری دەگرتەوە و، ئەگەر فەرمووبای: (بَرَد) بەس تەرزەی دەگرتەوە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾، لە سەرێوە، لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندوە، بۆ ئەوەی هەم باران و، هەم بەفر و، هەم تەرزە و، هەم هەڵمی ئاو و، شەونم و ئەوانەش بگرێتەوە.

ئینجا لێرە بەولاوە خوا ﷻ چاکە و نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە بیرمان: ئایا کە خوا ﷻ لەسەرێوە ئاوی دابەزاندوە، چی پێکردوە؟

٨)- ﴿فَتُصْبِحُ ٱلْأَرْضُ مُخْضَرَّةً﴾، یەکسەر زەوی سەوز هەڵگەڕاوە، واتە: پڕ بووە لە ڕووەک دار و درەخت و شینایی و، باغ و بێستان، وشەی (تُصْبِحُ) کرداری ئێستایە (فِعل مُضارِع)ە و، بۆ ئەوەیە دیمەنەکەت بخاتە بەرچاو، کە تۆ دەیبینی، دوای ئەوەی ئاو دێتە خوار لە ئاسمانەوە، ئەو سەر زەوییە وشک و برینگ و، قاقڕەی پێ سەوز هەڵدەگەڕێ، سەوز دەنوێنێ، کە پێشتر ڕەنگێکی پەژموردە و ڕەنگێکی زەردباوی هەبووە، ئینجا سەوز هەڵدەگەڕێ و ژیانی تێدەگەڕێ.

٩)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾، بە دڵنیایی خوا پەنهانکاری شارەزایە، زۆر بە پەنهانیی کارەکانی خۆی دەکات، بە بێ تەقە و ڕەقە و، بەبێ هەرا و هۆریا، ئەو ئاوە دێتە خوارێ، بە شێوەی باران و بەفر و تەرزە دێتە خوار و، زەوی پێ زیندوو دەبێتەوە و، سەوز هەڵدەگەڕێ.

١٠)- ﴿لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، هی ئەوە، ئەمیش دیسان بانەدراوەتەوە سەر ڕستەکانی پێشێ، واتە: نە (و) نە (ف) نە (ثُمّ)ی بۆ بەکارنەهاتوون، بۆچی؟ چونکە ئەمە باسکردنی شتێکی گشتییە، لە دوای شتە تایبەتەکان، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، موڵکی ئەوە.

١١)- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ﴾، بە دڵنیایی هەر خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە، دەوڵەمەندە پێویستیی بە جگە لە خۆی نیە و، ستایشکراویشە، لەسەر ئەو هەموو چاکە و نیعمەتانەی، کەواتە: ئەو کافرانە ئەگەر ستایشیشی نەکەن و،

شوکرانەبژێریی بۆ نەکەن، خوا ﷻ چ زۆرە دروستکراوانی دیکەی زۆرن، کە ستایشی دەکەن لە فریشتەکان و، لە جند و مرۆڤی مسوڵمان و، لەو هەموو ژیاندارانە و، ئەو هەموو دروستکراوانەی خوا ﷻ، کە وەک لە سووڕەتی (الإسراء)دا، دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ (٤٤)﴾، واتە: هیچ شتێک نیە کە خوا بە پاک نەگرێ و ستایشی نەکات، بەڵام ئێوە لە پاکگرتن و ستایشکردنەکەیان تێناگەن.

نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی:

دیسان (الخَطيبُ الإسكافي) لە: (دُرَّةُ التَّنزِيل وَغُرَّةُ التَّأوِيل)(١)دا، بەراوردێکی دیکە دەکات لە نێوان ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ﴾ و ئەو ئایەتەی سووڕەتی (لقمان)، کە دەفەرموێ: ﴿لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ (٢٦)﴾، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ویە، بەڵام لە سووڕەتی (لقمان)دا، دەفەرموێ: ﴿لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ (٢٦)﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هی خوایە، هەروەها لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ﴾، واتە: بە دڵنیایی هەر خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە، بەڵام لە سووڕەتی (لقمان)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ (٢٦)﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە.

هۆکارەکەشی هەر ئەوەیە کە لە سووڕەتی (الحج)دا، هەموو ڕستەکان بە جەختکردن (تأكيد)ەوە هاتوون، بۆیە ئەمیش واهاتوە، تاکو وەک ڕستە و بڕگەکانی پێشوو بێ، بەڵام لە سووڕەتی (لقمان)دا بەو شێوەیە نیە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾ چ لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾، چ دواتر کە دێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا

فِي ٱلْأَرْضِ﴾، ئەمە هەمووی: (الإستِفهَامُ الإنكَاريُّ لأنه نُزِّلَت غَفْلَةُ كَثِيرٍ مِنَ النَّاسِ عَنِ الإعتِبَارِ بِهَذِهِ النِّعْمَةِ وَالإعْتِدَادِ بِهَا، مَنْزِلَةَ عَدَمِ العِلْمِ بِهَا فأُنكِرَ ذَلِك)، ئەم پرسیارکردنە کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾، ئایا نەتبینیوە؟ یان سەرنجت نەداوە، یانی: بە چاوی سەر نەتبینیوە، یان بە چاوی عەقڵ و دڵ، ئەمە پرسیارکردنێکی نکووڵیلێکەرانەیە، چونکە بێ ئاگایی زۆرێک لە خەڵک لەو چاکە و نیعمەتانەی خوا ﷻ، وەک نەزانیی و بێ ئاگایی ئەوان دانراوە، ئنجا ئەوەش نکووڵیلێکراوە، کە چۆن دەبێ شتی وا نەزانن؟!

١٢)- ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، ئایا سەرنج نادەن، نابینن، کە خوا ﷻ هەرچی لە زەویدایە، بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردوە؟ وشەی (تَسْخِير) لە ئەصڵدا بریتیە لە ئاسانکردنی لێ بەهرەمەند بوون، بۆ شتێک کە جۆرێک لە چەمووشیی و جۆرێک لە ئامادە نەبوون و لاملیی تێدا بێ، بەڵام دوایی بەکارهێنراوە بۆ هەموو جۆرە ئاسانکارییەک کە تۆ بەهۆیەوە بەهرەمەند ببی لەو شتانە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، ئایا سەرنج نادەی ئەی مرۆڤ! بە چاوی عەقڵ و دڵ، یان بە چاوی سەر نابینی؟ کە خوا ﷻ هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی دەستەمۆ و ملکەچ کردوە، بۆی ڕام کردوون؟

أ- ئینسان ئەگەر بیر بکاتەوە: ئەو زەوییە کە ئێمە لەسەری دێین و دەچین، ئەگەر ئەو توێخە زەوییە، ئەو خۆڵ و گڵە، ئەگەر ئاسن، تەنانەت مس، بەڵکو هەمووی زێڕ بووایە، یان زیو بووایە، ئەو کاتە دەنکە تۆیەکی سەوز نەدەکرد، بەڵام خوا ﷻ ئەو زەوییە، توێژی سەرەوەی کردوە بە گڵ، بۆ ئەوەی بگونجێ دار و درەخت و میوە و، سەوزە و دانەوێڵەی لەسەر بڕوێ.

ب- پاشان ئەگەر ئینسان بیهێنێتە بەرچاوی خۆی: ئەگەر ئاویش وەک گڵ بووایە، کەشتیی لەسەر گڵ ناڕوا، یان وەک بەرد بووایە، بەڵام ئاو ماددەیەکی شلە، کە دەگونجێ کەشتیی لەسەری بڕوا.

ج- یان ئەگەر ئینسان وێنا (تصوّر) بكات، كە بەرگە هەواش وەک ئاو بووایە، ئەو كاتە ئەو سوود و كەڵكانەی كە ئێستا ئێمە لە بەرگەهەوا، یان لەبەرگە ئاویی وەریدەگرین، یان لەو بەرگە گڵییەی كە هەیە بە دەوری زەویدا، بە تەئكید ئەو بەهرانەمان لێوەرنەدەگرتن.

د-ئنجا ئینسان زۆرجاران بە سادەیی و سەركێڵیی تەماشای شتەكان دەكات، ئەگەر ئینسان ڕامێنێ دەزانێ: ئەو شتانەی مرۆڤ زیاتر و بەپەلەتر پێویستیی پێیانە، خوا ﷻ زۆرتری كردوون:

١- لە دوو سێ خولەک زیاتر مرۆڤ بەبێ هەوا ناژی، بۆیە خوا ﷻ هەموو گۆشە و كەنارێكی ئەم زەوییەی پڕ كردوە لە هەوا.

٢- ئنجا لە دوای هەوا، مرۆڤ زیاتر پێویستیی بە ئاوە، ئاویش لە زۆر شوێنان هەیە.

٣- ئنجا دوایی پێویستیی بە گڵە، گڵیش لە زۆر شوێنان هەیە.

٤- ئنجا پێویستیی بە خواردنەكانە، ئەو خواردنانەش دەگونجێ لە زۆر شوێنان پەیدا بن، بە ئەندازەی ئەوە كە شتەكان زۆر پێویستن، خوا زۆری كردوون، كەمتر پێویست بن، كەمتری كردوون، بۆ وێنە: كانزای زێڕ و زیو، مرۆڤ زۆر پێویستیی پێیان نیە، چونكە ژیانی پەكی لەسەریان نەكەوتوە، بەڵام بۆ خۆ ڕازاندنەوەن، بۆیە لە چەند شوێنێكی دیارییكراودا هەن! بۆیە كە دەفەرموێ: دەستەمۆ و ملكەچم كردووە، واتە: بۆم وا لێكردوون كە بتوانن لێی بەهرەمەند بن.

١٣)- ﴿ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ﴾، واتە: كەشتییەكانیشی بۆ ڕام و، دەستەمۆ كردوون، كە بە مۆڵەتی خوا ﷻ بە دەریادا دەڕۆن.

(أَمْر) لێرەدا مەبەست پێی (أَمْر)ی تەكوینییە، واتە: بە قەدەری خوا ﷻ و، بە پێی ئەو یاسایانەی خوا دایناون و بە فەرمانی پەیداكردنانەی خوا، نەک بە فەرمانی یاسادانانە (تشريعي)ی خوا.

١٤)- ﴿ وَيُمۡسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ ﴾، هەروەها (خوا ﷻ) ئاسمانیش دەگرێ (ڕایدەگرێ) لەوەی بکەوێتە سەر زەوی.

١٥)- ﴿ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦٓ ﴾، مەگەر بە مۆڵەتی خۆی، لێرەشدا وشەی **(إذن)** وەک وشەی **(أمْر)** لە ئایەتەکەی پێشێدا، هەردووکیان **(إذن)** و **(أمْر)**ی پەیداکردنانە **(تكويني)**ن، نەک یاسادانانە **(تشريعي)**، زانایان دەڵێن: بەلای کەمەوە لە شەو و ڕۆژێکدا یەک ملیۆن وردە بەرد لە خڕۆکە و ئەستێرەکانەوە بەرەو بەرگە هەوای زەوی دێن، بەڵام بەرگە هەوا هەموویان دەسووتێنێ، ئەو بەرگە هەوایەی کە هەتا هەزار (١٠٠٠) کیلۆمەتر بە بەرزیی دەڕوات.

١٦)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ بەرانبەر بە خەڵکی بە پەرۆشە و بە بەزەییە، (**رَؤوف: صِفَةٌ تَقْتَضِي صَرْفَ الضُّرِّ، وَالرَّحْمَةُ: صِفَةٌ تَقْتَضِي النَّفْعَ لِمُحتَاجِهِ**)، وشەی **(رَأفَة)**: سیفەتێکە، خوازیاری ئەوەیە زیان و زەرەر دووربخاتەوە، بەڵام ڕەحمەت سیفەتێکە خوازیاری ئەوەیە خێر و خۆشیی نیزیک بخاتەوە، واتە: خوا ﷻ هەم ئازار و ناڕەحەتییەکان لە خەڵک دوور دەخاتەوە و، هەم خێر و خۆشیی و بەرژەوەندییەکانیشیان بۆ دێنێ.

١٧)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاكُمۡ ﴾، خوا ﷻ هەر خۆیەتی کە ئێوەی ژیاندوە و، ژیانی بە ئێوە بەخشیوە.

١٨)- ﴿ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ﴾، دوایی دەتانمرێنێ.

١٩)- ﴿ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡ ﴾، ئنجا جارێکی دیکەش دەتانژیەنێتەوە.

٢٠)- ﴿ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ ﴾، بێگومان مرۆڤ زۆر سپڵە و پێ نەزانە، یاخود **(كَفُور)** زێدەڕۆییە لە **(كافِر)**دا، واتە: زۆر بێبڕوایە، هەردووکیان دەگرێتەوە، لە ڕاستییدا هەموو بابایەکی بێبڕواش سپڵە و پێ نەزانە، هەروەک هەموو بابایەکی سپڵە و پێنەزانیش سیفەتێکی کافرانی تێدایە، ئەگەر بێبڕواش نەبێ بەرانبەر بە خوا ﷻ.

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ﴾، دیارە ئەلیف و لامی سەر ئینسان بۆ ناساندن (تَعْرِیف)ە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ناساندنی (عَهْد)ە، (التَّعْرِیفُ لِلعَهْد) واتە: مرۆڤی بێبڕوا، نەک هەموو مرۆڤێک، مرۆڤی بڕوادار نە بێبڕوایە، نە سپڵە و پێ نەزانیشە، یاخود مەبەست پێی (جِنْس)ە، بەڵام (جِنْس)ی عورفیی، واتە: زۆربەی خەڵکی، زۆربەی مرۆڤەکان بەو شێوەیەن، هەروەک دەگوترێ: (جَمَعَ الأُسْتَاذُ الطُّلاَبَ) واتە: مامۆستا قوتابییەکانی کۆکردنەوە، (الطُّلابَ) ئەلیف و لامی ناساندنی لەسەرە، یانی: تێکڕای قوتابییەکان، بەڵام مەبەست پێی تێکڕای ئەو قوتابییانەیە کە لە قوتابخانەکەی ئەودا هەن و، ئەو دەرسیان پێ دەڵێ.

دوازده كردەوە و شازده سیفەتی بەرز و بێ وێنەی خوا

لەم نۆ ئایەتەدا، خوا ﷻ باسی دوازده لە کردەوەکانی خۆی و، شازده لە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی کردوە:

دوازده (١٢) کردەوەکانیش ئەوانەن:

١)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوْ مَاتُواْ لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزْقًا حَسَنًاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾، (لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ) ئەوە کردەوەی یەکەمی خوایە، بە دڵنیایی پەروەردگاریان بژیوێکی زۆر باشیان پێ دەدات.

٢)- ﴿ ذَٰلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٦٠﴾ ﴾، بە دڵنیایی کەسێک بەرانبەرەکەی سزا بدات، وەک پێی سزادراوە، دوایی دەستدرێژیی بکرێتەوە سەر، بە دڵنیایی خوا ﷻ پشتی دەگرێ و سەری دەخات، ﴿ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُ ﴾، کردەوەی دووەمە.

٣و٤)- ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ﴾، شەوگار بە نێو ڕۆژگاردا دەکات و، ڕۆژگاریش بە نێو شەوگاردا دەکات، ئەمانیش کردەوەی سێیەم و چوارەم.

٥)- ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾، لە سەرێوە و، لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندوە، ئەمیش کردەوەی پێنجەم.

٦)- ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هی ئەوە، موڵکی ئەوە و کەسی دیکە بەشی پێوە نیە، ئەمیش کردەوەی شەشەم.

٧و٨و٩)- ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾، ئایا سەرنج نادەی! خوا هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەو دەستەمۆ کردوە، کەشتییەکانیشی ڕامکردوون بە ویستی خوا بە دەریاکاندا دەڕۆن و، ئاسمانیش دەگرێ کە بەسەر زەویدا بکەوێ، مەگەر بە مۆڵەتی خۆی، بێگومان خوا بەرامبەر خەڵک بەپەرۆش و بەزەییە، ئەمانیش حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

١٠)- ﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَحْيَاكُمْ﴾، خوا هەر ئەوە کە ئێوە زیندوو دەکات و دەژیەنێ، ئەمیش کردەوەی دەیەم.

١١)- ﴿ثُمَّ يُمِيتُكُمْ﴾، دوایی دەتانمرێنێ ئەمیش کردەوەی یازدەیەم.

١٢)- ﴿ثُمَّ يُحْيِيكُمْ﴾، دوایی جارێکی دیکەش زیندووتان دەکاتەوە، ئەمیش کردەوەی دوازدەیەم.

شازدە سیفەتەکانیش بەو شێوەیەن:

١)- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾، بە دڵنیایی خوا ﷻ باشترینی بژیودەرانە.

٢ و٣)- ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خوا زانای هێدیی و مەندە.

٤و٥)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا چاوپۆشییکاری لێبوردەیە.

٦و٧)- ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بیسەری بینەرە.

٨ و٩ و١٠)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ﴾، ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴾، ئەوەش بە هۆی ئەوەوەیە کە هەر خوا هەقە و، بە هۆی ئەوەوەیە کە خوا بەرزی گەورەیە.

١١ و١٢)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا پەنهانکاری شارەزایە.

١٣و١٤)- ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾، بە دڵنیایی خوا دەوڵەمەندی ستایشکراوە.

١٥ و١٦)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بەرانبەر بە خەڵک زۆر بە پەرۆشی یەکجار بە بەزەییە.

خوا ﷻ بۆیە لێرەدا ئەو هەموو کردەوانەی خۆی کە دوازدەن و، ئەو هەموو سیفەتە بەرزو بێ وێنانەی خۆی کە شازدەن و، کۆی هەموویان بیست و هەشت (٢٨) کردەوەو سیفەتن، هێناون، کە هەموو کردەوەکانی خواش دەچنەوە نێو سیفەتەکانی و نێو ناوەکانی، چونکە ئەم ئایەتانە لە سیاقێکدا هاتوون، کە یەکەمین ئایەتانێکن، وەک زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو ئەرکە گەورە و گرنگەن، دانرانی ئەرکی جەنگ و جیهاد و کۆچ کردن لە پێناوی خوادا، ئەمانە زەمینە خۆشکەری دانرانی، ئنجا خوا ﷻ دەیەوێ ئەهلی ئیمان دڵنیا بکاتەوە، کە خوایەک خاوەنی ئەو هەموو کردەوە و ئەو هەموو سیفەتە بەرز و بێ وێنانە بێ، ئێوەش بە تەواویی پشتی پێوە ببەستن و، لێی دڵنیابن کە سەرتان دەخات و، پشتتان دەگرێ و مشوورتان دەخوات و لەگەڵتان دەبێ.

من کەمتر شوێنێکی دیکەی ئاوام پێ شک دێ، لە قورئاندا، کە خوا ﷻ ئەو هەموو سیفەتانەی خۆی و، ئەو هەموو کردەوانەی خۆی، لە یەک سیاقدا لە نۆ ئایەتی موبارەکدا بخاتە ڕوو.

کورتە باسێک لە بارەی بنەڕەتی ژیانەوە

شایانی باسە: بیردۆزەی (گەشەساندن) بە تایبەت دوا ئاڵقەی ئەو بیردۆزەیە کە داریۆنیزمە، ئیددیعا دەکات، کە تێکڕای زیندەوەرەکان لە ژیاندارێکی (زیندەوەرێک)ی یەک خانەییەوە، گەشەیان کردوە، کە پێی دەگوترێ: (سیانۆبەکتریا) و سێ ملیارو هەشت سەد ملیۆن (٣،٨٠٠،٠٠٠٠٠٠) ساڵ، لەمەو پێش، ئەو ژیاندارە یەک خانەییە پەیدا بووە و، لەوەوە هەموو ئەو ژیاندارانەی کە دەیانبینی، لە هەوادا و لە ئاودا و لە زەویدا، پەیدابوون.

بەڵام ئێمە پێنج سەرنج، کە هەر کامیان بە تەنیا بایی ئەوە دەکات ئەو لاف لێدان (إدِّعاء)ەی بیردۆزەی گەشەسەندن هەڵبوەشێنێتەوە، چ جای هەموویان پێکەوە، دەخەینە ڕوو:

یەکەم: ملیۆنان جۆرە ژیاندار لە پەلەوەری ئاسمان و، ئاژەڵی زەمینیی و، ژیانداری دەریایی، بەو هەموو کۆئەندامە ئاڵۆزو پڕ وردەکارییانەوە، چۆن هەر لە خۆوە لە خانەیەکەوە پەیدابوون، بەبێ نەخشەدانەر و مشوور خۆرێک، ئەگەر گریمان بێردۆزەی گەشەسەندن ڕاستیش بێ؟!

چونکە خانە (خلية) تەنیا خۆی کۆپی دەکاتەوە، ئەویش بە هۆی ئەو جینۆم و کرۆمۆسۆمانەوە، کە وەک پرۆگرامێکی یەکجار ورد تێیاندا تۆمارکراوە، واتە: خانە تەنیا دەتوانێ خۆی کۆپی بکاتەوە، دوو لەت دەبێ و کرۆمۆسۆمەکانیش دیسان (٤٦) بە (٤٦) دابەش دەبنەوە، بەڵام ئەوە کە خانەکان هەموو یەک بگرن و، ژیاندارێکی دیکە پێک بێنن، بۆ نموونە: مرۆڤ لە سەد (١٠٠) تریلیۆن خانە پێکدێ و، ئنجا ئەو خانانە هەموویان یەک بگرن و، چەند ئەندامێک پێک بێنن و، ئەوانیش چەند کۆئەندامێک پێک بێنن و، بە هەموویان جەستەی مرۆڤ پێک

بێنن، تا ئەوە جیایە و لە سنووری توانای خانە بەدەرە، ئنجا ئەو جینۆمانەی لەسەر ئەو خانانە تۆمارکراون، زانیاریی زۆر وردن، هەر خانەیەک، سێ ملیار زانیاریی لەسەر تۆمار کراو، ئنجا ئایا کێ ئەو زانیاریانەی لەوێدا دانان؟ لە حاڵێکدا کە مادده بۆ خۆی نە ژیانی هەیە، نە ویستی هەیە، نە گەشەکردنی هەیە، هیچی نیە!

دووەم: کوا شوێنەواری ئەو هەموو ئاڵقانەی زنجیرەی گەشەکردن (**حَلَقَاتُ سِلْسَلةُ التَطَور**)، لە کوێن؟ بۆچی لە تۆماری هەڵکۆڵدراوەکان (**سِجِلُ الحَفْرِيَات**)دا دیار نین؟ کە ئەوە - وەک پێشتریش باسمان کردوە لە موسووعەی: {درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر ڕۆشنایی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحییدا} - یەکێکە لە کۆسپە هەرە گەورەو بێ ڕەزایەکانی کە بەرۆکی بیردۆزەی داریۆنیزم و گەشەسەندن دەگرن.

سێیەم: (لویس باستۆر) لە ساڵی: (١٨٦٤)ز دا، واتە: پێنج ساڵ، دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی داروین: بنەڕەتی جۆرەکان (**أصل الأنواع**)، بە میکرۆسکۆبەکەی خۆی ئیسپاتی کرد، کە ماددەی زیندوو، لە ماددەی مردوو پەیدا نابێ و، هەموو دیاردەکانی کە لەو بارەوە هەن، بریتین لە گەشەکردنی بەکتریایەکان لەو ژینگانەدا، لەوانە: ئەسپێ و، کێچ و، کرم و... هتد، ئەوانە بەکتریاو میکرۆبن لەو ژینگانەدا گەشە دەکەن و گەورە دەبن و، دەبن بەو جۆرە زیندەوەرانەی کە دوایی ئێمە دەیانبینین، ئنجا لەو کاتەوە کە (لویس باستۆر) بە میکرۆسکۆبەکەی خۆی دەریخست: ماددەی ژیاندار و زیندوو لە مردوو پەیدا نابێ، کۆتایی بە بیردۆزەی: ژیانی خودیی (**الحياة الذاتية**) و لە دایکبوونی خودیی و، پەیدابوونی خودیی (**التولُّد الذاتي**) و (**التولُّد التلقائي**) هات، ئەمەش دەقی قسەکەی (لویس باستۆر)ە لەوبارەوە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبیی:

(**إنَّ عَقِيْـدَةَ التَوَلُّـد الـذَّاتِي لَـنْ تُشْـفَى أبَـدَاً مِـنَ الضَرْبَـةِ المَمِيْتَـة الَّتـي تَلَقَّتْهَـا مِـنْ تَجْرِيبـي**)[1]، واتە: عەقیدەی لە دایک بوونی خودیی، هەرگیز لەو زەبرە

کوشندەیەی کە لە ئەزموونی من خواردوویەتی، چاک نابێتەوە، (واتە: هەرگیز شیفای بۆ نایەت و جارێکی دیکە هەڵناسێتەوە).

چوارەم: (ئەلیکساندەر ئۆبارین) زانای زیندەوەرناسی ڕووسیی، لە سییەکانی سەدەی بیست دا، زۆر هەوڵی دا بە تایبەت کە ئەو کاتە مارکسیزم و لینینیزم تەبەننیی کرا بوو، لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، زۆر پێویستیی بەوە هەبوو کە بڵێ ژیان لە ماددە پەیدا دەبێ و، پێویستیی بە دەستێکی دەرەکیی نیە، خوا ﷻ ژیان بەسەر ماددەدا فەرز بکات، یاخود ژیان بخاتە نێو ماددەوە، زۆر پێویستیان بەوە هەبوو، ئنجا ئۆبارین پازدە بیست (١٥ - ٢٠) ساڵێک هەوڵیدا، بەڵام دانی بەشکستی خۆیدا هێنا، ئەمەش دەقی قسەکەیەتی کە **(معجزةُ خلق الإنسان)**ی (هاڕوون یەحیا)(١) هێناویەتی، دەڵێ:

(إنَّ أصْـلَ الخَلِيَّـةِ الحَيَّـةِ، يُشَـكِّل أَظْلَـمَ رُكْـنٍ فِي نظَرِيَّـة التَّطُـور مَـعَ الأَسَـفْ)، واتە: بنچینەی خانەی زیندوو، تاریکترین پایەیە لە بیرۆزدەی گەشەسەندندا بە داخەوە، (واتە: هیچ ڕێبەدییەکی تێدا ناکرێ).

پێنجەم: هەتا ئێستاش نهێنیی ژیان (سِرُّ الحيَاة)، مەتەڵێکی هەڵنەهێنراوە، بۆ وێنە: (جیفری بادا bada jeffrey) زانای کیمیایی زەمینیی لە زانکۆی (سان دیگۆ) لە گۆڤاری (زەوی)، (heart) لە ساڵی (١٩٨٨ز)دا، گوتوویەتی:

(وَنَحْـنُ نُخَلِّـفُ القـرن العشريـن وَرَاءَنَـا، فإنَّنَـا لَا نَزَالُ نُواجِـهُ اللُّغْزَ نَفْسَـهُ الـذِّي وَاجَهْنَاهُ عِنْدَمَـا دَخَلْنَـا القَـرْنَ العِشْرِيْـنَ، ألاَ وَهُـوَ: كَيْفَ ظَهَـرَتَ الحيَاةُ عَلَى وَجْـه الأرْض؟!)(٢).

واتە: ئێمە کە سەدەی بیست بە جێ دێڵین لە پشت خۆمانەوە و کۆتایی پێ دێنین، هەروەک کاتێ کە هاتینە ئەو سەدەی بیستەوە، هەمان مەتەڵ لە بەردەممانە، ئەویش بریتیە لەوەی چۆن ژیان لەسەر ڕووی زەوی پەیدا بوو؟ (ئەویش دانپێدانانی ئەوە).

---

(١) ص ١٠٤.

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا، دەڵێین:

لە بارەی بیرۆدزەی گەشەسەندن و داروینیزمەوە، لە باسی سێیەمی بەشی سێیەمی (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد)دا، باسێکی وردو پوختمان کردوە و، چەندان پرسیاری زانایانی پسپۆڕ و شارەزای بواری زیندەوەرناسییمان ئاڕاستەی بیردۆزەی گەشەسەندنی داروینزم کردوونەوە، کە بە دڵنیایی ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە، بەڵکو ئەو پرسیارانە هەر کامێکیان مایەی لەبەر یەک هەڵوەشاندن و، کۆتایی پێهێنانی ئەو بیردۆزەیەن، کە بە داخەوە بۆ خەڵکێکی زۆر، کراوە بە حەقیقەتێکی سەلمێنراو! لە کاتێکدا لە سەدەی نۆزدەشدا داروین ئەو بیردۆزەیەی خۆی دانا و، دوایی کە لە سەدەی بیستدا زانیاریی وردیلەکانی بواری زیندەوەرزانیی، بە تایبەت زانستی جینۆم، پەیدابوو، کە دەڵێ: هەر خانەیەکی زیندوو، ژمارەیەکی زۆر زانیاریی لەسەر تۆمار کراون، پاشان سیفەتەکان لەو خانەیەوە دەچن بۆ خانەی دیکە، لەو ژیاندارەوە دەچن بۆ ژیانداری دیکە و، لەو زیندەوەرەوە بۆ زیندەوەری دیکە و، ئنجا ئەو زانستە لە سەدەی نۆزدەدا، هەر سەرو سۆراغی نەبوو، بۆیە ئەم زانستە گەورەترین ئیشکال و پرسیاری لەسەر بیردۆزەی داروینیزم پەیداکردوە و، مایەی ئەوەیە کە بیردۆزەی داروینیزم وەک بیردۆزەیەک و بۆچوونێکی زۆر سپات بۆوە، تەماشا بکرێ، نەوەک وەک حەقیقەتێکی زانستیی کە بەداخەوە لەم وڵاتانەی ئێمەدا هەندێک لە بیردۆزەکان لە شوێنێ کە لێیەوە هاتوون، سپات بوونەوە و ڕەنگیان چۆتەوە و بە کەڵک نەماون، کەچی لێرە هەر بازاڕیان پێ گەرم دەکرێ و، مێشکی گەنجەکانی ئێمەیان پێ سەرقاڵ دەکرێ، لە حاڵێکدا کە لە شوێنی خۆیان لە مێژە لە برەو کەوتوون و ڕەونەقیان نەماوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە دوازدە (١٢) ئایەتی کۆتایی سوورەتی (الحج) پێک دێ، کە ئایەتەکانی: (٦٧ - ٧٨)ن، لەو دوازدە ئایەتەدا، خوا ﷻ کۆمەڵێک بابەتی خستوونە ڕوو:

١)- دانانی خوا پەرستیی تایبەت بۆ هەر کۆمەڵگاو ئوممەتێک، یاخود دانانی خواپەرستییە تایبەتییەکان بۆ هەر کۆمەڵگە و ئوممەتێک.

٢)- مشتومڕکردن بە باشترین شێوەو، دەرککردنی ئەو ڕاستییە، کە تەنیا خوا ﷻ دادوەریی دەکات و، بۆ لەیەک جیاکردنەوە هەق و ناهەق.

٣)- ئاماژە بە زانیاریی بێ سنووری خوا ﷻ.

٤)- بێ پشت و پەنایی پەرستراوەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران، لە ڕووی بەڵگەو ئیسپاتەوە.

٥)- هەڵوێستی گرژو توندو ئاڵۆزیی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا و، هەڕەشە لێکردنیان بە سزای دۆزەخ.

٦)- وێنە هێنانەوە بە مێشە ڕەشە، بۆ دەستەپاچەیی پەرستراوە ساختەکان و، ڕەخنەلێگرتنی هاوبەش بۆ خوا دانەران، کە قەدری خوایان نەزانیوە.

٧)- باسی هەڵبژاردنی خوا ﷻ بۆ فریشتان و، بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بە نوێنەرایەتیی خۆی و، زانایی خۆی بە هەموو حاڵ و باڵیان.

٨)- ڕاگەیاندنی دە (١٠) فەرمان و، پێنج ڕاستیی گرنگ، بە بڕوادارانی شوێنکەوتووی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ.

﴿لِّكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكًا هُمۡ نَاسِكُوهُۖ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِي ٱلۡأَمۡرِۚ وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ
إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدٗى مُّسۡتَقِيمٖ ٦٧ وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٦٨ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ
بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٦٩ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي
ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ
ٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَمَا لَيۡسَ لَهُم بِهِۦ عِلۡمٞۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٖ ٧١ وَإِذَا تُتۡلَىٰ
عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ تَعۡرِفُ فِي وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمُنكَرَۖ يَكَادُونَ يَسۡطُونَ
بِٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِنَاۗ قُلۡ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكُمُۗ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٧٢ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ
تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا
لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ٧٣ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓۚ إِنَّ
ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٧٤ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ
ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ ٧٥ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ
٧٦ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْۤ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ
لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۩ ٧٧ وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ
عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا
لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ
وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بۆ هەر کۆمەڵێک لە خواپەرستان ڕێبازێکی خوا پەرستییمان داناوە (دەیگرنەبەر)، با لە بارەی کاری خواپەرستییەوە مشتومڕت لەگەڵ نەکەن، هەروەها بانگەواز بۆ لای پەروەردگارت بکە، بە دڵنیایی تۆ لەسەر ڕێنماییەکی ڕێک و ڕاستی (٦٧) ئنجا ئەگەر شەڕە قسەشیان لەگەڵ کردی بڵێ: خوا زاناترە بەوەی دەیکەن (٦٨) خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، لە بارەی ئەوەوە کە تێیدا کەوتوونە کێشەوە، دادوەرییان لە نێواندا دەکات (٦٩) ئایا نەتزانیوە کە خوا هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە دەیزانێ، ئەوە لە نووسراوێک (تۆمارگەیەک) دایە و، ئەوە بۆ خوا سێنایە (٧٠) هەروەها هاوبەشدانەرەکان شتێک لە جیاتی خوادەپەرستن، کە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنەری لەسەر نەناردۆتە خوار و، هیچ زانیارییەکیان لە بارەیەوە نیە، ستەمکارانیش هیچ پشت و پەنایەکیان لە ڕۆژی دوایی دا نیە (٧١) کاتێکیش ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێنەوە، نیشانەی نکوولیی و پێناخۆش بوون لە ڕووی ئەوانەدا دەبینی کە بێبڕوان و، نیزیکە پەلاماری ئەوانە بدەن، کە ئایەتەکانمانیان بەسەردا دەخوێننەوە، بڵێ: ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە خراپتر لەوە، کە پێی تووڕەو پەست بوون؟ ئاگری دۆزەخ، خوا ﷻ گفتی وی داوە بەوانەی بێبڕوان و، ئەویش خراپترین سەرەنجامە (٧٢) ئەی خەڵکینە! وێنەیەک هێنراوەتەوە (گوێی بۆ هەڵبخەن): بە دڵنیایی ئەوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ئەگەر هەمووشیان بۆی خڕ ببنەوە، هەرگیز مێشێکیش دروست ناکەن و، ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بستێنێ، پێیان لێی قوتار ناکرێ، داواکار و داوالێکراو بێهێزن (٧٣) وەک بۆ خوا ﷻ شایستەیە بێبڕوایەکان ڕێزیان لە خۆیان نەگرت و، بە بەرزو مەزنیان نەگرت و، بێگومان خوا بە هێزی زاڵە (٧٤) خوا لە فریشتان و لە خەڵکیش نوێنەران (ڕەوانەکراوان)

هەڵدەبژێرێ، بەڕاستیی خوا بینەری بیسەرە (٧٥) ئەوەی لە پێش دەستیانەوەو ئەوەی لە دوایانەوەیە (داهاتوو و ڕابردوویان) دەیزانێ کاروبارەکانیش هەر بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە (٧٦) ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بۆ خوا ڕکووع بەرن و، کڕنووش بەرن و، پەروەردگارتان بپەرستن و، چاکە بکەن، بەڵکو سەرفراز و بە ئامانج گەیشتوو بن (٧٧) هەروەها (بڕوادارینە!) وەک بۆ خوا شایستەیە لە پێناویدا تێبکۆشن، ئەو (خوا) ئێوەی هەڵبژاردوە (کە گێڕاونی بە شوێنکەوتووی قورئان و پێغەمبەری کۆتایی) لە ئاییندا هیچ سەغڵەتییەکی نەخستووەتە سەرتان و، ڕێبازی بابتان ئیبراهیم (بگرنە بەر) ئەو (خوا) پێشتریش و لەم قورئانەش دا، ناوی لێناون مسوڵمانان (خوا ئێوەی هەڵبژاردوە) تاکو پێغەمبەر بەسەرتانەوە شایەد بێ و، ئێوەش شایەد بن بەسەر خەڵکەوە، کەواتە: نوێژ بەرپابکەن و زەکات بدەن و، توند دەست بە ڕێسمانی خواوە بگرن، بەس ئەو دۆست و پشتیوانتانە، بە دڵنیایی ئەو باشترین سەرپەرشتیارو پشتیوان و، چاکترین یاریدەدەرو سەرخەرتانە (٧٨)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مَنسَكًا): بە (مَنْسِكْ)یش، خوێندراوەتەوە: (**النُسْكُ: العِبَادَةُ، وَالنَّاسِكُ: العَابِدُ، وَخُصَّ بِأَعْمَالِ الحَجِّ**)، (مَنْسِك) یان (مَنْسَك)، بە مانای (نَسْك) یان (نُسُكْ) یانی: خوا پەرستیی (نَاسِكْ)، یانی: (عَابْد) خواپەرست، بەڵام (مَنْسِكْ) یان (مَنْسَكْ) کۆیەکەی (مَنَاسِكْ)ە، زیاتر تایبەتکراوە، بە خواپەرستییەکان و کردەوەکانی حەج و عومرەوە.

(ٱلْمُنكَرَ): یانی: پێ ناخۆش بوون، یان قەڵسیی و تووڕەیی، دەگوترێ: (**نَكُرَ الأمْرُ نَكَارَةً: صَعُبَ وَاشْتَدَّ**)، واتە: کارەکە قورس بوو، بە زەحمەت بوو.

(يَسْطُونَ): (**السَّطْوَةُ: البَطْشُ بِرفْعِ اليَدِ، يُقَالُ: سَطَى بِه**)، (سَطْوَة) یانی: گرتن و، دەست لێوەشاندن، بە دەست بەرزکردنەوە، دەگوترێ: (سَطَى بِه)، دەستی لێوەشاند، یان پەلاماری دا.

(ٱلذُّبَابُ): واتە مێشە ڕەشە، زانایانی شارەزای زمان دەڵێن: (ذُبْاب) لەوەوە هاتوە: (**كُلُّ مَا ذُبَّ آبَ**)، مێش هەتا دەربکرێ، دێتەوە.

(يَسْلُبْهُمُ): (**سَلَبَ الشَّيءَ: إِنْ نَزَعَهُ قَهْرًا**) واتە: بە زۆر لێی ستاند و زەوتی کرد.

(مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ): (**القَدْرُ: المِقْدَارُ، وَالحُرْمَةُ، وَالوَقَار**)، (قَدْر) بە مانای ئەندازە و، پایەو پێگە و حورمەت و ڕێز دێ، کەواتە: (مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ)، واتە: وەک بۆ خوا شایستەیە، ڕێزیان لێ نەگرت و، قەدری خوایان نەزانی و، پێگە و پایەی بەرزی خوایان دەرک نەکرد.

(حَرَجٍ)، (**الحَرَجُ: غَيْضَةُ الشَّجَرَةُ المُلْتَفَّةِ، لَا يَقْدِرُ أَحَدٌ أَنْ يدخُلَ فِيهِ**)، (**وَالحَرَجُ: الشَّدِيْدُ الضَّيِق**) (حَرَجْ)، بە درەختێکی چڕو پڕ، یاخود بە باغێکی چڕ و پڕ،

دەگوترێ، کە درەختەکانی پێکداچوون و کەس ناتوانن بچێتە نێوی، هەروەها (الحَرَجُ) بە مانای سەختیی و سەغڵەتیی و تەنگانەش دێ.

(مِلَّةَ)، بە مانای بەرنامە و ڕێباز، دێ، (مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ)، واتە: ڕێبازی بابتان ئیبڕاهیم، دین پاڵ دەدرێتە لای خوا ﷻ: ئایین و بەرنامەی خوا، بەڵام (مِلَّةَ) پاڵ دەدرێتە لای مرۆڤ: (مِلَّةَ مُحَمَّد)، (مِلَّةَ مُوسَى)، (مِلَّةَ إِبْرَاهِيْم)، واتە: ئەو ڕێبازەی ئیبڕاهیم گرتوویەتە بەر، کە هەمان ئایینی خوایەو لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە کراوە، لەمیانی ئاکارو کرداری ئەو پێشەوایەدا.

(وَٱعْتَصِمُواْ بِٱللَّهِ)، دەست بە خواوە بگرن، واتە: خۆتان بە هۆی خواوە بپارێزن، چونکە: (عَصَمَهُ: مَنَعَهُ، حَفِظَهُ)، پاراستیی، بەرگریی لێکرد، یانی: بە هۆی خواوە خۆتان بپارێزن، یاخود بەهۆی دەست پێگرتنی بەرنامەی خواوە، خۆتان بپارێزن لە لادان و خلیسکان.

(مَوْلَىٰكُمْ)، (أي رَبُّكُمْ وَمَالِكُكُمْ وَمُحِبُّكُم) (مَوْلى) بە مانای پەروەردگار و خاوەن و خۆشویست و مشووخۆر، دێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم سورەتە موبارەکەدا، سەرەتا باسی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە ئەوە هەر ئۆممەتی موحەممەد ﷺ نیە، ڕێبازێک لە خواپەرستیی و دینداریی تایبەتیی بۆ دانراوە، کە لە هەندێ شتدا جیای دەکاتەوە لە ئۆممەتانی پێشوو، بەڵکو هەموو ئۆممەتانی پێشوو، خوا ﷻ بە پێی هەلومەرج و ژینگە و بارودۆخی خۆیان، ڕێبازێک لە خوا پەرستیی و دینداریی بۆ داناون لە وردەکارییەکاندا، بەڵێ هەندێک تایبەتمەندیی هەبوون جیا بوون، ڕێبازی هەر کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، لە وردەکارییەکان دا جیا بوون، لەوانی دیکە، وەک لە سووڕەتی (المائدة)شدا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾، واتە: بۆ هەر کامێکتان بەرنامەیەک و ڕێبازێکمان داناوە، یانی: تایبەت بە خۆی لە وردەکارییەکان دا، ئەگەرنا لە هێڵە گشتییەکاندا، ڕێباز و بەرنامەی هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، یەک بووە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ﴾، بۆ هەر کۆمەڵێک، خوا پەرستییەک یاخود ڕێبازێکی خواپەرستییمان داناوە، ئەوان گرتوویانەتە بەر و پەیڕەوییان لێ کردوە، ﴿فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِي ٱلْأَمْرِ﴾، ئنجا با لە کاری دینداریی و مسوڵمانەتییدا مشتومڕت لەگەڵ نەکەن، واتە: تۆ مشتومڕیان لەگەڵ مەکە و لەگەڵیان مەچۆرە نێو شەڕە قسە و مشتومڕەوە، ﴿وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾، بانگەوازیش بکە بۆ لای پەروەردگارت، لەسەر کاری خۆت بەردەوامبە و، با بە شەڕی لاوەکیی و قسەی لاوەکییەوە نەتخافڵێنن و، لە کاری ئەسڵی خۆت لات نەدەن، ﴿إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر ڕێنماییەکی ڕێک و ڕاستی، ﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾، ئەگەر مشتومڕیشیان

لەگەڵدا کردی، بڵێ: خوا ﷻ زاناترە بەوەی ئێوە دەیکەن، یانی: خوا ﷻ زاناترە بە کردەوەکانی ئێوە، کە تاکو چ ڕاددەیەک ڕەوان، یاخود ناڕەوان، کەواتە: بزانن چۆن کردەوە دەکەن! بزانن کە خوای زانای پەنهانبین ناهێڵێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن ﴿ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، خوا ﷻ لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا و، لە ڕۆژی زیندووکردنەوەدا، دادوەرییتان لە بەیندا دەکات، ﴿ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴾، لەوەدا کە تێیدا دەکەوتنە ڕاجیایی و ناکۆکییەوە.

ئنجا ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، هەر کەسێکیش لە دوای پێغەمبەری خاتەمەوە، پەیڕەویی دەکات لەم قورئانە و، لەگەڵ نەیاران و ناحەزانیی ڕێبازی خوا، لە ڕۆژگاری خۆیدا، دەکەوێتە مشتومڕو شەڕە قسەو وتووێژەوە، دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ﴾، ئایا نازانی کە خوا ﷻ هەرچی لە ئاسمان و لە زەویدایە (هەرچی لە سەرێ و لە خوارێیە) هەمووی دەزانێ، ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴾، ئا ئەوە لە نووسراوێکدایە و، ئەوە لە لای خوا ئاسانە، ئنجا ئەمە یان مەبەست پێی تۆمارکردنی ڕاستەقینەیە، کە بۆ خوا ئاسانە هەموو شتێکی لە بارەی دروستکراوەکانی خۆیەوە، تۆمارکرد بێ، یاخود: ئەوە ئاماژە و هێمایە، یانی: وەک چۆن ئێمە کاتێک شتێک تۆمار دەکەین و دەنووسین، لە بیرمان ناچێ، خواش ﷻ ئاوا هەموو زانیارییەکەی لە بارەی دروستکراوەکانی خۆیەوە، وەک نووسرا بێتەوە، هیچی لە بیرناچێ و فەرامۆش ناکات و، ئەوەش بۆ خوا ئاسانە.

ئنجا جارێکی دیکە باسی بێبڕواکان دەکاتەوە: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَمَا لَيۡسَ لَهُم بِهِۦ عِلۡمٞۗ ﴾، لە جیاتی خوا ﷻ شتێک دەپەرستن، کە خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردۆتە خوار و، هیچ زانیارییەکیشیان لە بارەیەوە نیە، واتە: بەس بە نەزانیی و نەفامیی شت دەپەرستن، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا ﷻ بەڵگەی لەسەر نەناردۆتە خوار، ﴿ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٖ ﴾، ستەمکارانیش هیچ یارمەتیدەرێک و پشتیوانێکیان نیە...

ئنجا باسی هەڵوێستی چەوت و خراپیان دەکات، لە بەرانبەر خوێندرانەوەی ئایەتەکانی خوا ﷻ بەسەریاندا و دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ﴾، کاتێک ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێندرێنەوە، ﴿تَعْرِفُ فِى وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمُنكَرَ﴾، پێناخۆش بوون و قەڵسیی و تووڕەیی، لە ڕووی ئەوانەدا کە بێبڕوان، دەزانی، ﴿يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا﴾، نیزیکە پەلاماری ئەوانە بدەن کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێننەوە و، هەڵمەتیان بۆ بەرن و زەبریان لێ بوەشێنن، ﴿قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ﴾، بڵێ: ئایا بە خراپتر لەوە هەواڵتان پێ بدەم، بە خراپتر لەوە، کە ئێوە پێی قەڵس بوون و پێتان ناخۆشە؟ ﴿ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾، ئەوە ئاگر (ی دۆزەخ)ە، کە خوا ﷻ بەڵێنی داوە، بەوانەی بێبڕوان (بەڵێنی ئاگری دۆزەخی پێداون) و خراپترین چارەنووس و سەرەنجامیش (ئاگری دۆزەخ)ە.

هەڵبەتە لێرەدا کە خوا ﷻ باسی هەڵوێستی بێبڕوایەکان دەکات، لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا، ئەوە تایبەت نەبووە، هەروەک هەموو هەڵوێستەکانی دیکەش تایبەت نین، بە ڕۆژگاری پێغەمبەرەوە ﷺ، بەڵکو ئێستاش هەر وایە، ئێستاش کەسانێک هەن، ئەگەر ئایەتێکیان بۆ بخوێندرێتەوە و گوێبیستی ئایەتێک و، گوێبیستی فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ و گوێبیستی یاسایەکی شەرعیی بن، یەکسەر کێچیان دەکەوێتە کەوڵ و قەڵس و ناڕەحەت دەبن، هەروەک لە سوورەتی (الزمر)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ﴾، واتە: ئەگەر تەنیا باسی خوا بکرێ، ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، دڵیان وێک دێ و دەگوشرێ و بێزار دەبن.

دیارە هەر کەسە چی لە دڵدا هەبێ، بە پێی ئەوە کە لە دڵی دایە، هەڵوێست وەردەگرێ، کەسێک کوفری لە دڵدا هەبێ، بە کوفر دڵخۆشە و، بە

ئیمان سەغڵەت و ناڕەحەتە، کەسێکیش ئیمانی لە دڵدا هەبێ، بە ئایەتەکانی خواو، بەو شتانەی دەبنە هۆی زیادبوونی ئیمان، دڵخۆش دەبن، وەک لە سووڕەتی (التوبة)دا، خوا ﷻ هەر لە بارەی هەمان هەڵوێستەوە، دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗا ١٢٤﴾، واتە: ئەگەر سووڕەتێک دابەزێنرێ لەوانە، (لە دڵ نەخۆش و دەغەڵەکان) هەیە، دەپرسێ: کامتان ئەم سووڕەتە ئیمانی بۆ زیاد کردن؟ لەبەر ئەوەی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا﴾الأنفال، دەیانەوێ ئەو قسەیەی خوا بە درۆ دابنێن و تانەی لێ بدەن، یانی: خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێندرێتەوە، ئیمانیان زیاد دەکات، بەڵام کوا کامەتان ئیمانی پێی زیاد بووە؟ واتە: خوا ﷻ ڕاستی نەفەرمووە! بەڵام خوا ﷻ دەفەرموێ: بڕواداران ئیمانیان پێی زیاد دەبێ، نەک ئەهلی کوفر!

بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ١٢٤﴾التوبة، کەچێ ئەوانەی بڕوادارن، ئیمانیان پێی زیاد دەبێ [بەو سووڕەتە کە دادەبەزێ] و دڵخۆشیش دەبن، ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ١٢٥﴾التوبة، بەڵام ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، هەر پیسییان بۆ زیاد دەکات و [پیسیی زیاتر دەخاتە گەڵ پیسییەکەی کە لە دڵیان دایە، کە شیرک و کوفرە] کاتێکیش دەمرن، بە بێبڕوایی دەمرن، کەواتە: بەڵێ، ئایەتەکانی خوا ﷻ ئیمان زیاد دەکەن، بەڵام لە دڵی ئیمانداراندا، ئەگەرنا بە نسبەت ئەهلی کوفرەوە، نەخۆشیی و پیسیی زیاد دەکات لە دڵیاندا، یانی: بێبڕوایان هەتا ئایەتێک زیاتر ببیستن، کوفر بەو ئایەتەش دەکەن، پێشتریش کوفریان بە هەندێک لە ئایەتەکانی خوا ﷻ کردوە و، پیسیی چۆتە نێو دڵیان و، لە ئەنجامی کوفر کردنێکی زیادەش دا، پیسیی زیادە دەچێتە نێو دڵ و دەروونیانەوە.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓ﴾، ئەی خەڵکینە! وێنەیەک هێنراوەتەوە گوێی بۆ هەڵبخەن، باش سەرنجی بدەن، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ﴾، وێنەکە ئەوەیە: ئەوانەی ئێوە لە جیاتی خوا ﷻ لێیان دەپاڕێنەوە {هەروەها خوێندراویشەتەوە: (إنْ الَّذِيْنَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ الله)، ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دانەران و کافرەکان، لێیان دەپاڕێنەوە} هەموو ئەوانە ئەگەر کۆشببنەوە سەر یەکدیی و هاوکاری یەکدییش بن، بە هەموویان مێشێکیان پێ دروست ناکرێ، ئنجا نەک هەر مێشێکیان پێ دروست ناکرێ، بەڵکو ئەگەر مێشەکە شتێکیشیان لێ بستێنێ، پێیان لێی دەرباز و قوتار ناکرێ، پێیان لێ ناستێنرێتەوە، داواکار و داوالێکراو بێهێزن، داواکەرەکە ئەو کەسەیە کە دەیەوێ شتەکە لە مێشەکە بستێنێتەوە، داوالێکراویش بریتیە لە مێشەکە، یاخود داواکەر: بتپەرستەکان و، داوالێکراویش پەرستراوەکەیە، هەردووکیان بێ هێزن، ﴿مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾، وەک بۆ خوا ﷻ شایستەیە، ڕێزیان لە خوا نەگرتوە، قەدری خوایان نەگرتوەو پایەی بەرزی خوایان دەرک نەکردوە، بەڵام بێگومان خوا بەهێزی زاڵە.

ئنجا باسی ئەوە دەکات کە وەنەبێ هاتنی موحەممەد ﷺ شتێکی بیدعەت و داهێنراوێک بوو بێ، پێشینەی نەبووبێ: ﴿ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾، خوا ﷻ لە فریشتان و لە مرۆڤان، نوێنەران و ڕەوانەکراوان هەڵدەبژێرێ، بێگومان خوا بیسەری بینەرە، ﴿يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾، ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیەو، ئەوەی لە دواشیانەوەیە هەمووی دەزانێ، واتە: داهاتوویان دەزانێ و ڕابردووشیان دەزانێ، یاخود: هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ و، کاروبارەکانیش بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْۤ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ۩﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان

هێناوە! بۆ خوا ﷻ ڕکووع ببەن و، کڕنووش ببەن و، پەروەردگارتان بپەرستن و، چاکە بکەن لەگەڵ بەندەکانی خوادا، بەڵکو سەرفراز ببن، ئنجا خوا لەسەر ڕێنماییەکانی خۆی و، ئامۆژگارییەکانی بەردەوام دەبێ و، دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ﴾، وەک بۆ خوا شایستەیە لە پێناویدا تێبکۆشن و فیداکاریی بکەن، تێبکۆشن و خۆتان ماندوو بکەن، ﴿هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ﴾، ئەو (خوا ﷻ) ئێوەی هەڵبژاردوە، ئێوە کە بەندایەتیی بۆ خوا ﷻ دەکەن و، دوای پێغەمبەری کۆتایی و شوێن کتێبی کۆتایی خوا ﷻ دەکەون، کە قورئانە، ئێوە هەڵبژاردەی خوان، ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ﴾، (خوا) لە ئایینیشدا هیچ سەغڵەتیی نەخستۆتە سەرتان، ئەم ئایینە سەغڵەتتان ناکات و، بێزارتان ناکات، واتان لێناکات دەرنەبەن، بەڵێ ماندوودەبن و، ئارەقەی پێوە دەکەن، بەڵام وا نیە بۆتان جێبەجێ نەکرێ، ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ﴾، ئەمە هەمان ڕێبازی بابتان (ئیبراهیم)ە، بابی ڕووحیی و مەعنەوییتان ﴿هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا﴾، ئەو (خوا) ﷻ ناوی لێناون، مسوڵمانان لە پێشدا و لەمەشدا، واتە: لەم قورئانەشدا ئێوە نازناوی مسوڵمانانتان هەیە، بەس ئەو ناوەتان هەیە، کە هەمووتان کۆ بکاتەوە، ﴿لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ﴾، بۆیە خوا ﷻ ئێوەی هەڵبژاردوە وەک ئوممەتی کۆتایی و شوێنکەوتووانی پێغەمبەری کۆتایی و کتێبی کۆتایی، تاکو پێغەمبەر ﷺ شایەد بێ بەسەرتانەوە، ﴿وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ﴾، ئێوەش شایەد بن، بەسەر خەڵکەوە، پێغەمبەر شایەدە بەسەرتانەوە و، بەڵگەیە بەسەرتانەوە، کە ئیسلام ڕاستە و، ئێوەش شایەد بن بەسەر مرۆڤایەتییەوە، کە تەنیا ئیسلام ڕاستە و بەرنامەی تێر و تەواوی ژیانە، ﴿فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ﴾، کەواتە: نوێژ بەرپا بکەن، وەک پایەی مەعنەویی دینداریی و، زەکات بدەن، وەک پایەی ئابووریی و ماددیی، دینداریی و، لە هەموو کاروبارێکیشتاندا دەست بە ڕێسمانی خواوە بگرن ﴿هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ﴾، هەر ئەو (خوا ﷻ) سەرپەرشتیار و مشوورخۆر و کار سازو هاوکارتانە، ﴿فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ﴾، ئەو (خوا ﷻ) باشترین سەرپەرشتیارو باشترین هاوکار و یارمەتیدەرتانە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا ﷻ بۆ هەر ئۆممەتێک بەرنامەیەکی پەرستن و دینداریی داناوە و، نابێ مرۆڤی مسوڵمان قبووڵی مشت و مڕ بکات لەو بارەوە و، پێویستە لە ڕاستیی ڕێبازەکەی دڵنیابێ و، لە کاتی شەڕە قسەش لەگەڵ کەسانێکی نەیار و بێبڕوادا لە جیاتی لەسەر ڕۆیشتن و، زۆر پێوە چوون، بڵێ: خوا وایداناوە و ئەویش زاناترە و، لە قیامەتیش دادوەریی لە نێوان بەندەکانیدا دەکات و، بە دڵنیایی خوا هەرچی لەسەر و خواری گەردوون دایە، دەیزانێ و تۆماری کردوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ ۖ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِى ٱلْأَمْرِ ۚ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ (٦٧) وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ (٦٨) ٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (٦٩) أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ (٧٠)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا﴾، بۆ هەر کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان، بۆ هەر ئۆممەتێک و کۆمەڵگایەک لەوانەی پێش تێوە، ئەی موحەممەد ﷺ و کۆمەڵگا و ئۆممەتەکەی! جۆرێک لە دینداریی و پەرستنمان داناوە، کە لە وردەکارییەکانیدا کۆمەڵێ تایبەتمەندیی خۆی هەبوون، بەڵام لە چوارچێوەی فراوان و لە هێڵە گشتییەکاندا، بەرنامەیەک کە خوا ﷻ بۆ هەموو پێغەمبەرانی ناردوە، بەس یەک بووە، وەک لە سوورەتی (الشورى)دا دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا

بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ١٣ ﴾، لەم ئایەتەی سوورەتی (الشورى)دا خوا باسی پێنج لە ڕەوانەکراوە هەرە گەورەکان دەکات، کە: نووح و ئیبراهیم و عیسا و مووسا و موحەممەدن (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، دەفەرموێ: (خوا) لە ئایینی خۆی بەرنامەیەکی بۆ هەمووتان داناوە...، بەڵام ئەوە لە هێڵە گشتییەکاندا، ئەگەرنا لە وردەکاریی و تایبەتمەندییەکادا کە پەیوەست دەبن بە هەل و مەرجی ژینگە و قۆناغی تێدا ژیانی تایبەتیی ئەو کۆمەڵگایە، هی هەر کامێکیان لە هی ئەوانی دیکە جیابووە، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكًا ﴾، کە خوێندراویشەتەوە: (مَنْسِكًا)، (مَنسَكًا) و (مَنْسِكًا)، هەردووکیان، یان ناوی شوێنن، بۆ تێدا ئەنجام درانی خواپەرستیی، (اسْمُ مَكَانٍ لِلنُّسُكِ)، یاخود مەبەست پێی خواپەرستییە بە گشتی، واتە: (مَنسَكًا) یان (مَنْسِكًا) یان: ناوی شوێنە بۆ تێدا ئەنجام درانی خواپەرستییەکانی حەج بە تایبەت، یان خواپەرستییەکان، بە گشتیی.

دەشگونجێ (مَنسَكًا) و (مَنْسِكًا): بە مانای خواپەرستیی بێ بە گشتی، واتە: بۆ هەر کامێک لە ئوممەتانی پێشێ، جۆرێک لە خواپەرستیی تایبەتمان داناوە، کە لە وردەکارییەکانی دا تایبەت بووە بەو پێغەمبەرەوە، کە لەو کۆمەڵگا تایبەتەداو لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، نێردراوە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست لێرەدا شوێنی تێدا ئەنجامدرانی خواپەرستییەکانی حەج بێ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست پێی شوێنی تێدا سەربڕانی قوربانییان نیە، چونکە چەمکەکەی فراوانترە و ئەم ئایەتە لە مانادا پەیوەست دەبێتەوە بە ئایەتی پێشتری، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۗ ٣٤ ﴾، کە پێشتر باسمان کرد.

هەڵبەتە لەو هەل و مەرج و بارودۆخەدا، کە قورئانی تێدا دابەزێندراوە، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هەروەها جوولەکەکان و ڕەنگە نەصرانییەکانیش، مشت و مڕیان کردوە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و، مسوڵماناندا، لەسەر ئەو پەرستشانەی کە ئەنجامیان داون، بۆیە خوا ﷻ هەواڵیداوە و دەفەرموێ: بۆ هەر کۆمەڵگایەک و،

بۆ هەر کۆمەڵێک، کۆمەڵێک پەرستشمان داناون کە وەک دنیداریی پێیانەوە پابەند بن.

٢)- ﴿ هُمۡ نَاسِكُوهُ ﴾، کە ئەو کۆمەڵگایە، ئەو ئۆممەتە خواپەرستییان تێدا ئەنجام داون، ئەگەر (منسك) ناوی شوێن بێ، (نَاسِكُوهُ): (أي نَاسِكُوْنَ فِيْهِ بِنَزعِ الخافض)، ئەوەی کە (مجرور)ی کردوە لابراوە و بۆتە: (نَاسِكُوهُ)، لە ئەسڵ دا ناوایە: (أي نَاسِكُوْنَ فِيْهِ)، پەرستاری خوای پەروەردگار دەبن لەوێدا، لەو شوێنەدا، ئەگەر مەبەستیش لە (مَنْسَك) یان (مَنْسِك)، خواپەرستیی بێت بە گشتیی، یانی: (هُمْ نَاسِكُوْهُ)، یانی: پەرستارن بۆ خوای بەرز ومەزن، بە پێی ئەو پەرستنەی بۆی دیاریی کردوون.

٣)- ﴿ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِي ٱلۡأَمۡرِۚ ﴾، ئنجا با لە بارەی ئایینەوە، لە بارەی ئەو دینداریيەوە، مشتومڕت لەگەڵدا نەکەن.

لێرەدا ڕستەی: (مشتومڕت لەگەڵدا نەکەن) پرسیارێک دروست دەکات: بەدەست پێغەمبەری خوا ﷺ و، بڕواداران و شوێنکەوتووانی نەبووە، کە بەرانبەرەکانیان مشتومڕ دەکەن، یان نا، ئەدی ئەمە یانی چی لێرەدا؟ یانی: تۆ هەلومەرجێک مەڕەخسێنە، کە ئەوان بێنە قسە و مشتومڕت لەگەڵدا بکەن، یان ئەگەر ئەوان ویستیان مشتومڕ وتووێژ و شەڕە قسە بکەن، تۆ لەگەڵیان پێوە مەچۆ، بەڵکو لامليان تێبکە و وازیان لێبێنە.

٤)- ﴿ وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ ﴾، هەروەها تۆ بانگەواز بکە بۆ لای پەروەردگارت، واتە: لە جیاتی شەڕە قسە و مشتومڕ لەگەڵ ئەواندا، تۆ خەریکی کاری خۆت بە و بانگەواز بکە، با بە لاڕێتدا نەبەن و بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ و سەرگەرمت نەکەن، بانگەواز بکە بۆ لای پەروەردگارت، سەرگەرمی بانگەوازی خەڵک بە بۆ خوا بە یەکگرتن و، کاتی خۆت بەو شەڕە قسە و مشتومڕە لاوەکیيانەی کە ئەوان دەیانەوێ بیانوروژێنن، کاتی خۆت بەوەوە بە فیڕۆ مەدە.

٥)- ﴿إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدًى مُّسْتَقِيمٍ﴾، بە دڵنیایی تۆ لەسەر ڕێنماییەکەی ڕێک و ڕاستی.

ئەمە دڵنیاکردنی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتووانیەتی، دڵنیابن کە ئێوە لەسەر ڕێنمایی و بەرچاو ڕوونیی ڕێک و ڕاستن و دڵ لە دڵ مەدەن!

٦)- ﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ﴾، ئەگەر ئەوانیش هەر مشتومڕ و شەڕە قسەیان لەگەڵ کردی، سوور بوون، لە سەر دمبەدمەی خۆیان.

٧)- ﴿فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾، بڵێ: خوا زاناترە بەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن، واتە: لە جیاتی زۆر پێوەچوون و بە دواداچوونی ئەو قسانەی ئەوان دەیانوروژێنن، بڵێ: خوا زاناترە بەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن (و بەوەش کە ئێمە ئەنجامی دەدەین) کەواتە: خوا ﷻ ئەو ڕێباز و بەرنامەی، دینداریيەی ئاوا بۆ ئێمە داناوە و، ئێمە پێوەی پابەندین و، ئێوەش خۆتان چی دەکەن، خوا زاناترە بەوەی ئەنجامی دەدەن، ئنجا ئەمە وەک ئەو ئایەتە موبارەکە وایە کە دەفەرموێ: ﴿فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَٱنتَظِرْ ۝٣٠﴾السجدة، پشتیان تێبکە و چاوەڕێ بە، کە لە چەند شوێنان لە قورئان دا، ئەوە هاتوە، چونکە زۆرجار ئینسانی بانگەوازکار کەسێک کە دەیەوێ پەیامی خوا بگەیەنێ بۆ کۆمەڵگاو دەوروبەری، ئەگەر لە خۆی وریا نەبێ، بە شتی لاوەکییەوە و بە قسە و باسی نەزۆک و بێجێوە، کاتێکی زۆری لێ بەفیڕۆ دەدرێ و، توانایەکی زۆری لێ بەخەسار دەچێ و دەبێ وریا بێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەگەر هەر سوور بوون لەسەر مشتومڕ لەگەڵدا کردنت، ﴿فَقُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾، بڵێ: خوا زاناترە بەوەی کە دەیکەن.

٨)- ﴿ٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾، خوا لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا دادوەرییتان لە نێواندا دەکات.

٩)- ﴿فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾، لەوەدا کە ئێستا ئێوە لەبارەیەوە لە ڕاجیایی دان، ئەمە ڕستەیەک و بڕگەیەکی تازەیە و، لەوە نیە کە خوا ﷻ بە پێغەمبەری ﷺ فەرمووە: پێیان بڵێ، بەڵکو خوا بۆ خۆی دەفەرموێ: خوا لە نێوان ئێوە و نەیارەکانیشتاندا کە مشتومڕ و شەڕە قسەتان لەگەڵدا دەکەن، دادوەرییتان لە نێواندا دەکات، بەڵام کەی؟ لە

ڕۆژی هەڵسانەوەدا، کەواتە: خۆتیان پێوە سەرقاڵ مەکەو، پشتگوێیان بخە و خەریکی کاری خۆت بە.

١٠)- ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾، ئایا نازانی کە خوا هەرچی لە سەرێ و لە خوارێیە، هەرچی لە ئاسمان و لە زەوی هەیە، دەیزانێ؟ ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانە (**إستفهام إنكاري**)یە، یاخود پرسیارکردنێکی دانپێپێدا هێنەرانە (**إستفهام تقريري**)یە، یانی: بە دڵنیایی تۆ دەزانێ کە: خوا هەرچی لە ئاسمان و زەوییدا هەیە، دەیزانێ.

١١)- ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ فِي كِتَابٍ﴾، ئەوە هەمووی لە کتێبێک، لە تۆمارگەیەک دایە، تۆمار کراوە و نووسراوە.

١٢)- ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾، ئەوە لەسەر خوا ئاسانە، سێنایە، کە هەموو شتێکی لە بارەی دروستکراوەکانی خۆیەوە تۆماری کردبێ، ئەمە یان کنارەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و دەورەدانی زانیاریی خوا بۆ هەموو شتێک، یاخود مەبەست ئەوەیەکە بە کردەوە خوا ﷻ هەرچی لە بارەی دروستکراوەکانییەوە هەیە، نووسیویەتی، وەک لە قورئاندا بە (**لَوْح مَحْفُوظ**) و، (**كِتاب مبين**) و (**إمَامٍ مُبِين**)، هاتوە، دەشگونجێ مەبەست لەو وشانە: (**لَوْح مَحْفُوظ**)، (**كِتاب مبين**)، (**إمَامٍ مُبِين**)، زانیاریی خوای پەروەردگار بێ، بەڵام بۆیە خوای کاربەجێ ئەو وستانەی بەکارهێناون، تاکو ئێمە باشتر تێبگەیەنێ، کە وەک چۆن کاتێک شتێک تۆمار دەکەین، باش باشی دەزانین و لێمان تێکەڵ نابێ و لێمان تێک ناچێ، خواش ﷻ بەو شێوەیە، وەک هەموو شتەکان تۆمار کرابن، لە تۆمارگە و لە لیستێکدا بە وردیی نووسرابن، ئاوا دەیانزانێ و لێی پەنهان نین.

مەسەلەی دووەم:

بێبڕوایان لە جیاتی خوا شتێک دەپەرستن، کە هیچ بەڵگەی لەسەر نیەو، هیچ زانیارییشیان لە بارەیەوە نیە، کاتێکیش گوێبیستی ئایەتە ڕۆشنەکانی خوا دەبن، زۆر قەڵس و ناڕەحەت دەبن، نزیکە پەلاماری خوێنەرەوانی قورئان بدەن، بێگومانیش ناخۆشتر لەوە چاوەڕێیانە کە پێی قەڵسن، ئەویش بریتیە لە ئاگری دۆزەخ:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِۦ عِلْمٌ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ (٧١) وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمُنكَرَ ۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ۗ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ ۗ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ (٧٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ (٩) بڕگەدا:

١)- ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا ﴾، لە جیاتی خوا دەپەرستن، کە هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردۆتە خوار، هەموو ئەوانەی خواناپەرستن، لە جیاتی خوا شتانێک هەر دەپەرستن، پەرستراوانێکی دیکە دەپەرستن.

(لە جیاتی خوا شتانێک دەپەرستن) کە خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردوونە خوار، (سُلْطَٰنًا) بە مانای بەڵگەیە، بەڵگەی دابەزێندراو، کە بریتیە لەو بەڵگەیەی لەسەر زمانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، خوا ﷻ دایدەبەزێنێ، کەواتە: بۆ ئەوە کە دەبێ کێ بپەرسترێ و چۆن بپەرسترێ؟ تاکە بۆلاگەڕاوە (مرجع) و سەرچاوە کە دەبێ بەڵگەی لێوەبێ، خوای پەروەردگارە، وەحیی خوا و پەیامی خوایە و، بەبێ هەبوونی بەڵگە لە لایەن خواوە، دروست نیە شتێک بکرێتە پەرستراو (مُعبود)، کەچی ئەوانە لە جیاتی خوا و لە خوار خواوە، شتێک دەپەرستن، کە خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردوە.

٢)- ﴿ وَمَا لَيۡسَ لَهُم بِهِۦ عِلۡمٌ ﴾، هەروەها شتانێك (دەپەرستن) کە خۆشیان هیچ زانیارییان لە بارەیەوە نیە، واتە: بڕوایەکی مەحکەمیان پێی نیە بەو شتەی دەیپەرستن، چونکە بڕوای مەحکەم و ئیعتیقادی مسۆگەر و جێی دڵنیایی، لە زانیاریی و بەڵگەی یەکلاییکەرەوە پەیدادەبێ، ئەوانیش زانیاریی و بەڵگەیەکی جێی دڵنیایی و دڵنیاکەریان نیە، بۆیە لە جێیەکی دیکەش دەفەرموێ: ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ (٢٣) ﴾النجم، واتە: تەنیا بە دوای گومان دەکەون، هەروەها لە سووڕەتی (النجم)یش دا دەفەرموێ: ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُ (٢٣) ﴾، واتە: بەس شوێن گومان و، شوێن ئەوە دەکەون کە نەفسەکانیان ئارەزووی دەکەن.

٣)- ﴿ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٖ ﴾، ستەمکارانیش هیچ پشتیوان و یارمەتیدەرو هاوکارێکیان نیە، لە جیاتی بفەرموێ: (وَمَا لَهُمْ)، فەرموویەتی: (وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ)، بۆ ئەوەی سیفەتی ستەمیشیان بۆ بکاتە مۆرێک و بە نێو چاوانیانەوە بنێ.

٤)- ﴿ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ ﴾، کاتێکیش ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێندرێنەوە، چ جۆرە ئایەتێک؟ (بَيِّنَٰتٖ) ئەو ئایەتانەی زۆر ڕۆشنن و هیچ تەم و مژیان بەسەرەوە نیە و، دەزانرێ کە ئایەتی خوان، چونکە لێرەدا وشەی (آيات) ڕەوت، (سیاق) کە باسی خوێندنەوەی ئایەتەکان دەکات، ناچارمان دەکات بڵێین: مەبەست ئایەتە خوێنراوەکانی خوان، یانی ڕستەکانی قوڕئان، ئەگەرنا وشەی (آيات)، لە قوڕئاندا بە چوار واتا یان بەکارهاتوە:

١- بە مانای ڕستەکانی قوڕئان هاتوە.

٢- بە مانای دیمەن و دیاردەکانی گەردوونیش دێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ (١٠٥) ﴾یوسف، واتە: زۆر ئایەت لە ئاسمانەکان و زەوییدا هەن، بەڵام بەلایاندا ڕەت دەبن و پشتیان تێدەکەن و لێیان ورد نابنەوە!

٣- هەروەها بەمانای موعجزەکانی پێغەمبەرانیش دێ، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ (١٠١) ﴾الاسراء، واتە: بێگومان نۆ نیشانەی ڕۆشنمان بە

مووسا دابوون، کە مەبەست پێی موعجیزەکانە، کەواتە: (آیَات)، بە مانای موعجیزەی پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دێ.

٤- هەروەها (آیَات)، بە مانای ئەو بەڵا و گرفتارییانەش دێن، کە خوا ﷻ بۆ کۆمەڵگاکانیان دەنێرێ.

بەڵام ئەوەی کە دیاریی دەکات کام لەو چوار چەمکە مەبەستە، کاتێک وشەی (آیَات)، یان (آیَة)، بەکاردێ؟ ئەو سیاقەیە کە ئەو وشەیەی تێدا بەکاردێ، بۆ وێنە: لێرەدا کاتێک دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ ﴾، کاتێک ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێنەوە، مەبەست پێیان ئایەتەکانی قورئانە.

٥)- ﴿ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلْمُنكَرَ ﴾، تۆ پێناخۆش بوون و نکووڵییکردن و خراپە لە ڕووەکانی ئەوانەی بێبڕوادان، دەخوێنیەوە و دەزانی.

لێرەدا وشەی: (ٱلْمُنكَرَ)، واتە: پێناخۆشبوون (الكَرَاهَة)، یاخود: نکووڵییلێکردن (إِنْكَار)، یان: خراپە و ناپەسند، وەک لە سوورەتی (العنكبوت)دا دەفەرموێ: ﴿ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۝٢٩ ﴾، ئێوە لە کۆڕ و مەجلیسەکەی خۆتاندا، کاری خراپ و ناپەسند و ناقۆڵا دەکەن، کەواتە: (ٱلْمُنكَرَ)، بە واتای ناقۆڵایی و ناپەسندیی، دێ، کەواتە: ﴿ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلْمُنكَرَ ﴾، سێ واتایان هەڵدەگرێ:

١- دەگونجێ مەبەست پێی نکووڵییلێکردن بێ.

٢- دەگونجێ مەبەست پێی پەستیی و تووڕەیی و بێزارییان بێ.

٣- دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە حاڵەتێکی ناپەسند و خراپ لە دەم و چاوی ئەواندا دەخوێنیەوە.

٦)- ﴿ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ﴾، نیزیکە پەلاماری ئەوانە بدەن کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێننەوە، نیزیکە دەستیان لێ بوەشێنن، چونکە (السَّطْوُ: البَطْشُ)، پڕدان و پەلاماردان و زەبرلێوەشاندن، بێبڕوایان ئەوەندە تووڕە و پەست و قەڵسن بە ئایەتەکانی خوا، خەریکە ئەوانەی بەسەریان دا دەیانخوێننەوە، پەلاماریان بدەن،

بەڵكو جاری وا بووە پەلاماریشیان داون، وەک لەو بەسەرهاتەی کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دا (خوا لێی ڕازی بێ)، ڕوویداوە، کە سوورەتی (الرحمن)ی خوێندۆتەوە کاتێک دابەزیوە و، لە لای کەعبە خوێندوویەتەوە و کافرەکانیش زۆر ئەزیەتیان داوە و برینداریان کردوە.

٧)- ﴿ قُلۡ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكُمُۗ ﴾، پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان پێ بدەم بە خراپتر لەوە؟ کە زیاتر بۆ ئێوە خراپ بێ و، زیاتر جێی تووڕەیی و پەستیی بێ، هەواڵتان پێ بدەم بە شتێک کە لەوەی ئێستا پێی قەڵسن، زیاتر مایەی پەست بوون و تووڕەیی و بێزارییتان بێ؟ هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكُمُۗ ﴾، ئەمە پرسیارکردنە و بەکارهێنراوە بۆ مۆڵەت لێوەرگرتن (إِسْتِئْذَان)، بەڵام دیسان مەبەست لەو مۆڵەت لێوەرگرتنەش، هەر جۆرێکە لە گاڵتەپێکردن، چونکە خوا ﷻ هەواڵی پێداون، لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی مۆڵەت بدەن، یان نەدەن!

کە دەفەرموێ: ﴿ بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكُمُۗ ﴾، پاڵیداوەتە لای خۆیان، یانی: بە خراپتر لەوە بۆ ئێوە، ئەگەرنا ئەوەی کە بەسەریان دا خوێندراوەتەوە، خراپ نیە، تاکو دۆزەخ لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێ و بگوترێ: دۆزەخ خراپترە لە ئایەتەکان! نا، بەڵام بە نسبەت ئەوانەوە، ئەو ئایەتانەی کافرەکان بڕوایان پێ ناهێنن، بۆیان دەبێتە مایەی سزای ئاگری دۆزەخ و، ئەویش لەو پێناخۆشبوون ناڕەحەت بوونەی ئەوان خراپترە، کە لە دواڕۆژدا لەگەڵیدا دەستە و یەخە دەبن.

٨)- ﴿ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ ﴾، ئەوەی بۆیان خراپترە: بریتیە لە ئاگر، ئاگری دۆزەخ، کە خوا بەڵێنی داوە بەوانەی بێبڕوان، ئاگری بۆ بەڵێن داون، گفتی ئاگری دۆزەخی پێ داون.

دیارە وشەی (وَعْد)، زیاتر بۆ خێر و خۆشیی بەکاردێ، بۆیە ئەمەش جۆرێکە لە گاڵتەپێکردن، هەروەک لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: ﴿ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢١ ﴾آل عمران، دڵخۆشیان بکە و، موژدەیان پێ بدە بە ئازارێکی بە ئێش، واتە: ئەگەر شتێک هەبێ جێی دڵخۆشیی و، موژدەبێ بۆ ئەوان، هەر بریتیە لە سزا و ئازار.

٩)- ﴿وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾، خراپترین سەرەنجامیش ئاگری دۆزەخە، یانی: (سَاءَتْ نِهَايَتُكُم وَمَرْجِعُكُمْ)، خراپترین کۆتایی و دەرەنجام و خراپترین شوێن، کە ئێوە بۆ لای دەگەڕێنەوە، بریتیە لە ئاگری دۆزەخ.

مەسەلەی سێیەم:

وێنە هێنانەوە بە مێش، لەسەر بێدەستەڵاتیی پەستراوە ساختەکان، کە بە هەمووشیانەوە نە مێشێکیان پێ دروست دەکرێ، نە ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بستێنێ و بڕفێنێ، پێیان لێ دەستێندرێتەوە و، دەرباز دەکرێ، کەواتە: هاوبەش بۆ خوادانەران، وەک بۆ خوا شایستەیە قەدریان نەگرتوە و بەرزیی و مەزنییان بۆی بڕیار نەداوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ٧٣ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٧٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓ﴾، ئەی خەڵکینە! وێنەیەک هێنراوەتەوە، وێنەیەک باسکراوە، گوێی بۆ هەڵبخەن، ئەگەر فەرمووبای: (**فاسْمَعُوا**)، واتە: گوێ بگرن، بەڵام (فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓ)، واتە: باش بە سەرنج دانەوە گوێی بۆ هەڵبخەن (**سَمْع**) لە زمانی کوردییدا بریتیە لە گوێگرتن (**سَمِعَهُ**)، یانی: گوێی بۆ گرت، بەڵام (**إسْتَمِعْ لَهُ**)، واتە: گوێی بۆ هەڵخست، بەپێی بنەمای: (**زِيَادَةُ المَبْنَى تَدُلُّ عَلَى زِيَادَةُ المَعْنى**)، ئەمە لە زمانی عەرەبییدا بنچینەیەکە: وشەیەک تاکو پیتەکانی زیاتر بن، ماناکەشی بەهێزتر دەبێ، (**سَمِعَهُ**): بیستی، بەڵام (**إسْتَمِعْ لَهُ**): باش گوێی بۆ هەڵخست، ئنجا خوا دەفەرموێ: وێنەیەک هێندراوەتەوە ئەی خەڵکینە! گوێی بۆ هەڵبخەن.

(ضَرْبُ المَثَلِ: ذِكْرُهُ وبَيانُهُ؛ اسْتُعِيرَ الضَّرْبُ لِلْقَوْلِ والذِّكْرِ تَشْبِيهًا بِوَضْعِ الشَّيْءِ بِشِدَّةٍ، أيْ أُلْقِيَ إلَيْكُم مَثَلٌ، وَالْمَثَلُ: شَاعَ فِي تَشْبِيهِ حَالَةٍ بِحَالَةٍ، وَقَالَ صَاحِبُ الْكَشَّافِ: الْمَثَلَ هُنَا الصِّفَةُ الغريبةُ تَشْبِيهاً لها بِبَعْضِ الْأَمْثَالِ السَّائِرَةِ)[1]، (ضَرْبُ المَثَلِ)، (ضَرْبُ)، یانی: لێدان، (المَثَلِ)یش، یانی: وێنە، کەواتە: (ضَرْبُ المَثَلِ)، یانی: باسکردنی وێنەیەک.

لێرەدا وشەی لێدان (ضَرْب) خوازراوەتەوە بۆ گوتن و باسکردن، وەک چۆن شتێک بە هێزەوە لەسەر شتێک دادەنێی، بۆیە وشەی (ضَرْب)، بۆ باسکردن و خستنەڕوو خوازراوەتەوە، واتە: وێنەیەک بۆ ئێوە خراوەتە ڕوو، فڕێدراوە، سەرنجی بدەن، وشەی (المَثَل)یش، باوە کە بەکاردەهێنرێ بۆ وێچواندنی حاڵەتێک بە حاڵەتێک، خاوەنی تەفسیری (الْكَشَّافِ)، (الزمخشري) ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێ: وشەی (الْمَثَلَ)، لێرەدا مەبەست پێی سیفەتێکی سەیرە کە چوێندراوە بە هەندێک لەو قسانەوە کە خەڵک بە دەمیانەوە دەگرن.

کە ئەمە بە کوردیی پێی دەڵێن: «پەندی پێشینان»، واتە: ئەو وێنە هێنانەوەیە وەک پەندێک بووە خراوەتە ڕوو، یانی: ئەو وێنەهێنانەوەیە خوا چواندوویەتی، بە پەندی پێشینانەوە و وەک پەندێکی لێهاتووە.

ئنجا باسی پەندەکە دەکات:

٢)- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، هەڵبەتە (تَدۡعُونَ)، خوێندراویشتەوە: (يَدْعُونَ)، ئەگەر (تَدۡعُونَ)، بێ یانی: ئەی خەڵکینە! خەڵکە بێبڕوا و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان! ئەو شتانەی ئێوە، لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە و دەیانپەرستن، بەڵام ئەگەر (يَدْعُونَ) بێ، واتە: ئەی خەڵکینە! ئەوەی کە هاوبەش بۆ خوادانەر و بتپەرستەکان لێیان دەپاڕێنەوە.

---

[1] [illegible]

٣)- ﴿لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا﴾، ئەوانە هەموویان، هەموو پەرستراوەکان ناتوانن مێشێک دروست بکەن، هەرگیز مێشێکیان پێ دروست ناکرێ.

بۆیەش خوا وێنەی بە مێش (ذباب) هێناوەتەوە، چونکە:

١- مێش زیندەوەرێکی زۆر بچووکە.

٢- زیندەوەرێکیشە وا دیارە لە هەموو دنیادا هەیە و زیندەوەرێکی نێو نەتەوەییە، من چووم بۆ زۆر لە وڵاتانی دنیا، لە هەموویان کەم و زۆر مێشی لێ هەبووە.

٤)- ﴿وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ﴾، ئەو پەرستراوانەی لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ئەگەر هەمووشیان خڕببنەوە و کۆببنەوە سەر یەک، ناتوانن مێشێک دروستبکەن.

٥)- ﴿وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ﴾، نەک هەر ناتوانن مێشێک دروست بکەن، بگرە ئەگەر مێشەکەش شتێکیان لێ بستێنێ، لێ بڕفێنێ، پێیان لێی قوتار ناکرێ و پێیان دەرباز ناکرێ.

(سَلْب)، بریتیە لەوەی بە تۆبزیی شتێک لە کەسێک بستێنی و بیڕفێنی.

﴿لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ﴾، هەموو ئەو پەرستراوانە ناتوانن ئەو شتە فڕێندراو و دزراوە، لەو مێشە دەربازبکەن و لێی قوتاربکەن، (وَالإِسْتِنْقَاذُ: مُبَالَغَةٌ فِي الْإِنْقَاذِ مِثْلُ الإِسْتِحْيَاءِ وَالإِسْتِجَابَةِ)، (الإِسْتِنْقَاذ)، یانی: (الْإِنْقَاذِ)، بەڵام زێدەڕۆیی تێدا کراوە، وشەیەک کە پیتەکانی زیاد دەکرێن، ماناشی بە هێزتر دەبێ، (أَنْقَذَهُ مِنْهُ): لێی دەرباز کرد، (إِسْتِنْقَذَهُ مِنْهُ): بە قورسیی لێی دەرباز کرد، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ﴾ یانی: ئەگەر هەمووشیان خڕ بنەوە، هەموو پەرستراوەکان و زۆر بە جیددیی هەوڵیش بدەن، ئەو شتەیان لەو مێشە کە ڕفاندوویەتی و بردوویەتی، بۆ دەرباز ناکرێ.

٦)- ﴿ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ﴾، بە دواداچوو و داوالێکراو، یان: داوالێکەرو داوالێکراو، بێهێزن، داواکار بتەکانن، پەرستراوەکانن و، داواکراویش مێشەکەیە کە شتەکەی بردوە، هەردووکیان بێهێزن.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: ئەوانەی لەو پەرستراوانە دەپاڕێنەوە، کە ناتوانن مێشێک دروستبکەن و ئەگەر مێشێک شتێکیان لێ بستێنێ، ناتوانن لێی وەربگرنەوە و پێیان لێ ناستێندرێتەوە، ئا ئەوانەی لەو پەرستراوانە دەپاڕێنەوە، بێهێزن و، پەرستراوەکانیشیان هەر بێهێزن، کە داوایان لێ دەکرێ و پەنایان پێ دەبردرێ، هەردووک واتایەکەی هەن:

أ- دەگونجێ: مەبەست پێی ئەوانەبێ کە بە دوای مێشەکە دەکەون، کە شتەکەی لێ بستێننەوە، هەم ئەوان و هەم مێشەکەش بێ هێزە.

ب- یاخود مەبەست پێی ئەوانەبێ، کە جگە لە خوا دەپەرستن، کە هەم خۆشیان و هەم پەرستراوەکانیشیان بێهێزن لە بەرانبەر مێشێکیشدا.

٧)- ﴿ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾، وەک بۆ خوا شایستەیە، ڕێزی خوایان نەگرتوە، پایەی بەرزی خوایان دەرک نەکردوە.

(الْقَدْرُ: المِقْدَارُ، وَالْقَدْرُ: الْعَظَمَةُ وَالمَقَامُ وَالرُّتْبَةُ، أَي: مَا عَظَّمُوهُ حَقَّ تَعْظِيْمِه)، وشەی (قَدْر)، هەم بە مانای ئەندازە دێ، هەم بە مانای پێگە و پایە دێ، کەواتە: مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: وەک بۆ خوا شایستەیە، بە بەرز و مەزنیان نەگرتوە.

٨)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بەهێزی زاڵە، واتە: بەهێزە هەر مەبەستێکی بیەوێ دەیهێنێتە دی، زاڵیشە هەر کەسێک دژایەتیی بکات، پشتی دەشکێنێ، کەواتە: پەرستراوێکی ئاوا، تاکە پەرستراوی بە هەق و شایستەیە بۆ پەرستن، کە هەم بەهێزە و هەم زاڵە و هەموو سیفەتەکانی خوا ﷻ لەو پەڕی تەواوییدان و ڕەهاو بێ سنوورن.

وەک شایستەیە ڕێزی خوا نەگرتن، چییەوچۆنە؟

شایانی باسە ئەم ڕستەیە: ﴿ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾، لە هەموو قورئاندا لە سێ شوێن دا هاتوە:

١)- لە سووڕەتی (الأنعام)دا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ﴿٩١﴾﴾، واتە: وەک بۆ خوا شایستەیە ڕێزی خوایان نەگرت، کە گوتیان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندوە بۆ سەر هیچ بەندەیەک.

کەواتە: ئەوە بێ ڕێزییە بەرانبەر بە خوا، بگوترێ: خوا مرۆڤەکانی وێڵ کردون و پشتگوێی خستوون و، بەرنامەی بۆ دانەبەزاندوون، ئایا خوا عزوجل سیستم دابنێ بۆ گەردیلە و، کەهکەشان و، زیندەوەران و، بۆ بەڕێوە چوونی هەموو ژیانداران، بەرنامە دانانێ بۆ مرۆڤ کە شاگوڵی گەردوونە و، هەڵبژاردەی نێو دروستکراوەکانی خوایە؟ کەواتە: کەسێک بڵێ: خوا بەرنامەی دانەبەزاندوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسیی، کە عەلمانیەت، سیکۆلاریزم وادەڵێ، ئەوە بێ ڕێزە بەرانبەر بە خوا و، قەدری خوا و پایەی بەرزی خوا نازانێ و، نازانێ خوا چەندە بەبەزەییە! چەندە بەلوتف و میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانیدا، کە هەرگیز وێڵیان ناکات، ئەو هەموو پێغەمبەرانەی (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، ناردوون، ئەو هەموو کتێبانەی دابەزاندوون، تاکو کۆتا پێغەمبەری بە کۆتا کتێبی خۆیەوە ناردوە، کە موحەممەدە ﷺ و قوڕئانی بۆ ناردوە، موحەممەدی ﷺ ڕەوانەکردوە بۆ هەموو مرۆڤەکان، بۆ هەموو بەشەر و، قوڕئانی دابەزاندوە، وەک دوا پەیام و بەرنامەی خۆی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، ئیدی دەروازەی وەحیی گاڵە درا و، دەرگای پێغەمبەرایەتیی پێوەدرا و تەواو، چونکە قوڕئان بەشی هەموو مرۆڤایەتیی دەکات و، ڕێبازەکەی موحەممەدیش ﷺ کە بریتیە لە بەرجەستەکردنی قوڕئان، بەشی هەموو مرۆڤایەتیی دەکات، بۆیە لە دوای هاتنی موحەممەد ﷺ و، لە دوای دابەزێندرانی قوڕئان، پێویست بە نێردرانی هیچ پێغەمبەرێک و، دابەزێنرانی هیچ کتێبێک ناکات.

٢)- لە سووڕەتی (الحج)دا کە دەفەرموێ: ﴿مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴿٧٤﴾﴾، واتە: کەسانێک کە جگە لە خوا دەپەرستن، ئەو پەرستراوانە لە بەرانبەر دروستکردنی مێشێکدا دەستەپاچەن، ئەگەر مێشێکیش شتێکیان لێ بستێنێ، لە بەرانبەریدا دەستەپاچە و

بێ دەستەڵاتن، ئەوانە وەک پێویست ڕێزی خوایان نەگرتوە، ئەگەرنا شتێکی ئاوا بێ دەستەڵاتیان نەدەپەرست و، واز لە پەرستنی خوای بە هەق بێنن.

٣)- لە سووڕەتی (الزمر)دا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ﴿٦٧﴾ ﴾، وەک پێویست ڕێزی خوایان نەگرت، قەدری خوایان نەزانی، لە حاڵێکدا کە خوا هەموو زەوی لە چەنگ دەگرێ لە ڕۆژی دواییدا و، ئاسمانەکانیش دەپێچێتەوە و بەڕاستەی دەیانگرێ، کە ئەمە وێناکردنی دەستەڵاتی ڕەها و بێسنووری خوایە بۆ ئێمە، ئەگەرنا مەسەلە ئەوە نیە سیفەتی چەنگ (قبضة) بۆ خوا دابنێ و، سیفەتی بن هەنگڵی ڕاست بۆ خوا دابنێ، نا، بەڵکو یانی: وەک چۆن یەکێک لە ئێوە شتێک لە چەنگ بگرێ، مانای وایە بەسەریدا باڵادەست و بە دەسەڵاتە و کۆنترۆڵی کردوە، هەروەها کەسێک شتێک بپێچێتەوە و بیخاتە بن هەنگڵی، مانای وایە دەوری داوەو بە تەواویی خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، خوای پەروەردگاریش وەک زەوی لە چەنگ بگرێ و ئاسمانەکان بپێچێتەوە، ئەوەندە بە دەستەڵات و بە توانایە.

لێرەدا مەبەست پێی پیشاندانانی دەسەڵات و هەیمەنەی خوایە لە گەردووندا، بەسەرو خواریەوە و، بە ئاسمانەکان و زەوییەوە، ئەگەرنا بێگومان هەر سیفەتێک ئێمە دڵنیابین خوا وەک سیفەت بۆ خۆی بەکاری هێناوە و، هەر ناوێک کە خوا بۆ خۆی بەکاری هێناوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ بەکورتیی: هەر سیفەت و ناوێک لە قورئان و سوننەتدا هاتبێ، ئێمەش بۆ خوای پەروەردگاری بەکاری دێنین، مادام بزانین خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستیان بووە، بەڵام جاری وایە بە پێی سیاق دەزانین، تەعبیرێک بەکارهاتوە، مەبەست ئەوە نیە، خوا باسی سیفەتێکی خۆی بکات، یان باسی ئەوە بکات ناوێک بۆ خۆی دابنێ، بەڵکو دەیەوێ ئێمە تێبگەیەنێ لە دەستەڵاتی خۆی، بۆ وێنە: کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ ﴿٤٢﴾ ﴾، لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە سیفەتی (سَاقٍ)، بۆ خوا بڕیار بدرێ، چونکە وشەی (ساق) لە قورئاندا تەنیا لەو شوێنەدا هاتوە، بەڵام

ئـەو سـیفەتانەی خـوا ﷻ کـە لـە قورئانـدا بـۆ خـۆی بـەکاری هێنـاون، چەنـدان جـار دووبـارە بوونـەوە، بـەڵام ئـەو شـێوە تەعبیرانـەی، وەک:

أ- ﴿ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا (٤٨) ﴾ الطور، تۆ بە چاوەکانی ئێمەی، یان: ﴿ وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ (٣٩) ﴾ طه، بۆ ئەوەی لەسەر چاوی من دروست بکرێی، یانی: لە ژێر چاودێریی ئێمەدا، بۆیە لە شوێنێک بە (عَيْنِيٓ) هاتوە و لە شوێنێک بە (بِأَعْيُنِنَا).

ب- هەروەها وشەی (يَدْ)، لە شوێنێک بە (يَدْ)، هاتوە: ﴿ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ (١٠) ﴾ الفتح، لە شوێنێک بە (أَيْدِي)ی هاتوە: ﴿ عَمِلَتْ أَيْدِينَآ (٧١) ﴾ یس، کە مەبەست پێیان چاکە و دەستەڵاتی خواو، نیعمەتەکانی خوای پەروەردگارە، کە لە ژیانی بەشەردا هەن، هەروەها وشەی (بيديّ) لە ﴿ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ (٧٥) ﴾ ص دا، مەبەست پێی بە گرنگیی و بایەخپێدانەوە دروستکردنی نادەمە.

هەڵبەتە هەر سیفەتێک خوا بەکاری هێنابێ و دڵنیابین وەک سیفەت بەکارهاتوە، ئێمەش دەڵێین: ئەوە سیفەتێکی خوای پەروەردگارە، یان ناوێکی خوایە ﷻ بەو واتایە، کە خۆی یان پێغەمبەرەکەی ﷺ، مەبەستیان بووە.

مەسەلەی چوارەم:

خوا لە فریشتەکانیش و لە مرۆڤەکانیش، نوێنەر و ڕەوانەکراوانی خۆی هەڵدەبژێرێ و، خوا بیسەر و بینەریانە و، خوا داهاتوو ڕابردووشیان دەزانێ و، کاروبارەکانیش بەس بۆ لای وی دەگێڕدرێنەوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿٧٥﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٧٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾، خوا نوێنەران و ڕەوانەکراوان هەڵدەبژێرێ لە فریشتەکانیش و لە خەڵکیش، واتە: ئەوانەی خوا هەڵیاندەبژێرێ لە فریشتان و لە مرۆڤان، ئەوە خوا هەڵیاندەبژێرێ وەک نوێنەرانی خۆی، کە پەیامی ئەو بێنن، نەک بپەرسترێن و بکرێنە هاوبەش بۆ خوا.

٢)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بیسەری بینەرە، واتە: هەموو شتێکیان لە بارەوە دەبیستێ، هەر شتێک بڵێن، دەیبیستێ و، هەر شتێک بکەن، دەیبینێ و هیچ شتێکی ئەوان و جگە لەوانی لێ پەنهان نیە.

٣)- ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾، ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیە دەیزانێ و، ئەوەی لە دواشیانەوەیە دەیزانێ.

ئەمە سێ واتای هەن:

أ- ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیە واتە: ئەوەی جارێ نەهاتوە و بەرەو ڕووی دەچن و داهاتوو (مستقبل)ە، ئەوەی لە دوایانەوەیە، یانی: بەجێیان هێشتوە و ڕابردوە ئەوە واتایەکی.

ب- واتایەکی دیکەی: ئەوەی لە پێش دەستیانەوەیە یانی: ئەوەی ئاشکرای دەکەن، ئەوەی لە پشتیانەوەیە، یانی: ئەوەی پەنهانی دەکەن.

ج- واتایەکی دیکەی: خوا هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ، چونکە ئینسان شتێک یان لە پێشیەوەیەتی، یان لە دواوەیەتی و، مەبەست پێی ئەوەیە: هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ.

٤)- ﴿ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴾، کاروبارەکانیش تەنیا بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە. لێرەدا کە (الجارّ والمجرور) ژێردارکەر و ژێردارکراو، (الخافض والمَخْفُوض)، پێشخراون، ﴿ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴾، نەیفەرمووە: (تُرجَعُ الأمورُ إلى الله)، ئەمە کورتهەڵێنان (حَصْر) دەگەیەنێ، یانی: کاروبارەکان تەنیا بۆ لای خوا دەگێڕرێنەوە، نەک بۆ لای جگە لەو، واتە: لە ڕۆژی دواییدا، تەنیا خوا هەمەکارەی جینن و مرۆڤە و، هەمەکارەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بۆ سزا و پاداشت و بۆ دادوەریی لە بەیندا کردنیان.

مەسەلەی پێنجەم:

خوا دە (١٠) ئەرک و فەرمان و، پێنج ڕاستیی گەورە و گرنگ، بە بڕواداران دەفەرموێ، وەک دوا فەرمایشتی خۆی، لەم سووڕەتە موبارەکەدا:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْۤ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (٧٧) وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ (٧٨)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆزدە (١٩) بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! کە یەکەم جارە خوا بەمجۆرە بانگی بڕواداران بکات، واتە: لە هەموو سووڕەتی (الحج)دا، یەک جار خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئەویش لەم ئایەتە دایە، کە ئایەتی ژمارە (٧٧)ە، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، بە خوا ﷻ و بە فریشتەکانی و، بە کتێبەکانی و، بە پێغەمبەرەکانی (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ) و، بە ڕۆژی دوایی و، بە هەموو ئەوەی کە پێغەمبەرانی خوا، هەواڵیان لە بارەوە داوە، کە یەکێک لەوانە بریتیە لە قەدەر، ئەویش ئەوەیە کە خوا ﷻ نەخشە و بەرنامەیەکی داناوە بۆ هەموو دروستکراوەکانی و، هیچ شتێک لەو نەخشە و بەرنامەیەی خوا بەدەر نیە.

شایانی باسە کە خوا ﷻ لەم سووڕەتە موبارەکەدا، یەک جار بەم شێوەیە بانگی بڕواداران دەکات، ئنجا بە دوایدا، دە (١٠) ئەرک دەخاتەڕوو و، پێنج (٥) ڕاستییش ڕادەگەیەنێ، ئەگەر ئیمانیش بە یەکێک لە ئەرکەکان دابنێین، دە (١٠) ئەرک و پێنج ڕاستیی، دەبنە پازدە (١٥) واتە: بە دوای ئەم ڕستەیەدا، خوا دە

(١٠) ئەرك وەك ئەركی شەرعیی، دەخاتە سەر شانی مسوڵمانان و، پێنج ڕاستیی گەورە و گرنگیشیان بۆ دەخاتە ڕوو.

شایانی باسە: لەم سوورەتی (الحج)دا، چوار جاران ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾، هاتوە:

أ- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ (١)﴾.

ب- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ ٱلْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ... (٥)﴾.

ج- ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ (٤٩)﴾.

د- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓ... (٧٣)﴾.

ئەمەش ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەكاتەوە: كە ئەم سوورەتە، سوورەتێكی مەككەییە، بەڵام وەك نێوانێكی قورئانی مەككەیی و مەدینەییە، یەك جاریش ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، تێدا هاتوە، كە لە سوورەتە مەدینەییەكاندا دێ، یانی: ئەم سوورەتە موبارەكەی (الحج)، وەك دەروازەیەك بووە بەرەو، دەستپێكردنی قۆناغی مەدینە و، دابەزینی قورئانی مەدینەیی.

هەروەها لەم سوورەتەدا سێ جاریش (ومن الناس) هاتوە:

أ- ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَٰنٍ مَّرِيدٍ (٣)﴾.

ب- ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَٰبٍ مُّنِيرٍ (٨)﴾.

ج- ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعْبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍ... (١١)﴾.

كە وەك پێشتریش گوتمان، لێرەدا خوا مرۆڤەكان پۆلێن دەكات بۆ چوار جۆرە مرۆڤ، كە لە درێژەی تەفسیركردن و ڕوونكردنەوەكاندا باسمان كردن.

١)- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! کەواتە: ئەرکی یەکەم، ئیمان هێنانە.

٢)- ﴿ ٱرۡكَعُواْ ﴾ ڕکووع بەرن.

٣)- ﴿ وَٱسۡجُدُواْ ﴾، هەروەها کڕنووش ببەن، کە بێگومان لێرەدا: ڕکووع و سەجدە بردن، مەبەست پێیان نوێژە، چونکە سەجدەی بە جیا هەیە، وەک سەجدەی قوڕئان خوێندن، بەڵام ڕکووع نیە بە تەنیا، ڕکووع تەنیا لە نێو نوێژدایە و، بە زۆریی وایە کە ڕکووع و سەجدەش پێکەوە دێن، مەبەست پێیان نوێژە، چونکە دوو پێکهێنەری سەرەکیی نوێژن و، لە ڕاستییدا ئەو ملکەچیی و بەندایەتیی و خۆ بچووک پێشاندانەی مرۆڤ لە بەرانبەر خوادا، کە لە ڕکووع و سەجدەدا هەیە، لە هیچ شتێکی دیکەدا نیە، هەر بۆیەش ڕکووع و سەجدە بۆ جگە لە خوا دروست نین.

کەواتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ڕکووع ببەن و سەجدە ببەن، (بۆ خوا ﷻ) ڕکووع و سەجدە دوو پێکهێنەری نوێژن، نوێژ: یەکێکە لە خواپەرستییەکان و تایبەتترین جۆری خواپەرستییە و چڵە پۆپەی خواپەرستییە، بەڵام خواپەرستیی تەنیا لە نوێژدا کورت هەڵنەهاتوە، هەروەک چۆن نوێژیش تەنیا لە ڕکووع و سەجدەدا کورت هەڵنەهاتوە، نوێژ وێڕای ڕکووع و سەجدە، تەحییاتیشی تێدایە و شتی دیکەشی تێدایە و، خواپەرستییش وێڕای نوێژ، ڕۆژووشی تێدایە، حەج و عومرەشی تێدایە، پاڕانەوەی تێدایە، ماڵ بەخشینی تێدایە، گیان بەخشینی تێدایە، کەواتە: بەگشتیی و فراوانیی پەروەردگارتان بپەرستن.

٤)- ﴿ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ ﴾، پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، ئەمە گشتییە بۆ هەموو چالاکییەکیان، کە گرنگترینیان ڕازیکردنی خوای پەروەردگارە، لە چوار چێوەی شەریعەتی خوادا.

٥)- ﴿ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ ﴾، ئەمەیان لەوەی پێشێش گشتییترە: هەروەها چاکە بکەن، چاکەکردن چ پەیوەندیی بە نێوان خۆتان و خواوە هەبێ، کە بریتیە لە بەندایەتیی بۆ خوا، چ

نوێژ، لە نێو نوێژیشدا، چ ڕکووع و سەجدە، چ جگە لە نوێژ و، جگە لە ڕکووع و سەجدە، چ هەموو پەرستشەکانی دیکە، چ پەیوەندیی بە نێوان مرۆڤەکان خۆیانەوە هەبێ، کە بریتیە لەو هەموو جموجۆڵ و چالاکییانەی کە کۆمەڵگا لە نێو خۆیدا، پێیان هەڵدەستێ، وەک: سوود بە یەکدی گەیاندن و، هاوکاریی یەکدی کردن، کەواتە: ﴿ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ ﴾، چاکە بکەن، چەمک و واتایەکەی گشتییترە لە: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ ﴾، هەروەک چۆن ﴿ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ ﴾ چەمکەکەی گشتییترە لە: ﴿ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْ ﴾

ئنجا ئایا بۆچی ڕکووع بۆ خوا ببەین و سەجدەی بۆ ببەین و، پەروەردگارمان بپەرستین و، چاکەکاریی بکەین؟

٦- ﴿ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، بەڵکو سەرفرازبن، وشەی: (بەڵکو) پەیوەستە بە کردەوەکانی ئێمەوە، واتە: ئومێد و هیوا وایە کە ئێوە ئەگەر نوێژکەری باش بن، ئەگەر خواپەرستی باش بن، ئەگەر چاکەکار بن لە کۆمەڵگادا، ئومێد و هیوا وایە، نیزیکە سەرفرازیی بە دەست بێنن، بە هۆی ئەو کردەوانەوە.

شایانی باسە: ئێرە لەسەر ڕای زۆرێک لە زانایان، شوێنی سەجدەی قورئان خوێندنە (**سجدة التِّلَاوَة**)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە کۆتایی سوورەتی (**الأعراف**) دا، قسەمان لە بارەی کڕنووش بردنەکانی قورئان خوێندن (**سجدات التلاوة**)ەوە کرد، لێرە دووبارەی ناکەینەوە، بە نسبەت ئەم شوێنەوە بە تایبەت، چەند ڕستەیەکی کورتی لە بارەوە دەڵێین:

هەر کام لە (**مالك وأبُو حنيفة والثوري**)، دەڵێن: ئێرە شوێنی کڕنووش بردن نیە، بۆیە ئەگەر کەسێک ئەم ئایەتە موبارەکەی خوێند و، کڕنووشی قورئان خوێندنی نەبرد، ئەوە مانای وایە پێشەوایەکەی (**مالك وأبو حنيفة وثوري**)ین، کە هەر سێکیان زانا و پێشەوا و موجتەهیدی گەورە بوون، بەڵام (**شافعي وأحمد وإسحاق وفقهاء المدينة**)، دەڵێن: ئێرە شوێنی کڕنووش بردنە، کەواتە: کەسێکیش کە کڕنووشی برد، ئەوە پێشەوایەکەی: (**شافعي وأحمد وإسحاق وفقهاء المدينة**) و ئەو

زانایانەی دیکەن، کە ڕایان وایە، ڕەحمەتی خوا لە هەموو پێشەوایانی ئیسلام و مسوڵمانان بێت.

٧)- ﴿ وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ ﴾، لە پێناوی خوادا، وەک بۆی شایستەیە، تێبکۆشن، کە دەفەرموێ: (حَقَّ جِهَادِهِۦ)، (**الحَقُّ: الْخَالِصِ أَي: جِهَاداً خَالِصَاً لَا شَوْبَ فِيْه**)، واتە: تێکۆشانێکی ساغ کە خڵتەی پێوە نەبێت، دەشگونجێ ئاوا لێکبدرێتەوە: (**وَانْتُصِبَ حَقَّ جِهادِهِ عَلَى الْمَفْعُولِ الْمُطْلَق الْمُبَيِّنِ لِلنَّوْعِ، وَأَصْلُهُ: جِهَادَهُ الْحَقّ**)، (حَقَّ جِهَادِهِۦ)، بەرکاری ڕەهای ڕوونکەرەوەی جۆرە، لە ئەصڵدا: (**جِهَادَهُ الْحَقّ**)ە، یانی: ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە ڕاست و چاکە بۆ خوا، ئاوا بۆی تێبکۆشن، کە دەفەرموێ: (فِي ٱللَّهِ)، (**فِي: للتعْلِيلِ، أَي: لِأَجْلِ اللّٰهِ، لِأَجْلِ نَصْرِ دِينِهِ**)، لە پێناوی خوا و لە پێناوی سەرخستنی بەرنامەکەیدا، ئەمە وەک فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێ:

{**دَخَلَتْ امْرَأَةٌ النَّارَ فِي هِرَّةٍ رَبَطَتْهَا، فَلَمْ تُطْعِمْهَا وَلَمْ تَدَعْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الْأَرْضِ**} (**أخرجه البخاري: ٢٢٣٦، ومسلم: ٢٢٤٢، وابن حبان: ٥٤٦، عَنْ ابْنِ عُمَرَ** ﵄).

واتە: ئافرەتێک بە هۆی پشیلەیەکەوە چووە نێو ئاگر، حەپسی کرد خۆی خواردنی پێ نەدا و، بەریشی نەدا، بۆ خۆی شتێک بخوات. {تاکو لە برسان و لە لاوازییان دا مرد}، کە دەفەرموێ: (**دَخَلَتْ امْرَأَةٌ النَّارَ فِي هِرَّةٍ**)، (**فِي: أَيْ لِأَجْلِهَا**)، بە هۆی پشیلەیەکەوە چووە نێو ئاگر، کە سزای دا و، لە برسان مراندی و لە تینووان خنکاندی، بە هۆی ئەوەوە خوا ﷻ سزای دا، هەروەک لە پێغەمبەر ﷺ پرسیار کراوە: (**أَإِنَّ لنا في البهائم أجراً؟ قال: نعم**) {**إِنَّ لنا في البهائم أجراً**} **أخرجه البخاري: ٣٦٣٢، ومسلم: ٤٤٢٢**، ئایا لە ژیانداراندا پاداشت هەیە بۆ ئێمە؟ فەرموویەتی: بەڵێ، یانی: وەک چۆن بە هۆی ئازار گەیاندن بە ئاژەڵێکەوە، سزا هەیە، بە هۆی سوود پێگەیاندنیشی، پاداشت هەیە لە لایەن خوای بەبەزەییەوە.

لە بارەی جیهادەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ ﴾، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ هەیە: {**الْمُجَاهِدُ مَنْ جَاهَدَ نَفْسَهُ فِي طَاعَةِ اللّٰهِ**}

(أخرجه أحمد ٢٤٠٠٤، والترمذي: ١٦٢١، وإبن حبان: ٤٦٢٤، والطبراني في الكبير: ٧٩٧)، (واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:) تێکۆشەر کەسێکە لەگەڵ خۆیدا تێبکۆشێ لە فەرمانبەریی خوادا.

واتە: لە پێناوی خوادا، لەگەڵ خۆیدا خەبات بکات و خۆی ماندوو بکات [خۆی بخاتە ژێر باری شەرع و لەسەر ڕێبازی شەرع بڕوات، بۆ ئەوەی خوا لێی ڕازی بێ، ئەوە تێکۆشەری ڕاستەقینەیە].

٨)- ﴿ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ ﴾، خوا ئێودی هەڵبژاردوە، یانی: ئێوەی هەڵبژاردوە بۆ شوێنکەوتنی ئایین و بەرنامەکەی، بۆ شوێنکەوتنی کۆتا کتێبی و، کۆتا پێغەمبەری کە موحەممەدە ﷺ، کەواتە: کاتێک خۆت لە نێو پەیڕەوانی قوڕئاندا دەبینی و، لە نێو شوێنکەوتووانی موحەممەد دا ﷺ دەبینی، تۆ زۆر بەختەوەری، زۆر دڵخۆشبە و شانازیی بە خۆتەوە بکە، کە خوا هەڵیبژاردووی و گوڵبژێری کردووی.

٩)- ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ ﴾، خوا لە ئاینیدا، هیچ سەغڵەتیی نەخستۆتە سەرتان، واتە: لەو ئایین و بەرنامەیەدا کە ناردوویەتی و، قوڕئان دەیگرێتە خۆی و، پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەرجەستەکراویی پێشانی داون، لەمیانی ڕێباز و سوننەتەکەیدا، ئا ئەو ئایینە، هیچ سەغڵەتییەکی تێدا دانەنراوە لە لایەن خواوە، واتە: هیچ شتێکی تێدانیە، سەغڵەت و ناڕەحەتتان بکات، چونکە: (**الْحَرَجُ: الضِّيقُ وَمشَقَّةٌ لَا تُطَاقُ**)،(**حَرَجْ**) تەنگانەیەک و ناڕەحەتییەکە لە وزەدا نەبێ، (**حَرِج**) و (**حَرَج**)یش: (**المَكَانُ الضَّيِّقُ، المَكَانُ كَثِيْرُ الشَّجَر**) (**حَرَج وحَرِجْ**) بە شوێنی تەنگەبەر دەگوترێ و، شوێنێکیش داروبار و، درەختێکی پێکداچووی چڕ وپڕی لێ بێ، ئێمە ئێستا کورتە باسێکی تایبەت لە بارەی ئەوەوە دەکەین، کە خوا لە ئایینی خویدا مرۆڤەکانی سەغڵەت نەکردوە و، هیچ شتێکی سەغڵەتکەر و ناڕەحەتکەری دانەناوە.

کورتە باسێک

لە ئیسلامدا سەغڵەتکردن نیە

ئەگەر تەماشای ژمارەیەک لە ئایەتەکانی قورئان بکەین، ئەو ڕاستییە زۆر زۆر جوان دەدرەوشێننەوە، کە بە داخەوە زۆرجار مسوڵمانان بە هۆی تێنەگەیشتنیان لە قورئان و سوننەتەوە و، بە هۆی ئەوەوە کە بە پێی تەبعی خۆیان دەجووڵێنەوە، نەک بە پێی شەرعی خوا، تەبیعەت دەکەنە بەرنامەیان نەک شەریعەت، زۆرجار خۆشیان و خەڵکیش تووشی سەغڵەتیی دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی کە ئیدیعای ئەوە دەکەن بە دوای پێشینەی چاک دەکەون و، لافی ئەوە لێدەدەن لە خەڵکی دیکە مسوڵمانترن!، چونکە هەر ئەو لاف لێدان و خۆ پەسندییە، بەدڵنیایی لە خودی خۆیدا ناشەرعییە، خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمْ ﴿٣٢﴾﴾النجم، واتە: خۆتان پێ چاک نەبێ، بە کردەوە خۆتان پێ چاک و پاک بکەن، بەڵام بە قسە خۆتان پێ پاک و چاک نەبێ، ئنجا هەموو ئەوانەی کە خۆیان لە خەڵکی پاک و چاکترە و، خەڵکی بە کەم تەماشادەکەن، هەر خودی ئەوە، ئەو لاف لێدانە، لە خۆیدا ناشەرعییە و، هەڵەیەکی کوشندەیە و گوناهێکی گەورە و خراپە دەیکەن، ئنجا بە تایبەت ئەو جۆرە کەسانە، هەم خۆ سەغڵەتکردن و، هەم خەڵک سەغڵەتکردنیشیان زۆر دەبێ، کەچی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێن، بۆ نموونە:

١- لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾﴾البقرة، واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ و، سەغڵەتیی و زەحمەتی بۆتان ناوێ.

٢- لە سوورەتی (النساء)دا: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: خوا دەیەوێ لەسەرتان سووک بکات.

٣- لە سوورەتی (البقرة)دا: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴿٢٨٦﴾ ﴾، واتە: خوا لەسەر هیچ کەس پێویست ناکات، مەگەر ئەوەی لە توانایدا هەیە.

٤- لە سوورەتی (الطّلاق)دا: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ﴿٧﴾ ﴾، واتە: خوا لە سەر هیچ کەسێک شتێک پێویست ناکات، مەگەر بەوەندەی کە پێی داوە.

چەندەی پێداوە ئەوەندەشی لێ داوا دەکات.

٥- لە سوورەتی (التغابن)دا: ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ ﴿١٦﴾ ﴾، واتە: ئەوەندەی دەتوانن پارێزکاریی بکەن، یانی: ئەوەندەی دەتوانن و بۆتان دەکرێ و پێوەی سەغڵەت نابن.

٦- لە سوورەتی (المائدة)دا: ﴿ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییتان بخاتە سەر.

٧- لە سوورەتی (البقرة)دا: ﴿ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ﴿٢٨٦﴾ ﴾، واتە: پەروەردگارمان! شتێکمان لێ بار مەکە، کە لە وزەماندا نیە.

٨- دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ کە لە هەموو کەس ئاشناتر بووە بە شێوەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ لە چوار چێوەی ماڵ و خێزاندا و، بە وردەکاریی خێزانیی، دەڵێ: **[مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلَّا أَخَذَ أَيْسَرَهُمَا، مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا فإن كان إثماً كان أبعد الناس عنه] (أخرجه البخاري: ٣٥٦٠، ومسلم: ٢٣٢٧)**، واتە: پێغەمبەر ﷺ سەرپشک نەکراوە لە نێوان دوو کاراندا، مەگەر کامەی ئاسانترە ئەوەی هەڵبژاردوە، ئەگەر گوناه نەبووبێ، ئەگەر گوناهیش بووبێ لە هەموو کەس لێی دوورتر بووە، کەواتە: مسوڵمان نابێ هەر بە دوای قورسەکاندا بگەڕێ.

٩- هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **[إِنَّ اللهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ، كَمَا يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى عَزَائِمُهُ]**، **(أخرجه الطبراني في الكبير: ١١٨٨٠، والبزار: ٩٩٠، قال المنذري: إسناده حسن، وابن**

حبان: ٣٥٤، وقال الهيثمي: رواه الطبراني في الكبير، والبزار، ورجال البزار ثقات، وكذلك رجال الطبراني)، واته: بێگومان خوا حەز دەكات مۆڵەتەكانی لێ وەربگیرێن، وەک چۆن حەز دەكات فەرمانەكانی جێبەجێ بكرێن.

بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ئینسانی مسوڵمان ئارەقە بە دینداریيەوە ناكات؟ نەخێر بەڵكو ئارەقەشی پێوە دەكات و دەبێ خوێنیشی لە پێناودا بڕێژێ و، وڵاتی بۆ بەجێ بهێڵێ و، خەبات و فیداكاریی بكات، ماڵ ببەخشێ و گیان ببەخشێ، بەڵام لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا مرۆڤ سەغڵەت نابێ، واتە: وای لێنایەت بگاتە بنبەست و بۆی نەكرێ، چونكە هەر كاتێک سەغڵەتیی و گەیشتنە بن بەست هەبێ، ئیسلام ئاسانیی داناوە، بۆ وێنە:

أ- كورتكردنەوەی نوێژەكان: ﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ﴿١٠١﴾ ﴾، واته: ئەگەر بە ڕێیدا ڕۆیشتن (سەفەرتان كرد) گوناهتان ناگاتێ كە نوێژەكان كورتبكەنەوە، ئەگەر ترسان ئەوانەی بێبڕوان ئازارتان بدەن.

بەڵام كۆكردنەوەی نوێژەكان، نەک تەنیا لە سەفەر، بەڵكو لە ماڵێش، هەر ڕەوایە وەک لەم دەقەدا هاتوە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ جَمَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ، فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلاَ مَطَرٍ (فِي حَدِيثِ وَكِيعٍ قَالَ: قُلْتُ لاِبْنِ عَبَّاسٍ: لِمَ فَعَلَ ذَلِكَ؟ قَالَ: كَيْ لاَ يُحْرِجَ أُمَّتَهُ)} (أخرجه مسلم: ١٦٦٧).

واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و، شێوان و خەوتنانی لە مەدینەدا پێكەوە كۆكردنەوە، بەبێ ئەوەی ترس هەبێ و بارانیش هەبێ.

وەكیع دەڵێ: پرسیارم لە ئیبنو عەبباس كرد، بۆچی وایكرد؟ گوتی: بۆ ئەوەی ئۆممەتەكەی سەغڵەت نەكات.

جاری وایە پێویست دەکات ئەو دوو نوێژانە (نیوەڕۆ و ئێوارە) و (شێوان و خەوتنان) پێکەوە بکەی، بەڵام دەبێ ئەوە نەکرێ بە عادەت.

ب- هەروەها بابای ڕێبوار و نەخۆش، بۆیان هەیە لە ڕ ومەزان دا بە ڕۆژوو نەبن و، دوایی ڕۆژووە فەوتاوەکانیان بگرنەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴿١٨٤﴾﴾البقرة، مادام سەفەرەکەی درێژ بێ و، مایەی سەغڵەتکردنی بێ، هەروەها نەخۆشییەکەی وابێ، پێی سەغڵەت بێ.

ج- هەروەها بۆ کەسێک کە نەتوانێ بە پێوە نوێژەکەی بکات، با بە دانیشتنەوە بیکات، یان لەسەرتەنیشت، یان بە ئاماژە بیکات، بۆی هەیە، پێغەمبەری ﷺ خوا لەوبارەوە فەرموویەتی: **(صلِّ قائماً، فإن لم تستطِعْ فعلى جَنْبٍ) رواة البخاري: ١١١٧ عن عمران بن الحصين رضي الله عنه.**

واتە: بەپێوە نوێژ بکە، ئنجا ئەگەر نەتتوانی بەدانیشتنەوە، ئنجا ئەگەر نەتتوانی لەسەر تەنیشت.

د- ئەوانەی کە کوێرن، شەلن، بێهێزن، جەنگ و جیهادیان لەسەر نیە، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ﴿٩٥﴾﴾النساء، (أُولِي الضَّرَرِ)، کەواتە: ئەوانەی لە جەستەیاندا ناتەواوییەک هەیە، وەک: کوێریی، شەلیی، گۆجیی، بێهێزیی، ئەوە لە پاداشتەکەیان کەم نابێتەوە، مادام نیەتیان هەبێ، با بەکردەوە جەنگ و جیهادیش نەکەن.

هـ- هەروەها ئەوە کە ئەگەر ئینسان بە هەڵەدا بچێ و ڕۆژوو پێش بخات یان دوا بخات، لە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا، بە جیاوازیی بینینی مانگی یەک شەوەو دوو شەوە، گوناهی ناگاتێ، ئەمە یەکدەنگیی زانایانی لەسەرە.

و- بە هۆی مسوڵمانبوون و تەوبەوە، ئینسان لە گوناهان دەرباز دەبێ و، بە هۆی طاعەت و چاکەوە، پاک دەبێتەوە، وەک پێغەمبەری ﷺ خوا فەرموویەتی: **(...أما علمت**

أن الإسلامَ يَهدِم ما كان قَبْلَهُ، وأن الهجرة تَهدِمُ ما كان قبلها، وأن الحجَّ يَهدِمُ ما كان قبلَه...) رواه مسلم: ١٢١، عن عمرو بن العاص.

ز- بەهۆی بژاردنەوە ئینسان هەقی خەڵکی لەسەر لادەچێ.

ح- کاتێک ئینسان ئەرکێکی شەرعیی دەچوێنێ، دەتوانێ بیگێڕێتەوە، هەروەها زۆر شتی دیکەش، هەموویان ئەوە دەگەیەنن، کە ئێمە بە هۆی دینداریی‌یەوە سەغڵەت نابین.

١٠)- ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ﴾، واتە: ڕێبازی بابتان ئیبراهیم بگرن، یاخود لێرەدا (ک)ێک قرتێندراوە: (كَمِلَّةِ أَبِيْكُمْ إِبْرَاهِيْمَ)، یانی: ئەو ڕێبازەی ئێوە لەسەرینی، وەک هەمان ڕێبازی بابتان ئیبراهیمە، (مِّلَّةَ) کە (منصوب)ە، یانی: (إِلزَمُوْا مِلَّةَ أَبِيْكُمْ إِبْرَاهِيْمَ)، واتە: ڕێبازی بابتان ئیبراهیم بگرن، یاخود (ك)ێک تەقدیر کراوە و قرتێنراوە: (كَمِلَّةِ أَبِيْكُمْ إِبْرَاهِيْمَ)، ئنجا کە (ک) لادەچێ، (مِّلَّةَ) حاڵەتی (نَصْب) وەردەگرێ.

واتای بابایەتیی ئیبراهیم :

لە بارەی فەرمایشتی خواوە: ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ﴾، واتە: ڕێبازی بابتان ئیبراهیم، ئایا مەبەست پێی چیيە؟ چونکە ئەگەر دوێنراوەکان (مخاطبين) تەنیا عەرەب بن، ڕێی تێ دەچێ بڵێین: ئەو عەرەبانە هەموویان دەچنەوە سەر ئیبراهیم ﷺ، بەڵام خوا ﷻ بە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئێمەی دواندوە، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئنجا ئەو کاتە چ لە مەککە، کە ئەم سووڕەتە مەککەیيە و، چ لە مەدینە و چ دواتر، جگە لە عەرەبیش هاتوونە نێو بازنەی ئیمانەوە، هەروەها ئایا عەرەبیش هەموویان دەچنەوە سەر ئیبراهیم ﷺ؟ چونکە عەرەب هەموویان ئیسماعیلیی نین!

کەواتە: نابێ لێرەدا مەبەست لە بابایەتیی (أبوّة)ی ئیبراهیم بۆ ئێمە: ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ﴾، بابایەتیی ڕەچەڵەک (نَسَب) و خوێن و گۆشت بێ، بەڵکو مەبەست پێی حاڵەتی مەعنەوییە

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بکەم بە هەوڵێکی **(الشيخ محمد مُتَوَلِّي الشعراوي)**، لە تەفسیرەکەی خۆیدا(١)، دەیەوێ وەڵامی پرسیارێک بداتەوە کە لێرەدا دروست دەبێ، دەڵێ: ئەوە نیە خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ ٤٠﴾الأحزاب، واتە: موحەممەد بابی هیچ کام لە پیاوەکانتان نیە.

ئنجا کە موحەممەد ﷺ بابی ئێمە نەبێت، ئیبراهیمیش ناگونجێ بابی ئێمە بێ، یان بابی نەتەوەی عەرەب بێ!! **(الشيخ الشعراوي)**، ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەیەوێ ئەوە تەئویل بکات و دەڵێ:

(مَا كَانَ مُحَمَّدُ أَبَاً لأَحَدِكُمْ، بَلْ هُوَ أَبٌ لِلْجَمِيْعِ، فَالْمَنْفِيُّ أَنْ يَكُوْنَ رَسُوْلُ اللهِ أَبَاً لِوَاحِدٍ، لا أَنْ يَكُونَ أَبَاً لِجَمِيْعِ أُمَّتِهِ، وَقَالَ بَعْدَهَا: ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ٤٠﴾**الأحزاب، وَمَادَامَ رَسُولَ اللهِ، فَهُوَ أَبٌ لِلْجَمِيْعِ، وَمَا دَامَتِ الأَزْوَاجُ أُمَّهَاتٍ، فَالزَّوْجُ أَبٌ، وَبِنَاءً عَلَى هَذِهِ الصِّلَةَ، يَكُوْنَ إِبْرَاهِيْم عليه السلام أَبَاً لأمَّةِ الإِسْلَامِ، وَإِنْ كَانَ فِيْهِم مَنْ لَيْسَ مِنْ سُلَالَتِهِ).**

واتە: خوا کە دەفەرموێ: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ ٤٠﴾الأحزاب، یانی: موحەممەد ﷺ بابی هیچ کام لە پیاوانتان نیە بە تەنیا، ئنجا ئەوەی لێرەدا لابراوە، ئەوەیە کە بابی یەکێک بێ بە تەنیا، بەڵام بابی یەکێک نیە بە تەنیا، بەڵکو بابی هەموو ئۆممەتەکەیەتی، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ٤٠﴾الأحزاب، بەڵام ڕەوانەکراوی خوا و کۆتایی پێغەمبەرانە، ئنجا مادام ڕەوانەکراوی خوا بێ، کەواتە: بابی هەموو لایەکە و، مادام هاوسەرانی پێغەمبەریش ﷺ، دایکانی بڕواداران بن، کەواتە: هاوسەرەکەشیان (کە موحەممەدە ﷺ) بابیانە {مادام هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ دایکانی بڕواداران بن، خۆیشی بابیانە} ئنجا بە پێی ئەو پەیوەستییە، ئیبراهیمیش بابە بۆ ئۆممەتی ئیسلام، هەرچەندە لە نێو ئۆممەتی ئیسلامدا کەسانێکی زۆر هەن، کە لە وەچەی ئیبراهیم نین.

ئەمە قسەکەی (الشیخ الشعراوي)یە، ویستم وەک خۆی بیهێنم، بەڵام لە ڕاستییدا باشتر وایە و، ڕاستتر وایە بگوترێ: هەم بابایەتیی پێغەمبەری خاتەم (موحەممەد ﷺ)، کە خوای پەروەردگار نەوەی نەفەرمووە، بەڵکو خوا لە قورئاندا بەس دەفەرموێ: ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ ٦﴾الأحزاب، واتە: پێغەمبەر ﷺ بۆ بڕواداران لە خۆیان بۆیان لە پێشترە (لە خۆیان لێیان نزیکترە) و، هاوسەرەکانیشی (ژنەکانیشی) دایکیانن.

تەنیا ئەوەندە دەفەرموێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ ٤٠﴾الأحزاب، بەدڵنیایی مەبەست ئەوەیە کە بە زەیدی کوڕی حاریسەیان دەگوت: **(زیدُ بنُ مُحَمَّد)**، زەیدی کوڕی موحەممەد، ئنجا خوای زانا و توانا، ئەوە هەڵدەوەشێنێتەوە کە موحەممەد بابی هیچ کام لە پیاوانەکان نیە، بە تایبەت زەید، کە تاکە هاوەڵێک (خوا لێیان ڕازی بێ)، ناوی لە قورئاندا هاتبێ، زەیدە: ﴿فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا ٣٧﴾الأحزاب، بەڵام هەم بە نسبەت پێغەمبەری خاتەمەوە (محمد) ﷺ، کە وەک گوتمان: خوا فەرموویەتی: هاوسەرەکانی دایکمانن، دایکی بڕوادارانن، هەم بە نسبەت ئیبراهیمی خەلیلەوە ؑ، کە دەفەرموێ: ﴿مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ﴾، مەبەست بابایەتیی مەعنەوییە، یانی: بابێک بۆ منداڵەکانی چۆنە، چەندە بە ڕەحم و میهرەبانە، چەندە بە سۆز و پەرۆشە بۆیان، ئیبراهیمیش ؑ بۆ ئێوە ئاوا بووە، ئەی مرۆڤەکان بە گشتیی! بەڵام ئەی بڕواداران! لە پێش هەموویانەوە، کە هەر ئێوە لەو پەیام و بەرنامە و، لە دڵسۆزیی و پەرۆشییەی ئیبراهیم بەهرەمەندن.

هەروەها موحەممەدیش ﷺ بە هەمان شێوە بۆ ئێمە لە بابمان لەگەڵمان بە ڕەحمترە، لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، لە هەندێ شتدا کە جێی لێ شەرمکردنە، ئامۆژگاریی هاوەڵانی کردوە، دوایی فەرموویەتی: **(إنَّما أنا لكم بمنزلة الوالد)** أخرجه النسائي وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي برقم: ٤٩.

واتە: من لە جێی بابتانم، یانی: وەک چۆن منداڵ، کوڕ و کچ شەرم لە بابیان ناکەن، لەو ڕووەوە ئەگەر شتێکی شەرعیی بێ، پێیان ڕابگەیەنێ، منیش وەک بابم بۆ ئێوە، بەڵام لە قورئاندا ئەوە نەهاتوە، کەواتە: لە جیاتی ئەو تەئویلەی شێخ (الشعراوي) کردوویەتی، باشتر وایە بڵێین: مەبەست لە بابایەتیی، بابایەتیی مەعنەوییە، ئەو کاتە ئیبراهیم بابی مەعنەویی هەموو بڕوادارانە، چونکە سیاقەکەش باسی بڕواداران دەکات بە گشتیی، نەک باسی نەتەوەی عەرەب بە تایبەتی.

١١)- ﴿هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾، ئەو ناوی لێناون مسوڵمانان، ئەم ڕاناوە (هو) بۆ کێ دەچێتەوە؟ دەگونجێ بۆ خوا بچێتەوە، یانی: خوا ناوی لێناون مسوڵمانان، دەشگونجێ بۆ ئیبراهیم بچێتەوە، ئیبراهیم ناوی لێناون مسوڵمانان، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە بۆ خوا دەچێتەوە، خوا ناوی لێناون مسوڵمانان، چونکە خوا ناوی لە ئیبراهیمیش ناوە (مسلم)، وەک دوایی باسی دەکەین.

ئایا لە کوێ ناوی لە ئێمە ناوە مسوڵمانان، بۆ خوا ملکەچان؟

١٢)- ﴿مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا﴾، لە پێشدا و لەمەش دا، لە کتێبەکانی پێشەوەدا، ناوی لەو بڕوادارانە ناوە کە بە دوای پێغەمبەراندا دەڕۆن: بۆ خوا ملکەچان، مسوڵمانان، هەروەها لەم قورئانەشدا هەر ئەو ناوەی لێناون و، وشەی مسوڵمانانی بۆ بەکارهێناون، (وَفِي هَٰذَا)، ئەم (هذا)، کە ناوی ئاماژەیە، بێگومان بۆ قورئان دەچێتەوە.

١٣)- ﴿لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ﴾، تاکو پێغەمبەر بەسەرتانەوە شایەد بێ، ئەم (ل)ی (لِيَكُونَ)، دەگەڕێتەوە بۆ: (هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ)، واتە: خوا ئێوەی هەڵبژاردوە، تاکو پێغەمبەر ﷺ شایەد بێ بەسەر ئێوەوە.

١٤)- ﴿وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾، هەروەها ئێوەش شایەد بن بەسەر خەڵکەوە، پێغەمبەر ﷺ بە لە خۆدا بەرجەستەکردنی قورئان و ئیسلام، شایەدە بەسەر ئێودوە، کە ئایینی خوا تێر و تەواوە، بێ هەڵە و یەڵەیە، ئێوەش هەروا بکەن، وەک پێغەمبەری خوا

ﷺ ئیسلام و قورئان و سوننەت لە خۆتاندا بەرجەستە بکەن، لە ژیانی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسییتان دا، تاکو ئێوە شایەد و بەڵگەی ڕاستیی ئیسلام بن بەسەر کۆمەڵگا و بەسەر بەشەرییەتەوە، کە ئەها ئیسلام چەندە ڕاستە! چاو لە مسوڵمانان بکەن، چەندە ژیانێکی تێر و تەواو و ڕێک و ڕاست و هاوسەنگیان هەیە، لە هەموو ڕووەکانەوە لە پێشەوەن، کە بە تەئکید کاتێک مسوڵمانان پابەند بوون بە قوڕئان و سوننەتەوە وابوون، بەڵام ئایا ئێستا وان؟ بە دڵنیایی نەخێر، ئێستا لە جیاتی ئەوەی شایەد و بەڵگەی ڕاستیی ئیسلام بین بەسەر مرۆڤایەتییەوە، حاڵەکەمان پێچەوانەوە بۆتەوە، ئێستا ئەهلی کوفر حاڵی ناتەواو و بێ سەر و بەری مسوڵمانان، دەکەنە بەڵگە و شایەدی ناڕاستیی ئایینەکەیان، هەر بۆیە ئێمە زۆر گوناهبارین و دەبێ زۆر هەست بە شەرمەزاریی بکەین لە بەرانبەر خوا و ئیسلامدا، کە بارودۆخەکەمان وایە لە جیاتی ئەوەی بەڵگە و شایەدی ئیسلام بین بەسەر خەڵکەوە، بووینە بیانووی بەرەو کوفر و بێ دینیی چوونی خەڵک، بەسەر ئیسلامەوە، کە خەڵک لە ئیسلام لابدات و بڵێ: مسوڵمانانێک ئاوا بن، دیارە خەتای ئایینەکەیانە! کە ئەوەش بێگومان ستەمە: بێ سەر وبەریی مسوڵمانان بکرێتە بیانوو پاساوی دوورکەوتنەوە لە ئیسلام و، بکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ناڕاستە! چونکە مسوڵمانان کاتێک واقیعەکەیان دەکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی داخۆ ئیسلام چۆنە؟ کە پابەند بن بە ئیسلامەوە، بەڵام وەختێک لە ئیسلام لایانداوە، کاتێک ئیسلام دەڵێ: یەک بن و، ئەوان پارچە پارچەن، کاتێک ئیسلام دەڵێ: بە دوای قوڕئان و سوننەت و شەریعەت بکەون و، ئەوان کەوتوونە دوای ڕێچکە و بیردۆزەکان، کاتێک خوا دەفەرموێ: تەنیا وەحیی خوا پارێزراوە لە هەڵە، بەڵام ئەوان قسە و ئیجتیهاد و بۆچوونی زانایانیان لە خۆیان کردۆتە ئایین و لە جێی قوڕئان و سوننەتیان داناون و، زۆر شتی دیکەش، لە حاڵێکی وادا، دیارە ماڵی قەڵپ سەر بە خاوەنیەتی، مسوڵمانان هەڵەکانیان هەموو هی خۆیانن، لە ئایینەکەیاندا نەهاتوون، بەڵکو لە لادانیان لە ئایینەکەیانەوە، لە بەجێمانیان لە ئایینەکەیانەوە، هەڵە و پەڵەکانیان تێدا پەیدا بوون.

١٥)- ﴿ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، ئنجا نوێژ بەرپا بکەن.

١٦)- ﴿ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، هەروەها زەکات بدەن.

١٧)- ﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِٱللَّهِ ﴾، خۆشتان بە خوا بپارێزن، توند دەست بە ئایین و بەرنامەی خواوە بگرن.

١٨)- ﴿ هُوَ مَوْلَىٰكُمْ ﴾، هەر خوا سەرپەرشتیار و هاوکارتانە.

١٩)- ﴿ فَنِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴾ خوا باشترین سەرپەرشتیارتانە و، باشترین یارمەتیدەر و پشتیوانتانە.

کەواتە: دە (١٠) ئەرکەکان، کە ئەو دوو ئایەتە گرتوویاننە خۆیان:

١- ئیمان.

٢- ڕکووع بردن.

٣- کڕنووش بردن.

٤- پەرستنی خوا بە گشتیی.

٥- کردار چاکیی بە گشتیی.

٦- تێکۆشان لە پێناوی خوادا، وەک بۆ خوا شایستەیە.

٧- شایەدیی دان بەسەر خەڵکەوە و، بەڵگەبوون لەسەر خەڵک کە ئیسلام ڕاستە.

٨- بەرپاکردنی نوێژ، واتە: هەق پێدانی و ئەنجامدانی بەو شێوەیەی خوا فەرمانی پێکردوە.

٩- زەکات دان.

نوێژ، پایەی دینداریی مەعنەوییە، زەکاتیش پایەی ئابووریی و ماددییەتی.

١٠- دەست بە خواوە گرتن و خۆ بە خوا پاراستن، خۆ بە ڕێسمانی خوا پاراستن لە کەوتن و خلیسکان و ترازان بەملاو لادا.

پێنج ڕاستییەکان:

١- سەرفرازیی بەرهەم و میوەی فەرمانبەریی کردنە بۆ خوا.

٢- خوا ئێمەی گوڵبژێر کردوە و، لە کاتێکدا ئێمە شوێن پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکەوین، ئێمە هەڵبژاردەی لای خواین، بەڵام بە ئەندازەی پابەندییمان بە قورئان و بە ڕێبازی پێغەمبەرەوە ﷺ، ئەو سیفەتی هەڵبژێردراوەییەمان تێدا بەرجەستە دەبێ، نەک هەر لە گۆترە.

٣- ئایین و بەرنامەی خوا، هیچ شتێکی سەغڵەتکەری تێدا نیە، سەغڵەت و نارەحەتت ناکات و وات لێناکات بۆت نەکرێ، نەک ئارەقەی پێوە نەکەی و پێوەی ماندوونەبی.

٤- ئەم ئایین و دینداریيەی ئێمە، هەمان ڕێبازە کە بابمان ئیبراهیم عليه السلام لەسەری بووە.

٥- ئێمە ناومان مسوڵمانە و، هیچ ناوێکی دیکەمان نیە، جگە لە ناوی مسوڵمانەتیی.

کورتە باسێک

ناوی جگە لە (مسوڵمانان) لە ئێمە نەنراوە

ئێمە تاکە ناو و نازناوێک پێی ناسرابین، هەم لە کتێبە پێشووەکاندا، هەم لەم قورئانەدا، بریتییە لە ناوی مسوڵمانان (مُسْلمین)، ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، هەر کام لە (نووح و ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و مووسا و هاروون و یوسوف)، هەموو ئەو پێغەمبەرانەی دیکەش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، وشەی (مُسْلِم)یان بۆ خۆیان بەکارهێناوە، بۆ وێنە:

١- نووح ﵇ لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٧٢) ﴾... فەرمانیشم پێکراوە کە لە مسوڵمانان بم، وشەی (مُسْلِم)، یانی ملکەچ بۆ خوا، (مُسلمین)، واتە: ملکەچان.

٢- لە سوورەتی (البقرة)دا دەربارەی ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ: ﴿ رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ (١٢٨) ﴾، ئیبراهیم دوای ئەوەی کەعبە بنیات دەنێن لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیدا دەپاڕێتەوە، دەڵێ: پەروەردگارمان! من و ئەو کوڕەم بکە بە دوو مسوڵمان، دوو ملکەچ بۆ خۆت، لە وەچەکەشمان کۆمەڵێکی ملکەچ بۆ خۆت بڕەخسێنە و فەراهەم بێنە.

٣- هەروەها مووساش ﵇ وشەی (مُسْلِم)، بەکارهێناوە، لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَا قَوْمِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ (٨٤) ﴾، مووسا ﵇ گوتی: ئەی گەلەکەم! ئەگەر بڕواتان بە خوا هێناوە، پشت بە خوا ببەستن، ئەگەر مسوڵمانن و بۆ خوا ملکەچن.

٤- هەروەها یوسف عليه السلام لە سوورەتی (یوسف)دا دەفەرموێ: ﴿ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ (١٠١) ﴾، ... بە مسوڵمانەتیی بمرێنە و پەیوەستم بکە بە چاکەکارانەوە.

٥- هەروەها هەر کام لە ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، وشەی (**مسلمون**)یان بۆ خۆیان بەکارهێناوە، وەک لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِي قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ (١٣٣) ﴾، واتە: یان ئایا ئێوە ئامادەبوون کاتێک کە مردن گەیشتە سەر یەعقووب، کاتێک کە بە کورەکانی گوت: لە دوای من (کێ دەپەرستن؟) چی دەپەرستن؟ گوتیان: پەرستراوی تۆ و پەرستراوی باب و باپیرانی تۆ دەپەرستین، ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق، یەک پەرستراوە (هیچ هاوبەشی نین) و، ئێمە بۆ وی ملکەچین(١).

وەک کۆتا قسە لەو بارەوە، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین، کە دەفەرموێ: {**مَنْ دَعَى بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ، فَإِنَّهُ مِنْ جُثَا جَهَنَّمَ، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ! وَإِنْ صَلَّى وَصَامَ؟ قَالَ: وَإِنْ صَلَّى وَصَامَ، فَادْعُوا بِدَعْوَى اللهِ الَّذِي سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ الْمُؤْمِنِينَ، عِبَادَ اللهِ**} **(أخرجه أحمد: ١٧٢٠٩، والترمذي: ٢٨٦٣، وابن خزيمة: ٩٣٠، وابن حبان: ٦٢٣٣، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح).**

واتە: هەر کەسێک بانگەوازی نەفامیی بکات، (بانگەشە بکات بۆ دروشمی غەیری ئیسلام) ئەوە لەوانەیە کە لە دۆزەخدا لەسەر ئەژنۆیان دەکەون، (یاخود لەوانە کە لە دۆزەخدا کۆدەکرێنەوە لەسەر یەک)، پیاوێک گوتی:

---

(١) ئێمە لە کتێبی دووەمی: مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا) بە ناوونیشانی: (هێڵە گشتییەکانی جەماوەری مسوڵمانان) بە درێژیی لەو بارەوە

ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئەگەر ئەو کەسە نوێژیش بکات و بە ڕۆژووش بێت؟ فەرمووی: ئەگەر نوێژیش بکات و بە ڕۆژیش بێ، ئێوە تەنیا بە پەیام و بانگەوازی خوا بانگ بکەن، کە خوا ناوی لە ئێوە ناوەمسوڵمانان، بڕواداران، بەندەکانی خوا.

واتە: هیچ ناوو دروشمێکی دیکە بەکارمەهێنن، بۆ ئەوەی نەبنە خەڵووز و ڕەژووی دۆزەخ و، لە دۆزەخدا خڕ نەکرێنەوە سەر یەک.

خوا پەنامان بدات لەوە کە بچینە ژێر چەتر و بەیداغی جگە لە ئیسلامەوە و، خوا پەنامان بدات لەوە کە بە دوای جگە لە ڕێبازی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَامُ) بکەوین، بە تایبەتیی دۆست و نیزیکی خوا (خليل الله)، ئیبراهیم ﵇ بابی ئیمانداران و، موحەممەد ﷺ سەروەری هەموو پێغەمبەران، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی سەرەنجاممان خێر بکات و بە ئیسلامەوە بمانژێنێت و، بە ئیمانەوە بمان مرێنێت و، سەر بەرزانە لە ژێر بەیداغ و چەتری پێغەمبەری خاتەم دا ﷺ کۆمانبکاتەوە و، بە بەهەشتی خۆی و ڕەزامەندیی خۆی شادمان بکات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الْمُؤْمِنُونَ

دەستپێک

پێناسەی سووڕەتی (المؤمنون) و بابەتەکانی

بەڕێزان!

خوا پشتیوان بێ، ئەمڕۆ کە (٧)ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٤٠)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٠١٩/٥/١٢)ی زایینی، دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی (**المؤمنون**).

سەرەتا وەک عادەتی خۆمان، تیشک دەخەینە سەر سووڕەتی (**المؤمنون**)، لە هەموو ئەو ڕووانەوە کە پێویستە شارەزایی گشتیی وردمان لە بارەیانەوە هەبێ، لە حەوت (٧) بڕگەدا پێناسەی ئەم سووڕەتە دەکەین و، نێوەڕۆکەکەشی دەخەینە ڕوو:

یەکەم: ناوی:

ئەم سووڕەتە چەند ناوێکی هەن:

١- باوترین ناوی (**سُورَةُ المؤمنون**)ە.

٢- بەڵام ناوێکی دیکەشی (**سُورَةُ قَدْ أَفْلَحَ**)یە.

٣- ناوێکی دیکەی: (**سُورَةُ الفَلاَح**)ە.

٤- هەروەها (**سُورَةُ المؤمِنِين**)یشی پێگوتراوە، بە پاڵدانی سووڕەت بۆ لای ئیمانداران.

با لەو بارەوە تەماشای ئەم دەقە بکەین کە لە ڕووی سەنەدەوە هەڵمبژاردووە، لە ڕێیەکی ڕاست (صحیح)ەوە پێمان گەیشتوە:

{عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ السَّائِبِ رضي الله عنه، قَالَ صَلَّى لَنَا النَّبِيُّ ﷺ الصُّبْحَ بِمَكَّةَ، فَاسْتَفْتَحَ سُورَةَ الْمُؤْمِنِينَ، حَتَّى جَاءَ ذِكْرُ مُوسَى وَهَارُونَ أَوْ ذِكْرُ عِيسَى، أَخَذَتِ النَّبِيَّ ﷺ سَعْلَةٌ، فَحَذَفَ فَرَكَعَ} (أَخْرَجَهُ عبد الرزاق: ٢٦٦٧، ومسلم برقم ٤٥٥، وأبو داود: ٦٤٩، والنسائي في الكبرى: ١٠٧٩).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی سائیب خوا لێی ڕازی بێ، (کە یەکێکە لە هاوەڵان) دەڵێ: ڕۆژێک پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی پێکردین لە مەککە، سوورەتی (**المؤمنون**)ی دەست پێ کرد، هەتا گەیشتە باسی مووساو هاروون (**عليهما السلام**)، یاخود باسی عیسا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ کۆکەی هاتێ، بۆیە ئایەتەکانی قرتاند، (واتە: لەوێ وەستاو) چووە ڕکووع، (لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بە بەردەوام بوون لەسەر کۆکەکەی، قورئانەکە بخوێنێ).

دووەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

سوورەتی (**المؤمنون**) لە موصحەفدا، واتە: لەو موصحەفانەی کە لەبەر دەستمانن و، قورئانیان گرتۆتە نێو خۆیان، ژمارەی (٢٣)ی هەیە، واتە: بیست و سێیەمین سوورەتە، لە سوورەتی (**الفاتحة**)ەوە تێپەڕە بە (**البقرة**)و، (**آل عمران**) و، (**النساء**) و، (**المائدة**) ... هتددا، تاکو دەگاتە ئێرە، ژمارەی (٢٣)ی هەیە، بەڵام لە ڕیزبەندیی دابەزین (**تَرتِيب النُّزُول**)دا، بەلای زۆرێک لە زانایانەوە، ژمارەی (٧٦)ی هەیەو، دوای سوورەتی (**الطور**) و، پێش سوورەتی (**الملک**) دابەزیوە.

هەڵبەتە دەشگونجێ هەندێکی دیکە لە زانایان بڵێن: نەخێر (٧٦)ەمین سوورەت نیە، لە ڕیزبەندیی دابەزیندا، بەڵکو هەشتایەمینە، یاخود حەفتایەمینە، ئەوە ڕاجیایی زانایانی لەسەرە، چونکە زانایان بە مەزەندەو ئیجتیهادو بۆچوونی خۆیان، ڕیزبەندیی دابەزینی سوورەتەکانیان دیاریی کردوە.

سێیەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سووڕەتە سووڕەتێکی مەککەییەو، هەمان نێوەڕۆکی سووڕەتە مەککەییەکانی دیکەی هەیە، لە ناساندنی خوای بەرزو مەزن ﷻ، لەمیانی سیفەت و کردەوەکانی داو، پێناسە کردنی بڕواداارانی خواپەرست و، پاداشتی چاوەڕوانکراوی خوا ﷻ بۆ بڕواداران، بە پیاوو نافرەتەوە لە ڕۆژی دوایی دا، پاشان باسی بێبڕوایان بە گشتیی، بە تایبەت بێبڕوایانی هاوبەش بۆ خوادانەرو، نکووڵیکەر لە زیندوو کرانەوەو، هەبوونی سزاو پاداشت، واتە: لەو سزایەی کە لە دواڕۆژدا چاوەڕێیانە، ئەگەر هەر لەسەر بێبڕوایی و شیرکی خۆیان بەردەوام بن.

هەروەها بەسەرهاتی پێغەمبەرانی خوا (عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام)و، ناحەزەکانیان و، باسی دیاردە سروشتییەکان، وەک نیشانەی پەروەردگارێتیی خوا ﷻ، کە هەمیشە خوا دیاردە سروشتییەکان، دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی گەردوون و بوونەوەرو دەوروبەر بە نیشانەکان (آیات)، ناو دەبات، پاشان باسی ڕووداوەکانی ئاخیر زەمان و قیامەت و، ئەوەی لەو ڕۆژە مەزنەدا دەگوزەرێ، چ بۆ ئەهلی نیمان، چ بۆ ئەهلی کوفرو لادان و تاوان.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە بە یەکدەنگیی ژمێرەرانی ئایەتەکانی قوڕئان (١١٨)یە.

پێنجەم: پێگەو گرنگیی ئەم سووڕەتە:

لەو بارەوەش سێ دەق دێنین:

١)- {عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنهُ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَال: لَمَّا خَلَقَ اللَّهُ جَنَّةَ عَدْنٍ، وَغَرَسَ أَشْجَارَهَا بِيَدِهِ، قَالَ لَهَا: تَكَلَّمِي، فَقَالَتْ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝١ ﴾} (أَخْرَجَهُ الحَاكم: ٣٤٨٠، وقال:

هذا حديث صحيح الإسناد و لم يخرجاه، وَالطَّبَرَاني في الكَبِير: ١١٤٣٢، وفي الأوسط: ٧٣٨، قَالَ الهيثمي: أَحَدُ إِسنَاد الطَبَرَانِي في الأَوسَطِ جَيِّد، وَذَكَرَه الألباني في ضعيف الجامع الصغير ج٣، ص٢٨٤١ وقال: ضعيف).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک (خوا لێی ڕازی بێ)، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: کاتێک خوا بەهەشتی هەمیشەیی دروست کردو، بە دەستی خۆی درەختەکانی تێدا ناشتن، پێی فەرموو: قسە بکە (بدوێ)، بەهەشتیش گوتی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۞١﴾، بەڕاستیی بڕوادران و سەرفرازن و بەختەوەرن، بە ئاکام و مرادی خۆ گەیشتوون.

٢)- {عَن عُمَرَ بنِ الخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنهُ، يَقُولُ: كَانَ إِذَا نَزَلَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الْوَحْيُ نَسْمَعُ عِنْدَ وَجْهِهِ كَدَوِيِّ النَّحْلِ، فَمَكَثْنَا سَاعَةً، فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ وَرَفَعَ يَدَيْهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ زِدْنَا وَلا تَنْقُصْنَا، وَأَكْرِمْنَا وَلا تُهِنَّا وأَعْطِنا وَلا تَحْرِمْنَا، وَآثِرْنَا وَلا تُؤْثِرْ عَلَيْنَا، وَارْضَ عَنَّا، ثُمَّ قَالَ: لَقَدْ أُنْزِلَ عَلَيْنَا عَشْرُ آيَاتٍ مَنْ أَقَامَهُنَّ دَخَلَ الْجَنَّةَ، ثُمَّ قَرَأَ: قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ عَشْرَ آيَاتٍ} (أخرجه أحمد برقم: ٢٢٣، والترمذي برقم: ٣١٧٣، وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ، والنسائي في الكبرى برقم: ١٤٣٩، والحاكم برقم: ٣٤٧٩، وقال: صحيح الإسناد، وأخرجه أيضاً: عبد بن حميد: ١٥، والبزار: ٣٠١).

واتە: عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ، کە وەحیی دادەبەزیە سەر، لە لای ڕوویەوە وەک دەنگی هەنگ دەبیسترا، (گرمە گرمی وەک دەنگی، پۆلە هەنگێک کە بفڕن و دەنگیان بێ)، ڕۆژێک قورئانی بۆ دابەزی ئێمەش ماوەیەک بێ دەنگ بووین و، ماینەوە، هەتا حاڵەتەکەی لێ لاچوو(١)، دوای ئەوەی حاڵەتەکەی بەسەر چوو، ڕووی کردە قیبلەو هەردووک

---

(١) چونکە پێغەمبەر ﷺ وەک لە دەقی دیکەی سوننەتدا هاتوە، کاتێک کە وەحیی بۆ دادەبەزی جۆرێک لە حاڵەتی نائاسایی ڕووی تێدەکرد، حاڵەتێک کە نەدەگونجا خەڵکی دیکە لەو کاتەدا قسەی لەگەڵدا بکات، دەچووە حاڵەتێکی ڕووحیی تایبەتەوە، لە ڕۆژی سەرمای زستاندا، زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی پێدا دەهاتە زەیدی کوڕی سابیت خوا لێی ڕازی بێ

دەستی بەرز کردنەوەو، پاڕایەوەو فەرمووی: ئەی خوایە! بۆمان زیادبکەو لێمان کەم مەکە، ڕێزمان بگرەو سووکمان مەکە، پێمان ببەخشەو بێ بەشمان مەکە، ئێمە هەڵبژێرە بەسەر خەڵکداو، خەڵکمان بەسەردا هەڵمەبژێرە، ڕازیمانبکەو لێمان ڕازیبە، دوایی فەرمووی: دە (١٠) ئایەتم بۆ دابەزیون هەر کەسێک جێبەجێیان بکات، دەچێتە بەهەشت، ئنجا خوێندیەوە: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ﴾، هەتاکو دە (١٠) ئایەتەکەی تەواو کردن.

٣)- {عَنْ أَبِي عِمْرَانَ، قَالَ: قُلْنَا لِعَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ! كَيْفَ كَانَ خُلُقُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ؟ قَالَتْ: «كَانَ خُلُقُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الْقُرْآنُ»، ثُمَّ قَالَتْ: تَقْرَؤُون سُورَةَ الْمُؤْمِنِينَ؟ اِقْرَؤُوا: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ﴾، حَتَّى بَلَغَ عَشْرَ آيَات، فَقَالَتْ: هَكَذَا كَانَ خُلُقُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ} (أَخرَجَهُ النَّسَائِي فِي الكُبرى: ١١٣٥٠، وَالحاكم: ٣٤٨١، وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وَلَمْ يُخْرِجَاهُ).

واتە: ئەبوو عیمران دەڵێ: گوتمانە: عائیشە (خوا لێی ڕازیبێ) ئەی دایکی بڕواداران! ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺو هەڵسوکەوتی چۆن بوو؟ گوتی: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو، دوایی گوتی: سوورەتی (المؤمنون) دەخوێننەوە؟ (گوتوویانە: بەڵێ)، گوتی: بیخوێننەوە.

﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ﴾، هەتا گەیشتە دە ئایەت، گوتی: ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەر بوو ﷺ، هەرچی خوا فەرموویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی.

بۆیەش ناگوترێ: (سُورَةِ المُؤمِنِين)، هەرچەندە لە زمانی هاوەڵانەوە ئەوە گوتراوەو ئەوەش یەکێکە لە ناوەکان، بەڵام کە لە موصحەفدا کە نووسراوە: (سُورَةُ المُؤمِنُون)، یان نووسراوە (المُؤمِنُون)، بۆیە ناگوترێ: (سُورَةِ المُؤمِنِين)، تاکو وشەی (مُؤمِنِين)، ببێتە پاڵوەلادراو، (مُضَافٌ إِلَيه)، چونکە (المُؤمِنُون)، ناوی عەلەمی ئەم سوورەتەیە، ئەگەرنا لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە دەبێ بڵێین: (سُورَةِ

دەڵێ: جارێک وەحیی بۆ هات ڕانی لەسەر ڕانم بوو، خەریک بوو ڕانم ورد بێ، یانی: زۆر

المُؤمِنِين)، سوورەت دەبێتە پاڵدراو (**مُضَافٌ**)و، (**المُؤمِنِين**) دەبێتە پاڵ بۆ لادراو، (**مُضَافٌ إِلَيهِ**)، بەڵام لەبەر ئەوەی (**المُؤمِنُون**)، بۆتە ناوی ناسێنەری ئەم سوورەتە موبارەکە، بۆیە هەر وەک خۆی هێڵدراوەتەوە.

شەشەم: تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم سوورەتە:

قۆناغی دوای مەرگ و پێش ئاخیر زەمان و، پێش قیامەت، تەنیا لەم سوورەتەدا، وشەی (**برزخ**)ی بۆ بەکارهێنراوە، لەم سوورەتە موبارەکەدا خوا ﷻ باسی ئەو قۆناغەی کردوە کە دەکەوێتە نێوان دنیاو دوارۆژەوە، دوای ئەوەی مرۆڤ دنیا بەجێ دەهێڵێ و دەمرێ، چی لێ دێ؟ دەکەوێتە قۆناغێکی ڕاگوزەر (**مَرحَلَة إنتِقالِيَة**)ەوە، ئنجا تەنیا لەم سوورەتەدا ئەم قۆناغە وشەی بەرزەخی بۆ بەکارهاتوە، کە وەک دوایی باسی دەکەین، (**برزخ**)، یانی: پەردەو نێوان، بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە ئەو قۆناغە دەکەوێتە نێوان دنیاو دوارۆژەوە، بە نسبەت کەسێکەوە کە دەمرێ، ئەگەر نا بە نسبەت ئەوانەی کە لە ژیاندان، ژیانی دنیا هەر بەردەوامە، بەڵام وەک گوتراوە: (**مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ**)، هەر کەسێک مرد قیامەتی وی هاتوە، لە ڕاستییدا ئینسان دوای ئەوەی دەمرێ، لە خۆی حاڵی دەبێ، بەڵکو هەر لە سەرە مەرگدا لە خۆی حاڵی دەبێ، چۆنەو، سەرەنجامی چییەو بۆ کوێ دەچێ؟ بەڵێ، جەستەکەی، یان دەخرێتە نێو خاکەوە، یان قەل و داڵ دەیخوات، یان دەسووتێنرێ، یان لە ئاودا ماسی دەیخۆن، بەڵام ئەوە تەنیا جەستەکەی، بەڵام ڕووحەکەی، نەک هەر لە بەین ناچێ، بەڵکو بە پێی ئەو حاڵەتە، کە لە دنیادا لە سەری بووە، ڕووحەکەی یان پاداشت دەدرێتەوە، یاخود لە سزادا دەبێ، تاکو دوای جاری یەکەم، بۆ جاری دووەمیش فوو بە کەڕەنادا دەکرێ و، شەیپوور لێ دەدرێ و، دوای قۆناغی ئاخیر زەمان (**ساعة**)، قۆناغی قیامەت (زیندووبوونەوەو هەڵسانەوە) دێتە پێش.

حەوتەم: دەرسەکانی ئەم سوورەتە:

کۆی (١١٨) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە دەکەینە شەش دەرس:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١١)، لەو یازدە (١١) ئایەتەدا خوا ﷻ، باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی بڕواداران دەکات.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٢ - ٢٢) ئەویش هەر یازدە (١١) ئایەتەو، لەم (١١) ئایەتەشدا خوا ﷻ، هەم باسی قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ و، هەم باسی حەوت ئاسمانەکان و، دابەزاندنی ئاوو، ڕواندنی باغ و میوە جۆراو جۆرەکان بەو ئاوە، پاشان باسی ئاژەڵ و سوودەکانی ئاژەڵی کردوە.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٣ - ٥٠) بیست و هەشت (٢٨) ئایەت، لەو (٢٨) ئایەتەدا، خوا ﷻ، سەرەتا بەسەرهاتی نووح ﷺ دەگێڕێتەوە، دوایی باسی بەسەرهاتی پێغەمبەرێکی دیکە ﷺ کە ناوی نەهێنراوە، بەڵام بە مەزەنندە وا پێدەچێ، بەسەرهاتی صاڵح بێ لەگەڵ گەلەکەی (ثمود)دا، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا ﷻ، باسی چۆنیەتی سزادانی گەلی سەرکەش و یاخیی ئەو پێغەمبەرە دەکات، کە ناوی نەهێندراوە، کە بە چریکەو دەنگێکی گەورە (صَیْحَة) لە بەین براون، کە وەک لە سوورەتی (الحِجْر)و، شوێنەکانی دیکەشدا هاتوە، ئەو جۆرە سزادانە هی گەلی (ثمود) بووە، کە پێغەمبەرەکەیان ناوی (صالح) بووەو، دوایی خوا بە گشتیی باسی پێغەمبەران (عَلَیهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ) دەکات، کە پەیتا پەیتا بۆ مرۆڤایەتیی هاتوون و، دوایی بە تایبەت باسی مووساو هاروون دەکات (علَیهِما الصَّلاةُ وَالسَّلاَم)، کە بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی ڕەوان کراون و، دوایی ئاماژەیەکی کورت دەکات بە (عیسا)و بە مەریەمی دایکی صەڵات و سەلامی خوا لەسەر عیساو خوا لە دایکی عیسا ڕازی بێ.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٥١ - ٧٧)، بیست و حەوت (٢٧) ئایەت، کۆمەڵێک بابەتی جۆراو جۆر، لەم دەرسی چوارەمەدا هاتوون:

١- خوای پەروەردگار بانگی پێغەمبەران (عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام) دەکات، کە ئەوان یەک ڕێبازیان هەیە، کە بریتیە لە بەندایەتیی و، خۆ پارێزیی لە سزای خوا ﷻ.

٢- باسی ئەوانەی کە خوا ﷻ نازو نیعمەتیان پێ دەدا، کەچی پێی بوغرا دەبن و، پێیان وایە خوا خۆشی دەوێن، بۆیە ئەو نازو نیعمەتەی دنیای پێداون! باسی ئەوانەو، ئەو خەیاڵ پڵاوەی ئەوان دەکات.

٣- باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئەو کەسانە دەکات، کە خوا خۆشی دەوێن و لێیان ڕازییە.

٤- جارێکی دیکە خوای پەروەردگار دێتەوە سەر باسی ئەوانەی کە خوانەناسن و هاوبەش بۆ خوا دانەرن و لادەرن، خوا ﷻ چەند پرسیارێکیان ئاڕاستە دەکات، کە بۆچی بڕوا بە پێغەمبەر ﷺ ناهێنن، بۆچی بڕوا بە هیدایەتی خوا ناکەن؟ چ بیانوویەکیان هەیە؟!

دەرسی پێنجەم: ئایەتەکانی: (٧٨ - ٩٨)، بیست و یەک (٢١) ئایەت، کە تێیان دا دیسان خوا ﷻ چەند قسەو بیرو بۆچوونێکی هەڵەی کافرەکان دەخاتە ڕوو، بەر پەرچیان دەداتەوە، دوایی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێ: چەند پرسیارێکیان ئاڕاستە بکات، سەبارەت بە پەروەردگارێتیی خوا، کە ناچارن مادام بە قسەی عەقڵ و مەنتیق بکەن، دان بە پەروەردگارێتیی خوادا بێنن، دوایی خوا دەفەرموێ: مادام بەس خوا ﷻ پەروەردگارو بەدیهێنەرو هەمەکارەی گەردوونە، بۆ کوێ لادەدرێن؟ بۆچی جادووتان لێ دەکرێ؟ بۆچی بەندایەتیی بۆ خوا ناکەن؟ دوایی خوا ﷻ چەند ڕێنماییەک ئاڕاستەی پێغەمبەری خاتەم دەکات ﷺ، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەردا، کە نێوەڕۆکەکەیان ئەوەیە: بە چاکە، خراپەی ئەوان پاڵ پێوەبنێ و، خۆڕاگربێ و، پەنا بە خوا بگرێ لە خوتخوتەو دنەدانی شەیتانەکان.

دەرسی شەشەم و کۆتایی: ئایەتەکانی: (٩٩ - ١١٨)یە، بیست (٢٠) ئایەت دەگرێتە خۆی، لەم (٢٠) ئایەتەشدا خوا ﷻ، بە زۆری باسی ڕۆژی دوایی دەکات، کە دوای ئەوەی شەیپوور لێ دەدرێ و فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، نە ڕەچەڵەک

لە نێوان خەڵکدا دەخوێنرێتەوە، نە کەس لە کەس هیچ شتێک داوا دەکات، لە دوای فووی یەکەم کە بە کەڕەنادا دەکرێ و شەیپوور لێ دەدرێ، مرۆڤەکان ئەو حاڵەتەیان بەسەر دێ، کە ئاخیر زەمانی پێ دەگوترێ و، ئەم گەردوونە تێکدەچێ.

پاشان کە بۆ جاری دووەم فووی پێدا دەکرێ، بە جۆرێکی دیکە خوای تاک و پاک ئەم بوونە هەڵدەخاتەوە، وەک پێشتریش باسمان کردوە، لەو ئایەتانەدا زیاتر باسی ڕۆژی دوایی کراوەو، سەرەنجامی چاکی بڕوادارن و پارێزکاران و، سەرەنجامی شووم و خراپی بێ بڕوایان و هاوبەش بۆ خوا دانەران باسکراوە.

هەروەها خوا ﷻ پرسیارێکی ددان شکێنیان ئاڕاستە دەکات، کە ئایا ئەی بێبڕواینە! پێتان وایە ئێوەمان بەهەوەنتە خوڵقاندوەو بۆ لای ئێمە ناگێڕدرێنەوە؟ ئایا کاری وا شایستەی خوای پەروەردگارە؟ کە یەکێ لە سیفەتەکانی بریتیە: لەوە کە زاناوو کاربەجێیە، ئنجا ئایا ئەوە شتێکی بێجێ نیە، کە خوا لە مرۆڤەکان بگەڕێ، هەر کەسە بەڕێی خۆیدا بڕواو، چۆن دروستی کردوون، ئاوا لە بەین بچن و، پاداشتی چاکەکاران نەدرێتەوەو، سزای خراپەکاران نەدرێ؟ بەو شێوەیە ئەو سوورەتە کۆتایی پێ دەهێنرێ.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەکانی: (١ - ١١)، واتە: یازدە (١١) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (المؤمنون)، دەگرێتە خۆی، خوای زاناو شارەزا لەو یازدە (١١) ئایەتەدا، بە جەخت کردنەوەوە ڕایدەگەیەنێ، کە بڕواداران سەرفرازو بە کام و مراد گەیشتوون، کە بە دڵنیایی مەبەست لەو سەرفرازیی و بە کام و مراد گەیشتنە، بە ئامانج گەیشتنی ڕۆژی دواییە، بەڵام ژیانی دنیاش دەگرێتەوە، پاشان خوای کارزان ئەو بڕوادارە سەرفرازو بە مراد گەیشتووانە، بە نۆ (٩) لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیان وەسف و پێناسە دەکات:

١- ئیمان ﴿ قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾.

٣،٢- نوێژکردن و گەردنکەچیی لە نوێژدا ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴾.

٤- زەکاتدان، یاخود خۆ تەزکیە کردن ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴾.

٥- پشت تێکردنی قسەو کرداری پووچ ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴾.

٦- پاراستنی داوێنی خۆ لە حەڕام ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ﴾.

٧، ٨- چاودێریی کردنی سپاردەو، بەڵێن و پەیمان ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ﴾.

٩- پارێزگاریی لێکردنی نوێژەکانیان ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴾.

سەرەنجامیش گەیشتن بە فیردەوس، وەک مافێکی مسۆگەریان، کە لەوێدا لە شادمانیی دا هەمیشەیی دەبن ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١١﴾ ﴾.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ
مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ﴿٥﴾
إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴿٦﴾ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ
فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ
صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ﴿١١﴾﴾.

ماناى دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . مسۆگەر بڕواداران سەرفرازن و بە مراد گەیشتوون ﴿١﴾ ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا (بۆ خوا) زەبوون و ملکەچن ﴿٢﴾ هەروەها ئەوانەی پشت دەکەنە (قسەو ڕەفتاری) پووچ و بێ سوود ﴿٣﴾ هەروەها ئەوانەی زەکات دەدەن و، خۆیان تەزکیە دەکەن ﴿٤﴾ هەروەها ئەوانەی پارێزەری داوێنی خۆیانن ﴿٥﴾ مەگەر لە ئاست هاوسەرانیان و ئەو ئافرەتانەی خاوەنیانن (کەنیزەکەکانیان)، ئا ئەوانە لۆمەیان ناکرێ ﴿٦﴾ بەڵام هەر کەس جگە لەوە بخوازێ، ئەوانە سنوور شکێنن ﴿٧﴾ هەروەها ئەوانەی چاودێریی سپاردەو پەیمانەکانیان دەکەن ﴿٨﴾ هەروەها ئەوانەی پارێزگاریی لە نوێژەکانیان دەکەن ﴿٩﴾ ئا ئەوانە میراتگرانن ﴿١٠﴾ ئەوانەی فیردەوس بە میرات دەگرن و تێیدا هەر ماو دەبن ﴿١١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(قَدۡ): **(قَـدْ: حَـرْفُ تَحْقِيـقٍ وَتَوكِيـدٍ، عِنْدَمَا يَدْخُـلُ عَلَى الفِعْـلِ المَاضِي، فَحَـرفُ قَدْ فـي الجُمْلَـةِ الفِعلِيَّـة يُفِيـدُ مَفَـادَ (إِنَّ وَالـلاَّم) فـي الجُمْلَـةِ الإِسـمِيَّة)**، وشـەی (قَـدْ) پیتێکـە بـۆ سـاغکردنەوەو جەختکردنـەوە بـەکاردێ، کاتـێ کـە دەچێتـە سـەر کـرداری ڕابـردوو: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ﴾، پیتـی (قَـدْ) لـە ڕسـتەی کرداریـی (**الجُملَـةِ الفِعْلِيَّـة**)دا، هەمـان واتـای (**إِنَّ**)و (ل)، دەگەیەنـێ، لـە ڕسـتەی ناویـی دا، وەک خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ۝٨ ﴾ الطـارق.

(أَفۡلَحَ): واتـە: سـەرفراز بـوو، **(الفَلْـحُ: الشَـقُّ، وَالفَـلاَحُ: الأَكَّارُ، وَالفَـلاَحُ: الظَفَـرُ وَإِدْرَاكُ البُغِيَـة)**، (**أَفْلَـحَ**) لـە (**فَلْـح**)ەوە هاتـوە (**فَلْـح**)، یـانی (**شَـقّ**)، واتـە: لەتکـردن، بۆیـە جوتیـار (**أَكَّار**) پێـی دەگوتـرێ: (**فَـلاَّح**)، (**لأَنَّـهُ يَشُـقُّ الأَرْضَ**)، (**فَلاَحْ**)یـش (بەبـێ گیـرە)، بریتیـە: لـە سـەرکەوتن و، بـە نامانـج گەیشـتن.

(خَٰشِعُونَ): **(الخُشُـوعُ: الضَّرَاعَـةُ، وَأَكْـثَرُ مَـا يُسْـتَعْمَلُ الخُشُـوعُ فيـمَا يُوجَـدُ عَـلَى الجَـوَارِحِ، وَالضَّرَاعَـةُ فيـمَا يُوجَـدُ فـي القَلْـبِ)**، (**خُشُـوعُ**)، یـانی: کڕووزانـەوە، بـە زۆریـی وشــەی (**خُشُـوع**)، بـۆ ئـەو حاڵەتـە، یـان ئـەو گۆڕانکارییـە بـەکاردێ، کـە لەسـەر ئەندامـەکان دەردەکـەوێ، بـەڵام وشـەی (**ضَرَاعَـة**)، زیاتـر بـۆ ئـەو حاڵەتـەی لـە دڵـدا هەیـە، بـەکاردێ. هەڵبەتـە ئـەوە ڕایەکـە، ئەگەرنا ڕای دیکـەش هەیـە کـە (**خُشُـوع**)، یـانی زەبوونیـی پێشـاندان و، ملکەچیـی و تەسـلیم بـوون لـە بەرانبـەر خـوادا ﷻ.

(ٱللَّغۡوِ): **(اللَّغـو مِـنَ الـكَلاَمِ: مـالا يُعْتَـدُّ بِـهِ، وَهُـوَ الَّـذِي يُـورَدُ لاَ عَـنْ فِكْـرٍ وَرَوِيَّـةٍ، فَيَجْـرِي مَجْـرَى اللَّغـا، وَهُـوَ صَـوْتُ الطُيُـورِ)**، (لَغـو)، لـە قسـە، هـەر قسـەیەکە گرنگیـی پـێ نـەدرێ، ئەویـش قسـەیەکە کـە بـە بـێ بیرلێکردنـەوەو، لێوردبوونـەوە بگوتـرێ، بۆیـە هـەر وەک (لَغـا)، مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـرێ، (لَغـا)ش دەنگـی باڵندانـە.

بـە تایبـەتی دەنگـی چۆلەکـە پاسـاریی، کـە بـۆ ئێمـە هیـچ سـوودێکی نیـەو، تێناگەیـن داخـۆ چییـە! بـەڵام بـە تەئکیـد باڵنـدەکان کـە دەجریوێنـن، یـان هـەر دەنگێکیـان هەیـە، بـۆ نێـوان خۆیـان لێـک حاڵـی دەبـن و، هـۆکارو ئامـڕازی لێـک تێگەیشـتنیانە.

وشـەی (**لَغـو**)، (**راغِـب الأصفهـاني**) لێـرەدا زیاتـر بـە مانـای قسـەی بـێ کەڵـک، قسـەی گرنگیـی پـێ نـەدراوی، لێکداوەتـەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا وشـەی (**لَغو**)، هـەم قسـە، هـەم کـردەوەی بـێ سـوودو بـێ کەڵـک دەگرێتـەوە.

(**مُعْرِضُونَ**): پشـتهەڵکەران، (**أَعْـرَضَ: يَعْنِـي: أَظهَـرَ عُرضَـهُ أَي: ناحِيَتَـهُ**)، (**أَعـرَضَ**)، واتـە: لامـلی تێکـرد، ئنجـا کاتێـک ئینسـان لامـل لـە شـتێک دەکات، لـە کەسـێک دەکات، مانـای وایـە نیهـمالی دەکاو، پشـت گوێـی دەخـات.

(**لِفُرُوجِهِمْ**): بـۆ داوێنیـان، وشـەی (**فُـرُوج**)، کـۆی (**فَـرج**)ە، (**الفَـرْجُ: الشـقُّ بَـيْنَ الشَّيْئَيْنِ كَفُرْجَـةِ الحَائِـطِ، وَمَـا بَيْنَ الرِّجلَيْنِ وَكُنِّـيَ بِـهِ عَـنِ السَّـوءةِ**)، (**فَـرْج**)، بـە دابڕاویـی نێـوان دوو شـتان دەگوتـرێ، وەک دیوارێـک کـە کەلێنـی هەیـە، تیـک و درزی دیـوار، دوایـی خوازراوەتـەوە، بـۆ نێـوان دوو لاقـەکانی مـرۆڤ، (پێـی دەگوتـرێ: داوێـن)، کـە کنارەیـە لـە عـەورەت (ئەندامـی زاوزێـی)، ئنجـا چ پیـاو چ ئافـرەت، ئەندامـی زاوزێـی (**فَـرج**)ی بـۆ بەکاردەهێـنرێ، کـە لـە ئەسـڵدا بـە مانـای کەلێـن دێ.

(**غَيْرُ مَلُومِينَ**): سـەرکۆنە ناکرێـن، (**اللَّـومُ: عَـذْلُ الإِنْسَـانِ بِنِسبَتِهِ إِلى مَـا فِيـهِ لَـومٌ**)، (**لـوم**) بریتیـە: لـەوەی کەسـێک قسـەیەکی ناڕاسـتە بکـرێ، کـە سـەر زەنشـت و سـەر کۆنەکـردن بگەیەنێ.

(**وَرَآءَ ذَٰلِكَ**): (**وَرَآءَ**)، یـانی (**خَلْـف**)، پشـتەوە، دوایـە، (**وَرَآءَ ذَٰلِكَ**): (**أَي: طَلَـبَ أَكْثَرَ مِـمَّا بَيَّنَّـاهُ**)، ﴿ **فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ** ﴾، یـانی: هـەر کەسـێک داوا بـکات و، بخـوازێ زیـاد لـەوەی کـە ڕوونمـان کردۆتـەوە، کـە بـۆ پیـاو ڕەوایـە، ئـارەزووی جینسـیی خـۆی لـێ تێـر بـکات کـە بریتیـە: لـە هاوسـەران، هەڵبەتـە کاتـێ کەنیزەکیـش هەبـوون،

ئەوانیش کە ئێستا ستایش بۆ خوا ئەو دیاردە قێزەونە نەماوەو، کاتێ ئیسلام هاتوە حاڵەتێکی باوی نێو دنیا بووە، بەڵام ئیسلام ڕەنگی ڕشتوە، بۆ بنەبڕکردنی وەک لە تەفسیری سووڕەتی (النساء)دا باسێکی سەربەخۆمان لەو بارەوە کردوە.

(**ٱلۡعَادُونَ**): (**العَدْو: التَجَاوزُ وَمُنافاةُ الإلتِئَامِ**)، (**عادون**)، کۆی (**عادي**)یە، یانی: تێپەڕێنەران، چونکە: وشەی (**عَدْو**)، یانی: تێپەڕاندن و، پێچەوانەی پێکەوە گونجان و پێکەوە ڕێک بوونە، (**عَدو**)، یانی: تێپەڕاندن و سەرکێشیی کردن.

(**رَٰعُونَ**): واتە: ڕەچاوکەران، یاخود ئاگا لێبووان، چونکە (**الرِّعيُ: حِفْظُ الحَيوَانِ إمَّا بِغِذائِهِ الحَافِظ لِحَياتِهِ، وَإمَّا بِذَبُ العَدُوِّ عَنهُ، وَمُراعَاةُ الإنسانِ لِلأَمرِ: مُراقَبَتُهُ إلى ماذَا يَصِيرِ**)، (**راعي**) شوان، بۆیە پێی دەگوترێ: (**راعي**) چونکە چاودێریی ئاژەڵەکانی دەکات، (**رَعي**)، بریتیە: لە پاراستنی ئاژەڵ، یان بەوە ئەو خۆراکەی مایەی پاراستنی ژیانیەتی، بۆی دابین بکات، (بیلەوەڕێنێ، ئاڵفی پێ بدا)، یان بەوە کە دوژمنی لێ دوور بخاتەوە، (چ گورگ چ هەموو دڕندەکانی کە دژی ئاژەڵن، چ حوشتر چ ڕەشەوڵاخ چ ئاژەڵی ورد، کە مەڕو بزنن)، کە دەگوترێ: مرۆڤ موڕاعاتی فڵان کارە دەکات، واتە: چاودێریی دەکات، کە چی لێدێ و، سەرەنجامی چۆن دەبێ؟.

(**ٱلۡفِرۡدَوۡسَ**): (**الفِردَوسُ: البُسْتَانُ الوَاسِعُ الجَامِعُ لأَنْوَاعِ الثَمَر**)، فیردەوس بە باخێکی فراوانی کۆکەرەوە بۆ هەموو جۆرەکانی میوە، دەگوتری.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم یازدە (١١) ئایەتەی سەرەتای سوورەتی (المؤمنون)دا، دوای ئەوەی دەفەرموێ: ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەست پێکردنی من بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندەیە، یان بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە دەست پێدەکەم، کە ئەوەش وەک زۆر جاری دیکە گوتوومانە، واتە:

١- من ئەم کارە کە دەیکەم، بە ناوی خوای پەروەردگارە.

٢- بەپێی شەرع و بەرنامەی خوای بەرزو مەزنە.

٣- بۆ ڕازییکردنی خوایە، بۆ ئەوەیی کە ڕازیی بوونی خوای پەروەردگاری پێ دەستەبەر بکەم.

٤- بە وزەو تواناو برستێکە، کە لە لایەن خوای بەخشەرەوە بۆم ڕەخسێنراوە

ئێمە پێشتر لە پێناسەو ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم سوورەتەدا باسمان کرد، کە لەم یازدە (١١) ئایەتەدا خواﷻ، کۆمەڵێک خەسڵەتی بەرجەستەو گەورەو گرنگی ئەو بەندانەی کە لە تەرازووی خوادا، بە سەرفرازو بەختەوەرو بە کام و مراد گەیشتوو دادەنرێن، خستوونیە ڕوو، کە دەتوانین بڵێین: نۆ (٩) سیفەتن.

یەکەم: ئیمان.

دووەم: نوێژکردن.

سێیەم: زەبوونیی و ملکەچیی لە نوێژدا.

چوارەم: پشت تێکردن و، واز لێهێنانی قسەو کرداری پووچ.

پێنجەم: زەکات دان، یاخود خۆ تەزکیە کردن.

شەشەم: پاراستنی داوێنی خۆ، لە حەڕام و قەدەغە.

حەوتەم: پاراستنی سپاردە.

هەشتەم: پاراستنی پەیمان.

نۆیەم: پارێزگاریی کردن لە نوێژەکان.

ئنجا ئەوانەی ئەو سیفەتە گەورەو گرنگانە لە خۆیاندا دێننە دی، سەرەنجامیان چۆن دەبێ؟ ئەوانە کەسانێکن، دەبنە میراتگر، میراتگری فیردەوس.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، پێشتر باسمان کرد، کە وشەی ﴿ قَدۡ ﴾، لە زمانی عەڕەبییدا کە دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو (**فعل ماضي**)، بۆ جەختکردنەوەو ساغکردنەوەو چەسپاندن، بەکاردێ.

﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، بە مسۆگەریی، بە دڵنیایی بڕواداران سەرفرازن، ئنجا ئەم ﴿ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، مادام (ألْ)ی ناساندن، (**تعريف**)ی لە سەرە، واتە: تێکڕای بڕواداران، سەرفرازن، یاخود (ألْ) کە بۆ ناساندنە، بۆ (**عَهْد**) بێ، واتە: ئەو بڕوادارانەی بڕواداری تەواون، کە پێشتر باسکراون، ئەوانە سەرفرازو بەختەوەرن.

ئنجا دێتە سەر باسی سیفەتەکانیان، دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴾، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچن، زەبوونن، خۆ بە کەمزانن لە بەرانبەر خوادا ﷻ، کە بێگومان ڕووحی نوێژو خواپەرستیی بریتیە: لە (**خشوع**)، یانی: خۆ بەکەمگرتن، خۆ بەکەمزانیی، لە بەرانبەر خواداو زەبوونیی و ناتاجیی پیشان دان و، لێ ترسان و، سام و هەیبەت هەبوون بەرانبەر بە خوا ﷻ.

سیفەتێکی دیکەیان: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴾، ئەوانەی کە واز دێنن لە لەغو، کە (**لَغْو**)، هەم قسە، هەم کردەوەی بێ کەڵک و بێ سوود، بە نسبەت ڕۆژی دواییەوە، دەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا مرۆڤایەتیی بە تایبەت

لەم ڕۆژگاری ئێستای ئێمەدا، پووچ (لغو) لە ژیانی دا زۆر زۆر بووە، هەم پووچی قسە، هەم پووچیی کردەوە، هەڵبەتە لەغوو ئەوەیە کە گوناح نەبێ، (لغو) قسەو ڕەفتاری پووچ و بێ کەڵکە، بەڵام ئەگەر درۆو غەیبەت و بوختان و، جنێو بێ، ئەوە گوناهن، خوای پەروەردگار باسی ئەوە ناکات بفەرموێ: بڕوادارانێک کە واز لە گوناهان دێنن، دەفەرموێ: واز لە قسەو کردارێک دێنن کە پووچەو بێ کەڵکە، بە نسبەت ڕۆژی دواییەوە، ئنجا ئێستا هەم قسەی پووچ زۆرە، هەم کرداری پووچیش زۆرە، بە تایبەتی لە نێو گەنج و تازە پێگەیشتوواندا، زۆرێك لەو فلیم و شتانەی تەماشا دەکرێن، پووچن، بەهۆی ئەو تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە، خەڵک تەمەنێکی زۆری بە فیڕۆ دەچێ، بێ هوودە لە دەستی دەچێ، دەتوانین بڵێین: زۆر بەی مرۆڤایەتیی لەم ڕۆژگاری ئێستاماندا، لە زەلکاوی لەغوودا نغرۆ بووە، مەگەر ئەوانەی خوا ﷻ، خستوونیە سەر ڕاستە شەقامی خۆی و، ڕێزی خۆیان دەگرن و، ڕێزی ژیانیان دەگرن و، ڕێزی کاتیان دەگرن.

سیفەتێکی دیکەیان: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴾، ئەوانەی کە ئەنجام دەرن بۆ زەکات، ئەوە دوایی باسی دەکەین، زانایان بە سێ واتایان لێکیان داوەتەوە، بەڵام واتای زیاتر کە دێتە بەرچاو ئەوەیە، کە مەبەست پێی زەکات دان بێ، واتە: زەکات لە ماڵی خۆیان دەردەکەن، بەڵێ ئەم سوورەتە مەککەییەو، ئەو کاتە زەکات بەو شێوەیەی کە دوایی دیار دەکرێ و، دەدرێ بە هەشت جۆرە کەس و، لە چەندەی چەند؟ پێغەمبەری خوا لە سوننەتدا ڕوونی کردۆتەوە، بەڵێ ئەوە لە مەدینە دیاریی کراوە، بەڵام لە مەککەش هاوکاریی کردنی خەڵک و ماڵی خۆ بەخشین، سیفەتێکی بنچینەیی بووە، وەک چۆن نوێژو خواپەرستیی، سیفەتێکی بنچینەیی بڕواداران بووە، ماڵی خۆ بەخشینیش هەر سیفەتێکی بنچینەیی بووە، بۆیە لە سوورەتی (الشوری)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾.... هەروەها، لەوەی پێمان داون دەبەخشن، دیسان لە زۆربەی سوورەتە مەککەییەکاندا، خوای پەروەردگار باسی ماڵ بەخشین دەکات. ...

بەڵام هەندێکیان وایان لێک داوەتەوە کە: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَوٰةِ فَـٰعِلُونَ ﴾، ئەوانەی خۆیان تەزکیە دەکەن، یاخود ئەوانەی بە چەند کردارێک هەڵدەستن، کە مەبەستیان خۆ پێ پاک و چاک کردنە، واتە: بەهۆی ئەو کردەوانەوە، نەفسیان پاک و چاک دەبێ و پاڵفتە دەبێ و گەشە دەکات.

سیفەتێکی دیکەیان ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَـٰفِظُونَ ﴾، ئەوانەی کە پارێزەرن بۆ داوێنی خۆیان، واتە: ئەندامی زاوزێی خۆیان دەپارێزن، لەچی؟ لەوەی غەریزەی جینسیی خۆیان تێربکەن، لە شتێک کە قەدەغەیە: ﴿ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ ﴾، جگە لە هاوسەرانیان، یاخود ئەو ئافرەتانەی کە لەبەر دەستیانن، کەنیزەکەکانیان، ﴿ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴾، کەسێک کە لەگەڵ هاوسەری خۆی، یان لەگەڵ کەنیزەکی خۆیدا غەریزەی جینسیی خۆی تێر دەکات، لەگەڵی جووت دەبێ، ئەوانە سەرزەنشت ناکرێن و، لۆمەو سەر کۆنەیان نایەتە سەر، ﴿ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴾، بەڵام هەر کەسێک لە دوای ئەوەوە، جگە لەوە، بخوازێ، ئا ئەوانەن لەڕێ دەرچووان، ئا ئەوانەن سەرەڕۆیان، ئا ئەوانەن سنوور شکێنان، ﴿ وَرَآءَ ذَٰلِكَ ﴾، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین، هەموو جۆرە تێر کردنێکی غەریزەی جینسیی دەگرێتەوە، لە هەر ڕێیەکەوە بێ، جگە لە ڕێگەی حەڵاڵ و دیاریکراوەوە.

﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَـٰنَـٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە بۆ سپاردەکانیان و، بۆ بەڵێن و پەیمانیان چاودێرن، پارێزەرن، ئاگایان لە سپاردەکانیانەو، ئاگایان لە بەڵێن و پەیمانەکانیانە، کە سپاردەکانیان زایە نەکەن و، بەڵێن و پەیمانەکانیشیان، نە شکێنن.

﴿ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی پارێزەرن بۆ نوێژەکانیان.

أ- لەوە کە بیانفەوتێنن،

ب- لەوەی لە کاتی خۆیاندا، نەیانکەن.

ج- لەوەدا کە ئەوەی لە ڕواڵەتی نوێژەکانیاندا بە مەرج وەرگیراوە، ڕەچاوی نەکەن.

د- یاخود ئەوەی کە لە پەنهانی نوێژەکانیادا بە مەرج گیراوە، ڕەچاوی نەکەن.

هـ- یاخود ئەوە کە نوێژەکانیان ئەو بەرهەم و دەرهاویشتە باشانەی لێ نەکەوێتەوە، کە خوا بە مەرجی گرتوون، کە بریتیە: لە خۆ پاراستنیان، لە هەموو ئەو شتانەی خوا پێی ناخۆشن.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴾، ئا ئەوانە میرات گرانن، ﴿ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، ئەوانەی فیردەوس بە میرات دەگرن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، بۆچی خوای بەرزو مەزن وشەی میراتی بەکارهێناوە؟

لەبەرئەوەی:

أ- میرات بەهێزترین شێوەی ماڵ و سامان وەدەست هێنانە.

ب- بۆ ئەوەیە خوای پەروەردگار پێمان بفەرموێ: ئەو بەهەشتە، ئەو فیردەوسە، لە بنەڕەتدا بۆ ئەهلی ئیمان دروستکراوە، بۆیە وەک چۆن کەسێک ماڵی بابی، یان ماڵی خزمێکی نیزیکی بە میرات دەگرێ، ئەو بەهەشتەی خواش ئاوا دەبێتە موڵکی، موڵکێک کە هیچ کەس ئیددیعاو دەعوای لەسەری نەبێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

مسۆگەربوونی سەرفرازیی و بە کام و مراد گەیشتنی بڕواداران:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾،

پێشتریش باسمان کرد کە وشەی ﴿ قَدۡ ﴾، (حَرفُ تَحقِيقٍ وَتَوكِيد)، ﴿ قَدۡ ﴾، لە زمانی عەرەبییدا کاتێک دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو، (الفعل الماضي)، مانای ساغکردنەوەو چەسپاندن و جەختکردنەوە، دەگەیەنێ، خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، بەدڵنیایی بڕواداران سەرفراز بوون، بەختەوەر بوون، بە کام و مراد گەیشتوون، وشەی ﴿ أَفۡلَحَ ﴾، لە (فَلح)ەوە هاتووە، (فَلح)یش، بە مانای لەت کردن دێ، ئایا بۆچی وشەی (فَلاَح) بە مانای سەرفرازیی دێ و، ئەم وشەیە بۆچی وا هاتووە؟ لەبەر ئەوەی کەسێک هەم لە دنیادا هەم لە دواڕۆژدا سەرفراز دەبێ، کە کۆسپەکانی بەردەمی خۆی ببڕێ، کۆسپ و لەمپەرەکان ببڕێ و بەرەو ئامانج بڕوات.

لە ڕاستییدا بەبێ ئەوەی ئینسان بتوانێ ئەو کۆسپ و پەرچ و لەمپەرانەی دێنە بەردەمی، لایانبەرێ و، بڕوا بەرەو ئامانج، بە ئامانج ناگات، هەر کەسێک کۆسپێکی هاتە بەردەم، لەمپەرێک، تەگەرەیەکی هاتە بەردەم، بوەستێ، یان بکشێتەوە دوایە، مانای وایە بە ئامانج ناگات، بۆیە خوا ﷻ وشەی (فلاح)ی بەکارهێناوە، کە وەک چۆن جوتیار کە بە گاسنەکەی زەوی دەکێڵێ، ئنجا گاسنی جووتی گایە، یاخود جووتی ئەسپ و ماین و ئێسترو، یاخود هی تراکتۆرە، یاخود هەر شێوەیەکی دیکەیە، جوتیار کاتێک دەتوانێ دەغڵ و دانەکەی بنێژێ، دانەوێڵەکەی خۆی بخاتە نێو زەوی، کە زەوییەکە بکێڵێ و شەقی بکات.

www.alibapir.com

ئنجا بێگومان سەرفرازیی هەرە مەزن و گەورە، سەرفرازیی ڕۆژی دوایییە، ئەوەی دنیا شتێک نیە، چونکە دنیا بۆ خۆی کەم و کەم بایەخ و بچووک و کەم و کورتەو، تەنیا شوێنی تێدا تاقیکرانەوەیە، نەک شوێنی تێدا حەسانەوە، بۆیە سەرفرازیی و بەختەوەریی و بە کام و مراد گەیشتن، ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی دا دێتە دی.

(راغب الأصفهاني) کە بە ڕاستی مانا لێکدەرەوەیەکی زەبر دەستی وشەکانی قورئانە، دەڵێ: **(الفَلَاحُ الأُخرَوِيُّ: بَقَاءٌ بِلا فَنَاء، غِنىً بِلا فَقْر، عِزٌّ بِلا ذُلّ، عِلمٌ بِلا جَهْل)**، واتە: سەرفرازیی ڕۆژی دوایی بریتییە: لە مانەوە بەبێ لە بەین چوون، دەوڵەمەندیی بەبێ هەژار بوون، باڵادەستیی بەبێ زەبوون بوون و، زانیاریی بەبێ نەفامیی.

ئەو وایگوتوە: بەڵام من پێم وایە کە سەرفرازیی ڕۆژی دوایی، بریتییە: لە هاتنە دی هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە مرۆڤ بۆیان عەودالەو، مرۆڤ بۆیان ئاتاجەو، مرۆڤ پێیان بەختەوەر دەبێ، نەک هەر ئەو چوارە، بەڵکو هەموو ئەو ئامانجانە کە مرۆڤ پێیان بەختەوەر دەبێ کە هەڵبەتە ئەو ویستوویەتی ئەو چوار ئامانجە باس بکات کە ئەوانی دیکە کۆ دەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیی دا، مەرج نیە ئەو چوارە، هەموو ئەو ئامانج و مەبەستانە کۆ بکەنەوە، کە دەبنە مایەی سەرفرازیی ڕەهاو بێ سنووری مرۆڤەکان، چونکە خوا کە دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، بەڕاستیی بڕواداران سەرفرازن، واتە: بە شێوەیەکی بێ سنوورو بە ڕەهایی و یەکجارەکیی، بەڵام دەبێ بشزانین کە ﴿ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، کە وەک پێشتر گوتمان: (أل)ی ناساندن (تعریف)ی لەسەرە، واتە: بڕوادارانێک کە تێرو تەواون لە بڕوادا، بڕوادارانی تێرو تەواوو کامڵ، دەشگونجێ بڵێین: هەموو بڕواداران و، (أل) بۆ (إستغراق)ە، ئەوەش دەگەیەنێ، تێکڕای بڕواداران، بەڵام تێکڕای بڕوادارانێک کە ئیمان و بڕوایەکی تێرو تەواویان هەیە.

مەسەلەی دووەم:

پێناسەکردنی بڕوادارانی سەرفراز بە: گەردنکەچیی لە نوێژداو، ڕوو وەرگێڕان لە قسەو کردەوەی بێ سوودو، زەکاتدان، یاخود خۆ تەزکیەکردن و، داوێنی خۆپاراستن لە حەرام و، چاودێریی کردنی سپاردەو بەڵێنەکان و، پاراستنی نوێژەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ٢ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ٤ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَٰفِظُونَ ٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ٦ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ٧ وَٱلَّذِينَ هُمْ لِأَمَٰنَٰتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَٰعُونَ ٨ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ ٩ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١- ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴾، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا زەبوونن، ملکەچن، لە ناخەوە بەرانبەر بە خوا ﷻ تەسلیمن، بێگومان (خشوع) شوێنەکەی دڵە، مەڵبەندی (خشوع) دڵ و دەروونە، بەڵام (خشوع) کە لە دڵدا دەبێ، دوایی شوێنەواری لە سەر ئەندامەکانیش و لە سەر ڕواڵەتیش دەردەکەوێ، بۆیە لە هەندێ شوێنەواراندا هاتوە: کەسێک بیندراوە کە لە نوێژدا جووڵە جووڵی زۆری کردوە، گوتراوە: (**لَوَ خَشَعَ قَلْبُ هَذَا لَخَضَعَت جَوارِحُهُ**)، واتە: ئەگەر دڵی ئەمە خشووعی تێدا بووایە، ئەندامەکانیشی دادەسەکنان، ئەندامەکانیشی ملکەچ دەبوون، لەو بارەوە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر هەیە ﷺ:

[إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ إِلَى الصَّلاَةِ فَإِنَّ الرَّحْمَةَ تُوَاجِهُهُ ، فَلاَ فَلا تُحَرِّكُوا الحَصَى] (أخرجه عبد الرزاق: ٢٣٩٩، وأحمد: ٢١٣٦٨، وأبو داود: ٩٤٥، والترمذي: ٣٧٩، وقال: حسن،

والنسائي: ١١٩١، وابن ماجه: ١٠٢٧، والدارمي: ١٣٨٨، وابن خزيمة: ٩١٣، وابن حبان: ٢٢٧٤ عَنْ أَبِي ذَرٍّ).

واتە: ئەگەر یەکێکتان هەڵسا بۆ نوێژێ، بەزەیی خوا ڕوو بەڕوویەتی، با دەنکە چەوانیش نەجووڵێنێ.

(**حَصى**) کۆی (**حَصاة**)ە یانی: دەنکە چەو، کە لە زیخ گەورەترە، بەڵام لە بەردیش گچکەترە، کاتی خۆی: بەزۆریی لەسەر خاکی زەوی یان لە لمی بیابان، یان لەسەر چەوو زیخ، نوێژیان کردوە، فەرموویەتی: با نوێژکەر دەنکە چەوەکانیش نەجووڵێنێ، خۆیان پێوە مەشغووڵ بکات و بخافڵێ.

(خشوع)یش لە نوێژدا پێویستە، بەڵکو ڕووحی نوێژە،وەک لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە هاتوە: **[الخُشُوعُ: أَوَّلُ عِلْمٍ يُرْفَعُ مِنَ النَّاس](أخرجه الترمذي: ٢٦٥٣، والدارمي: ١٣٨٨، عن أبي الدرداء، قال الألباني: صحيح)**، واتە: (خشوع) یەکەمین زانیارییە کە لەنێو خەڵکدا هەڵدەگیرێ، واتە: خەڵک نوێژ دەکات، بەڵام ملکەچیی و زەبوونیی لە نوێژدا نامێنێ.

٢- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴾: هەروەها ئەوانەی وازهێنەرن، پشت تێکەرن بۆ لەغوو، (**اللَّغو**)، (**اللَّغَا: وهو صَوْتُ العَصافِيرِ، أو صَوتُ الطيُور**)، (**اللَّغو**)، لە (لغا)، وەیەو جریوەی چۆلەکە پاساریی، یاخود جریوەی باڵندانە بە گشتیی، بەڵام دوایی (**لَغو**)، بەکارهێنراوە بۆ: (**مَا لا فائِدَةَ مِنهُ أُخرَوِيّاً، قَولاً كَانَ أَو فِعْلاً**)، ئەمە پێناسە ڕاستەقینەکەی (**لَغو**)یە، (**لَغو**) هەر شتێک کە سوودی تێدا نەبێ بۆ دواڕۆژ، چ قسە بێ، چ کردەوە بێ.

هەڵبەتە وازهێنان لە لەغوو، هەر ئەوە نیە، ئینسان خۆی لەغوو نەکات، قسەی پووچ نەکات و، کرداری پووچ نەکات، بەڵکو دەبێ بەشداریی لەغووش نەکات، نە بە تەماشاکردن و نە بە گوێ گرتنیش، چونکە جاری وا هەیە ئینسان خۆی، قسەی پووچ و کرداری پووچ ناکات، بەڵام گوێ لە قسەی پووچ دەگرێ و، تەماشای کرداری پووچ دەکات، بەڵام بڕوادارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە نە خۆیان

ئەهلی لەغوون، نەلەگەڵ ئەوانەدا کە سەرگەرمی لەغوون بەشدار دەبن، وشەی ﴿ مُعۡرِضُونَ ﴾، پشتیکەرن ئەوە دەگرێتەوە، ئەگەر خوا فەرمووبای: **(وَالَّذِينَ يَتْرُكُونَ اللَّغْوَ)**، یان **(لِلَّغْوِ تارِكُون)**، ئەوە هەر ئەوەی دەگرتەوە کە خۆیان نایکەن، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ﴾، واتە: پشت دەکەنە پووچ، یانی: وێڕای ئەوەی خۆیان لەغوو ناکەن، پشت دەکەنە ئەوانەش کە خەریکی قسەو کرداری پووچ و بێ کەڵکن.

دیارە ئینسان بە ئەندازەی ئەوەکە دەزانێ بۆچی هاتۆتە ئەم ژیانە، دەزانێ کە دەبێ چۆن بژی و، بۆچی بژی و چ حیکمەتێک لە پشتیەوە هەیە؟ بە ئەندازەی ئەوە کە ئەو قەناعەتە لە دڵ و دەروونی دا ڕۆ دەچێ، خۆی کۆنترۆڵ دەکات، کە بە هیچ جۆرێک توخنی لەغوو نەکەوێ، نە لە زاتی خۆی دا ئەهلی لەغوو بێ و، نە لەگەڵ کەسانێکیش دا کە خاوەنی لەغوون، تێکەڵ و بەشدار بێ، ئنجا کە واشبوو، ئەو کاتە کاتی زۆری بۆ دەگەڕێتەوەو، تەمەنەکەی بە فیڕۆ ناچێ و، دەتوانێ باشترین بەهرە لە تەمەن و بوونی خۆی وەربگرێ، با لەو بارەوە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ بهێنین کە دەفەرموێ:

[إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ لاَ يُلْقِي لَهَا بَالاً، يَرْفَعُ اللَّهُ بِهَا لَهُ دَرَجَاتٍ، وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ، لاَ يُلْقِي لَهَا بَالاً، يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ] (أخرجه أحمد: ٨٣٩٢، والبخاري: ٦١١٣).

واتە: بەندە وشەیەک دەڵێ، لە ڕەزامەندیی خوادا، گرنگیی پێ نادات، بەڵام خوا بە هۆی ئەو وشەیەوە، چەندان پلە بەرزی دەکاتەوە، (بە پێچەوانەشەوە) جاری وایە بەندە قسەیەک دەکاو وشەیەک بەکار دێنێ لە تووڕەیی خوادا، (قسەیەک کە مایەی تووڕەیی خوایە)، خۆی گوێی پێ نادا، بەڵام بە هۆی ئەو قسەیەوە، بە هۆی ئەو تەعبیرەوە، بەردەبێتەوە نێو دۆزەخ، (دەچێتە قووڵایی دۆزەخەوە).

خوا پەنامان بدات.

لێرەدا پێویستە ئەو تێبینییەش بخەمەڕوو کە (القرطبی) لە **(الحسن البصري)** یەوە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەیهێنێ کە گوتوویەتی: **(اللَّغو: المَعَاصِي كُلُّهَا)**⁽¹⁾، واتە: لەغوو هەمووو گوناهەکانە، ئنجا **(القرطبي)** وەک پشتگیریی کردن و پشتڕاست کردنەوەی ڕایەکەی حەسەنی بەصڕایی دەڵێ: **(فَهذا قَولٌ جامِعٌ)**، واتە: ئەمە قسەیەکی کۆکەرەوەیە، بەڵام من دەڵێم: لە ڕاستییدا ئەگەر حەسەنی بەصڕایی وایگوتبێ، ڕەحمەتی خوای لێ بێ و، سەنەدەکەی ڕاست بێ، لەوەدا نەپێکاوە، چونکە لەغوو بە مانای هەمووو گوناهەکان نایەت، **(لغو)** قەتڵ و زیناو دزیی و ڕێگریی و غەیبەت و درۆو بوختان ناگرێتەوە، ئەوانە هەر کامیان ناوی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکو خوا ﷻ لێرەدا کە دەفەرموێ: بڕواداران سەرفرازن، ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا بۆ خوا زۆر ملکەچن، لە ناخەوە، (کارلێک لەگەڵ نوێژەکانیاندا دەکەن، دەزانن لە خزمەت کێدا وەستاون)، پاشان ئەوانەی کە پشت لە قسەی پووچ و کرداری پووچیش دەکەن، نەک لەوێ بفەرموێ: لە نوێژەکانیاندا بۆ خوا زۆر ملکەچن، دواییش بفەرموێ: زینا ناکەن، قەتڵ ناکەن! پاشان وشەی **(لغو)** لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: **(ما لا فائِدَةَ مِنْهُ)**، ئەو شتەیە کە سوودی نەبێ، با گوناهیش نەبێ.

٣) ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی ئەنجامدەرن بۆ زەکات، پێشتریش گوتمان: ئەمە زانایان، سێ واتایان بۆ هێناون:

یەکەم: **(الَّذِينَ يُؤَدُّونَ الزَّكاةَ)**، ئەوانەی زەکات دەدەن، بەڵام بۆچی خوای پەروەردگار بەو تەعبیرە هێناویەتی؟ ئەمە زیاتر ئەوە دەگەیەنێ کە باش زەکات لە ماڵی خۆیان دەردەکەن و، باش ماڵ و سامانی خۆیان لە ڕێبێیەکانی خێر، لە ڕەزامەندیی خوادا، سەرف دەکەن و ئەنجامدەرن بۆ ئەوە.

دووەم: کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی خۆیان تەزکیە بکەن، ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ﴾، ناوای لێدێتەوە: **(وَالَّذِينَ هُم للزَّكاةِ، فاعِلونَ لِلأعمَالِ الصَّالِحَة)**،

یانی: ئەوانەی کە بۆ ئەوەی خۆیان تەزکیە بکەن، پاک و چاک بکەن، کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن.

سێیەم: (الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم)، ئەوانەی ئەنجامدەری زەکاتن، واتە: ئەنجامدەری تەزکیەو، خۆ پاک و چاک کردنن.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴾: هەروەها ئەوانەی پارێزەرن بۆ داوێنی خۆیان، لێرەدا با نەقڵێک لە (إبن العربي) خاوەنی (الأحكام القرآن) بکەین، کە (القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، زۆر پشتی بە (أحكام القرآن) (إبن العربي) بەستوە:

(قَالَ ابنُ العَرَبِي: مِنْ غَرِيبِ الْقُرْآنِ أَنْ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ الْعَشْرِ هِيَ عَامَّةٌ فِي الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ، كَسَائِرِ أَلْفَاظِ الْقُرْآنِ الَّتِي هِيَ مُحْتَمِلَةٌ لَهُمْ، فَإِنَّهَا عَامَّةٌ فِيهِمْ، إِلَّا قَوْلَهُ: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴾المؤمنون: ٥، فَإِنَّهُ خِطَابٌ لِلرِّجَالِ خَاصَّةً دُونَ النِّسَاءِ، بِدَلِيلِ قَوْلِهِ: ﴿ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ ﴾المؤمنون: ٦، قَالَ القُرطبِي: قُلتُ: وَفِي هَذَا التَّأوِيلِ فِي الأيَة، فَلا يَحِلُّ لامرَأَةٍ أَن يَطَأَها مَن تَمْلِكُهُ إِجمَاعَاً مِنَ العُلَماء، لأَنَّها غَيرُ داخِلَةٍ فِي الآيَةِ، لكِنُها لَوِ أعتَقَتهُ بَعدَ مِلكِها لَهُ، جازَ أَن يَتَزَوَّجَهَا كَمَا يَجُوزُ لِغَيرِهِ عِندَ الجمهُور)⁽¹⁾.

ئیبنو لعەرەبیی دەڵێ: لە شتە سەیرەکانی قورئان ئەوەیە کە ئەم دە (١٠) ئایەتە گشتیین بۆ پیاوان و ئافرەتان، وەک هەموو وشەکانی دیکەی قورئان کە ئافرەتان و پیاوان پێکەوە دەگرنەوەو گشتیین بۆ هەمووان، بەڵام لێرە (لەم دە ئایەتەدا)، ئەم ڕستەیە تایبەتە بە پیاوانەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴾، ئەوانەی بۆ داوێنی خۆیان پارێزەرن، ئەمە خوا تەنیا پیاوانی پێ دواندوە، نەک ئافرەتان، بە بەڵگەی ئەوە کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ ﴾، مەگەر ئەوانەی کە لەگەڵ هاوسەرانی خۆیان، یاخود لەگەڵ کەنیزەکەکانی خۆیاندا جووت دەبن، قورتوبیی گوتوویەتی:

منیش دەڵێم: بە پێی ئەو واتایە لە ئایەتەکەدا، هیچ ئافرەتێک کە پیاوێکی کۆیلەی هەبێ، بۆی نیە لەگەڵیدا جووت بێ، ئەمە یەکدەنگیی زانایانی لەسەرە، چونکە ناچێتە نێو بازنەی ئایەتەکەوە، بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتە ئەو کۆیلەیەی خۆی ئازاد کردو، موڵکی ئەو نەما، ئەو کاتە بۆی هەیە ئەو ئافرەتە بێنێ، هەر وەک چۆن پیاوانی دیکەش بۆیان هەیە، هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەن، وەک زۆربەی زانایان دەڵێن.

٥)- ﴿ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴾، مەگەر لەسەر هاوسەرانیان، یاخود ئەو ئافرەتانەی لەبەردەستیانن، (کەنیزەکەکانیان) ﴿ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ﴾، بە دڵنیایی لۆمەیان ناکرێ (ئەگەر لەگەڵ ئەواندا جووتبن و غەریزەی جینسیی خۆیان تێر بکەن، بە شێوەیەکی شەرعیی).

٦)- ﴿ فَمَنِ ٱبْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْعَادُونَ ﴾، بەڵام هەر کەسێک لە پشت ئەوەوە، جیا لەوە، شتی دیکە داوا بکات، (جیا لە هاوسەرو، کەنیزەک کە کاتی خۆی هەبووەو ئێستا نەماوە)، ئەوە ئەوانە سنوور بەزێنانن، سنوور شکێنانن.

بەپێی ئەم ئایەتە: هەم زینا، هەم نێر بازیی، هەم نیکاحی موتعە، کە شیعە کاری پێدەکەن، هەم ئاوی خۆ هێنانەوە، دەستپەڕ (إستمناء)، ئەوانە هەموویان ناڕەواو قەدەغەن، بەڵام دیارە هەر کامێکیان بە پلەی خۆی، با لەو بارەوە ئەم شوێنەوارە بێنین:

(رَوى مَعْمَـرٍ عَـنْ قَتَـادَةَ قَـالَ: تَـسَرَّرَت إمـرَأةٌ غُلامَها، فَذُكِـرَ ذَلِـكَ لِعُمَـر رَضِيَ اللـهُ عَنـهُ فَسَـألَها: مَـا حَمَلَـكِ عَـلَى ذَلِـك؟ قالَـتْ: كُنْـتُ أَراهُ يَحِـلُّ لِي بِمِلْـكِ يَمِينِـي، كما يَحِـلُّ لِلرَجُـلِ المَـرأةُ مِلـكِ اليَمِـينِ، فاستَشـارَ عُمَـرُ فـي رَجْمِهَـا أَصْحَـابَ رَسـولِ اللـهِ ﷺ فَقالُـوا: تَأَوَّلَـت كِتَـابَ اللـهِ عَـلَى غَـيْرِ تَأوِيلِـهِ، لا رَجْـمَ عَلَيْهَـا)(١).

---

(١) [illegible]

واتە: مەعمەر لە قەتادەوە (کە لە زانایانی شوێنکەوتووان (**تابعين**)ە)، گێڕاویەتەوە: دەڵێ: ئافرەتێک لەگەڵ کۆیلەکەی خۆیدا جووت بوو بوو، ئەوە بۆ عومەر باس کرا، عومەر خوا لێی ڕازی بێ بانگی کردو لێی پرسی: بۆچی وات کردوە؟ ئافرەتەکە گوتی: پێم وا بووە بۆم حەڵاڵە، لە بەر ئەوە کە بە دەستی منەوەیە (**مُلكُ اليَمين**)ە، کۆیلەی منە، هەر وەک چۆن بۆ پیاو حەڵاڵە، لەگەڵ ئافرەتێک کە کەنیزەکیەتی و بەر دەستیەتی، جووت ببێ، عومەر خوا لێ ڕازی بێ لە بارەی بەردبارانکردنیەوە ڕاوێژی بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، گوتیان: کتێبی خوای مانا کردوە، بەبێ ئەوەی مانا ناڕاستەکەی بێ، (واتە: چەند ئایەتێکی لێکداونەوە بە هەڵە)، بۆیە سزای ڕەجمی لەسەر نیە.

هەڵبەتە دوایی لە تەفسیری سوورەتی (النور)دا باس دەکەم، کە لە ڕاستیی دا سزای بەرد باران کردن (رجم)، یەکێک نیە لەو سزایانەی کە لە ئیسلامدا هەن، بۆ کەسانێک کە زینا دەکەن، بەڵێ لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ بووە، بەڵام لە قورئاندا نیەو، یان بە هۆی قورئانەوە نەسخ بۆتەوە، یان پێغەمبەر ﷺ کە دوایی باسی دەکەین، وەک بۆچوون و ئیجتهادێکی خۆی ئەوەی کردوە، بەڵام دوای دابەزینی سوورەتی (النور)، ئەو حوکمە ئەگەر هەشبووبێ، کە بە تەئکید بووە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، نەسخ بۆتەوە، ئەوە لە شوێنی خۆی باسی دەکەین، خوا پشتیوان بێ.

٧)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی چاودێریی سپاردەکان و پەیمانەکانی خۆیان دەکەن.

سپاردە (**أمانة**) کە بە (**أمانات**) کۆدەبێتەوە، هەر شتێکە بە مرۆڤ بسپێردرێ، یان پێی سپێردرا بێ، کە دەبێ بیپارێزێ، پەیمان (**عَهد**) کە بە (**عهُود**) کۆدەکرێتەوە، ئەویش یانی: بەڵێن و پەیمان، ئنجا بێگومان هەم (**أمانة**)و هەم (**عَهد**) دەگونجێ ماناکەیان فراوان بکرێ و، هەموو ئەوەی کە مرۆڤ لێی داوا دەکرێ،

بیپارێزێ، چ پەیوەندیی بە کاروباری دنیاییەوە هەبێ، چ ئایینی، چ پەیوەندیی بە نێوان خۆی و خواوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە نێوان خۆی و خەڵکەوە هەبێ، دەگونجێ هەمووی بگرێتەوە، بۆ وێنە: ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، هەموویان ئەمانەتن لە لای مرۆڤ، ماڵ و سامانێک کە دێتە دەستی ئەمانەتە، ئەمانەت هەر ئەوە نیە کە خەڵک لە لای مرۆڤی دادەنێ، ماڵ و منداڵەکەی ئەمانەتە لە لای، هاوەڵ و دۆست ئەمانەتە، خزم ئەمانەتە لە ئەستۆیدا، دەبێ بیپارێزێ، کۆمەڵگا ئەمانەتە، دەگونجێ ئاوا مانای ئەمانەت فراوان بکرێ، بە تایبەتی کە خوا ﷻ بە کۆ هێناویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ ﴾، کە ئەمە خوێندنەوەیەکی دیکەشی هەیە: (وَالَّذِينَ هُم لِأَمَانَتِهِم وَعَهدِهِم)، ئنجا ئەگەر ئەمانەت بێ، دیسان ماناکەی گشتیی دەبێ، یانی: هەموو جۆرە سپاردەیەک.

کە دەفەرمووێ: ﴿ رَٰعُونَ ﴾، (الرَّعيُ: مُرَاقَبَةُ الشَّيءِ بِحِفظِهِ مِنَ التَّلاشِي، وَبِإصلاحِ مَا يَفسُدُ مِنهُ)، (رَعي)، بریتیە: لە چاودێریی کردنی شتێک بۆ ئەوەی بیپارێزێ لە لەبەین چوون، یاخود ئەوەی کە لێی لە بەین دەچێ، لێی تێکدەچێ، چاکی بکاو ئاگای لێی بێ و بیپارێزێ.

وشەی (عَهد)یش، چ ئەو پەیمانەی لەگەڵ خوادا هەیە، چ ئەو پەیمانانەی لەگەڵ خەڵکدا هەن، چ ئەو پەیمانەی مرۆڤ لەگەڵ ماڵ و هاوسەریدا هەیەتی، یان ژن لەگەڵ مێردی هەیەتی، چ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی هەیەتی، لەگەڵ دراوسێکان، لەگەڵ خزمان، لەگەڵ کۆمەڵگا، لەگەڵ حوکمڕانانێک کە دادگەرانە حوکم دەکەن، وشەی (عَهد)، ئەو پەیمان و بەڵێنانە هەموویان دەگرێتەوە، کە دەبێ مرۆڤ بیانپارێزێ و ئاگای لێیان بێ و چاودێرییان بکات.

٨)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی پارێزەرن بۆ نوێژەکانیان، یەکێ بۆی هەیە بڵێ: بۆچی پێشێ فەرمووی: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ﴾، لێرەش دەفەرمووێ: ﴿ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴾، لەوێ وشەی (صَلاة) بە تاک هاتوە،

لێرە بە کۆ هاتوەو، هەڵبەتە بە تاکیش هەر خوێنراوەتەوە؟ وەڵام لەوێ باسی نێوەڕۆکی نوێژی کرد، لێرە باسی نوێژ دەکات، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئەوانەی پارێزەری نوێژەکانی خۆیانن، واتە: لە ڕووی ڕواڵەتەوە، نوێژەکانیان دەپارێزن، لە ڕووی دەروون و نێوەڕۆکەوە، نوێژەکانیان دەپارێزن، لە ڕووی لە کاتی خۆ ئەنجامدانیاندا، نوێژەکانیان دەپارێزن، لە ڕووی ئەودوە، کە نوێژەکانیان ئەو شوێنەوارە چاکانەیان تێدا بەدی بێنێ، کە دەبێت لە نوێژکاراندا هەبن، نوێژەکانیان دەپارێزن، لەوە کە خۆیانیان بپارێزن لەو شتانەی کە دەبێ نوێژکاران خۆیان لێ بپارێزن، لەو بارەوە نوێژەکانیان دەپارێزن، کە شتێک نەکەن پێچەوانەی نوێژەکەیان بێ.

ئنجا چونکە (خشوع) لە نوێژدا مانایەکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە، (صلاة)، بۆیە بە تاک هاتوە، بەڵام پارێزگاریی لە نوێژەکان مانایەکی گشتگیرو فراوانی هەیە، بۆیە بە کۆ (صلوات) هاتوە، هەم (خشوع)یش دەگرێتەوە، هەم لایەنی ڕواڵەتیی، هەم لە کاتی خۆ ئەنجام دان، هەم بە شێوەی ڕێک و پێک ئەنجامدان و، هەم دوای نوێژەکەشیان کە شتێک نەکەن، کردەوەیەکیان لێ نەپشکوێتەوە پێچەوانەی نوێژەکەیان بێ، ئەوانە هەموویان دەگرێتەوە.

بۆیەش خوا ﷻ لەوێ وا دەفەرموێ و، لەوێش وا دەفەرموێ.

جێی ڕامانیشە کە خوا ﷻ خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئیمانداراني بە نوێژ دەست پێکردوەو، بە نوێژیش کۆتایی پێهێناون: ﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴿٢﴾﴾، سیفەتی کۆتایشیان ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾، ئەمەش گرنگیی و گەورەیی و پێگەو پلەو پایەی بەرزی نوێژ دیاریی دەکات، لە دینداریی مسوڵماناندا، چ لە دینداریی شەخسییاندا، چ لە دینداریی بە کۆمەڵیاندا، هەر بۆیەش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: **{إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَلاَتُهُ} (أخرجه أحمد: ١٦٩٩٥، وأبو داود: ٨٦٤، وابن ماجه: ١٤٢٦، والدارمي: ١٣٥٥، والحاكم: ٩٦٦)**، واتە: یەکەمین شتێک کە بەندە لێپرسینەوەی لە سەری دەکرێ لە گەڵیدا، لە ڕۆژی قیامەت دا، بریتیە: لە نوێژەکەی.

ئنجا ئەگەر لە نوێژەکەیدا باش بێ، دیارە لە شتەکانی دیکەشدا باش دەبێ، بێگومان هەر کەسێک نوێژ بەرپاکەری باش بێ، بە دڵنیایی نوێژەکەی بۆی دەبێتە قوتابخانەیەک، کە هەموو کردارو هەڵسوکەوتەکانی دیکەشی باش بن.

مەسەلەی سێیەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بڕوادارانی ڕازاوە بەو نۆ (٩) خەسڵەتە: (١- ئیمان، ٢- نوێژ، ٣- خوشوع، ٤- پشت کردنە لەغوو، ٥- زەکات دان، ٦- داوێن پاراستن، ٧-ئەمانەت پارێزیی، ٨- بەڵێنداریی، ٩- پارێزگاریی لە نوێژ)، ئەوانە دەبنە خاوەنی فیردەوس:

وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ١٠ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ١١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ﴾، ئەوانە خۆیان میراتگرانن، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾، ئەوانە ناوی ئاماژە (إسم إشارة)یە، ئەوە دەگەیەنێ کە شایستەی میراتگرییان هەبێ، لە کوێوە هاتوە ئەو شایستەییە؟ لە خۆ ڕازاندنەوەیان بەو نۆ سیفەتانەی پێشووەوە هاتوە، یانی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾، واتە: ئا ئەوانەی خاوەنی ئەو نۆ سیفەتانەن، ئا ئەوانە میراتگرانن.

بۆچی وشەی (میراتگران)یان بۆ بەکارهاتوە؟ (**اسْتُعِيرَ الوِرَاثَةُ لِلإسْتِحقاقِ الثابِتِ لِأَنَّ الإِرْثَ أَقْوَى الأَسْبَابِ لِإسْتِحقاقِ المالِ**)، وشەی (**وِرَاثَة**)، خوازراوەتەوە بۆ بوونە خاوەنێکی چەسپاو، چونکە میراتگرتن بەهێزترین هۆکارەکانی بوونە خاوەنی ماڵ و سامانە، یەکێک بە یەکێک دەڵێ: میراتی دایک و بابی نیە!.

٢)- ﴿ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ ﴾، ئەوانەی فیردەوس بە میرات دەگرن.

کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ ﴾، ﴿ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ ﴾، وەک پێشتریش باسمان کرد، (**البُستانُ الواسِعُ المُشتَمِلُ عَلَى أَنْوَاعِ الثَّمَر**)، بریتیە: لەو باغە فراوانەی کە هەموو جۆرە میوەکانی تێدایە، بەڵام بە پێی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ بۆمان دەردەکەوێ، کە فیردەوس بەرزترین و خۆشترین و چاکترین شوێنی بەهەشتە، (**الفِردَوسُ أَشرَفُ**

أَمَاكِنِ الجَنَّةِ وَأَعلاَهَا)، گرنگترین و بەرزترین و چاکترین شوێنەکانی بەهەشتە، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

{فَإِذا سَأَلتُمُ اللهَ فَسَلُوهُ الفِردَوسَ، فَإِنَّهُ أَوسَطُ الجَنَّةِ وَأَعلَى الجَنَّةِ، وَمِنهُ تَفَجَّرُ أَنهَارُ الجَنَّة} (أخرجه البخاري: ٢٧٩).

واتە: ئەگەر داواتان لە خوا کرد، فیردەوسی لێ داوا بکەن، چونکە باشترین شوێنی بەهەشتەو، بەرزترین شوێنی بەهەشتەو، لەوێوە ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدەقووڵن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی بە قسمەتمان بکات، ئەو باشترین و بەرزترین شوێنەی بەهەشت، لەو بارەوە کە خوا ﷻ تەعبیری: ﴿يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ﴾، فیردەوس بە میرات دەگرن، ئەو تەعبیرەی بەکارهێناوە، ئەو دەقەی سوننەت دێنین کە تیشکمان بۆ دەخاتە سەر ئەو ئایەتە موبارەکەو، ئەوە دەچێتە نێو ئەوەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾النحل، واتە: زیکرمان بۆ لای تۆ دابەزاندوە، تاکو ئەوەی بۆ خەڵک دابەزێنراوە، بۆیان ڕوون بکەیەوە، ئنجا ئەوەی کە پەیوەندیی بە لایەنی کردەییەوە هەیە، پێغەمبەر ﷺ بە کردەوە جێبەجێی بکات و ڕوون بێتەوە: چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ هەندێ شتیش کە خوا بە کورتیی فەرموویەتی، پێغەمبەر ﷺ تیشک بخاتە سەری و ماناکەی ڕۆشنتر بێ، لێرە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە ئێستا دەیهێنین، تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە چۆن و بۆچی بڕواداران بە ﴿ٱلۡوَٰرِثُونَ﴾، میراتگران، وەسفکراون؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

{مَا مِنكُم مِنْ أَحَدٍ إِلَّا لَهُ مَنزِلَانِ، مَنزِلٌ فِي الجَنَّةِ وَمَنزِلٌ فِي النَّارِ، فَإِذَا مَاتَ فَدَخَلَ النَّارَ، وَرِثَ أَهْلُ الجَنَّةِ مَنزِلَهُ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ﴾} (أَخْرَجَهُ ابنُ مَاجَه: ٤٣٤١، قال البوصيري: (٢٦٦/٤): هذا إسناد صحيح على شرط الشيخين، والبيهقي في شعب الإيمان: ٣٧٧، عَن أَبي هُرَيْرَةَ).

واتە: هیچ کام لە ئێوە نیە مەگەر دوو شوێنی هەن، (دوو جێگاو ڕێگای هەن) جێگاو ڕێگاو شوێنێک لە بەهەشت و، جێگاو ڕێگاو شوێنێک لە نێو ئاگری دۆزەخدا، ئنجا کاتێک کە مرۆڤ دەمرێ و دەچێتە نێو دۆزەخ، بەهەشتییەکان ئەو شوێنەی کە لە بەهەشتدا بۆی دانراوە، بە میراتی دەگرن، (لێی بە میرات دەگرن، بۆ وان دەبێ) ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴾، ئا ئەوانە میرات گرانن، واتە: هی خۆیان بۆ خۆیانەو، ئەو شوێنانەی بێبڕوایانیش کە ئەگەر بڕوایان هێنابایە، بۆیان دانرابوون، ئەو شوێنانەش لەوان بە میرات دەگرن.

٣)- ﴿ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، ئا ئەوانە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

ئنجا لە درێژەی فەرموودەکەدا دەفەرموێ: هەروەها بڕوادارانێک کە دەچنە بەهەشت، ئەوانیش دیارە شوێنیان لە دۆزەخیشدا بۆ دانراوە، ئنجا کە شوێنیان لە دۆزەخدا بۆ داندراوە، کاتێک کە ئەوان دەچنە بەهەشت و شوێنی کافرەکانیش بە میرات دەگرن، کافرەکانیش کە دەچنە دۆزەخ، شوێنی خۆیان هی خۆیان و، هی بڕوادارانێکیش کە ئەگەر کافر بووبانایە ئەو شوێنەیان بۆ دادەنرا، لە دۆزەخدا شوێنی ئەوانیش بە میرات دەگرن.

ئنجا لە سوورەتی (التغابن) کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ ۝٩ ﴾، کە لەوێدا ئەگەر ئەمەن باقی بێ پێی گەیشتین، فەرمایشتەکە دێنین، ئەو بابەتە جارێکی دیکە ڕوون دەکەینەوە، واتە: هەر کامێکیان زیان بەوی دیکە دەگەیەنێ و، هەر کامێکیان شتێک کە بۆوی دانراوە، دەبێتە هی وی، بەهەشتییەکان شوێنی بە گریمانە بۆ دانراوی کافرەکان لە بەهەشتدا بە میرات دەگرن و، کافرەکانیش شوێنی بە گریمانە بۆ دانراوی بەهەشتییەکان و ئیمانداران بە میرات دەگرن.

با لە دوو ڕەحمەتەکەی خوا بەهرەمەندبین!

بەڕێزان!

دەمەوێ لە کۆتایی ڕوون کردنەوەو تەفسیرکردنی ئەو یازدە (١١) ئایەتە موبارەکەی سەرەتای سوورەتی (المؤمنون)دا، دڵسۆزانەو بە پەرۆشانە ڕوو بکەمە هەموو لایەک و بڵێم:

بێگومان خوا ﷻ قورئانی دابەزاندوە، بە هەر (١١٤) سوورەتەکەیەوەو، بە هەر (٦٢٣٦) ئایەتەکەوەو، بە هەموو وشەکانیەوە، کە (٧٧٤٣٩) وشەیەو، بە هەموو پیتەکانیەوە، کە (٣٢١١٨٠) پیتە، خوا ئەم قورئانەی دابەزاندوە، ئەگەر ئینسان بیری لێ بکاتەوە، بەڕاستیی کەرەم و لوتف و میهرەبانیی خوا، بەزەیی و پەرۆشی خوا، بۆ مرۆڤەکان سنووری نیە.

وەک پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێک لە جەنگێکدا هاوەڵان لە دەوری بوون، ئافرەتێکی بینی سەراسیمە دەگەڕا، زۆر بە پەرۆشەوە دەچووە ئەملاو دەچووە ئەملا، لە منداڵێکی خۆی دەگەڕا، دوایی کە منداڵەکەی بینی، یەکسەر بە سینگی خۆیەوە گوشی و مەمکی دایەو لە باوەشی گرت، پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵانی بەڕێزی فەرموو: پێتان وایە ئەم ئافرەتە ئێستا ئەو منداڵەی خۆی دەخاتە نێو ئاگر، گوتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، خوا ﷻ بەرانبەر بە بەندەکانی لەو دایکە بەرانبەر بەو منداڵەی بە بەزەییترە[1].

---

(١) [عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَدِمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَبْيٌ فَإِذَا امْرَأَةٌ مِنْ السَّبْيِ قَدْ تَحْلُبُ ثَدْيَهَا تَسْقِي إِذَا وَجَدَتْ صَبِيًّا فِي السَّبْيِ أَخَذَتْهُ فَأَلْصَقَتْهُ بِبَطْنِهَا وَأَرْضَعَتْهُ، فَقَالَ لَنَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَتُرَوْنَ هَذِهِ طَارِحَةً وَلَدَهَا فِي النَّارِ؟ قُلْنَا لَا وَهِيَ تَقْدِرُ عَلَى أَنْ لَا تَطْرَحَهُ، فَقَالَ: لَلَّهُ أَرْحَمُ بِعِبَادِهِ مِنْ هَذِهِ بِوَلَدِهَا] أخرجه البخاري: ٥٩٩٩.

ئنجا ئایا بەزەیی خوا ﷻ لە چیدا بەرجەستە بووە؟ بە پلەی یەکەم لەم قورئانەدا، ئەم فەرمایشتەی خۆی، کە وەک گوتم: (٦٢٣٦) ئایەتەو، هەموو ئەو هەزاران ئایەتە بۆ ئەوەن کە بۆ ئێمە ببنە هیدایەت، بۆ تاک تاکمان و، بۆمان ببنە بەرنامەی ژیان، وەک کۆمەڵ و کۆمەڵگامان، تاکو هەم لە دنیادا ژیانێکی مرۆڤانەی تەندروستی ڕێک و پێک بگوزەرێنین و، بەختەوەر بین لە ژیانی دنیادا، چونکە ئەگەر قورئان پیادە بکرێ و، موسوڵمانان ئایەتەکانی قورئان لە ژیانی خۆیاندا جێبەجێ بکەن، لە هەموو چاکەیەک بەهرەمەند دەبن و لە هەموو خراپەیەک دوور دەبن، دادگەریی دەچەسپێ، زوڵم و ستەم نامێنێ، تەبایی و برایەتیی دەبێ، لێک جیایی و دوژمنکاریی نامێنێ و، مرۆڤەکان هەموو سیفەتە بەرزو پەسندەکانیان دەبن: ڕاستگۆیی، ڕەحم، ئینصاف، خێرخوازیی بۆ یەکدی، خاکیی بوون لەگەڵ یەکدی و، ...هتد، هەروەها لە هەموو سیفەتە خراپەکان دوور دەبن، یەکەمین بەرجەستەکەری ڕەحمەتی خواو میهرەبانیی و بەزەیی خوا بۆ مرۆڤەکان، بریتیە: لە قورئان و، دووەم: پێغەمبەر (محمد) ﷺ کە هەر نازناوی ڕەحمەتی بۆ دانراوە، وەک چۆن خوا ناوی لە قورئان ناوە ڕەحمەت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ ﴾یونس، واتە: ئەی خەڵکینە! لە پەروەردگارتانەوە ئامۆژگارییتان بۆ هاتودو، شیفاو چارەسەر بۆ ئەوەی لە سینەکانتاندا هەیەو، ڕێنمایی و بەزەیی بۆ بڕواداران.

ئنجا وەک چۆن قورئان ڕەحمەتە، پێغەمبەری خواش ﷺ خوا بە ڕەحمەت پێناسەی کردوە: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾الأنبیاء، واتە: تۆمان نەناردوە مەگەر بەزەیی بی بۆ هەموو جیهانییان، نەشیفەرمووە (لِلمُسلِمِین)، تەنیا بۆ موسوڵمانان، بۆ هەموو جیهانییان، بە موسوڵمان و نامسوڵمانەوە، بەڵکو هەندێک لە زانایان دەڵێن: (عَالَمِین) تەنیا مرۆڤەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مرۆڤ و جندو ژیاندارو ڕووەک، بەڵکو هەموو ئەو دروستکراوانەی خوا دروستی کردوون،

بەهۆی پەیامی پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ بەهرەمەند بوون، پەیامی پێغەمبەری خاتەمیش نێوەڕۆکەکەی قورئانە، خۆشی ئەو قورئانەی بەرجەستە کردوەو، جێبەجێی کردوە، بۆیە ئێمە ئەگەر بێت و کەمتەرخەمیی بکەین لەگەڵ قورئانداو لەگەڵ پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ ڕێبازو ڕێیەکەیدا، مانای وایە ئێمە نیعمەتی خوامان نادیدە گرتوەو، ئەو کاتە ئێمە سپڵە دەردەچین بەرانبەر بە خوای خۆمان، کە ئەو هەموو ڕەحم و بەزەیی و شەفەقەتەی بەرانبەر بە ئێمە نواندوە، تاکو ئێمە بەختەوەر بین، دەبێ هەموو لایەک بزانین کە خوا ﷻ لە ئەسڵدا ئێمەی بۆیە دروست نەکردوە سزامان بدات، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا يَفۡعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمۡ إِن شَكَرۡتُمۡ وَءَامَنتُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ١٤٧﴾ النساء، واتە: خوا چی دەکا لە سزادانی ئێوە، ئەگەر ئێوە سوپاس گوزار بن و ئیماندار بن.

یانی: ئەگەر سپڵە نەبن خوا چی داوە لە سزای ئێوە؟ بەڵام ئەوە خۆمانین خۆمان دەخەینە نێو سزاو ئازارەوە، کاتێک کە پشت دەکەینە نیعمەتی خوا، پشت دەکەینە هیدایەتی خوا، ئەوە خۆمانین ئەوە بەسەر خۆمان دێنین، ئەگەرنا خوا ﷻ بەندەکانی خۆی خۆش دەوێن، بە تەنگیانەوەیە، بۆیان بە بەزەییە، لەگەڵیان میهرەبانە، باشترین بەڵگەش ئەم قورئانەیە بەو هەموو سوورەتانەو، بەو هەموو ئایەتە موبارەکانەو، بەو هەموو نێوەڕۆکەوە، کە خێری دنیاو قیامەت دەگرێتە خۆی، پاشان پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ کە هەم قورئانی هێناوە کە ڕەحمەتەو، هەم بۆ خۆشی ڕەحمەت بووە، ئنجا بە ئەندازەی ئەوە کە مرۆڤایەتیی لەگەڵ قورئاندا ئاوێتە دەبێ و، کارلێک دەکات، لەگەڵ ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺو شوێنی دەکەوێ، لە ڕەحمەتی خوا نیزیک دەبێ و، بە پێچەوانەوە: بەئەندازەی ئەوە کە مرۆڤایەتیی مسوڵمانان و ناموسوڵمانان، پشت دەکەنە قورئان و، پشت دەکەنە ڕێبازەکەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، لە ڕەحمەت دوور دەکەونەوەو تووشی زەحمەت دەبن، تووشی بەڵاو گرفتاریی دەبن، وەک ئێستا

دەیبینین، مرۆڤایەتیی چۆن گرفتار بووە، بە دەست دەیان و سەدان کێشەو گرفتاریی و، نەخۆشیی و ناخۆشییەوە، چ لەسەر ئاستی تاکەکان، چ لەسەر ئاستی دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان و، چ لە دەروونی خۆیاندا، چ لە ڕواڵەتیاندا، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتیی ئیمەی مسوڵمان بدات، کە هەرچی زیاتر بەهرەمەند بین لە هەردوو ڕەحمەتەکەی خوا، هەم لە قورئان و، هەم لە پێغەمبەری کۆتایی ﷺو ڕێبازو بەرنامەکەی، کە ڕێبازەکەشی هەر بریتیە لە جێبەجێ کردنی قورئان و، چەسپاندنی قورئان و، پراکتیزە کردنی قورئان، لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا.

سُبْحَانَك اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١٢ - ٢٢)و، لەو یازدە (١١) ئایەتەدا خوای بەرزو مەزن باسی قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤی کردوە، پاشان باسی مردنی و زیندوو کردنەوەی کردوە، هەروەها باسی دروستکردنی حەوت ئاسمانەکان و، چین لەسەر یەک و، دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی بە ئەندازەو، جێگیر کردن و سەقامگیرکردنی ئەو ئاوە لە زەویی دا.

پاشان ڕواندنی باخی خورماو ترێ و میوەجاتی زۆر، بە تایبەت باسی درەختی زەیتوون کراوە، کە لە دەشتی سەیناء دەڕوێ، دوایی باسی ئاژەڵ و، شیری نێو سکی و، سوودی دیکەی زۆری و، بەکارهێنانی (بە تایبەت حوشتر) بۆ بارو سوار، وێڕای کەشتیی لەنێو دەریادا.

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾
ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا
ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ
لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تُبْعَثُونَ ﴿١٦﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ
وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ
بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾ فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا
تَأْكُلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْءَاكِلِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِنَّ لَكُمْ فِى
ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى
ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان

{بە دڵنیایی مرۆڤمان لە پوختەیەک لە قوڕێ دروستکردوە (١٢) دوایی گێڕامان بە نوتفەیەک لە نشینگەیەکی چەسپاوو مەحکەمدا (١٣) دوایی (نوتفەکە) گێڕامان بە خوێنپارەیەک و، (خوێنپارەکە) کردمانە پارچە گۆشتێکی زارجوو ناساو، (پارچە گۆشتەکەش) کردمانە ئێسک و ئێسکەکەشمان بە گۆشت داپۆشی، دوایی لەشێوەی دروستکراوێکی دیکەدا پێمان گەیاند، بەرزیی و پێز بۆ خوای چاکترینی بەدیهێنەران (١٤) ئنجا دوایی ئێوە (ئەی مرۆڤەکان!) بە دڵنیایی دەمرن (١٥) دواییش بە دڵنیایی ڕۆژی هەڵسانەوە زیندوو دەکرێنەوە (بۆ سزاو پاداشت) (١٦) بێگومانیش لە سەرووتانەوە حەوت چینە ئاسمانمان دروستکردوون و، ئێمەش لە دروستکراوی خۆمان بێ ئاگا نین (١٧) لە ئاسمانیشەوە ئاوێکی بە ئەندازەمان دابەزاندوەو، لە زەوییدا سەقامگیرمان کردوەو، بە دڵنیایی ئێمە لەسەر (نەهێشتن و) لابردنیشی بە توانایین (١٨) ئنجا بەو ئاوە چەندان باغی خورماو ترێمان بۆ ئێوە پێگەیاندن، کە زۆر جۆرە میوەیان بۆ ئێوە تێدان و لێیان دەخۆن (١٩) هەروەها درەختێکیشی پێ دەڕوێنین، لە طووری سەیناء دێتە دەرێ، کە ڕۆن و پێخۆری بۆ خۆران لێ بەرهەم دێ (٢٠) هەروەها لە ئاژەڵانیشدا پەند بۆ ئێوە هەیە، کە لەوەی لە سکیان دایە خواردنەوەتان (شیرەکەیانتان) بۆ دەڕەخسێنین و، پێتانی دەنۆشین و، سوود گەلی زۆری تێدان و لێشیان (لە گۆشتەکەیان)، دەخۆن (٢١) هەروەها ئامڕازو هۆکاری بارو سوارتان لەوانیش و لە کەشتییانیش بۆ ڕەخساوە (٢٢)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(سُلَٰلَةٍ): (سَلُّ الشَّيءَ مِنَ الشَّيءِ: نَزَعَهُ، وَقِيلَ لِلوَلَدِ: سَلِيل، والسُّلاَلَةُ: الصَّفو الَّذِي يُسَلُّ مِنَ الأَرض)، (سَلُّ الشَّيءَ مِنَ الشَّيءِ)، لێی دارنی، لێی وەرگرت، بە ڕۆڵەی مرۆڤ دەگوترێ: (سَلِيل)، (فُلان سَلِيلُ فُلاَنٍ)، چونکە لەوەوە هاتووە، لەوەوە وەرگیراوە، لێرەدا وشەی (سُلاَلَة) بریتیە لەو پوختەیەی کە لە زەوی وەردەگیرێ.

(نُّطۡفَةً): (النُّطْفَةُ: المَاءُ الصَّافِي، والماءُ القَلِيْل، يُعَبَّرُ بها عَنْ مَاءِ الرَّجُل)، (نُطْفَة)، بە ئاوێکی بێ خەوش دەگوترێ، هەروەها بە ئاوێکی کەمیش دەگوترێ و، تەعبیریشی پێ دەکرێ لە ئاوی پیاو، (راغب) وایگوتوە، بەڵام من پێم وایە: (نُّطۡفَةً)، بریتیە: لە کۆی ئاوی پیاوو ئافرەت.

(قَرَارٍ مَّكِينٍ): واتە: نشینگەیەکی مەحکەم، (مكين: مُتَمَكِّن)، چەسپاو، (قَرار، مُستَقَرّ)، نشینگە، (وَالإِقرارُ: إِثبَاتُ الشَّيءِ)، (إِقرار)، بریتیە: لە چەسپاندنی شتێک، سەقامگیرکردنی شتێک لە شوێنێکدا.

(عَلَقَةً): پارچە خوێن، (العَلَقُ: التَشَبُّثُ بِالشَّيءِ)، (عَلَقْ)، بریتیە لە دەستگرتن، یان خۆهەڵواسین بە شوێنێکەوە، (وَالعَلَقُ: الدَّمُ الجامِدُ، وَمِنهُ العَلَقَة..)، (عَلَق) بە خوێنی وشک و ڕەق هەڵهاتووش دەگوترێ، یان خوێنێکی پتەو، لەوەوە بە (عَلَقَة)، کە لەدوای (نُّطۡفَةً)، ئەگەر خوا ﷻ بیەوێ ئەو مرۆڤە بە قۆناغەکاندا بڕوات، دەبێتە (عَلَقَة)ە، خوێنپارە لەوەوە بە (عَلَقَة)، گوتراوە: (عَلَقَة)، کە خۆی بە منداڵدانی ئافرەت هەڵدەواسێ.

(مُضۡغَةً): (المُضْغَةُ: القِطْعَةُ مِنَ اللَّحْمِ قَدَرَ مَا يُمضَغُ وَلَم يَنْضَج)، (مُضْغَة)، بریتیە لە پارچە گۆشتێک، بە ئەندازەی ئەوە کە بجووڕێ، زارجوە گۆشت، بەڵام بە مەرجێک نەکوڵابێت، ئنجا پێی دەگوترێ: (مُضْغَة).

(سَبۡعَ طَرَآئِقَ): (طَرَائِقُ: جَمْعُ طَرِيقَة، وَجَمعُ طَرِيق: طُرُق)، وشەی (طَرَائِقْ)، کۆی (طَرِيقَة)یە، بەڵام وشەی (طَرِيق)، یانی: ڕێگا، بە (طُرُق)، کۆ دەکرێتەوە، (سبع طَرائفَ)، بە حەوت چینەکانی ئاسمان دەگوترێ، (أطْبَاقُ السَّمَاء، يُقَالُ لَهَا: طَرَائِق).

(بِٱلدُّهۡنِ): (جَمْعُ الدُّهْنِ: أدْهَان)، (دُهْن)، یانی: ڕۆن، چەوریی بە (أدْهَان) کۆ دەکرێتەوە، چەورییەکان، ڕۆنەکان.

(وَصِبۡغٖ): (الصَّبغُ: مَصْدَرُ صَبَغتُهُ)، وشەی (صِبْغ)، چاوگی (صَبَغتهُ)یە، واتە: بۆیەم کرد، ڕەنگم کرد، (الصُّبْغُ: المَصبُوغُ)، (صِبْغ) بریتییە لە شتی ڕەنگ کراو ﴿ وَصِبۡغٖ لِّلۡأٓكِلِينَ ﴾، (أدمٍ لَهُم)، واتە: پێخۆر، بۆ خۆرەران، ئەوانەی کە دەیخۆن.

(لَعِبۡرَةٗ): (عِبرَة)، یانی: پەند، لەبەر ئەوە لە شتێکەوە دەپەڕیەوە بۆ شتێکی دی، دەڵێ: (العِبْرَةُ: الإعتِبَارُ وَالعِبْرَةُ بِالحَالَةِ الَّتِي يُتَوَصَّلُ بِهَا مِنْ مَعْرِفَةِ المُشَاهَدِ إلى مَا لَيْسَ بِمُشَاهَدٍ)، لەبەر ئەوەی بەهۆی زانینێکەوە، کە دەبینرێ، دەگوازیەوە بۆ شتێکی دیکە کە نابیندرێ، یاخود نازاندرێ، (عِبرَة) بە مانای بەڵگەش دێ، چونکە لەو بەڵگەوە دەپەڕیەوە بۆ بەڵگە لەسەر هێنراوەکە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی لە یازدە (١١) ئایەتی پێشوودا، باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی بڕوادارانی سەرفرازی کرد، کە لە دەرسی پێشوودا باسمان کردن و، شیمان کردنەوە، ئنجا دێتە سەر باسی دروست بوونی مرۆڤ و، قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ، چ ئادەم و حەوواى هاوسەری، صەڵات و سەلامی خوایان لێ بێ، چ وەچەکەیان، دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤمان لە پوختەیەکی وەرگیراو لە قوڕێ، دروستکردوە، ئەمە دەگونجێ مەبەستی دروست بوونی ئادەم بێ، سەلامی خوای لێ بێ، کە ئادەم وەک پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردۆتەوە، جەستەکەی لە هەموو جۆرەکانی گڵی زەوی یان قوڕی زەوی وەرگیراوەو، پوختەیەکی ئەو قوڕە بووە، قوڕیش بریتییە لە (ئاو + گڵ).

دەشگونجێ لێرەدا مەبەست لە ﴿ ٱلۡإِنسَٰنَ ﴾، مرۆڤ بێ بە گشتی، ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴾، واتە: مرۆڤمان بە گشتی لە پوختەیەک کە لە قوڕێ وەرگیراوە، دروستکردوە، چونکە وەک دوایی باسی دەکەین: ئەو نوتفەیەی کە مرۆڤی لێ دروست دەبێ، کە بریتیە: لە کۆبوونەوەی حەیمەنێکی پیاو، لەگەڵ هێلکۆڵەیەکی ئافرەتداو، دوای ئەوەی کە دەپیتێنرێ و لە منداڵدانی دایکدا جێگیر دەبێ، پێی دەگوترێ: ﴿ نُطۡفَةٗ ﴾، ئنجا ئەو نوتفەیەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ قوڕی زەوی، چونکە ئەو نوتفەیەش بێگومان لە خوێنی باب و دایک دروست بووە، خوێنەکەش دیارە لەو خواردن و خواردنەوەی کە خواردوویانە، خواردنەکەش بێگومان یان ڕووەکەو، یان ئاژەڵە، یان ئاوە، هەرچی هەیە هەر دەگەڕێتەوە بۆ زەوی[1].

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾، دوایی ئەو پوختە وەرگیراوەمان لە قوڕ، کردە نوتفەیەک لە نشینگەیەکی مەحکەمدا، ئنجا ئەو پوختە وەرگیراوە، ئاوی ئادەم و حەووا، واتە: تۆو (مني)ی ئادەم و حەووا، بوو بە نوتفەیەک لە نشینگەیەکی مەحکەمدا، ئنجا دوایی لەوێوە شێوەی دروستبوونی مرۆڤان، لەوەوە کە ڕاستەوخۆ لە قوڕی زەوییەوە بێ، کە دروست بوونی ئادەم و حەووایە، گوازرایەوە بۆ جۆرێکی دیکە کە لە ڕێی نوتفەوە بێ، نوتفەیەک کە لە منداڵدانی ئافرەتدا سەقامگیر دەبێ و، گەشە دەکاو پێ دەگات، ئنجا بەو شێوەیە مرۆڤ دروست دەبێ.

﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾، دوایی نوتفەکەمان کرد بە خوێنپارە، ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾، خوێنپارەکەشمان کردە پارچە گۆشتێکی زارجوو ئاسا، ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا ﴾، دوایی پارچە گۆشتە زارجوو ئاسایەکەشمان کردە ئێسقان، گۆڕیمان بۆ ئێسک ﴿ فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ﴾، دواییش ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی، ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ﴾، ئنجا کردمان بە دروستکراوێکی دیکە، گواستمانەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، بە شێوەیەکی دیکە پێمان گەیاند، کە زۆر جیابوو لەوەی پێشێ، کەوا پێدەچێ مەبەست لێرەدا ڕووح بە بەردا کردن بێ.

﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴾، بەرزیی و پێز بۆ خوای باشترینی بەدیهێنەران.

ئنجا خوا ﷻ لە شێوەی نادیارەوە دەیگۆڕێ بۆ شێوەی دواندن، (خِطاب) پێشێ بە شێوەی نادیار خوا فەرمایشتی فەرموو، لە بارەی دروست بوونی مرۆڤەوە، ئەو جارە یەکسەر ڕوو دەکاتە مرۆڤان و دەیاندوێنێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴾، ﴿ ثُمَّ ﴾، لێرەدا دەگونجێ بۆ ئەوەبێ، کە ئەوەش قۆناغێکی دیکەیە، یاخود ﴿ ثُمَّ ﴾، ئەگەر مەبەست پێی کاتیش نەبێ، مەبەست پێی پلە (رتبة)یە، واتە: ئنجا ئێوە ئەی مرۆڤەکان! دوای ئەم ژیانە دەچنە پلەو قۆناغێکی

دیکەوەو بە دڵنیایی دەمرن، ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ تُبْعَثُونَ ﴾، دوای ئەوەش قۆناغێکی دیکەیەو، بە دڵنیایی لە ڕۆژی هەڵسانەوەشدا ئێوە زیندوو دەکرێنەوە.

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ ﴾، بە دڵنیایی لە سەرووتانەوە حەوت چینمان دروست کردوون، واتە: حەوت ئاسمان، ﴿ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَـٰفِلِينَ ﴾، ئێمەش لە دروستکراوی خۆمان بێئاگا نین، بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی نەڕەستۆو فەلسەفەی یۆنانیی بە گشتیی، ئەوانەیان کە خواناس بوون، پێیان وابووە، خوا ﷻ گەردوونی دروست کردوەو وەک سەعاتێک قوڕمیشی کردوەو لێیگەڕاوە، پێیان وابووە، خوا لەوە بەرزو مەزنترە بیر لە وردەکارییەکان بکاتەوە، یاخود سەرگەرمی وردە نیشەکان بێ، ئەو وردە نیشانەی بۆ مرۆڤان، یان بۆ فریشتان بەجێ هێشتوون! هەر بۆیە لە فەلسەفەی یۆنانییدا هەیە، کە هەندێک لە فەیلەسووفە مسوڵمانەکانیش پێی کار تێکراو (متأثر) بوون، هەندێکیان پێیان وابووە، کە زانیاریی خوا، پەیوەست نابێ بە وردە شتەکانەوە، (عِلمُ اللهِ لا يَتَعلَّقُ بالجُزئِيات)!، کە بێگومان ئەوە بیرو بۆچوونێکی ئەفسانەییەو، دوورە لە پایەی بەرزی خوا، کە ناگای لە دروستکراوەکانی خۆی نەبێ، بە وردو درشتەوە.

﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّـٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەروەها لە سەرووتانەوە بە ئەندازە ئاومان ناردۆتە خوارو، لە زەویی دا نیشتەجێمان کردوە، سەقامگیرمان کردوە، ئینسان ئەگەر بیر بکاتەوە: ئەوەندە بارانەی کە دەبارێ، ئەگەر خوا ﷻ بە ئەندازە نەیبارێنێ، کارەسات دەقەومێ، بۆ وێنە: ئەمساڵ کە لەم وڵاتی ئێمە، لە هەرێم و لە عێراق و ناوچەکەش، بارانی زۆر باری، لافاوی زۆری لێکەوتەوە، ئنجا تۆ گریمان بکەو دابنێ، لە جیاتی ئەوەندەی باریوە، دوو ئەوەندە، سێ ئەوەندە ببارێ! دەبێ دنیا چی لێبێ؟ بۆیە خوا دەفەرموێ: بە ئەندازە لە سەرێوە ئاومان دابەزاندوە، وشەی ﴿ مِنَ ٱلسَّمَآءِ ﴾، یانی: لەسەرێوە، ﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾، بە مانای هەوریش هاتوە، بەڵام لێرەدا بە مانای سەرێیە، نەک ئەو حەوت ئاسمانانەی خوا ﷻ باسیان دەکات و، چین لە سەر چین و، تا ئێستاش زانیاریی

شتێکی وایان لە بارەوە نازانێ، ﴿ فَأَسۡكَنَّٰهُ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەو ئاوەمان لە زەویی دا نیشتەجێ کردوە، سەقامگیرمان کردوە، ئەویش دیسان شتێکی یەکجار گەورەو گرنگە: ئەو ئاوە دەگونجا لە زەویی دا نیشتەجێ نەبێ و، بەناخی زەویی دا بچێتە خوار، یان هەمووی ببێتەوە بە هەڵم، بەڵام خوا ﷻ بۆمان عەمبار دەکا، لە خەزێنەو لە عەمبارەکانی نێو زەویی دا، خوا ﷻ ئەو ئاوە شیرین و زوڵاڵە کە لە هەورەکان دێتە خوار، بەشێوەی باران و بەفرو تەرزە، بۆمان عەمبار دەکات، بۆمان هەڵدەگرێ، ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابِۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴾، ئێمە لەسەر لابردنی و نەهێشتنی توانا دارین، بەڵام لامان نەبردوەو، هێشتوومانەتەوە بۆ ئەوەی ژیانی ئێوەی پێ بەڕێوەبچێ، ﴿ فَأَنشَأۡنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَٰبٖ ﴾، بەو ئاوە، کە لە شێوەی باران و بەفرو تەرزەدا هاتۆتە خوار، پێمان پێ گەیاندوە چەند باخێک لە خورماو لە ترێیەکان، هەم لە درەختی خورماو، هەم لە درەختی مێوەکان، ﴿ لَّكُمۡ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴾، بۆ ئێوە لەو باخانەدا (جگە لە خورماو لە ترێ) چەندان میوەی زۆر هەن، لێیان دەخۆن، جارانی دیکەش باسمان کردوە: بۆچی خوا ﷻ بە وشەی (مَاء)، باسی ئەوە دەکات کە لە سەرێ بۆمان دادەبەزێنێ؟ نافەرموێ: (مَطَر) یان (ثَلج) یان (بَرَد)؟ بۆ ئەوەی هەرسێکیان بگرێتەوە، بەڵکو ئاونگ و شەونم و هەڵمیش بگرێتەوە، بەڵام هەر کامیانی هێنابایە، بەس یەکێکیانی دەگرتەوە، بەڵام کە دەفەرموێ: ئاو، واتە: چ لە شێوەی شل دا کە بارانە، چ لە شێوەی لە نێوان شل و ڕەقدا، کە بەفر، (ثَلج)ە، چ لە شێوەی ڕەق و بەستوودا، کە تەرزەیە.

هەروەها خوا ﷻ بە تایبەت باسی دار خورماو دار مێو (ترێ) دەکات، بەڵام دوایی دەفەرموێ: ﴿ لَّكُمۡ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ﴾، ﴿ فِيهَا ﴾، ئەم ڕاناوە دەچێتەوە بۆ ﴿ جَنَّٰتٖ ﴾، واتە: لەو باخانەدا کە بە تایبەت درەختی خورماو درەختی ترێیان تێدایە، زۆر میوەی دیکەشیان تێدایە، بەڵام چونکە بەرزترینی درەختەکان دار خورمایەو، نزمترینیشیان دار مێوە، کە بەزەویدا بڵاو دەبێتەوە،

یان کەپری بۆ دەکەن و، بەرز نابێتەوە، ئنجا ئەوەی لە نێوان ئەو دووانەدا ئەو دار خورما بەرزانەو، ئەو دار مێوە کە بە زەویی دا ڕاخراوە، لە نێوانیاندا جۆرە میوەی دیکەی زۆر هەن!

دوایی بە تایبەت باسی درەختی زەیتوون دەکات، ﴿ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ ﴾، هەروەها بەو ناوە درەختێک پێ دەگەیەنین و دەڕوێنین، کە لە چیای سەیناء دەردەچێ، ﴿ طُورِ سَيْنَآءَ ﴾، ﴿ طُورِ ﴾، یان بە ڕەهایی بەمانای چیایە، یان بە مانای چیایەکی تایبەتە، کە مووسا ﷷ لە سەری گفتوگۆی لەگەڵ خوای پەروەردگاردا کردووە، لە دەشتی (سَیناء)ە، کە هەم بە (سِیناء) خوێندراوەتەوەو هەم ﴿ سَيْنَآءَ ﴾یش، ئەو درەختەش بە زۆریی لەوێ دەڕوێ.

ئنجا خوا ﷻ لە شوێنی دیکە ناوی زەیتوونی هێناوە، بەڵام لێرەدا باسی ناکات، بەس دەفەرموێ: درەختێک لەوێ دەڕوێ، کە وا پێدەچێ مەڵبەندو چاوگی بنەڕەتیی درەختی زەیتوون، ئەوێ بووبێ، ناوچەی شام ﴿ تَنبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْـَٔاكِلِينَ ﴾، کە ئەو درەختەش کە دەڕوێ، هەم ڕۆنی تێدایە، هەم پێخۆریش بۆ خۆران، ئەوانەی دەیخۆن، ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَـٰمِ لَعِبْرَةً ﴾(الأنعام)، بەپێی ڕایەکی زانایان، ئەو چوارە دەگرێتەوە: (حوشترو ڕەشە وڵاخ و مەڕو بزن)، هەندێکیش دەڵێن: (أنعام) کۆی ئەو ئاژەڵانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لێیان بەهرەمەند دەبن، ئنجا دەفەرموێ: لە ئاژەڵانیشدا بۆ ئێوە پەندێکی گەورە هەیە، ﴿ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهَا ﴾، لەوەی کە لە سکیان دایە، بە ئێوەی دەنۆشێنین، واتە: ماددەیەکی خواردنەوەی بۆ ئێوە لێ دەڕەخسێنین کە مەبەست پێی شیرە، دوایی ئەو شیرە دەکرێتە ماست و، ماستەکە دەکرێتە ماستاوو، دەکرێتە دۆو، ڕۆن و ژاژو پەنیرو کەشك و زۆر شتی دیکەی لێ دروست دەکرێ، ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ كَثِيرَةٌ ﴾، هەروەها بۆ ئێوە لەو ئاژەڵانەدا، سوودگەلی زۆر هەن، ﴿ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، لێشیان دەخۆن، لە گۆشتەکەیان دەخۆن، ﴿ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾، هەروەها ئێوە لەسەر ئەو ئاژەڵانەو لەسەر کەشتییەکانیش هەڵدەگیرێن، واتە: بۆ بارو سواریش بەکاریان دێنن!

ئنجا بەپێی ﴿ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴾، وا پێدەچێ وشەی (أنعام) چەمک و واتاکەی گشتیتر بێ، لەوەی تەنیا ئەو چوارە بگرێتەوە: (حوشرو ڕەشە وڵاخ و (گاو مانگاو گامێش و کەڵ)و، مەڕ بەنێرو مێیەوە، بەران و، مەڕ، هەروەها بزن، بزن و نێری)، وا پێدەچێ، چونکە حوشتر بەڵێ بۆ بارو سوار بەکاردێ، بەڵام گاو مانگا بە دەگمەن و، مەڕو بزنیش هەر بەکارنایەن، بۆیە وا پێدەچێ (أنعام) ئێسترو ئەسپ و کەرو ماین و بارگین، هەموویان بگرێتەوە.

کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ ژمارەیەک لە نازو نیعمەتەکانی خۆی، چاکەکانی خۆی، بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو، تاکو ئێمە لەمیانی ئەو چاکەو نیعمەتانەی خوای پەروەردگاردا، زیاتر ناشنابین بە خوای پەروەردگارمان و، بە ناوو سیفەتە بەرزەکانی و، بە میهرەبانییەکەی و، بە زانستەکەی و، بە دەستەڵاتەکەی.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی دروستکردنی مرۆڤ بە حەوت قۆناغ:

١- پوختەیەک لە قوڕێ.

٢- نوتفە.

٣- خوێنپارە.

٤- زارجووە گۆشت.

٥- ئێسک.

٦- داپۆشرانی ئێسک بە گۆشت.

٧- پێکهاتنێکی دیکە، ڕووح بەبەردا کردن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ (١٢) ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ (١٣) ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةٗ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمٗا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ (١٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤمان لە پوختەیەک لە قوڕێ دروست کردوە، وشەی ﴿ سُلَٰلَةٖ ﴾، بە چەند واتایەک بەکارهاتوە، وەک:

(إعجازُ القُرءان فِيما تُخفيهِ الأَرحام)ی، (كريم نَجِيبُ الأَغَر)⁽¹⁾، گوتوویەتی: بەلای کەمەوە شەش واتای هەن: ١- بە مانای ئاوی کەم دێ. ٢- بە مانای ماسییەکی درێژ دێ. ٣- بە مانای وەرگرتنی شتێک لە شتێک بە نەرمیی دێ. ٤- بە مانای دەرچوون لە قەڵەباڵغیی دێ. ٥- بە مانای دەرچوون لە شوێنی تەنگەبەرو تەسک دێ. ٦- بە مانای ڕۆیشتنی خێراش دێ.

ئەم شەش سیفەتەش هەموویان بەسەر ئەو نوتفەیەدا دەچەسپن، کە بریتیە: لە کۆی مەنیی پیاوو مەنیی ئافرەت، دوای ئەوەی کە لە منداڵدانی ئافرەتدا جێگیر دەبێ، وەک پێشتر باسمان کرد.

دەشگونجێ لێرەدا مەبەست لە ﴿ سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴾: دروست بوونی ئادەم ﷺ بێ، کە ئادەمیش لە پوختەیەکی وەرگیراو لە قوڕی زەوی دروست بووە.

دەشگونجێ مەبەست لە ﴿ سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴾: ئەو ماددەیە بێ کە دوایی دەبێتە مەنیی پیاوو مەنیی ئافرەت، کە بێگومان ئەویش هەر لە خوێنەکەیان دروست دەبێ، خوێنەکەشیان لەو خواردنە هەزم کراوەو، خواردنەکەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ زەوی.

٢)- ﴿ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ﴾، ئەمە قۆناغی دووەمە، دوایی کردمان بە نوتفەیەک لە نشینگەیەکی مەحکەمدا، کە بە تەئکید مەبەست لە نوتفە پێکگەیشتنی حەیمەنی پیاو هێلکۆڵەی ئافرەت و پیتێنرانیەتی، پاشان نیشتەجێ بوونیەتی لە نێو منداڵدانی ئافرەتدا.

٣)- ﴿ ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ ﴾، ئەمە قۆناغی سێیەمە، دوایی نوتفەکەمان دروستکرد بە خوێنپارە (عَلَقَة)، واتە: کردمان بە عەلەقە، خوێنپارە، (عَلَقَة)، (ما يَعلَقُ بِالشَيء)، (عَلَقَة) ئەوەیە کە بە شتێکەوە پەیوەست دەبێ و خۆی پێوە هەڵدەواسێ.

---

(١)

٤)- ﴿ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ ﴾، ئەمە قۆناغی چوارەمە، دوایی خوێنپارەکەمان کرد بە پارچە گۆشتێکی زارجوو ئاسا، ﴿ مُضۡغَةٗ ﴾، (ما يُمضَغ)، ئەوەی کە لە زاردا جێگەی ببێتەوە و بجوورێ.

٥)- ﴿ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا ﴾، ئەمە قۆناغی پێنجەمە، دوایی ئەو پارچە گۆشتە زارجوو ئاسایەمان کردە ئێسک، واتە: دەیگۆڕین بۆ ئێسک.

٦)- ﴿ فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ﴾، قۆناغی شەشەم: ئنجا ئەو ئێسکەمان بە گۆشت داپۆشیی، واتە: بە پێست و ماسولکەو گۆشت، ئێسکەکەمان داپۆشی.

٧)- ﴿ ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَ ﴾، ئەمەش قۆناغی حەوتەمە: دوایی پێمان گەیاند بە شێوەی دروستکراوێکی دیکە، کە وا پێدەچێ مەبەست ڕووح بە بەردا کردنی بێ، چونکە مرۆڤ دوای ئەوەی ڕووحی بە بەردا دەکرێ، دەبێتە دروستکراوێکی دیکە، ئەگەرنا پێشێ ژیان (حَیاة)ی هەر تێدایە، بەڵام ڕووح جیایە لە ژیان، ژیان خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ژیانداران و زیندەوەرانە، بەڵام (روح)، بە کوردیی (گیان) تایبەتە بە مرۆڤەوە، بۆیە من پێم ڕاست نیە بگوترێ: گیانداران، واباشە بگوترێ: ژیانداران، خوای بەرزیش، دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ ۝٣٠ ﴾الأنبياء، لە ئاو هەموو شتێکی ژیاندار، هەموو شتێکی زیندوومان دروستکرد، بەڵام ڕووح تایبەتە بە مرۆڤەوەو، لە قورئاندا وشەی ڕووح تەنیا بۆ مرۆڤ بەکار هاتوە، بەڵێ بە مانای وەحیی خواش هاتوەو، بە مانای جیبریلیش هاتوە، بەڵام ڕووح تەنیا بۆ مرۆڤ بەکارهاتوەو، ژیاندارانی دیکە وشەی (حَیاة)یان بۆ بەکارهاتوە، یان (حَيٌّ).

٨)- ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ﴾، بەرزیی و پێز بۆ خوای باشترینی بەدیهێنەران، هەڵبەتە خوا بەس خۆی بەدیهێنەرە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ئەوە تەعبیرێکی زانراوەو، باوە، ئەگەرنا جگە لە خوا هیچ بەدیهێنەری دیکە نین، مەگەر وشەی (خَلق)و (خالِق)، دروستکردن و دروستکەر، چەمکەکەیان گشتییتر بێ، واتە: هەر کەسێک کارێک دەکات، خوا باشترینی ئەو کەسانەیە کە کارێک دەکەن، پێشتریش باسمان کرد کە وشەی ﴿ ثُمَّ ﴾، بۆ قۆناغە سەرەکییەکان بەکارهاتوە، بەڵام وشەی (ف) بۆ قۆناغە خێرایەکان.

ننجا با جارێکی دیکەش سەرنجی نایەتەکان بدەینەوە:

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾، نینسانمان لە پوختەیەک لە قوڕێ، دروستکرد، چ مەبەست پێی ئادەم بێ، چ مەبەست تۆوی هەر کام لە پیاوو نافرەت بێ، ئەوە قۆناغێکە.

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَـٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾، نوتفەش قۆناغێکی دیکەی جیایە لە ئاوی پیاو بە تەنیاو، ئاوی نافرەت بە تەنیا، هیچیان بە تەنیا منداڵیان لێ دروست نابێ، بەڵکو لە هەردووکیان کۆرپەلە دروست دەبێ، بۆیە وشەی ﴿ ثُمَّ ﴾ی بەکار هێناوە، دوایی کردمان بە نوتفەیەک لە نشینگەیەکی مەحکەم و جێگیردا.

﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾، دیسان وشەی ﴿ ثُمَّ ﴾ی بەکارهێناوە، چونکە گۆڕانی نوتفەش بۆ خوێنپارە، ئەویش قۆناغێکی سەرەکییەو گواستنەوەیەکی سەرەکییە، لە قۆناغێکی سەرەتاوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، بەڵام دوایی ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾، (عَلَقَة) خوێنپارەکەمان کردە پارچە گۆشتێکی ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَـٰمًا ﴾، دوایی پارچە گۆشتەکەمان کردە ئێسک، ﴿ فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَـٰمَ لَحْمًا ﴾، دوایی ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی.

ئەو قۆناغانە بەدوای یەکدا دێن، بۆیە پیتی (ف)، کە بۆ بەدوای یەکدا هاتن (تعقیب)ە، بۆیان بەکارهێندراوە، بەڵام دوایی ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَـٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ﴾، دوایی کردمان، پێمانگەیاند بە شێوەی دروستکراوێکی دیکە، کە وا پێدەچێ مەبەست پێی ڕووح بەبەردا کردن بێ، ئەویش قۆناغێکی جیایە، لەوانەی پێشێ.

هەڵبەتە پێشتریش باسمان کرد کە دەفەرموێ: ﴿ خَلْقًا ءَاخَرَ ﴾، مرۆڤ (واتە: کۆرپەلەی مرۆڤ) دوای ئەوەی ڕووحی بەبەردا دەکرێ، دەبێتە مەخلووقێکی دیکە، چونکە پێشتر هەر ژیاندار بووە، بەڵام دواتر کە ڕووحی بەبەردا دەکرێ، دەبێتە نینسان.

کورته باسێک له بارەی
چۆنیەتیی دروست بوونی مرۆڤەوە

بەڕێزان!

کورتە باسێک دەربارەی چۆنیەتی دروست بوونی مرۆڤەوە، دەکەین، لە سێ تەوەردا:

تەوەری یەکەم: دروست بوونی ئادەم ﵇:

تەوەری دووەم: دروستبوونی مرۆڤان.

تەوەری سێیەم: قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤ.

بۆ نووسینی ئەم باسەش بە پلەی یەکەم پشت بە کتێبێک دەبەستم، بە ناوی: (**إعجازُ القُرآن فِيما تُخفِيهِ الأَرحام، وَما جَاءَ فـي عِلمِ الوَراثَةِ وَالرُّضاعَةِ وَبَدءِ الخَلق**)، نووسراوی (**كَريم نَجِيب الأَغَر**)⁽¹⁾.

بەڵام کە پشتی پێ دەبەستم، مانای وا نیە قسەکانی ئەو کت و مت دێنم، بەڵکو لێی بەهرەمەند دەبم و، بێگومان ڕوون کردنەوەو شێوازی دەربڕینی خۆشمی دەخەمە سەرێ.

تەوەری یەکەم: چۆنیەتی دروست بوونی ئادەم ﵇:

ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، خوا ﷻ بە چەند قۆناغێک بۆمان باسی دروست بوونی یەکەمین مرۆڤ دەکات، کە ئادەمە ﵇.

١- جارێ لە سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێ: ﴿...وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ...﴿٣٠﴾﴾، واتە: ئێمە هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاوێ دروست کردوە، کەواتە: ئادەمیش، خاوەنی ژیانەو زیندوویە، ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان ئادەم و هەموو ژیاندارانی دیکەیە، ئەویش دیارە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاو.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: {كُلُّ شَيْءٍ خُلِقَ مِنْ مَاءٍ} **(أخرجه أحمد: ٧٩١٩، الحاكم برقم ٧٢٧٨)، وقال: صحيح الإسناد)**، واتە: هەموو شتێک لە ئاوێ دروست بووە، واتە: هەموو شتێکی زیندووو خاوەن ژیان.

٢- هەروەها خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ٥﴾ الحج، واتە: بە دڵنیایی ئێوەمان لە گڵ دروستکردوە، پێکهاتەی دووەمی مرۆڤ لە ڕووە جەستەییەکەیەوە، لە دوای ئاو بریتیە لە: گڵ.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: {إِنَّ اللهَ خَلَقَ آدَمَ مِن قَبْضَةٍ قَبَضَهَا مِن جَمِيعِ الأَرْضِ} **(أخرجه أحمد: ١٩٦٥٩، وأبو داود: ٤٦٩٣، والترمذي: ٢٩٥٥، وقال: حسن صحيح، والحاكم برقم ٣٠٣٧، وقال: صحيح الإسناد)**، واتە: بە دڵنیایی خوا ئادەمی لە چنگێک کە لە هەموو زەوی وەرگرت، دروستکرد، واتە: ئەو گڵەی کە ئادەمی لێ دروست بووە، لە هەموو زەوی وەرگیراوە.

وەک لە فەرمایشتی دیکەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، هەر بۆیەش، لەبەر ئەوەی کە گڵی زەوی هەم ڕەنگەکانی جیایەو، هەم سروشتەکەی جیایە، بۆیە مرۆڤەکانیش ڕەنگەکانیشیان و سروشت و تەبیعەت و پێکهاتەی باری دەروونیشیان جۆراو جۆرە.

٣- بە تەئکید ئاوو گڵ کە تێکەڵ دەکرێن، شتێکی سێیەمیان لێ پێکدێ، کە پێی دەگوترێ: قوڕ (طِين)، لە سووڕەتی (السجدة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٖ ٧﴾، واتە: خوا سەرەتای مرۆڤی لە قوڕێوە هێناوە، کە بە تەئکید ئینسان لێرەدا مەبەست پێی ئادەمە ﷺ لە ڕووە جەستەییەکەیەوە، بە تەئکید لە قوڕ دروستبووە، قوڕیش بریتیە لە: (گڵ + ئاو)، ئنجا ئایا چ جۆرە قوڕێک بووە؟

أ- لە سووڕەتی (المؤمنون)دا کە ئێستا تەفسیری دەکەین دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ﴾، واتە: مرۆڤمان لە پوختەیەک لە قوڕێ دروستکردوە، نەک لە قوڕێکی ئاسایی، قورەکە پوختەیەک و بووە، گوشراوێکی بووە، ڕاپازێنراوێکی بووە.

ئنجا دوایی خوا ﷻ چەند سیفەتێکی دیکە لەو قوڕە هەڵدەدا.

ب- لە سووڕەتی (الصافات)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا خَلَقۡنَٰهُم مِّن طِينٖ لَّازِبِۭ ١١﴾الصافات، واتە: بە دڵنیایی ئێمە مرۆڤەکانمان دروستکردوون لە قوڕێکی پێکەوە چەسپاو، ﴿لَّازِبِۭ﴾، واتە: (مُلتَصِق)، پێکەوە چەسپاوو چڕو پێکەوە لکاو، کە بە دڵنیایی مەبەست پێی جەستەی ئادەمە ﵇ کە بەو قۆناغانەدا تێپەڕیوە.

ج- هەروەها لە سووڕەتی (الحجر)دا، سیفەتێکی دیکە لەو قوڕە کە ئادەمی لێ دروست بووە، هەڵدەدا، کە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٢٦﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە مرۆڤمان لە قوڕێکی وشک هەڵاتوو، کە ئەویش لە قوڕێکی ڕەشهەڵگەڕاوی بۆنکردوو بوو، واتە: قوڕەکە ڕەشهەڵگەڕاوەو بۆنی کردوە، دوایی وشک بۆتەوە، ئادەم لەوە دروست بووە.

د- لە سووڕەتی (الرحمن)دا سیفەتێکی دیکەی لێ هەڵدەدا، دەفەرموێ: ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ١٤﴾، واتە: خوا مرۆڤی هێناوەتە دی، لە قوڕێکی وشک هەڵاتووی کە دەستی لێ بدەی، یان شتێکی لێ بدەی، زرینگەی دێ، ﴿كَٱلۡفَخَّارِ﴾، وەک گۆزە، (فَخّار)، سواڵەت، خەزەف ئەو قوڕەیە کە گۆزەو دیزەو کووپەو شەربەو ئەوانەی لێ دروست دەکرێن، کە هەر قوڕە، بەڵام بە ئاگر دەسووتێندرێ و وشک دەبێتەوەو سەخت دەبێ، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەو قوڕەی کە ئادەمی لێ دروست بوو، وشک بووەوەو، شێوەی خەزەف (فَخّار)ی هەبوو.

هـ- هەروەها خوا ﷻ لە سووڕەتی (نوح)دا ئاماژە دەکات بە قۆناغێکی دیکەی دروست بوونی ئادەم ﵇، دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ١٧﴾، واتە: خوا ئێوەی لە زەویی دا ڕواندوە بە ڕواندن، کەواتە: ئەمەش دەبێ حاڵەتێک و، قۆناغێک بوو بێ، کە خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا لَكُمۡ لَا تَرۡجُونَ لِلَّهِ وَقَارٗا ١٣ وَقَدۡ خَلَقَكُمۡ أَطۡوَارًا ١٤﴾نوح، بۆچی ڕێزو حورمەتی خوای پەروەردگار وەک پێویست ناگرن، ئێوەی بە چەند قۆناغاندا تێپەڕاندوە، کەواتە کە خوا فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ١٧﴾نوح، خوا ئێوەی لە

زەویی دا ڕواندوە بە ڕواندن، هەر چەندە دەشگونجێ مەبەست پێی چەمکە گشتییەکەی بێ، واتە: وەک چۆن ڕووەکێک لە زەوی دەڕوێ، ئێوەش لە زەویی دا پێگەیشتوون.

بەڵام دەشگونجێ وەک خاوەنی ئەم کتێبە: (**إعجازُ القُرآن فِيما تُخفيهِ الأرحام**)، گوتوویەتی: مەبەست ئەوەبێ کە ئەو جەستەیەی ئادەم، گۆڕانێکی دیکەشی بەسەردا هاتوە، وەک ئەوەی بەسەر ڕووەک دا دێ، لە ئەنجامی تیشکە پێکهاتن (**التَّمثيلُ الضَّوءِ**)دا.

ئەوەی کە لێرەدا پێویستە لێی دڵنیابین ئەوەیە کە دروست بوونی ئادەم ﷺ هیچ کەس نەیبینوەو، هیچ کەس ناشتوانێ بڵێ: شێوازێک یاخود بەرنامەیەکی دیاریکراو هەیە، بۆ دروستبوونی مرۆڤی یەکەم، چونکە ئەوە تایبەتە بە خواوە ﷻ وەک بۆخۆی دەفەرموێ: ﴿ مَّآ أَشۡهَدتُّهُمۡ خَلۡقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَا خَلۡقَ أَنفُسِهِمۡ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلۡمُضِلِّينَ عَضُدٗا ﴿٥١﴾ ﴾الكهف، ئێمە ئەوانمان ئامادەنەکردوە، (یاخود: ئاگادارمان نەکردوون)، کە ئاسمانەکان و زەویمان دروست کردوون و، ئامادەمان نەکردوون و ئاگاداریشمان نەکردوون کاتێ خۆشیانمان دروست کردوەو، من گومڕا کاران و سەر لێ شێوێنان ناکەمە پاڵپشت.

بەڵام ئەوەی دەتوانین ئێمە لێی بکۆڵینەوە، ئەوەیە کە ئەو ماددەیەی ئادەمی لێ دروستبووە ﷺ، سیفەتەکانی ئەو ماددەیەو، پێکهاتەکانی تاکو ببێتە ماددەیەکی زیندوو، ماددەیەک کە لە خانەکان پێک دێ، پاشان ئامادەبێت کە ڕووحی بچێتە نێو، ڕووحی بەبەردابکرێ بە فەرمانی خوای پەروەردگار، بەپێی یاسا گەردوونییەکان کە خوا دایناون، دەگونجێ لەوە بکۆڵینەوە، ئێمە لەم ئایەتانەو لەو چەند فەرموودەیەدا کە ئاماژەمان پێدان، دوو ڕاستیی گەورەو گرنگمان دەست دەکەون:

یەکەم: ئەوە کە ماددەی سەرەکیی، یاخود پێکهاتەی سەرەکیی جەستەی ئادەم بریتی بووە لە ئاو، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾الأنبياء،

هەروەها کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **[كُلُّ شَيءٍ خُلِقَ مِنْ مَاء]، (أخرجه: أحمد: ٧٩١٩، والحاكم: ٧٢٧٨، وصححه)**، واتە: هەموو شتێک لە ئاو دروست بووە، ئەوە شتێکی سەلمێندراوو مسۆگەرەو، لە ڕووی فیسۆلۆجییشەوە، جەستەی هەر مرۆڤێک نەک هەر هی ئادەم، ئێستاش جەستەی هەر مرۆڤێک زۆربەی پێکهاتەکەی ئاوە، سەدا حەفتا (٧٠٪)ی زیاتری.

دووەم: پێکهاتەی دووەمی کە جەستەی ئادەمی لێ پێکهاتوە بریتیە لە: گڵ، کە خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن تُرَابٍ ﴿٥﴾﴾الحج، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: **[إِنَّ اللهَ خَلَقَ آدَمَ مِن قَبْضَةٍ قَبَضَها مِن جَمِيعِ الأَرضِ]**، (**أخرجه: أحمد: ١٩٦٥٩، وأبو داود: ٤٦٩٣، والترمذي: ٢٩٥٥، وقال حسن صحيح**)، کە پێشتریش باسمان کرد، هەڵبەتە کە ئاوو گڵ پێکەوە کۆدەبنەوە، قوڕ دروست دەبێ، ﴿وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾﴾السجدة، پێشتریش باسمان کرد کە ئەو قوڕەیش:

١- چڕ پێکەوە لکاو بووە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴿١١﴾﴾الصافات، (الطبري) گوتوویەتی: (**وَإِنَّمَا وَصَفَهُ جَلَّ ثَنَاؤُهُ باللُّزوبِ، لأَنَّهُ تُرَابٌ مَخْلُوطٌ بِمَاءٍ**)[1]، بۆیە خوا (**جلَّ ثناؤه**) بە وشەی (**لُزوب**) وەسفی کردوە، چونکە گڵێکی تێکەڵکراو بووە بە ئاو، واتە: بۆتە قوڕێکی پێکەوە چەسپاو.

٢- سیفەتێکی دیکەی ئەو قوڕە ئەوە بووە، کە ڕەشهەڵگەڕاو بووەو، بە تەئکید دوای ئەوەی کە قوڕ ماوەیەک دەمێنێتەوە، بە باری ڕەشییدا دەچێ.

٣- هەروەها بۆن کردوو بووە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾﴾الحجر، کە لە (تاج العروس)دا، دەڵێ: (**حَمَأ: الحَمْأَةُ بفتحٍ فسكونٍ: الطِّينُ الأَسوَد المُتَغَيِّر**)، یانی: قوڕێکی ڕەشی گۆڕاوە، هەروەها (القرطبي)یش دەڵێ: (**الحَمَأ: الطِّينُ الأَسْوَدُ المَسنُونُ المُتَغَيِّر**)، (**حَمَأ**)، بریتیە لە قوڕی ڕەشهەڵگەڕاو، ﴿مَّسْنُونٍ﴾یش لە قوڕێکی گۆڕاوە.

---

(١) [illegible]

٤- سیفەتێکی دیکەی کە پێشتریش باسمان کرد، ئەوەیە کە ئەو قوڕە بۆنکردوو بووە، (ابن عباس و مجاهد) خوا لێیان ڕازی بێ، هەردووکیان دەڵێن: (**الحَمَأُ المَسنُون هُوَ المُنْتن**)، قوڕی ڕەشهەڵگەڕاو بریتیە: لە قوڕێکی بۆنکردو، لە (**لسان العرب**)دا دەڵێ: (**المَسنُونُ: المُنتن**)، واتە: بۆنکردوو.

٥- سیفەتێکی دیکەی ئەو قوڕە ئەوە بووە کە نەرم بووە، بە شێوەیەک کە بگونجێ هەر شێوەو دیمەنێکی لێ دروست بکرێ و، بگونجێ کە لە هەر شێوەیەکدا بجەستێنرێ و، پەیکەردار بکرێ، لە (لسان العرب)دا، دەڵێ: (**المَسنُون: المَصقُول**)، واتە: لووس کراو، یاخود ڕنراو، یان شێوەی پەیکەرێکی وەرگرتبێ، ئەمە بە کورتیی شێوەو حاڵەتی دروست بوونی یەکەمین مرۆڤە کە ئادەمە ﵇.

ماوەتەوە ئاماژە بەوەش بکەین کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ١٧﴾نوح، خوا ئێوەی لە زەوییدا ڕواندوە بە ڕواندن، کە هەندێ لە تەفسیرەکان بۆ وێنە (**صفوة التفاسیر**) دەڵێ: (**أَنشَأَكُم مِنَ الأَرْضِ كَمَا يَخرُجُ النُباتُ**)، لە زەویی دا ئێوەی پێ گەیاندوە، وەک چۆن ڕووەک لە زەویی دێتە دەرێ، (**أَي: أَنبَتَكُم مِنَ الأَرضِ بِالطَرِيقَةِ الْتي اتُبِعَتْ لِإنباتِ النُبات**)، واتە: لە زەوییدا ڕواندوونی، بە هەمان شێوەی کە ڕەچاوکراوە بە ڕواندنی ڕووەک.

ئینجا ئەمە ڕەنگە ئاماژەبێ بەوە کە وەک ڕووەک لە ئەنجامی تیشکە پێکهاتندا پێ دەگات، دەگونجێ ئەو جەستەیەی ئادەمیشی لێ دروستبووە سەلامی خوای لێ بێ، ئەو قۆناغەشی بینیبێ کە حاڵەتی تیشکە پێکهاتن، وەک لە ڕووەکدا هەیە، لەویش دا بووبێ، وەک ئەو ئایەتە ئاماژەی پێ دەکات، ئەمە تەوەری یەکەم بوو دەربارەی چۆنیەتی دروست بوونی یەکەم مرۆڤ، کە ئادەمە ﵇.

تەوەری دووەم: دروستبوونی مرۆڤان:

پێشتر لە کۆمەڵگای یۆنان و هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی دیکەدا کە لەسەر زەوی ژیاون، هەتا سەدەی هەژدەیەم، دەوری ساڵی (١٧٧٥)ی زاینی، کە زانای ناودار: سپالانزانیی (spallanzani) ئیسپاتی کرد کە هەر کام لە حەیمەن (حیمن) و هێلکۆڵە (بُویضَة)، ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی کۆرپەدا، پێشتر سێ ڕا هەبوون لەو بارەوە:

١- تەنها خوێنی حەیز دەبێتە هۆی دروستبوونی مرۆڤ (کۆرپەلە).

٢- تەنها تۆوی پیاو دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆرپەلە.

٣- تەنیا ئاوی ئافرەت، هێلکۆڵەی ئافرەت دەبێتە هۆی دروستبوونی مرۆڤ.

بەڵام دوایی ئەو زانایە لە ساڵی (١٧٧٥ز)دا، ئیسپاتی کرد کە کۆرپەلە (جنین) لە ئنجامی بەیەکگەیشتنی مەنیی پیاوو مەنیی ئافرەتدا دروست دەبێ، هەڵبەتە ئێستا ئاشکرایە کە کۆرپەلە لە تۆو (مني)ی، (تۆوی) هەر کام لە پیاوو ئافرەت، دروست دەبێ، نەک لە هەموو ئاوەکەشیان هەمووی پێکەوە کۆبێتەوە بەڵکو لە بەشێکی، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مَا مِنْ كُلِّ الْمَاءِ يَكُونُ الْوَلَدُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ خَلْقَ شَيْءٍ لَمْ يَمْنَعْهُ شَيءٌ} (رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ١٤٣٨)، واتە: لە هەموو ئاوەکە مرۆڤ دروست نابێ، (بەڵکو لە بەشێکی) و هەر کاتیش خوا هەر شتێکی ویست هیچ شتێک نابێتە ڕێگری.

ئنجا ئێستا زانست دەری خستوە کە لە ئەنجامی ئەوەدا: زیندەوەری تۆوی (الحَيوانُ المَنَوي)، کە کورتەکەی دەبێتە (حیمن)، لەگەڵ هێلکۆڵە (بُویضَة)ەی نێو ئاوی ئافرەت، ئەو دووانە، حەیمەنێک لەگەڵ هێلکۆڵەدا یەکدەگرن، نوتفەیان لێ پێکدێ، کە دوایی باسی هەر کام لەو سێیانە دەکەین و، چەند زانیارییەک لە بارەی هەر یەک لە حەیمەن و، هێلکۆڵەو، نوتفەوە، دەخەینە ڕوو.

بەڵێ لە ئەنجامی یەکگرتنی حەیمەن و هێلکۆڵەدا، نوتفە دروست دەبێ و، دوایش نوتفەکە دەبێتە عەلەقەو، عەلەقەکەش دەبێتە موضغەو، قۆناغەکانی دیکە دەبڕێ و، ئەگەر خوا ئیزنی لەسەر بێ دەبێتە کۆرپەیەک و، دوایش لە دایک دەبێ، پێویستە بزانین کە ئاوی پیاو لە کاتی ئاو هاتنەوەیدا بە گشتیی، سێ مللیلیترو نیو دەبێ و، (٢/١)٣ملل، کە هەمووی دەوری سێ سەدو پەنجا ملیۆن (٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەیمەنی تێدایە، واتە: لە هەر یەک میللیلیتر سێجا (١ملل٣)دا، سەد ملیۆن (١٠٠,٠٠٠٠٠٠) حەیمەن لەنێو ئاوی پیاودا مەلە ددکەن.

پاشان حەیمەن (**الحيوان منوي**) نێو ئاوی پیاو، قەبارەکەی بریتیە: لە شەش لەسەر سەد میللیمەتر (٦/١٠٠ملم)، واتە: (٦٠) شەست مایکرۆن، کە مایکرۆنێک بریتیە: لە یەک لەسەر هەزاری میللیمەتر (١/١٠٠٠ملم)ێک، ئنجا ئەو حەیمەنە شەست مایکرۆن درێژەو، سەری حەیمەنەکە تەنیا پێنج مایکرۆنەو، ئەوی دیکەی کە (٥٥) مایکرۆنە، جەستەو کلکەکەی پێکدێنێ، ئەوە بە نسبەت حەیمەنەوە.

بە نسبەت هێلکۆڵە (بُويضَة)وە، تیرەکەی بریتیە: لە سێزدە لەسەر سەدی میللیمەتر (١٣/١٠٠)ملم ێک، واتە: زۆر گەورەترە لە حەیمەن و، هەموو ئاوەکەی کە لەگەڵیەتی: (١٠ - ١٥) میللیلیترە.

شایانی باسە هێلکەدان (مَبِيض)ی، ئافرەت، چوار سەد هەزار (٤٠٠،٠٠٠) هێلکۆڵە (بويضة)ی تێدایەو، هەر مانگەی هێلکۆڵەیەک دێتە خوارێ، بەرەو بۆڕی (فالوب)، تاکو حەیمەنێک بیگاتێ و، بیپیتێنێ و پێکەوە ببنە نوتفە، ئنجا ئەگەر نەپیتێنرێ، لەگەڵ خوێنی حەیز دێتە دەرێ، بەڵام لەو چوار سەد هەزار (٤٠٠،٠٠٠) هێلکۆڵەی نێو هێلەکەدانی ئافرەت، تەنیا (٤٠٠ - ٥٠٠)یان بۆ پیتاندن (تلقيح) هەڵدەبژێردرێن و، پێشتریش ژمارەی ئەو هێلکۆڵانە زۆر زیاترە، کاتێک کە کۆرپەلەیەکی مێینە تەمەنی دەبێتە پێنج حەفتە، پێنج ملیۆن (٥،٠٠٠،٠٠٠) هێلکۆڵە لە هێلکەدانەکانیدا هەن، بەڵام بەردەوام تاکو دەکەوێتە تەمەنەوە، هێلکۆڵەکان دەمرن و، ژمارەیان کەم دەبێتەوە، تاکو لێیان دەمێنێتەوە چوار

سەد هەزار (٤٠٠،٠٠٠)، لەو چوار سەد هەزارەش بە تەئکید ژمارەیەکی زۆر کەمیان ئەگەر خوا ئیزنی لەسەر بێ، بۆیان ڕێک دەکەوێ، کە هەر کامێکیان لەگەڵ حەیمەنێکی پیاودا یەک بگرێ و بپیتێنرێ و، ببنە نوتفەو، قۆناغەکانی دیکە ببڕن و ببنە کۆرپەلە.

ئاوی پیاو دوو جۆرە، لە ڕووی ڕەگەزەوە، جۆرێکیان ئێکس ئێکس (XX)ە، کە ئەوە هەر دەگونجێ مێینە دروست بکات و، جۆرێکیان ئێکس وای (XY)ە کە دەتوانێ نێرینە دروست بکات، بەڵام ئاوی ژن یەک جۆری، تێدایە ئێکس ئێکس (XX)ە.

بۆیە ئەوەی کە بەرپرسیارە لەوەدا کە ئەو کۆرپەلە نێر دەرچێ، یان مێ؟ لە ڕاستیی دا ئاوی پیاوە، چونکە ئاوی ئافرەت تەنیا دەتوانێ مێینە دەربچوێنێ، بەڵام ئاوی پیاو ئەگەر لە جۆری (XX) بێ، ئەوە لەگەڵ هی ئافرەتدا کە هەر (XX)ە، مێ دەردەچێ، بەڵام ئەگەر لە جۆری (XY) بێ، نێر دەردەچێ، کەواتە: نێر بوونی کۆرپەلە، هۆکارەکەی ئاوی پیاوە، ئەگەرنا ئاوی ئافرەت تەنیا دەتوانێ مێ دەربچوێنێ.

ئنجا با دەربارەی هەر کام لە هێلکۆڵە (هێلکۆڵەی نێو ئاوی ئافرەت)، (بُويضَة)و حەیمەنی نێو ئاوی پیاو (حیمن)، پاشان هێلکۆڵەی پیتێنراو یان هێلکۆڵەو حەیمەنی یەکگرتوو کە پێی دەگوترێ: نوتفە (نطفة)، لە بارەی ئەو سێیانەوە، هەندێک زانیاریی خێرا بە ئەندازەی ئەوە کە دەگونجێ لەگەڵ ئەم دەرسی تەفسیرەدا، بخەینە ڕوو:

١) هێلکۆڵە (بُويضَة):

هێلکۆڵە کە وەک باسمان کرد لە هێلکەدانی ئافرەت دایەو، هەموو مانگان هێلکۆڵەیەک دێتە خوار، ئنجا ئەگەر حەیوانێکی مەنەویی (حیمن)ی لێ هەڵکەوت، دەگونجێ کە بپیتێندرێ و، بە هەردووکیان نوتفە (نطفة)، پێک بێنن، ئەگەرنا

لەگەڵ خوێنی حەیز دێتە دەرێ، بۆیەش ئافرەت کە حەیزی پێداهات، مانای وایە تۆڵدار (حامل) نیە، ئەگەر دوو گیان بێ، خوێنە حەیزەکە نایەتە خوار.

هێلکۆڵەکانی نێو هێلکەدانی ئافرەت، هەر لە حەفتەی پێنجەمیەوە پێنج ملیۆن (٥،٠٠٠،٠٠٠) هێلکۆڵە بە هاوکۆیی (معدّل)ی لە نێو هێلکەدانی ئەو کۆرپەلەدا کە دوایی دەبێتە کچ هەن و، لەوێدا هەڵگیراون و، بێگومان ئەو هێلکۆڵەیە وەک خاڵێکی زۆر بچووکەو، ئەو هێلکۆڵەیە وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ (٦) يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ (٧) ﴾الطارق، حاڵەتێکی دەرقوڵیوی هەیە، بۆ خۆی دەڕوات و تەکان دەداتە خۆی کە ئەوە بە نسبەت ئاوی پیاویشەوەدو، بە نسبەت ئاوی ئافرەتیشەوە هەر وایە، کە کارگەی ئەو ئاوەش لە ئێسقانەکانی پشت و سینگ دایە، لەو نێوەندەدا هەم تۆوی پیاو، هەم تۆوی ئافرەت دروست دەبێ و، ئاوی ئافرەت شل و چڕییەکەی کەمەو، ڕەنگەکەی زەردەو، بەخێرایی دەڕواو، هێلکۆڵەی ئافرەت لە حەیمەن زۆر گەورەترەو، هێلکۆڵەی ئافرەت جینەکانی تێدان، کە سیفەتەکانی باب و دایک بۆ کورپەلە دەگوازنەوە، سیفەتەکانی دایک و باب، تاکو دەگاتەوە ئادەم و حەووا.

٢)- حەیمەن

واتە: ئەو زیندەوەرە بچووکەیە لە نێو ئاوی پیاودا هەیە، حەیمەنەکان لە قۆناغێکی زۆر زوودا دروست دەبن، کۆرپەلە کە جارێ هەر لە سکی دایکی دایە، زۆر بە گچکەیی و لە قۆناغی سەرەتاوە دروست دەبن و، لەوێدا هەڵدەگیرێن، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ (٩٨) ﴾الأنعام، واتە: ئەو (خوا) کەسێکە کە لە یەک نەفس پێیگەیاندوون لە نشینگەو عەمباردا (هەڵدەگیرێن)... (مُستَودَع)، یانی: شوێنێک کە شتی تێدا هەڵدەگیرێ و، عەمبار دەکرێ، حەیمەنی پیاویش زۆر بچووکە، زۆر بچووکترە لە هێلکۆڵەی ئافرەت و، ئاوی پیاویش کە حەیمەنەکانی

تێدان، زۆر بە خێرایی دەردەقوڵێ، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾ ﴾الطارق، پاشان ئەو حەیمەنە لەنێو ئاوی پیاودا، کە ئاوی پیاو هەمووی لە (حَیامِین) پێک دێ، بەڵام یەکێکیان ئەوەی خوا نیزنی لەسەر بێ، خۆی دەگەیەنێتە هێلکۆڵەو دەچێتە نێوی و، دەیپیتێنێ، دیارە ئاوی پیاو ڕەنگەکەی سپییەو چڕترەو، حەیمەن شێوەی ماسییەکی درێژی هەیەو، وەک لە نێوقەڵەباڵغیدا بڕوا، چونکە بە ملیۆنان حەیمەن حەرەکەت دەکەن بەرەو ئەو هێلکۆڵەیە، دیارە یەکێکیان پێی دەگات و، بە شوێنی تەنگەبەردا دەڕوا، کە بریتیە لە دەروازەی منداڵدان و، بەخێرایی دەڕواو، ئەرکیشی ئەوەیە کە ئەو هێلکۆڵەیە بپیتێنێ و حەیمەن جیناتی تێدا هەن، واتە: ئەو سیفەتانەی کە دەبێ لە دایک و بابەوە بیانگوازێتەوە بۆ ڕۆڵە و، هۆکاری نێر بوون و مێ بوونی کۆرپەلە، ئەو حەیمەنانەی پیاون، وەک پێشتریش باسمان کرد.

٣)- نوتفە

نوتفە، واتە: هێلکۆڵەی پیتێنراو (البُوَیضَة المُلَقَّحَة)، لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنی حەیوانێکی مەنەویی لەگەڵ هێلکۆڵەیەکدا، حاڵەتێکی سێیەم پێکدێ، کە پێی دەگوترێ: نوتفە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ ﴿٢﴾ ﴾الإنسان، واتە: ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەیەکی تێکەڵ، (تێکەڵ و ئاوێتە لە حەیمەنی پیاوو هێلکۆڵەی ئافرەت، دروستکردوە).

شایانی باسە: ئەو هێلکۆڵەی ئافرەت لەگەڵ ئەو حەیمەنەی پیاودا، لە دەرەوەی منداڵداندا پێکدەگەن و دەپیتێنرێن و، دوایی دەچێتە نێو منداڵدان، دەگونجێ حەیمەنی پیاو هەرچی سیفەتە لە پیاوەکەوە، لە باب و دایکیەوە تاکو دەگاتەوە ئادەم و حەووا، هەروەها هێلکۆڵەکەی ئافرەت هەرچی سیفەتی ئافرەتەکە، هەروەها باب و دایکیەتی، تاکو دەگاتەوە ئادەم و حەووا بیهێنن، بۆیە جاری وا هەیە منداڵی مرۆڤ دەچێتەوە سەر مامان، یان دەچێتەوە سەر

خاڵان، بە واتایەکی دیکە، دەچێتە سەر بەرەی بابی، یان بەرەی دایکی، بەڵکو جاری واش هەیە، وەک هیچ کام لە باب و دایکی ناچێ، یاخود بە بەرەی دایکی و بەرەی بابی ناچێ، بۆچی؟ چونکە دەگونجێ تاکو دەگاتەوە ئادەم و حەووا، بە هەر کەسێک بچێ.

ئنجا دوایی ئەو نوتفەیە کە خوا ﷻ بە تەعبیری ﴿نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ ۝٢﴾الإنسان، واتە: نوتفەیەکی تێکەڵ، ناوێتە، ناوی بردوە، لەنێو منداڵداندا جێگیر دەبێ و، خۆی بە دیواری منداڵدان هەڵدەواسێ و، لەوێدا پێدەگات، ئەگەر خوا مۆڵەتی لەسەربێ، لەوێدا قۆناغەکان دەبڕێ، لە حاڵەتی نوتفەوە دەگۆڕێ بۆ خوێنپارە (علقة)، پاشان لە خوێنپارەوە (علقة)ەوە دەگۆڕێ بۆ زارچووە گۆشت (مضغة)و دوایش دەبێتە ئێسک (عظام)، دوایی ئێسکەکە بە گۆشت دادەپۆشرێ، ﴿فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا﴾، دوایش قۆناغێکی دیکەی پێگەیاندنی بۆ دێتە پێش، کە بریتیە: لە ڕووح بەبەردا کردن، ﴿ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَ﴾.

تەوەری سێیەم: قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ[1]:

سەرەتا پێویستە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ بێنین، پێغەمبەر ﷺ لە درێژەی فەرموودەیەکدا دەفەرموێ:

{وَإِذَا كَانَ اليَوْمُ السَّابِعِ جَمَعَهُ اللهُ، ثُمَّ أَحضَرَ لَهُ كُلَّ عِرقٍ بَيْنَهُ وَبَيْنَ آدَمَ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾الانفطار} (أخرجه: الطبراني في الكبير: ٦٤٤، وفي الأوسط: ١٦١٣، وفي الصغير: ١٠٦، قال الهيثمي (١٣٤/٧): رجاله ثقات، وأخرجه أيْضاً: الديلمي: ٩٥٨).

واتە: دوای ئەوەی نوتفە دەگاتە ڕۆژی حەوتەمی، خوا کۆی دەکاتەوە، دوای هەر دەمارێک لەنێوان ئەوو ئادەمدا، هەمووی بۆ ئامادە دەکات، (واتە: دەگونجێ هەتا دەگاتەوە ئادەم، هەروەها لەولاش تا دەگاتەوە حەووا، بەهەر کەسێک بچێ و، سیفەتی هەر کامێک لەوانە بەدەست بێنێ)، دوایی پێغەمبەر ﷺ ئەوەی خوێندەوە: ﴿ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾الانفطار، لە هەر وێنەیەکدا کە خوا بیەوێ، تۆی پێک هێناوە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکی دیکەدا، دیسان ئاماژە دەکات بەو قۆناغانە بە گشتیی، دەفەرموێ: **{إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ} (أخرجه أحمد: ٣٦٢٤، والبخاري: ٣٠٣٦، ومسلم: ٣٦٤٣، وأبو داود: ٤٧٠٨، والترمذي: ٢١٣٧، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٧٦)**، واتە: یەکێک لە ئێوە دروستکرانی لە سکی دایکی دا لە ماوەی چل (٤٠) ڕۆژاندا کۆدەکرێتەوە، دوایی لە وێنەی ئەو ماوەیەدا دەبێتە عەلەقە، دوایی لە وێنەی ئەوەدا دەبێتە موضغە.

---

[1] [illegible]

مەبەست ئەوە نیە کە چل (٤٠) ڕۆژ نوتفە بێ و، چل ڕۆژ عەلەقە بێ و، چل ڕۆژ موضغە بێ، بەڵکو یانی: لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا ئەو قۆناغانە دەبڕێ، قۆناغەکانی: (نوتفەو عەلەقەو موضغە).

ئێستا با تەماشا بکەین خاوەنی ئەو کتێبە، دەڵێ: دروستبوونی مرۆڤ بە چوار قۆناغی سەرەکییدا دەڕوات، ئەو چوار قۆناغەش، هەر کامێکیان بۆ چەند وردە قۆناغێک دابەش دەبێ:

قۆناغی سەرەکیی یەکەم: دوازدە (١٢) وردە قۆناغە، پێش ڕۆژی حەوتەم، واتە: پێش ئەوەی ئەو نوتفەیە حەوت ڕۆژی بەسەردا تێپەڕن لەنێو منداڵداندا، هەروەها لە دەرەوەی منداڵدان، دوایی دەچێتە نێو منداڵدان، دوازدە وردە قۆناغان دەبڕێ.

قۆناغی سەرەکیی دووەم: ئەویش لە ڕۆژی حەوتەمەوە تاکو ڕۆژی چلەمین، سێ وردە قۆناغی دیکەش دەبڕێ.

قۆناغی سەرەکیی سێیەم: ئەویش لە نێوان چلەمین ڕۆژ تاکو چوار مانگ و دە (١٠) ڕۆژ، چوار وردە قۆناغی دیکە دەبڕێ.

قۆناغی سەرەکیی چوارەم: لە چوار مانگ و دە (١٠) ڕۆژ، تاکو لە دایک بوون، سێ وردە قۆناغی دیکەش دەبڕێ.

هەڵبەتە ئەو هەر بیست و دوو (٢٢) قۆناغەکەی پێکەوە هێناون، واتە: چوار قۆناغە سەرەکییەکە کە دوایی دابەش دەبنەوە، یەکیان بۆ دوازدەو، یەکیان بۆ سێ و، یەکیان بۆ چوارو، ئەوی دیکە بۆ سێ، ئەو هەمووی بە یەکەوە هێناون، (١٢ + ٣ + ٤ + ٣ = ٢٢).

قۆناغی یەکەم: بریتیە لە دەرچوونی پێکهێنەرەکانی ئاو، چ ئاوی پیاو، چ ئاوی ئافرەت، چ تۆوی پیاو، چ تۆوی ئافرەت، ئەمە قۆناغی یەکەمە کە دەتوانین لەم

ئایەتە قورئانییە هەڵیبهێنجین، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ٥ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ٦ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ٧ ﴾الطارق، با مرۆڤ سەرنج بدات لەچی دروست بووە!، لە ئاوێکی دەرقوڵیو دروست بووە، کە لە نێوان پشت و سینگ، (یان: ئێسکەکانی پشت و سینگ) دێتە دەرێ، ئەمە قۆناغی سەرەتایی کە ماددەی تۆوی پیاوو، ماددەی تۆوی ئافرەت کارگەکەیان لەو ئێسکانەدایە، کە دەکەونە نێوان پشت و سینگەوە.

قۆناغی دووەم: دروست بوونی حەیمەنەکانی پیاوو، هێلکۆڵەکانی ئافرەت لە قۆناغێکی زووداو، هەرکامێکیان ئەو سیفەتانەی کە لەو مرۆڤەدا هەن، ئەویش بە ڕەچەڵەکی خۆی دا دەڕوا، هەر کامێکیان ئەو سیفەتانە وەردەگرێ، ئەمیش لەم ئایەتە موبارەکەی ژمارە (٩٨)ی سوورەتی (الأنعام)، وەردەگیرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ٩٨ ﴾، واتە: خوا ئێوەی لە یەک نەفس پێکەیاندوە، (کە ئادەمە ﷺ): ﴿ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ﴾، ئنجا ئەو نوتفانە کە لە ئادەم و حەوواوە هاتوون، هەم شوێنێکیان هەبووە تێیدا نیشتەجێ بن، کە منداڵدانەکانن، هەم ﴿ وَمُسْتَوْدَعٌ ﴾، شوێنێکیان هەبووە کە تێیدا هەڵبگیرێن، (کە ئێسکەکانی پشت و سینگی پیاوو ئافرەتن)، ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ٩٨ ﴾الأنعام، ئاوا ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێک کە ورد تێبگەن، واتە: هەر لەو قۆناغە زووەوە ئەو سیفەتانەی باب و دایکان، لە نێو حەیمەنەکانی پیاوو هێلکۆڵەکانی ئافرەتدا پەیدادەبن، وەک ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێدەکات:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه جَاءَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي فَزَارَةَ إلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: إنَّ امْرَأَتِي وَلَدَتْ غُلَامًا أَسْوَدَ، وإنِّي أنكرتُه قَالَ: هَلْ لَك مِنْ إبِلٍ؟ قَالَ نَعَمْ، قَالَ فَمَا أَلْوَانُهَا؟ قَالَ حُمْرٌ، قَالَ: فِيهَا أَوْرَقُ؟ قَالَ: نعم، قَالَ: فأنىَ هو؟ قَالَ: لعلَّه يا رسول الله يَكُونَ نَزَعَهُ عِرْقٌ له، قَالَ له النبيُّ: وَهَذَا لعلَّهُ يَكُونَ نَزَعَهُ عِرْقٌ لهُ} (أخرجه

مسلم: ٣٨٣٩، زَادَ مُسْلِمٌ فِي رِوَايَةٍ وَهُوَ حِينَئِذٍ يُعَرِّضُ بِأَنْ يَنْفِيَهُ قَالَ: وَزَادَ فِي آخِرِ الْحَدِيثِ قَالَ: وَلَمْ يُرَخِّصْ لَهُ فِي الإِنْتِفَاءِ مِنْهُ).

واتە: ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێک لە هۆزی فەزارە (کەسێکی خێڵەکیی بووە) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: ژنەکەم کوڕێکی ڕەشی بووەو، منیش نکووڵییم لێکردوە (کە لەمن بێ)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: حوشترت هەنە؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: ڕەنگیان چۆنە؟ گوتی: سوورن، فەرمووی: ئایا هیچی سپیان تێدا هەن؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: ئنجا ئەو سپییە چۆن لەو سوورانە پەیدابووە؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! ڕەنگە دەمارێک وەری گرتبێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کوڕەکەی تۆش لەوانەیە دەمارێک بێ، (لە یەکێک لەو باپیرانەو، لە یەکێک لە دایکان، کە تاکو دەچنە سەر ئادەم و حەووا) وەری گرتبێ، لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی نەدا کە نکووڵیی بکات لەو منداڵە.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی دەرقوڵینی ئاو، وەک خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ٧ ﴾الطارق، واتە: (مرۆڤ) لە ئاوێکی دەرقوڵیی و دروست بووە، کە لە نێوان ئێسقانی پشت و سینگ دێتە دەرێ، هەڵبەتە بە نسبەت هەردووکیانەوە، پیاویش و ئافرەتیش، مەڵبەندی دروست بوونی تۆوی پیاوو ئافرەت، ئەو ئێسکانەن کە دەکەونە لای نێوان پشت و سینگ.

قۆناغی چوارەم: زاڵبوونی هەندێک لە تۆوی پیاوو ئافرەت بەسەر یەکدیی دا، کە لە ئەنجامی ئەوەدا نێر دەردەچێ، یان مێ دەردەچێ، وەک لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، دەفەرموێ:

{مَاءُ الرَّجُلِ أَبْيَضُ، وَمَاءُ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ، فَإِذَا اجْتَمَعَا فَعَلاَ مَنِيُّ الرَّجُلِ مَنِيَّ الْمَرْأَةِ، أَذْكَرَا بِإِذْنِ اللَّهِ، وَإِذَا عَلاَ مَنِيُّ الْمَرْأَةِ مَنِيَّ الرَّجُلِ، آنَثَا بِإِذْنِ اللَّهِ} (أخرجه مسلم: ٣١٥، والنسائي: ٩٠٧٣، وابن خزيمة: ٢٣٢، وأبو عوانة: ٨٤٣، وابن حبان: ٧٤٢٢، والطبراني: ١٤١٤).

ئاو (تۆو)ی پیاو سپییەو، ئاو (تۆو)ی ئافرەت زەردە، ئنجا هەر کاتێک ئەو دوو ئاوە کۆبوونەوە، (واتە: نوتفەیان پێکهێنا)، ئەگەر تۆوی پیاو بەسەر تۆوی ئافرەتەکەدا سەرکەوت، بە مۆڵەتی خوا نێر بەرهەم دێنن، بەڵام ئەگەر تۆوی ئافرەتەکە بەسەر تۆوی پیاوەکەدا سەرکەوت، مێینە بەرهەم دێنن بە مۆڵەتی خوا.

وەک پێشتر باسمان کرد کە جۆری ئاوی ئافرەت هەمووی (ئێکس ئێکس) (XX)ە، بەڵام جۆری ئاوی پیاو، ئێکس ئێکس (XX)و، ئێکس وای (XY)ە، ئنجا ئاوی ئافرەت زاڵبوونەکە، ئەوەیە کە ئاوی پیاو، هەر (ئێکس ئێکس) بێ و، هی ئافرەتیش هەروا، بە تەئکید ئەو کاتە مێینە دەردەچێ و، ئەگەر ئاوی پیاو زاڵ بوو، بەسەر هی ئافرەتدا - (ئێکس وای)یەکە، لەگەڵ (ئێکس ئێکس)دا یەکی گرت- ئەو کاتە نێرینە دەردەچێ.

قۆناغی پێنجەم: پێکگەیشتنی دوو تۆوەکان کە لە ئەنجامی ئەوەدا، نێرینەو مێینە پەیدادەبێ، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ ...﴿٢﴾﴾ الإنسان، ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەیەکی تێکەڵ، (ئاوێتە) دروستکردوە، واتە: لە هەردووکیان، هەروەها پێغەمبەر ﷺ وەک لە فەرمایشتی پێشێ دا هاتبوو، دەفەرموێ: ئاوی پیاو سپییەو ئاوی ئافرەت زەردەو، کاتێ کۆبوونەوەو، ئاوی پیاوەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی ئافرەتدا، نێرینە دەردەچوێنن بە مۆڵەتی خواو، ئەگەر تۆوی ئافرەتەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاوەکەدا، مێینە دەردەچوێنن بە فەرمانی خوا.

قۆناغی شەشەم: کۆچکردنی نوتفە پیتێنراوەکە بۆ نێو منداڵدان، ئەمیش ئەم ئایەتە ئاماژەی پێدەکات: ﴿خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ﴿٦﴾ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾﴾ الطارق، واتە: مرۆڤ لە ئاوێکی دەرقوڵیو دروست بووە، کە لە نێوان ئێسقانەکانی پشت و سینگ دێتە دەرێ.

هەروەها لەم شوێنەوارەشدا هاتوە:

{قَالَ عَبد اللـه بْنِ مَسْعُود: إِذَا وَقَعَتِ النُّطْفَة فِـي الرَّحـم بَعَـثَ اللـهُ عَـزَّ وَجَـلَ مَلَكاً فَقَالَ: يَـا رَبّ مخلَقـة أو غـير مخلقـة؟ فَـإِنْ قـال: غـير مُخلَّقَـة مجّتها الأَرْحَـامُ دمـاً، وَإِنْ قَـالَ: مخلَقَـة، قَـالَ: يَـا رَبّ فَـمَا صِفَـةُ هَـذِهِ النطفـة؟}.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێ: ئەگەر نوتفە چووە نێو منداڵدانەوە، خوا فریشتەیەک دەنێرێ، فریشتەکە دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم! تەواو بێ و قۆناغەکان ببڕێ، یان قۆناغەکان نەبڕێ؟ ئەگەر فەرمووی: (**غَيْرُ مُخَلَّقَةٍ**) با قۆناغەکان نەبڕێ، ئەوە منداڵدان دەری داوێ، بەشێوەی خوێن (لەگەڵ خوێنی حەیزدا دێتە دەرێ)و، ئەگەر خوا فەرمووی: (خوا مۆڵەتی لەسەر بوو) کە قۆناغەکان ببڕێ و تێرو تەواو بێ، ئنجا فریشتەکە دەڵێ: ئەی خوایە! سیفەتی ئەو نوتفەیە چی بێ و چۆن بێ؟

قۆناغی حەوتەم: بریتیە لە پێکەوە ئاوێتە بوونی دەمارو ڕیشاڵەکانی ئەو نوتفەیە، وەک لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە: **{إِذَا كَانَ حِينَ الوَلَـدِ اضطربت العـرُوقُ كُلُّهَـا لَيـسَ مِنها عـرقٌ إِلاَّ يَسـأَلُ اللـهَ أَن يَجعَـلَ الشَّـبَهَ لَـه} (أَخرَجَـهُ الحَكِيـمَ التِّرمِـذِي: ٢٢).**

واتە: کاتێ کە منداڵ دروست دەبێ، هەموو دەمارەکان دەکەونە جووڵە، هیچ کامێک لەو دەمارانە نیە، مەگەر داوا لە خوا دەکات: ئەو منداڵە وەک ئەو بچێ.

واتە: لە خەتی دایکیەوە تاکو دەگاتەوە حەووا، لە خەتی بابیەوە تاکو دەگاتە ئادەم، دەگونجێ بە هەر کامێک لەوانە بچێ.

قۆناغی هەشتەم: تێکدا توانەوەی نێوکی هێلکۆڵەو حەیمەن، ئەمیش وا پێ دەچێ ئەم ئایەتە ئاماژەی پێ بکات، کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ مِنَ

ٱلۡمَآءِ بَشَرٗا فَجَعَلَهُۥ نَسَبٗا وَصِهۡرٗاۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرٗا (٥٤)﴾ الفرقان، واتــە: خــوا ﷻ ئــەو کەسـەیە کـە لـە نـاو مرۆڤـی هێناوەتـە دی، گێڕاویـەتی بـۆ هـی پشـتێ و هـی بـەرێ و، پـەروەردگارت بـە توانایـە.

واتـە: ئـەو مرۆڤـە دەگونجێ، سیفەتەکانی پشـتێ، لـە بابیـەوە تاکـو دەگاتـە ئادەم سـیفەت بێنـێ و، لـە سـیفەتەکانی دایکیـشی، لـە دایکیـەوە تاکـو دەگاتـەوە حـەووا سـیفەت بێنـێ.

قۆناغـی نۆیـەم: تێکەڵبـوونی ڕەگـەکانی نوتفـە بـە ئەندازەگیریـی کـران، وەک ئایـەتی (١٩)ی سـووڕەتی (عبـس) ئامـاژەی پـێ دەکات ﴿مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ (١٩)﴾ عبـس، خـوا مرۆڤـی لـە نوتفەیـەک هێناوەتـە دی، کـە دروسـتی کـردوەو ئەندازەگیریـی کـردوە، پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمـوێ: **{إِذَا أَرَادَ اللـه أَن يخْلـق النَّسَـمَةَ، فَجَامَـعَ الرَّجُـلُ المَرْأَةَ، طَارَ مَـاؤُهُ فـي كُلِّ عِـرْقٍ وعَصَـبٍ مِنهَـا} (أخرجـه الطـبراني فـي الكبـير: ٦٤٤، وفـي الأوسـط: ١٦١٣، وفـي الصغـير: ١٠٦، قـال الهيثمـي: رجالـه ثقـات، وَالديلمـي: ٩٥٨).**

واتــە: هــەر کاتــێ خــوا ویســتی مرۆڤێــک دروســت بــکات و، پیاوەکــە لەگــەڵ ژنەکــەدا جــووت بــوو، ئــاوی پیاوەکــە بــە هەمــوو ڕەگ و ڕیشــاڵ و دەمــاری ئافرەتەکــەدا دەفــڕێ و بڵاودەبێتــەوە.

واتــە: لەگـەڵ هێلکۆڵـەدا ئاوێتـە دەبـێ، هەڵبەتـە هێلکۆڵـە گەورەیـەو، وەک لـە وێنەکانــدا کــراوە، هێلکۆڵــە زۆر لــە حەیمــەن گەورەتــرەو، حەیمــەن زۆر بچووکــە، حەیمەنەکـە شـێوەی کەچکـە ماسـییەکە، خۆی تـێ دەچەقێنـێ و لەوێـدا دەتوێتەوەو، بـە هەموویـدا بڵاودەبێتـەوە.

قۆناغــی دەیــەم: لەتبــوونی نوتفــە، نوتفــە دوای ئــەوەی لــە حەیمــەنی پیــاوو هێلکۆڵـەی ئافـرەت دروسـت دەبـێ، ئنجـا دەچێتـە نێـو منداڵـدان و، دەسـت دەکات بـە لەتبـوون، قڵیشـانی نوتفـە (إنفِـلاقُ النُّطفَـة)، وەک ئـەم ئایەتەی سـووڕەتی (الأنعام) ئامـاژەی پـێ دەکات: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَمُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتِ

www.alibapir.com

مِنَ ٱلۡحَيِّۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾الأنعام، واتە: خوا لێک جیاکەرەوەی تۆوەکان و نێوکەکانە، زیندوو لە مردوو دەردێنێ و دەرهێنەری مردوویە لە زیندوو، ئا ئەوەتان خوایە، بۆ کوێ لادەدرێن؟ نوتفە قڵیشان (إنفِلاق) دەکات، دەبێتە دوو، دەبێتە چوار، دەبێتە هەشت و ...هتد، دوایی گەشە دەکات و زۆر دەبێ، دوایی دەبێتە ملیۆنان خانەو، ئەو خانانە قۆناغەکانی دیکە بەو نوتفەیە، یاخود بەو کۆرپەلەیە دەبڕن.

قۆناغی یازدەیەم: نوتفە دوای ئەوەی دەچێتە نێو منداڵدان، دەگونجێ بەردەوام بێ و، دەشگونجێ لە باربچێ، (إجهاض) ببێ، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **{النُّطْفَة الَّتِي يخلق مِنْهَا الْوَلَد تُرْعدُ لَهَا الْأَعْضَاء وَالْعُرُوق كُلّهَا إِذَا خرجت وَقعت فِي الرَّحِم} (الدر المنثور ج٦، ص٩٦، عَن ابْن عَبّاس مَرْفُوعاً، والديلمي: ج٢٣).**

واتە: ئەو نوتفەیەی کە منداڵی لێ دروست دەبێ، هەموو دەمارەکان بۆی دەکەونە جووڵە، ئنجا هەر کاتێک دەرچوو، دەچێتە نێو منداڵدان و لەوێدا نیشتەجێ دەبێ.

قۆناغی دوازدەیەم: قۆناغی کێڵران، یان قۆناغی چێنران، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ ﴿٢٢٣﴾﴾، واتە: ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، واتە: وەک چۆن تۆوێک لە کێڵگەیەکدا دەچێنرێ، بە هەمان شێوەش تۆوی پیاویش کە دەچێتە نێو منداڵدانی ئافرەتەوە، وەک چۆن دەنکە تۆوێک لە زەویی دا سەوز دەبێ و پێدەگات، ئەو تۆوەی پیاویش کە حەیمەنەکەیە دەچێتە نێو هێلکۆڵەکە، دوایی دەبێتە نوتفە لەنێو منداڵداندا پێدەگات و گەشە دەکات.

قۆناغی سێزدەیەم: ئەمە کە لە ڕۆژی حەوتەمەوە (حەوتەم بەو لاوە) دەست پێدەکات، کۆکردنەوەی خانەکانی کۆرپەلەو، نیشتەجێ بوونی نوتفە لەنێو منداڵدانداو، کەم بوونی نوتفەکە لە نێو منداڵداندا، وەک ئایەتەکە ئاماژەی پێ

دەكات: ﴿ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ...﴿٨﴾ ﴾الرعد، هەروەها لە فەرمایشتی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ پێشتریش باسمان كرد:

{ إِنَّ النُّطْفَةَ إِذَا اسْتَقَرَّتْ فِي الرَّحِمِ أَحْضَرَ اللَّهُ كُلَّ نَسَبٍ بَيْنَهَا وَبَيْنَ آدَمَ، أَمَا قَرَأْتَ هَذِهِ الْآيَةَ فِي كِتَابِ اللَّهِ ﴿ فِىٓ أَىِّ صُورَةٍ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾الانفطار}، (**أخرجه الطبراني في الكبير: ٦٤٤، وفي الأوسط برقم ١٦١٣، وفي الصغير: ١٠٦، قال الهيثمي: رجاله ثقات، والديلمي: ٩٥٨، وقال ابن رجب في جامع العلوم والحكم (ص ٤٨) إسناد ضعيف.**

واتە: كاتێک نوتفە لە منداڵدان جێگیر دەبێ، خوا لە نێوان ئەو نوتفەیەدا تاكو دەگاتەوە ئادەم، هەموویان كۆدەكاتەوە، دوایی فەرمووی: ئایا ئەو ئایەتەت نەخوێندۆتەوە: لە هەر وێنەیەكدا كە خوای پەروەردگارت ویستی دروستت دەكات.

هەروەها ئەم شوێنەوارەش ئاماژەی پێدەكات: {**عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، قَالَ: إِنَّ النُّطْفَةَ إِذَا اسْتَقَرَّتْ فِي الرَّحِمِ أَخَذَهَا مَلَكٌ بِكَفِّهِ، فَقَالَ: أَيْ رَبِّ، مُخَلَّقَةٌ أَمْ غَيْرُ مُخَلَّقَةٍ؟ فَإِنْ قِيلَ غَيْرُ مُخَلَّقَةٍ؛ قَذَفَتْهَا الأَرْحَامُ دَمًا..**} (**أخرجه: ابن أبي حاتم في تفسيره: ١٣٧٨١**).

واتە: عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: نوتفە كاتێ لە منداڵداندا نیشتەجێ دەبێ، فریشتەیەک دێ بە دەستی وەری دەگرێ[1]، دەڵێ: ئەی پەروەردگارم! تێرو تەواو بێ و قۆناغەكان ببڕێ، یان قۆناغەكان نەبڕێ؟ ئەگەر فەرمووی: قۆناغەكان نەبڕێ، نابێتە مرۆڤ، منداڵدان لەگەڵ خوێندا فڕێی دەداتە دەرێ.

هەروەها ئەم ئایەتەش ئاماژەی پێ دەكات: ﴿ ٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ...﴿٨﴾ ﴾الرعد، واتە: خوا ئەوەی هەر مێینەیەک هەڵیدەگرێ و، ئەوەی منداڵدانەكان كەمی دەكەن و، ئەوەش كە زیادی دەكەن، هەمووی دەزانێ.

قۆناغی چواردەیەم: پێکهاتنی عەلەقە لەمیانی کلێنجە، (عَجْبَ الذَّنَبِ)داو، زیاد بوونی مندالّدانەکان بە کۆرپەلە، واتە: گەشەکردنی کۆرپەلە لە مندالّداندا و، فراوان بوونی مندالّدان، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً ﴾، واتە: دوایی نوتفە دەگۆڕین بۆ عەلەقە، نوتفەکە (تۆویلکەکە) دەگۆڕین بۆ خوێنپارەو، لە فەرمایشتدا هاتوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: [كُلُّ ابْنِ آدَمَ تَأْكُلُه الأَرْضُ إلاَّ عَجْبَ الذَّنَبِ، مِنْهُ خُلِقَ وَفِيهِ يُرَكَّبُ] (أخرجه مسلم: ٢٩٥٥، وأبو داود: ٤٧٤٣، والنسائي: ٢٠٧٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)، واتە: هەموو جەستەی ڕۆڵەی ئادەم گڵ دەیخوات، جگە لە ئێسکی کلێنجە لەو پێکهاتوەو، لەویش دروست دەبێتەوە.

ئەمە ئێستا زانستی تازە دەری خستوە، کە لە دوای ڕۆژی حەوتەمەوە، لەو شوێنەوە کە دوایی دەبێتە ئێسکی کلێنجە، لەوێوە هەموو خانەکانی دیکەی کە ئەندامەکانی کۆرپەلە دروست دەبن، ئەوێ کارگەکەیانەو، ئەوێ مەڵبەندو سەرچاوەکەیانە.

قۆناغی پازدەیەم: دروستبوونی زارجوو (مُضْغَة) کە پارچە گۆشتێکە وەک زارجوو، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً ﴾، دوایی عەلەقەمان کردە پارچە گۆشتێکی زارجوو، هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ ﴾القيامة، دوایی دەبێتە عەلەقەو خوا دروستی دەکات و ڕێکی دەخات، واتە: لە دوای قۆناغی عەلەقە، ئنجا دروست بوون و ڕێکخستن کە قۆناغی زارجوو (موضغه)یەو، دوایی قۆناغەکانی دیکە دەست پێ دەکەن.

قۆناغی شازدەیەم: کە لە ڕۆژی چلەمینەوە دەست پێ دەکات، بریتیە لە دروستکردنی ئێسقان و، ڕێکخستن و، وێنەکێشان و، نیشتەجێ کردن، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا ﴾، دوایی پارچە گۆشتەکەمان کردە ئێسک.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: [إذَا مَرَّ بِالنُّطْفَةِ ثِنْتَانِ وَأَرْبَعُونَ لَيْلَةً، بَعَثَ اللَّهُ إلَيْهَا مَلَكاً، فَصَوَّرَهَا وَخَلَقَ سَمْعَهَا، وَبَصَرَهَا، وَجِلْدَهَا،

وَلَحْمَهَا، وَعِظَامَهَا، ثُمَّ قَالَ: يَا رَبِّ أَذَكَرٌ أَمْ أُنْثَى؟} (أخرجه مسلم: ٢٦٤٥، الطبراني: ٣٠٤٤، وابن حبان: ٦١٧٧، والبيهقي برقم ١٥٢٠١، عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ).

واتە: هەر کات چل و دوو (٤٢) شەو بەسەر نوتفەدا تێپەڕی، {یانی: دوای ئەوەی نوتفە دەچێتە نێو منداڵدان چل و دوو شەوی بەسەردا تێپەڕی کە دەکاتە شەش حەفتە (٦ × ٧ = ٤٢)}، خوا فریشتەیەک دەنێرێ، وێنەی دەکێشێ و، بیستن و، دیتنی و، پێستی و، گۆشتی و، ئێسقانی بۆ دروست دەکات، دوایی دەڵێ: ئەی پەروەردگارم! ئایا نێر بێ یان مێ بێ؟

ئەمەش دیسان زانست ئێستا دەریخستوە کە لە قۆناغی دواتردا، نێر بوون و مێ بوونی ئەو کۆرپەلەیە دەردەکەوێ، وەک لە سوورەتی (الحج)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى... ٥ ﴾، واتە: دوایی خوا لە پارچە گۆشتێکی تەواو یاخود ناتەواو، (واتە: دەبێتە مرۆڤ یاخود نابێتێ)، تاکو بۆتان ڕوون بکەینەوەو، دوایی لە منداڵداندا هەر کەسێک بمانەوێ تا کاتی دیاریکراو، نیشتەجێی دەکەین.

قۆناغی حەڤدەیەم: داپۆشینی ئێسک بە گۆشت و، پاشان ڕێکخستن، دوایی وێنە کێشان، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ﴾، دوایی ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی، هەروەها لە سوورەتی (القیامـة)دا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةٗ فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ٣٨ ﴾، واتە: دوایی دەبێتە عەلەقە، پاشان خوا دروستی دەکات و ڕێکی دەخات.

قۆناغی هەژدەیەم: دروست بوونی پێست و گۆشت، یاخود داپۆشینی ئێسقان بە گۆشت، کە ئەمیش هەر لە نێو قۆناغی پێگەیاندن و ڕێکخستن دایە، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ﴾، دوایی ئێسقانەکانمان بە گۆشت داپۆشین، دوایی بە شێوەیەکی دیکە دروستمان کرد، بەرزیی و پێز بۆ خوای باشترینی بەدیهێنەرەکان.

لە سوورەتی (الإنفِطار)یشدا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەو (خوا)یەی تۆی هێناوەتە دی، دوایی تۆی ڕێکخستوە، دوایی تۆی هاوسەنگ کردوە.

قۆناغی نۆزدەیەم: نێر بوون و مێ بوون، کە ئەمە کۆتایی پێکهاتنەکەیەتی و، پێدانی وێنەی تایبەتیی کەسیی بەو کۆرپەلەیەو، تەواوکردنی دروستکرانەکەی، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِىٓ أَىِّ صُورَةٍ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾الانفطار، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە تۆی هێناوەتە دی، ئنجا ڕێکی خستووی، هاوسەنگی کردووی، لە هەر وێنەیەکدا کە ویستوویەتی تۆی پێکهێناوە، وەک لە سوورەتی (القیامە)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ ﴾، ئنجا لەو کۆرپەلەیە، هەردووک جووتی نێرو مێی لێ دروست کردن.

قۆناغی بیستەم: لە چوار مانگ و دە (١٠) ڕۆژ بەرەو دوا، ئنجا لەو قۆناغەدا ئافرەت هەست دەکات بە جووڵەی کۆرپەلەکەی، هەر بۆیە خوا ﷻ ئاماژەی پێ دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ...﴿٢٣٤﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەوانەتان کە لە ئێوە (لە پیاوانتان) دەمرن و، ژنان لە دوای خۆیان بەجێ دێڵن، دەبێ ئەو ژنانە چوار مانگ و دە شەوان چاوەڕێ بکەن، (بەر لە شووکردنەوە، ئنجا ئەگەر تۆڵدار بێ، ئەو ئافرەتە کۆرپەلەکە لە سکی دا دەجووڵێ و، هەستی پێ دەکات).

قۆناغی بیست و یەکەم: کە کەمترین ماوەی دوو گیان و تۆڵدار بوونی ئافرەتەکە بریتیە: لە شەش مانگ، واتە: دەگونجێ کۆرپەلە بە شەش مانگیی لە دایک ببێ، وەک ئەم دوو ئایەتە لێیان وەردەگیرێ:

١)- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا...﴿١٥﴾ ﴾الأحقاف، واتە: هەڵگرتنی لە سکداو لە شیر بڕینەوەی، لە ماوەی سی (٣٠) مانگدا.

ئنجا ئەگەر هەر کام لە تۆلداریی و شیر پێدان و لە شیر بڕینەوە، هەردووکیان سی (٣٠) مانگ بن.

٢)- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ... (٢٣٣) ﴾البقرة، واتە: دایکان دوو ساڵی تەواو شیر بە کۆرپەکانیان دەدەن، بۆ هەر کەسێک بیەوێ ماوەی شیر پێدان تەواو بکات، کەواتە: دوو ساڵەکە دەکاتە بیست و چوار (٢٤) مانگ، (٢٤) مانگ لە سی (٣٠) مانگ دەرکەی شەش (٦) مانگ دەمێنێتەوە، (٣٠-٢٤=٦) ئنجا زانایان لەوە هەڵیانهێنجاوە: (**أَقَلُّ مُدَّةَ الحَمْلِ سِتَّةُ أَشهُر**)، کەمترین ماوەی تۆلدار بوونی ئافرەت بریتیە: لە شەش مانگ.

هەروەها لە سوورەتی (لوقمان)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيْنِ (١٤) ﴾، واتە: لە شیر بڕینەوەی لە ماوەی دوو ساڵاندا، وەک گوتم: دوو ساڵەکە دەکاتە (٢٤) مانگ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ... (١٥) ﴾الأحقاف، پێ دوو گیان بوونیی و لە شیر بڕینەوەی، لە ماوەی سی (٣٠) مانگدا، ئەگەر لە شیر بڕینەوەکەی دوو ساڵ بێ، کەواتە: شەشە مانگ دەمێنێتەوە بۆ دوو گیان بوونەکەی.

قۆناغی بیست و دووەم و کۆتایی: ئەوەیە کە خوا ﷻ ڕێ ئاسان دەکات، بۆ ئەو کۆرپەلەیە بێتە دەرێ، وەک دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ (٢٠) ﴾عبس، واتە: دوایی خوا ڕێی بۆ ئاسان دەکات، وەک دەفەرموێ: ﴿ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ (١٧) مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُۥ (١٨) مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ (١٩) ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ (٢٠) ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقْبَرَهُۥ (٢١) ﴾عبس، واتە: مرۆڤی کافر لە بەین بچێ، چەند سپڵەیە، (خوا) لەچی دروستیکردوە؟ لە نوتفەیەک، لە (تۆویلکەیەک)، دروستیکردوە، ئنجا ئەندازەگیریی بۆ کردوە، تاکو پێ دەگات و، دەبێتە کۆرپەلە، دوایی ڕێی بۆ ئاسان دەکات بۆ لە دایک بوونی.

بەڕێزان!

دەزانن لە دایک بوونی منداڵ، چەند پرۆسەیەکی قورس و هەستیارە، تەماشا بکەن! ئەگەر ئەو منداڵە لە پێشدا لە جیاتی ئەوەی سەری بێ، وەک لە ئەسڵدا منداڵ سەری لە لای سەرێیەو، پێیەکان و دەستەکانی لە لای خوارێنە، لە نێو منداڵدانی دایکی دا، بەڵام لە کاتی لە دایک بووندا، یەکسەر ئەو منداڵە تەقڵەیەک لێ دەداو، سەری دەکەوێتە خوارێ و، دەست و پێیەکانی دەچنە سەرێ، دایبنێ ئەگەر پێی بێ، یان دەستی بێت، چۆن دێتە دەرێ؟! بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ٢٠ ﴾، خوا ڕێی بۆ ئاسان کرد، واتە: ڕێی هاتنە دەر لەنێو منداڵدانی دایکی، ڕێی لە دایک بوونی ﴿ ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ ٢١ ﴾، دوایی ماوەیەک ژیان دەگوزەرێنێ لەسەر دنیا، ئنجا خوا دەیمرێنێ و وای لێدەکات بخرێتە گۆڕەوە.

مه‌سه‌له‌ی دووه‌م:

حه‌تمیی بوونی مردنی هه‌موو كه‌س و، زیندووكرانه‌وه‌یان بۆ پاداشت و سزا درانه‌وه‌یان:

خوا ﷻ ده‌فه‌رموێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تُبْعَثُونَ ﴿١٦﴾ ﴾.

شیكردنه‌وه‌ی ئه‌م دوو ئایه‌ته‌، له‌ سێ بڕگه‌دا:

١)- ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴾، ئنجا به‌ دڵنیایی ئێوه‌ له‌ دوای ئه‌وه‌، مردووان ده‌بن، یانی: دوای ئه‌و شێوه‌ دروستكران و دوای ئه‌و ژیانه‌ كاتییه‌، كه‌ خوا ﷻ بۆی دیاریكردوون له‌سه‌ر زه‌وی، به‌ دڵنیایی و زۆر به‌ جه‌ختكردنه‌وه‌: ئێوه‌، هه‌مووتان ئه‌ی مرۆڤه‌كان ده‌مرن، پێشێ خوا ﷻ به‌ شێوه‌ی نادیار (غائب) باسی دروستكردنی مرۆڤ ده‌كات: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾، به‌ڵام دوایی شێوه‌ی ده‌ربڕینه‌كه‌ له‌ نادیار (غائب)ه‌وه‌، ده‌گۆڕێ بۆ ئاماده‌ (حاضر)، كه‌ ئه‌وه‌ پێی ده‌گوترێ: ئاوڕدانه‌وه‌، ﴿ ثُمَّ ﴾، لێره‌دا (لِلتَّرتِيب الرُّتبِي)، بۆ ڕیزبه‌ندیی پله‌ به‌ندییه‌، چونكه‌ كه‌ لێره‌دا باسی مردن ده‌كات، بیرخستنه‌وه‌ی مردن، به‌هێزتره‌ له‌ باسكردنی چۆنیه‌تی دروست بوون، ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ﴾، ئه‌وه‌ باسی دروستبوونه‌، ئه‌و ﴿ ثُمَّ ﴾یه‌ له‌ ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴾دا بۆ گواستنه‌وه‌یه‌ بۆ ڕیزبه‌ندیی پله‌و پایه‌، چونكه‌ به‌ نسبه‌ت ئه‌وانه‌وه‌ كه‌ دوێنراون و، به‌ نسبه‌ت هه‌موو مرۆڤه‌كانیشه‌وه‌، ئه‌وه‌ كه‌ بزانن مردنیان دێته‌ سه‌ر، كه‌ ده‌شزانن، گرنگتره‌ له‌ زانینی چۆنیه‌تی دروستبوونیان، به‌ڵام ئه‌وه‌ش دیسان ڕێخۆشكردنه‌ بۆ ڕسته‌ی دواتر.

لێره‌دا كه‌ خوا ﷻ ده‌فه‌رموێ: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴾، لێره‌دا ئه‌و ڕسته‌یه‌ هه‌م به‌ (إِنَّ)، كه‌ بۆ جه‌ختكردنه‌وه‌یه‌، هه‌م به‌ (ل) كه‌ ئه‌ویش بۆ ته‌ئكیده‌، به‌ڵكو هه‌ندێك له‌ زانایان ده‌ڵێن: (ل) (مُمَهِّدَةٌ للقَسَم)، ڕێ خۆشكه‌ره‌ بۆ سوێند،

جه‌ختکردنه‌وه‌ی ئه‌وه به (إنَّ)ه‌و به (ل)، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا که گومانیان نه‌بووه له مردندا، بۆ چییه؟ ئه‌و جه‌ختکردنه‌وه‌یه له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که هه‌رچه‌نده به ڕواڵه‌ت گومانیان نه‌بووه له مردندا، به‌ڵام له ئه‌نجامی ئه‌وه‌دا که بیریان نه‌کردۆته‌وه له‌وه‌ی له دوای مردن، بۆیان دێته پێش، که سزاو پاداشته، وا مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا کراوه، که ئێوه بڕواتان به مردن نیه، بۆیه‌ش بۆیان جه‌ختکراوه‌ته‌وه.

٣)- ﴿ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ ﴾، جارێکی دیکه ﴿ ثُمَّ ﴾، به‌کارده‌هێنرێ، ئه‌ویش دیسان هه‌ر بۆ ڕیزبه‌ندیی پله‌و پایه‌یه، (لِلتَّرتِيب الرُّتبي)، واته: دوای مردنیشتان، ئنجا له‌وه‌ش گرنگترو گه‌وره‌ترو به‌رزتر دێته پێش، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که ئێوه به دڵنیایی له ڕۆژی هه‌ڵسانه‌وه‌دا زیندووده‌کرێنه‌وه، بۆ سزاو پاداشت.

مەسەلەی سێیەم:

خوای زاناو توانا لە سەروومانەوە حەوت ئاسمانی چین چینی دروستکردوون و، لە دروستکراوەکانی خۆیشی بێ ئاگا نیەو، بەردەوام چاودێرییان دەکات و مشووریان دەخوات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلۡخَلۡقِ غَٰفِلِينَ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا فَوۡقَكُمۡ سَبۡعَ طَرَآئِقَ ﴾، بە دڵنیایی لە سەرووتانەوە حەوت چینمان دروستکردوون، دیسان (لـ) و (قَد)، بۆ جەختکردنەوەن، (قَد) کە دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو، جەختکردنەوەو ساغکردنەوە دەگەیەنێ، (لـ)ەکەش هەر بۆ جەختکردنەوەیە.

﴿ سَبۡعَ طَرَآئِقَ ﴾، وەک لە سوورەتی (الملك)دا، دەفەرموێ: ﴿ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ (٣) ﴾، (طِبَاق)، یانی چین لەسەر چین، (طَرائِق)، کۆی (طَرِيقة)یە، بە مانای چینی ئاسمان دێ، هەروەک (طُرق)، کۆی (طَرِيق)ە، بە مانای ڕێگایە.

٢)- ﴿ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلۡخَلۡقِ غَٰفِلِينَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لە دروستکراو بێ ئاگا نین، واتە: لە دروستکراوەکانی خۆمان، وەک لە سوورەتی (الرحمن)دا، دەفەرموێ: ﴿ كُلَّ يَوۡمٍ هُوَ فِي شَأۡنٖ (٢٩) ﴾، واتە: خوا هەموو ڕۆژێک (ڕۆژ لێرەدا مەبەست پێی کاتە)، یانی: لە هەموو کاتێکدا خوا کاری هەیەو، مشووری دروستکراوەکانی خۆی دەخوات.

سەرنجێک لە گەردوون و
مشوور خواردنی بەردەوامی خوا بۆی

شایانی باسە: ئێمە لە سوورەتی (یونس)دا، بە درێژیی باسی گەردوونمان کردوە⁽¹⁾، هەروەها لە مەوسووعەی (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد)دا، درێژتر باسی گەردوونمان کردوە، چۆنیەتی سەرهەڵدانی و، تەمەنی گەردوون و، پێکهاتەکانی گەردوون کە کەهکەشانەکانن، بۆیە لێرە ناچینە نێو وردەکاریی ئەوەوە.

ئەوەندە دەڵێین: کە تاکو ئێستا نوێترین بیردۆزە کە زانایان پێی گەیشتوون، لە بارەی قەبارەی گەردوونەوە، ئەوەیە کە تیرە (قطر)ی گەردوون بە (١٣ - ١٥) ملیار ساڵی تیشکیی مەزەندە دەکرێ، ساڵی تیشکیی ئەوەیە کە تیشک لە چرکەیەکدا (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێ، ئنجا بۆ ئەوەی بزانین لە خولەکێکدا چەند دەبڕێ (٣٠٠،٠٠٠ جارانی ٦٠) دەکەین، خولەکمان بۆ دەردەچێ، دوایی جارێکی دیکە جارانی (٦٠) شەستی دەکەین، ئەنجامەکەی کاتژمێرمان بۆ دەردەچێ، چونکە هەر خولەکێک (٦٠) چرکەیەو، هەر کاتژمێرێکیش (٦٠) دەقەیە، ئنجا بۆ ئەوەی ئەو ماوەیەی تیشک لە هی شەوو ڕۆژێکدا دەیبڕێ، بۆمان دەربکەوێ دەبێ ئەنجامی ئەوەی کە پێشتر هاتۆتە دەستمان، جارانی (٢٤)ی بکەین، (٢٤) سەعات، بۆ ئەوەی شەوو ڕۆژمان بۆ دەربکەوێ، دواییش ئەنجامەکەی جارانی (٣٦٥) دەکەین، بۆ ئەوەی ساڵمان بۆ دەربکەوێ، کە دەکاتە: (٩٤٦١،٠٠٠٠٠٠٠٠٠) نۆ تریلیۆن و چوار سەدو شەست و یەک ملیار کیلۆمەتر.

---

(١) هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (فصلت)و سوورەتی (الرحمن)یشدا باسی گەردوونمان

ننجا ئەو ماوەیەی تیشک لە (١٣ - ١٥) ملیار ساڵدا دەیبڕێ، بریتیە: لە تیرەی گەردوون، ئەمسەر بۆ ئەو سەری گەردوون.

ژمارەی کەهکەشانەکانی گەردوون، هەندێک لە گەردووناسان دەڵێن: (٢٠٠) ملیارو، هەندێک دەیگەیەنە (١٠٠٠) هەزار ملیار، واتە: یەک تریلیۆن کەهکەشان لە گەردووندا هەیە، کە ئەوە هەمووی مەزەننەیە.

ژمارەی ئەستێرەکانی کاکێشانی ئێمەش بە هەزار (١٠٠٠) ملیار، واتە: یەک تریلیۆن ئەستێرە مەزەندە دەکرێ، کە خۆری ئێمە یەکێکە لەو تریلیۆن ئەستێرەیەی لە کەهکەشانی ئێمەدا هەن.

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداو باسمان کرد، ئەگەر مرۆڤ وا هەست بکات: خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنیەتی و هەمیشە ئاگای لێیەتی، سەرپەرشتیی دەکات، چ هی ئەو وەک مرۆڤێک، چ هی ئەم گەردوونە پان و پۆڕو فراوان و زەبەلاحە، چ هی بچووکترین دروستکراو لە دروستکراوەکانی خوا، چ لە ژیانداران، وەک ئەمیبا، یان لە ئەمیبا گچکەتر، میکۆپلازما، چ لە دروستکراوە بێ ژیانەکان، وەک گەردیلە، بەڵکو پێکهاتەکانی گەردیلە، بەڵکو پێکهاتەی پێکهاتەکانی گەردیلە، کە باسمان کردوە، ئەگەر گەردیلە لە سێ بەشی سەرەکیی پێک دێ: (پڕۆتۆن و نیوتڕۆن) لە نێوکدا، (ئەلیکتڕۆن) کە بە دەوری نێوکدا دەخولێتەوە، ئێستا دەرکەوتوە هەر کام لە پڕۆتۆن و نیوتڕۆنیش، یەکی لە سێ کوارگ پێک دێن، ئنجا ڕەنگە ئەوانیش دیسان لە شتی بچووکتر پێک بێن.

هەموو ئەوانە خوا ﷻ ئاگای لێیانە ﴿وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ﴾، چونکە ﴿ٱلْخَلْقِ﴾ بە چاوگ هاتوە، بەڵام مەبەست پێی (مخلوق)ە، یانی: هەموو دروستکراودکانی خوا، خوا ﷻ لێیان بێ ئاگا نیە، بەڵێ ئا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، زۆر جیایە لەوەی کە لە لایەن ئایینی نەصرانیی و جوولەکەوە تەبەنیی کرابوو، کە ئەویش بیردۆزەی فەیلەسووفەکانی یۆنان بوو، کە پێیان وابووە خوا گەردوونی

وەک کاتژمێر قورمیش کردوەو لێی گەڕاوەو، کاری بەسەریەوە نیە، بەڵکو زانیارییشی لە بارەی وردەکارییەکانەوە نیە! ئا ئەو بیرو بۆچوونە سەقەتە، کە بێگومان پێچەوانەی پایەی بەرزی خوای پەروەردگارە، چۆن دەبێ خوا ئاگای لە دروستکراوەکانی نەبێ؟ پاشان ئەگەر ئاگای لێیان نەبێ چۆن بەڕێوەدەچن؟ دەفەرموێ: ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ٥٠﴾طـه، واتە: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە بوونی بە هەر شتێک داوەو دواییش خستوویەتە سەر ڕێ، ڕێنمایی کردوە، ڕاستەڕێی کردوە، ﴿كُلَّ شَيۡءٍ﴾، وەک چۆن مرۆڤ دەگرێتەوەو ژیاندارانی دیکە دەگرێتەوەو، کەهکەشان و ئەستێرەکان و خڕۆکەکان دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە گەردیلەکان و ژیاندارە وردەکانی نێو دەریاو نێو هەواو سەر زەویی و ژێر زەویش دەگرێتەوە، ئنجا ئەو بیرو بۆچوونە سەقەتە وا لە مرۆڤ دەکا، کە هەر بۆ خۆی دەژی و، خوا ﷻ هەقی بەسەریەوە نیەو ئاگای لێ نیە، ئا ئەوەش بوو زەمینەی خۆش کرد لە ڕۆژئاواو لە ئەورووپا بۆ سیکۆلاریزم کە بڵێ: مادام خوا کاری بەسەر مرۆڤەکانەوە نیەو، گەردوونی دروستکردەوەو لێی گەڕاوەو وێڵی کردوە، کەواتە: مرۆڤەکان ددبێ بۆ خۆیان خەمی خۆیان بخۆن! ئەوە وای لەوان کرد کە سەر بەرەو ئاسمان بەرز نەکەنەوەو چاوەڕوانییەکیان لە خوا نەبێ، بەرنامەو هیدایەتیان بۆ بنێرێ، پەیامیان بۆ بنێرێ، کە ئەوەش بە تەنکید پێچەوانەی سیفەتە بەرزەکانی خوایەو، پێچەوانەی واقیعیشە، کە خوا ﷻ لە ئادەمەوە تاکو خاتەم سەدو بیست و چوار هەزار (١٢٤،٠٠٠) پێغەمبەری ناردوە، صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، وەک لە موسنەدی ئیمام ئەحمەددا هاتوە.

پاشان ئەوە کە وەک حەقیقەت و واقیعیش وایە، مرۆڤ ئەگەر هەمیشە لەگەڵ خوای خۆیدا ڕازو نیازی هەبێ و، وابزانێ کە بە خولیایەکانی نێو دڵ و دەروونیشی، بە بیرو بۆچوونەکانی نێو مێشکیشی و بە وشەو تەعبیرەکانی سەر زمانی و، بە کۆی هەڵسوکەوتەکانی، ئاگادارە، ئا ئەوە وا لە مرۆڤ ددکات کە

بە وریاییەوە بژیێ و، بزانێ چۆن دەژیێ، پاشان هەست بە لەگەڵ بوونی خواو، پشتیوانیی خواو مشوورخۆریی خوای پەروەردگار دەکات، ئا ئەو شێوە هەست و نەستە کە ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی، کە تاکە ئیمان و عەقیدەی ڕاستەو، ئەو تێڕوانینە کە بووناسیی ئیسلامیی دروستی دەکات، کە ڕاسترین بووناسییە، بەڵکو تاکە بووناسیی ڕاست و دروستە کە هەموو پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام) ئەو بووناسییەیان هێناوەو، هەموو پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلَام) ئەو شێوە ئیمان و عەقیدەیان هێناوە، ئەوە بە تەئکید زۆر جیایە لەوەی کە کاتی خۆی فەلسەفەی یۆنانیی گوتوویەتی و، دوایی کڵێسا تەبەننیی کردوە، شوێنەوارێک کە بووناسیی و ئیمانی ئیسلامیی لە مرۆڤدا دروستی دەکات، زۆر جیایە لەو شوێنەوارەی کە ئەو جۆرە بووناسیی و عەقیدەیەی کاتی خۆی لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە تەبەننیی کرابو و، دروستی دەکات.

مەسەلەی چوارەم:

خوای میهرەبان بە ئەندازە ئاوی لە ئاسمان دابەزاندوەو جێگیری کردوەو، چەندان باغی خورماو ترێی بۆ مرۆڤەکان پێی ڕواندوە، کە چەندان جۆرە میوەیان تێدایە، بە تایبەت درەختی زەیتوون، کە ڕۆن و پێخۆریشی تێدایە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾ فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْـَٔاكِلِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ ﴾، لەسەرێوە بە ئەندازە ئاومان دابەزاندوە، وشەی (ماء) ئاو: باران و بەفرو تەرزەش دەگرێتەوە، بۆیە بەزۆریی خوا ﷻ مەگەر سیاقەکە بیخوازێ، ئەگەرنا هەر وشەی (ماء) بەکاردێنێ، بۆ ئەوەی هەرسێکیان بگرێتەوە.

کە دەفەرموێ: ﴿ بِقَدَرٍ ﴾، واتە: بە ئەندازەگیریی کردن و دیاریکردن، (**التَّقدِیرو وَالتَّعیین**)، چەند بێ و چۆن بێ؟

پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا دەبێ ئینسان بیر بکاتەوە، ئەگەر ئەو ئاوەی لە ئاسمان دێتە خوار، لە سەرێ دێتە خوار بۆ سەر زەوی، ئێستا چەندە، ئەگەر دوو هێندە، سێ هێندە، چوار هێندە بووایە، ژیانی مرۆڤ چی لێ دەهات؟ بە تەئکید ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی نەدەبوو، چونکە ئەوەتا بەو ئەندازەیەش، بۆ وێنە: ئەمساڵ (٢٠١٩ز) کە بارانی زۆر باری، بەو ئەندازەیەش ئەو هەموو لافاوو لێزماوە پەیدابوون، کە دوایی ئەو هەموو شوێنەوارە خراپانەیان لێ پەیدا بوون، ئەدی ئەگەر دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندەو زیاتر بووایە، بە تەئکید دەرهاویشتەی زۆر خراپتری دەبوون.

٢)- ﴿ فَأَسْكَنَّٰهُ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، ئنجا نیشتەجێمان کردوە، سەقامگیرمان کردوە لە زەویی دا، (الإِسكانُ: جَعلُ الشَّيءِ فِي مَسكَنٍ وَهُوَ مَحَلُّ القَرَار)، (إِسْكَان)، بریتیە لەوەی شتێک لە نشینگەدا دابنرێ، کە شوێنی تێدا سەقامگیربوونە.

ئەمیش بۆ خۆی زۆر گرنگە، وەک لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد)دا باسمان کردوە، باسی بەرگە ئاویی دەوری زەویی و، بەرگە هەوای دەوری زەویمان کردوە، کە نیشتەجێ بوونی ئاوی شیرین لە زەوییداو، عەمبارکردنی و هەڵگرتنی، دوایی دەرکەوتنەوەی بە شێوەی کانیی و سەرچاوە، یاخود بیرو کارێز، ئەوەش بۆ خۆی لەخۆیدا نیعمەتێکی زۆر گەورەی خوای پەروەردگارە، ئەگەرنا ئاوی شیرینمان لە کوێ دەبوو؟ ئەگەر ئەو ئاوە کە بەشێوەی باران و بەفرو تەرزە دێتە خوار، کۆنەکرابایەوە لە نێو ناخی زەویدا، خوا بۆی عەمبار نەکردبایەن، چۆنمان وەدەست دەهێنا؟ دەبوو هەموو جارێ کە باران و بەفرو تەرزە دەباری، خەڵک تەشت و مەنجەڵی وەبەر نابان تاکو پڕ بن لە ئاو! ئنجا ئەوە لە کوێ و، ئەوە لە کوێ کە خوای پەروەردگار بۆی داکردووین و، بۆی کۆکردینەوە لە زەوییدا، دوایی لە کاتی پێویستیی ئێمەدا خۆی دێتە دەر، بە شێوەی کانیی و سەرچاوە، دەردەقوڵێ، یاخود ئێمە دەیهێنینە دەرێ بەشێوەی بیرو کارێز.

٣)- ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴾، ئێمە لەسەر لابردنی ئەو ئاوە، دوورخستنەوەی و، نەهێشتنی بە توانایین، وشەی ﴿ ذَهَابٍۭ ﴾، بە نەناسراو (نكرة) هاتوە، ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ ﴾، بۆ مەزن پێشاندان و قەبە پێشاندان، چونکە بە زۆر شێوە دەگونجا ئەو ئاوە نەمێنێ، ببێتە هەڵم، بە ناخی زەویی دا بچێتە خوارو نەیدۆزینەوە، یاخود کە دەچووە نێو ناخی زەوی، گۆڕانی بەسەردا بێ و، بە کەڵکی خواردنەوە نەیەت، بەزۆر شێوەی دیکە، کە دەگونجێ مرۆڤ لە لای خۆی وێنایان بکات، دەگونجا لاببرێ و نەهێڵرێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَآؤُكُمْ غَوْرًا فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍۭ ﴿٣٠﴾ ﴾الملك، واتە: بڵێ: ئایا ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆبچێ، نغرۆ بێ، دابچێتە خوار، ئاوی کانیی و سەرچاوە کە دەبینرێ و، دەڕوا، کێ بۆتان دێنێ؟

...

٤)- ئنجا خوا ﷻ باسی بەرهەمەکانی ئەو ئاوە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ ﴾، بەو ئاوە بۆ ئێوەمان پێگەیاند، چەندان باخ لە دارخورمایەکان.

٥)- ﴿ وَأَعْنَٰبٍ ﴾، هەروەها لە لە ترێیەکان، لە دار مێوەکان.

بە بۆچوونی من ڕەنگە لە تەفسیرەکانیشدا هەبێ، بەڵام لە یادم نیە بینیبێتم بۆیە خوا ﷻ هەم لێرە، هەم لە زۆر شوێنی دیکەش باسی دار خورماو دار مێو دەکات، لەبەر ئەوەی بەرزترین درەختی میوەدار، دار خورمایە، لە هەمووان بەرزترەو، نزمترین درەختی میوەداریش، مێوە، بەتایبەتی مێوی دێمەکار، لەسەر زەوی پان ڕادەخرێ، هیچ بەرز نابێتەوە، یاخود خەڵک کەپرو ساباتی بۆ دەکات، لەوێش هەر ڕادەخرێ و، دار مێو کورتترین و نزمترینیەتی و، دارخورماش بەرزترین درێژترینیەتی، ئنجا خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ: لە بەرزترینیەوە کە دارخورمایە، تاکو نزمترینی کە دار مێوەو، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان، ئەوانەمان هەموویان بۆ ئێوە هێناونە دی.

٦)- ﴿ لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ ﴾، بۆ ئێوە لەو (باخ)انەدا میوەی زۆری زەوەند هەن، ﴿ فِيهَا ﴾، ئەم ڕاناوە دەچێتەوە بۆ ﴿ جَنَّٰتٍ ﴾، نەک بۆ ﴿ نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ ﴾، ئەگەر نا دەیفەرموو: (لَكُم فِيهِمَا)، ﴿ لَّكُمْ فِيهَا ﴾، واتە: لەو باخانەی کە لە نێویاندا دار خورماو دارترێ هەن، دواتر باسی دەکات کە زەیتوونیش هەیە، زۆر جۆرە میوەی دیکەش هەیە.

٧)- ﴿ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾، هەروەها لێیان دەخۆن، وشەی ﴿ فَوَٰكِهُ ﴾، کۆی (فَاكِهَة)ە، **(وَهِيَ الطَّعَامُ الَّذِي يُتَفَكَّهُ وَيُتَلَذَّذُ بِأَكلِهِ مِنْ غَيرِ قَصدِ القُوتِ، فَإن قُصِدَ القُوتُ قِيلَ لَهُ: طَعَام)**، (فَاكِهَة) بریتیە لەو خواردنەی کە مرۆڤ دەیخوات تەنها بۆ لەززەت و خۆشیی، نەک مەبەستی ئەوەبێ کە پێی بژی، وەک بژیو، ئەگەر مەبەست پێی بژیو بێ، وشەی خۆراک (طَعَام)ی بۆ بەکاردێ.

ئنجا دوای ئەوەی باسی دار خورماو دار مێوەکانی کرد، بە تایبەت باسی زەیتوون دەکات، دەفەرموێ:

٨)- ﴿ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ ﴾، درەختێکیش کە لە کێوی سەیناء ﴿ طُورِ سَيْنَآءَ ﴾، دێتە دەرێ بۆ ئێوەمان ڕواندوە، وشەی ﴿ سَيْنَآءَ ﴾ ئەمە جۆرە خوێندنەوەیەکەو، بە (سِيناء)یش خوێنراوەتەوە، (طُورِ سِيناء)، بۆیەش لێرە باسی زەیتوون دواخراوە لە دارخورماو دارمێو (ترێ)، چونکە ویستراوە چاکەی خوا ﷻ زیاتر دەربخرێ لە زەیتووندا، کە هەم وەک میوە بەکاردەهێنرێ و، هەم وەک بژێویش.

٩)- ﴿ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ ﴾، کە ڕۆنتان بۆ دەڕوێنێ، یانی: کە دەڕوێ ڕۆنی گرتوەتە نێو خۆی.

١٠)- ﴿ وَصِبْغٍ لِّلْـَٔاكِلِينَ ﴾، پێخۆریش بۆ خۆرەران، وشەی ﴿ تَنۢبُتُ ﴾ خوێنراویشەتەوە: (تُنبِتُ)، ﴿ تَنۢبُتُ ﴾، لە: (نَبَتَ، يَنبُتُ)، بە مانای ڕوا، دەڕوێ هاتوەو ، (تُنبِتُ) لە: (أَنبَتَ، يُنبِتُ)، چ بە سیانیی (ثُلاثِي) چ بە چواریی (رُباعِي) بێ، هەردووکیان، مانایەکیان هەیەو، لێرەدا (لازم)ن نەک تێپەڕکەر (متعدي).

ئنجا ﴿ طُورِ سَيْنَآءَ ﴾یش، بە تەئکید ﴿ طُورِ ﴾، یان بە مانای هەر کێوێک و، هەر چیایەکە، یان بە مانای چیایەکی دیاریکراوە کە لە دەشتی سینایە، وشەی (دُهن)یش یانی: ڕۆن، چەوریی، کە بە (أدهَان)، کۆ دەکرێتەوە، (صِبغ) یش، شتێکە شتێکی دیکەی پێ ڕەنگ بکرێ، کە لێرەدا مەبەست پێی پێخۆرە، لەبەر ئەوەی زەیت کە مرۆڤ پارووی لێ دەدات، ئانەکە ڕەنگ دەکات و، هەر شتێکی دیکەش کە پێخۆرە، (صِبْغ)ی، پێ دەگوترێ، پێغەمبەر ﷺ لە بارەی زەیتەوە فەرموویەتی: {كُلُوا الزَّيْتَ وَادَّهِنُوا بِهِ، فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ}⁽¹⁾، واتە: زەیت بخۆن و خۆشتانی پێ چەور بکەن، چونکە لە درەختێکی پڕ پیت و پێزە.

پێشتریش گوتمان: کە (سِيناء)، وەک چۆن بە ﴿ سَيْنَآءَ ﴾یش، خوێنراوەتەوە، بە (سِينِين)یش، لە سوورەتی (التين)دا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ۝١

---

(١) أخرجه الترمذي: ١٨٥١، والحاكم: ٧١٤٢، وقال: صحيح على شرط الشيخين، حديث أبي أسيد، وأخرجه أحمد: ١٦٠٩٧، والترمذي: ١٨٥٢، وقال: غريب، والطبراني: ٥٩٧، والحاكم: ٣٥٠٤، وقال:

وَطُورِ سِينِينَ (٢) ﴾التین، بە (سِینِین)یش، هاتوە، هەمووشی مەبەست پێی ئەو ناوچەو دەڤەرەیە کە پێی دەگوترێ: دەشتی سینا، کە ئێستا قەوارەی جوولەکە وەک چۆن دەستی بەسەر فەلەستیندا گرتوە بە داگیرکاریی و ستەم، خۆی لەوێش سەپاندوە بە دەست لە پشت دانی زلهێزان و، دەستیشی بەسەر ئەو ناوچەی سینادا گرتوە.

مەسەلەی پێنجەم:

ئاژەڵیش پەندێکی گەورەی تێدایە، کە لە شیری نێو سکی دەخۆنەوەو، سوود گەلی زۆری تێدان و، وێڕای کەشتییان بۆ بارو سواریش بەکاردێ (بە تایبەت حوشتر):

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ﴾: خوا ﷻ لەسەر ژماردن و سەرژمێرکردن و، خستنە ڕووی چاکەو نیعمەتەکانی خۆی بەردەوامە، دەفەرموێ: بە دڵنیایی لە ئاژەڵانیشدا بۆ ئێوە پەند هەیە، عیبرەت بە مانای پەندو دەرس دێ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لێیەوە دەپەڕێتەوە بۆ شتێکی دیکە، بۆ وێنە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١١١﴾ ﴾یوسف، باسی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) دەکات، لە کۆتایی سووڕەتی یوسوفدا،واتە: بە دڵنیایی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیاندا پەند هەیە، بۆ خاوەن عەقڵان.

چونکە ئەوەی هاتۆتە ڕێی ئەو پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)و، ئەوان چۆن هەڵوێستیان تێدا نواندوە، تۆ لەوەوە ئەنجامگیرییەک دەکەی، تۆش وەک ئەوان بکەی، واتە: لەوێوە دەپەڕیەوە بۆ شتێکی دیکە، دەشگونجێ لێرەدا مەبەست لە عیبرەت بەڵگە بێ، واتە: لە ئاژەڵەکاندا بەڵگە هەیە بۆ ئێوە، لەسەرچی؟ لەسەر پەروەردگارێتیی خوا، لەسەر مشوورخۆرێتیی خوا، لەسەر بەزەیی و میهرەبانیی خوا بەرانبەر بە مرۆڤەکان، وشەی ﴿ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴾، پێشتریش باسمان کردودو، سووڕەتێکیش لە قورئاندا بەو ناوە هاتووە، ئێمە بە کوردیی دەڵێین: ئاژەڵەکان، زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەم چوار جۆرە دەگرێتەوە: ڕەشە

وڵاخ دەگرێتەوە بە نێرو مێ، واتە: گاو مانگاو، گامێش و کەڵ، پاشان مەڕ دەگرێتەوە، ئەویش دیسان بە هەردوو جۆری نێرو مێ، مەڕو بەران، دوایی بزن دەگرێتەوە، ئەویش بە هەردوو جۆری بزن و نێریی، حوشتریش دەگرێتەوە، ئەویش دیارە بە هەردوو جۆری نێرو مێی (نَاقَة) و (جَمَل)، لە کوردییدا هەر دەڵێین: حوشتر، یان ئەگەر بگوترێ: حوشترە نێر یان حوشترە مێ، چونکە لە کوردستاندا نەبووەو، ناوێکی تایبەتییان بۆ نێرو مێیەکەی دانەناوە، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا لەبەر ئەوەی زیاتر لە نێو گەلی عەرەبدا بووە، بە نێرەکەی دەڵێن: (جَمَل)، بە مێیەکەی دەڵێن: (نَاقَە)و، بە هەردووکیان دەڵێن: (إبِل) و (بَعیر)، بۆ هەردووکیان بەکاردێن.

٢)- ﴿نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا﴾، لەوەی کە لە سکیان دایە بە ئێوەی نۆش دەکەین، بە ئێوەی دەخۆینەوە، خوێنراوەتەوە: ﴿نُّسۡقِيكُمۡ﴾، خوێنراویشەتەوە: (نَسقِیکُم)، چونکە (سَقَاهُ)، یانی: خواردنەوەی پێداو (أسقَاهُ)ش، هەر یانی: خواردنەوەی پێدا، مەبەستیش لەوەی لە سکیان دایە، شیرەکەیانە.

٣)- ﴿وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٞ﴾، بۆ ئێوە سوود گەلی زۆریان تێدایە، لەو ئاژەڵانەدا، لە خورییەکەیان، لە تووکەکەیان، لە مووەکەیان، خوری مەڕ، تووکی حوشتر، مووی بزن، پێستی ڕەشە وڵاخ، بەڵکو لە پاشەڕۆکیشیان، لە قشپل و شیاکەو ڕیخەکەشیان و، لە ئێسکەکانیشیان، لە هەموو شتێکیان ئێمە دەتوانین بەهرە وەربگرین.

٤)- ﴿وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ﴾، لێشیان دەخۆن، کە مەبەست پێی گۆشتەکەیانە.

ئنجا هەر ئەوەندەش نا.

٥)- ﴿وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ﴾، لەسەر ئەوان (ئەو ئاژەڵانە)و، لەسەر کەشتییش هەڵدەگیرێن، واتە: بۆ بارو سواریش بەکاریان دێنن، هەڵبەتە ئەوەی لەنێو ئاژەڵاندا بە کەڵکی بارو سوار بێ، حوشترە بە پلەی یەکەم و، بە پلەیەکی دیکەش گامێش و کەڵ، لەگەڵ گاو مانگا، بەڵام هەندێ لە زانایان گوتوویانە: وشەی (الأنعام)، وێڕای ئەو چوار

جۆرە، ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە، واتە: کەرو ئێسترو ماین و بارگین و ئەسپ، ئەوانەش هەموویان دەگرێتەوە، ئنجا ئەگەر ئەوان بگرێتەوە، ئەو کاتە ئەم واتایە لێرەدا باشتر دەچەسپێ، چونکە مەگەر بە دەگمەن، ئەگەرنا مەڕو بزن هیچ بەکارناهێنرێن بۆ بارو سوار، چونکە توانای ئەوەیان نیە، بەڵکو ڕەشە وڵاخیش کەمتر وایە بەکاربهێنرێ، بەڵام حوشتر بە تەئکید بەکاردەهێنرێ.

بەڵام ئەگەر بڵێین: (**الأنعام**)، وێڕای ئەو چوارانە کە گۆشتیان دەخورێ، ئەوانی دیکەش دەگرێتەوە، کە وڵاخە بەرزەو کەرو ئێسترن، ئەو کاتە ئەو بۆچوونە زیاتر پشتگیریی ئەو ڕایە دەکات، کە وشەی (**الأنعام**)، هەر ئەو چوارە ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو چوارانە دەگرێتەوە، لەوانەی گۆشتیان دەخورێ، بەڵام ئاژەڵەکانی دیکەش دەگرێتەوە کە بۆ بارو سوار بەکاردەهێنرێن.

سونەتە کاتێ ئینسان خواردن دەخوات، ئنجا ئەگەر گۆشت بێ، ئەگەر هەر شتێکی دیکە بێ، ئەم دوعایە بخوێنێ:

{الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ} (أخرجه أحمد برقم ١٥٦٧٠، وأبو داود برقم ٤٠٢٣، والترمذي برقم ٣٤٥٨، وقال: حسن غريب، وابن ماجه: ٣٢٨٥، والطبراني برقم ٣٨٩، والحاكم: ١٨٧٠، وقال: صحيح على شرط البخاري)، واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی ئەو خواردنەی پێدام و کردیە بژێووم، بەبێ جووڵەو توانایەک لەمنەوە، (خوای پەروەردگار ڕەخساندوویەتی).

(**محمد راتب النابلسي**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] تۆزێک بۆمان باسی چۆنیەتی دروست بوونی شیر دەکات، دەڵێ:

خانە گوانییەکان (**الخلايا الثدية**)، ((**ثُدي**)، هەم بە مانای گوان و، هەم بە مانای مەمکیش دێ)، کە لە مانگادا هەن، وەک: گومبەزێک وان، چەندان وردە دەماریان تێدان، زۆر بچووک و باریکن، ئەو وردە دەمارانە خوێنیان تێدایە، ئەو

خانەیە لە هەرچی زانای سەر زەوییە زاناترە، چونکە لەو خوێنە پێویستیی خۆی، لە خوێ و شەکرو ڤیتامینەکان و مادده کانزاییەکان وەردەگرێ و، شیرێکی خۆش و ئاسان چووە خوار لە گەرووی لێ دروست دەکات، دڵۆپێک لەو شیرە دەخاتە نێو ئەو گومبەزەوەو، لەوێدا کۆدەبێتەوە (لە گوانی مانگادا)، سەرەنجام ئێمە شیرێکی خۆش و زۆڵاڵ و بەتامـمان دەست دەکەوێ.

ئنجا ئەوە بە نسبەت مانگاوە، وایگوتوە، بەڵام بە نسبەت حوشتریشەوە، (مێیەی حوشتر)، هەروەها بە نسبەت مەڕو بزنیشەوە، هەر وایە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَيۡهَا وَعَلَى ٱلۡفُلۡكِ تُحۡمَلُونَ ﴾، واتە: ئێوە لەسەر ئەو ئاژەڵانەو، لەسەر کەشتییش سوار دەکرێن، واتە: هەم لە وشکانیی، هەم لە دەریادا، وەک لە سووڕەتی (الإسراء)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ ﴿٧٠﴾ ﴾، واتە: ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرتوەو، هەڵمانگرتوون لە وشکانیی و لە دەریا، لە وشکانیی لەسەر پشتی ئەو وڵاخانەو، لە دەریاش دا لەسەر کەشتیی، هەڵبەتە کاتی خۆی بەس بارەبەری ژیاندار هەبوون، بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بەڵام ئێستا خوا یارمەتی مرۆڤی داوە کە زۆر هۆکاری دیکەی بارو سوارو هاتوچۆ دروست بکات، هەر لە سەیارەو شەمەندەفەرو، فڕۆکەو هەموو ئەو ئامرازانەی دیکە، کە بەکاردەهێنرێن بۆ بارو سوارو هاتن و چوون، لە ناو وشکانیی و هەوادا.

سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان ئایەتـەکانی (٢٣ - ٥٠)، واتـە: بیسـت و هەشـت (٢٨) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی و، لـەو (٢٨) ئایەتـەدا، خـوا ﷻ سـەرەتا بـاسی بەسـەرهاتی نـووح و گەلەکـەی گێڕراوەتـەوە، پاشـان بـاسی پێغەمبەرێکـی دیکـە کـراوە صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر هەمـوو پێغەمبـەران بـێ، کـە نـاوی نەهێـنراوە، بـەڵام بـە مەزەنـنە پـێ دەچـێ صالـح بـێ، کـە بـۆ گـەلی (ثمـود) نێـردراوە صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر صالـح.

دوایـی بـە گشـتیی بـاسی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام)و گەلەکانیـان کـراوە، کـە سـەرجەمیان بـە هـۆی کوفـرو بـە درۆ دانانیانیـەوە، فەوتێـنراون، دوایـی بـاسی مووسـاو هـاڕوونی بـرای (عَلَيْهِـما الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) کـراوە، کـە بـۆ لای فیرعـەون و دارو دەسـتەکەی نێـرراون و، سـەرەنجام فیرعـەون و گەلەکـەی، بەهـۆی خـۆ بەزلگریی و خۆ بـەرز کردنـەوە بەسـەر مووسـاو پەیامەکەیدا، شایسـتەی سـزادان بـوون و فەوتێنـدراون.

دوایـش ئاماژەیەکـی کـورت بـە عیسـاو دایکـی کـراوە، صـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر عیسـا بـێ و، خـوا لـە دایکـی (مەریـەم) ڕازی بـێ.

﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ
﴿٢٣﴾ فَقَالَ ٱلۡمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيۡكُمۡ وَلَوۡ
شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ مَّا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا رَجُلُۢ بِهِۦ جِنَّةٞ
فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٖ ﴿٢٥﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٢٦﴾ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ أَنِ ٱصۡنَعِ
ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا وَوَحۡيِنَا فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ فَٱسۡلُكۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ

وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ مِنْهُمْ ۖ وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۖ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ
﴿٢٧﴾ فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٨﴾
وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٢٩﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ
أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۖ
أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ
ٱلدُّنْيَا مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَئِنْ
أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٣٤﴾ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَنَّكُم
مُّخْرَجُونَ ﴿٣٥﴾ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا
نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ
رَبِّ ٱنصُرْنِى بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٣٩﴾ قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴿٤٠﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ
فَجَعَلْنَٰهُمْ غُثَآءً ۚ فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴿٤٢﴾
مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٤٣﴾ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ ۚ
فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ ۚ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ
وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا
عَالِينَ ﴿٤٦﴾ فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا۟ مِنَ
ٱلْمُهْلَكِينَ ﴿٤٨﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً
وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴿٥٠﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها بە دڵنیایی نووحمان نارده لای گەلەکەی، گوتی: ئەی گەلەکەم! خوا بپەرستن، جگە لەو هیچ پەرستراوێکتان نیە، (شایستەی پەرستران بێ)، ئایا پارێز (لە خوا) ناکەن؟ (کە جگە لەوی بپەرستن) ﴿٢٣﴾ دەسترۆیشتووانی بێبڕوا لە گەلەکەی گوتیان: ئەم (نووح)ە، تەنیا بەشەرێکی وەک ئێوەیە، دەیەوێ خۆیتان بەسەردا هەڵبژێرێ (وەک سەرۆک)، ئەگەر خوا ویستبای (پێغەمبەر بنێرێ) فریشتەیەکی دادەبەزاند، شتی وامان لە باب و باپیرانی پێشوومان‌دا نەبیستوە ﴿٢٤﴾ ئەو بەس پیاوێکە شێتیی تووش بووە، بۆیە بۆ ماوەیەک چاوەڕێی بکەن (بمرێ یان چاک بێتەوە) ﴿٢٥﴾ (نووح) گوتی: پەروەردگارم! لە بەرانبەر بە درۆدانانیاندا سەرمبخەو پشتم بگرە ﴿٢٦﴾ ئێمەش سروشمان بۆلا کرد، کە لەژێر چاودێریی‌ماندا بەپێی ڕێنمایی‌مان، کەشتیی دروست بکە، ئینجا هەر کات فەرمانمان هات و تەندوور دەرقوڵی، لە هەر جووتێک (لە ژیانداران)، دووان و خێزانەکەشتی، جگە لەوەی بڕیاری پێش وەختی لەبارەوە دراوە، (کە بفەوتێ)، بیخە نێوی و، لە بارەی ئەوانەشەوە کە ستەمیان کردوە، مەمدوێنە، چونکە بە دڵنیایی خنکێنراون ﴿٢٧﴾ ئینجا هەر کات خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن، سواری کەشتییەکە بوون، بڵێ: ستایش بۆ ئەو خوایەی لە کۆمەڵی ستەمکاران دەربازی کردین ﴿٢٨﴾ هەروەها بڵێ: پەروەردگارم! لەجێیەکی بەپێز دامبەزێنەو، تۆش باشترین دابەزێنەرو نیشتەجێ کاری ﴿٢٩﴾ لەو (بەسەرهات)ەدا، نیشانە گەل هەن و، ئێمەش تاقیکەرەوەین (بۆ مرۆڤەکان) ﴿٣٠﴾ دوایی پاش ئەوان سەدەیەکی دیکەمان (لە خەڵک) پێگەیاند ﴿٣١﴾ لە نێویاندا پێغەمبەرێکمان نارد، پێی گوتن: خوابپەرستن هیچ پەرستراوێکی دیکەتان نیە، (شایستەی پەرستران بێ)، ئایا پارێز ناکەن (لە سزای خوا لەسەر هاوبەشدانان)؟! ﴿٣٢﴾ دەسترۆیشتووە بێبڕواکانی گەلەکەی کە بڕوایان بە دیداری

دوارۆژ نەبووو، لە ژیانی دنیادا خۆشگوزەرانمان کردبوون، گوتیان: ئەمە تەنیا بەشەرێکی وەک خۆتانە، هەر لەوە دەخوات کە ئێوە لێی دەخۆن و، لەوەش دەخواتەوە کە ئێوە لێی دەخۆنەوە (٣٣) بە مسۆگەرییش ئەگەر فەرمانبەریی بەشەرێکی وەک خۆتان بکەن، کەواتە: ئێوە لە زیانبارانن (٣٤) ئایا بەڵێنتان پێ دەدات کاتێک مردن و بوونەوە بە خۆڵ و ئێسکە (پڕتووکاوە)کان، ئێوە لە زەوی دەردەهێنرێنەوە؟! (٣٥) ئەوەی گفتتان پێ دەدرێ، دوورە دوور (٣٦) ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، دەمرین و دەژین و، ئێمە لە زیندوو کراوان نابین (٣٧) ئەو (پیاو)ە بەس پیاوێکە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ و، ئێمەش بۆی نابینە بڕوادار (٣٨) (پێغەمبەرەکەیان) گوتی: پەروەردگارم! لە بەرانبەر ئەوەدا کە بە درۆیان داناوم، پشتم بگرەو سەرم بخە! (٣٩) (خوا) فەرمووی: دوای کەمێک ئەوانە لە پەشێمانان دەبن (٤٠) یەکسەر چریکەو هاڕەیەکی بە هەق گرتنی و، کردماننە پووش و پەڵاش، ئنجا کۆمەڵی ستەمکاران هەر دووربن (٤١) ئنجا دوای وان چەند سەدەیەکی دیکەمان (لە خەڵک) پێکهێنان (٤٢) هیچ کۆمەڵێک (لەو سەدە فەوتێنراوانە) لە ئەجەلی خۆی نە پێش کەوتوەو نە دواکەوتوە (٤٣) دوایی پەیتا پەیتا بە دوای یەکدا پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردن، هەر کۆمەڵێک پێغەمبەرەکەی دەهاتە لای، بە درۆیان دادەنا، ئیدی هەندێکیانمان بە دوای هەندێکیان خستن (لە فەوتاندندا)و، کردماننە قسەو بەسەرهاتی کۆڕو مەجلیسان، کۆمەڵێک کە بڕواناهێنن با هەر دووربن (٤٤) دوایی مووساو هارونی برایمان بە نیشانەکانمان و بەڵگەیەکی ڕوونەوە ناردن (٤٥) بۆ لای فیرعەون و دەست و پێوەندەکان، بەڵام خۆیان بە زلگرت و کۆمەڵێکی خۆ بەرز کەرەوە بوون (٤٦) گوتیان: ئایا بڕوا بە دوو بەشەران بێنین، کە وەک خۆمانن و، گەلەکەشیان ملکەچمانن و ژێر دەستمانن؟ (٤٧) ئیدی بە درۆیان دانان و سەرەنجام لە فەوتاوان بوون (٤٨) بە دڵنیاییش کتێب و بەرنامەمان بە مووسا دابوو، بەڵکو ڕێی ڕاست بگرن (٤٩) کوڕی مەریەم (عیسا)و دایکیشیمان کردنە نیشانەیەکی مەزن و، لە شوێنێکی بەرزی ئارام و سەرچاوەدار، پەنامان دان و سەقامگیرمان کردن (٥٠) }.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ): واتە: دەیەوێ خۆیتان بەسەردا فەڕز بکات، خۆیتان بەسەردا هەڵکێشێ، **(الفَضْلُ: الزِّيَادَةُ عَنِ الإقتِصَادِ، وَالتَّفَضُّلُ تَكَلُّفُ الفَضلِ وَطَلَبُهُ، وَالمَقصُودُ بَهِ زِيَادَةُ الشَّرَفِ وَالرِّفعَةِ)**، **(فَضل)**، واتە: زیادە لە حاڵەتی میانجیی، **(تَفَضُّلُ)**، بریتیە لەوە کە ئینسان زۆر لە خۆی بکات، خۆی بە خاوەن زیادە دابنێ، یاخود داوای بکات، لێرەدا مەبەست پێی پلەو پایەو بەرزییە، واتە: دەیەوێ خۆیتان بەسەردا بسەپێنێ و خۆیتان لێ بکاتە گەورە.

(جِنَّةٌ): یانی: شێتیی، **(التَّنوِينُ لِلنَّوعِيَّةِ أَي شَيءٍ مِنَ الجُنُونِ خَفِيفٍ، لاَ تَبْدُو آثَارُهُ عَلَيْهِ، وَهَذَا احتِرَازٌ مِنَ التَورِيط فِي حَالٍ لاَ يَقدِرُونَ عَلَى إِثبَاتِهِ)**، بۆیە دەڵێن: ﴿بِهِۦ جِنَّةٌ﴾، یانی: شتێک لە شێتیی، حاڵەتێکی شێتیی تووش بووە، وەک گوتراوە: **(وَالجُنُونُ فُنُونٌ)**، شێتییش زۆر جۆری هەن، ئەم تەنوینە بۆ جۆرە، **(جِنَّةٍ)**، یانی: جۆرێک لە شێتیی، واتە: جۆرێکی سووک کە شوێنەوارەکەی زۆر پێوە دیار نیە، ئەمە بۆیە وایانگوتوە: بۆ ئەوەی خۆیان نەخەنە نێو قسەیەکەوە کە دوایی نەتوانن ئیسپاتی بکەن، ئەگەر کەسێک گوتبای: کوا ئەوە نیە زۆر عاقڵەو زۆر تێگەیشتوویە؟ دەیانگوت: نا، ئاخر گوتوومانە: جۆرێک لە شێتیی.

(وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ): **(الفَورُ: شِدَّةُ الغَلَيَانِ وَالهَيَجَان)**، **(فَور)** بریتیە لە حاڵەتی کوڵین و هەڵچوون، ﴿وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ﴾، واتە: هەر کاتێک ئاو لە تەندوور دەرقوڵیی.

(ٱسْتَوَيْتَ): یانی: **(رَكِبتَ، وَارتَفَعتَ، وَاعتَدَلتَ)**، واتە: دوای ئەوەی خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن، سواری کەشتییەکە بوون، بۆ سەری بەرز بوونەوەو هاوسەنگ بوون لەسەری.

(وَأَتْرَفْنَٰهُمْ): واتـە: خۆشـگوزەرانمان کردبـوون، (التُّرفَـةُ: التَّوَسُّـعُ فِي النِّعمَـةِ، أتـرَفَ فَهُـوَ مُـتْرَف)، (تُرْفَـة) بریتیـە لـە فراوانیـی لـە نـازو نیعمەتـداو، دەگوتـرێ: (أَتـرَفَ)، واتـە: خۆشـگوزەران بـوو، (فَهُـوَ مُـترَفٌ)، ئـەو خۆشـگوزەرانە.

(هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ): ئـەم وشـەیە بەکاردەهێـنرێ بـۆ دوور خسـتنەوەی شـتێک، واتـە: (بَعُـدَ بَعُـدَ)، یـانی: زۆر دوورە زۆر.

(ٱلصَّيْحَةُ): (رَفـعُ الصَّـوتِ)، دەنـگ بەرزکردنـەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا (صَيْحَـة)، یـانی: چریکـەو هـاڕژن و، دەنگێکـی زۆر بـێ ڕەزا.

(غُثَآءً): (غُثـاءُ السَّـيلِ وَالقِـدْر: وَهُـوَ ما يَطفـحُ وَيَتَفَـرَّقُ مِـنَ النَّبَـاتِ اليابِـسِ)، (غُثَـاءُ السَّـيلِ وَالقِـدرِ) ئـەو پـووش و پەڵاشـەی لەسـەر لێزمـاو لافـاو دەردەکـەوێ، یاخـود ئەو کـەف و کوڵـەی لەسـەر مەنجـەڵ دەردەکـەوێ، پێـی دەگوتـرێ: (غُثَـاء) هەروەهـا ئەو پـووش و پەڵاشـە وشـکە تێکشـکاوەی کـە بـا ڕای دەماڵـێ، پێـی دەگوتـرێ: (غُثَـاء).

(تَتْرَا): (تـترا: عَـلَى فَعْـلَى مِـنَ المُوَاتَـرَةِ، أَي: المُتابَعَـةِ وَتْـراً وَتْـراً، وَأَصلُهَـا وَاوٌ فَأُبدِلَـت مِثْـلُ: تُـرَاث وَتُجَـاه)، ﴿ تَتْرَا ﴾، لەسـەر کێـشی (فَعْـلى)، لـە (مُواتَرَة)یـە، واتـە: بـە دوای یەکـدا هاتـن، یـەک یـەک (وَتـراً وَتـراً)، لـە ئەصڵـدا واوە، بـەڵام دوایـی گـۆڕدراوە وەک: (تُـراث و تُجَـاه)، ئەگەرنـا ئەصڵـی خـۆی (وَترَا)یـە.

(أَحَادِيثَ): دوو واتـای هـەن، یـان کـۆی (حَدِيـث)ە، کـە بریتیـە لـە هـەر قسـەیەک کـە دەگاتـە ئینسـان لەڕێـی بیسـتنەوە، لەحاڵـەتی بێداریـی یـان لـە حاڵـەتی خەوتنـدا، یاخـود کـۆی (أُحْدوثَة)یـە، وەک (أَعَاجِيـب) کـۆی (أُعجُوبـة)ە، واتـە: ڕووداوێکی سـەیر.

(رَبْوَةٍ): (المَكَانُ المُرْتَفِع)، واتە: گرد، شوێنی بەرز، تەپۆڵکە.

(قَرَارٍ): واتە: نیشتەجێ، شوێنی نیشتەجێ بوون.

(وَمَعِينٍ): (مَاءٌ مَعِين: ظَاهِرٌ لِلعُيُونِ)، ئاوێک کە بڕوات و بێ و چاوەکان بیبینن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین: ئێمە سوپاس و ستایش بۆ خوا، لە تەفسیری سوورەتی (هود)دا، بە تێرو تەسەلیی باسی بەسەرهاتی (نووح)مان کردوە سەلامی خوای لەسەر، نووح لەگەڵ گەلەکەیدا، هەروەها لە تەفسیری سوورەتی (الحجر)دا، باسی بەسەرهاتی صالح و گەلی (ثمود)مان کردوەو، لە تەفسیرکردنی سوورەتی (مريم)دا باسی بەسەرهاتی عیسا ﵇و دایکی (مەریەم)، (خوا لێی ڕازیی بێ) مان کردوە، هەروەها لە بەسەرهاتی مووساو هاڕوون (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)و گەلەکانیان و فیرعەونمان لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الأعراف)دا باسکردوە، ئەوەی ماویشە لە بەسەرهاتی مووساو هاڕوون صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ، لە تەفسیری سوورەتی (القصص)دا دەیخەینە ڕوو.

بۆیە لێرەدا بە کورتیی لەسەر هەم مانا گشتییەکەو، هەم مەسەلە گرنگەکانیش، دەوەستین مەگەر ئەوەی پێویست بێ بۆ لێ تێگەیشتنی ئایەتەکان، بۆیە ئەوەی لەوێ گوتراوە، بە بەس (كافي) دەزانین، لە بارەی بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لێرە زۆر ناچینە نێو وردەکارییەکانەوە، چ لێرەدا، چ دوایی لە خستنە ڕووی مەسەلە گرنگەکاندا.

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا دوای ئەوەی لە بیست و دوو (٢٢) ئایەتی ڕابردوودا، هەم باسی سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئیماندارانی کردو، هەم باسی چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤی کردو، دوایی باسی دروستکردنی حەوت ئاسمانەکان و، دابەزاندنی ئاو لە سەرێوەو، ڕواندنی باخ و بێستانەکانی خورماو ترێ و زەیتوون و میوەکانی دیکەوە، باسی ئاژەڵ و سوودو کەڵکەکانی کە لە ئاژەڵان وەردەگیرێن، باسی ئەوانەی هەموویان کرد:

ئنجا خوا ﷻ باسی بەسەرهاتی هەندێ لە پێغەمبەران دەکات، کە یەکێکیان ناویان دێنێ کە نووحەو، هەیە ناوی ناهێنێ، کەوا پێدەچێ صاڵح ﵇ بێ، هەروەها ئاماژەیەک بە مووساو هاڕوون و عیساو دایکیشی کراوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾.

ئایا گەلی نووح چ گەلێک بوون؟ ناویان نەهاتوە، گەلی هوود پێیان گوتراوە: گەلی عاد، گەلی صالح پێیان گوتراوە: گەلی ثەموود، بەڵام گەلی نووح ناویان نەهاتوە، وەک کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (هود)، لە کاتی توێژینەوەی بەسەرهاتی (نوح)دا باسمان کردوە، وا پێدەچێ نەوەندە مرۆڤە لەسەر زەوی ژیا بن، کە (نووح)یان بۆ لا ڕەوانە کراوە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، بۆیە خوای پەروەردگار ناوێکی دیارییکراوی لێ هەڵنەداون، چونکە هەر نەوەندە مرۆڤە بوون، خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی نووحمان بۆ لای گەلەکەی ڕەوان کرد، بۆ لای کۆمەڵە خەڵکەکەی کە دەبووایە پەیامی خوایان پێ بگەیەنێ، فەرمووی: ئەی گەلەکەم! خوا بپەرستن، جگە لەو، پەرستراوێکی دیکەتان نیە، واتە: جگە لەوی پەرستراوێکی دیکەتان نیە، شایستەی پەرستران بێ، ئەگەرنا پەرستراوانی ساختەو بێ نێوەڕۆک هەر بوون و بەردەوامیش هەن، ﴿ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾، ئایا پارێز ناکەن؟ یانی: ئایا خۆتان ناپارێزن لە سزای خوا؟ لەسەر ئەوەی کە جگە لە خوا بپەرستن؟

﴿ فَقَالَ ٱلْمَلَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، (مَلأ)، پێشتریش باسمان کردوە، واتە: ئەوانەی چاوو دڵی خەڵک پڕ دەکەن لە سام و هەیبەت و، لە زریق و بریق، بەڵام باشتر وایە بڵێین: دەستڕۆیشتووان و، بڕیار بە دەستان، زلە زلەکان، یانی: دەستڕۆیشتووەکانی کە بێبڕوا بوون لە گەلەکەی، لە خەڵکەکەی، گوتیان: ﴿ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، ئەمە (واتە: ئەم نووحە) ﵇ هەر مرۆڤێکی وەک خۆتانە، ﴿ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ ﴾، دەیەوێ خۆیتان بەسەردا بسەپێنێ،

خۆی لە ئێوە بە چاکتر دابنێ، یاخود بەسەرتاندا باڵادەست بێ و، خۆیتان بەسەردا بسەپێنێ، ﴿ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ ﴾، ئەگەر خواش ویستبای (ئەگەر خوا ویستبای پێغەمبەر بنێرێ)، فریشتەیەکی دادەبەزاند، ﴿ مَّا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، شتی ئاوامان نەبیستوە لە باب و باپیرانی پێشووماندا، ﴿ إِنۡ هُوَ إِلَّا رَجُلُۢ بِهِۦ جِنَّةٞ فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٖ ﴾، ئەمە تەنیا پیاوێکە جۆرێک لە شێتیی تێدایە، بۆیە چاوەڕێی بکەن، تاکو کاتێکی دیارییکراو، کە یان شێتییەکەی نامێنێ، واز لەو قسانە دێنێ، یاخود دەمرێ و لە کۆڵمان دەبێتەوە.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین! دەبینین گەلی نووح ئەوانە پێنج شتیان هێناونەوە، دەسترۆیشتووانی گەلی نووح، بۆ پەرچدانەوەی نووح و، بۆ پاساو دانەوەی ئەوە کە بڕوای پێ ناهێنن، پێنج شتیان باس کردوون.

یەکەم: گوتوویانە: ﴿ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ ﴾، ئەمە بەس مرۆڤێکی وەک خۆتانە، ئەمە بیانوویەکی لەمێژینەی هەموو دوژمن و ناحەزانی پێغەمبەران بووە، کە مرۆڤ بوونی پێغەمبەرانیان کردۆتە، بەڵگە لەسەر ئەوەی ڕاست ناکەن، ڕەوانەکراوو پێغەمبەری خوا بن.

دووەم: گوتوویانە: ﴿ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيۡكُمۡ ﴾، دەیەوێ خۆیتان بەسەردا هەڵکێشێ، خۆی لەئێوە بە چاکتر دابنێ، خۆیتان بەسەردا بەرز بکاتەوە، کە لەڕاستییدا ئەوان خۆیان وابوون، ئەو خۆ بەزلگرو ئەو دەسترۆیشتووانە، خۆیان بەسەر خەڵکە ڕەش و ڕووت و جەماوەرە هەڵخەڵەتاوەکەدا سەپاندوە، وەک گوتراوە: (هەر کەسە لە هەمبانەی خۆیدا گوێزان دەژمێرێ)، ئەوانەش (قِیاسُ النَّفس)یان کردوە، ئەوەی لە خۆیاندا هەبووە، وایانزانیوە (نووح)یش هەر وایە، ئێستاش هەر وایەو، ئێستاش کەسانێک کە بە ڕێی خواو پێغەمبەری خوادا ﷺ دەڕۆن و، خەڵک بانگ دەکەن بۆ لای شەریعەتی خواو هیدایەتی خوا، حیزبە عەلمانیی و دنیاییەکان، کە سەر بەرەو ئاسمان بەرز ناکەن و، حیساب بۆ خواو پێغەمبەری خواو بۆ وەحیی خوا ناکەن و، بروایان بە ڕۆژی دوایی

نیە، خەڵک ئاوا چەواشە دەکەن، دەڵێن: ئەوانەش تەنیا مەبەستیان کورسییەو هەر دەیانەوێ دەسەڵات وەربگرن!!

ئنجا هەرچەندە ئەوە ڕاست نیە، بەڵام گریمان ڕاستیش بکەن، بێگومان کورسییەک کە لەسەری دادەنیشێ بە جوانیی و بەڕێکیی و هەقیی خۆی پێ دەدەی و، بۆیە لەسەری دادەنیشێ خزمەتی خەڵک بکەی و، خوا لە خۆت ڕازیی بکەی، زۆر جیایە لە کورسییەک یان لە شێوە دانیشتن لەسەر کورسییەک، کەسێك بۆیە لەسەری دادەنیشێ، خۆی بەسەر خەڵکیدا بکاتە پەرستراوو تەقدیسی بکەن و، لە جیاتی خوا بیپەرستن و، قسەکانی لە جیاتی ئایەتەکانی خوا دابنێن، ئەو دوو شێوە مامەڵە کردنە زۆر جیان!

ئەگەرنا ڕاستە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) نەهاتوون، بەس ئامۆژگاریی خەڵک بکەن و بڕۆن، بەڵکو هاتوون کۆمەڵگا بگۆڕن و، ئەمرو نەهی کۆمەڵگا بە دەستەوە بگرن، ئەگەر خەڵک پشتیان بگرێ، بەڵام بۆچی؟ ئایا بۆ ئەوەی ئیمتیازە ماددیی و مەعنەوییەکان بۆ خۆیان و بنەماڵەو خزم و دەوروبەریان قۆرخ بکەن، یان بۆ ئەوەی نیعمەتەکانی خوا لە خزمەت هەموو خەڵکدا دابنێن و، خۆشیان ژیانێکی سادەی وەک هی وەک خەڵک بگوزەرێنن، نەک بچنە بورجی بەرزەوەو، قۆرخکاریی و گەندەڵیی بکەن، وەک ئێستا هەموو دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن، تەوژمی ئیسلامیی و خەڵکی موسوڵمان و دیندار تۆمەتبار دەکەن، بەوەی کە لەخۆیاندا هەیە و، لە هەمبانەی خۆیاندا گوێز دەژمێرن.

سێیەم: گوتوویانە: ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً﴾، ئەگەر خواش ویستبای ئوێنەر بنێرێ و پێغەمبەر بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاند، هەڵبەتە لە سوورەتی (الأنعام)دا، خوای پەروەردگار وەڵامی ئەوەی داوەتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَاهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَاهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ۝٩﴾ الأنعام، ئەگەر فریشتەیەکمان ناردبایە، دەبووایە لە شێوەی پیاوێکدا ناردبامان، چونکە فریشتە لەسەر شێوەی ئەصڵیی خۆی نابینرێ، ﴿وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ۝٩﴾ الأنعام، (لَخَلَطْنَا عَلَيْهِم مَا يَخْلِطُون)،

ئەو کاتە لێمان تێکەڵ دەکردن، ئەوەی کە لە خۆیانیان تێکەڵ کردوە، یانی: ئەگەر ئەو کاتە ئەو پیاوە بیگوتبایە: من فریشتەم، دەیانگوت: کێ دەڵێ تۆ فریشتەی، تۆش بەس مرۆڤی؟ لێیان تێکەڵ دەبوو.

ئەوانە چونکە بە پاشخانێکی بێبڕواییەوە تەماشای مرۆڤ دەکەن، بۆیە پێیان وایە: مرۆڤ شایستەی ئەوە نیە نوێنەرو ڕەوانەکراوی خوا بێ، بەڵام ئەگەر بە پاشخانی ئیمانیی تەماشای مرۆڤ بکرێ، مرۆڤ زۆر بەڕێزە، بەڵام ئەگەر بە پاشخانی کوفرەوە تەماشای مرۆڤ بکرێ، دەگوترێ: مرۆڤ مەیموون زادەیەو، لە قالۆنچەو ئەمیباوە هاتوە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئیمانەوە تەماشای مرۆڤ بکەین: مرۆڤ جێنشینی خوایەو، هەڵگری ئەمانەتی خوایە، مرۆڤ، خوا هەموو فریشتەکانی فەرمان پێکردوە کڕنووشی ڕێزگرتن بۆ ئادەم بەرن، بۆ بابی مرۆڤان، مرۆڤ زۆر بەڕێزەو، خواش دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾﴾الإسراء.

چوارەم: گوتوویانە: ﴿مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ﴾، ئێمە ئەوەمان نەبیستوە لە باب و باپیرانی پێشووماندا.

کە ئەمەیان درۆ بووە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾فاطر، هیچ کۆمەڵگایەک نەبووە (هیچ کۆمەڵە خەڵکێک نەبووە)، مەگەر ڕەوانەکراوو وریاکەرەوەیەکی تێدا نێردراوە.

پێنجەم: گوتوویانە: ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌۢ بِهِۦ جِنَّةٌ﴾، ئەمە بەس پیاوێکە جۆرێک لە شێتیی هەیە، ﴿فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٍ﴾، ئنجا چاوەڕێی بکەن تاکو کاتێکی دیارییکراو، یانی: بڕوای پێ مەهێنن، لێی لە بۆسەدا بن، کەنگێ دەفەوتێ، یان شێتییەکەی لادەچێ و واز لەو قسانە دێنێ.

﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ﴾، نووح ﷺ گوتی: پەروەردگارم! بە هۆی ئەوەوە کە من بە درۆ دادەنێن، پشتم بگرەو سەرم بخە، یەکسەر خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَأَوْحَيْنَآ﴾، بە (ف)ی بەدوادا هاتن (تعقیب)، یەکسەر دوای

ئـەوە پەیامـمان بـۆ نـارد، ﴿ أَنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا ﴾، کـە کەشـتیی دروسـتبکە لـە ژێـر چاودێریـی ئێمـەداو بـە پەیامـی ئێمـە، بەپێـی ڕێنمایـی ئێمـە.

﴿ فَإِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ ﴾، هـەر کاتێـک فەرمـانی ئێمـە هـات و، تەنـدوور دەرقوڵـی (ئـاوی لـێ هەڵقوڵـی)، ﴿ فَٱسْلُكْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴾، لـە هەر جووتێـک دووانی بخـە نێـو ﴿ وَأَهْلَكَ ﴾، هەروەهـا مـاڵ و خێزانەکەی خۆشـتی بخە نێـو، ﴿ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ مِنْهُمْ ﴾، جگـە لـەوەی کـە بڕیـاری پێشـوەختیان لەبـارەوە دراوە، (کـە ژنەکـەی بـوو، لەگـەڵ یەکـێ لـە کـوڕەکانی کـە دەڵێـن: نـاوی کەنعـان بـووە)، ﴿ وَلَا تُخَٰطِبْنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴾، لـە بـارەی ئەوانـەوە کـە سـتەمیان کـردوە مەمدوێنـە، بـە دڵنیایـی ئـەوان لـە خنکێندراوانـن، ئنجـا ئەوانـەی سـتەمیان کـردوە، چ ژنەکـەی، چ کوڕەکـەی، چ خەڵـک و زۆربـەی هـەرە زۆری کۆمەڵگایەکـەی.

﴿ فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ ﴾، ئنجـا هـەر کاتێک تـۆو ئەوانەی لەگەڵتدان، چوونـە سـەر کەشـتییەکە، سـەقامگیر بـوون لەسـەری، ﴿ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بڵێـن: سـتایش بـۆ ئـەو خوایـەی دەربـازی کردیـن لـە کۆمەڵـی سـتەمکاران، ئـەوان بـە تۆفـان دەخنکێـن و، لـە بەیـن دەچـن، ئێمـەش سـواری کەشـتیی نەجـات بوویـن و دەربازمـان بـوو، ﴿ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴾، بشـڵێ: پـەروەردگارم! لـە شـوێنێکی بـە پیـت و پێـزدا دامبەزێنـەو، تـۆ باشـترینی دابەزێنـەران و نیشـتەجێکەرانی، کـە لەسـەر چیـای جوودیـی کەشـتییەکە لەنگـەری گـرت، وەک خـوا فەرموویەتـی: ﴿ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّ ٤٤ ﴾هـود، چیـای جوودییـش، ئێسـتا دەکەوێتـە باکـووری کوردسـتان، بەشـە کوردسـتانی سـەر بـە دەوڵـەتی تورکیـا.

﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴾، لەوەدا کە باسـکرا، لەو بەسـەرهاتەدا نیشـانەی زۆر هـەن و، ئێمـە لـە تاقیکەرەوانیـن، واتە: بەنـدەکانی خۆمان تاقـی دەکەینەوە.

ئەوە بەسەرهاتی نووح کە خوا بە کورتیی، ئاماژەیەکی پێکرد.

...

﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴾، ئنجا لە دوای وان، سەدەیەکی دیکەمان پێکەیاند، واتە: خەڵکێکی دیکە کە هاوتەمەن بوون و، هاو کات لە یەک کاتدا دەژیان، (قَرن)، (أناس يَعيشُونَ مُقتَرِنِينَ فِي زَمَنٍ مُحَدَّدٍ)، خەڵکێک کە لە کاتێکی دیاریکراودا پێکەوە دەژین، ﴿ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾، لە نێو واندا پێغەمبەرێک لە خۆیانمان ڕەوان کرد، ﴿ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ﴾، کە پێیگوتن: خوا بپەرستن، جگە لەو پەرستراوێکی دیکەتان نیە، ﴿ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾، ئایا خۆتان ناپارێزن؟ وەک پێشتر باسمان کرد لێرەدا ناوی پێغەمبەرەکە نەهاتوە صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەموو پێغەمبەران بێ و، ناوی گەلەکەشیان نەهاتوە، بەڵام وەک دوایی دەیگەینێ بە مەزنندە وا پێدەچێ: گەلی ثەموود بووبن و، پێغەمبەرەکەشیان صالح عليه السلام بووە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، دەستڕۆیشتووان و بڕیار بەدەستان لە گەلەکەی، ئەوانەی بێبڕوا بوون و دیداری ڕۆژی دواییان بە درۆ دادەناو، لە ژیانی دنیادا خۆشگوزەرانمان کردبوون، گوتیان: ﴿ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، ئەمە (واتە: ئەم پێغەمبەرە)، تەنیا مرۆڤێکی وەک خۆتانە، ﴿ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴾، لەوەی کە ئێوە لێی دەخۆن دەخوات و، هەمان شتیش کە ئێوە دەیخۆنەوە ئەویش دەیخواتەوەو، واتە: بەڵگە دێننەوە لەسەر ئەوەی مرۆڤێکی وەک خۆتانە، لەبەر ئەوەی ئەویش وەک ئێوە خواردن و خواردنەوەی هەیە، ﴿ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴾، ئنجا ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی مرۆڤێکی وەک خۆتان بکەن، بە دڵنیایی ئێوە لە زیانبارانن!

لە حاڵێکدا ئەو دەستڕۆیشتووانە خۆشیان ئەو خەڵکەیان ژێر چەپۆک و بندەست کردوەو، بە چاوی کۆیلەو خزمەتکار تەماشایان کردوون، بەڵام ئەگەر پێغەمبەرێکی پایە بەرزی خوا بێ، هیدایەتی خوایان بۆ بێنێ و، ئەو بەزم و بازاڕە لە زلەزلەکان و لەو بڕیار بەدەستە گەندەڵ و پووچەڵانە تێکبدا، خەڵکەکەیان

پێ زیانبارە! کە ئەوەی ئەوان گوتوویانە ڕێک پێچەوانەیەوە، ئەگەر ئەو خەڵکە بە دوای پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بکەوێ، هەم پێکەوە دەبنە براو، پێکەوە تەبا دەبن و، کەس کەڵکەڵەی کوێخایەتیی لە کەللەدا نابێ بەسەر ئەوانی دیکەدا، کەس بەوی دیکە ناڵێ من لە تۆ گەورەترم و چاکترم، هەموومان بەندەی خواین و پێکەوە تەباو براین، بەوە خەڵک قازانج دەکات، ئەو واقیعەی کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) هاتوون بیگۆڕن، خەڵکەکە بەوە زیانبار بووە، کە چەند کەسێکی وەک خۆیان، خۆیان بەسەردا فەرز کردوون و، حوکمێکی میراتیی و، بنەماڵیی و، حوکمێکی خۆ سەپاندنیان بەسەردا فەرز کردوون و، دەستیان بەسەر نازو نیعمەتەکانی ئەو وڵاتەدا گرتوەو، بۆ خۆیان و دارو دەستەکەیان لێی بەهرەمەند بوون، خەڵکیشیان وەک کۆیلەو خزمەتکار تەماشا کردوە، ئەوە حاڵەتە زیانبارییەکەی خەڵک و جەماوەرە فریودراوەکە بووە.

پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) هاتوون ئەو حاڵەتە زیانبارییە کە بۆ جەماوەرە ڕەش و ڕووتەکە هاتۆتە پێش، بیگۆڕن و، بیانخانە حاڵەتێکەوە کە تێیدا سەر بەرز بن و، مرۆڤ بن، کەس خۆیان لێ نەکاتە پەرستراوو پەروەردگار، یانی: ئەوەی کە ناحەزانی پێغەمبەران و بڕیار بە دەستان و خۆ فەرز کەرەکان، گوتوویانە، ڕێک پێچەوانەی واقیع بووە.

دوایی دەڵێن: ﴿ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴾، ئایا هەڕەشەتان لێ دەکات، کە ئەگەر ئێوە مردن و، بوونەوە خۆڵ و، بوونەوە ئێسکی پڕتووکاو، ئێوە دەر دەهێنرێنەوە؟ ئایا بەوە هەڕەشەتان لێ دەکات؟ کە ئەگەر بڕوا بە پێغەمبەران نەهێنن، ڕۆژێک دێ سزا دەدرێن؟ ﴿ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴾، زۆر دوورە، زۆر دوورە، ئەوەی ئێوە هەڕەشەتان پێی لێ دەکرێ، هەرگیز شتی وا نابێ.

بۆ زانیارییتان براو خوشکانی مسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست!

هەمیشە ئەهلی کوفر ویستوویانە خەڵک لە خوا دوور بخەنەوە، لە ئیمان هێنان بە خواو ڕۆژی دوایی بە فریشتەکان و بە کتێبەکان و بە وەحیی خوا دووری بخەنەوە، تاکو زەمینەیان بۆ خۆش بێ لە جیاتی خوا، خۆیانیان بەسەردا فەرز بکەن و، لە جیاتی پێغەمبەرانی خوا، خۆیان لێ بکەنە دەمڕاست و چاو ساغ و، لە جیاتی ئەوەی کە هەموویان بەندەی خوا بن، بیانکەنە کۆیلەی خۆیان و خزمەتکاری خۆیان و، کاریان زۆر لەسەر ئەوە کردوە: خەڵک بڕوای بە ڕۆژی دوایی نەبێ و، تەنیا دنیا ببینێ، ئینجا خەڵک ئەگەر تەنیا ژیانی دنیای بینی، ئەم تەنیا ژیانی دنیا دیتنە، وا لە مرۆڤ دەکات، بە هەر شێوەیەک بووە، ئەو ژیانە دنیایە بگوزەرێنێ، لەززەتێک وەربگرێ و، لە نازو نیعمەتەکان بەهرەمەند بێ، با لەسەر حیسابی و کەرامەت و ڕێزو مرۆڤایەتیشی بێ و، با بە کۆیلایەتیی و، ژێردەستەیی و بە ماستاو چییەتیش بێ، هەر چۆن بێ شتێکی دەست بکەوێ، مادام ژیان بەس ژیانی دنیایە، هەرچۆنێکی بگوزەرێ، پێنج و دوو ڕۆژێکە، با تۆزێک لەززەت بکات، بەڵام ئەگەر بڕوای بە ڕۆژی دوایی بێ، دەڵێ: نەخێر من بۆ پێنج و دوو ڕۆژێکی ژیانی دنیا، خۆم زەلیل و زەبوون ناکەم، کەرامەت و ڕێزی خۆم لە دەست نادەم، کۆیلایەتیی بۆ کەس ناکەم، کەم دەژیم و کەڵ دەژیم، بە مەردیی دەژیم و سەربەرزانەو جوامێرانە دەژیم و، بە ژیانێکی سادە ڕازییم، چاوم لە حەڕامێکی زۆرو بۆر نیەو، بە کەمێکی پاک و چاک و حەڵاڵ قەناعەت دەکەم!

بۆیە دەڵێن: ﴿ إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴾، ژیان هەر ئەم ژیانە دنیایەمانە، دەمرین و دەژین و، ئێمە زیندوو ناکرێینەوە، هەڵناسێنرێینەوە، ئەوە بە نسبەت ڕۆژی دوایەوە، بە نسبەت پێغەمبەرەکەشەوە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، گوتویەتی: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴾، ئەمە تەنیا پیاوێکە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، ﴿ وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ ﴾، ئێمەش بۆ ئەو نابینە بڕوادار، وایانزانیوە ئەگەر بڕوابێنن، دەچێتە

گیرفانی ئەوەوە، بەڵام نەیانزانیوە ئەگەر بڕوا بێنن، سوودەکەی بۆ خۆیانەو، ئەگەر بڕواش نەهێنن، زیانەکە لە خۆیان دەکەوێ.

﴿ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ ﴾، پێغەمبەرەکەیان صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، فەرمووی: پەروەردگارم! بەهۆی ئەوەوە کە منیان بە درۆ دانا، سەرمبخە، پشتم بگرە، خواش ﷻ یەکسەر وەڵام دەداتەوە:

﴿ قَالَ عَمَّا قَلِيلٖ لَّيُصۡبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴾، (خوا) فەرمووی: دوای ماوەیەکی کەم، ئەوانە لە پەشێمانان دەبن، ژیوان دەبنەوە، پەنجەی پەشێمانیی دەگەزن.

﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ بِٱلۡحَقِّ ﴾، چریکەو دەنگێکی گەورە، هاڕژنێک بە هەق گرتنی، ﴿ فَجَعَلۡنَٰهُمۡ غُثَآءٗ ﴾، ئنجا کردماننە پووش و پەڵاش، کردماننە کەفی سەر لێزماوو لافاو، کردماننە خڵتە، ﴿ فَبُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئنجا دووریی بۆ کۆمەڵی ستەمکاران، ﴿ ثُمَّ أَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴾، دوای وانیش چەند سەدەی دیکەمان پێکەیاندن، ﴿ مَا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ ﴾، هیچ کۆمەڵێک لە ئەجەلەکەی، (کاتی لە بەینبرانی) نە پێش دەکەوێ (نە پێش کاتی لە بەین برانی دەکەوێ)و نە لێشی دوا دەکەوێ، واتە: هیچ کۆمەڵگایەک هیچ ئۆممەتێک لەو کاتەی کە بۆی دانراوە، نە پێش دەکەوێ (پێشتر بفەوتێ)، نە دوا دەکەوێ (دواتر بفەوتێ)، ڕێک لەو کاتەدا کە بۆی دیاریکراوە دەفەوتێ، ﴿ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَا ﴾، دوایی پێغەمبەرانی خۆمان پەیتا پەیتا بەدوای یەکدا ناردن، ﴿ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةٗ رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ ﴾، هەر کاتێک کۆمەڵێک خەڵکێک پێغەمبەرێکیان بۆ دەهات، بە درۆیان دادەنا، (یانی: زۆربەیان)، ﴿ فَأَتۡبَعۡنَا بَعۡضَهُم بَعۡضٗا ﴾، ئێمەش هەندێکیانمان بە دوای هەندێکیان خست، (لە فەوتاندندا)، ﴿ وَجَعَلۡنَٰهُمۡ أَحَادِيثَ ﴾، هەروەها کردماننە قسەی بەرو مەجلیس، یاخود کردماننە ڕووداوی سەیرو سەمەرە، ﴿ فَبُعۡدٗا لِّقَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾، ئنجا دووریی بۆ کۆمەڵێک کە بڕواناهێنن.

ئنجا دێتە سەر باسی مووساو هاڕوونی برای، دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴾، دوایی مووساو هاڕوونی برای صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، بە نیشانەکانمان و بە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکراوە، ناردمانن، ﴿ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ ﴾، بۆ لای فیرعەون و دەست و پێوەندەکانی، بۆ لای بڕیار بەدەستانی دەوروبەری، کە هەر ماستاویان بۆ دەکردو چەپڵەیان بۆ لێ دەداو، بەدرۆ تۆباڵیان بۆ دەکێشا، ﴿ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا عَالِينَ ﴾، ئەوانیش خۆیان بە زلگرت و، هەر لە بنەڕەتیشدا خەڵکێکی خۆ بەرز کەرەوە بوون.

﴿ فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴾، ئەوانیش (بە پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانە)، گوتیان: ئایا بڕوا بە دوو مرۆڤی وەک خۆمان بێنین، کە خەڵکەکەشیان بۆ ئێمە کۆیلەن، ملکەچن، ژێر دەستن؟! ﴿ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْلَكِينَ ﴾، ئنجا بە درۆیان دانان، ئەو دوو پێغەمبەرانەی خۆیانیان بە درۆ دانان، ﴿ فَكَانُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْلَكِينَ ﴾، ئیدی سەرەنجام لە فەوتێندراوان بوون، ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴾، بە دڵنیایی بەرنامەو کتێبیشمان بە مووسا دابوو، بەڵکو ڕێی ڕاست بگرن، نەک بکەونە دوای فیرعەون و دارو دەستەکەی، (وا پێدەچێ مەبەست پێی گەلی مووسا بێت، یانی: گەلی مووسا ڕێی ڕاست بگرن، چونکە خوا ﷻ کە تەوڕاتی ناردوە، بۆ بەنوو ئیسرائیلی ناردوە، نەک بۆ قیبتییەکانی گەلی فیرعەون، چونکە وەختێ قەومی فیرعەون ئامادە نەبن، ئیمان بێنن، ئامادە نەبن ئەصڵی دین قبووڵ بکەن، مەعقووڵ نیە لق و پۆپەکان (فروع)ی ئایینیان بۆ بنێردرێن، بەڵام بەنوو ئیسرائیل دوای ئەوەی ئامادەییان دەربڕی بڕوا بە ئەصڵی دین بێنن، خوا بناسن، خوا بپەرستن و، بڕوا بە پێغەمبەری خوا بێنن، ئنجا خوای پەروەردگار تەوڕاتی بۆ ناردن کە شەریعەتێک بوو بۆ ڕێکخستنی ژیانیان.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً ﴾، کوڕی مەریەم و دایکیشیمان کردنە نیشانەیەک، نیشانەیەکی زۆر مەزن، کە چەندان نیشانەی لە خۆیدا کۆ کردوونەوە، ﴿ وَءَاوَيْنَٰهُمَآ ﴾، جەواندنمانەوەو پەناشمان پێ بردن،

﴿إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ﴾، بۆ گردێک، بەرزایییەک، کە هەم شوێنی نیشتەجێ بوون بوو، هەم ئاوو سەرچاوەشی لێ بوو، کە بێگومان ئەو شوێنە لە فەڵەستینە، ئنجا ئایا لە جەلیل (جليل)ە، یان لە ناسیرە (ناصرة) یان شوێنێکی دیکە؟ لەو بارەوەش ڕاجیایی هەیەو، بەسەرهات و چیرۆکی عیساو دایکی (مەریەم)یشمان لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی مەریەمدا باسکردوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕەوانە کردنی نووح بۆ لای گەلەکەی، بە پەیامی خوا بە یەکگرتنەوەو، تۆمەتبارکردنی بڕیار بەدەستانی گەلەکەی بۆی بە: ١- مرۆڤبوونی، ٢- ویستنی خۆ فەڕزکردنی، ٣- گوایە شێتە، بیانوو هێنانەوەشیان بۆ بڕوا نەهێنانیان، کە دەبووایە فریشتەیان بۆ بێن و، شتی واشیان لە پێشووانیان نەبیستووە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ ٱلۡمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيۡكُمۡ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةٗ مَّا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا رَجُلُۢ بِهِۦ جِنَّةٞ فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٖ ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی نووحمان بۆ لای خەڵکەکەی ڕەوان کرد، پێشتر باسمان کرد کە خوا لە قورئاندا ناوی گەلی نووحی باس نەکردوە، وەک ناوی گەلی هەندێ لە پێغەمبەرانی دیکەی هێناوە، بۆ نموونە:

١- گەلی ثەموود کە صالح پێغەمبەریان بووە.

٢- گەلی (عاد) کە هوود پێغەمبەریان بووە.

٣- گەلی مەدیەن یان (أصحابُ الأيكَة)، کە شوعەیب پێغەمبەریان بووە. بەڵام باسی ناوی گەلی نووحی نەکردوە، کە چ گەلێک بوون؟ کەوا پێدەچێ گەلی نووح هەموو مرۆڤایەتیی ئەو کاتە بووبێ.

ئنجا ئایا بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ ﴾؟ یانی: بە جەختکردنەوە؟ شارەزایانی زمان گووتویانە: (تَأكِيدُ الجُملَةِ بِ(ل) القَسَمِ و (قَد) التحقيق، تَأكِيدٌ لِلمَضمُونِ التَهدِيدِيِّ مِنَ القِصَّة)، واتە: ڕستەکە بۆیە بە (ل)ی سوێند خواردن، هەروەها بە (قَد)، بۆ ساغکردەنەوەو جەختکردنەوە هاتووە، چونکە ئەمە جەختکردنەوەیە بۆ نێوەڕۆکی هەڕەشەکارانە، کە لە بەسەرهاتەکەدا هەیە.

٢)- ﴿ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ﴾، گوتی: ئەی گەلەکەم! خوا بپەرستن، جگە لەو پەرستراوێکی دیکەتان نیە، ﴿ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (ما لَكُم مِنْ إلهٍ غَيرِهِ)، واتە: دوو شێوە خوێندنەوە (قراءة)ی هەن، هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) زۆر بە نەرم و نیانیی و میهرەبانیی خەڵکی خۆیانیان دواندوە، ﴿ يَٰقَوْمِ ﴾، ئەی خەڵکەکەی خۆم! یانی: منیش یەکێکم لە خۆتان و، بۆتان دڵسۆزم، بۆتان بە پەرۆشم، ﴿ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ﴾، خوا بپەرستن جگە لەو پەرستراوێکی دیکەتان نیە، واتە: پەرستراوێکی دیکەتان نیە، کە شایستەی پەرستران بێت، ئەگەرنا بە تەئکید پەرستراوی ساختەو بێ نێوەڕۆکیان زۆر بوون.

٣)- ﴿ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾، ئنجا ئایا پارێز ناکەن، خۆتان ناپارێزن! ئەوە نکووڵییکردنە لەوەی کە ئەوان پارێز بکەن، لە سزای خوا، بەهۆی ئەوەوە کە بڕوای پێ ناهێنن، واتە: ئێوە بۆچی خۆتان ناپارێزن، چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی خۆتان نەپارێزن لە سزاو ئازاری خوا؟ بە هۆی ئەوەوە کە ئیمان بێنن، چونکە ئەگەر ئیمانتان هێنا، دەپارێزرێن لە سزای خوا.

٤)- ﴿ فَقَالَ ٱلْمَلَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ ﴾، ئنجا دەستڕۆیشتووان و بڕیار بەدەستانی بێبڕوا لە گەلەکەی گوتیان، یەکسەر گوتیان:

٥)- ﴿ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، ئەمە تەنیا مرۆڤێکی وەک خۆتانە، هەڵبەتە هیچ کام لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ والسَّلام) نەهاتوون لاف ئەوە لێ بدەن کە مرۆڤ نین، گوتوویانە: ئێمە مرۆڤین، ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ... ﴿٦﴾ ﴾فصلت، گوتوویانە: ئێمە تەنیا مرۆڤێکین وەک خۆتان، بەڵام بێگومان مرۆڤ تاکو مرۆڤ ئاسمان و ڕێسمانیان

جیاوازە، مرۆڤێک، شایستەی ئەوە بێ خوا بیکاتە نوێنەری خۆی، لەگەڵ مرۆڤێکدا کە ژیانێکی ئاژەڵانە دەگوزەرێنێ، زۆر لێک جیان، تەنیا لە جیهانی مرۆڤدا ئەو هەموو جیاوازییەو، ئەو هەموو بەرزیی و نزمییە زۆرە هەیە، ئەگەرنا هیچ ئەسپێک نیە بەرانبەر سەد ئەسپ بێ، یان گایەک بەرانبەری هەزار گا بێ، بەڵام مرۆڤ هەیە بەرانبەر ملیۆنان مرۆڤە ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا ...﴿١٢٠﴾ ﴾النحل، واتە: ئیبراهیم بۆ خۆی ئۆممەتێک بوو، یان: ئەو لە خۆیدا ڕێبازێکی بەرجەستە کرد بوو، کە ڕێبازی تەنیا خوا پەرستیی و بەندایەتیی بۆ خوایە، بەڵام ئەوانە ویستوویانە بڵێن: مادام ئەو پێغەمبەرە مرۆڤە، بەکەڵکی ئەوە نایەت نوێنەری خواو ڕەوانەکراوی خوا بێ!!

ئنجا تۆمەتباری دەکەن:

٦)- ﴿ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ ﴾، دەیەوێ خۆیتان بەسەردا بکاتە سەرۆک، (**أي: يُرِيدُ التَرَؤُسَ وَالسِّيَادَةَ عَلَيكُم**)، دەیەوێ سەرۆکایەتیی و گەورەییتان بەسەردا بنوێنێ و، لاف ئەوە لێبدا کە زیادەی بەسەر ئێوەوە هەیە، نوێنەری خوایە.

٧)- ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً ﴾، ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای، یانی: (**وَلَو شَاءَ رَبُّنَا إرسَالَ رسُول أنزَلَ مَلائِكَة**)، بەرکار (مفعول)ی (شاء) قرتێنراوە، لەبەر ئەوەی دیارە، یانی: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای پێغەمبەرێک بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاند.

٨)- ﴿ مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، ئەمەمان لە باب و باپیرانی پێشوومانداا نەبیستوە، (**هذا**) ئاماژەیە بۆ خوا بە یەککرتن (توحید)، کە لەڕاستییدا درۆشیان کردوە، هەرچەندە ئەگەر ئەشیان بیستبایە (**إنَّ عَدَمَ العِلمِ لا يَستَلزِمُ عِلْمَ العَدَمِ**)، زانیاریی نەبوون بە شتێک، بەڵگە نیە لەسەر نەبوونی ئەو شتە، ئەگەر نەشیانبیستبێ، ئەوە ئێستا دەیبیستن با لێی وردبنەوە.

٩)- ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌۢ بِهِۦ جِنَّةٌ ﴾، ئەمە تەنیا پیاوێکە، جۆرێک لەشێتیی تێدایە، چونکە وشەی ﴿ جِنَّةٌ ﴾، تەنوینی لەسەرەو، ئەم تەنوینەش بۆ جۆرە، (**التّنوِينُ لِلنوعِيَّة**)، واتە: جۆرێک لە شێتیی، پێشتریش باسمان کرد ئەوەیان بۆیە گوتوەو نەیانگوتوە: شێتی

تەواوە، بەڵکو گوتوویانە: شێتییەکەی جۆرێک لە شێتییە، چونکە ئەگەر گوتبایان: شێتیی ڕەها (جنون مطلق)ی هەیە، خەڵکەکەی بۆیان هەبوو بڵێن: وانیە، پیاوێکی عاقڵ و بە ماریفەت و نەجیب و ڕێک و پێکە، قسەکانی هەموویان قسەی نەستەق، هەڵسوکەوتی وەک هی شێتان ناچێ! بەڵام ئێستا بۆیان هەبووە بڵێن: نا، ئاخر خۆ ئێمە نەمانگوتوە شێتی تەواوە، بەڵکو جۆرێک لە شێتیی هەیە!

١٠)- ﴿ فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾، ئنجا چاوەڕێی بکەن تاکو کاتێکی دیارییکراو، (الحِينُ: إسمٌ لِلزَّمانِ غَيرِ المُحَدَّدِ)، (حِين)، ناوە بۆ کاتێکی دیاریی نەکراو، (تَرَبّص)یش، بریتیە لە ڕاوەستان و چاوەڕێکردن، لە ئیشێکدا کە دەویسترێ بکرێ، واتە: جارێ بڕوای پێ مەهێنن و چاوەڕێ بکەن، واتە: چاوەڕێ بکەن، یان نەوەتا دەمرێ و لە کۆڵمان دەبێتەوە، یان نەوەتا شیفای بۆ دێ و، ئەو حاڵەتە شێتییەی نامێنێ و، واز لەو قسانە دێنێ.

بیانووەکانی گەلی بۆ بڕوا پێ نەهێنانی و هەڵوەشاندنەوەیان:

گەلی نووح پێنج بیانوویان هێناونەوە، بۆ بڕوا نەهێنان بە نووح ﷺ:

یەکەم: گوتوویانە: مرۆڤێکی وەک خۆتانە ﴿ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾.

دووەم: گوتوویانە: دەیەوێ خۆیتان بەسەردا فەڕز بکات و هەڵکێشێ. ﴿ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ ﴾،

سێیەم: گوتوویانە: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای پێغەمبەرێک بنێرێ، فریشتەی دادەبەزاند. ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَـٰٓئِكَةً ﴾.

چوارەم: گوتوویانە: ئێمە شتی وامان نەبیستوە لە باب و باپیرانی پێشووماندا. ﴿ مَّا سَمِعْنَا بِهَـٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ﴾.

پێنجەم: گوتوویانە: نەوە هەر پیاوێکە جۆرێک لە شێتیی تووش بووە: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌۢ بِهِۦ جِنَّةٌ ﴾.

كە بە دڵنیایی هەر كامێك لەو بیانوو تۆمەتانە، بەرپەرچدانەوەو هەڵوەشانەوەیان زۆر ئاسانە:

١) وەڵامی بیانووی یەكەم: ﴿مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثۡلُكُمۡ﴾، ئنجا با مرۆڤ بێ، بۆ چی مرۆڤ ناتوانێ ببێتە نوێنەری خوا؟ ئەگەر بە پاشخانی ئیمانیی و لە بووناسیی ئیسلامییەوە تەماشای مرۆڤ بكەین، دەبینین مرۆڤ زۆر بەڕێزە، بەڵام بە بووناسیی كوفرو شیرك و بە تێڕوانینی نەفامییانە، تەماشای مرۆڤ بكەین، دەبینین مرۆڤ شتێكی زۆر بێ نموودو بێ نرخە.

٢) وەڵامی بیانووی دووەم: كە دەڵێن: ﴿يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيۡكُمۡ﴾، لە ڕاستیی دا نووح نەیویستوە خۆیان بەسەردا هەڵكێشێ، بەڵام ئەوان لە هەمبانەی خۆیاندا گوێزیان ژماردوون، ئەگەرنا ئەو ویستوویەتی ئەو خۆ بەسەردا هەڵكێشانە لابەرێ و، خەڵك ئازاد بێ و، كەس كۆیلەی كەس نەبێ، هەموویان بەندەی خوا بن و، بەیەكەوە تەبا بن.

٣) وەڵامی بیانووی سێیەم: كە دەڵێن: ئەگەر پەروەردگارمان ویستبای فریشتەی دادەبەزاند، واتە: ئەگەر ویستبای پێغەمبەر بنێرێ، بەڵام فریشتە چۆن دەتوانێ لەگەڵ مرۆڤدا بژی، مەگەر بچێتە سەر شێوەی مرۆڤ؟!

٤) وەڵامی بیانووی چوارەم: كە دەڵێن: ئەوەمان نەبیستوە لە باب و باپیرانی پێشووماندا، ئەم قسەیان: یەكەم: درۆ بووە، چونكە هیچ كۆمەڵگایەك نەبووە پێغەمبەرانی تێدا نەبن.

دووەم: پاشان با نەشیانبیستبێ، ئێستا ئەوە دەیبیستن، فەرموون دیقەتی لێ بدەن، ئایا هەر لەبەر ئەوەی پێشتر نەتبیستوە، بڕوای پێ ناهێنی؟ ئایا هەر شتێك پێشتر نەبووە، مانای وایە ڕاست نیە؟

٥) وەڵامی بیانووی پێنجەم: گوتووشیانە: ئەوە پیاوێکە جۆرێک لە شێتیی تێدایە، کە بێگومان ئەوەش درۆ بووە، چونکە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لە لووتکەی تێرو تەواویی دابوون، لە هەموو ڕووێکەوە، لە هەموو کەسی ڕۆژگاری خۆیان عاقڵتر بوون، نەجیبتر بوون، پاکتر بوون، چاکتر بوون، ڕێکتر بوون، بەڵام بێگومان کەسێک لەپشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای کەسێک بکات، ڕەشی دەبینێت و، ئەو زلە زلەو قسە ڕۆیشتوو و، بڕیار بەدەستانە، ئەمە زیاتر جەنگێکی دەروونیی بووە لە دژی پێغەمبەران و، بۆ چەواشە کردنی خەڵکەکەی خۆیان بووە، هەروەک چۆن لە سیرەی (إبن هشام)[1]دا هاتوە: کە (الأخنس بن شريق) لە ئەبوو جەهل دەپرسێ: ئەی ئەبوولحەکەم! پێتوایە موحەممەد ڕاست بکات، یان درۆ بکات؟ ئەویش دەڵێ: دەزانم موحەممەد هەرگیز درۆی نەکردووەو، ڕاست دەکات، بەڵام ئەگەر ئێمە بڕوای پێ بێنین، عەشیرەتی ئێمە (بنو عبد الشمس) بەدوای عەشیرەتی (بنو هاشم) بکەوێ و، ئێمە هەرگیز شتی وا ناکەین.

ئنجا ئەبوو جەهل بۆ چەواشەکردنی خەڵکەکە هەر گوتوویەتی: محمد ڕاست ناکات، نەیانگوتوە موحەممەد ڕاست دەکات!، هەروەک هەموو قسە ڕۆیشتووان و بڕیار بە دەستانی گەلانی پێشووش، بەهەمان شێوە بۆ چەواشەکردنی خەڵکەکەی خۆیان، نەچوون حەقیقەتی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) چۆنە، بیخەنە ڕوو، بەڵکو تۆمەتیان بۆ هەڵبەستوون، تاکو کۆمەڵگاکانیان چەواشە بکەن.

مەسەلەی دووەم:

پاڕانەوەی نووح ﵇ لە پەروەردگاری و سروشکردنی خوا بۆی، کە کەشتیی دروست بکات و، لە هەر جووتێک دووانی تێبخات، وێڕای خێزانی، (هاوسەرو منداڵەکانی)، جگە لەوانەی بڕیاریان لە بارەوە دراوەو، هەر کاتێکیش سواری کەشتییەکە بوون، ستایشی خوا بکەن، کە لە ستەمکاران قوتاری کردوون و، لە خواش داوا بکەن، کە لە شوێنێکی پڕ پیت و پێز دایانبەزێنێ، پاشان ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە لە بەسەرهاتی نووحدا، نیشانەی زۆر هەن و، خواش مرۆڤەکان تاقیدەکاتەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ (٢٦) فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ أَنِ ٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا وَوَحۡيِنَا فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُۙ فَٱسۡلُكۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَأَهۡلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيۡهِ ٱلۡقَوۡلُ مِنۡهُمۡۖ وَلَا تُخَٰطِبۡنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِنَّهُم مُّغۡرَقُونَ (٢٧) فَإِذَا ٱسۡتَوَيۡتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلۡفُلۡكِ فَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٨) وَقُل رَّبِّ أَنزِلۡنِي مُنزَلٗا مُّبَارَكٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ (٢٩) إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ وَإِن كُنَّا لَمُبۡتَلِينَ (٣٠) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ ﴾، نووح لە پەروەردگاری پاڕایەوە، گوتی: ئەی پەروەردگارم! بەهۆی ئەوەوە کە منیان بە درۆ داناوە، سەرم بخە، پشتم بگرە، (نَصر)، بریتیە لە سەرخستنی دەستدرێژیی بۆ سەرکراو بەسەر دەستدرێژییکاردا.

٢)- ﴿ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ أَنِ ٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا وَوَحۡيِنَا ﴾، ئنجا سروشمان بۆ لا کرد کە کەشتیی دروست بکە، لەژێر چاودێریی ئێمەداو بەپێی سروش و ڕێنمایی ئێمە.

﴿ أَنِ ٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ ﴾، ڕستەیەکە مانای (أوحَينا)، ڕوون دەکاتەوە، واتە: وەحیی و سروشەکە بریتی بوو لەوە، کە کەشتیی دروست بکە، لەژێر چاودێریی ئێمەدا،

بەپێی ڕێنمایی ئێمە، چونکە وەک لە بەسەرهاتی نووح ﵇دا کاتێ خۆی باسمان کردوە، وا پێدەچێ کەشتیی نووح، یەکەمین کەشتیی بووبێ، خوا ﷻ بە وەحیی و کە بۆ نووحی کردوە، ڕێنمایی کردوە ئەو کەشتییە چۆن دروست بکات!

٣)- ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا ﴾، ئنجا هەر کاتێ فەرمانی ئێمە هات، واتە: فەرمانی ئێمە هات بە دەست پێکردنی تۆفان، ئەو تۆفان و لافاوە گەورەیەی کە هاتوە.

٤)- ﴿ وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ ﴾، هەروەها تەندوور دەرقوڵی، ئەمە سێ واتای هەن:

أ- هەر کات تەندووری نان تێدا کردن، کە گەرمەو ئاگری تێدایە، ئاوی لێ دەرقوڵی، کە ئەمە نیشانەیەک بووە، بۆ نووح ﵇.

ب- کە تۆفان دەستی پێکرد یاخود مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەگەر تەندوورێک کە ئاگری تێدایە ئاوی لێ دەربقوڵێ و هەڵبقوڵێ، دەبێ لە شوێنەکانی دیکە چۆن بێ؟ وەک خوا لە سوورەتی (القمر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَفَجَّرۡنَا ٱلۡأَرۡضَ عُيُونٗا ...﴿١٢﴾ ﴾القمر، زەوییمان هەموو کردە سەرچاوەو تەقاندمانەوە.

ج- یاخود (فَارَ التَّنُّورُ)، ڕەمزو هێمایەو تەعبیرێکە، یانی: کار لە کارترازاوەو، تەندوور گەرم بوو، وەک لە سیرەی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ کە لە جەنگی حونەیندا پێغەمبەر لە مەقامێکدا دەفەرموێ: **(الآنَ حَمِيَ الوَطِيسُ) (أخرجه أبي يعلى: ٣٦٠٦، عن أنس، قال حسين سليم بن أسد: إسناده حسن)**، واتە: ئێستا تەندوور گەرم بوو.

٥)- ﴿ فَٱسۡلُكۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، لە هەر جووتێک دووانی تێبخە، لە هەر جووتێک، واتە: لە هەر جووتێک لەو ئاژەڵ و پەڕەورو ژیاندارانەی کە خوا ﷻ زانیویەتی لە ناوێدا دەخنکێن، بۆ ئەوەی وەچەیان نەبڕێتەوە، ﴿ فَٱسۡلُكۡ ﴾، یانی: (فَأَدْخِل)، لە هەر جووتێک دووانی تێبخە، نێرو مێیەک، کە دەفەرموێ: ﴿ مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ﴾، ئەو تەنوینە یانی: (مِن كُلِّ نَوعٍ)، لە هەر جۆرێک، یان: (مِنْ كُلِّ حَيوانٍ)، لە هەر ژیاندارێک، خوێندراویشەتەوە: (مِن كُلِّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ)، یانی: لە هەر جووتێک دووان.

٦)- ﴿ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ مِنْهُمْ ﴾، هەروەها کەس و کارەکەشیی (یان: خێزانەکە شتی) تێبخە، سواربکە لە کەشتییەکەدا، مەگەر ئەوەی بڕیاری پێشوەختی لەبارەوە دراوە، کە بە تەئکید یەکیان ژنەکەی بووەو، ئەوی دیکەشیان لە قورئاندا دیارە کە کوڕەکەی بووە، کە دەڵێن: ناوی کەنعان بووە، ئەوانە بڕیاری پێشوەختەیان لەبارەوە دراوە، لەبەر ئەوەی بڕوایان بە نووح ﷺ نەهێناوە.

٧)- ﴿ وَلَا تُخَٰطِبْنِي فِي ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ ﴾، لە بارەی ئەوانەوەش کە ستەمیان کردوە، (چ لە کەس و کارەکەت، چ لە خەڵکی دیکە)، مەمدوێنە.

بۆچی؟

٨)- ﴿ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوان خنکێنراون، واتە: بڕیاریان بۆ دراوە دەبێ بخنکێنرێن، نغرۆ بن لەو لافاوەدا.

٩)- ﴿ فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ ﴾، ئنجا هەر کاتێک خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن سواری کەشتییەکە بوون، لە کەشتییەکەدا سەقامگیر بوون.

١٠)- ﴿ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بڵێ: ستایش بۆ ئەو خوایەی دەربازی کردین لە کۆمەڵی ستەمکاران، ئێمەی دەرباز کرد لەوان، ئەوان لە لافاوەکەدا خنکان و، ئێمە لەو کەشتییەدا دەرباز بووین.

١١)- ﴿ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا ﴾، (بپاڕێوە)، بڵێ: پەروەردگارم! دابەزێندێکی پڕ پیت و پێز دامبەزێنە، ﴿ مُنزَلًا ﴾، خوێنراویشەتەوە: (منْزِلاً)، (مَنزِل)، واتە: شوێنی لێ دابەزین، یانی: لە شوێنێکی پڕ پیت و پێز دامبەزێنە، کە بە دەقی ئایەت لەسەر چیای جوودیی دابەزێنراوە: ﴿ وَٱسْتَوَتْ عَلَى ٱلْجُودِيِّ ...(٤٤) ﴾هود، کەشتییەکە لەسەر چیای جوودیی لەنگەری گرت، ئەو چیایەی لە باکووری کوردستانە، کوردستانی سەر بە تورکیا.

١٢)- ﴿ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴾، تۆ باشترین دابەزێنەرو باشترین نیشتەجێکەریی، ئەی پەروەردگار.

١٣)- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ ﴾، لەوەدا نیشانەی زۆر هەن.

١٤)- ﴿ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴾، بێگومانیش ئێمە لە تاقیکەرەوان بووین،

کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ ﴾، ئەو نیشانانەی کە لە بەسەرهاتی نووحدا هەبوون، زۆر زۆرن:

١- یەکێک لەوانە خوا پێغەمبەرانی خۆی سەر دەخاو پشتیان دەگرێ.

٢- یەکی دیکە، ئەو لافاوە کە هات هەموو دنیای داگرت، کە وەک کاتی خۆی باسمان کردوە، پێ دەچێ ئیقلیمگیر بووبێ و، هەموو دنیای داگرتبێ.

٣- پاشان دروستکردنی ئەو کەشتییە بە وەحیی خوای پەروەردگارو، بە ڕێنمایی خوا.

٤- نیشانەیەکی دیکە، ئەوەیە کە بەهۆی کوفرەوە باب و کور، ژن و مێرد، لە یەک جیا دەبنەوە.

٥- نیشانەیەکی دیکە ئەوەیە، کە خوای باڵادەست سەر زەوی جۆماڵ کردوەو، گەسکێکی لێداون لەو کافرە ملهوڕانە، بۆ ئەوە بەشەر قۆناغێکی دیکەی تازە بە پاکیی دەست پێ بکاتەوە.

٦- نیشانەیەکی دیکەش مانەوەی کەشتییەکەی نووحە لەسەر چیای جوودیی.

مەسەلەی سێیەم:

ڕەخسێنرانی کۆمەڵگایەکی دیکەو ناردنی پێغەمبەرێک بۆیان و، هەڵوێستی ملهوڕانەی بڕیار بەدەستە کافرو خۆشگوزەرانەکانی و، دووبارەکردنەوەی بیانووە پووچەکان و نکووڵیکردن لە هاتنی قیامەت و، تۆمەتبارکردنی پێغەمبەرەکەیان بە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوەو، سەرەنجام لە خوا پاڕانەوەی ئەو پێغەمبەرەو، ناردنی دەنگ و هاڕژنێکی بێڕەزاو، بوونە پووش و پەڵاشی سەر لێزماوی، بێبڕوایان:

خوا ﷻ دەفەموێ: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَـٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مَا هَـٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَـٰسِرُونَ ﴿٣٤﴾ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴿٣٥﴾ ۞ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُۥ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٣٩﴾ قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَـٰدِمِينَ ﴿٤٠﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ فَجَعَلْنَـٰهُمْ غُثَآءً ۚ فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەژدە بڕگەدا:

١)- ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ﴾، لەدوای وان، لەدوای گەلی نووح، سەدەیەکی دیکەمان پێگەیاند.

﴿قَرْنًا ءَاخَرِينَ﴾، سەدەیەکی دیکە، (قَرْن)، بە کۆمەڵگایەک دەگوترێ: (يَقْتَرِنُونَ بِزَمَنٍ مُحَدَّد)، لە کاتێکی دیارییکراودا پێکەوە دەژین، واش پێدەچێ مەبەست پێی گەلی ثەموود بێ، کە صاڵح ﵇ پێغەمبەرەکەیان بووە.

٢)- ﴿ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾، لە نێویاندا پێغەمبەرێکمان لە خۆیاندا بۆ ناردن، هەڵبەتە بۆیەش خوا ﷻ ناوی پێغەمبەرەکەی نەهێناوەو، ناوی گەلەکەشی نەهێناوە، چونکە لە ڕاستییدا ئەو باس و خواسەی کە لەو بەسەرهاتەدا هاتوە، بەسەر هەموو پێغەمبەران و بەسەر هەموو گەلەکانیاندا دەچەسپێ، بۆ ئەوەی ئەو بەسەرهاتە نێوەڕۆکەکەی گشتگیر بێ، بۆ هەڵوێستی هەموو پێغەمبەران و، هەڵوێستی هەموو گەلە ملهووڕەکانی پێغەمبەران، کە بڕوایان پێیان نەهێناوە.

٣)- ﴿ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ﴾، (ئەو پێغەمبەرە پێی فەرموون:) بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، جگە لەو پەرستراوێکی دیکەتان نیە، (شایستەی پەرستن بێ)، ﴿ مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (مِنْ إِلَهٍ غَيْرِهِ)، بە هەردوو شێوەکە خوێنراوەتەوە.

٤)- ﴿ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾، ئایا خۆتان ناپارێزن؟ واتە: ئایا خۆتان ناپارێزن لە سزای خوا، بە هۆی بڕوا هێنانتان بە پەیامی خواوە؟

٥)- ﴿ وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ﴾، قسە ڕۆیشتووانی گەلەکەی ئەوانەی بێبڕوا بوون و، لە ژیانی دنیادا خۆشگوزەرانمان کردبوون، گوتیان:

٦)- ﴿ مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، ئەمە تەنیا مرۆڤێکی وەک خۆتانە.

٧)- ﴿ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴾، لەوەی ئێوە لێی دەخۆن دەخوات و، لەوەی ئێوە لێی دەخۆنەوە، دەخواتەوە، خواردن و خواردنەوەی وەک هی ئێوەیە، مادام وابێ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤێکی وەک خۆتانە.

وەک باسمان کرد: ئەمە دەردێکی لەمێژینەی ئەهلی کوفر بووەو، ئێستاش هەر وایە، ئێستاش هەر کەسێ خەڵک بانگ بکات بۆ لای خوا، بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەگوترێ: تۆ چیت، تۆ خۆت پێ لە ئێمە چاکترە؟ نەخێر بەڵام وەرن با هەموومان چاک بین، با هەموومان بەدوای پێغەمبەری خوا

بکەوین، با هەموومان بەندەی خوا بین، بەڵام ئەوانە بۆچی قەڵس بوون، بە بانگەوازی پێغەمبەران؟ چونکە بانگەوازی پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)** ئەگەر بچەسپێ، خوا بەیەکگرتن **(توحیدللە)**، ئەگەر بچەسپێ، دەبێ خەڵک هەمووی بەندەی خوا بێ و، پێکەوە تەبا بێ، بەڵام کاتێ شیرک و کوفر دێتە گۆڕێ، زوڵم دێتە گۆڕێ، چینایەتیی و قڕیی و پڕیی دێتە گۆڕێ: پاساویشی دەدەنەوە، بەوەی من جیام لە تۆ، ئەوە جیایە لە تۆ، ئەو عەشیرەتە لەو عەشیرەتە جیایە، ئەو حیزبە لەو حیزبە جیایە، ئەو شەخصە لەو خەڵکەی دیکە جیایە، بەڵام کاتێک خوا پەرستیی لە ئارادا بێ، پەیامی خوا بەیەکگرانەی پێغەمبەران لە ئارادا بێ، نەخێر، خەڵک هەمووی دێتەوە یەک ئاست، تەنیا خوا، پەرستراو (معبود) دەبێ، خەڵکی دیکە هەمووی دەبێ لە یەک ئاستدا بێ و، خۆیان بەسەر یەکدی دا فەرز نەکەن.

٨)- ﴿ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ ﴾، ئەم (ل)ە، زەمینە خۆشکەر بۆ سوێندە، واتە: ئەگەر ئێوە بە قسەی مرۆڤێکی وەک خۆتان بکەن و، فەرمانبەریی بۆ بکەن، بە دڵنیایی ئێوە لە زیانباران دەبن، ئەمە وەڵامی سوێندەکەیە، هەڵبەتە، ئەوە لە هەمبانەی خۆدا گوێز ژماردن بووە، چونکە ئەوانیش هەر مرۆڤی وەک خەڵکەکە بوون، کەچی خۆشیان بەسەردا فەرز کردوون، یان حوکمی میراتیی، یان حوکمی عەسکەرتاریی، یان حوکمی بنەماڵەییان بەسەردا کردوون، بەڵام لە هەمبانەی خۆیاندا گوێزیان ژماردووە، زانیویانە ئەوەی کە پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)** دەیڵێن، ئەگەر بچەسپێ، ئەوان ئەو بەزم و بازاڕەیان لێ تێک دەچێ، پێغەمبەران دەڵێن: نەخێر نابێ کەس لە کەس زیاتر بەشی بە نیعمەتەکانی خواوە هەبێ، هەمووتان دەبێ پێکەوە تەبا بن، پێکەوە ڕێک بن، کەس خۆی بەسەر کەسدا هەڵنەکێشێ، تەنیا خوا بپەرسترێ و، پەیامی خواش جیاوازیی ناکاتە نێوان خەڵک، بەهۆی ڕەنگ و زمانیان، بەهۆی ڕەگەزیان، بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییان و....هتدەوە.

٩)- دوایی دەڵێن: ﴿ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴾؟، ئەم پرسیارکردنە بۆ سەر سوڕماندنە: ئایا هەڕەشەتان لێ دەکات، کە ئەگەر مردن و بوونەوە خۆڵ و بوونەوە ئێسکی پڕتووکاو، ئێوە دەرهێنراوە دەبن (زیندوو دەکرێنەوە)؟

﴿ أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴾، کـە ئێـوە جارێکـی دیکـە دەردەهێنرێنـەوە، ئایـا بـەوە هەڕەشـەتان لـێ دەکات؟ ئنجـا، بۆچـی دەڵێـن: دەبێتـەوە بـە خـۆڵ و دەبێتـەوە بـە ئێسـک؟ چونکـە گۆشـتەکەی زوو دەبێتـەوە بـە خـۆڵ و، ئیسـقانەکانیش پڕتـووکاو دەبن.

١٠)- ﴿ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴾، زۆر دوورە زۆر دوورە، ئەوەی کە هەڕەشەتان پێی لێ دەکرێ، وشەی ﴿ هَيْهَاتَ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (هَيهَاتِ)، واتە: هەم بە سەر (فتح)و، هەم ژێر (کسر)یش خوێندراوەتەوەو، ئەمە وشەیەکی (مبنيّ)یە، هەم لەسەر فەتح و هەم لەسەر کەسر، کە پێی دەگوترێ: ناوی کردار (إسمُ الفِعْل) و، بۆ ڕابردوویە، یانی: (بَعُدَ بَعُدَ)، زۆر دوورە زۆر دوورە، ئەوەی کە ئەو هەڕەشەتان پێی لێ دەکات، نەدی چۆنە؟

١١)- ﴿ إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴾، ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، دەمرین و دەژین و، ئێمە زیندوو ناکرێینەوە، ئنجا ئەگەر ژیان تەنیا ژیانی دنیا بێ؟ خەڵک لە پێناوی ئەوەندە ژیانە دنیاییەدا کۆیلایەتیی دەکات، خزمەتکاریی دەکات، ژێردەستەیی قبووڵ دەکات و، زەبوونیی قبووڵ دەکات، چی دەکات بیکات، بەڵام ئەگەر ڕۆژی دوایی هەبێ، ڕۆژی دوایی غیرەت وەبەر ئینسان دەنێ، جەوهەر دەداتە بەر ئینسان، کە لە پێناو پێنج و دوو ڕۆژێکی دنیایی و، ژیانێکی کاتیی دا، خۆی زەبوون و زەلیل نەکات، چونکە مەنزڵگایەکی دیکە هەیە، ژیانی ڕاستەقینەی تێدایە.

١٢)- ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ﴾، ئەو (پێغەمبەر)ە تەنیا پیاوێکە، درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ.

١٣)- ﴿ وَمَا نَحْنُ لَهُ بِمُؤْمِنِينَ ﴾، ئێمەش بۆ ئەو نابینە بڕوادار.

وایانزانیوە: ئەگەر ببنە بڕوادار، تەنیا بۆ ویە، لە حاڵێکدا ئیمان هێنان، قازانجەکەی بۆ خاوەنیەتی، کوفریش زەرەرەکەی بۆ خاوەنیەتی، ئنجا با بزانین پێغەمبەرەکەیان چی دەفەرموێ، لە کۆتایی دا؟

١٤)- ﴿ قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ ﴾، گوتی: پەروەردگار! بەهۆی ئەوەوە کە منیان بە درۆ دانا، پشتم بگرە، سەرم بخە.

١٥)- ﴿ قَالَ عَمَّا قَلِيلٖ لَّيُصۡبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴾، (خوا ﷻ) فەرمووی: دوای ماوەیەکی کەم ژیوان دەبنەوە، بە پیتی (ف) نەیهێناوە، لەبەر ئەوەی پێی چووە، کە ئەو پێغەمبەرە پاڕاوەتەوە، مەرج نیە یەکسەر خوا گەلەکەی لە بەین بردبێ.

﴿ عَمَّا قَلِيلٖ ﴾، یانی: (بَعدَ قَلِيلٍ) دوای کەمێک، ئەم (ما)یە، زیاد کراوە بۆ تەئکید، (قليل)یش، سیفەتی وەصفکراوێکی قرتێندراوە، واتە: (بَعدَ وَقتٍ قَلِيلٍ) دوای کاتێکی کەم، ﴿ لَّيُصۡبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ﴾، پەشێمان دەبنەوە، لێرەدا (لَّيُصۡبِحُنَّ)، دوو واتای هەن:

أ- لە (أصبح) هاتوە واتە: بوو (صار)، واتە: بەمزووانە پەشێمان دەبنەوە.

ب- لە بەرەبەیاندا پەشێمان دەبن و، پەنجەی پەشیمانیی دەگەزن، لە (أصبح) هاتوە یانی: چووە نێو بەیانیی، چونکە لە سوورەتی (الحجر)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُصۡبِحِينَ ٨٣ ﴾، واتە: دەمەو بەرەبەیان چریکەیەکی گەورە گرتنی.

١٦)- لێرەش دەفەرموێ: ﴿ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ بِٱلۡحَقِّ ﴾، چریکەو هاڕژنێکی گەورە گرتنی.

١٧)- ﴿ فَجَعَلۡنَٰهُمۡ غُثَآءٗ ﴾، کردمانن بە پووش و پەڵاش، کردمانن بە خڵتەو خاڵ.

١٨)- ﴿ فَبُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، دووریی بۆ کۆمەڵی ستەمکاران، دووریی بۆ ئەوان لە ڕەحمەتی خوا، دووریی بۆ ئەوان لە زبڵدانی مێژوودا، با بڕۆن و، سەر زەوییان لێ پاک بکرێتەوە.

...

مەسەلەی چوارەم:

دوایی خوا ﷻ چەندان كۆمەڵگای دیكەی پێگەیاندن و، هیچ كۆمەڵگایەك لە ئەجەلەكەی پێش نەكەوتوەو، دواش نەكەوتوە، پەیتا پەیتاش خوا پێغەمبەرانی خۆی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) بۆ ناردوون، كەچی هەموویان، (ئەو كۆمەڵگایانە) پێغەمبەرانی خۆیان بە درۆ دانـاوەو، خـوای دادگەریش هەموویانی یەك لە دوای یەك، فەوتاندوون و، كردوونیە بەسەرهات و قسەی بەرو مەجلیسان و، كردوونی بە ڕووداوی سەیرو سەمەرە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴿٤٢﴾ مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٤٣﴾ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ ۚ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَحَادِيثَ ۚ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴾، ئنجا لە دوای وان سەدانێكی دیكەمان پێگەیاندن، یانی: دوای خەڵك و كۆمەڵگای نووح ﵇و دوای كۆمەڵگایەكی دیكەش كە پێغەمبەرێكی بۆ نێردراوە، بەڵام خوا ﷻ ناوی ئەو پێغەمبەرەی نەهێناوە، كە ئێمە زیاتر ئەو ئەگەرەمان لەلا بەهێزە، كە دەبێ گەلی (ثمود) بووبێ، پێغەمبەرەكەشیان صالح ﵇ە، بە بەڵگەی ئەوە كە خوا ﷻ باسی چۆنیەتی فەوتێندرانیان دەكات، بە دەنگ و چریكەیەكی گەورە، وەك لە سوورەتی (الحجر)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ ﴿٨٣﴾ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾، ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الحجر)دا، بە درێژیی باسی بەسەرهاتی صاڵح و گەلەكەی (ثمود)مان كردوە.

كە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴾، لە دوای وان چەندان سەدەمان پێگەیاندن، (القُرُونْ الأُمَم وهي المُجْتَمَعاتُ الَّتِي لَمْ يُرْسَل لَها رُسُلٌ)، (قُرُونْ) واتە: سەدەكان، كە مەبەست پێی ئەو كۆمەڵگاو خەڵكانەن، لە كاتێكی

دیاریکراودا پێکەوە ژیاون، بەڵام وا پێدەچێ مەبەست ئەو کۆمەڵگایانە بن کە پێغەمبەریان بۆ نەنێردراون، لەبەر ئەوەی کتێب و بەرنامەو پەیامی پێغەمبەری پێشوویان (**عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، لە نێودا ماونەوە.

دەشگونجێ مەبەست ئەو کۆمەڵگاو سەدانە نەبن، کە پێغەمبەریان بۆ نەنێردروان، بەڵکو خوای زاناو توانا بە گشتیی باسی سەدەکان دەکات، کە پێغەمبەرانیشیان (**عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بۆ لا هاتوون، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**الفاطر**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: هیچ کۆمەڵگایەک نەبووە، مەگەر وریاکەرەوەو هۆشیارکەرەوەیەکی تێدا تێپەڕیوەو، ڕەوان کراوە.

٢)- ﴿ مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴾، هیچ کۆمەڵگایەک، هیچ کۆمەڵێک لەو سەدانە، پێش ئەجەلەکەی نەکەوتوەو، لێشی دوا نەکەوتوە، واتە: هەر کۆمەڵگاو گەلێک بڕوای بە پێغەمبەری خۆی نەکردبێ، ئەوکاتە یاسای خوا وابووە لە ژیانی بەشەردا، کە ئەو کۆمەڵگایە شایستەی ئەوەیە بفەوتێندرێ و، سزا بدرێ، ئنجا هیچ کۆمەڵگایەک لەو کۆمەڵگایانە، پێش کاتی فەوتێندرانی نەکەوتوە، بەر لەوە نەفەوتاوەو، لێشی دوا نەکەوتوە، بەڵکو ڕێک لەو کاتەدا، خوا ﷻ بۆی دیاریی کردوە، سزا دراوەو، فەوتێندراوەو، سەر زەوی لێ پاک کراوەتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی دیکە لە نوێ، دەست بە ئەزموونێکی دیکە بکاتەوە.

٣)- ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ﴾ دوایی پێغەمبەرانی خۆمامان (**عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام**) یەک لە دوای یەک بەدوای یەکدا ناردن، وشەی (**تَتْرا**) کە خوێنراویشەتەوە: (**تترًا**)، (**أي مُتَعاقِبِينَ مَعَ فَتَراتٍ وتَقَطُّعٍ**) واتە: ئەو پێغەمبەرانەمان (**عَلَيْهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام**) ناردن بە دوای یەکدا، بەڵام ماوەیان دەکەوێتە نێوان، چونکە (**تترا**) یانی: (**وَتْرًا وَتْرًا**)، یەک یەک، لە دوای یەک دەهاتن.

٤)- ﴿ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ ﴾، هەر کاتێک کۆمەڵگایەک، پێغەمبەرەکەی بۆ دەهات، بە درۆیان دادەنا.

هەڵبەتە ئایەتەکە وا دەفەرموێ: کە هەر کۆمەڵگایەک، پێغەمبەرەکەی، ڕەوانەکراوەکەی بۆ دەهات، بە درۆیان دادەنا، بەڵام مەرج نیە، هەموویان بە درۆیان دانابێ، بەڵکو ئەگەر زۆربەیان بە درۆیان دانابێ، ئەم تەعبیرە ئەوەش دەگرێتەوە، واتە زۆربەیان بە درۆیان دانا، دەشگونجێ هەمووشیان بە درۆیان دانابێ، بەڵام ئەگەر زۆربەش بووبن، حیساب بۆ زۆرینە دەکرێ لەو حاڵەتانەدا، لە یاسا گەردوونییەکانی خوادا، لە ژیانی بەشەردا، حیساب بۆ زۆرینە دەکرێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الأنفال)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ٢٥ ﴾، واتە: خۆتان لە بەڵایەک بپارێزن کە تەنیا بە تایبەت تووشی ئەوانەتان نایەت کە ستەمیان کردوە، بەڵکو هەر کات کۆمەڵێک هەبوون لە کۆمەڵگایەک دا، کە ستەمیان کردو، خراپەیان کردو، کۆمەڵگایەکەش لە بەرانبەریان دا، دەستەوستان و بێ دەنگ بوو، دەستەپاچە بوو، دەستیان نەگرتن، ئەو بەڵایە کە دێ، هەرچەند بە هۆی ئەو ستەمکارانەوە دێ، بەڵام خەڵکەکەی دیکەش هەمووی دەگرێتەوە، وەک پێشینان دەڵێن: (کاتێک ئاگر بەردەبێتە لێڕەوار، تەڕو وشکی پێکەوە دەسووتێ).

٥- ﴿ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا ﴾، هەندێکیانمان بە دوای هەندێکیان خست، لێرەدا کە دەفەرموێ: هەندێکمان بە دوای هەندێکمان خست، ئێمە بەهۆی ڕەوت (سیاق)ەوە دەزانین، کە مەبەست فەوتێندرانیانە، یانی: لە فەوتاندن و لە بەینبردندا، هەندێکمان بە دوای هەندێکماندا خست، ئەگەرنا دەگونجا واتایەکی دیکە بگەیەنێ، بەڵام ڕەوت و شوێنەکە ناچارمان دەکەن بڵێین: مەبەست پێی ئەوەیە.

٦)- ﴿ وَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ ﴾، هەروەها کردمانن بە بەسەرهاتی گێڕدراوە، لە بەرو مەجلیسان دا، (أَحَادِيْث):

أ- کۆی (حَدیث)ە، وەک قسە، کە پێشتر لە شیکردنەوەی وشەکاندا باسمان کردوە.

ب- یاخود کۆی (أُحْدوثَة)یە، ئنجا ئەگەر کۆی (حَدِیْث) بێ، یانی: کردمانن بە باس و خواسێک، کە لەبەرو مەجلیساندا بگێڕدرێنەوە، واتە: بوونە باس و خواسی مەجلیسان، یان: باس و خواسی نێو کتێبان، ئەگەر (أحَادِیْث) کۆی (أُحْدوثَة)ش بێ، **(الأُحْدوثَةُ: هي اسْمُ لِما يُتَلَهَّى النَّاسُ بالْحدِيثِ عَنْهُ، مِثْلُ أعاجِيب جَمْعُ اعْجوبَة)**، (أُحْدُوثَة) ناوە بۆ ئەو شتەی خەڵک دەخافڵێنرێن، بە هۆی قسە لەبارە کردنیەوە، واتە: ڕووداوێکی سەیر، وەک (أعاجِیب)، کە کۆی (اعْجُوبَة)یە، واتە: شتە سەیرەکان.

٧)- ﴿فَبُعۡدٗا لِّقَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ﴾، دووریی بۆ کۆمەڵێک کە بڕوا ناهێنن.

دووریی لە چی؟ دووریی لە بەزەیی خواو، دووریی لەوەی بتوانن بەردەوام بن لە ژیانداو، پاشان دووریی بۆ ئەوان لەوەی لە ڕۆژی دوایی دا، خوا ﷻ بەزەیی پێیاندا بێ، چونکە خوا ﷻ هیچ نزیکییەکی لەگەڵ کەسدا نیە، مەگەر بەهۆی ئیمانەوە نەبێ و، هیچ دوورییشی لەگەڵ کەسدا نیە، بەهۆی کوفرو نیفاق و شیرک و ئیلحادو، ئەو سیفەتە خراپانەوە نەبێ، ئەگەرنا خوا ﷻ بە یەک چاو تەماشای هەموو مرۆڤەکان دەکات، بەڵکو جندیش، بەڵام ئەوە خەڵک خۆیانن دیاریی دەکەن، لە خوا نیزیک دەبن، یان دوور دەبن، ئەگەر ئیمانی پێ بێنن، بەهۆی ئیمان و بەندایەتییەوە، لێی نیزیک دەبن و، ئەگەر کوفری پێ بکەن، بەهۆی کوفرو شیرک و نیفاق و گوناهو تاوانەوە، لێی دوور دەبن، پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا لە بارەی ئۆممەتان و کۆمەڵگاکانی پێشووەوە دەفەرموێ: {**عُرِضَتْ عَلَيَّ الأُمَمُ فَجَعَلَ يَمُرُّ النَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلُ، وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلاَنِ، وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّهْطُ، وَالنَّبِيُّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ**} **(أخرجه أحمد: ٢٤٤٨، والبخاري: ٥٤٢٠، ومسلم: ٢٢٠)**، واتە: ئۆممەتانم بۆ ڕانوێنران، پێشانم دران، (دەبێ لە خەوندا بووبێ، یاخود لە شەوی میعراج دا بووبێ)، پێغەمبەری وام دەبینی، پیاوێکی لەگەڵ بوو، پێغەمبەری وابوو دوو پیاوی لەگەڵ دابوون، (بەس ئەوەندە ئیمانیان

پێ هێنابوو)، پێغەمبەری وام دەبینی کۆمەڵێکی لەگەڵدا بوون، پێغەمبەری واشبوو کەسی لەگەڵ نەبوو، (واتە: هیچ کەس بڕوای پێ نەهێنا بوو).

بۆ زانیاریی هەموو لایەک: زۆر جار باس دەکرێ، ئەدی کوا لە نێو گەلی چین، کوا لە هیندستان، کوا لە فلان شوێنی دووری دنیا، بۆ چی باس و خواسی هیچ پێغەمبەرانمان نەبیستوە، وەڵامەکەی ئەوەیە کە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) کە هاتوون بانگەوازی خواو پەیامی خوا بەیەکگرتن (توحید) یان هێناوە، کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خەڵک و، پێچەوانەی بووناسیی ئەو خەڵکە بووەو، پێچەوانەی ئەوە بووە، کە ئەوان کردوویانەتە پیشە، لە شێوەی ژیانی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و فیکریی و عەقیدەییان دا، بۆیە وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، پێغەمبەری وا هەبووە، هاتووە، کەس ئیمانی پێ نەهێناوە، ئنجا باس و خواسەکەی چۆن بزاندرێ؟ هەبووە یەکێک یان دووان، یان کۆمەڵێکی کەم، بڕوایان پێ هێناوە، پێغەمبەران هەر بە چەوساوەیی ژیاون و، ئەو کاتەش وەک ئێستا نەبووە، نووسین و خوێندن و باس و خواس و تۆمارکردن، شتێکی بڵاوبێ و، لە نێو هەموو خەڵکدا بێ، ئەو کاتە زیاتر خوێندن و نووسین بە دەستی دەستەڵاتدارانەوە بووەو، ئەوانیش مێژوویان بە کەیفی خۆیان نووسیوەتەوە، ئەوەی مەبەستیان بووبێ، تیشکیان خستۆتە سەر، ئەوەش کە مەبەستیان نەبووبێ، کپیان کردوە، کە ئێستاش هەر وایە، ئێستاش دام و دەزگایەکانی ڕاگەیاندن، ڕووداوێک ئەگەر مەبەستیان بێ، زۆر تیشکی دەخەنە سەرو گەورەی دەکەن، زەقی دەکەنەوەو، کەسانێک، یان ڕووداوێک، یان حاڵەتێکیش، کە مەبەستیان بێ، نادیدە بگیرێ، کپ و، خەفەی دەکەن و ژێر لێوی دەخەن.

مەسەلەی پێنجەم:

ناردنی مووساو هاڕوونی برای (عليهما الصلاةُ وَالسّلاَم)، بە نیشانە گەل و بەڵگەی ڕوونەوە بۆ لای فیرعەون و دارو دەستەکەی و، خۆ بەزلگریی و ئیمان نەهێنانیان بە بیانووی مرۆڤبوونی مووساو هاڕوون و، ژێر دەستە بوونی گەلەکەیان و، سەرەنجام فەوتێنرانیان و، کتێب و بەرنامەدان بە مووساو، ڕێنمایی کردنی گەلەکەی:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ (٤٥) إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا عَالِينَ (٤٦) فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ (٤٧) فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْلَكِينَ (٤٨) وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (٤٩) ﴾.

پێشتریش باسمان کرد ئێمە لە تەفسیری سوورەتی **(الأعراف)**دا، بە درێژیی باسی بەسەرهاتی مووساو هاڕوونی برای **(عليهما الصّلاةُ وَالسّلام)**و، گەلەکەیان، **(بنو إسرائيل)**، هەروەها فیرعەون و هامان و قارووون، ئەو سێ کوچکە شوومەو، ئەوانەی لەگەڵیان بوون، باسمان کردوە، کە ئێمە بەسەرهاتی مووساو هاروون و **(عليهما الصّلاةُ وَالسّلام)**و گەلەکەیان و، لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەی کردوومانە بە سێزدە (١٣) قۆناغ، هەشت (٨) قۆناغیمان لە سوورەتی **(الأعراف)** دا باسکردوون، پێنج (٥) قۆناغی ماون، ئەوانیش لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی **(القصص)**دا، خوا پشتیوان بێ باس دەکەین:

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴾، دوایی مووساو هاڕوونی برایمان ڕەوانەکرد، بە نیشانەکانمانەوەو، بە بەڵگەیەکی ڕوونەوە.

(سلطان)، بە بەڵگە دەگوترێ، چونکە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، دەسەڵاتی هەیە لەسەر عەقڵ و دڵی مرۆڤ، ئەگەر ئەو مرۆڤە ڕێزی عەقڵ و دڵی خۆی بگرێ.

خوا بۆ کوێی ناردن؟

٢)- ﴿إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ﴾، بۆ لای فیرعەون و دەسترۆیشتووەکانی، (**الملأ: الَّذينَ يَمْلَئونَ عُيُونَ النَّاسِ وقُلُوبَهُم هَيْبَةً وبَهاءً**)، (ملأ) ئەوانەن کە چاوو دڵی خەڵک پڕ دەکەن، لە سام و هەیبەت و سەرسامیی.

کەواتە: (ملأ)ی فیرعەون، ئەوانەن لە کۆڕو مەجلیسەکەی دا بوون، کە وا پێدەچێ لێرەدا مەبەست پێی زاناو جادووگەرەکان بووبن، کە کۆی کردوونەوە، یاخود ئەوانەی کە ڕاوێژی پێ کردوون، لە پێش هەموویانەوە هامان و قاڕوون.

٣)- ﴿فَٱسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا عَالِينَ﴾، ئنجا خۆیان بە زلگرت و کۆمەڵێکی بەزلگرتوو بوون، بە (ف)ی (تعقیب)، هاتووە، یانی: ڕێک کە هات و چوون بۆ لایان، یەکسەر خۆیان بە زلگرت، بەبێ تێفکرین و، لێوردبوونەوەی پەیامەکەی، ﴿وَكَانُواْ قَوْمًا عَالِينَ﴾، لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی بەرز بوون، خۆ بە بەرزگربوون، خۆیان پێ بەرزتر بوو لەوە کە گوێ بۆ مووساو هاڕوونی برای (**عَلَيْهِما الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بگرن، ئنجا چییان بە پاساو هێناوەتەوە؟

٤)- ﴿فَقَالُوٓاْ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ﴾، گوتیان: ئایا بڕوا بێنین بۆ دوو مرۆڤی وەک خۆمان، لە حاڵێکیشدا کە گەلەکەیان، خەڵکەکەیان بۆ ئێمە کۆیلەن، ملکەچن، ژێر دەستن؟!

هەڵبەتە بەنوو ئیسڕائیل وەک کۆیلە وابوون، لەبەر دەستی فیرعەون دا، هەرچەندە کۆیلە نەبوون، بەڵام پیاوەکان وەک کۆیلەو، ئافرەتەکان وەک کەنیزەک مامەڵەیان لەگەڵ دا کراوە، ئەگەرنا ئازاد (حر) بوون، کۆیلە (رقیق) نەبوون، بەڵام

بە چاوی کۆیلەو خزمەتکارو ژێر دەست تەماشا کراون، بۆیە فیرعەون وا دەڵێ، هەرچەندە ئەصڵی وشەی (عبادة) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای ملکەچیی دێ، واتە: قەومەکەیان بۆ ئێمە ملکەچن، فەرمانبەرن، ژێردەستن، کە دیارە بەنوو ئیسرائیلیش وەک گوتمان: خزمەتکارو بەردەست و ژێردەستی قیبتییەکان بوون، بە سەرۆکایەتیی فیرعەون و قارون و هامان، بۆیە وایانگوتوە، ئنجا بە پلەی یەکەم مووسا ﵇ کە ڕووبەری فیرعەون بۆتەوە، بۆ ئەوە بووە کە بەنوو ئیسرائیل لەو ژێر دەستیی و، زەبوونییە دەرباز بکات، وەک دەفەرموێ: ﴿ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ (٤٧) ﴾ طه، واتە: بەنوو ئیسرائیلمان لەگەڵ بنێرەو، چی دیکە ئەشکەنجەیان مەدە! فیرعەون سۆغرەو بێگاری بە پیاوەکان دەکرد، ئافرەتەکانیشیان دەهێشتەوەو، نێرینەکانیان سەردەبڕی، ئافرەتەکانیان دەهێشتەوە بۆ خزمەت و بۆ پێ ڕابواردن و کاری خراپ.

٥)- ﴿ فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡلَكِينَ ﴾، بە درۆیان دانان، یەکسەر لە فەوتاوان بوون، بە (ف)ی بەدواداهاتن، (تعقیب)، یانی: کە چوون، یەکسەر بە بێ دواکەوتن بە درۆیان دانان، ﴿ فَكَانُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡلَكِينَ ﴾، ئەویش هەر بە (ف)ی تەعقیب، واتە: سەرەنجام یەکسەر لە فەوتێنراوان بوون.

هەڵبەتە یەکسەر کە ئەوان ئەوانیان بە درۆ داناوە، واتە: فیرعەون و دارو دەستەکەی، مووساو هاڕوونیان بە درۆ داناون، یەکسەر خوا ﷻ سزای نەداون، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ بۆمان کورت دەکاتەوە، کە سەرەنجامەکە وابوو، ئەوان لە فەوتێندراوان بوون.

٦)- ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ لَعَلَّهُمۡ يَهۡتَدُونَ ﴾، بە دڵنیایی کتێبیشمان بە مووسا دا، بەڵکو ڕێی ڕاست بگرن، کە کتێبەکە بریتی بوو لە تەوڕات، تەوڕاتیش بە زمانی عیبریی یانی: شەریعەت، بەرنامە، بۆچی؟

﴿ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴾، بەڵکو ڕێی ڕاست بگرن، کێ ڕێی ڕاست بگرێ؟ بەنوو نیسڕائیل، کار بەو شەریعەتە بکەن، چونکە قیبتییەکان، گەلی میسڕ، کە (أقباط) یان پێ دەگوترا، ئەوانەی دارو دەستەی فیرعەون سەرپەرشتییان دەکردن، ئەوانە بڕوایان بە مووسا نەهێنا بوو، تاکو ئەرکدار (مُكَلَّف) بکرێن بە جێبەجێ کردنی شەریعەت، ئەوەی بڕوای بە ئەصڵی دین نەبێ، داوای لێناکرێ کە پابەند بێ بە لقەکانی دینەوە: [مَنْ لَمْ يُؤمِن بأصُولِ الدِّين، لا يُكَلَّف بفُرُوعِ الدِّين].

مەسەلەی شەشەم:

گێرانی عیساو دایکی (عَلَيْهِما السَّلام)، بە نیشانەیەکی ناوازەی خواو، حەواندنەوەی خوا بۆیان لە شوێنێکی بەرزی ئارام و ئاوداردا:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ۝٥٠ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً ﴾، هەروەها کوڕی مەریەم و دایکیمان کردنە نیشانەیەکی ناوازە.

وشەی (ءَايَةً)، بە نەناسراو (نكرة) هاتوە، بۆ بە مەزنگرتن، لەبەر ئەوەی نیشانەیەک بووە، زۆر نیشانەی دیکەی گرتوونە خۆی، نیشانەیەکی زۆر ناوازەو سەرسوڕهێنەر بووە، کە تەنیا عیسا ﵇ لە نێو مرۆڤایەتیی دا بەو شێوەیە بووە، کە تەنیا دایکی هەبێت و بابی نەبێ، ئەوە نیشانەیەکی زۆر گەورەیە، مەریەم بە بێ ئەوەی دەستی هیچ پیاوێکی پێ بکەوێ، نە بە حەلاڵیی، نە بە حەرامیی، عیسا ﵇ی بووە.

٢)- ﴿ وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴾، ئەو دووانە، کوڕی مەریەم و دایکی، مەریەم و عیسامان (**عَلَيْهِما السَّلام**)، پەنامان دان بەرەو تەپۆلکەیەک، بەرەو گردێک، بەرەو بەرزاییەک، بردمانن، کە ئەو گردو تەپۆلکەیە خاوەنی نشینگە بوو، خاوەنی کانیی و سەرچاوەش بوو، (**الإِيواءُ: جَعْلُ الغَيْرِ أوياً ساكِناً**)، (**إِيواءُ**)، بریتیە لەوەی غەیری خۆت بحەوێنیەوەو، نیشتەجێی بکەی و، سەقامگیری بکەی.

(رَبْوَةٍ)، واتە: بەرزاییەک، گردو تەپۆلکەیەک، ﴿ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴾، (ذَاتِ)، (أي: صاحبة)، خاوەن، خاوەنی نشینگەو کانیی و سەرچاوە، ئەو گردە، ئەو

تەپۆلکەو بەرزاییە وابوو، شوێنی نیشتەجێ بوون بووە، (قرار) یانی: مانەوە لە شوێنێک، یان نیشتەجێ بوون و، سەقامگیربوون لە شوێنێکدا.

(وَمَعِينٍ)، (معین) واتە: ئاوێکی بەرچاو، ئاوێک لەبەری بڕواو دیاربێ، (المعِينُ: المَاءُ الظَّاهِرُ الجَارِي عَلَى وَجْهِ الأَرْض)، واتە: ئەو تەپۆلکە (ربوة)یە، هەم بە کەڵکی تێدا نیشتەجێ بوون دەهات، هەم کانیی و سەرچاوەشی لێ بوو، ئەمە نیزیکە لە مانای فەرمایشتی خوای بەرز کە لە سووڕەتی (مریم)دا بە مەریەمی فەرموو: ﴿ قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (٢٤) وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (٢٥) فَكُلِى وَٱشْرَبِى وَقَرِّى عَيْنًا (٢٦) ﴾، خوا ﷻ مەریەم دەدوێنێ:

دەفەرموێ: پەروەردگارت جۆگەلەیەکی، (کانیی و سەرچاوەیەکی لە ژێر تۆوە)، لە خوار تۆوە، (لە دامێن ئەو شوێنەی کە تۆی لێی) داناوە، تۆ لقی دار خورماکە ڕابوەشێنە، خورمای تەڕو پێگەیشتووت بۆ دەخاتە خوارێ، ئنجا (لە خورمایەکە) بخۆو، (لە ئاوەکەش، لە کانیی و سەرچاوەکەش) بخۆوەو، دڵنیابە، با چاوت سەقامگیرو، ئارامگربێ.

چونکە ئینسان ئەگەر ترسی لەسەر بێ، هەر چاو بەملاولادا دەگێڕێ، بەڵام ئەگەر هەستی بە دڵنیایی کرد، چاو بەو لاو لادا ناگێڕێ.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (مریم)دا بە درێژیی باسی بەسەرهاتی مەریەم و عیسای کوڕیمان کردوە، بۆیە لێرە بەکورتیی باسی دەکەین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان بیست و حەوت (٢٧) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٥١ - ٧٧)، چەند بابەتێکی جۆراو جۆریان گرتوونە خۆیان، دەتوانین بڵێین: چوار بابەتی سەرەکیین:

١)- دواندنی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام**)، کە ڕۆزیی باش و پاک بخۆن و، کردەوەی چاک بکەن و، یەکیەتیی ئایین و بەرنامەی خوا، یاخود: ئوممەتی خوا بە یەکگرتن، بپارێزن.

٢)- ڕەخنەگرتن لە شوێنکەوتووانی لادەریان، کە پەرتەوازە بوون و خەیاڵ پڵاویش دەکەن، کە خوا خۆشی دەوێن!

٣)- پێناسەکردنی شوێنکەوتووانی ڕەسەنیان بە پێنج خەسڵەتی بنەڕەتیی، کە بریتین لە:

١- ترس و سام بەرانبەر بە خوا.

٢- ئیمان بە ئایەتەکانی خوا.

٣- هاوبەش بۆ خوا دانەنان.

٤- ئەنجامدانی هەرچی کردەوەی چاکەو لە توانایان دا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی ترس و بیم و دڵەڕاوکە، لە سزای خوا.

٥- خێرایی کردن لە ئەنجامدانی چاکەکاندا و، پێشکەوتنەوە لە بەندایەتییدا بۆ خواو فەرمانبەریی بۆ خوا.

٤)- دووبارە هاتنەوە سەر باس و خواسی ئەوانەی لە ڕێبازی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، لایان داوەو، پێناسە کردنیان بە دوازدە (١٢) سیفەت و کردەوەی خراپیان، کە بریتین لە:

١)- بێناگایی.

٢)- خۆشگوزەرانیی.

٣)- پشتکردنە هیدایەتی خوا.

٤)- خۆبەزلگریی.

٥)- قسەی پووچ.

٦)- شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینان.

٧)- نکووڵییکردن لە ڕاستێتیی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ.

٨)- تۆمەتبارکردنی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بە شێتیی.

٩)- ڕەتکردنەوەی هەق.

١٠)- پشتکردنە بەرنامەی خوا.

١١)- لادان لە ڕاستە ڕێ.

١٢)- مکووڕیی لەسەر سەرکێشیی و ملهوڕیی.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ (٥١) وَإِنَّ
هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ (٥٢) فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ
بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ (٥٣) فَذَرۡهُمۡ فِي غَمۡرَتِهِمۡ حَتَّىٰ حِينٍ (٥٤) أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ
وَبَنِينَ (٥٥) نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ (٥٦) إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ
(٥٧) وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ (٥٨) وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ (٥٩) وَٱلَّذِينَ
يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ (٦٠) أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا
سَٰبِقُونَ (٦١) وَلَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ وَلَدَيۡنَا كِتَٰبٞ يَنطِقُ بِٱلۡحَقِّۚ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ (٦٢)

بَلْ قُلُوبُهُمْ فِي غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴿٦٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذْنَا
مُتْرَفِيهِم بِٱلْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ ﴿٦٤﴾ لَا تَجْـَٔرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾ قَدْ كَانَتْ
ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ ﴿٦٦﴾ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ ﴿٦٧﴾
أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا۟ ٱلْقَوْلَ أَمْ جَآءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٦٨﴾ أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا۟ رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُۥ
مُنكِرُونَ ﴿٦٩﴾ أَمْ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةٌۢ ۚ بَلْ جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴿٧٠﴾ وَلَوِ
ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ
فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ ﴿٧١﴾ أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ
﴿٧٢﴾ وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٧٣﴾ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ
لَنَٰكِبُونَ ﴿٧٤﴾ وَلَوْ رَحِمْنَٰهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّوا۟ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿٧٥﴾
وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴿٧٦﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا
ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئەی پێغەمبەرینە! لە خواردنە پاک و چاکەکان بخۆن و، کردەوەی باش بکەن، بێگومان من بەوەی دەیکەن، زانام (٥١) ئەم ڕێبازەشتان یەک ڕێبازەو، منیش پەروەردگارتانم، دەجا پارێزکارییم لێ بکەن (٥٢) کەچی (ئۆممەتەکانیان) ئایینی خۆیانیان بۆ چەند بەشێک بڕبڕ کرد، هەر کۆمەڵە بەوەی لە لایەتی، زۆر دڵخۆشە! (٥٣) دەجا (ئەی موحەممەد) وازیان لێ بێنە، با هەتا ماوەیەک لە سەرگەردانییاندا سەراسیمە بن (٥٤) ئایا پێیان وایە ئەو کوڕان و سامانەی بۆیان دەرەخسێنین (٥٥) هۆکاری ئەوەیە کە پەلە دەکەین لە چاکە بۆ هێنانە پێشیان دا؟ (خەیاڵ پڵاو دەکەن)، بەڵکو هەست ناکەن و نافامن (کە ئەوە پەلکێش کردنیانە بەرەو سزا) (٥٦) بە دڵنیایی ئێمە ئەوانەمان لەلا پەسندو خۆشەویستە، کە بە هۆی ترس و سامیانەوە بەرانبەر بە پەروەردگاریان، بیم و مەترسییان هەیە، (تووشی سزا بن) (٥٧) هەروەها ئەوانەی بڕوایان هەیە، بە ئایەت و نیشانەکانی پەروەردگاریان (٥٨) هەروەها ئەوانەی هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن (٥٩) دیسان ئەوانەی هەرچی پێیان دەکرێ (لە کاری چاک، یان لە بەخشین) دەیکەن و ئەنجامی دەدەن، کەچی دڵیشیان هەر بە ترس و لەرزە، لەوەی کە دەگەڕێنەوە لای پەروەردگاریان (٦٠) ئا ئەوانە لە کردەوە چاکەکاندا خێرایی دەکەن و، تێشیاندا پێشڕەون (٦١) جگە لە تواناشی ئەرک ناخەینە سەر هیچکەس و، لیستێکیشمان لە لایە کە (لە ڕۆژی قیامەت دا) بە هەق و ڕاستیی دەدوێ و، ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ (٦٢) بەڵکو (کافرەکان) دڵیان لەوە بێ ئاگایەو، چەندان کردەوەی خراپی دیکەشیان هەن، کە ئەنجامیان دەدەن (٦٣) هەتا کاتێک کە خوشگوزەرانەکانیانمان بە سزاو ئازار گرت، لەو کاتەدا دادو فیغان دەکەن (٦٤) (پێیان دەگوترێ:) ئەمڕۆ هاوارو ڕۆ

مەکـەن، لـە بەرانبـەر سـزای ئێمـەدا، سـەرناخرێن و هاوکاریـی ناکرێـن (٦٥) پێشـتر ئایەتەکانمتـان بەسـەردا دەخوێندرانـەوە، کەچـی لەسـەر پاژنەکانتـان دەکشـانەوە! (٦٦) بـە درۆدانەرانـە لەبەرانبەریـدا (لـە بەرانبـەر قورئانـدا) خۆتـان بـە زلدەگـرت و، شـەوگارتان بـە قسـەی خـراپ دەگوزەرانـد(و بەسـەر دەبـرد) (٦٧) ئایـا ئـەو (کافـر) انـە لـە فەرمایشـتەکەی خـوا وردنەبوونـەوە، یـان (هـۆکاری بێبڕواییـان ئەوەیـە کـە) شـتێکیان بـۆ هاتـوە، کـە بـۆ بـاب و باپیرانـی پێشـوویان نەهاتبـوو؟ (٦٨) یـان ئایـا پێغەمبەرەکەیـان (موحەممـەد) ناناسـن، بۆیـە نکوولّیـی لێدەکـەن؟ (٦٩) یـان ئایـا دەڵێـن: شـێتیی تێدایـە؟ بەڵکـو هەقـی بـۆ هێنـاون و، زۆر بەشـیان بـە هـەق قەڵسـن (٧٠) ئنجـا ئەگـەر هەقیـش شـوێن ئارەزووەکانیـان کەوتبایـە، ئاسـمانەکان و زەوی و هـەر کـەس کـە تێیاندایـە، تێکدەچـوون، بەڵکـو ئێمـە (قورئانـە) بیرخەرەوەکەیانمـان بـۆ هێنـاون، کەچـی ئـەوان پشـت لـە بیرخەرەوەکەیـان دەکـەن (٧١) یـان ئایا تـۆ (ئـەی موحەممـەد!) پاداشـت و خەرجییـان لـێ داوا دەکـەی، بۆیـە بـڕوا ناهێنـن؟ (٧٢) بـە دڵنیایـی پاداشـتی پـەروەردگارت باشـترەو، ئەویـش چاکتریـن بژێـو دەرە (٧٣) بێگومـان تـۆ بـەرەو ڕاسـتە ڕێ بانگیـان دەکـەی، ئەوانـەش کـە بڕوایـان بـە دواڕۆژ نیـە، لـە ڕاسـتە ڕێ لامـل و لادەرن (٧٤) ئنجـا ئەگـەر بەزەییشـمان پێیـان دا هاتبایـەوەو، ئـەو ئـازارو ناڕەحەتییانەمـان لـێ لابردبـان، هـەر لەسـەر سەرکێشـیی خۆیـان، سـەرگەردانانە سـوور دەبـوون (٧٥) مسـۆگەر پێشـتریش سـزاماندان، کەچـی بـۆ پەروەدگاریـان هـەر ملکـەچ نەبـوون و نەکڕووزانـەوە (٧٦) (ئیـدی لەسـەر ئـەو عینادیـی و ملهوڕییـە بـەردەوام بـوون) هەتـا دەرگای ئـازارو سـزایەکی سـەختمان بەسـەردا کردنـەوە، ئنجـا لـەو حاڵـەدا، لەنێـو ئـازارو سـزایەکەدا، بـێ ئومێـدو تەمـا بـڕاو بـوون (٧٧)].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلطَّيِّبَٰتِ): واتـە: ڕۆزییـە خـۆش و بەتام و بەسـوودەکان، دەگوتـرێ: (**طَابَ الشَّيءُ يَطِيـبُ طَيْبَـاً فَهُـوَ طَيِّـبٌ، الطَيِّـبُ مَـا تَسْـتَلَذُّهُ الحَـوَاسّ، ومـا تَسْـتَلِذَهُ النَّفْـسُ، وَالطَّعَـامُ الطَيِّـبُ فـي الـشَّرْعِ مـا كَانَ مُتَنـاوَلاً مِـنْ حَيْـثُ مَـا يَجُـوزُ**)، دەگوتـرێ: (**طَـابَ الـشَّيءُ يَطِيـبُ طَيْبَـاً فَهُـوَ طَيِّـبٌ**)، واتـە: ئـەو شـتە پـاک و چـاک و بـە کەڵـک بـوو، (**طَيِّـب**)، شـتێکە کـە هەسـتەوەرەکان و، (نفـس) چێـژی لـێ دەکات و، خواردنـی (**طَيِّـب**)، لـە ڕوانگـەی شـەرعییەوە ئەوەیـە: بـە شـێوەیەک بـە دەسـت هێنرابـێ کـە ڕەوایـە.

(زُبُرًا): (**زُبُـر**) کـۆی (**زُبْرَة**)یـە واتـە: (**القِطْعَـة**)، پارچـە، بـەڵام لێـرە خوازراوەتـەوە بـۆ بـەش، کەواتـە: (**جَعَلُـوا أمْرَهُـم زُبُـراً**)، یانـی: ئایینەکـەی خۆیـان، کارەکـەی خۆیـان بـەش بـەش کـرد، دابـڕ دابـڕ کـرد.

(غَمۡرَتِهِمۡ): (**الغَمْـرَةُ: مُعْظَـمُ المَـاءِ، السَّـاتِرة لِمَقْرَهـا**)، زۆربـەی ئـاو کـە سـەرچاوەکە دادەپۆشـی، پێـی دەگوتـرێ: (**غَمْـرَة**)، واتـە: قووڵایـی ئـاو، (**جُعِـلَ مَثَـلاً لِلجَهالَـةِ الَّتِـي تَغْمُـرُ صَاحِبَهـا**)، لێـرەدا کـراوە بـە وێنـە، بـۆ نەزانییـەک کـە خاوەنەکـەی نقـوم دەکات و دایدەپۆشـێ.

(مُّشۡفِقُونَ): واتـە: بـە تـرس و لـەرزن، (**الإشْـفَاقُ: عِنَايَـةٌ مُخْتَلِطَـةٌ بِخَـوْفٍ، لأنَ المُشْـفِقَ يُحِـبُّ المُشْـفَقَ عَلَيْـهِ ويَخَـافُ مَـا يَلْحقَـهُ**)، (**إشْـفَاقٌ**)، بریتیـە لـە چاودێریـی کردنێکـی تێکـەڵ بـە تـرس، چونکـە بابـای (**مُشْـفِق**)، ئـەو کەسـەی (**إشْـفَاق**)کەی بـۆ دەردەبـڕێ، خۆشـیدەوێ و، دەشترسـێ کـە شـتی خراپـی تـووش بـێ، دەتوانیـن بـە کوردیـی بڵێینـی: (**إشْـفَاق**)، واتـە: بـە پـەرۆش بـوون، بـە تەنگـەوە بـوون.

(**وَجِلَةٌ**): (**الوَجَلُ: إسْتِشْعَارُ الخَوْفِ**)، (**وَجَلْ**)، واتە: هەستکردن بە ترس، پێشینان دەڵێن: (دڵی لە مستێ دایە).

(**يَجْئَرُونَ**): یانی: هاوارو ڕۆ دەکەن، (**جَأرَ: إذَا أفْرَطَ فـي الدُّعَاءِ والتَضَرُّع**)، (**جَأرَ**) ئەگەر کەسێک زێدەڕۆیی بکات، لە پاڕانەوەو کڕووزانەوەدا.

(**عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ تَنكِصُونَ**): واتە: پاشەو پاش، لەسەر پاژنەتان دەکشێنەوە، (**النكُوصُ: الإحْجَامُ عَنِ الشَّيءِ**)، (**نكُوصْ**)، نەوە کە نینسان لە شتێک بچێتە دواوە.

(**سَٰمِرًا**): واتە: قسەی شەوێتان دەکرد، شەوتان بە قسەکردن بە ڕێ دەکرد، (**السَّمَرُ: الحَدِيْثُ لَيْلاً، سَمَرَ فُلاَن: تَحَدَّثَ لَيْلاً**)، (**سَمَرْ**) بریتیە لە قسەی شەوێ، شەوگار بەسەربردن بە قسە.

(**تَهۡجُرُونَ**): (**الهُجْرُ: الكَلاَمُ القَبِيْحُ المَهْجُورُ لِقُبْحِهِ**)، (**هُجْرْ**) بریتیە لە قسەیەکی ناشیرین کە وازی لێ دەهێنرێ لەبەر ناقۆڵاییانی، واتە: ئێوە شەوانە هەر خەریکی قسەی پووچ و ناشیرین بوون.

(**خَرۡجًا**): (**الخَرْجُ: ضِدُّ الدَّخْلِ**)، (**خَرْج**) نەوەیە کە نینسان خەرجی دەکات و، لێی دەردەچێ، (**دَخْل**)، ئەوەیە کە بۆی دێ.

(**فَخَرَاجُ**): (**الخَرَاجُ: مُخْتَصٌّ غَالِباً بِالضَّرِيبَة عَلَى الأَرْض**)، (**خَرَاجْ**)، زیاتر تایبەتە بەو باجەی لە زەوی وەردەگیرێ.

(**لَنَٰكِبُونَ**): (**أي: عادِلُون**)، عادل: لادەر، (**نَكَبَ عَنْ كَذَا: مَالَ وعَدَلَ**)، لایداو، لاڕێ بوو.

(**لَّلَجُّواْ**): (**اللَّجَاجُ: التَّمَادِي فـي العِنَادِ فـي تَعَاطِي الفِعْلِ المَزْجُورِ عَنْهُ**)، (**لِجَاج**)، بریتیە لە درێژە پێدانی کەللەڕەقیی، لە نەنجامدانی کردارێکیدا کە سەرزەنشت کراوەو، سەرکۆنە کراوە.

(يَعْمَهُونَ): (العَمَـهُ: الـتَرَدُّد فــي الأَمْـرِ مِـنَ التَحَـيُّرِ)، (عَمَـه)، بریتیـە لـە ئـەوەی کەسـێک لـە بـارەی شـتێکەوە، دڵ لـە دڵ بـدات و، تێیـدا سەراسـیمەو سـەرگەردان بـێ.

(فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟): (أي: فَـمَا خَضَعُـوا، وَمَـا ذَلُّـوا)، هیـچ ملکـەچ نەبـوون، نەکڕووزانـەوە، نەپاڕانەوە.

(يَتَضَرَّعُونَ): (ضَرَعَ: ضَعُـفَ وذَلّ)، (تَـضَرُّعَ) لـە (ضَرْعْ)ەوە هاتـووە ، (ضَرْع)، یانـی: گـوان، کەسـێک، کـە گوانـی مـەڕە، بزنـە، مانگایـە، دەیدۆشـێ، (تَضَرُّعَ)یـش، ئەوەیـە کـە ئینسـان خـۆی ڕابگوشـێ و، بکڕووزێتـەوەو، بلاڵێتـەوە.

(مُبْلِسُونَ): (الإبْـلاَسْ: الحُـزْنُ المُعْـتَرِضُ مِـنْ شِـدَّة البَـأْسِ)، (إبْـلاس) بریتیـە لـە دڵتەنگیـی و خەمبارییـەک، لـە ئەنجامـی نائومێـد بوونـدا، پەیدابوونـی کەسـێک، زۆر تووشـی سـەغڵەتیی بـووە، نائومێـدو تەمـا بـڕاو بـێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەو ئایەتانەی ڕابردن، بە تایبەت دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتی نووح ﵇و بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرەی لە دوای (نووح)دا هاتووە، کە وەک گوتمان: وا پێدەچێ صاڵح بێ، کە بۆ گەلی (ثمود) نێردراوە، هەروەها دوای ئەوەی بە گشتیی باسی پێغەمبەران و، کۆمەڵگاکانی کردو، دواتر ئاماژەیەکی کرد بە بەسەرهاتی مووساو هاروون (عَلَيْهِمَا الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، لەگەڵ فیرعەون و دارو دەستەکەیدا، پاشان ئاماژەیەکی کورتتری کرد، بە عیسا ﵇و دایکی (مەریەم) خوا لێی ڕازی بێ دەکات، دوای ئەوە خوا ﷻ ڕوو دەکاتە پێغەمبەران و دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴾، ئەی پێغەمبەرینە! ئەی ڕەوانەکراوینە! لە بژیوە چاک و پاک و سوود بەخشەکان بخۆن و، کردەوە چاکەکانیش ئەنجام بدەن، بە دڵنیایی ئەوەی ئێوە دەیکەن من پێی زانام و، لێی ئاگادارم.

کەواتە: بزانن چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، ئێوە نوێنەری منن و، گەیەنەری پەیام و بەرنامەی منن، بۆ لای جندو مرۆڤان، دەبێ زۆر لە خۆتان وریابن، لەو ئاستە بەرزەدا بن، کە شایستەتانە.

کە بە تەئکید هەر واش بوون.

ئەمە لێرەدا، یانی: خوای پەروەردگار کاتی خۆی وای بە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) فەرمووە، یاخود ئێوە ئاگادار بن! کە خوا ﷻ بەو شێوەیە پێغەمبەرانی دواندوە، هەر کامێکیانی بە جیا دواندوە، بەو شێوەیە، کە: تەنیا بژیوی پاک و چاک بخوات، پاک لە رووی حەڵاڵیی و، چاک لە رووی ئەوە وە

کە مایەی ڕاگرتنی جەستەو، دابین کردنی تەندروستیی بێ، کردەوە چاکەکانیش ئەنجام بدات، هەموو پێغەمبەرێک (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، خوا ئاوای فەرمان پێکردووەو، ئاگاداریشی کردۆتەوە: من ئاگادارم، زانام بەوەی دەیکەن.

لە فەرمایشتێکدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: [**وَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ**] (**أخرجه أحمد: ٨٣٣٠، ومسلم: ١٠١٥، والترمذي: ٢٩٨٩**)، واتە: خوا بەوە فەرمانی بە بڕواداران کردوە، کە فەرمانیشی پێ بەپێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَام**) کردوە، وەک خوا ﷻ لە سووڕەتی (**المائدة**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبٗا ﴿٨٨﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەوەی کە خوا بۆی ڕەوا کردوون، لە خۆتانی قەدەغە مەکەن و، سنورو شکێنیی مەکەن و، لەو ڕۆزییە پاک و چاکانەی خوا پێی داون، بخۆن.

هەڵبەتە ئیمانداران، شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانن، بۆیە: دەبێ ئیماندارانیش وەک پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بکەن، پێغەمبەران سەرمەشقی ئیماندارانن.

﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، دیسان خوا ڕوو بە پێغەمبەران دەفەرموێ: ئەم بەرنامەیەشتان یەک بەرنامەیە، ئەمە ئەگەر وشەی ئوممەت بە مانای دین و ڕێباز بێ، ئەگەر بە مانای کۆمەڵە خەڵکێک بێ، واتە: ئەو کۆمەڵە خەڵکە، کە پێغەمبەران سەرقافلەیانن، بە درێژایی مێژوو، یەک کۆمەڵە، هەمووی یەک جۆرە بووناسیی، یەک جۆرە ئیمان و عەقیدە، یەک جۆرە بەندایەتیی، یەک جۆرە ڕەوشت و ئاکار، لە هێڵە گشتییەکان دا، هەمووی یەک کۆمەڵە، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ، لێرەدا مەبەست لە ئوممەت، بەرنامەو ڕێباز بێ، واتە: ئەو بەرنامەو ڕێبازەی ئێوە، یەکێکە، کە بەرنامەو ڕێبازی خوا بەیەکگرتن و تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردنە.

﴿ وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴾، منیش پەروەردگارتانم، ئنجا پارێزم لێ بکەن، وریا بن بزانن چۆن، لەگەڵ ئەو ڕێبازەتاندا، مامەڵە دەکەن.

﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا ﴾، کەچی دوا بە دوای ئەوە، خەڵکەکە، شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، ئەگەرنا بە تەئکید لێرەدا مەبەست پێی پێغەمبەران نیە، بەڵکو یانی: شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، ئوممەتەکانیان، کارەکەی خۆیانیان بەش بەش کرد، دابڕ دابڕ کرد، کە مەبەست ئایین و بەرنامەکەیانە، لە جیاتی ئەوەی بە یەکگرتوویی بیهێڵنەوە، بەش بەشیان کرد، یەکیان لایەکی گرت، یەکیان ئەو لای گرت، یەکیان ئەو لای گرت.

﴿ كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾، هەر کۆمەڵێک بەوەی بۆ خۆی لەسەریەتی، زۆر دڵخۆش بوون، ئنجا ئەوە ئێستا دەردێکە، ئوممەتی پێغەمبەریش ﷺ تووشی بۆتەوە، بەشێک لە مسوڵمانان لایەنی سیاسیی دەگرن و، وا دەزانن ئیسلام هەر ئەوەندەیە، هەندێکیان لایەنی جەنگ و جیهاد دەگرن، هەندێکیان تەنیا لایەنی ڕووحیی دەگرن، هەندێکیان تەنیا لایەنی ئیمان و عەقیدە دەگرن، هەندێکیان تەنیا لایەنی پەروەردە دەگرن، هەندێکیان تەنیا لایەنی فیکریی دەگرن ... هتد، کە دواتر لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

خوا دەفەرمویْ: ﴿ فَذَرْهُمْ فِى غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾، ئنجا لێیان گەڕێ، لەو گێژاوەی خۆیان دا، تا ماوەیەکی دیارییکراو لێیان گەڕێ با سەراسیمە بن، (غَمْـرَة)، بە ئاوێکی زۆر دەگوترێ کە هەر شتێک تێیدا بێ، نوقمی بکات، ئەو حاڵەتە فیکرییە، ئەو سەرگەردانیی و، سەرلێشێواوەییەیان بە ئاوێکی زۆر دەچوێنێ، کە مرۆڤ دەیکەوێتێ و تێیدا نوقم دەبێ.

﴿ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ (٥٥) نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴾، ئایا پێیان وایە ئەوەی ئێمە لە سامان و لە کوڕان، بۆ ئەوانی دەڕەخسێنین، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە خێرایی دەکەین لە چاکەکاندا بۆیان، (واتە: خۆشمان دەوێن)؟!، ﴿ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴾، بەڵکو هەست ناکەن.

یانی: هەست ناکەن کاتێ کە خوا ﷻ کەسانێک کە لە ڕێبازەکەی لادەدەن و، ئەویش بە دەمیانەوە دەداو، ڕستیان بۆ درێژ دەکات، لە ڕاستیدا ئەوە پەلکێش کردنیانە، بەرەو سزای خوا، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ سَنَسۡتَدۡرِجُهُم مِّنۡ حَيۡثُ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾القلم، واتە: ئێمە وردە وردە، ڕستیان بۆ درێژ دەکەین و، پەلکێشیان دەکەین، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر وەسف و پێناسەی ئەوانەی لە لای خوا خۆشەویستن و بەندەی پەسندن و، پێنج سیفەتی سەرەکییان لێ هەڵدەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی لە ترسی پەروەردگاریان، دڵیان بە ترس و لەرزەو، مەترسییان بەرانبەر بە خۆیان هەیە.

٢)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی بڕوایان بە نیشانەکانی پەروەردگاریان هەیە، یانی: دیمەن و دیاردە گەردوونییەکان، یاخود ڕستەکانی فەرمایشتەکەی.

٣)- ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن، ئەهلی شیرک نین.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمۡ وَجِلَةٌ أَنَّهُمۡ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ رَٰجِعُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە هەرچی لە توانایاندا هەیە، دەیبەخشن، یاخود هەرچی لە توانایان دایە ئەنجامی دەدەن، کەچی دڵیشیان لە ترس و لەرز دایە، دڵیان لە مستێ دایە، لەبەر ئەوەی دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەدگاریان، ئایا خوا کردەوەکانی لێ قبووڵ کردوون، یان نا! نەک بە کردەوە چاکەکانیان بوغڕا بن.

٥)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَهُمۡ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴾، ئا ئەوانەن کە خێرایی دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکانداو، پێشڕەویشن و پێشیش کەوتوونەوە.

خاوەنی ئەو پێنج سیفەتانە، ئەوانەن لەلای خوا ﷻ پەسندن و خۆشەویستن.

﴿ وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَلَدَيْنَا كِتَٰبٌ يَنطِقُ بِٱلْحَقِّ ۚ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، هیچکەسیش ئەکدار ناکەین، لە هیچ کەسێکی داوا ناکەین، جگە لەوەی لە توانای دا هەیەو، لیستێکیشمان لە لایە، بە هەق دەدوێ و، ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ.

ئنجا خوا ﷻ دێتەوە سەر باس و خواسی ئەوانەی کە لە ڕێبازی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لایانداوە، لەو بەرنامە هەق و، تێرو تەواوەی کە پێغەمبەران هێناویانە، بۆ ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، کە پێی بەڕێوەبچێ و، سەرەنجام ژیانێکی پێ بگوزەرێنێ، لە ڕووی تاکیی و، خێزانیی و، کۆمەڵایەتیی و، سیاسییەوە، کە شایستەی مرۆڤ بێ، ئەوانە کە لایان داوە دێتە سەر باس و خواسیان و، دوازدە (١٢) سیفەتی خراپیان لێ هەڵدەداو دەفەرموێ:

﴿ بَلْ قُلُوبُهُمْ فِي غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا ﴾، بەڵکو ئەوانە، ئەو لادەرانە، ئەو تاوانبارو خراپەکارانە کە لە ڕێبازی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، لایانداوە، دڵیان بێ ئاگایە لەوە، لەو باس و خواس و سیفەتە بەرزانەی ئیمانداران و، لە نەزانییەکی قووڵ دایە.

﴿ وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴾، جگە لەوەش، چەندان کردەوەی (خراپی) دیکەیان هەن، ئەنجامیان دەدەن، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِٱلْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ ﴾، (ئیدی لەسەر ئەوە بەردەوام دەبن)، تاکو کاتێک کە ئێمە خۆشگوزارەکانیان بە سزا دەگرین، لەو کاتەدا دەست دەکەن، بە هاوارو ڕۆو دادو فیغان، بەڵام پێیان دەگوترێ: ﴿ لَا تَجْـَٔرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴾، ئەمرۆ هاوارو ڕۆ ڕۆ مەکەن، دادو فیغان مەکەن، لە لایەن ئێمەوە سەرناخرێن، پشتیوانییتان ناکرێ، ﴿ قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ ﴾، پێشتر ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنرانەوە، بەڵام ئێوە لەسەر پاژنەی پێیەکانتان دەکشانەوە، لە جیاتی ئەوەی بەرەو ڕووی ئایەتەکان بێن، لێیان دەکشانەوە، ﴿ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ ﴾، لە بەرانبەر قورئاندا، بە شێوەی بە درۆدانەرانە،

خۆتان بەزل دەگرت، ﴿ سَٰمِرٗا تَهۡجُرُونَ ﴾، شەوگارتان بە قسەی خراپ و پووچ بەسەر دەبرد.

ئنجا دێتە سەر باسی کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ، دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمۡ يَدَّبَّرُواْ ٱلۡقَوۡلَ أَمۡ جَآءَهُم مَّا لَمۡ يَأۡتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، ئایا بیریان لە فەرمایشتەکە نەکردۆتەوە، (کە قورئانە) ﴿ أَمۡ جَآءَهُم مَّا لَمۡ يَأۡتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، یاخود شتێکیان بۆ هاتوە، کە بۆ باب و باپیرانی پێشوویان نەهاتوە، ﴿ أَمۡ لَمۡ يَعۡرِفُواْ رَسُولَهُمۡ فَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، یاخود پێغەمبەرەکەی خۆیان ناناسن، نەیانناسیوە، بۆیە نکوولیی لێ دەکەن، ئایا چاکی ناناسن کێیەو کێ نیە؟ ﴿ أَمۡ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةُۢ ﴾، یان ئایا دەڵێن: شێتیی تێدایە؟ ﴿ بَلۡ جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴾، بەڵکو (ڕاستییەکەی ئەوەیە) هەقی بۆ هێناون و، ئەوانیش (دانوویان لەگەڵ هەقێدا ناکوڵێ و)، زۆربەیان ڕقیان لە هەقی هەڵدەستێ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ تۆمەتبار دەکەن بە شێتیی، بۆ پاساو دانەوەی هەڵوێستی کافرانەی خۆیان.

﴿ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّ ﴾، ئەگەر هەقیش بە دوای ئارەزووەکان کەوتبایە، ئاسمانەکان و زەوی و هەر کەسێ کە تێیان دایە، هەموویان تێکدەچوون، ﴿ بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِذِكۡرِهِمۡ فَهُمۡ عَن ذِكۡرِهِم مُّعۡرِضُونَ ﴾، بەڵکو ئێمە بیرخەرەوەی خۆیانیان، یاخود شەرەف و ڕێزی خۆیانیامان بۆ هێناوە، کەچی ئەوان پشت دەکەنە بیرخەرەوەکەیان، یان پشت دەکەنە ئەو ئایین و بەرنامەیەی، کە مایەی ڕێزو حورمەتە بۆیان.

﴿ أَمۡ تَسۡـَٔلُهُمۡ خَرۡجٗا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيۡرٞۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، یان ئایا تۆ خەرجیی و مەسرەفیان لێ داوا دەکەی، (بۆیە بڕوا ناهێنن)؟ بە دڵنیایی خەرجیی و بژێوی پەروەردگارت چاکترەو، بەس ئەویش باشترین بژێودەرە.

﴿ وَإِنَّكَ لَتَدۡعُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، هەروەها بە دڵنیایی تۆ ئەوان بانگ دەکەی، بۆ ڕاستە شەقام، ﴿ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ ﴾،

بەڵام ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، لادەرن لە ڕاستە شەقام، ﴿ وَلَوْ رَحِمْنَٰهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّواْ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾، ئەگەر گریمان ئێمە بەزەییشمان لەگەڵ نواندبان و، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەی کە هەیانە، لێشمان لابردبانایە، هەر لەسەر سەرکێشیی و، یاخیبوونی خۆیان سەراسیمانە، بەردەوام دەبوون.

﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ فَمَا ٱسْتَكَانُواْ لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴾، بە دڵنیایی پێشتریش ئێمە سزاماندان، کەچی بۆ خوا ملکەچ نەبوون، نەکڕووزانەوەو، لێی نەپاڕانەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴾، هەتا کاتێک کە دەرگای سزایەکی سەختمان لێکردنەوە، ئەو کاتە کت و پڕ تووشی نائومێدیی بوون، تەما بڕاو بوون و، دەستیان لە هەموو پچکا بڕا، لە جیاتی ئەوەی پێشتر پەند وەربگرن، خۆیان تووشی ئەو سەرەنجامە شوومە کرد.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەران (علَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، کە بژیوی حەڵاڵ و چاک بخۆن و، کردەوەی باش ئەنجام بدەن و، هۆشداریی پێدانیان کە ڕێبازەکەیان یەکێکەو، با پارێز لە پەروەردگاریان بکەن و، لێی لانەدەن و تێیدا پەر تەوازە نەبن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٞ (٥١) وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ (٥٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾، ئەی پێغەمبەرینە! لە بژیوە پاک و چاک و سوود بەخشەکان بخۆن.

زانایان گوتوویانە: لێرەدا (كُلُواْ)، فەرمان (أمر)ە، بەڵام (أَمْرُ إِبْاحَةٍ)، فەرمانی ڕەوانەکردن و ڕێ پێدانەو، ئەمە بەرپەرچدانەوەی کافرەکانە، کە پێیان وابووە، پێغەمبەران و، ئایین و بەرنامەو پەیامەکەیان، ڕێی لەزەت وەرگرتن و ژیانی خۆش، لە مرۆڤەکان دەگرێ، نەخێر، لە بژیوە پاک و چاکەکان بخۆن.

هەروەها لە ڕوویەکی دیکەشەوە، دیسان بەرپەرچدانەوەی کافرەکانە، کە ئەوان فەرقیان بە پاک و پیس نەکردوە لە خواردنەکانداو، پاک و پیس، چاک و خراپیان خواردوە.

یانی: ئەی پێغەمبەرینە! خۆتان و شوێنکەوتووانتان، تەنیا لە بژێوە پاک و چاک و سوود بەخشەکان بخۆن، شتانێک کە زیان بەخشن، پیسن، خراپن، خۆتانیان لێ دوور بگرن، ئنجا وەک پێشتریش گوتمان: ئەم دواندنەی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، ئاشکرایە لە دوای هاتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ نەبووە، بەڵکو خوا ﷻ بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ئاوا پێغەمبەرانی دواندوە، هەر کامێکیان، تاک، تاک، ئاوای دواندوە، ئەگەرنا پێغەمبەران هەموویان لە یەک شوێن کۆنەبوونەوە، کە خوای پەروەردگار ئاوا بیاندوێنێ، بەڵام هەموو ئەو دواندنە تایبەتانەی کە خوا ﷻ پێغەمبەرانی پێ دواندوون، یەک یەکیان، هەموویانی لێرەدا کۆکردۆتەوە، دەفەرموێ: پێغەمبەرانم ئاوا دواندون، ئەی پێغەمبەرینە!، لە بژێوە پاک و چاکەکان بخۆن.

٢)- ﴿ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًا ﴾، لە کردەوە باشەکانیش ئەنجام بدەن، کردەوە باشەکان بکەن، ئنجا ئایا کردەوە باشەکان چین؟ تێکڕای جم و جۆڵ و چالاکییە فیکریی و دەروونیی و ڕواڵەتییەکان چ پەیوەندییان بە لایەنی بووناسییەوە هەبێ، چ بە ئیمان و عەقیدەوە، چ بە خواپەرستییەوە، چ بە ڕەوشت و ئاکارەوە، چ بواری کۆمەڵایەتیی، چ بواری سیاسیی، چ بواری بازرگانیی، هەمووی دەگرێتەوە.

٣)- ﴿ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەی ئێوە دەیکەن، من پێی زانام، ئەمە هاندانی پێغەمبەران و، شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانە، بۆ هەردووکیانە، کە: خوا ئاگادارە چ جۆرە بژێوێک دەخۆن و، چۆنی پەیدا دەکەن؟ هەروەها چ کردەوەیەکیش ئەنجام دەدەن؟ ئنجا مادام خوا ئاگادارە، لە خۆتان وریا بن.

دوایی خوای پەروەردگار لەسەر دواندنی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام)، بەردەوام دەبێ، دەفەرموێ:

٤)- ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، ئەم بەرنامەو ڕێبازەی ئێوە، یەک بەرنامەو ڕێبازە.

٥)- ﴿وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ﴾، منیش پەروەردگارتانم، دەجا پارێزم لێ بکەن، خۆتان بپارێزن، کە لە بەرنامەکەم لابدەن، یاخود پەرتەوازەبن، یاخود بەش بەشی بکەن.

(إنَّ)، لە: ﴿وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾ دا بە سێ جۆر خوێنراوەتەوە:

١- (إنَّ).

٢- (أنَّ).

٣- (وأنْ).

وشەی (أُمَّةً)یش، لە قورئاندا بە سێ واتایان هاتوە:

یەکەم: بە واتای کۆمەڵە خەڵکێک دێ: ﴿وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ (٢٣)﴾ القصص، واتە: کۆمەڵە خەڵکێکی لەسەر دیتن (خەڵکی مەدیەن) کە ئاژەڵەکانیان ئاودەدا.

دووەم: بە مانای کات دێ: ﴿وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ (٤٥)﴾یوسف، دوای کۆمەڵێک (ساڵ و کات) بیری هاتەوە، هاتەوە یادی (یوسوف چی پێگوتبوو).

سێیەم: بە مانای ڕێبازیش، دێ.

کە لێرەدا دەگونجێ ئەم مانایەیان زیاتر بەهێز بێ: (**وَأَنَّ هَـذِهِ أُمَّتُكُم**)، ئەمە ڕێبازو بەرنامەی ئێوەیە، ﴿أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ﴾، یەک ڕێبازو یەک بەرنامە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ (١٢٠)﴾النحل، ئیبراهیم ئۆممەتێک بووە، دەگونجێ بڵێین: کۆمەڵە خەڵکێک لە ئیبراهیم دا خولاسە بوو بوونەوەو، ئیبراهیم بە تەنێ بە قەدەر کۆمەڵێک خەڵک بوو، لە سیفەتی بەرزو چاک دا، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ، کە ئیبراهیم بەرجەستەکەری ڕێبازێک و، بەرنامەیەک بوو، کە خوا ﷻ ناردوویەتی.

لە سوورەتی (الأنبیاء)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ (٩٢)﴾، ئەم ڕێبازەی ئێوە یەک ڕێبازە و، منیش

پەروەردگارتانم، ئنجا تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، لێرە دەفەرموێ: ﴿ فَاتَّقُونِ ﴾، پارێزم لێبکەن، ئنجا لەوێش دەگونجێ مەبەست پێی کۆی ئەهلی ئیمان بێ، بە سەرقافڵەیەتیی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ)، لێرەش هەر دەگونجێ، بەڵام لێرەش و لەوێش، وا پێدەچێ زیاتر مەبەست ئەوەبێ: ئەو بەرنامەو ڕێبازە، ئەی پێغەمبەرینە! کە لە ئادەمەوە تاکو خاتەم خوا نادوویەتی، یەک ڕێبازە، یەک بەرنامەیە، بیگرنە بەرو، تێیدا پەرتەوازە مەبن.

مەسەلەی دووەم:

سەرزەنشتکردنی زۆرێک لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، لەسەر پەرتەوازەیی و ماڵماڵۆکێنەیان و خەیاڵپلاویان، کە مادام خوا سامان و کوڕانیان بۆ دەڕەخسێنێ، دیارە ئەوانە دۆست و نیزیکی خوان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾ فَذَرْهُمْ فِى غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٥٤﴾ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا ﴾، ئنجا کارەکەی خۆیانیان بڕبڕو پارچە پارچە کرد لە نێوانیاندا، هەرچەندە یەکسەر لە دوای باسی پێغەمبەران، خوا وا دەفەرموێ، بەڵام بە سیاق و سەلیقە دەزانین کە ئەوانەی ئایین و کارەکەی خۆیانیان لە بەینی خۆیاندا، بڕ بڕو، پارچە پارچەو، بەش بەش کردوە، بە دڵنیایی پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)** نەبوون، بەڵکو شوێنکەوتووە سەرلێشێواوە لادەرەکانیان بوون.

بە (ف)ی بەدوادا هاتن (تعقیب) دەیهێنێ، یانی: یەکسەر لە دوای پێغەمبەران **(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)**، شوێنکەوتووەکانیان، خۆیان تێدا ڕانەگرت، لەو ڕاستە شەقامەدا، بەڵکو ئایین و بەرنامەکەی خۆیان، نیشەکەی خۆیان، لە بەینی خۆیان دا، بەش بەش کرد، (زُبُرْ) کۆی (زَبْرَة)یە، وەک **(قِطع جمع قِطعة)** هەڵبەتە (زُبُراً)، خوێندراویشەتەوە: (زُبَراً)، یانی: **(قِطعَاً)**، بەش بەشیان کرد.

٢)- ﴿ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴾، هەر کۆمەڵێک بەوەی کە لەلایانە، زۆر دڵخۆش بوون، زۆر پێی سەرسام بوون، چونکە **(الفَرَحُ: شِدّة السرورِ)**، **(فرح)**، بریتیە لە زۆر دڵخۆش بوون، ئەمە لە مانای گشتییدا ئاماژەیەکمان پێداو گوتمان، لێرە زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

بەرێزان!

دەردی کوشندەی ئەهلی ئایین[1] و شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عليهم الصَّلاةُ وَالسَّلام) ئەوە بووە، کە نەیانتوانیوە لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە، ڕێک و ڕوون و بێ گرێ و گۆڵە، کە پێغەمبەران بەجێیان هێشتوە، چ لە ڕووی بووناسیی، چ لە ڕووی ئیمان و عەقیدە، چ لە ڕووی پەرستشەکان، چ لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەکان، چ لە ڕووی ئەدەبە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە ڕووی ڕێکخستنی ژیانی سیاسیی و، ئابوورییەوە، نەیانتوانیوە لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە بمێننەوە، بەڵکو هەواو ئارەزووی خۆیان و غەیری خۆیان تێکەڵی کردوە، ئەفسانەیان تێکەڵ بە ئیمان و عەقیدە و بووناسییەکە کردوەو، هەواو ئارەزووی خۆیان تێکەڵ بە شەریعەت و بە پابەندییەکە کردوەو، عادات و نەرێتی نەفامانەیان تێکەڵ بە ڕەوشت و ئەدەبە خێزانیی و، شەخصیی و، کۆمەڵایەتییەکان کردوە.

طاغووتە خۆبەزلگرو خۆسەپێنەکان، لە ڕووی سیاسیی و، لە ڕووی ئابوورییەوە، لادان و بە لاڕێ دا بردنیان، لە بەرنامەی ئایینی خوادا جێگیر کردوە، تاکو بتوانن خێرو بێری وڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و، خەڵک بچەوسێننەوە، ئەوە دەردی کوشندەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بووە، بۆیە خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗا ﴾، کاری خۆیان لە نێو خۆیاندا، بەش بەش کرد، کاری خۆیان چی بووە؟ ئایینەکەیان بووە، بەرنامەکەیان بووە، بەرنامەکەیان یەک بەرنامەی خوایە ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾، خوای کاربەجێ زۆر بە جەختکردنەوە، فەرموویەتی: ڕێبازەکەتان یەک ڕێبازە، کەچی ئەوان کردوویانەتە چەند ڕێبازێک.

---

(١) ئایین، دین، بە مانا عورفیی و باوەکەی، کە تەنیا بەرنامەی خوایی و ئاسمانیی دەگرێتەوە، نەک بە مانا زمانەوانیی (لغوي)یەکەی، کە گشتییە بۆ تێکڕای بەرنامەکان، چ خوا کردبن، چ مرۆڤکرد.

ئەگەر ئێستا تەماشا بکەین، جوولەکەکان چەندان جۆرن، هەروەها مەجووسییەکان، ئنجا صابیئە، دیسان نەصرانییەکان سێ کۆمەڵی سەرەکیین (بروتستانت) و (کاثولیك) و (ئەرثذۆکس)، ئنجا هەر کامێک لەوانەش چەند بەشێکە.

ئنجا مسوڵمانانیش لە ئەصڵدا هەموویان یەک ئوممەتن، ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ ئەوانیش زۆربەیان وەک ناوێکی مێژوویی پێیان گوتراوە: ئەهلی سوننەت و جەماعەت، کەمینەکیش پێیان گوتراوە: شیعە، کاتی خۆی لە نێو شیعەدا (پەنجا، شەست)، کۆمەڵ و تاقم هەبووە، کە هەندێکیان لە تێپەڕێنەران (غلاة) بوون و، لە بازنەی ئوممەت دەرچوون، هەروەها لە نێو لە ئەهلی سوننەتیشدا، دیسان کۆمەڵێک قوتابخانەی جۆراو جۆرو کۆمەڵێک لادان و خلیسکان بوون!

ئنجا ئائەوە دەردی کوشندەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، بۆیەش خوا لێرەدا ئەوەمان بۆ باس دەکات، یانی: ئەی ئوممەتی موحەممەد! ﷺ ئێوەش ئاگاداربن، بە دەردی ئەو ئوممەتە پێشووانە نەچن، بە مەرەدی وان نەچن، ئێوەش ئایینی خۆتان لە بەینی خۆتاندا بەش بەش مەکەن، یەکێکتان تەنیا لایەنی فیکریی بگرێ و، یەکێکتان تەنیا لایەنی ڕووحیی بگرێ و، یەکێکتان تەنیا لایەنی پەروەردەیی و، یەکێک تەنیا لایەنی جەنگ و جیهاد و، یەکێک تەنیا لایەنی سیاسیی!، هەروەها هەر کامێکیشتان بڵێ: ئەوەی من دەیکەم، هەر ئەوە دیندارییە، کە لە ڕاستیی دا وانیەو، ئیسلام هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دەگرێتەوە، ئیسلام هەم بووناسییەو، هەم ئیمان و عەقیدەیەو، هەم فیکرەو، هەم ڕەوشت و ئەدەب و ئاکاری شەخصیی و خێزانیی و کۆمەڵاتییەو، هەم لایەنی سیاسییە، هەم حوکمڕانییە، هەم جەنگ و جیهادو ڕووبەڕوو بوونەوەیە، لە کات و شوێنی خۆی داو، بە هەل و مەرجی خۆی، لە یەک کاتدا، هەموو ئەوانەیەو، گەلێک شتی دیکەشە.

٣)- ﴿ فَذَرۡهُمۡ فِي غَمۡرَتِهِمۡ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾، ئەی موحەممەد! ﷺ تۆ لێیان گەڕێ، لە شوێنکەوتووانی ئایین و بەرنامە پێشووەکان، گەڕێ، با لە نەزانیی و نەفامیی خۆیاندا بمێننەوە، تاکو ماوەیەکی کەم وازیان لێ بێنە.

(الغَمْرَةُ: ما يَغْمُرك، والمُراد بـه الحَيرَةُ والغَفْلَـةُ و الضُلالَـة)، (غَمْـرَة) هـەر شـتێکە تـۆ دابپۆشـێ، لـە ئەصڵـدا بـە ئـاوی زۆر دەگوتـرێ، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی سەرسـامیی و بـێ ئاگایـی و گومڕاییـە، یانـی: لێیـان گـەڕێ، بـا لـە گومڕایـی و سەرسـامیی و نەفامیـی خۆیـان دا، بمێننـەوە، مـادام گـوێ بـۆ تـۆ ناگـرن.

٤)- ﴿ أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ ﴾، ئایا پێیان وایە ئەوەی ئێمە دەیبەخشین بە وان، لە سامان و کوڕان، خێرایی دەکەین لەبەرژەوەندییەکانیان دا ؟ (الإمَدادُ: إعْطَاءُ المَدَدِ وَهُوَ العَطَاء)، (إمدَادُ): ئەوەیە ئینسان بواری بۆی درێژ بکرێ و، بیدرێتێ.

شایانی باسە: (أَنَّما) لە ئەسڵدا (أَنَّ ما)یە، یانی: (أَنَّ الذي)، ئەوەی کە....

﴿ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ ﴾، لـە سـامان و کـوڕان، هـەم سـەروەت و سـامان، هـەم کـوڕان، هەڵبەتـە کچانیـش هـەر بەخششـی خـوان، بـەڵام خـوای پـەروەردگار بـە پێـی عەقڵ و سـەلیقەی خەڵکەکـە، قسـەی کـردوەو، ئـەوان زیاتـر دڵیـان بـە کـوڕان خـۆش بـووەو، بـە پشـت و قوەتیشـیان زانیـون، ئایـا پێیـان وایـە کـە ئەوەیـان بـۆ دەڕەخسـێنین، لـە مـاڵ و سـامان و لـە کـوڕان:

٥)- ﴿ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ ﴾، ئەوە خێرایی دەکەین لە بەرژەوەندییەکانی ئەواندا، (المسارعة: التعجيل)، واتە: ئێمە پەلە دەکەین و خێرایی دەکەین، لە چاکەو سوودەکانیاندا؟

٦)- ﴿ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ ﴾، بەڵکو هەست ناکەن، لێرەدا (بلْ) لە ﴿ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ ﴾دا، (للإضراب على المظنون لا على الظن)، (بل) بۆ گواستنەوەیە، نەک لەو گومانەی کە بردوویانە، بەڵکو لەو شتەی کە گومانیان پێبردوە، کە ماڵ و سامان و کوڕان، بۆ ڕەخساندنیانە، دەفەرموێ:

ئەوە نیشانەو بەڵگەی ئەوە نیە کە خوا خۆشی دەوێن و، خێرایی دەکات لە دابین کردنی بەرژەوەندییەکانیاندا، بەڵکو لە ڕاستییدا ئەوان هەست ناکەن، ئەگەرنا ئەوە پەلکێش کردنیانە بەرەو سزای زیاترو، گومڕایی زیاتر.

وشەی (**خیرات**)، کۆی (**خیر**)ە، بە (**ا، ت**) کۆکراوەتەوە، کە ئەوە لە زمانی عەرەبییدا، لە کۆیە دەگمەنەکانە، (**خیر: خیرات**)، وەک: (**سرادق: سرادقات**)، سەراپەردە، کە ئەو جۆرە کۆیانە کەمن لە زمانی عەرەبییدا، وشەی (**خیر**) بە (**ا، ت**)، کۆبێتەوە، وەک کۆی مێینە (**جمع المؤنث**).

ئنجا خوا ﷻ دوای ئەوەی ئەوانەی بەو شێوەیە لە ڕێبازی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، لایانداوەو، ئایینەکەی خۆیان بەش بەش کردووەو، هەر کامێکیان لەسەر بەشێکییەتی و زۆریش دڵخۆشە بە بەشەکەی خۆی و، پێشییوایە دینداریی هەر ئەوەیە کە ئەو دەیکات، خوا بە پێغەمبەری ﷺ فەرموە: لێیان گەڕێ، لەو سەرگەردانییەی خۆیاندا، ماوەیەک بمێننەوەو، دواییش ئەو خەیاڵ و پلاوەی دەیکەن: کە مادام خوا ﷻ ئیمکانیەتی ماددیی بۆ ڕەخساندوون و، دەستڕۆیشتووی کردوون، کەواتە: دیارە خۆشی دەوێن و لێیان ڕازییە، دوای ئەوەی ئەو خەیاڵپلاوەشی پووچاندنەوە، ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی ئەوە کە کەسانێک خوا خۆشی دەوێن کێن و چۆنن؟

مەسەلەی سێیەم:

پێناسەکردنی بەندە نیزیک و پەسندەکانی خوا، بە پێنج لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیان:

١- سام و هەیبەت بەرانبەر بە خوا.

٢- بڕواهێنان بە ئایەتەکانی خوا.

٣- هاوبەش بۆ خوا دانەنان.

٤- بوغڕا نەبوون بە کردەوەی باش.

٥- خێراییکردن و پێشکەوتنەوە لە چاکاندا.

ئنجا ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەش، کە خوا لە توانا بەدەر لە هیچ کەس داوا ناکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾ وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَلَدَيْنَا كِتَٰبٌ يَنطِقُ بِٱلْحَقِّ ۚ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ بَلْ قُلُوبُهُمْ فِى غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

ئەوانەی خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن و، لە لای بەندەی پەسندن، ئەگەر دەتانەوێ بیانناسن، خاوەنی ئەو پێنج سیفەتە بنەڕەتییانەن، کەواتە: ئەوە بکەنە ئاوێنەیەک و خۆتانی تێدا ببینن، چەندە لەو سیفەتانە لە ئێوەدا هەن و، خاوەنی چەند لەو سیفەتانەن، ئا ئەوانە ئەو بەندانەن کە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ

وَالسَّلام) ماون و، لەسەر ڕاستە شەقامی پێغەمبەران دەڕۆن و، لەلای خواش بەندەی پەسندو خۆشەویستن،

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی کە لە سام و هەیبەتی پەروەردگاریان ترس و لەرزیان بەرانبەر بە خۆیان هەیە، چونکە وشەی (الخشية: الخوف مع تعظيم)، (خَشْيَةِ)، جیاوازیی لەگەڵ (خوف)، ئەوەیە (خوف)، یانی: لێترسان، بەڵام (خَشْيَةِ)، ئەوەیە وێڕای لێترسان، بە مەزنگرتنیش هەبێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴿٢٨﴾ ﴾فاطر، واتە: بەڕاستیی بەندە زاناکان لە خوا دەترسن بە مەزنگرتنەوە، دەزانن خوا چەندە مەزنە، چەندە بەرزە، چونکە زانان بە گەردوونی خوا، بە دروستکراوەکان خوا.

ئنجا ئەوانەی کە بەهۆی ترس و بە مەزن گرتنی پەروەردگاریانەوە، حاڵەتی ئیشفاقیان بۆ دروست بووە بەرانبەر بە خۆیان، (إشفاق)یش بریتیە: لەوە کە مرۆڤ پەرۆشی خۆی بێ و، ترس و بیمی لە خۆی هەبێ، کە تووشی سزای خوا بێ، کەواتە: سام و هەیبەت هەبوون بەرانبەر بە خوا ﷻو، دڵ لە مست دا بوون و، دڵ لە ترس و لەرز دابوون، بەرانبەر بە مەزنیی و بەرزایی خوا، ئەمە یەکێکە لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئەوانەی کە خوا ﷻ خۆشی دەوێن و، بۆ خوا صوڵحاون، نەک لە ئەنجامی ئەوەدا کە کابرا چوار عانەی دێنە گیرفانێ، یاخود سامان و ئیمکانیەتێکی دەبێ، یان دەوری خۆی قەڵەباڵغ دەبینێ، پێی بوغڕا بێ و، بڵێ: دیارە خوا منی زۆر خۆش دەوێ، ئەها چی داومێ! بێ خەبەر لەوە کە خوا دنیا دەدا بە کەسانێک کە خۆشیدەوێن و کەسانێک کە خۆشیناوێن، بەڵام تەنیا ئەو کەسانە بەرەو ئیمان سەرکەوتوو دەکات و، پەلکێش دەکات، کە خۆشی دەوێن، ئەگەر نا دنیا دەدا بە هەموو کەس! ئنجا بەوە تاقییان دەکاتەوە، ئیماندار داخۆ شوکری لەسەر دەکات، کافریش داخۆ چی پێ دەکات؟ داخۆ بە نیعمەتی خوای دەزانێ و، بەهۆی نیعمەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، یاخود زیاتر پێی بوغرا دەبێ و، پێی لە خۆبایی دەبێ؟!

٢)- ﴿ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە بڕوا بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان دێنن، نیشانەکان (آيات):

١- دەگونجێ مەبەست پێی ڕستەکانی قوڕئان بێ.

٢- یان مەبەست پێی نیشانەکانی پەروەردگار بێ، لە گەردوون و لە دەورووبەردا.

٣- دەشگونجێ مەبەست پێی موعجیزەی پێغەمبەران بێ.

٤- دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو ڕووداوانە بێ، کە خوا لە ژیانی بەشەردا هێناونیە دی، هەموو ئەوانە لە قوڕئاندا بە ئایەت تەعبیریان لێ کراوە، بەڵام لێرەدا بە پێی سیاق دەزانرێ، کە زیاتر مەبەست پێی ئایەتەکانی قوڕئانە.

٣)- ﴿ وَالَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن، چ هاوبەش دانانی گەورە (**الشرك الأكبر**)، کە مرۆڤی پێ لە بازنەی ئیمان و ئیسلام دەچێتە دەر، چ هاوبەش دانانی گچکە (**الشرك الأصغر**)یش، مرۆڤ پێی گوناهبار دەبێ، بەڵام هەر لە بازنەی ئیمان و ئیسلام دایە، ئێمە لە کۆتایی تەفسیری سووڕەتی (یوسف)دا، بە درێژیی لە بارەی شیرکی گەورەو گچکەوەوە، ئینسان بە چی دەبێ بە موشریک و، شیرک چۆنە و چەند جۆرە؟! بە درێژیی قسەمان لێ کردوە.

٤)- ﴿ وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەی کە هەرچی پێیان دەکرێ، دەیبەخشن، کەچی دڵیشیان لە ترس و لەرزدایە، بەهۆی ئەوەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان، یاخود: ﴿ يُؤْتُونَ مَا آتَوا ﴾، واتە: هەرچی کە پێیان دەکرێ لە چاکە دەیکەن، چونکە ئینسان کە کردەوەیەک دەکات، وەک ئەوەیە ئەو کردەوەیە ببەخشێ، یانی: هەرچی لە توانایان دایە لە کردەوەی چاک، دەیکەن، کەچی دڵیشیان لە ترس و لەرز دایە، دڵیان لە مستێ دایەو، دڵە ڕاوکەیانە، نەک پێی لە خۆبایی بن بەڵکو، هەرچی پێیان دەکرێ لە چاکە دەیکەن، کەچی پشتێنیشیان لێ نەکردۆتەوەو، پشت بە کردەوەکانیان نابەستن و، بوغڕا نابن و، لە خۆیان دڵنیا نابن،

بەڵکو دڵیان لە مستێ دایە، دەبێ خوا وەری گرتبێ؟ دەبێ ئەوەی کردوومانە شایستەی پایەو مەقامی خوا ﷻ بێ؟!

لێرەشدا ئەم فەرمایشتە دێنینەوە:

[أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ ﴾، قَالَتْ عَائِشَةُ: أَهُمْ الَّذِينَ يَشْرَبُونَ الْخَمْرَ وَيَسْرِقُونَ؟ قَالَ: لاَ يَا بِنْتَ الصِّدِّيقِ! وَلَكِنَّهُمْ الَّذِينَ يَصُومُونَ، وَيُصَلُّونَ، وَيَتَصَدَّقُونَ، وَهُمْ يَخَافُونَ أَنْ لاَ يُقْبَلَ مِنْهُمْ، أُولَئِكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ] (أخرجه الترمذي : ٣١٧٥، وابن ماجه: ٤١٩٨).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام ﷺ پرسی لە بارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴾، پرسیم: ئایا ئەوانەن کە مەی دەخۆنەوەو، دزیی دەکەن؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، ئەی کچی صیددیق! بەڵکو ئەوانەن کە بە ڕۆژوو دەبن و، نوێژ دەکەن و، خێرو چاکە دەکەن و، دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەش دا دەترسن کە خوا لێیان وەرنەگرێ، ئا ئەوانەن کە خێرایی دەکەن لە چاکەکاندا.

بەمجۆرە پێغەمبەر ﷺ وشەو تەعبیرێک، کە هاوەڵان لێیان نیشکال بووبێ، بۆی ڕوون کردوونەوە.

٥)- ﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، ئەوانە کەسانێکن خێرایی دەکەن، لە ئەنجامدانی چاکەکاندا، (**الخَيْرُ: مَا يَرْغَبُ فِيه الكُلُّ**)، (**خير**)، هەر شتێکە هەموو کەس بۆی ئارەزوومەندە، (**إبن العربي**) گوتوویەتی: (**خير**)، ئەوەیە کە چاکەی لە زیانی زیاتر بێ، (**شرّ**)یش، ئەوەیە زیانی لە چاکەی زیاتر بێ.

چونکە لە ئەسڵدا (**خير**)، یانی: چاکتر، (**شرّ**)یش یانی: خراپتر.

٦)- ﴿ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴾، هەروەها ئەوانەن کە لە ئەنجامی چاکەکاندا لە پێشەوەن، پێشکەوتوونەوە، یانی: (یسبقون إلى أوقاتها: أو وهم مِنْ أَجْلِ الخَيْرَاتِ سَابقون)، یانی: خێرایی دەکەن لە کاتی خۆیاندا، ئەنجامیان بدەن، یاخود بە هۆی ئەو چاکانەوە، پێشکەوتوونەوە.

٧)- ﴿ وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾، (خوا دەفەرموێ): لە هیچ کەسیش داوا ناکەین، هیچ کەسیش ئەرکدار ناکەین، مەگەر بەوەی لە توانایدا هەیە، خوا ﷻ زیاد لە توانا لە کەس داوا ناکات.

کەواتە: هەرچی خوا فەرزی کردوە، دیارە لە توانای مرۆڤەکاندا هەیە، ئنجا ئەگەر حاڵەتێکی ڕیزپەڕو ناتاساییان بۆ هاتە پێش، کە نەتوانن ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن، خوای بەبەزەیی ئەو ئەرکەیان لەسەر سووک دەکات و، لایدەبات، وەک ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان، لە کاتی سەفەرو لە کاتی نەخۆشییدا، وەک دەفەرموێ: ﴿ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴿١٨٥﴾ ﴾ البقرة.

هەروەها پێنج نوێژەکان لە کاتی سەفەردا کورت دەکرێنەوەو، کۆدەکرێنەوە، بەڵکو کاتی کە لە ماڵیشی، ئەگەر پێویست بوو نوێژەکان کۆدەکرێنەوە.

ئنجا لە کاتی ترسدا، شێوەی ئەنجامدانی نوێژ دەگۆڕێ، وەک لە سووڕەتی (النساء)دا، بە تەفصیل باسمان کردوە، لەبەر تیشکی ئایەتی ژمارە (١٠٢)دا.

هەروەها کاتێک کەسێک کە هەڕەشەی کوژرانی جیددیی لێ دەکرێ، بۆی هەیە قسەی کوفر بکات، مادام دڵی ئارامگرتوو بێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِالْإِيمَٰنِ ﴿١٠٦﴾ ﴾ النحل.

کەواتە: ئەو شتانەی خوا فەڕزی کردوون، هەموویان لە توانای مرۆڤدان و، هەر کات حاڵەتێکی بۆ بێتە پێش، نەتوانێ پێیەوە پابەند بێ، خوا حوکمەکەی لەسەر سووک دەکات، یاخود بۆی دوا دەخات یان لەسەری لادەبات.

٨)- ﴿ وَلَدَيۡنَا كِتَٰبٞ يَنطِقُ بِٱلۡحَقِّ ﴾، ئێمە نووسراوێکمان لەلایە کە بەهەق دەدوێ.

مەبەست پێی لیستی کردەوەکانە، کە خوا هەموو شتێکی تێدا تۆمار دەکات، یاخود مەبەست پێی (لوح المحفوظ)ە، کە ئەویش دەگونجێ هێما بێ بۆ زانیاریی بێ سنووری خوا، یاخود تۆمارکردنی کردەوەی مرۆڤەکان، بە شێوەیەک کە ئێستا نایزانین و ناتوانین وێنا (تصوُّر)ی بکەین، وەک لەم ڕۆژگارەدا لە ئەنجامی بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆجیادا، ئێمە هەندێ شێوەی تۆمارکردن دەزانین، کە کاتی خۆی نەبوون، کاتێ خۆی کوا ئەوە هەبووە خەڵک بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ، بە ڤیدیۆیی وێنەی بگیرێ و، هەموو هەڵسوکەوتەکانی تۆمار بکرێن؟

٩)- ﴿ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴾، هەروەها ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێ، (لا يبخسون حقهم)، ئەو ماف و هەقەی هەیانە، لێیان کەم ناکرێتەوە، واتە: ئەو ئیماندارانە هەرچی کردەوەی چاک ئەنجام دەدەن، هەموویان بۆ تۆمار دەکرێ و، هیچیان لێ کەم ناکرێتەوە.

مەسەلەی چوارەم:

باسی بێبڕوایان لە ڕووی سەرگەردانیی و، کردەوە خراپیی و، خۆبەزلگریی و، شەوگار بەسەربردن بەقسەی پووچ و خراپەوە، پاشان هاوارو ڕۆکردنیان، لە کاتی هاتنی سزاو تۆڵەی خوادا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِٱلْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ ﴿٦٤﴾ لَا تَجْـَٔرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ۖ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾ قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ ﴿٦٦﴾ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ بَلْ قُلُوبُهُمْ فِى غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا ﴾، بەڵکو دڵیان لە بێئاگایی و نەفامیی دایە، لەمەدا، (هَٰذَا): ئەمە یانی: (مَا ذُكِرَ آنِفاً مِنْ صِفَاتِ المؤمِنِين)، ئەوەی کە باسکرا لە سیفەتی ئیمانداران، ئەو پێنج سیفەتە، یانی: دڵیان لەوە بێ ئاگایە، (غمرة) پێشتریش باسمان کرد یانی: ئاوێکی زۆر کە شت نوقم دەکات.

کە لێرەدا نەزانیی و نەفامیی، ئەو وشەیەی بۆ خوازراوەتەوە، چونکە نەزانیی و نەفامییش، جاری وا هەیە ئابلووقەی دڵ و عەقڵی ئینسان دەدات و، ئەو مرۆڤە نوقم دەکات.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ بَلْ قُلُوبُهُمْ فِى غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا ﴾، ئەمە: (**إِضْرَابٌ إِلى مَا هُوَ أَغْرَبُ مِمَّا سَبَق، وَهُوَ وَصْفُ غَمْرَةٍ أُخْرَى انْغَمَسَ فِيهَا المشْرِكُون**)، پێشتر باسی (غمرة)ەمان کرد، کە دەفەرموێ: ﴿ فَذَرْهُمْ فِى غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾، ئنجا ئەمەیان لێدان (إضراب)و، گواستنەوەیە بۆ حاڵەتێکی سەیرتر کە بریتیە لە نەزانیی و نەفامییەکی دیکە، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان تێیدا نغرۆ بوون.

٢)- ﴿ وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ ﴾، هەروەها چەندان کردەوەیان هەن، جگە لەو هەموو ئەو کردەوانەی باسکران، لە کردەوە خراپەکانیان، چەندان کردەوەی دیکەشیان هەن، هی خراپ.

٣)- ﴿ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴾، ئەوان ئەنجام دەری ئەو کردەوانەن.

٤)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِٱلْعَذَابِ ﴾، (ئەوانە لەسەر ئەو حاڵەتەیان بەردەوام دەبن)، تاکو کاتێ کە ئێمە خۆشگوزەرانەکانیان بە سزا دەگرین، سزایان دەدەین، (**حَتَّى: الإبتدائية يَكُونُ مَا بَعْدَهَا مُبْتَدَاءَ كَلَامٍ**)، لێرەدا (**حَتَّى**) بۆ ئەوە نیە، حاڵەتێک تاکو حاڵەتێکی دیکە، بەڵکو بۆ سەرەتای ڕستەیە، پێی دەگوترێ: (**حَتَّى: الإبتدائية**)، ئەوەی لە دوایەوە دێ دەسپێکردنی قسەیە، (**مُتْرَفِيهِم أي: مُنَعَّمِيهم**)، ئەوانەی ناز پەروەرن، ئەوانەی خۆشگوزەران کراون.

٥)- ﴿ إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ ﴾، لەو کاتەدا دەست دەکەن بە دادو فیغان و هاوارو ڕۆ ڕۆ، یانی: یەکسەر ئەوان دەبینی هاوارو ڕۆ ڕۆ دەکەن و، دادو فیغان دەکەن، (**الجؤار: الصُّرَاخُ، جَأَرَ يَجْأَرُ: صَرَخَ وضرع**)، (**جُؤار**)، بە مانای هاوارکردن دێ، (**جأر يجأر**)، واتە: هاواری کرد، بە دەنگی بەرز، بە کڕووزانەوەوە.

بەڵام ئایا ئەو کاتە کە خوا ئەو خۆشگوزەرانەیان بە سزا دەگرێ و، ئەوان هاوارو ڕۆ ڕۆو، دادو فیغان دەکەن، دەکڕووزێنەوەو دەلاڵێنەوە، سوودیان پێ دەگەیەنێ؟ نەخێر.

٦)- ﴿ لَا تَجْـَٔرُوا۟ ٱلْيَوْمَ ﴾، ئەمڕۆ هاوارو ڕۆ ڕۆ مەکەن، سزا لێرەدا وا پێدەچێ مەبەست پێی سزای دنیایی بێ، پێیان دەگوترێ: ئەمڕۆ هاوارو ڕۆڕۆل مەکەن، ئەمە نائومێد کردنیانە لە دەرباز بوون.

٧)- ﴿ إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێوە لەلایەن ئێمەوە سەرناخرێن، واتە: هیچ کەسێک ناتوانێ پەناتان بدات لە سزای ئێمە، یانی: (**إِنَّكُمْ مِنْ عَذَابِنَا لاَ تُنْقَذُون، ومِنْ جِهَتِنَا لاَ تُنْصَرُون**)، لەلای ئێمەوە هیچ کەس ناتوانێ ئێوە لە سزای ئێمە دەرباز ناکرێن و، سەرتانبخات، پشتانبگرێ.

٨)- ﴿ قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، بەدڵنیایی ئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێندرانەوە، بێگومان لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، مەبەست لە (**آيات**): ئایەتەکانی قورئانە، یانی: ئێوە ئایاتەکانی ئێمەتان بە سەردا دەخوێندرانەوە، بەڵام چیتان دەکرد؟

٩)- ﴿ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ ﴾، لە جیاتی ئەوەی پێشوازیی لە ئایەتەکانی خوا بکەن، لە فەرمایشتی خوا بکەن، بە دڵ و گیان وەری بگرن، لەسەر سەری دابنێن، کەچی ئێوە لەسەر پاژنە پێیەکانتان دەکشانەوە، (**أعقاب**) کۆی (**عقب**)ە، واتە: پاژنە پێ، (**تنكصون: واتە: ترجعون قهقرى**)، واتە: پاشەو پاش دەکشانەوە، (**النُّكوصُ: الرُّجُوعُ مِنْ حَيْثُ أَتَى، وَهُوَ الفِرَارُ، وَالأَعْقَابُ مُؤَخَّرُ الأَرْجُل**)، (**نكوص**)، ئەوەیە کەسێک چۆن هاتوە، ئاوا بچێتەوە دوا، کە ڕاکردنە، (**أعقاب**)یش، بریتیە لە پاژنە پێ، کۆتایی پێیەکان.

١٠)- ﴿ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ ﴾، (کە دەکشانەوە لەسەر پاژنە پێیەکانتان، لە جیاتی ئەوەی بەرەو ڕووی ئایەتەکان بێن و، پێشوازییان لێ بکەن)، لە بەرانبەر قورئاندا خۆتان بەزلدەگرت، ئەم (بِهِۦ)، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ ئایەتەکان، چونکە لە مانای قورئاندان، نەگەرنا دەبووە: (**مستكبرين بها**)، بەڵام ﴿ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ ﴾، واتە: لە بەرانبەر قورئاندا خۆتان بەزلدەگرت، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ ﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (**مستكبرين عنه**)، (**مستكبرين عليه**)، بۆچی دەفەرموێ: (بِهِۦ)؟

چونکە (مُسْتَكْبِرِينَ، (**يعني: معرضين عنه، أو: ساخرين به أو: مكذّبين به**)، واتە: وشەی (مُسْتَكْبِرِينَ)، ئەو مانایانەی خراونە نێو، کە لە زمانی عەرەبییدا، بنچینەیەک هەیە پێی دەگوترێ: (**التضمين**): خرانە نێو، (مُسْتَكْبِرِينَ)، واتە: خۆبەزلگران، مانا ئەصڵەکەی خۆی هەیە، بەڵام کە بە پیتێکی دیکە بۆ بەرکار تێپەڕ دەکات، کە عادەتی نیە بەو پیتە تێپەڕ بکات، ئەو کاتە بە پێی سروشتی ئەو پیتە، مانایەکی دیکەی دەخرێتە نێو.

ئێستا ﴿ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ ﴾ دوو واتای هەن:

یەک: لە بەرانبەر قورئاندا خۆتان بەزلدەگرت.

دوو: وێڕای خۆبەزلگریی، بە درۆشتان دادەنا، یاخود گاڵتەشتان پێ دەکرد، یاخود پشتیشتان تێدەکرد.

١١)- ﴿ سَـٰمِرًا تَهۡجُرُونَ ﴾، شەوگارتان بەسەردەبرد، قسەی پووچ و بێ واتاو، بێ کەڵکتان دەکرد، (سَامِر: إسم لِجَمْعِ السَّامِرِين كَالحَاجُّ، وَالحَاضِر، بِمَعْنَى الحُجَّاج وَالحَاضِرِين) چونکە دەفەرموێ: ﴿ سَـٰمِرًا تَهۡجُرُونَ ﴾، لێرەدا (سامر)، یانی: یەک کەس کە شەوگار بەسەردەبات، شەونخوونیی دەکات و، لە شەوێدا قسە دەکات، بەڵام مادام دوایی دەفەرموێ: ﴿ تَهۡجُرُونَ ﴾، بە کۆ (جمع) هێناویەتی، کەواتە: (سامر)یش، ناوە بۆ کۆی ئەوانەی شەوگار بەسەر دەبەن، وەک: (حاج)، واتە: حاجییەکان و، (حاضر)، واتە: ئامادەبووەکان.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئێوە شەوگارتان بەسەردەبرد، بە قسەی پووچ و بێ واتا.

وشەی (سَامِر) لە (سَمْر)ەوە، هاتوە، (سَمْرُ اللَّيلِ أي: ظُلْمَتُهُ)، تاریکی شەو.

وشەی ﴿ تَهۡجُرُونَ ﴾، بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە: (تَهْجُرون)و (تُهْجِرون).

أ- (تُهجِرُون)، (مضارع)ی، (أَهْجَر، يُهْجِر)، ئەو کاتە (الْهُجْرُ بِضَمِّ الْهَاءِ وَسُكُونِ الْجِيمِ: وَهُوَ اللَّغْوُ وَالسبُّ وَالْكَلَام السَيِء) (هُجْرُ) قسەی پووچ و جنێوو قسەی خراپ.

ب- بەڵام ئەگەر (تَهْجُرون) بێ: (تهجرون، الهَجْر: مِنْ هَجَر إذا لغا)، یانی: قسەی پووچ و بێ واتاو، بێ کەڵکی کرد.

لە بارەی قسەکردنەوە لە شەودا، ئەم دوو فەرموودەیە دێنین:

١)- {عَنْ سَيَّارِ بْنِ سَلاَمَةَ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا بَرْزَةَ الأَسْلَمِيَّ يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ يُؤَخِّرُ الْعِشَاءَ إِلَى ثُلُثِ اللَّيْلِ، وَيَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَهَا وَالْحَدِيثَ بَعْدَهَا...} (أخرجه البخاري: ٥٤٠٧، ومسلم: ٦٤٧، وأبو داود: ٣٩٨).

واتە: سەیاری کوڕی سەلامە دەڵێ: لە ئەبوو بەرەزەم بیست دەیگوت: پێغەمبەر ﷺ جاری وابوو نوێژی خەوتنانی دوادەخست بۆ سێیەکی شەوو،

حەزی نەدەکرد لە پێش نوێژی خەوتناندا بخەوێ و، حەزیشی نەدەکرد لە دوای نوێژی خەوتنان قسە بکات.

ئەوە لە حاڵەتی ئاسایی دا، بەڵام دیارە ئەگەر شتێکی پێویست هاتبێتە پێش، وەک لە (صحيح البخاري) دا هاتوە، پێغەمبەر ﷺ جاری وا هەبووە، تاکو نوێژی بەیانیی نەخەوتودو، قسەو باسی کردودو تەگبیری کردودو، ڕاوێژی کردوە بە هاوەڵانی، بەڵام بە زۆریی بنچینەی وابووە، لە پێش نوێژی خەوتناندا نەخەوتودو، دوای نوێژی خەوتنانیش قسەی نەکردوون.

٢)- {إِيَّاكُمْ وَالسَّمَرَ بَعْدَ هَدْأَةِ الرِّجْلِ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لاَ يَدْرِي مَا يَبُثُّ اللَّهُ تَعَالَى مِنْ خَلْقِهِ، وَأَغْلِقُوا الأَبْوَابَ، وَأَوْكِوا السِّقَاءَ، وَخَمِّرُوا الإِنَاءَ، وَأَطْفِئُوا الْمِصْبَاحَ} (أخرجه البخاري في الأدب المفرد::١٢٣٠).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: دوای ئەوەی خەڵک ئارام دەگرێ، لەشەوگاردا، شەونخوونیی مەکەن و، مەمێننەوە، چونکە هیچ یەکێک لە ئێوە نازانێ خوای بەرز لە شەوگاردا، چی لە دروستکراوەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە، دەرگاکان پێوەدەن و، زاری مەشکەو کوندە، (ئەو دەفرانەی کە ئاو یان شلەمەنییان تێ دەکرێ)، ببەستن، قاپ و مەنجەڵ و کە خواردنیان تێدایە داپۆشن و، چراش بکوژێننەوە.

کاتی خۆی چرا فتیلەی هەبووەو، بە نەوت یان زەیت ئایساوە، مەترسیی هەبووە دوایی ماڵەکە گڕ بگرێ، هەر وەک ئێستاش زۆر جاران لە ئەنجامی بەکارهێنانی هیتەرو نەوت و غازو شۆڕتی کارەباوە، موصیبەت و بەڵا لەو بارەوە دەکەونەوە، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەم ڕۆژگارەش هەر ڕێنماییە.

مەسەلەی پێنجەم:

خستنەڕووی هۆکارە ڕاستەقینەکانی بێبڕوایی کافرەکان و بیانووە بێ جێیەکانیان و پووچەڵکردنەوەیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا۟ ٱلْقَوْلَ أَمْ جَآءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلْأَوَّلِينَ (٦٨) أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا۟ رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ (٦٩) أَمْ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةٌۢ ۚ بَلْ جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ (٧٠) وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ (٧١) أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ (٧٢) وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٧٣) وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ (٧٤) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا۟ ٱلْقَوْلَ ﴾، ئایا لە قسەکەوە ڕانەماون! کام فەرمایشتە؟بێگومان فەرمایشتی خوا (قوڕئان)، ئایا لە قوڕئان ڕانەماون؟ بۆیە بڕوای پێناهێنن؟ کە بە تەئکید وایە، هەر کەسێ لە قوڕئان تێبفکرێ، تێی ڕامێنێ، تێیدا قووڵبێتەوە، بە تەئکید ئەگەر ڕێزی عەقڵ و دڵی خۆی بگرێ و، بەرژەوەندیی ناشەرعیی ڕێی لێ نەگرێ و، لاسایی کردنەوەی کوێرانە ڕێی لێ نەگرێ، ئیمان دێنێ.

٢)- ﴿ أَمْ جَآءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ ءَابَآءَهُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، یان ئایا (بۆیە بڕواناهێنن بە قوڕئان)، لەبەر ئەوەی شتێکیان بۆ هاتوە، کە نەهاتبوو بۆ باب و باپیرانی پێشوویان؟ واتە: ئەوە هۆکاری بڕوا نەهێنانەکەیانە، کە لاسایی کەرەوەی کوێرانەی پێشووی خۆیانن، کە دەفەرموێ: ﴿ أَمْ جَآءَهُم مَّا ﴾، (ما): (الذي)، یانی: ئاینێکیان بۆ هاتوە، پەیام و بەرنامەکیان بۆ هاتوە، کە بۆ باب و باپیرانی پێشوویان نەهاتوە؟، ئنجا مادام باب و باپیرانی پێشوویان لەسەری نەبوون، ئەوانیش هەر شتێک پێشووەکانیان لەسەری نەبووبن، هەر لە ڕێوە، ڕەفزی دەکەن.

٣)- ﴿أَمۡ لَمۡ يَعۡرِفُواْ رَسُولَهُمۡ فَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ﴾، یاخود (بە هۆی ئەوەوە بڕواناهێنن)، کە پێغەمبەرەکەیان ناناسن، بۆیە نکوولّیی لێدەکەن؟ بەڵکو لە ڕاستیی دا باشیان ناسیوە، بەڵام حەسوودییان پێ بردوە، وەک لەو وتوووێژەی نێوان (الأخنس بن شريق)و (أبو جهل)دا هاتوە، کە ئەخنەس لێی دەپرسێ، ئایا تۆ نازانی کە موحەممەد ﷺ ڕاست دەکات؟ ئەویش دەڵێ: درۆمان لە موحەممەد نەبیستوە، دەڵێ: ئەدی بۆچی بڕوای پێ ناهێنن؟ دەڵێ: لەبەر ئەوەی عەشیرەتی ئێمە (بنو عبد الشمس) لەگەڵ (بنو هاشم)دا، هەر پێشبڕکێمان بووە، ئەوان کارێکیان کردوەو، ئێمەش کارێکی دیکەمان کردوە، وەک دوو ئەسپ کە پێشبڕکە دەکەن، ئێستا ئەوان دەڵێن: پێغەمبەرێکمان لە نێودا هاتوە، ئێمە چۆن بە دوای پێغەمبەرەکەی وان بکەوین، بۆیە بڕوای پێ ناهێنین!(١)

٤)- ﴿أَمۡ يَقُولُونَ بِهِۦ جِنَّةُۢ﴾، یان ئایا (هۆی بڕوا نەهێنانیان بە موحەممەد ﷺ، ئەوەیە) دەڵێن: شێتیی تێدایە، ئایا هۆکاری بڕوانەهێنانیان ئەوەیە کە دەڵێن: موحەممەد شێتە؟ کوان نیشانەکانی شێتیی؟ کەم و زۆری کوا لە موحەممەددا ﷺ هەن؟ کە لە لووتکەی عەقڵ و، حیکمەت و، مەعریفەت و، نەجابەت و، هەموو سیفەتێکی بەرز دایە؟!

٥)- ﴿بَلۡ جَآءَهُم بِٱلۡحَقِّ﴾، بەڵکو (ڕاستییەکەی ئەوەیە کە) ئەو هەقی بۆ هێناون.

ئەوانیش هەق ڕەفز دەکەن و، دانوویان لەگەڵ هەقیدا ناکوڵێ، ئەویش بەس هەقی پێیە، بۆیە بڕوای پێ ناهێنن.

٦)- ﴿وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾، (هۆکارەکەی ئەوەیە) کە زۆربەی ئەوانەش ڕقیان لە هەق هەڵدەستێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَأَكۡثَرُهُمۡ﴾، چونکە هەشیان بووە، هەقی خۆشویستوەو دوایی مسوڵمان بووە.

خوا ﷻ هێندەی گەردیلەیەک زێدەڕۆیی لە فەرمایشتەکەی دا نیە، دەفەرموێ: ﴿وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ﴾، زۆربەیان ڕقیان لە هەق هەڵدەستێ و، دانوویان لەگەڵیدا ناکوڵێ، چونکە دوایی هەندێکیان بڕوایان پێ هێناوە.

وشەی (**الحَقُّ: الثَّابتُ فِي الوَاقِعِ وَنَفْسِ الأَمْر**)، (حق)، شتی چەسپاوەو، پێکەڵ پێکە لەگەڵ ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە.

٧)- ﴿ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ﴾، ئنجا ئەگەر هەق بە دوای ئارەزووەکانی ئەوان کەوتبایە، ئەوە ئاسمانەکان و زەوی و، هەر کەسێ کە تێیان دایە، هەمووی تێکدەچوو.

واتە: ئەگەر ئەو هەقەی کە خوا دایبەزاندوە، بە پێی ئارەزووی ئەوان بووایە، ئەوە پێچەوانەی هەموو سیستمی گەردوونەو، بە سەرەوەو خوارەوە، بە ئاسمان و زەوییەوە.

٨)- ﴿ بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ ﴾، بەڵکو ئێمە یادخەرەوەی خۆیانیانمان بۆ هێناون.

(**الذِّكْرُ: مَصْدَرٌ بِمَعْنَى التَّذْكِيرِ، أو اسْمٌ لِلْكَلَامِ الَّذِي يُذَكِّرُ سَامِعِيهِ بِمَا غَفَلُوا عَنْهُ**)، (**ذِكْر**) چاوگە بە مانای بیرخەرەوە، یاخود ناوە بۆ قسەیەک کە بیری بیسەرەکان دەخاتەوە، ئەو شتەی لێی بێئاگا بوون.

بەڵام دەشگونجێ بڵێین: ﴿ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ ﴾، وەک لە جێی دیکە فەرموویەتی: (**إِنَّهُ لَذِكْرٌ لَكَ وَلِقَوْلِك**)، (**ذِكْر**)، هەم بە مانای بیرخەرەوە دێ، هەم بە مانای شەرەف و ڕێزو ناوو ناوبانگیش دێ.

٩)- ﴿ فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ ﴾، ئەوان لەوە کە بیرخەرەوەو ئامۆژگارییکاریانە، یان مایەی ناو بانگ و شۆرەتیانە، پشت هەڵکردوون.

١٠)- ﴿ أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا ﴾، یان ئایا (هۆی بڕوا نەهێنانیان ئەوەیە) کە تۆ داوای خەرجییان لێ دەکەی، داوای مەصرەف و ماڵ و سامانیان لێ دەکەی، (**الخَرْجُ: العَطَاءُ المُعَيَّنُ عَلَى الذَّوَاتِ، أو عَلَى الأَرَضِين، وَالخَرَاجُ وَالخَرْجُ وَاحِدٌ، وَقِيلَ الخَرْجُ مَا يُعْطَى تَبَرُّعَاً، وَالخَرَاجُ لاَزِم**)، (**خَرْج**) بریتیە لە بەخشینێکی دیارییکراو کە شەخصەکان دەیدەن، یاخود لەسەر زەوی دادەنرێ، (**خرج وخراج**)، هەندێک گوتوویانە: یەکن، هەندێکیش

گوتوویانە: (خَرْج) ئەوەیە کە خۆبەخشانە دەدرێ، بەڵام (خراج)، ئەوەیە کە پێویستە بدرێ و پێویست دەکرێ، ئایا تۆ داوای خەرجییان لێ دەکەی؟ داوای مەصرەفیان لێدەکەی؟ بارگرانییان دەخەیە سەر شان، بۆیە بڕوا ناهێنن؟!

١١)- ﴿ فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، خوێنراویشەتەوە: (فَخَرْجُ رَبِّكَ خَيْرٌ) یانی: خەرجییەک و بژیوێک و ڕۆزییەک کە پەروەردگارت دەیدات، چاکترە، ﴿ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، ئەویش باشترینی بژیو دەرانە.

١٢)- ﴿ وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، بە دڵنیایی تۆ ئەوان بانگ دەکەی بۆ ڕاستە شەقام، وەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **{قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ، لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا، لاَ يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلاَّ هَالِكٌ} (أخرجه أحمد: ١٧١٨٢، وابن ماجه: ٤٣، والحاكم: ٣٣١، عَنْ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ).**

واتە: مسۆگەر ئێوەم لەسەر ڕاستە شەقامێکی سپی و ڕوون، بەجێهێشتوە، شەوەکەیشی وەک ڕۆژەکەیەتی، لە دوای من مەگەر کەسێک بۆ خۆی حەزی لە فەوتان بێ، ئەگەرنا کەس لێی لانادا.

١٣)- ﴿ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە، ئەوانە لە ڕاستە شەقام لادەدەن، **(النَّاكِبُ: العَادِلُ عَنِ الشَّيءِ، وَالْمُعْرِضُ عَنْهُ)** (ناکب) لادەرە لە شتێک، کە پشتی تێبکات و وازی لێ بێنێ، واتە: بە هۆی بڕوانەهێنانیانەوە بە ڕۆژی دوایی و، بە دیداری خوا، بۆیە لە ڕاستە شەقام لادەدەن، ئەگەرنا ئەگەر بڕوایان بە دیداری خوا هەبووایە، کە دەچنەوە خزمەت خواو بەردەستی خوا، ئێستا ڕاستە شەقامی خوایان دەگرت.

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەر گریمان خوا بەزەیی پێیاندا هاتبایەو، ئەو ناڕەحەتییەی لێ لابردبان، کە بە دەستییەوە گرفتارن، دیسان هەر لەسەر سەرکێشیی خۆیان مکوڕ دەبوون، بە بەڵگەی ئەوە کە دوای ئازار درانیان بە ملکەچیی و کڕووزانەوەوە، نەگەڕانەوە لای خوا، بۆیە هەر کات دەرگای سزایەکی سەختیان بەسەردا بکاتەوە، تەمابڕاوو نائومێد دەبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ رَحِمۡنَٰهُمۡ وَكَشَفۡنَا مَا بِهِم مِّن ضُرّٖ لَّلَجُّواْ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ (٧٥) وَلَقَدۡ أَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ فَمَا ٱسۡتَكَانُواْ لِرَبِّهِمۡ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ (٧٦) حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَابٗا ذَا عَذَابٖ شَدِيدٍ إِذَا هُمۡ فِيهِ مُبۡلِسُونَ (٧٧) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَوۡ رَحِمۡنَٰهُمۡ وَكَشَفۡنَا مَا بِهِم مِّن ضُرّٖ لَّلَجُّواْ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴾، ئەگەر ئێمە بەزەییمان لەگەڵ نواندبانایەو، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەی کە بەرۆکی گرتوون و، بە دەستییەوە گرفتارن، لێمان لابردبان، لەسەر سەرکێشیی و یاخیبوونی خۆیان هەر بەردەوام دەبوون و، سەراسیمەو سەرگەردان دەبوون.

(**كَشَفْنَا: أَزَلْنَا**)، لامان بردبایە، (**اللَّجَاجُ: الإِسْتِمْرَارُ عَلَى الخِصَامِ وَعَدَمُ الإِقْلاعِ عنه**)، (**لجاج**)، بریتیە لە بەردەوام بوون لەسەر ناکۆکیی و دووبەرەکیی و دەست لێهەڵنەگرتنی، (**الطُّغْيَانُ: أَشَدُّ الكِبْرِ، وَتَجَاوزُ الحَدِّ**)، (**طغيان**) یانی: یاخیبوون و سەرکێشیی و سنوور بەزاندن، (**العَمَهُ: التَّرَدُّدُ فِي الضَّلاَلَةِ**)، (**عَمَهُ**) بریتیە لە سەراسیمە بوون لە گومڕایی دا، کە ئینسان نەزانێ چی بکات؟

٢)- ﴿ وَلَقَدۡ أَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡعَذَابِ ﴾، ئنجا بەڵگە چییە کە خوا دەفەرموێ: ئەگەر بەزەییشمان پێیاندا هاتباو، ئەو ئازارو ناڕەحەتییەی لێشیانە، لامانبردبایە، هەر لەسەر

سەرکێشیی خۆیان بەردەوام دەبوون؟ دەفەرموێ: بە دڵنیایی ئێمە بە سزاو ئازار گرتمانن، لە ڕابردوودا، (**التَّعْرِيفُ فِي قَوْلِهِ بِالْعَذابِ لِلْعَهْدِ، أَيْ بِالْعَذَابِ الْمَذْكُورِ، حَتَّى إِذا أَخَذْنا مُتْرَفِيهِمْ بِالْعَذابِ**)، (**أل**)ی ناساندن بۆ (**عهد**)ە، واتە: سزایەکە، ئازارەکە، ئەوەی کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ ﴾، هەتا کاتێ کە خۆشگوزەرانەکانمان بە سزا گرتن، ئەو سزایە کە زانراوە.

٣)- ﴿ فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ ﴾، کەچی بۆ پەروەردگاریان نەکڕووزانەوەو ملکەچ نەبوون و، لێی نەپاڕانەوە، (**الإِسْتِكَانَة: مَصْدَرٌ، بِمَعْنَى الخُضُوعِ مُشْتَقَّةٌ مِنَ السُّكُونِ**)، (**إِسْتِكَانَة**) چاوگە بە مانای ملکەچیی، کە لە (**سکون**)ەوە، هاتوە، (**سَكَنَ، يَسْكُنُ، سُكُوناً**)، یانی: ئارام بوو، بێدەنگ بوو، ڕاوەستا، ئەوانە بۆ پەروەردگاریان ملکەچ نەبوون، دانەسەکنان.

٤)- ﴿ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴾، لێشی نەپاڕانەوە بە کڕووزانەوەو لاڵانەوەوە.

٥)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴾، (ئیدی لەسەر ئەوە بەردەوام بوون)، هەتا کاتێ کە دەرگای سزایەکی سەختمان لێ کردنەوە، ئەو کاتە لەو سزایەدا نائومێد دەبن، تەمابڕوا دەبن.

(**الإِبْلاَسُ: شِدَّةُ اليَأْسِ مِنَ النَّجَاة**)، (**إِبْلاَس**)، بریتیە لە نائومێدییەکی سەخت، لە دەرباز بوون، دەگوترێ: (**أَبْلَسَ: أَي ذَلَّ وَيَئِسَ مِنَ التخَلُّصِ**)، زەبوون بووو، نائومێد بوو لەوەی کە نەجاتی ببێ، کەواتە: هۆکارەکانی بڕوانەهێنانی کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ، بە موحەممەد ﷺ، ئەم هەشتانە بوون:

١)- بیرنەکردنەوە لە قورئان و تێڕانەمانی.

٢)- لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینان.

٣)- نەناسینی پێغەمبەر ﷺ، یاخود: خۆ لێ نەشارەزا کردنی و، خۆ لێ گێل کردنی.

٤)- ئەو تۆمەتەیان کە گوایە شێتیی تێدایە، جۆرێك لە شێتی، چونکە وەك پێشتریش گوتمان: تەنوینی (**جِنَّةٌ**) بۆ جۆرە. . ...

٥)- ڕق هەڵسانیان لە هەق.

٦)- پشت هەڵکردنیان لە شتێک کە بیریان دەخاتەوەو، مایەی شەڕەف و ڕێزیانە.

٧)- ئایا پێغەمبەر ﷺ داوای خەرجیی و مەصرەفیان لێ دەکات؟ کە بە تەئکید وا نەبووە.

٨)- لە ڕاستە شەقام لایانداوە، لەبەر ئەوەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە.

ئا ئەوانە هۆکارەکان و، بیانووەکانی کافرەکان بوون، لە بەرانبەر بڕوانەهێنان بە پێغەمبەری خاتەم دا ﷺ.

سُبْحَانَك اللّٰهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە بیست و یەک (٢١) ئایەت پێک دێ، ئایەتەکانی: (٧٨ - ٩٨)، سورگەی سەرەکیی ئەم دەرسەمان، باسی خوای بەرزو مەزن و، سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی و، باسی زیندووکرانەوەو باسی پاداشت و، باسی یەکتایی خوایە ﷻ.

لە کۆتایی دا چەند ڕێنماییەکی گەورەو گرنگ ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا ﷺو، شوێنکەوتووانی کراون، لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەوروبەر، بە تایبەت نەیارانی لادەرو ستەمکاریاندا.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى
ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٩﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخْتِلَٰفُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ
أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٨٠﴾ بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا
تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ
ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ
لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾
سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ
وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ بَلْ
أَتَيْنَٰهُم بِٱلْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٩٠﴾ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا
لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَٰلِمِ

ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٩٢﴾ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّى مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾
رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِى فِى ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٤﴾ وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَٰدِرُونَ ﴿٩٥﴾
ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ
ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەروەها (خوا) ئەو کەسەیە کە بیستن و، دیتنەکان و، عەقڵەکانی بۆ ڕەخساندوون (کەچی) بە کەمیی سوپاسگوزاریی بۆ دەکەن ﴿٧٨﴾ هەروەها (خوا) ئەو کەسەیە کە لە زەویدا دروستیکردوون و بڵاوی کردوونەوەو، هەر بۆ لای ویش کۆدەکرێنەوە ﴿٧٩﴾ دیسان (خوا) ئەو کەسەیە کە دەژیەنێ و، دەمرێنێ و، جێگۆڕکەو جیاوازیی شەوو ڕۆژانیش هەر هی ویە (و بەدەست ویە)، ئایا نافامن (کە جگە لەو شایستەی پەرستران نیە)! ﴿٨٠﴾ بەڵکو ئەوانیش وەک قسەی پێشووەکانیانیان گوت ﴿٨١﴾ گوتیان: ئایا ئەگەر مردین و بووینە گڵ و ئێسک (ی پڕتووکاو)، ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟! ﴿٨٢﴾ ئەو بەڵێنە پێشتریش بە ئێمەو باب و باپیرانیشمان درابوو، ئەمە تەنیا ئەفسانەکانی پێشینانە ﴿٨٣﴾ بڵێ: زەوی و هەر کەس کە تێیدایە، هی کێیە، ئەگەر بزانن؟! ﴿٨٤﴾ دەڵێن: هی خوایە، بڵێ: ئەدی بۆچی بیرناکەنەوە (کە خوایەک خاوەنی هەموو شتێک بێ، دەشتوانێ مردووان زیندوو بکاتەوە)! ﴿٨٥﴾ بڵێ: کێ خاوەن و پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و، پەروەردگاری بارەگای مەزنە؟ ﴿٨٦﴾ دەڵێن: (هەمووی) هی خوایە، بڵێ: ئەدی خۆتان (بە هۆی ئیمانەوە لە سزایەکەی) ناپارێزن؟! ﴿٨٧﴾ بڵێ: کێ بە تەواویی حوکمڕانیی و موڵکی هەموو شتێکی بەدەستەو، بەس ئەو هەر کەس بیەوێ، پەنای دەدات و دەیپارێزێ و، هیچکەسی لێ پەنا نادرێ و ناپارێزرێ، ئەگەر

بزانن (ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە)؟ (٨٨) دیسان دەڵێن: هەموو شتێک تەنیا هی خوایەو، بەس ئەویش پەنا دەدات، بڵێ: ئەدی چۆن جادووتان لێ دەکرێ (عەقڵ و هۆشتان کار ناکات و، جگە لە خوا دەپەرستن)؟! (٨٩) (وانیە کە ئەوان گومان دەبەن) بەڵکو ئێمە هەقمان بۆ هێناون و، ئەوانیش درۆکارن (کە دەڵێن: خوا هاوبەشی هەن) (٩٠) خوا نە ڕۆڵەی بۆ خۆی داناوەو، نە هیچ پەرستراویشی لەگەڵن (وەک ئەوان ئیدیعا دەکەن) ئەگەر گریمان وابووایە، هەر پەرستراوە دروستکراوی خۆی دەگرت و بەڕێوەی دەبردو، لە نێوانیشیاندا دەبووە کێشەو، خۆیان بەسەر یەکدی دا بەرز دەکردەوە! (ئنجا مادام ئەو حاڵەتە گریمانەییانە هیچیان دیارنین، کەواتە: قسەکەتان ڕاست نیەو) پاکیی بۆ خوا لەوەی پێی وەسف دەکەن (٩١) (خوا) زانای پەنهان و ئاشکرایە، بەرزیی بۆوی لەوەی دەیکەنە هاوبەشی (٩٢) بڵێ: پەروەردگارم! هەر کات ئەو (سزای) ەی هەڕەشەی پێدەکەی لێیان، پیشانت دام (٩٣) پەروەردگارم! (لە سزادانداا) مەمخە گەڵ کۆمەڵی ستەمکاران (٩٤) بە دڵنیاییش ئێمە تواناداریین کە ئەوەی هەڕەشەی پێی لێیان دەکەین، پیشانتی بدەین (٩٥) (کەواتە:) تۆ بە کام شێواز باشترە، خراپە (ی وان) بەرپەرچ بدەوە، خۆمان زاناترین بەوەی باسی دەکەن (لە شیرک و کوفرو بێ ڕێزیی بەرانبەر بە خوا) (٩٦) هەورەها بشڵێ: پەروەردگارم! پەنات پێ دەگرم لە دنەدان و خوتخوتەی شەیتانەکان (٩٧) پەروەردگارم پەناشت دێنمەبەر لەوەی لەلام ئامادەبن (و تێکەڵی ئیش و کارم بن) (٩٨))

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَنشَأَ): پێیگەیانـدوە، (النَّشْأُ وَالنَّشْأَةُ: إِحْدَاثُ الشَّيْءِ وَتَرْبِيَتُهُ) (نَشْأ) و (نَشْأَةُ) واتـە: پەیداکـردنی شـتێک و پـەروەردە کـردنی، پەیداکـردنی پلـە پلـە، وەک خـوا لـە سـوورەتی (الرعـد)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ۝١٢ ﴾، واتـە: هـەورە قورسـەکان پێدەگەیەنـێ و پێکدێنـێ و دروسـت دەکات، لەبـەر ئـەوەی هـەور پلـە پلـە دروسـت دەکـرێ.

(ذَرَأَكُمْ): واتـە: دروسـتی کـردن و بـڵاوی کردنـەوە، (الذَّرْأُ: إِظْهَارُ اللهِ مَا أَبْدَاهُ، ذَرَأَ اللهُ الخَلْقَ: أَوْجَدَ أَشْخَاصَهُم) (ذَرْأ) بریتیـە لـەوەی شـتێک کـە خـوا دروسـتی کـردوە، دەریبخـات، دەگوتـرێ: (أَوْجَدَ أَشْخَاصَهُم) واتـە: جەسـتەکەیانی دروسـتکرد، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا (ذَرْأ) یانـی: (بثَّ) بڵاویکـردەوە، وەک لـە ئایـەتی یەکەمی سـوورەتی (النساء)دا هاتـوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗ... ۝١ ﴾، (بَثَّ منهما رجالًا كثيراً ونساءً) واتـە: لـەو دووانـە کـە ئـادەم و حـەووان، (خـوا) پیـاوان و ئافرەتانێکـی زۆری بڵاوکردوونـەوە.

(أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ): واتـە: ئەفسـانەکانی پێشـینان، (أَسَاطِير: جَمْعُ أَسْطُورَة، نَحْو أُرْجُوحَةَ وأَرَاجِيح، وَأُثْفِيَّة وَأَثَافِي، وأُحْدُوثَة وَأَحَادِيث)، (أَسَاطِير) کـۆی (أَسْطُورَة)یە، (أَسْطُورَة) واتـە: ئەفسـانە، شـتێک کـە بنەمایەکـی نەبـێ، وەک (أُرْجُوحَةَ) جۆلانـە، کـە بـە (أراجيح) کۆدەکرێتـەوە، (أُثْفِيَّة) سـێکوچکە کـە مەنجەڵیـان لەسـەر دانـاوەو بـە (أَثَافِي) کۆدەکرێتـەوە، (أُحْدُوثَة) ڕووداوێکـی سـەر سـوڕهێنەرو سـەیر کـە بـە (أَحَادِيث) کۆدەکرێتـەوە

(مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ): (المَلَكُوتُ: مُخْتَصٌّ بِمُلْكِ اللهِ تَعَالَى وَهُوَ مَصْدَرُ مُلْك، أُدْخِلَتْ فِيهِ التَّاء، نَحْو رَحَمُوت وَرَهَبُوت)، کەسێک شـتێکی هەبـێ دەگوتـرێ: ئـەو

شتە موڵکی فڵانە، واتە: لەبەر دەستیەتی، (ملکوت) تایبەتە بە خوای بەرزەوە، کە چاوگی (**مُلْك**)ەو، (ت)ای خراوەتە سەر، بۆ ئەوەی مانایەکەی بەهێزتر بێ، وەک (رحموت، رهبوت، جبروت) کە ئەو کاتە ماناکەیان بەهێزتر دەبێ.

(**يُجِيرُ**): پەنادەدات، (**اسْتَجَرْتُهُ، فَأَجَارَنِي**) واتە: داوای پەنادانم کرد، ئەویش پەنای دام، (**وَالجَارُ مَا يَقرب مَسْكَنُهُ مِنْكَ**) (جار) ئەوەیە کە ماڵێ لێتەوە نزیکە، یانی: تۆ ئەوت پەنا داوەو، ئەویش تۆی پەنا داوە.

(**هَمَزَاتِ**): کۆی (همز)ە، (**الهَمْزُ كَالعَصْرِ، هَمَزْتُ الشَّيءَ فِي كَفِّيْ، وَهمْزُ الإِنْسَانِ: اعتِيَابُه**)، (همز) وەک (عصر) وایە، دەگوترێ: (**هَمَزْتُ الشَّيءَ فِي كَفِّيْ**) شتەکەم لە نێو دەستی خۆمدا گوشی، (**هَمَزَ الإِنسانَ**)، یانی: بە خراپە باسی مرۆڤەکەی کرد (**الهمز حقيقَتُهُ: الضغط باليد وَالطَّعْنُ بالأُصْبُعِ ونحوه، وَيُسْتَعْمَلُ مَجَازاً بِمَعْنَى الأَذَى بالقَولِ أو بالإشارة** ﴿ هَمَّازٖ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٖ ١١ ﴾**القلم**، ﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ﴾**الهمزة**)، وشەی (همز) مانا ئەصڵییەکەی بریتیە لە گوشارکردن بە دەست و پەنجەو وێنەی ئەوانە، بە مەجازیش بەکاردەهێنرێ بۆ ئەزیەتدان بە قسە یان بە ئامازە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ هَمَّازٖ مَّشَّآءِۭ بِنَمِيمٖ ١١ ﴾، واتە: ئەو کەسەی زۆر قسە دێنێ و دەبات، ﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ﴾، یانی: سزای سەخت بۆ هەر کەسێک کە پاشملەو ڕووبەڕوو خەڵک دەشکێنێتەوە. (**الهمزات جمع همزة، والهمز النَّخْس والدفع**)، وشەی (همزات) کۆی (همزة)یە، (همز) بریتیە لە نقورچ لێدان و پاڵ پێوەنان.

مانای گشتیی ئایەتەكان

خوا ﷻ وەک لە پێناسەی ئەم دەرسەدا گوتمان: لە دوو توێی ئەم بیست و یەک (٢١) ئایەتەدا، سەرەتا چەند پرسیارێک دەكات و، چەند ڕاستییەک دەخاتە ڕوو، دەربارەی دەسەڵاتی خۆی و، دەستڕۆیشتوویەتی خۆی، نیعمەت و چاكەكانی لە ژیانی مرۆڤەكان دا، دوایی چەند قسەیەكی بێ بنەمای ئەوان دەخاتە ڕوو، پاشان چەند پرسیارێكی وا كە نەتوانن بە نەرێنیی وەڵامبدەنەوە، دەكات و، لە كۆتاییشدا چەند ڕێنماییەک بە پێغەمبەری خاتەم ﷺو شوێنكەوتووانی ڕادەگەیەنێ، لە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دەوروبەریاندا، بە تایبەت نەیارانی ستەمكاریان:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴾، واتە: خوا ﷻ وێڕای ئەو شتانەی كە لە ڕابردوودا باسكران، ئەو كەسەیە، ئەو زاتەیە كە بیستن و دیتنەكان و عەقڵەكانی بۆ ئێوە پێكەیاندوون، بە كەمیی نەبێ سوپاسگوزاریی ناكەن، بۆیە وشەی (سمع)، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەكانیشدا باسی دەكەین، لە قورئاندا بە تاک هاتوە، وەک چاوگ، لەبەرئەوەی بیستراوەكان (مسموعات) یەک جۆرن، دەنگەكانن، بەڵام هەمیشە (أبصار)، بە كۆ هاتوە، كە كۆی (بصر) ە، لەبەر ئەوەی بیندراوەكان (مرئیات) زۆرو جۆراو جۆرن، (أفئدة)ش، كۆی (فؤاد)ە، زۆرێک لە توێژەرەوان و، لە زانایان بە مانای (قلب) دڵ، لێكیانداوەتەوە.

بەڵام لە ڕاستییدا وەک لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)و، هەندێک لە كتێبەكانی خۆم دا باسمكردوە، (أفئدة)، لە زۆربەی سیاقەكان دا لە قورئاندا كە هاتوە، بە مانای عەقڵەكانە، (فؤاد)، یانی: عەقڵ، چونكە وشەی عەقڵ لە قورئاندا نەهاتوە، لە جیاتی وی وشەی (فؤاد) هاتوە، كە بە (أفئدة)، كۆدەكرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوە كە هەركام لە: وشەی: (سمع)، (أبصار)، (أفئدة)،

لە قورئاندا نە زەم کراون و نە مەدح کراون، بەڵام دڵ لەبەر ئەوەی چەقی وەرگرتن و، ڕەفزکردن و، ویستن و نەویستنە، مەدحیش کراوە: ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ۝٢٨﴾الرعد، زەمیش کراوە: ﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ۝٧﴾البقرة، ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ۝١٠﴾البقرة، بەڵام (فؤاد)، لەبەر ئەوەی ئامڕازی تێگەیشتنە، هەروەک چۆن (وَٱلْأَبْصَـٰرَ) چاوەکان ئامڕازی بینینن و، (ٱلسَّمْعَ) بیستن، ئامڕازی بیستنە، ئنجا ئەوانە ئەگەر بۆ چاکە بەکاربهێنرێن، مەدح دەکرێن و، ئەگەر بۆ خراپە بەکاربهێنرێن، زەم دەکرێن، بەڵام لە خودی خۆیاندا بێ لایەنن، بۆیە خوا لە قورئاندا، نە زەمی کردوون و، نە مەدحی کردوون.

لە ڕاستییدا لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆئەندامی بیستن و، کۆئەندامی بینین و کۆئەندامی عەقڵ و هۆش، زۆری دەوێ، وەک لە مەوسووعەی (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر ڕۆشنایی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحیی دا)، پانتاییەکی باشم تەرخان کردوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەو سێ کۆئەندامە: عەقڵ و، کۆئەندامی بیستن و، کۆئەندامی دیتن، هەروەها سەرجەم کۆئەندامەکانی دیکەی مرۆڤ.

کە دەفەرموێ: ﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾، واتە: ئێوە بە کەمیی سوپاسگوزاریی بۆ خوا دەکەن، لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێی داون، مرۆڤ تاکو ئێستا نەک هەر ناتوانێ کۆئەندامی بیستن، یاخود دیتن، یاخود عەقڵ، دروست بکات، بەڵکو تا ئێستا نەیتوانیوە لە هەموو نهێنییەکانیشیان تێ بگات، لە هەموو وردەکارییەکانیشیان بزانێ، چ جای بتوانێ دروستیان بکات، کە خوا ﷻ بە ملیاران کۆئەندامی عەقڵ و بیستن و دیتنی، بۆ مرۆڤەکان و، بەڵکو بۆ ئاژەڵەکان و، دڕندەکان و، پەلەوەرەکان، دروستکردوون، هەر کامیان بە شێوەی خۆی، بۆیان دروست دەکات.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾، هەروەها خوا ئەو کەسەیە کە ئێوەی لە زەوی دا دروستکردوەو بڵاوی کردوونەوە، ئنجا بەس بۆ لای ویش کۆدەکرێنەوە.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يُحۡىِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ ﴾، هەروەها خوا ئەو کەسەیە کە دەژیەنێ و دەمرێنێ و، جێگۆڕکەو جیاوازی شەوو ڕۆژانیش هەر بە دەست ویە، ﴿ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾، ئایا نافامن! ئایا نافامن کە پەرەوەردگارێک ئاوا بێ، دەتوانێ زیندووتان بکاتەوە و، پەروەردگارێک بەو شێوەیە بێ، دەبێ تەنیا ئەو بپەرسترێ.

﴿ بَلۡ قَالُواْ مِثۡلَ مَا قَالَ ٱلۡأَوَّلُونَ ﴾، بەڵکو وێنەی ئەوەیان گوت، کە پێشووەکان گوتوویانە، ئایا پێشووەکان چییان گوتوە؟

﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾، گوتیان: ئایا ئەگەر مردین و بووینە گڵ و ئێسکەکان، (مەبەستیان پێی ئەو ئێسکانەیە کە دەڕزن و، دەپرتووکێن)، ئایا ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ کاتێک کە دەخرێتە بن زەوی و، ئەگەر نەشخرێتە بن زەوی، گۆشتەکەی بە زوویی دەبێتەوە گڵ و خۆڵ و، ئێسکەکانی دەمێننەوە، تاکو ماوەیەکی زۆر، دوایی ئەوانیش وردە دەپرتووکێن و دەڕزن و، هەر دەبنەوە بە گڵ و خۆڵ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ ﴿٥٥﴾ ﴾طه، واتە: لەوێ دروستمان کردن و، دەشتانخەینەوە نێوی و، دوایی جارێکی دیکەش لەوێ دەرتان دێنینەوە.

﴿ لَقَدۡ وُعِدۡنَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا مِن قَبۡلُ ﴾، (دەڵێن): بە دڵنیایی ئێمەش و باب و باپیرانیشمان، ئەو بەڵێنەمان پێدرابوو، یاخود ئەو هەڕەشەیەمان لێکرابوو، کە زیندوو دەکرێینەوە، چونکە (وُعِدۡنَا)، هەم بەمانای (وعد) دێ، هەم بە مانای (وعید) دێ، ئنجا بە پێی سیاق دیاریی دەکرێ، واتە: پێشتر گفت و بەڵێن بە ئێمەش و بە باب و باپیرانیشمان درابوو، پێشتریش ئەو هەڕەشەیە لە ئێمەو لە باب و باپیرانمان کرابوو، بەڵام نەهاتە دی، ﴿ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، ئەمە بەس ئەفسانەی پێشینانە، واتە: مادام پێمان گوتراوە: زیندوو دەکرێنەوەو، بە باب و باپیرانیشمان گوتراوەو: تاکو ئێستاش زیندوو نەکراوینەوە، کەواتە: ڕاست نیە!

نەیانزانیوە کە سیستمی خوا ﷻ بە پێی ئارەزووی مرۆڤەکان نیە، خوا دایناوە ئەم قۆناغە قۆناغی ژیانی سەر زەوییەو، دەچنەوە ژێر زەوی، هەڵبەتە وەک جەستەکانیان، ئەگەرنا ڕووحەکانیان لە جیهانی بەرزەخ دان، کە دوایی باسی دەکەین، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەدا کە قۆناغی قیامەت و هەڵسانەوەیە، بەپێی ئەو سیستمەی خوا دایناوە، لەوێدا زیندووبوونەوەی جەستەکان و، ئاوێتە بوونەوەیان لەگەڵ ڕووحەکان، دێتە دی، نەک ئێستا، خوا سیستمی خۆی بۆ خەڵک تێک نادات و، ئەوەش بەشێکە لەو تاقیکردنەوەیەی خوا ﷻ مرۆڤەکانی پێ تاقیدەکاتەوە، ئایا متمانەیان بە بەڵێنی خوا هەیە؟ بۆیە خوا ﷻ لە وەڵامی ئەو قسانەیان دا، چەند پرسیارێک بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، ئەو پرسیارانەیان لێ بکات؟

﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾، پێیان بڵێ: زەویی و ئەوەی لە زەویدا هەیە، هی کێیە ئەگەر دەزانن؟ کێ خاوەنیەتی؟ ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ: ئایا بیرتان ناکەوێتەوە، پەند وەرناگرن؟

هەڵبەتە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ زۆربەیان دانیان بە بوونی خوادا داهێناوە، یانی: لەگەڵ بەدیهێنەرێتیی و، پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خوادا گرفتیان نەبووە، بەڵام گرفتیان دوو پرسی سەرەکیی بووە:

١)- ئایا تەنیا خوا بپەرسترێ، یان هاوبەشی بۆ دابنرێ؟

٢)- ئایا دوای مردنیان و بوونەوە خۆڵ و ئێسکانی پرتووکاو، زیندوو دەکرێنەوە؟

ئەوەش لەبەرئەوەی خوایان چاک نەناسیوە، ئنجا ئەوان کە وەڵام دەدەنەوە دەڵێن: زەوی و هەرچی تێیدایە، هەمووی هی خوایە، بۆیە خوا بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، پێیان بڵێ: ئایا ناکەوێتەوە بیرتان؟ بیرناکەنەوەو،

پەند وەرناگرن؟ واتە: نازانن و بیرناکەنەوە، مادام دنیا هەمووی هی خوا بێ، دەشتوانێ زیندووتان بکاتەوە؟

﴿قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾، هەروەها پێیان بڵێ: کێ خاوەن و پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و خاوەنی بارەگای مەزنە؟ ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾، دیسان دەڵێن: هەمووی هی خوایە و، خاوەنەکەی تەنیا خوایە، ﴿قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾، پێیان بڵێ: مادام وایە ئەدی ئایا پارێز ناکەن، پارێز ناکەن لە سزای خوا، بەهۆی ئیمان هێنانەوە بە خوا، تاکو دووچارو گرفتاری سزاو جەزرەبەی خوا نەبن؟!

﴿قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، پێیان بڵێ: کێ موڵکی فراوانی هەموو شتێک و، موڵکی ڕاستەقینەی هەموو شتێکی بەدەستەو، بەس ئەو پەنا دەدات و، کەسی لێ پەنا نادرێ، ئەگەر دەزانن؟ ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾، دیسان دەڵێن: هەمووی هی خوایە، حوکمڕانیی ڕاستەقینەو، موڵکی تەواوی هەموو شتێک، لەبەر دەستی خوادایەو، بەس ئەویش پەنا دەداو، کەسیشی لێ پەنا نادرێ.

﴿قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ﴾، بڵێ: کەواتە: چۆن جادووتان لێ دەکرێ؟ واتە: ئێوە مادام ئەو پرسیارانە بە ئەرێنیی وەڵام دەدەنەوە، عەقڵ و مەنتیق و ویژدان وا دەخوازن، تەنیا ئەو پەروەردگارە بپەرستن و، هاوبەشی بۆ دانەنێن، ئنجا کەوا ناکەن، وەک کەسێک دێنە بەرچاو، جادووتان لێ کرابێ و، عەقڵتان لە کار خرابێ، ﴿بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِٱلْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە: ئێمە هەقمان بۆ هێناون و، ئەوانیش درۆ دەکەن، درۆ دەکەن کە دەڵێن: خوا ڕۆڵەی هەیەو، درۆ دەکەن کە دەڵێن: خوا هاوبەشی هەیە و، درۆ دەکەن کە دەڵێن: خوا ناتوانێ مردووان زیندوو بکاتەوە.

﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ﴾، خوا هیچ ڕۆڵەیەکی بۆ خۆی نەگرتوەو، هیچ پەرستراوێکیشی لەگەڵ نیە، چونکە ئەگەر هیچ پەرستراوی دیکەی لەگەڵ بوونایە، ﴿ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ ﴾، ئەو کاتە هەر پەرستراوە ئەوەی کە دروستیکردوە، بۆ خۆی سەرپەرشتیی دەکردو، مشووری دەخواردو، هەر پەرستراوە، خۆی کاروباری دروستکراوەکەی خۆی بەڕێوە دەبرد، ﴿ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴾، هەروەها هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا زاڵ دەبوون و، لە بەینیاندا دەبوو بە کێشەو ناکۆکیی، ﴿ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، پاکیی بۆ خوا لەوەی کە ئەوان باسی دەکەن، ﴿ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾، خوا زانای پەنهان و ئاشکرایە، خوا بەرزە لەوەی کە ئەوان دەیکەنە هاوبەشی.

ئنجا دێتە سەر باسی ئەو ڕێنماییانەی کە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگوترێن: ئەو ئامۆژگارییانەی پێی دەگوترێن، بەویش و بە هەر کەسێکیش کە لە ڕێی ئەوەوە دەڕوا:

﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّى مَا يُوعَدُونَ ﴾، بڵێ: پەروەردگارم! هەر کاتێ پێشانت دام، ئەوەی هەڕەشەی پێ لەوان دەکرێ، لێرەدا (يُوعَدُونَ)، بە مانای گفت و بەڵێن نیە، بە پێی سیاق دەزانین، بەڵکو بە مانای هەڕەشە لێکرانە، ﴿ رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِى فِى ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، پەروەردگارم مەمخەرە گەڵ کۆمەڵی ستەمکاران و، با من لەگەڵ ئەوان دا سزا نەدرێم، ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَٰدِرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لەسەر پێشاندانت، ئەوەی کە هەڕەشەی پێ لێیان دەکەین، بە توانایین، ﴿ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ﴾، تۆ (ئەی موحەممەد!) بە کام سیفەتی باشترە، خراپەی ئەوان پاڵ پێوەبنێ، یانی: لە بەرانبەر خراپەیاندا چاکە بکە، بەڵکو چاکتر بکەو، کامە کردەوە چاکترینە ئەوە بکە، ﴿ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴾، ئێمە دەزانین ئەوەی ئەوان دەیڵێن و وەسفی دەکەن.

﴿ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴾، هەروەها بڵێ: ئەی پەروەرگارم! پەنات دێنمە بەر، لە دنەدان و خوتخوتەو هاندانی شەیتانەکان، کە هەڵمپێچن و، هانم بدەن، ﴿ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ ﴾، هەروەها ئەی پەروەردگارم! پەنات دێنمەبەر کە شەیتانەکان ئامادەم بن، توخنم بکەون و لێم نیزیک بن و، تێکەڵ بە نیش و کارم بن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بیرخستنەوەی چەندان چاکە و نیعمەتی خوا، وەك عەقڵ و هەستەوەرەکان و، پێگەیەنران لە زەوی دا و، ژیان و مردن و، جێگۆڕکەی شەوو ڕۆژان، کەچی مکوڕبوونی بێبڕوایەکان لەسەر شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینانیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٩﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخْتِلَـٰفُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٨٠﴾ بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَـٰذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ﴾، هەروەها خوا ئەو زاتەو، ئەو کەسەیە، کە بیستن و دیتنەکان و عەقڵەکانی بۆ ئێوە پێگەیاندوون.

(إنشاء)، وەک پێشتریش باسمان کرد، هەرچەندە (راغب الأصفاني) بە مانای (إحداث وإيجاد) هێناویەتی، واتە: پەیداکردن و هێنانە دی، بەڵام (إنشاء)، بە دروستکردنی پلە پلەو، واتە: پێگەیاندنی، وردە وردە، دەگوترێ، ئنجا هەر کام لە کۆئەندامی بیستن و، کۆئەندامی دیتن و، کۆئەندامی عەقڵ، قۆناغ قۆناغ و، پلە

پلەو، وردە وردە لە کاتێکدا کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکی دایە، ئەو کۆنەندامانەو، هەموو جەستەکەی وردە وردە پێ دەگات، قۆناغ بە قۆناغ.

شایانی گوتنە: لە هەموو قورئان دا وشەی (ٱلسَّمۡعَ)، هەر بە تاک هاتووەو (أبصار)یش بە زۆریی بە کۆ (جمع)، هۆکارەکەش: (**السَّمْعُ: أُفْرِدَ عَلَى المَصْدَر**)، لەبەر ئەوەی (سمع) بیستن، چاوگەو، سەرچاوەش پێویست بە کۆکردنەوە ناکات، (**أو لِأنَّ المَسْمُوعَاتِ نَوْعٌ وَاحِد، والمبَصرَاتُ كَثِيرَة مُتَنَوعَة**)، یان لەبەرئەوەیە بیستراوەکان یەک جۆرن، (دەنگەکان یەک جۆرن)، بەڵام بینراوەکان جۆراو جۆرن، ئەوە ڕەشە، ئەوە سپییە، ئەوە زەردە، ئەوە سوورە، ئەوە بۆرە، ئەوە مۆرە، ئەوە وەک ڕەنگەکان، ئنجا لە ڕووی قەبارەوە: ئەوە بەرزە، ئەوە نزمە، ئەوە گەورەیە، ئەوە گچکەیە، ئنجا لە ڕووی چۆنیەتییەوە ئەوە جوانە، ئەوە ناشیرینە، ئەوە زبرە، ئەوە نەرمە.

(وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ)ش، پێشتریش باسمان کرد، کۆی (فؤاد)ە، ئەویش بەڵێ لە هەندێک شوێنیش دەگونجێ بە مانای دڵ (قلب) بەکارهاتبێ، بەڵام بە زۆریی لە قورئاندا بە مانای عەقڵ بەکارهاتووەو، بە زۆریش (ٱلسَّمۡعَ)، (وَٱلۡأَبۡصَٰرَ)، (وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ)، لە قورئاندا پێکەوە هاتوون، چونکە هەموویان ئامڕازی وەرگرتنی زانیاریین.

وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الإسراء)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦ ﴾، واتە: شتێک کە زانیاریت دەربارەی نیە، بە دوای مەکەوە، چونکە بیستن و بینین و عەقڵەکان، هەر کامێک لەوانە لێی دەپرسرێتەوە، ئەوەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە: (وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ)، لەگەڵ (وَٱلۡأَبۡصَٰرَ) و، (ٱلسَّمۡعَ)، هەموویان ئەو کۆنەندامانەن کە ئینسان زانیارییان پێ وەردەگرێ، (سمع) دەنگەکان و، (بصر)، ڕەنگەکان و بینراوەکان و، (**فؤائد**)یش، زانراوەکان، بەڵام وشەی (قلب)یش، کە بە (قلوب)، کۆدەکرێتەوە، لە قورئاندا وەک چەق و مەڵبەندی و ویستن و نەویستن، خۆشویستن و ڕق لێبوونەوەو، چەقی خواستن و بڕیاردان هاتوە، خوا دەفەرموێ: خوا ئەو کەسەیە کە هێزی بیستن و دیتنەکان و عەقڵەکانی بۆ ڕەخساندوون، بۆ ێێکەیاندوون.

٢)- ﴿ قَلِيلًا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴾، بەڵام بە کەمیی سوپاسگوزاریی بۆ (خوا دەکەن)، چونکە سوپاسگوزاریی بۆ خوا، ئەوەیە کە دەبێ هێزی بیستن و هێزی دیتن و هێزی دەرککردن و شت زانین، لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاربهێنرێن، ئا ئەوە سوپاسکردنی خوایە، لەسەر ئەو نیعمەتانە.

پیتی (ما) لە (قَلِيلًا مَّا)دا: (مَا: مَصْدَرِيَّة أي: حَالَ كَوْنِكُم قَلِيْلاً شُكْرُكُم)، لە حاڵێک دا کە ئێوە سوپاسگوزارییەکەتان کەمە.

٣)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي ذَرَأَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، هەروەها (خوا) ئەو زاتەیە، کە دروستی کردوون و بڵاویکردوونەوە، بەڵام بۆیە دەڵێم: لێرەدا (ذرأ) زیاتر: بە مانای بڵاوکردنەوەیە، ئەگەرنا مانای دروستکردنیش دەگەیەنێ، چونکە (ذرية)، یانی: ئەو وەچەیەی کە دروستکراوەو پێکەیەندراوە، بەڵام وشەی (ذرأ)، وێڕای ئەوەی دروستکردوون و هێنانە دی، دەگەیەنێ، بڵاوکردنەوەش دەگەیەنێ.

٤)- ﴿ وَإِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴾، بەس بۆ لای ویش کۆدەکرێنەوە، کەواتە: تەنیا ئەو بە زەوی دا بڵاوی کردوونەتەوەو، بەس ئەویش کۆتان دەکاتەوە، ئاشکراشە لە زمانی عەرەبییدا، هەر کات بەرکار (مفعول به)، پێش کار (فعل)و بکەر (فاعل) کەوت، مانای کورتهەڵێنان (حصر) دەگەیەنێ، نافەرموێ: (تُحْشَرون إليهِ) کۆ دەکرێنەوە بۆ لای وی، بەڵکو بەس بۆ لای وی کۆدەکرێنەوە.

٥)- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ ﴾، هەروەها (خوا) ئەو زاتەیە کە دەژیەنێ و دەمرێنێ.

ژیاندن و مراندن گەورەترین کارن لە گەردووندا، بە تایبەت لە ژیانی بەشەرداو، لە ژیانی ژیاندارانــدا، بۆیە لە قورئاندا خوا ﷻ ئەو دوو وشەیەی زۆر هێناون و پاڵیشییداونە لای خۆی، چونکە ژیاندن و مراندن بە دڵنیایی و بە تەنیا لەبەر دەستی خوای پەروەردگار دان، جاری وایە مرۆڤەکانیش دەتوانن هۆکاری بەردەوام بوون لە ژیان، یان هۆکاری کۆتایی پێهێنانی ژیان بڕەخسێنن، بەڵام ئەوەی لە پشت دیاردەی ژیاندن و مراندنە، تەنیا خوای پەروەردگارە، ئەوی دیکە هەمووی ڕواڵەتەو هۆکاری ڕواڵەتیین.

٦)- ﴿وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ﴾، (اخْتِلاَف)، دەگونجێ بە مانای جیاوازیی (تنوّع) بێ، دەشگونجێ بە مانای: (خَلَفَ أَحَدَهُمَ الأَخَرَ) یەکیان جێیی ئەوی دیکەی گرتەوە، بێ، یانی: جێگۆڕکێ، واتە: هەروەها جیاوازیی و جێگۆڕکەی شەوو ڕۆژگاریش هەر بە دەست ویە، بە دەست خوایە.

لێرەدا پێشێ دەفەرموێ: ﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ﴾، دواییش دەفەرموێ: ﴿وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ﴾، ئنجا شەوگار دەکەوێتەوە بەرانبەر مردن و، ڕۆژگاریش دەکەوێتە بەرانبەر ژیان، واتە: ئەو زاتەی کە ژیاندن و مراندنی بەدەستێ، هەر ئەویش ڕۆژو شەویشی بەدەستێ.

٧)- ﴿أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾، ئایا نافامن؟ یانی: ئەگەر ئێوە بڕوا بەو پەروەردگارە نەهێنن، کە زیندووتان دەکاتەوەو، لێتان دەپرسێتەوە، بڕوای پێنەهێنن، کە تەنیا دەبێ بەندایەتیی بۆ وی بکەن و، هاوبەشی بۆ دانەنێن، مانای وایە لە عەقڵەکەی خۆتان بەهرەمەند نەبوون و، سوودتان لێ نەبینیوە، چونکە عەقڵ پەروەردگارو خاوەنی خۆتانتان پێ دەناسێنێ، بۆیە گوتراوە: (رَأْسُ الحِكْمَةِ مَخَافَةُ الله)، واتە: سەری زانیاریی بەسوودو حیکمەت، ترس و بیم و سامکردنە، بەرانبەر بە خوا ﷻ.

٨)- ﴿بَلۡ قَالُواْ مِثۡلَ مَا قَالَ ٱلۡأَوَّلُونَ﴾، بەڵکو هەمان شتیان گوت، کە پێشووەکان گوتوویانە، لێرە ئەم تەعبیرە ئاوڕدانەوەیە، پێشێ بە شێوەی دواندن (خطاب) دەیاندوێنێ، دوایی وەک نادیار (غائب) قسەیان لە بارەوە دەکات، کە ئەوە جۆرێکە لە ئاوڕدانەوە لە زمانی عەرەبییدا، بۆ ئەوەی مرۆڤ ماندووبوون (ملل) نەیگرێ، لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە، قسەکردن و دەربڕینەکە دەگۆڕێ.

وشەی (بَلْ)، لە زمانی عەرەبییدا بۆ گواستنەوە (إضراب)یە، حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی زیاتر، چ لە چاکەدا چاکتر، چ لە خراپەدا خراپتر، ئنجا لێرەدا: (إِضْرَابٌ إِبْطَالِيٌ وَإِثْبَاتٌ لِإِنْكَارِهِم البَعْثَ)، ئەمە گواستنەوەیەکی بەتاڵکردنەوەیەو چەسپاندنی نکووڵییکردنیانە لە زیندووکرانەوە.

چونکە کە دەفەرموی: ﴿ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾، ئایا نافامن؟ یانی: نافامن، بە بەڵگەی ئەوەش نافامن، کە هەمان شت دەڵێن، کە پێشووەکانیان گوتوویانە، ئنجا ئەگەر عەقڵیان هەبووایە، لاساییکردنەوەی کوێرانەی پێشینانیان نەدەکردو، عەقڵی خۆیان بەکاردەهێنا، کەسێک زیندووبێ، بەڵام مەحکوومی عەقڵی کەسێکی مردووبێ، مانای وایە لە عەقڵەکەی خۆی بەهرەمەند نەبووە، ئنجا ئەوە بۆ کافران ڕاستەو بۆ مسوڵمانانیش هەر ڕاستە، کە خۆیان پابەند بکەن بە فەتواو بۆچوونی زانایەکەوە، لە پێش واندا بووە، ئەو کە دەربارەی بارودۆخێکی دیکە، دواوەو لە ژینگەیەکی دیکەدا، وەڵامی پرسیارێکی دیکەی داوەتەوە، ئێستا تۆ ئەو وەڵامانە، ئەو بیرو بۆچوونانە بێنێ، بتەوێ چارەسەری کێشەو گیروگرفتەکانی ڕۆژگاری خۆتیان پێ بکەی! هەر کەس بیکات، مانای وایە لە عەقڵەکەی خۆی بەهرەمەند نەبووەو، زیندوویە، بەڵام مەحکوومی عەقڵی کەسێکی مردوویە!

هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، ڕێز لە زانایان و، ڕێز لە پێشەوایان نەگیرێ و، لە کەلەپوورو بۆچوونەکانیان بەهرەمەند نەبین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە نابێ ئەوەی مرۆڤەکان دەیڵێن و، هەڵیدەڵێنجن لە وەحیی، لە شوێنی وەحیی دابنێین و، بیکەینە پەردەو دیوارێک و وەحییمان لێ بشارێتەوە، ئەگەرنا هەر کەسێک ڕێز لە پێشینانی خۆی نەگرێ و، لە کەلەپوورو بەرهەمیان بەهرەمەند نەبێ، کە لەبەر ڕۆشنایی وەحیی (قورئان و سوننەت)دا، ئیجتهادیان کردووەو بۆ چوونەکانیان، خستوونە ڕوو، هەر کەسێک لەوانە بەهرەمەند نەبێ، خۆشی نازانێ چی دەکات! بەڵام بە دڵنیایی بەردەوام پرسیاری تازەمان بۆ دێنە پێش و، کێشەی تازەمان بۆ دێنە پێش، ئەو پرسیارە تازانەش، پێویستییان بە وەڵامی تازە هەیەو، کێشە تازەکان پێویستییان بە چارەسەری تازە هەیە.

(ٱلۡأَوَّلُونَ)، یانی: پێشینان، ئەوانەی لە پێشیان دابوون.

٩)- ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾، گوتیان: ئایا ئەگەر مردین و بووینە گڵ و ئێسکە پرتووکاوەکان، ئایا ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟

﴿ أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾، ئەمە بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە:

أ- (أإنّا لمبعوثون)؟.

ب- (إنّا لبمعوثون)، ئایا ئێمە زیندوو دەکرێینەوەو هەڵدەسێنرێینەوە؟

١٠)- ﴿ لَقَدۡ وُعِدۡنَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا مِن قَبۡلُ ﴾، بە دڵنیایی ئا ئەمە، ئێمەو باب و باپیرانیشمان، پێشتریش بەڵێنمان پێدرابوو، یاخود: بەوە هەڕەشەمان لێکرابوو، جا بۆیەش ﴿ نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا ﴾ ، دووبارە کراوەتەوە، خۆمان و باب و باپیرانیشمان، تاکو پێشانی بدەن کە: ئەو بەڵێنە، یان ئەو هەڕەشەیە، هەر نەهاتە دی و، درۆیە!!

١١)- ﴿ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾، ئەمە هیچ شتێک نیە، جگە لە ئەفسانەی پێشینان، (إنْ)، لێرەدا (إنْ)ی لابردن (نافية)یە، (أساطير)یش کۆی (أسطورة)یە، (أسطورة)ش بریتیە لەو هەواڵە درۆیەی کە وەک سیفەتی ڕاستیی بوون، دادەپۆشرێ و، بەرگی ڕاستییبوونیی بەبەردا دەکرێ، وەک ئەو ئەفسانەو گێڕدراوە خەیاڵییانەی ساز دەکرێن، بە مەبەستی کات پێ بەسەر بردن.

واتە: مادام وێڕای ئێمە، پێشتریش ئەو بەڵێنە بە باب و باپیرانیشمان دراوەو، نەشهاتۆتە دی، کەواتە: دیارە ئەفسانەی پێشینانە، لێرەدا بێبڕوایەکان بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەوە، ڕەفتاریان کردوە، کە دەڵێ: (عَدَمُ العِلْمِ لاَ يَسْتَلْزِمُ عِلْمَ العَدَمِ)، زانیاریی نەبوون بە شتێک، بەڵگەی نەبوونی ئەو شتە نیە، یاخود نەدیتنی شتێک بەڵگەی نەبوونی ئەو شتە نیە، یان: نەهاتنە دی شتێک ئێستا، بەڵگە نیە لەسەر سبەینێش نایەتە دی.

بە ڕاستیی بۆچوون و قسەکەیان یەکجار بێ جێیە، چونکە خوا ﷻ ئەم گەردوونەو ژیانی مرۆڤی بە سیستم (نظام) داناوەو، سیستم (نظام)یش نابێ

تێکەڵ و پێکەڵ بێ، خوا داینـاوە کە ئێستا قۆناغی ژیانی دنیایەو، ئەوانەی دەمرن دەچنە قۆناغی بەرزەخەوە، دوایی قۆناغی ئاخیرزەمان (**الساعة**)، دێتە پێشێ، دوایی قۆناغی هەڵسانەوەو قیامەت دێتە پێشێ، هەر کارو قۆناغە لە کاتی خۆی دا دێ، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ (٣٨)﴾ الرعد، یانی: بۆ هەر ئەجەلێک کاتێکی دیاریکراو هەیە، هەروەها دەفەرموێ: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (٦٧)﴾ الأنعام، واتە: بۆ هەر هەواڵێک نشینگە (کات و شوێنێکی سەقامگیربوون) هەیە، لە مەودوا دەزانن (بۆتان دەردەکەوێ).

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی (محمد) ﷺ کە چەند پرسیارێکی ویژدان جووڵێن لە کافرەکان بکات، لە بارەی: خاوەنداریێتیی زەوی و، دانیشتووانی حەوت ئاسمانەکان و عەرشی مەزن و، کاروباری گەردوون بەدەست بوون و هەمەکارە بوون، پاشان ڕاگەیاندنی ڕاستیی پەیامی خواو، درۆبوونی قسەی ئەوان و، پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی هەبوونی ڕۆڵەو هاوبەش بۆ خواو، ڕاگەیاندنی بەرزیی و پاکیی و بێ خەوشیی خوا ﷻ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (٨٥) قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ (٨٦) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٨٧) قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٨٨) سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ (٨٩) بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِٱلْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ (٩٠) مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ (٩١) عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٩٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و یەك بڕگەدا:

١)- ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) بڵێ: ئایا زەوی و ئەو کەسانەی تێیدان، هی کێن؟

٢)- ﴿ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾، ئەگەر زانیارییتان هەیە، ﴿ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾، ئەمە مەرجە، بەڵام وەڵامەکەی قرتێنراوە، واتە: (أجيبوني) وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەنەوە، ئنجا ئەمە هاندانە بۆ ئەوەی زانیاریی وەدەستبێنن و، واز لە نەفامیی بێنن، یانی: ئەگەر زانیارییتان هەیە، وەڵام بدەنەوەو، ئەگەر زانیارییشتان نیە، زانیاریی پەیدا بکەن،

دەربارەی خاوەندارێتیی کردنی زەوی و دانیشووانی، هی کێیە؟ ئایا دنیا شاری بێ خاوەنە! هیچ شتێک بێ خاوەن نیە، ئەم گەردوونە چۆن بێ خاوەنە!

٣)- ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ﴾، دەڵێن: زەوی و ئەو کەسانەی لە زەویدا هەن، هی خوان، خاوەنیان خوایە، واتە: بە خێرایی و بێ وە خران وەڵام دەدەنەوە، ئەگەر عەقڵ و ویژدانیان بکەنە دادوەر، دەڵێن: هەموو شتێک هی خوایەو، خوا حوکمڕان و خاوەنی ڕەهایە.

٤)- ﴿ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾، تۆش پێیان بڵێ: ئەدی بیرناکەنەوەو پەند وەرناگرن و، ڕانامێنن! ڕاستییەکانتان بیرتان نایەنەوە؟ (تَذَكَّرُونَ)، دوو جۆرە خوێندنەوەی هەن:

أ- (تَذَكَّرُونَ)

ب- (تَذْكُرون)، کە لە ئەصڵدا (تتذکرون)ە، (تذکر)یش، وەک زۆر جاری دیکە باسمان کردوە، ئەوەیە کە ئینسان شتێکی زانیبێ و، لە بیری چووبێتەوەو، بیر خۆی بێنێتەوە، بۆیە خوای پەروەردگار ئەو وشەیە زۆر بەکاردێنێ، چونکە هەموو ئەو ڕاستییانەی شەریعەت دەیانهێنێ، خوا لە فیترەتی مرۆڤدا دایناون، وەک ئەصڵەکەیان، نەک وەک وردەکاریی کە شەریعەت دەیهێنێ، بەڵکو وەک ئەصڵەکەیان، بە تایبەتی ڕاستییەکانی کە پەیوەندییان بە بووناسیی و ئیمان و عەقیدەوە هەیە، خوا لە ویژدان و زگماکی مرۆڤدا دایناون، بۆیە پێویستیان بەوە هەیە، بیر خۆیانیان بهێننەوە.

٥)- ﴿ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَٰوَاتِ السَّبْعِ ﴾، بڵێ: کێ خاوەنی حەوت ئاسمانەکانە!

٦)- ﴿ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴾، هەروەها (کێ) خاوەنی بارەگای مەزنە!

٧)- ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ﴾، دەڵێن: هەمووی هی خوایە، ئەمە خوێنراویشەتەوە: (سيقولونَ الله)، دەڵێن: خوا (خاوەنی حەوت ئاسمانەکان و بارەگای مەزنە).

من ئەم خوێندنەوەیانم زیاتر بە دڵە، خوێندنەوەی (حَفص)، بە (للە)، هاتوەو، وەک ئەوی پێشترەو، دەڵێن: حەوت ئاسمانەکان و بارەگای مەزنیش، بەس هی

خـوان، یەکێـک لـە زانایـان گوتوویەتـی: (قـراءة (اللـه) عَـدول بسَـبَب مُرَاعَـاةِ المَعْنَـى دُونِ اللَّفْـظ)، یانـی: خوێندنـەوە (اللـه) لادانێکـە بـە هـۆی ڕەچاوکردنـی مانـا نـەک بێژەکـە، بـەڵام ئەگـەر ڕەچـاوی مانایەکـەی بکـرێ، کـێ خاوەنـی حـەوت ئاسـمانەکان و خاوەنـی بـارەگای مەزنـە؟ ڕەچـاوی ماناکـەی بکـرێ، دەگوتـرێ: (أللە)خـوا.

بۆیــەش ئەیفەرمــوە: ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، کــە لــە ڕســتەی پێشــێ دا فەرموویەتـی، چونکـە پەروەردگارێتیـی خـوا بـۆ حـەوت ئاسـمانەکان و بـۆ بـارەگای مـەزن، لـەلای کافـرەکان سـەلمێنراو بـووە، بـەڵام بـۆ خاوەندارێتیـی زەوی و ئەوانـەی لـە زەوی دا هـەن، زۆرجـار پادشـاو حوکمڕانـە خۆبەزلگرانـەکان گوتوویانـە: هەمـوو شـتێک هـی ئێمەیـەو، خەڵـک ڕەنگـە جۆرێـک لـە ئیشـکال و گومانـی بـۆ دروسـت بووبـێ، بـەڵام هیـچ کـەس نەیتوانیـوە بڵـێ: ئاسـمان هـی منـەو ئەسـتێرەکانی و، خڕۆکـەکان هـی منـن.

٨)- ﴿قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾، پێیان بڵێ: ئایا خۆتان ناپارێزن، پارێزناکەن، لێرەدا: بەرکار (مَفعول بِهِ)، (تَتَّقُونَ)، قرتێنراوە بۆ ئەوەی مانایەکەی فراوان بێ، ١- ئایا خۆتان ناپارێزن لە خوا؟ ٢- لە سزای خوا؟ ٣- لە سزای دنیایی؟ ٤- لە سزای ڕۆژی دوایی؟ ٥- لە لێپرسینەوە ....هتد، هەمووی دەگرێتەوە.

٩)- ﴿قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ﴾، (پرسیارێکی دیکەیان لێ بکە) بڵێ: کێ موڵکی فراوان و ڕاستەقینەی هەموو شتێکی بەدەستە؟ پێشتریش گوتمان: (مَلَكُوتُ)، زێدەڕۆییە لە موڵک دا.

(مَلَكُوت: المُلْـكُ المُقْـتَرِنُ بالتَصَرُّفِ فـي مُخْتَلِـفِ الأَنْـوَاعِ وَالعَوَالِـم)، (مَلَكُـوت)، بریتیە لـە موڵـک و خاوەندارییـەک کـە جـووت بـێ لەگـەڵ دەستڕۆیشـتوویەتی لـە هەمـوو جۆرەکانـی داو، لـە هەمـوو جیهانییەکانـدا.

هەندێــک لــە زانایانیــش گوتوویانــە: (مَلَكُـوت) بریتیــە لــە دیــوی پەنهانــی و، خاوەندارێتیــی.

١٠)- ﴿وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ﴾، هەروەها کێ بەس خۆی پەنا دەدات، هیچ شتێک و هیچ کەسێکی لێ پەنا نادرێ؟ **(يُجيرُ: يُغيثُ وَيَمْنَعُ مَنْ شَاء مِنْ الأَذَى)**، یانی: دەفریا دێ و، هەر کەسێک بیەوێ لە ئازار پەنای دەداو، چاوگی **(يجير)** بریتیە لە **(إجارة)**، یانی: پەنادان و، مانای زاڵبوونیش دەگەیەنێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ﴾، یانی: هیچ کەسێک ناتوانێ هیچ کەسێک بپارێزێ لە سزای وی (خوا)، بۆیەش: **(يجار عليه)**، بە: **(بُني للمجهول)**، هێنراوە، چونکە مەبەست ئەوە بووە ئەو مەسەلەی پەنادانە، لە هەموو بکەرێک لا ببرێ، زۆر بە کورتیی، یانی: هیچ کەسێک نیە کە بتوانێ کەسێک لە بەرانبەر خوادا پەنابدات.

١١)- ﴿إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، واتە: ئەگەر بزانن، وەڵامەکەی دیارە، یانی: هەوڵ بدەن زانیاریی پەیدا بکەن.

١٢)- ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾، دووبارە دەڵێن: هەموو شتێک هەر هی خوایە، یان تەنیا خوا مەلەکووتی هەموو شتێکی بە دەستەوەیەو، بەس خوا پەنا دەداو لێی پەنا نادرێ.

١٣)- ﴿فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ﴾، کەواتە: چۆن جادووتان لێ دەکرێ؟

ئەویش: ﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ﴾، **(سيقولون الله)** هەردوو خوێندنەوەکەی هاتوون.

(فَأَنَّىٰ) یانی: لە کوێوە، یاخود: چۆن جادووتان لێ دەکرێ؟

ئەم پرسیارە بۆ سەرسوڕماندن (تعجیب)ە، (جادوو لێکران)یش لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ (هەڵخەڵەتێنران)، کڵاو لەسەرنران، چونکە جادوو ئەوەیە، حەقیقەتی نەبێ، چاوی خەڵک هەڵخەڵەتێنێ، یانی: ئێوە بۆچی عەقڵی خۆتان لە دەست دەدەن؟

١٤)- ﴿بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾، بەڵکو ئێمە هەقمان بۆ هێناون و، بە دڵنیایی ئەوانیش درۆ دەکەن، واتە: وانیە وەک خراوەتە خەیاڵ و ئەندێشەی ئەوانەوە، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە، ئێمە هەقمان بۆ هێناون و ئەوانیش درۆ دەکەن.

وەک دەبینین: پێشـێ خـوا ﷻ باسـی خاوەندارێتیـی خـۆی بـۆ زەوی و حـەوت ئاسـمانەکان و بـارەگای مـەزن و، دواتـر باسـی خاوەندارێتیـی خـۆی بـۆ موڵکـی هەمـوو شـتێک دەکات، ئنجـا دەفەرمـوێ:

١٥)- ﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ ﴾، خوا هیچ ڕۆڵەیەکی بۆ خۆی نەگرتوە، چونکە کافرەکان دەیانگوت: فریشتەکان کچانی خوان و، شەیتانەکانیش کوڕانی خوان، ﴿ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴿١٠٠﴾ ﴾الأنعام، بەڵام نا، خوا ڕۆڵەی نیە.

١٦)- ﴿ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ﴾، هیچ پەرستراوێکیشی لەگەڵدا نیە، هەر جۆرێک بێ، چونکە:

١٧)- ﴿ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ ﴾، ئەگەر هیچ پەرستراوی لەگەڵدابوونایە، هەر پەرستراوە سەرپەرشتیی دروستکراوی خۆی دەکرد.

١٨)- ﴿ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴾، هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا زاڵ دەبوون و، دەبووە کێشەو مشتومڕیان، بەڵام کە ئێستا هیچ شتێکی وا لە گەردوون دا نابینین و، هەمووی بە یەک جۆرە سیستم بەڕێوە دەچێ، لە گەردیلە تاکو کەهکەشان، کەواتە: تەنیا خوا، خاوەن و پەروەردگاری هەموویەتی و، هەمووی بە ویست و تواناو زانیاریی ڕەهاو بێ سنووری پڕ حیکمەتی خۆی بەڕێوە دەبات.

١٩)- ﴿ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، پاکیی بۆ خوا لەوەی ئەوان خوای پێ وەسف دەکەن، لە پاڵدانی ڕۆڵەو هاوبەش بۆ لای (خوا).

٢٠)- ﴿ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، خوا زانای پەنهان و ئاشکرایە، هیچ شتێکی لەسەرو خواری دروستکراوەکانیدا لێ پەنهان و شێردراوە نیە.

٢١)- ﴿ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾، بەرزیی (بۆ خوا) لەوەی دەیکەن بە هاوبەشی.

﴿ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾، (ما)، لـە (عـمَّا)دا چاوگیـی (مصدرية)یـە، یانـی: (تعالـى عـن شركهـم)، بەرزیی بۆ خـوا لـە هاوبـەش بۆ دانانـی ئـەوان، کـە شـتێ ئەفسـانەیی و

بێ بنەما دەکەنە هاوبەشی لە پەرستراندا، لە حاڵێکدا بەس خۆی بە تەنیا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێکەو، تەنیا خۆیشی شایستەی پەرستران و بەندایەتیی بۆ کرانە.

مەسەلەی سێیەم:

ڕێنمایی خوا (و ئامۆژگاریی خوا)، بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ و، شوێنکەوتووانی، لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنیانەوە لەگەڵ بێبڕوایانی ئەفسانە پەرستی کەللە پووچدا، کە لە بەرانبەر خراپەیاندا، چاکتر بکەن و، پەناش بە خوا بگرن، لە شەڕو خراپەی شەیتانەکان و دنەدانیان و، تێکەڵبوونیان بە ئیش و کاریان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾ رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٩٤﴾ وَإِنَّا عَلَىٰ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَادِرُونَ ﴿٩٥﴾ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴾، (ئەی موحەممەد!) بڵێ: پەروەردگارم! هەر کات ئەوەت پێشاندام کە هەڕەشەی پێ لەوان دەکەی، یاخود: بەڵێنت پێ بەوان داوە.

وشەی (يُوعَدُونَ) دەگونجێ بە مانای بەڵێنیش بێ و، بە مانای هەڕەشەش بێ، (وعد يعد وعداً، أوعد يوعِدُ وعيداً) بەڵام بە پێی سیاق لێرەدا دەزانین کە بە مانای هەڕەشەیە، چونکە بە نسبەت کافرەکانەوە، هەر هەڕەشە لێکران بووە، نەک بەڵێن و گفت پێدران.

(إمّا)، لە ڕیشەدا (إنْ ما)یە، بەڵام (ن) لە (ما)دا دەغم کراوە، (ما)ش، زیادکراوە بۆ زیاتر تۆخکردنەوەی مانایەکەی، یانی: خوایە! هەر کات ئەوەی هەڕەشەی پێ لەوان دەکەی، پێشانم دەدەی، کاتێک من لە ژیاندام، دەیهێنیە دی.

٢)- ﴿ رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾، پەروەردگارم! من مەخە گەڵ کۆمەڵی ستەمکاران، یانی: ئەو کاتەی هەڕەشەی تۆیان بۆ دێ، با من لەوێ نەبم و،

من نەگرێتەوە، هەڵبەتە خوا ﷻ ئامۆژگاریی پێغەمبەر ﷺ دەكات، كە ئاوا بفەرمویٚ، بە دڵنیایی ئەویش وای فەرمووەو، ئامۆژگاریی ئێمەش دەكات كە لە خوا بپاڕێینەوە: لە كاتی سزادانی كافرانی ملهوڕدا، ئەو سزادانە، ئێمە نەگرێتەوەو، ئێمە لە نێویاندا نەبین.

٣)- ﴿ وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَـٰدِرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە توانادارین لەسەر ئەوە كە ئەوەی هەڕەشەی پێ لەوان دەكەین، پێشانتی بدەین، بێگومان ئەمە جۆرێكە لە گفت و بەڵێن دان بە پێغەمبەر ﷺ كە ئەوەی هەڕەشەی پێ لەوان دەكات، دێتە دی و، پێغەمبەر ﷺ دەیبینێ، بێ ئەوەی لە نێویاندا بێ، لەو كاتەدا، یاخود هەڕەشەو سزایەكەی خوا، ئەو بگرێتەوە.

ئنجا ئەوەش لە جەنگی بەدردا هاتە دی، كە حەفتا (٧٠) لە زلە زلانی كافرەكان، كافرە ملهوڕە قوڕەیشییەكان كوژران و، حەفتا (٧٠)شیان لێ بەدیل گیران و، تووشی زەبوونیی و شكستێك بوون، لە مێژووی خۆیان شتی وایان بەخۆیانەوە نەبینیبوو، ئنجا ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی حەفتا كوژراوەكە، تەرمەكانیان فرێ درانە چاڵێكەوە (قليب بدر) (قليب)یش، چاڵێكە، بیرێكە چاك نەكرابێ، پێغەمبەر ﷺ ئەم ڕستە قورئانییەی خوێندەوەو فەرمووی: ﴿ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا ﴿٤٤﴾ ﴾الأعراف، فەرمووی: فڵان! فڵان! ناوی هێنان، بە تایبەتی زلە زلەكانیان، ئەوە ئێمە ئەوەی پەروەردگارمان بەڵێنی پێدابووین، بە چەسپاویی بینیمان، ئایا ئێوەش ئەوەی پەروەردگارتان هەڕەشەی پێ لێكردبوون، بۆتان هاتە دی؟ كە بە دڵنیایی هاتۆتە دی، هەتا هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ چۆن تۆ كەسانێك دەدوێنی كە بوونە تەرم و بۆنیان كردوە؟ فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئێوە لەوان باشتر قسەكەم نابیستن، بەڵام ناتوانن وەڵامم بدەنەوە⁽¹⁾.

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام: ج٢، ص٣٤٦، ٣٤٧، (صحيح مسلم: ٢٨٧٤، وسنن النسائي: ٢٠٧٥،

٤)- ﴿ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ﴾، خوا ﷻ ئامۆژگاریی پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات، دەفەرموێ: بە کام سیفەتەی باشترە، تۆ خراپە پاڵ پێوەبنێ، **(إدفع إساءتهم بالأسلوب الأحسن والطريقة الحسنى)**، تۆ خراپەکردنی ئەوان بە شێوازی باشترو، کام ڕێباز جوانترە لە بەرانبەر خراپەی ئەواندا، تۆ چاکترو باشتر بکە.

یانی: بە شێوازی جوان کە شایستەی خۆت و بەرنامە بەرزەکەت بێ، مامەڵە بکە، تۆ مەرج نیە، هەر کەسێک چۆنی مامەڵە لەگەڵدا کردی، تۆش وا مامەڵەی لەگەڵدا بکەیەوە، ئەو بۆیە وا مامەڵە دەکات، بەرنامەکەی وایە، خۆی وایە، کەسایەتییەکەی وایە، بەڵام هەر کەسە لەوەی پێیەتی دەبەخشێ و، مرۆڤی مسوڵمان هەرگیز نابێ، ئەوەی خەڵکی دیکە لە خۆی دەوەشێنێتەوەو، لە بەرنامەکەی دەوەشێنێتەوە، ئەو لە خۆی بیوەشێنێتەوەو، بە شایستەی خۆی و بەرنامەکەی بزانێ.

٥)- ﴿ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴾، خوا دەفەرموێ: ئێمە زاناترین بەوەی ئەوان باسی دەکەن و دەیلێن، واتە: ئەوەی ئەوان دەیلێن دەربارەی خوا ﷻو، نکووڵیکردن لە زیندووبوونەوەو، ئەوە کە گوایە خوا هاوبەشی هەیەو، ڕۆڵەی هەیە، هەروەها دەربارەی تۆ کە دەڵێن: جادووگەری، دەڵێن: ڕاست ناکەی، ئێمە زاناترین لە تۆ بە ئەوان.

کەواتە: با ئەوە تۆ زۆر ناڕەحەت نەکات، وات لێ بکات هاوسەنگییت تێکبداو، شتێکت لێ بپشکوێتەوە، قسەیەک، ڕەوشتێک، هەڵس و کەوتێک، کە شایستەی خۆت و بەرنامەکەت نەبێ، چونکە ئێمە زاناتریشین لە تۆ بەوەی ئەوان دەیلێین، لە بارەی خوا ﷻو، لە بارەی پێغەمبەر ﷺو، لە بارەی ئیسلام و، لە بارەی قورئانەوە، کەواتە: بۆ ئێمەیان لێ بگەڕێ، خۆمان دەزانین چۆنیان سزا دەدەین، سزای پڕ بە پێست.

ئەوە بە نسبەت دوژمنە سەرسەختەکان و، کافرەکانەوە ئاوا مامەڵە بکە، ئەدی بە نسبەت شەیتانەکانەوە؟ لەو بارەوەش دەفەرموێ:

٦)- ﴿ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴾، هەروەها بڵێ: پەروەردگارم! پەنات پێ دەگرم لە دنەدانی شەیتانەکان.

(همزات) کۆی (هَمْز)ەو، بە مانای لێدان و فشار بۆ هێنان و ئەزیەتدان دێ، بە **(مجاز)**یش، بەکاردەهێنرێ بۆ ئازاردان، یاخود بۆ هاندان بۆ شەڕو خراپە.

٧)- ﴿ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴾، هەروەها (ئەی پێغەمبەر ﷺ هەر کەسێک لە ڕێیەی ئەووەوە دەڕوا)، بڵێ: پەروەردگارم! پەنا بە تۆ دەگرم لەوەی کە ئەوان ئامادەبن، واتە: شەیتانەکان لە لام ئامادەبن و تێکەڵ بە ئیش و کارم بن، پەنا بە تۆ دەگرم و، دێمە پەنای تۆ لە ئامادەبوونیان و لە نیزیکییان لە من، چونکە بەهۆی نیزیکییانەوە، دەتوانن زەفەرم پێ بەرن.

با لەو بارەوە لە کۆتایی شیکردنەوەمان بۆ ئەو ئایەتانەدا، ئەم دوو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ بێنین:

١)- {عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ يَحْيَى بْنِ حَبَّانَ عَنِ خالد بْنِ الْوَلِيدِ أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنِّي أَجِدُ وَحْشَةً، قَالَ: إِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ فَقُلْ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ غَضَبِهِ، وَعِقَابِهِ، وَشَرِّ عِبَادِهِ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ، وَأَنْ يَحْضُرُونِ، فَإِنَّهُ لاَ يَضُرُّكَ وَبِالْحَرِيِّ أَنْ لاَ يَقْرَبَكَ} (أخرجه أحمد: ١٦٦٢٣، قال شعيب الأرنؤوط: حديث محتمل للتحسين بشواهده).

واتە: موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی حەببان دەیگێڕێتەوە: کە خالیدی کوڕی وەلید گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! شەوێ خەوم لێتێکچووە؟ (خەوی لێ دەزڕا)، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: هەر کات چوویە سەرجێگایەکەت، بڵێ: پەنا بە وشە تەواوەکانی خوا دەگرم، لە تووڕەیی خواو، لە سزای خواو، لە خراپەی بەندەکانی، (خراپەی دروستکراوەکانی)و، لە دنەدانی شەیتانەکان کە لە لام ئامادەبن، ئەو کاتە بێگومان زیانت لێ نادات، بگرە شایستەیە، کە هەر نیزیکت نەکەوێ.

واتە: بڵێ: (**أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ غَضَبِهِ، وَعِقَابِهِ، وَشَرِّ عِبَادِهِ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ، وَأَنْ يَحْضُرُونِ**).

لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە کە خالید (خوا لێی ڕازی بێت) دوای ئەوەی ئەو دوعایە دەخوێنێ، ئەو حاڵەتی خەو لێزڕان و ترسێنران و کابووسەی نامێنێ.

٢)- {إِنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ، حَتَّى يَحْضُرَهُ عِنْدَ طَعَامِهِ، فإِذَا سَقَطَتْ لُقْمَةُ أَحَدِكُمْ، فَلْيَأْخُذْهَا فَلْيُمِطْ مَا كَانَ بِهَا مِنْ أَذًى، ثُمَّ لِيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ، فَإِذَا فَرَغَ فَلْيَلْعَقْ أَصَابِعَهُ، فَإِنَّهُ لا يَدْرِي فِي أَيِّ طَعَامِهِ الْبَرَكَةُ} (أخرجه مسلم: ٢٠٣٣).

(واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:) شەیتان ئامادەی یەکێکتان دەبێ، دێ بۆ لای یەکێکتان لە کاتی هەموو ئیش و کارێکی دا، تەنانەت لە کاتی خواردنەکەیدا دەیەوێ لێی نیزیک بێ، ئنجا ئەگەر یەکێکتان پارووێکی لێکەوتە خوار، با ئەگەر شتێکی پێوە بوو، (پووشکەیەک، شتێکی پێوە نووسا) لێی بکاتەوەو، بیخوات و، بۆ شەیتانی لێنەگەڕێ و، هەر کاتێک تەواو بوو، با پەنجەکانیش بلێسێتەوە، (ئەگەر چەورییەک، شتێکیان پێوە هەبوو)، چونکە نازانێ لە کام لە خواردنەوەکەی دا پیت و پێزی خوا هەیە.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەو خواردنانەیە، کە دەگونجێ هەڵبگیرێنەوە، جاری وایە ئینسان شتێکی لێدەکەوێ، پاروە نانێکە، شتێکە لێت دەکەوێ، یان میوە قاش دەکەی، لێت دەکەوێ، شوێنەکەش پیس نیە، ئەگەر پووشکەیەک، شتێکی پێوە نووسابێ، دەتوانی لێی بکەیەوە و بیخۆی، ئەگەرنا خواردنێک شلە بێ و بڕژێ، دیارە کۆناکرێتەوەو، مەبەست ئەوە نیە.

ئنجا ئەوەش هەم قەناعەت و شوکرانە بژێریی (سوپاسگوزاریی) دەگەیەنێ، هەم جۆرێکە لە دەست پێوەگرتن و شت خەسارنەکردن، لە ڕواڵەتەکەیدا، لە ڕووە مەعنەویی و نابەرهەستەکەشیەوە: هەمیشە شەیتانەکان دەیانەوێ زیان

بە مرۆڤ بگەیەنن لە ڕووی ئابووریی، لە ڕووی ئاینیی، لە ڕووی ڕەوشتیی، لە هەموو ڕووێکەوە، مرۆڤیش دەبێ هەوڵ بدات، بە هیچ شێوەیەک شەیتان زیانی پێ نەگەیەنێ و، بەهرەمەندی نەکات لە هەڵس و کەوتەکانی خۆی و کەلێنی زیان لێدانی بۆ دروست دەکات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان کـە دەرسـی کۆتاییـە لـە سـوورەتی (**المؤمنـون**)، بیسـت (٢٠) ئایەتـی کۆتایـی: (٩٩ - ١١٨)، دەگرێتـە خـۆی، کـە هەمـووی تەرخانکـراوە بـۆ باسـی قۆناغـی بـەرزەخ و ئاخیـر زەمـان و قیامـەت و، حاڵـی دژوارو پـڕ گرفتاریـی کافـرەکان لـە ڕۆژی دوایـی داو، پاڕانەوەیـان لـە خـوا کـە دەربازیـان بـکات و، وەڵامدانـەوەی نائومێـد کەرانـەی خـوا ﷻو، سەرزەنشـت کردنیـان لەسـەر هەڵوێسـتی خـراپ و سـتەمکارانەیان، لەگـەڵ بـڕواداران لـە ژیانـی دنیـادا.

پاشـان تەئکیـد کردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییە، کـە خـوا بـە گاڵتـەو بـێ حیکمـەت دروسـتی نەکـردوون و، ناگونجـێ زیندووکردنـەوەو، پاداشـت و سـزای خـوا، لـە ئـارادا نەبـێ.

دوایـی جەختکردنـەوە لەسـەر یەکتایـی خـوا لـە پەرسـتراوێتیی دا، لـە کۆتاییـش دا فەرمـان بـە پێغەمبـەرﷺو شـوێنکەوتووانی کـراوە، کـە داوای لێبـوردن لـە خـوای بـە بەزەیـی بکـەن.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ (٩٩) لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ
كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ (١٠٠) فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ
أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ (١٠١) فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ
(١٠٢) وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ (١٠٣) تَلۡفَحُ
وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ (١٠٤) أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ
(١٠٥) قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ (١٠٦) رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡهَا فَإِنۡ

عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾ قَالَ ٱخْسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى
يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّىٰٓ
أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴿١١٠﴾ إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓاْ أَنَّهُمْ هُمُ
ٱلْفَآئِزُونَ ﴿١١١﴾ قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ
فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾ أَفَحَسِبْتُمْ
أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا
حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغْفِرْ وَٱرْحَمْ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ
﴿١١٨﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

(بێبڕوایان لەسەر حاڵی خۆیان بەردەوام دەبن)، هەتا کاتێک یەکیان مردنی بۆ دێ، دەڵێ: پەروەردگارم! بمگێڕنەوە (بۆ ژیانی دنیا) ﴿٩٩﴾ بەڵکو لەوەدا کە جێم هێشتوە (ژیانی دنیا)، کردەوەی چاک بکەم، (پێی دەگوترێ:) نەخێر ئەوە هەر قسەیەکە خۆی دەیڵێ و، لە پشتیانەوە هەتا ڕۆژێ کە تێیدا زیندووەدەکرێنەوە، پەردەو نێوانێک هەیە ﴿١٠٠﴾ ئنجا هەر کات فوو بە کەڕەنادا کرا، نە ڕەچەڵەکیان لە نێواندا دەمێنێ و، نە داواش لە یەکدی دەکەن (چونکە دڵنیان بێ سوودە) ﴿١٠١﴾ ئنجا هەر کەس تای تەرازووەکانی چاکەی (یان کردەوە باشە کێشراوەکانی)، گران بن، ئەوە ئەوانەن سەرفرازان ﴿١٠٢﴾ هەر کەسێکیش تای تەرازووەکانی چاکەی (یان کردەوە باشە کێشراوەکانی) سووک بن، ئەوانە

خۆیان لە دەستداوە، لە دۆزەخ دا هەمیشەیین (هەر ماون) (۱۰۳) (بڵێسەی) ئاگر لە ڕوویان دەدات و، تێیدا دەم و لێو هەڵقرچاوو ددانگڕ دەبن (۱۰٤) (خوا پێیان دەفەرموێ:) ئایا ئایەتەکانمتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە، کەچی (لە جیاتی نیمان پێهێنان) بە درۆتان دادەنان! (۱۰٥) گوتیان: پەروەردگارمان! (بە هۆی کوفرو تاوانەوە) بەدبەختیی بەسەرمان دا زاڵبووو، ئێمە لە گومڕایان بووین (۱۰٦) پەروەردگارمان! لە دۆزەخ دەرمان بێنە، ئەگەر (جارێکی دیکە) گەڕاینەوە (سەر کوفرو لادان و تاوان) ئەوە بێگومان ستەمکارین (۱۰۷) (خوا) فەرمووی: تێیدا ڕیسواو زەبوون بن و مەمدوێنن (۱۰۸) (لە دنیادا) کۆمەڵێک لە بەندەکانم دەیانگوت: پەروەردگارمان! بڕوامان هێنا، دەجا لێمان ببوورەو بەزەییت پێمان دابێ و، تۆ بەبەزەییترینی بە بەزەییانی (۱۰۹) کەچی ئێوە (ی بێبڕوا) کردبووتاننە گاڵتەجاڕ، هەتا (گاڵتە پێکردنیان لەلایەن ئێوەوە) یادی منیان لەبیربردبوونەوەو، ئێوە پێیان پێدەکەنین (۱۱۰) ئەمڕۆش من بە هۆی خۆڕاگرییانەوە، پاداشتم داونەوە (بە بەهەشت)و، بە ڕاستیی تەنیا ئەوان سەرفرازو بەمراد گەیشتوون (۱۱۱) (خوا) فەرمووی: ژمارەی چەند ساڵان لە زەوی دا ماونەوە؟ (۱۱۲) گوتیان: ڕۆژێک یان بەشێکی ڕۆژێک، لە ژمێرەران (حیساب ڕاگران) بپرسە (۱۱۳) (خوا) فەرمووی: تەنیا کەمێک ماونەوە، ئەگەر زانیباتان (ژیانی دنیا لە چاو قیامەت هێندە کەم و کورتە، لەسەری تووشی ئەم حاڵە نەدەبوون) (۱۱٤) ئایا پێتان وایە کە بە گاڵتەو پووچ دروستمان کردوون و، وا دەزانن بۆ لامان ناگێڕدرێنەوە (بۆ سزاو پاداشت)؟ (۱۱٥) بەرزیی بۆ خوای حوکمڕانی هەق (کە ئەوە لە خۆی بوەشێنێتەوە،) جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، خاوەنی بارەگای بەڕێزە (۱۱٦) هەر کەسێکیش لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە بپاڕێتەوە، کە بەڵگەی لەسەری نیە، ئەوە لێپرسینەوەی لەلای پەروەردگاریەتی، بە دڵنیایی کافران سەرفراز نابن (۱۱۷) بشڵێ: پەروەردگارم! لێم ببوورەو بەزەییت پێم دابێ و، تۆ باشترینی بە بەزەییانی (۱۱۸)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بَرۡزَخٌ): (**البَرْزَخُ: الحَاجِزُ بَيْنَ مكانين**)، (برزخ) بریتیە نێوانێک یان پەردەیەک کە دەکەوێتە نێوان دوو شوێنانەوە، لە ئەصڵدا لە ڕووە زمانەوانییەکەیەوە وایە.

(ٱلصُّورِ): (**الصُورُ: البُوقُ الَذِي يَنْفخُ فِيهِ النَافِخُ للتجَمُعِ وَالنَفِيرِ**)، (بوق) کەڕەنای پێ دەگوترێ، بریتیە لەوە کە فووکەرێک فووی پێدا دەکات، بۆ ئەوەی خەڵک کۆبکاتەوەو، هەڵسن، مەبەست لە (**صور**)یش ئەوەیە ئەو ئامێرەیە کە ئیسڕافیل لە قیامەتتدا دوو جاران فووی پێدادەکات، جارێکیان بۆ ئەوە ئاخیر زەمان (**ساعة**) بێ و، ئەم گەردوونە تیکبچێ، جارێکی دیکە شیان بۆ هەڵسانەوەو، زیندووبوونەوەی ئەوانەی کە خوا ﷻ زیندوویان دەکاتەوە کە مرۆڤەکان و جینن.

(تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ): واتە: بڵێسەی ئاگر بە توندیی لە دەم و چاویان دەدات، (**اللَفْحُ: شِدَةُ إِصَابَةُ النَار**) (لَفح) بریتیە لەوەی بە توندیی بڵێسەی ئاگر لە شتێک بدات.

(كَٰلِحُونَ): (**جمع كالح: الَذِي بِهِ كُلوحٌ**)، (كَالِح) کەسێکە حاڵەتی کلووحی تووش بووە، (**الكُلوحُ: تَكَشُرُ فِي عُبُوسٍ**)، (کلوح) واتە: ئەوەیە کە مرۆڤ بە گرژییەوە ددانەکانی گڕ بووبن، واتە: لێوێکیانی چووبێتە سەرو یەکێکیانی چووبێتە خوارو، ددانەکانی دەربکەون و، گڕ بین.

(غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا): (**الغَلَبُ: الإسْتِيلاَءُ وَالقَهْرُ**)، (غلب) بریتیە لە زاڵبوون و خستنە ژێر کۆنترۆڵ و ژێر چەپۆک، (**مَفْعُولُ غَلَبَت مَحْذُوفٌ**)، بەرکارەکەی قرتێنراوە، (**يَدلُ عَلَيْه «شِقْوَتُنَا» لأنَ الشُقْوَةَ تقابلهَا السَعَادَة، أي: غَلَبَتْ شَقْوَتُنَا السَعَادَة**)، بەرکاری

(غَلَبَت) قرتێنراوە، وشەی (شَقْوَتُنَا) دەیگەیەنێ، چونکە (شِقْوَتُنَا) واتە: بەدبەختیی، بەرانبەرەکەی بەختەوەرییەیانی: بەدبەختیمان بەسەر بەختەوەرییماندا زاڵ بووە.

(ٱخْسَـُٔواْ فِيهَا): (خَسَأَ، ذَلَّ)، زەبوون بوو.

کە خوا ﷻ دەفەرموێ: (ٱخْسَـُٔواْ فِيهَا) لە دۆزەخدا زەبوون و زەلیل بن، من نەمویست لە تەفسیری قورئاندا ئەو وشەیە بەکاربێنم، ئەگەرنا لە تەفسیرەکاندا هاتووە: (إخسأ) بۆ دەنگدانی سەگ بەکاردێ، بە کوردیی دەگوترێ: چخە، بەڵام من پێم وایە خوا ﷻ بەس فەرموویەتی: بێ دەنگ بن، منیش وام ماناکردوە، کە خوا دەفەرموێ: تێیدا ڕیسواو زەبوون بن و، بێ دەنگ بن و مەمدوێنن.

(سِخْرِيًّا): خوێنراویشەتەوە: (سُخْرِيًّا) واتە: کردبووتانن بە گاڵتەجاڕ، مایەی گاڵتەپێکردن، یاخود (سِخْرِيًّا) تێوە نەوانتان بە سۆغرەو بێگار دەگرت.

(ٱلْعَآدِّينَ): ژمێرەران لە حیساب ڕاگران بپرسە، (سَلِ الحُسَّاب) یانی: بپرسە لەوانەی چاکیان ژماردوە، ئەگەرنا ئێمە پێمان وایە ژیانی دنیا ڕۆژێک بووە، یان کەمتر لە ڕۆژێک.

(عَبَثًا): (العَبَثُ: العَمَلُ الَّذِي لاَ فَائِدَة فِيهِ)،(عبث) هەر کارێک کە سوودی نەبێ، واتە: هەوەنتە، بە پووچ و، بێ حیکمەت.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، واتە: لە بیست (٢٠) ئایەتی کۆتایی دا، کە هەمووی (١١٨) ئایەتە، لە ئایەتەکانی: (٩٩ - ١١٨)دا، باسی سەرەنجامی هەموو لایەک دەکات، بە تایبەت سەرەنجامی ئەهلی کوفرو شیرک، ئەوانەی کە بەو شێوە کەللەڕەق و عینادییە لەگەڵ پەیامی خواو، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ مامەڵە دەکەن، ئایا سەرەنجامیان چۆن دەبێ؟ هەم لە سەرەمەرگدا، هەم لە قۆناغی بەرزەخدا، هەم لە قیامەتدا، کە دەچنە دۆزەخەوە، سەرەنجامیان چۆن دەبێ، هەروەها بە بۆنەی باسکردنی ئەوانەوە، ئاماژەیەکیش کراوە بە سەرەنجامی سەربەرزانەو بەختەوەرانەی ئەهلی ئیمان، کە ئەو کافرانە زۆر ئازاریان داون و، ناڕەحەتیان کردوون و، گاڵتەیان پێ کردوون و، پێیان پێکەنیون، ئەوانیش چ سەرەنجامێکی بەختەوەرانەو سەربەرزانەیان دەبێ، ئەم ئایەتانە باسی ئەوەن.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴾، واتە: بێبڕوایان لەسەر ئەو حاڵەتە کەللەڕەقانەو نەفامانەیان بەردەوام ددبن، لەسەر بێبڕوایی و هاوبەش بۆ خوا پەیداکردن و، لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینان و، ئەفسانە پەرستیی، بەردەوام دەبن، هەتا کەی؟ ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ ﴾، هەتا کاتێ یەکێکیان مردنی بۆ دێ، لە سەرەمەرگ دا: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴾، گوتی: پەروەردگارم! بمگێڕنەوە، لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوەو، بە فریشتەکانیش دەڵێ: بمگێڕنەوەو، جارێ مەممرێنن، یاخود بە ڕاناوی کۆ (جمع) باسی خوا ﷻ دەکات، پەرودردگارم! بمگێڕنەوە، ﴿ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ ﴾، بەڵکو لەو ژیانە دنیاییەی کە بەجێم هێشتوە، کردەوەی باش بکەم، ئەگەر

تاکو ئێستا خراپەم کردوە، لەمەودوا کردەوەی باش بکەم، یانی: جارێکی دیکە تاقیم بکەوە، یاخود: جارێ مەممرێنە، دەبێ ئەوە لە حاڵەتی سەرەمەرگدا بێ، بەڵام پێی دەگوترێ: ﴿كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا﴾، واتە: نەخێر، ئەوە وشەیەکە (قسەیەکە) ئەو بێژەریەتی، وشەی (كَلاَّ): (**كلمة رَدْعٍ وَزَجْر**)، بۆ بەرپەرچدانەوەو تێخوڕینە، واتە: نەخێر، با بێ دەنگ بێ، ئەو داوایەی وەرناگیرێ، ﴿إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا﴾، ئەوە وشەیەک و قسەیەکە بەس ئەو دەیڵێ و، کەس لێی وەرناگرێ، کەس نایبیستێ، چونکە پێچەوانەی سیستمی خوایە ﷻ، خوا هەر کەسەو ماوەیەک لە ژیانی بۆ داناوەو، لەو ماوەیەدا تاقی دەکرێتەوە، دەبێ لە ماوەی تاقیکردنەوەی خۆتدا، وەڵامی پرسیارەکانی خۆت بدەیەوە نەک دوایی!

ئایا قوتابییەک کە دەخرێتە هۆڵێکەوە، بۆ تاقیکردنەوەو وەڵامدانەوە، دوو سەعات، سێ سەعاتی کات بۆ دانراوە، دوای ئەوەی کاتەکەی بەسەردەچێ، بۆی هەیە بڵێ: ئەو دوو سێ سەعاتە خۆم خافڵاند، ئێستا وەڵام دەدەمەوە؟ نەخێر، کاروباری دنیاییش هەر وایە، چ جای سیستمی خوایی ﷻ، کە خوا بەوپەڕی حیکمەت و لێزانییەوە، نەخشەو بەرنامەی ژیان و گەردوون و دروستکراوەکانی خۆی داناوەو، دەستکاریی ناکرێ، هەر شتە لە جێی خۆی دایە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾، لە پشتیانەوەش پەردەیەک هەیە، تاکو ئەو کاتەی تێیدا زیندوو دەکرێنەوە، واتە: دوای ئەوەی کە ڕووحیان لە جەستەیان جیادەبێتەوە، پەردە پۆش دەکرێن، پەردەیەک دەکەوێتە نێوان ئەوان و ژیانی دنیاوە، تاکو ڕۆژی دوایی، دەکەونە قۆناغێکی دیکەوە، ئێستا قۆناغی ژیانی دنیایە، کە ڕووحیان لە جەستە جیادەبێتەوە، دەکەونە قۆناغێکی دیکەوە، قۆناغێکی ڕاگوزەر (**المرحلة الإنتقالية**)ەوە، کە قۆناغی بەرزەخی پێ دەگوترێ، ئێمە دوایی لە کورتە باسێک دا، باسی قۆناغی بەرزەخ و جیهانی بەرزەخ دەکەین، ئنجا ئایا هەتا کەی ئەو قۆناغی بەرزەخە بەردەوام دەبێ؟ تاکو ئەو ڕۆژەی تێیدا زیندوو دەکرێنەوەو هەڵدەستێنرێنەوە ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾.

﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ﴾، ئەو ڕۆژە کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، نە ڕەچەڵەکیان لە بەین دا دەمێنێ و، نە لە یەکدیش داوا دەکەن، واتە: با بە تەمای خزمایەتیی و، بە تەمای دەتناسم و ناتناسم نەبن و، (با ئیمانێ بە نیسکێ نەسپێرن)، با بە تەمای خزمایەتیی و، ڕەچەڵەک تێنەکەون و، خۆیان بە هەڵەدا نەبەن، یەک بڵێ: من خزمی پێغەمبەرم ﷺو، ئەوی دیکە بڵێ: من خزمی فڵان ئیمامەم و، ئەوی دیکە بڵێ: خزمی فڵان مامۆستایەم، خزمی فڵان شێخەم، ئەوە هیچ دەردێک چارە ناکات، لە لای خوای پەروەردگار ڕەچەڵەک (نسب)و واستەو واستەکاریی نیە، ئەوە لە دنیادا وایەو، لە دنیاش دا ئەوە ستەم (ظلم)ە، ئەگەرنا دەبێ هەر کەسەو بە پێی ماف و لێوەشاوەیی خۆی بێ، نەک لەبەر ئەوەی کەسێک کوڕی فڵانکەسەو، ئەوەی فڵان کەسەو، حیزبی فڵانکەسە، یان عەشیرەتی فڵان کەسە، فڵان ئیمتیازەی پێ بدرێ و، بەسەر خەڵکی دیکەدا هەڵبکێشرێ!، ئەوە ستەمە، ئنجا شتێک کە خوا لە دنیادا حەڕامیکردوە و، زوڵم و ستەمە، یان خاتر گرتن و، واستەو واستەکاریی و.... هتد، شتێک کە خوا لە مرۆڤەکانی قەدەغە کردوە، چۆن بۆ خۆی دەیکات؟ خوا دەفەرموێ: هەر کات فوو بە کەڕەنادا کرا، نە ڕەچەڵەک و نەسەبیان لە بەیندا دەمێنێ و، نە داواش لە یەکدی دەکەن، بۆچی داوا لە یەکدی ناکەن؟ چونکە دەزانن بێ سوودە، وەک دوایی بە وردیی باس دەکەین.

ئەدی ئایا سەرەنجامەکان چۆن دەبن؟ خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾، ئنجا هەر کەسێک تەرازووەکانی قورس بن، تەرازووی چاکەکانی، ئا ئەوانەن سەرفرازان، (مَوَٰزِينُهُۥ) کۆی (میزان)ە، واتە: تەرازووەکانی قورس بن، یاخود (مَوَٰزِينُهُۥ)، کۆی (موزون)ە، واتە: چاکە کێشراوەکانی قورس بن، (کردەوە چاکەکانی کە دەکێشرێن)، ئا ئەوانە سەرفرازن.

﴿وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ﴾، بەڵام ئەوەی تەرازووەکانی (چاکەکانی)، کە مەرج نیە، تەنیا یەک تەرازوو بێ، خوا ﷻ کۆمەڵێک تەرازوو دادەنێ، وەک لە سەرەتای

تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا، بە تەفصیل لەو بارەوە باسێکمان کردوە، کە: ئیمان تەرازووی خۆی هەیە، نوێژ تەرازووی خۆی هەیە، ڕۆژوو تەرازووی هەیە، هەر کام لە کردەوەکان، تەرازووی خۆیان هەیە، یاخود (موازین) یانی: کێشراوەکان، هەر کەسێک، چاکە کێشراوەکانی سووک بوون، ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ﴾، ئەوانە کەسانێکن، خۆیانیان لە دەست داوە، خۆیان دۆڕاندوە، ئنجا کەسێک خۆی لە دەست بدات و بدۆڕێنێ، مانای وایە هەموو شتێک چاکتر دەدۆڕێنێ، سەرەنجامیان چۆنە؟ ﴿ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴾، لە دۆزەخ دا هەرماو دەبن، بە هەمیشەیی دەمێننەوە، ئنجا ئایا چۆن دەگوزەرێنن لە دۆزەخ دا؟

﴿ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴾، بڵێسەی توندی ئاگر لە دەم و چاویان دەدات، ﴿ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ﴾، لە ئەنجامی ئەو لێدانی بڵێسە توندەی ئاگردا، حاڵەتی (کلوح) یان بەسەر دێ، (کلوح) یانی چی؟ یانی: لێوەکانیان هەڵدەقرچێن، دەم و چاوو پێستیان دەسووتێ و، لێوەکانیان هەڵدەقرچێن، لێوی سەرێ بەرەو سەرێ و، هی خوارێ بەرەو خوارێ، سەرەنجام ددانەکانیان گڕدەبن و، دەمیان دەکرێتەوە، دیمەنێکی زۆر ناشیرین!!

ئنجا خوا ﷻ پێیان دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَكُنۡ ءَايَٰتِي تُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ ﴾، ئایا ئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ ﴿ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴾، کەچی ئێوە ئایەتەکانتان بە درۆ دادەنان، ئەمە پرسیارلێکردنی سەزەنشتکەرانە، (إستفهام توبیخي)یە، خوا بەسەرزەنشت و، بە تێخوڕینەوە، بەسەرکۆنە کردنەوە، دەفەرموێ: ئەدی ئایەتەکانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ ئەو ئایەتانەی دەیانفەرموو: تووشی ئەمڕۆ دێن، ئەو ئایەتانەی دەیانفەرموو: ئێوە بۆ تاقیکردنەوە لەسەر زەوی دانراون، ئەو ئایاتانەی دەیانفەرموو: بزانن بۆچی دروستکراون، خوای پەروەردگار دنیای نەکردوە بە شاری بێ خاوەن و، مرۆڤی بەهەوەنتەو پووچ نەخولقاندوە، مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە، لێی دەپرسێتەوە، سزا هەیەو پاداشت هەیە، ئایا ئەو ئایەتانەتان بەسەر نەدەخوێنرانەوە؟

﴿ قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! بەدبەختییمان، ناخۆشحاڵییمان بەسەرماندا زاڵ بوو، (شِقوة)، کە خوێندراویشەتەوە: (شَقاوتنا)، (شَقِيّ)، واتە: نارەحەت بوو، بەد بەخت بوو، بێمراد بوو، پێچەوانەی (سَعِد) یە، یانی: بەختەوەر بوو، لێرەدا وەک دواییش باسی دەکەین، ﴿ غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا ﴾، واتە: بێمرادیی و بەدبەختییمان بەسەر بەختەوەریماندا زاڵ بوو، ﴿ وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ ﴾، ئێمە کۆمەڵێکی گومڕاو سەرلێشێواوو سەرگەردان بووین، ئێمە لە ڕێ ون بوو بووین، (ضال) کەسێکە ون بووە، ئەگەرنا ڕێیەکە دیارە، بەڵام ئەو لەو ڕێیە ون بووە، لایداوەو دوورکەوتۆتەوە.

﴿ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡهَا فَإِنۡ عُدۡنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴾، پەروەردگارمان! دەرمان بێنە لێی (لەم دۆزەخە)، ئەگەر گەڕاینەوە، ئێمە ستەمکارین، هەڵبەتە ئێستاش هەر ستەمکارن، بەڵام دەڵێن: ئەمجارە تاقیمان بکەوەو، دەرمان بێنە لە دۆزەخ و، بمانبەوە بۆ ژیانی دنیا، جارێکی دیکە تاقیمان بکەوە، ئنجا ئەگەر جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ ئەوەی ئێستا لەسەری تووشی ئەم دۆزەخە بووین، ئەو کاتە ستەمکارین، بەڵام خوا چی دەفەرموێ؟

﴿ قَالَ ٱخۡسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴾، (خوا) فەرمووی: تێیدا زەبوون بن و مەمدوێنن، زەبوون بن، ئەو ڕێزو حورمەتەی خوا لێی نابوون، ڕێزو حورمەتەکەتان لە دەستدا، بە هۆی کوفرەوە:

أ- خوا لە سوورەتی (الإسراء)دا فەرمووی بووی: ﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾ ﴾، واتە: ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرت.

ب- خوا فەرمووی بووی: ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ﴿٤﴾ ﴾التين، واتە: ئینسانمان لە باشترین شێوەو پێکهاتە دروست کردوە.

ج- خوا فەرمووی بووی: ﴿ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ ﴿٣٠﴾ ﴾البقرة، واتە: من جێنیشینێک لەسەر زەوی خوا دادەنێم، ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٣٩﴾ ﴾فاطر، واتە: (خوا) ئەو کەسەیە گێراونی بە جێنیشینانی لە زەویدا....

بەڵام ئەو ڕێزو حورمەتەتان لەدەستدا، ئێستاش دەتانەوێ بە پێی هەواو ئارەزووی ئێوە خوا ﷻ سیستمی خۆی بگۆڕێ! شتی وا نابێ، ئنجا خوا ﷻ هەندێ شتیان دەخاتەوە بیر، کە ئێوە بەهۆی ئەو کردەوەو ڕەفتارانەوە، تووشی ئەم ڕۆژە بوون: ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی کۆمەڵێک لە بەندەکانی من دەیانگوت: (واتە: لە دنیادا)، پەروەردگارمان! بڕوامان هێناو لێمان ببوورەو بەزەییت پێمان دابێ، تۆ باشترینی بە بەزەییانی، یانی: لە بیرتانە! کە کۆمەڵێ بەندەم هەبوون، بەو شێوەیە لە من دەپاڕانەوە!

﴿ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا ﴾، کەچی ئێوە کرتبووتانن بە گاڵتەجارو، کردبووتانن بە مایەی گاڵتە پێکردن و جەفەنگی خۆتان، ﴿ حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى ﴾، تەنانەت هێندە دژایەتییتان دەکردن و بە گاڵتە پێتان ڕادەبواردن، هەتا یادی منیان لە بیرتان بردبۆوە، واتە: گاڵتەپێکردنی ئێوە بەوان، هێندە زۆر بوو، سەرقاڵی کردبوون و، نەتاندەپرژایە سەر ئەوەی بیرێک لە من بکەنەوە، ﴿ وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴾، هەروەها ئێوە پێیان پێدەکەنین.

ئەمە هەم دڵدانەوەیە بۆ ئیمانداران، کە لە دنیادا ئەهلی کوفر گاڵتەیان پێ دەکەن، کە بزانن! ڕۆژێک دێ، خوا ئەوەیان دەخاتەوە بیرو، لەسەر ئەو گاڵتەپێکردنەی ئەوان بە ئێوەو، لەسەر پێکەنینیان بە ئێوە، تووشی سزای سەخت دەبن.

ئنجا خوا بە کافرەکان دەفەرموێ: ﴿ إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓاْ ﴾، ئەمڕۆ من بەهۆی ئەوەوە کە خۆڕاگر بوون، پاداشتم دانەوە، پاداشتم داونەوە بە چی؟ ﴿ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾، پاداشتم بەوە داونەوە کە: بە دڵنیایی هەر ئەوان بە مراد گەیشتووو سەرفرازن.

ئنجا خوا ﷻ پرسیارێکیان ئاڕاستە دەکات: ﴿ قَٰلَ كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴾، (خوا) فەرمووی: لەسەر زەوی ژمارەی چەند ساڵان ماونەوە؟ یانی: ئەو ژیانە دنیاییە کە لەسەر زەوی گوزەراندتان، ماوەی چەند ساڵ بووە؟ ژمارەی ساڵەکان چەند بووە؟.

﴿ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖ ﴾، گوتیان: یان ڕۆژێک، یان بەشێک لە ڕۆژێک ماوینەوە، ﴿ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ﴾، دەجا لە ژمێرەران، لە حیساب ڕاگران بپرسە، یانی: ئێمە هەر ئەوەندەی لێ دەزانین، کە بە بەراورد لەگەڵ قیامەتدا ڕۆژێک، یان بەشێک لە ڕۆژێک ماوینەوە، چونکە ئەو کات (زمن) دەوەستێ، کاتی ئەوێ بێ کۆتاییە، هەر چۆن ژیانی دنیای لەگەڵدا بەراورد بکرێ، هەر زۆر کەم دێتە بەرچاو.

﴿ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾، (خوا) فەرمووی: نە ماونەوە جگە لە کەمێک، تەنیا کەمێک ماونەوە لە ژیانی دنیادا، ﴿ لَّوۡ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر ئێوە زانیارییتان ببووایە، واتە: ئەگەر ئێوە زانیارییتان ببووایە، کە ئەو قیامەتە، ڕۆژی دوایی، نابڕێتەوە، ئەگەر ئەو زانیارییەتان ببووایە، لەسەر ئەوەندە تۆزە ژیانە دنیاییە، خۆتان ئاوا شەرمەزارو خەجاڵەتی خواو، گوناهبارو عەیبدار نەدەکرد.

ئنجا لە کۆتاییدا پێیان دەفەرموێ: ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴾، ئایا پێتان وایە: ئێوەمان بە پووچ، بە هەوەنتەو، بێ حیکمەت دروستکردووەو، پێتان وایە ئێوە بۆ لای ئێمە ناگێڕدرێنەوە؟

یانی: ئەگەر نەگێڕدرێنەوە بۆ لای ئێمەو، خوا لێتان نەپرسێتەوە، کەواتە: ژیانەکەتان پووچە، ژیانەکەتان هەوەنتەیەو، بێ حیکمەتە، ئنجا ئایا ئەوە شایستەی خوایەو، لە خوا دەوەشێتەوە؟ نەخێر.

﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّ ﴾، بەرزیی بۆ خوای حوکمڕانی هەق، کە کاری بێ حیکمەت بکات، شتی پووچ و هەوەنتە بکات، مرۆڤەکان دروست بکات و

بەریان داتە ژیانی دنیا، کێ چاکە دەکات بیکات و، کێ خراپە دەکات بیکات، دوایی ڕۆژێک نەبێت و، کەسێک نەبێ بە چاکەکارەکان بڵێ: چاکەتان کردو، ئەوەش پاداشت و، بە خراپەکارەکانیش بڵێ: خراپەتان کردو، ئەوەش سزا، ئەوە شتێکی پووچەو، خوا بەرزە، لەوەی کاری وای لێ بوەشێتەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ﴿رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ﴾، خاوەنی بارەگای پڕ ڕێزو حورمەتە، بۆیە کاری پێچەوانەی ڕێزو حورمەت و، شتی پێچەوانەی حیکمەت لە خوا ناوەشێتەوە.

﴿وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ﴾، هەر کەسێ لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە بپاڕێتەوە، کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای نەبێ لەسەری، ﴿فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ﴾، بە دڵنیایی لێپرسینەوەی لەلای پەروەردگاریەتی، خوا لێی دەپرسێتەوە، پەروەردگاری حیساب و کیتابی لەگەڵدا دەکات، ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، بە دڵنیایی بێبڕوایان سەرفرازنابن، بە کام و بە مرادی خۆیان ناگەن.

لە کۆتاییدا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَقُل رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، بڵێ: پەروەردگارم! ببوورەو بەزەیی بنوێنە، لە من ببوورەو بەزەییم لەگەڵدا بنوێنە، یاخود لە خۆم و لە شوێنکەوتووانم ببورەو بەزەییمان لەگەڵ دا بنوێنە، ﴿وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، بە دڵنیایی تۆ باشترینی بە بەزەییانی.

ئێمەش دەڵێین: ﴿رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، پەروەردگارمان! لێمان ببوورە لە کەم و کوڕییەکانمان، لە هەڵەو تاوانەکانمان و بەزەییمان لەگەڵدا بنوێنە، بە تەئکید خوا ﷻ خاوەن بەزەییەکە، کە هیچ کەس ئەو بەزەییەی نیە، چونکە هەر کەسی دیکە کە بەزەیی هەیە، بەزەییەکەی لە بەزەیی خواوە سەرچاوەی گرتوە، خوا بە لوتف و کەڕەمی خۆی سەرەنجاممان خێر بکات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کاتێک یەکێک لە کافران مردنی دەگاتە سەرێ، داوای گەڕانەوە بۆ ژیانی دنیا دەکات، تاکو ئەوەی لە دەستی چووە، قەرەبووی بکاتەوە، بەڵام قسەکەی بێ سوودەو، دوای گیان کێشران، مرۆڤەکان دەکەونە قۆناغی بەرزەخەوەو، کاتێکیش فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، ڕەچەڵەک ناخوێنرێتەوەو، هیچکەس هیچ شتێک لە کەس داوا ناکات، چونکە دەزانێ بێ سوودەو، سەرەنجام: ئەوانەی تا تەرازووی چاکەکانیان قورسە، سەرفرازو، ئەوانەی تا تەرازووی چاکەکانیشیان سووک بێ، دۆڕاون و، بڵێسەی دۆزەخ دەم و چاویان هەڵدەقرچێنێ و، دەم و ددانیان گر دێتە بەرچاو:

خوا دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فِى جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٣﴾ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَٰلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ ﴾، هەتا کاتێک یەکێکیان مردنی بۆ هات، ئەم (حَتَّىٰٓ)یە، وەک شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن، دەگونجێ:

أ- (حَتَّىٰٓ: الإبتدائية)بێ و، پەیوەست نەبێتەوە بە شتێکی پێش خۆیەوە، یەکێک لە شێوازەکانی زمانی عەرەبیی ئەوەیە کە یەکسەر بە (حَتَّىٰٓ)، دەستیان پێکردوە، وەک سەرەتای قسە، نەک پەیوەست بێتەوە بە پێشوو.

ب- دەشگونجێ (حَتَّىٰٓ)، شتێکی بۆ بۆ دابنرێ، بۆ وێنە: (يَسْتَمِرّونَ عَلَى مَا هُم عَلَيْهِ: حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ)، لەسەر ئەو حاڵەی کە لەسەرینی بەردەوام دەبن، هەتا یەکێکیان مردنی گەیشتە سەرێ، ئەو کاتە ئاوا دەڵێ و، ئاوای لێ دەگوزەرێ.

٢)- ﴿ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴾، (هەتا یەکێکیان کە مردنی گەیشتە سەر)، گوتی: پەروەردگارم! بمگێڕنەوە.

(ٱرْجِعُونِ)، لە لایەکەوە دەڵێ: (قَالَ رَبِّ)، پەروەردگارم! واتە: بە تاک دەیهێنێ و، ناڵێ: (ربنا)، دەڵێ: (رَبِّ)، ئنجا دەڵێ: (ٱرْجِعُونِ)، بمگێڕنەوە، بۆیە زانایانی شارەزای قورئان، لەو بارەوە ڕاجیایان هەیە:

أ- هەندێکیان دەڵێن: ڕاناوی کۆ (جمع) کە بەکارهاتوە، بۆ بە مەزنگرتنی خوای پەروەردگارە، یانی: پەروەردگارم! بمگێڕنەوە.

ب- یاخود ئەوەی پێشێیان پاڕانەوەیە لە پەروەردگارو، ئەوەی دووەمیان قسەکردنە لەگەڵ فریشتەکاندا، دەڵێ: پەروەردگارم! فریشتەکان بمگێڕنەوە، پێشێ لە پەروەردگار دەپاڕێتەوە، دوایی داوا لە فریشتەکان دەکات، کە جارێ گیانی نەکێشن و، بیگێڕنەوە لە دنیادا بژی بۆچی؟

٣)- ﴿ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ﴾، بەڵکو لەو ژیانە دنیاییەدا کە بەجێی دەهێڵم و، بەجێم هێشتوە کردەوەی باش بکەم.

(فِيمَا تَرَكْتُ)، دوو ئەگەری هەن:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ژیانی دنیابێ، واتە: ئەو ژیانە دنیایەی بەجێم هێشتوە، یان خەریکە بەجێی دێڵم، بە ڕابردووش دەیهێنێ، ئەگەرنا جارێ لە گیانەڵا دایە، وا پێدەچێ ئەوە لە حاڵەتی سەرەمەرگدا بڵێ.

www.alibapir.com

ب- دەشگونجێ (فِيمَا تَرَكْتُ)، یانی: ئەو شتەی پێشتر وازم لێهێناوەو، ڕەفزمکردوەو نکووڵییم لێکردوە، ئێستا بچم کردوەی باش بکەم و، قەرەبووی بکەمەوە.

بەڵام چی وەڵام دەدرێتەوە؟

٤)- ﴿كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا﴾، نەخێر ئەوە وشەیەکە ئەو بێژەریەتی، (كَلاّ: كَلِمَةُ رَدْعٍ للسَّامِعِ ليعلمَ بُطْلاَنَ طلبةِ الكَافِر)، (كَلاّ)، وشەیەکە یانی: نەخێر، (بەڵام بەس نەخێر نیە، بەڵکو تێخوڕین و سەرزەنشت کردنیشی لەگەڵ دایەو، نەخێرەکە بە توندییە) بۆ بابای بیسەریشە تاکو پووچیی داواکاریی بێبڕوا بزانێ.

﴿إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا﴾، ئەو قسەیەی دەیکات، وشەیەکە هەر خۆی بێژەریەتی، ئەم وشەیە شێوەی پێکهاتەکەی وایە، کە وەک پەندێک وایە، شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: لە داهێنراوەکانی قورئانەو، پێش قورئان، عەرەب بەکاریان نەهێناوە، واتە: ئەم قسەیە قسەیەکی بۆش و بێ سوودە، بێژەکەرەکەی خۆی قسەکە دەڵێ، ئەگەرنا کەس لێی وەرناگرێ و، هیچ دەرەنجامێکی لێ پەیدانابێ.

٥)- ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾، لە پشتیانیشەوە پەردەیەک هەیە، تاکو ئەو ڕۆژەی تێیدا زیندوو دەکرێنەوە.

وشەی (وراء) لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ شتێک کە تووشی مرۆڤ دێ، هیچ بواری تێدا نیەو، حەتمەن بەسەری دێ، هەر چەندە ئەو پێی وابووە بەسەری نایەت، چونکە (وراء)، یانی: (خلف)، واتە: پشت، بەڵام ئەو کە دەمرێ بەرەو پێش دەچێ و، ئەو شتەی کە دێتە ڕێی لە پێشیەوەیە، ئەدی بۆچی وشەی (وراء) بەکارهاتووە؟

لەبەر ئەوەی ئینسان شتێک لە پشتڕا پێی بکەوێ، کە پێی وانیە ئەو شتە هەبێ، دەگوترێ: غافڵگیر بوو، یان: لە پشتەوەڕا لێیاندا، نەیزانیوە کە پێی

دەکەوێ، خوای پەروەردگار ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، چونکە کافرەکان پێیان وانەبووە، دوای ئەوەی ڕووحیان لە جەستەیان جیادەبێتەوە، شتێکی دیکە هەیە، پێیان وابووە، مرۆڤ دەبێتە بەردی ونبوو، بۆیە خوا دەفەرموێ: (وَمِن وَرَآئِهِم)، واتە: لەو پشتەوەی کە هیچ حیسابیان بۆ نەکردوە، لەو کاتەدا کە دێ، وەک لە پشتیانەوە بێ، هەرچەندە کاتەکە لە پێشیانەوەیە، ئنجا ئەمە وەک ئەو تەعبیرەی دیکەی قورئانە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطُۢ ⑳ ﴾البروج، واتە: خوا لە پشتیانەوە دەوری داون، واتە: لێی دەرباز نابن.

ئێمە دوایی کورتە باسێک دەربارەی بەرزەخ دەکەین، کە بەرزەخ، یانی: (**الحاجز بين مكانين، أو بين شيئين**)، پەردەو نێوانێکە لە نێوان دوو شوێنان، یان دوو شتان دا.

٦)- ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ ﴾، هەر کاتێک فوو بە سووردا کرا، (ٱلصُّورِ) بە (بوق) لێکدراوەتەوە، کە بە کوردیی (شەیپوور) و (کەرەنا)ی پێ دەڵێن، ئەوەی ئیسرافیل فووی پێدا دەکات، دووجاران فووی پێدا دەکات، جارێکیان کە جاری یەکەمە، فووی یەکەم، ئاخیر زەمان (الساعة) لە ئەنجامی ئەو فووەدا پەیدادەبێ و، ئەم گەردوونە تێکدەچێ، بۆ جاری دووەم کە فووی پێدا دەکات، قیامەت دێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الزمر) دا دەفەرموێ: ﴿ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۝٦٨ ﴾، واتە: فوو بە سووردا کرا هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، جگە لەوەی خوا بیەوێ، هەموویان مردن، یان: لە هۆش خۆیان چوون، ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ۝٦٨ ﴾الزمر، دوایی جارێکی دیکە فووی پێدا کرا، بینیت هەموویان هەڵساونەوەو، تەماشا دەکەن، ئنجا قیامەت یانی: هەڵسانەوە، لە ئەنجامی فووی دووەم دا پەیدادەبێ، بەڵام تێکچوونی ئەم گەردوونە، ئاخیر زەمان (ساعة) لە ئەنجامی فووی یەکەمدا پەیدادەبێ، کە لەو ئایەتەی سوورەتی (الزمر)دا زۆر بە ڕوونیی باسی هەردووکیان کراوە، لە شوێنی دیکەشدا باسکراون، بەڵام زیاتر بە ئاماژە.

لەو بارەوە کە ئیسرافیل دوو جاران فوو بە کەڕەنادا دەکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمایشتێکی هەیە:

{عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كَيْفَ أَنْعَمُ وَقَدِ الْتَقَمَ صَاحِبُ الْقَرْنِ الْقَرْنَ، وَحَنَى جَبْهَتَهُ وَأَصْغَى سَمْعَهُ، يَنْتَظِرُ أَنْ يُؤْمَرَ أَنْ يَنْفُخَ، فَيَنْفُخَ»، قَالَ الْمُسْلِمُونَ: فَكَيْفَ نَقُولُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «قُولُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، تَوَكَّلْنَا عَلَى اللَّهِ رَبِّنَا»} (أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ: ٣٥٥١، وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ)، واتە: ئەبوو سەعیدی خودریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چۆن خۆشیی و لەززەت وەربگرم لە حاڵێکدا کە خاوەنی قەڕن (کەڕەنا، قۆچ)ی بە دەمەوە گرتوە و، نێوچەوانی خوار کردۆتەوەو گوێی هەڵخستوە، کەی فەرمانی پێدەکرێ فووی پێدا بکات، ئەویش فووی پێدا بکات؟ مسوڵمانان گوتیان: بڵێین چی ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: بڵێن: خوامان بەسەو، ئەو باشترین کارپێسپێردراوە، پشتمان بە خوای پەروەردگارمان بەست.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ ﴾، ئنجا کاتێ فوو بە کەڕەنادا کرا مادام پێغەمبەریش ﷺ وا دەفەرموێ، دیارە ئامێرێک هەیە، زۆر زۆر گەورە بەو، ئەو فریشتەیە تەرخان کراوە، بۆ فوو پێداکردنی.

هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: ئەوە هێما (رمز)ێکە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە ئەنجامی فووی دووەم دا.

٧)- ﴿ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ ﴾، (کاتێ فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، واتە: جاری دووەم)، لەو ڕۆژەدا نە ڕەچەڵەکیان لە بەیندا هەن و، نە داواش لە یەکدی دەکەن.

ڕەچەڵەکیان لە بەیندا نیە، یانی: لەوێ خزمایەتیی نیە، فڵانکەس کوڕی فڵانکەسەو، فڵانکەس خزمی فڵانکەسە، وەک بەداخەوە زۆر لە مسوڵمانان خەیاڵپڵاو دەکەن، هەروەک عادەتی غەڵەت و پەڵەتی خاوەن کییە پێشووە سەرلێشێواوەکان:

أ- جوولەکە کە دەیانگوت: ﴿لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعۡدُودَةً ٨٠﴾ البقرة، جگە لە چەند ڕۆژێکی کەم ئاگرمان تووش نابێ.

ب- جوولەکەو نەصرانییەکان، وەک خوای زاناو توانا لێیان دەگێڕێتەوە: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ١٨﴾ المائدة، جوولەکەو نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە کوڕانی خواو خۆشەویستانی خواین.

ئنجا بە هەمان شێوە کەسانێکیش لە نێو ئەهلی ئیسلام دان، کە بە ڕەچەڵەک و نەسەب تێکەوتوون، چ ئەوەی بابی مامۆستاو زانایەک بووە، چ ئەوەی شێخێک بووە، چ ئەوەی کە سەیدی پێ دەگوترێ...هتد، بەڵام بە تەئکید وانیە، خوا زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ و، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: **[وَمَن بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ، لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ] (أخرجه مسلم: ٢٦٩٩، عن أبي هريرة)**، واتە: هەر کەسێک کردەوەکەی دوای بخات، ڕەچەڵەکی پێشی ناخات، پێشینانیش گوتوویانە: (کەس بە مەڵەی بابی ناپەڕێتەوە)، یانی: ئەگەر کوڕو بابێک بکەونە نێو ئاوێ، بابەکە مەلە بزانێ، بەڵام کوڕەکە مەلە نەزانێ، مەلە زانینی بابی دادی کوڕەکەی نادات، مەگەر دەستی بگرێ، ئەگەرنا هەر کەسە بۆ خۆی، هەروەها گوتراوە: (کە خۆت کۆسەی، ڕیشی بابت بە تۆ چی؟).

ئنجا لەو بارەوە کە لە ڕۆژی دوایی دا ڕەچەڵەک و نەسەب دادی کەس نادات و، کەس هیچ شتێک لە کەس داوا ناکات، ئەم فەرمایشتە هەیە:

[عَنِ الْحَسَنِ عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا ذَكَرَتِ النَّارَ فَبَكَتْ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَا يُبْكِيكِ؟» قَالَتْ:«ذَكَرْتُ النَّارَ فَبَكَيْتُ، فَهَلْ تَذْكُرُونَ أَهْلِيكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟» فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَمَّا فِي ثَلَاثَةِ مَوَاطِنَ فَلَا يَذْكُرُ أَحَدٌ أَحَدًا: عِنْدَ الْمِيزَانِ حَتَّى يَعْلَمَ أَيَخِفُّ مِيزَانُهُ أَوْ يَثْقُلُ؟ وَعِنْدَ الْكِتَابِ، حِينَ يُقَالُ: ﴿هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ١٩﴾ الحاقة، حَتَّى يَعْلَمَ أَيْنَ يَقَعُ كِتَابُهُ أَفِي يَمِينِهِ أَمْ فِي شِمَالِهِ، أَمْ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِهِ؟ وَعِنْدَ الصِّرَاطِ، إِذَا وُضِعَ بَيْنَ ظَهْرَيْ جَهَنَّمَ](١)».

---

(١) أخرجه أبو داود: ٤٧٥٥، والحاكم: ٨٧٢٢ وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين، ولو

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، ڕۆژێک باسی ئاگری (دۆزەخ)ی کرد گریا، پێغەمبەر ﷺ لێی پرسی بۆچی دەگری؟ چ شتێک دەتگریەنێ، گوتی: یادی ئاگری دۆزەخم کرد، بەوە گریام، دوایی (دایکمان عائیشە) لە پێغەمبەری ﷺ پرس: ئایا لە ڕۆژی قیامەتدا ماڵ و خێزانی خۆتان لە بیر دەبێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لە سێ شوێنان هیچ کەس، هیچ کەسی نایەتە بیر: لە کاتی تەرازوو کێشراندا، تاکو دەزانرێ تەرازووەکەی، سووک دەبێ، یان قورس دەبێ؟ لە کاتی نامەو لیستی کردەوان وێدرانەوەدا، کاتێ دەگوترێ: ﴿ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴿١٩﴾ ﴾الحاقة، ها ئەوە لیستی منەو بیخوێننەوە، هەتاکو دەزانێ کە نووسراوەکەی، (لیستی کردەوەکانی)، چۆن وێ دەدرێتەوە؟ ئایا بە دەستی ڕاستی، یان بە دەستی چەپی، یان لە پشتیەوە؟ (شوێنی سێیەم و کاتی سێیەم، کە کەس کەسی لە بیر نابێ)، کاتێ صیڕات، ئەو پردەی ڕادەهێڵدرێ بەسەر پشتی دۆزەخدا، لەو کاتەش دا کەس کەسی لە بیر نابێ.

هەڵبەتە پێغەمبەری خوا ﷺ بە گشتیی فەرموویەتی و، بۆ خەڵک بە گشتیی، نەگەرنا پێغەمبەری خاتەم ﷺو، پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)، بە پێی دەقەکانی دیکە، ئەوان خۆیان دەزانن، کە سەرەنجام و چارەنووسیان چۆنە، بەڵام خەڵکی دی، ئاوا خەمی خۆی دەکەوێتە بەرێ، ئاگای لە کەسی دیکە نامێنێ.

٨)- ﴿ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴾، هەروەها داواش لە یەکدی ناکەن، چونکە دەزانن بێ سوودەو، هیچکەس هیچ شتێکی بۆ هیچکەس پێناکرێ.

٩)- ﴿ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴾، ئنجا هەر کەسێک تا تەرازووەکانی قورس بن، (موازين) کۆی (ميزان)ە، چونکە بۆ هەر کام لە کردەوەکان تەرازووێک هەیە.

منزل عائشة رضي الله عنها وأم سلمة، قال الذهبي: على شرط البخاري ومسلم لولا إرسال

یان (موازین) کۆی (موزون)، واتە: کێشراوەکان، کردەوەکان کە هەڵدەسەنگێنرێن، هەر کەسێک کردەوەکانی، یان تای تەرازووی کردەوە چاکەکانی قورس بوو، ئا ئەوانەن بە مراد گەیشتوون، سەرفرازن.

١٠)- ﴿ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ﴾، هەر کەسێک تای تەرازووەکانی چاکەی سووک بوون، یان: کردەوە کێشراوەکانی سووک بوون، ئا ئەوانەن کەسانێکن خۆیانیان لە دەست داوە، خۆیان دۆڕاندوە، ئنجا ئەگەر ئینسان خۆی لە دەست بدات، ئەوە گەورەترین زیانبارییە، چونکە ئینسان هەرچی دەوێ، بۆ خۆی دەوێ، بەڵام وەختێ خۆی لە دەست بدات، ئەوە بە تەئکید خۆی و هەرچی هەیەتی لە دەستی داوە، ئنجا ئەوانەش خۆیانیان لە دەست داوە.

ئنجا ئایا ئەوانەی تا تەرازووی کردەوە چاکەکانیان سووک بن، چییان لێ دێ؟

١٢)- ﴿ فِى جَهَنَّمَ خَـٰلِدُونَ ﴾، لە دۆزەخدا دەمێننەوە، هەرماو دەبن.

١٤)- ﴿ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ﴾، بڵێسەی ئاگر بە توندیی لە دەم و چاویان دەدات، (لَفَحَت: ضَرَبَت ضَرْبَ السَّيْفِ، وغيره بخِفَّةٍ أو بشِدَّةٍ)، (لَفْح)، بریتیە لەوە کە بە شمشێر لە شتێک بدەی بە سووکیی، یان بە توندیی.

بەڵام من پێم وایە مەبەست پێی توندییە، ئنجا شمشێر بێ، یان قامچی بێ، یان هەر شتێک بێ، بە توندیی لە شتێکی بدەی، واتە: ئەوانە بڵێسەی ئاگر لە دەم و چاویان دەدات بە توندیی، یاخود ئەگەر مەبەست سووکیی بێ، یانی: هەر بە بڵێسەیەکی کەم و سووکی ئاگر کە لە دەم و چاویان دەدات، چییان لێ دێ؟

١٥)- ﴿ وَهُمْ فِيهَا كَـٰلِحُونَ ﴾، لەوێ دا حاڵەتی (کلوح)یان بۆ پەیدادەبێ، (کلوح: حينما تَضْرِبهُم لَفْحةُ النَّارِ، ينكمِشُ جلدُ وجههم فتظهر أسنانهم بقبح ويتقلّص الشفتان)، کاتێ کە بڵێسەی ئاگر لە دەم و چاویان دەدات، پێستی دەم و چاویان گرژ دەبێ و، ددانیان

دەردەکەون، زۆر بە ناشیرینیی و، لێوەکانیان هەڵدەقرچێن و ددان گڕ دەکەونە بەرچاو، ئەوە ئەگەر مەبەست لە (لَفح) لێدانێکی سووک بێ، واتە: بە بڵێسە ئاگرێکی سووک کە لە دەم و چاویان دەدات، وایان لێدێ! ئەدی ئەگەر بە توندیی لێیان بدات! بەڵام ئەگەر (لفح) مەبەست پێ لێدانی توند بێ، واتە: بڵێسە ئاگرێکی توند لە دەم و چاویان دەدات، بەو شێوەیان لێ دێ.

ئەوەی لەو مەسەلەی یەکەمە وەردەگیرێ: سێ شتی سەرەکیین:

١)- ڕەچەڵەک لە قیامەتێ سوودی نیەو، گوتراوە: (نابێ کەس ئیمانێ بە نیسکێ بسپێرێ)، بە تەمای باب و باپیران و، بە تەمای ڕەچەڵەک و نەسەب، تێ بکەوێ.

٢)- کەس بە مەلەی کەس ناپەڕێتەوە، کەواتە: ئەوە کە دەروێشێک بە شێخەکەی هەڵادەڵێ:

بۆیە لە دنیا دەستم گرت وەتۆ ..... تاکو لە قیامەت نەبم ڕەنجەڕۆ.

لە ڕاستییدا ئەوە خەیاڵ پڵاوی کردوە، ئەگەر پێی وابێ: تەنیا دەست بە شێخ گرتن دادی دەدات، نەخێر دەبێ بۆ خۆت ئیمانت هەبێ و، کردەوەی باشت هەبێ، ئنجا ئەگەر ئەو کەسەش کە تۆ شوێنی دەکەوی و، لێی بەهرەمەند دەبی، لە ڕووی ئیمان و هیدایەت و شارەزایی لە دینەوە، ئەگەر لە لای خوای پەروەردگار قەدرو حورمەتێکی هەبێ، ڕەنگە تکایەکت بۆ بکات، بەڵام ئەصڵی هۆکاری دەربازبوونەکە، ئیمان و کردەوەی چاکی خۆتە و، شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺو ئەوانەی دیکە کە شەفاعەت و تکا دەکەن، شتێکی تەواوکارییە، ئەگەرنا کەسێک بۆ خۆی هیچی نەبێ، لە ڕاستییدا بە تەمای تەنانەت پێغەمبەری خواش ﷺ تێ بکەوێ، زەرەر دەکات، چ جای خەڵکی دیکە!

٣)- گرنگیش ئەوەیە ئینسان تا تەرازووی چاکەکانی گران بێ، ئەوە سەنگی مەحەکەو، ئەوە هۆی دەرباز بوونە.

کورتە باسێک لە بارەی بەرزەخەوە

ئایا جیهانی بەرزەخ چییەو چۆنە؟! لە کوێیەو؟ بەڵگە چییە لەسەر بوونی؟ ئایا بەرزەخ بۆ هەموو کەسە، یان بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراوە؟ ئایا حاڵ و باڵی بڕوادارانی چاکەکارو کافرانی بەدکار لە قۆناغی بەرزەخ دا چۆنە؟!

ئێمە هەوڵدەدەین لە چوار تەوەردا باسی بەرزەخ و ژیانی بەرزەخ بکەین:

١)- مانای بەرزەخ:

سەرەتا لە ڕووی زمانەوانییەوە: (**البرزخ: الحاجز بين مكانين أو شيئين**)، (برزخ) بریتیە لە پەردەیەک لە نێوان دوو شوێنان، یان دوو شتان دا.

(**الجرجاني**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆیدا، فەرهەنگێکی هەیە بە ناوی (**التعريفات**)، ئاوا باسی بەرزەخ دەکات:

(**البرزخ: العَالَمُ المشْهُودُ بَيْنَ عَالِمِ المعاني المجردَةَ وَعَالَمِ الأَجْسَامِ المَادِيْةِ، أعني: الدنيا والآخرة ويعبر به عن عالم المثال، أي: عِنْدَ الفَلاَسِفَةِ القُدَمَاء**)[1] واتە: بەرزەخ بریتیە لەو جیهانە بینراوەی کە لە نێوان جیهانی مانا ڕووتەکان و جیهانی جەستە مادییەکان دایە، واتە: لە نێوان دنیاو دواڕۆژدایە، جاری واش هەیە وشەی بەرزەخ جیهانی وێنەکان (**عالم المثال**) بەکاردەهێنرێ، یانی: لە لای فەیلەسووفە کۆنەکان (لە جیاتی ئەوەی بڵێن: بەرزەخ، گوتوویانە: (**عالم المثال**)).

(**الجوهري**) کە یەکێکە لە شارەزایانی زمان، دەڵێ: (**البرزخ: الحاجز بين شيئين والبرزخ ما بين الدنيا والآخرة من وقت الموت إلى البعث، فمن مات فقد دخل في**

البرزخ) واتە: بەرزەخ بریتیە لە پەردەو نێوانێک لە نێوان دوو شتانداو، بەرزەخ بریتیە لەوەی کە لە نێوان دنیاو دوارۆژدایە، لە کاتی مردنەوە تاکو کاتی زیندووبوونەوە، بۆیە هەر کەسێک مرد، دەچێتە قۆناغی بەرزەخەوە.

(**القرطبي**)، لە تەفسیرەکەیدا، هەم ئەو پێناسەیەی (**الجرجاني**)و، هەم پێناسەکەی (**الجوهري**)یشی هێناوەو، دوایی دەڵێ:

(قَالَ رَجَلُ بحَضْرَةِ الشَّعْبيُّ: رَحِمَ اللهُ فُلاناً فَقَد صَارَ مِنْ أَهْلِ الآخِرَة، فَقَالَ: لَمْ يَصِر مِنْ أَهْلِ الآخِرَة، وَلَكِنَّهُ صَارَ مِنْ أَهْلِ البَرْزَخِ، وَلَيْسَ مِنَ الدُّنيَا ولا من الآخرة)[1].

واتە: لە شوێنێک کە شەعبیی لەوێبوو، (دیارە یەکێک مردووە)، کابرایەک گوتی: خوا بەزەیی بە فلانکەس دا بێ، چووە نێو ڕیزی خەڵکی ڕۆژی دوایی، شەعبیی گوتی: نەخێر نەچۆتە نێو نەوانەی خەڵکی ڕۆژی دواییـن، بەڵکو چۆتە نێو خەڵکی بەرزەخ، کە نە لە دنیایەو نە لە دوارۆژە، (بەڵکو قۆناغێکی ڕاگوزەرە لە نێوانی دنیاو دوارۆژدا).

٢)- بەڵگەی هەبوونی بەرزەخ:

هەندێک لە زانایان نکووڵییان کردوە، لەوە کە لە دوای مردن، قۆناغێکی دیکە هەبێ بە ناوی بەرزەخ و، ئەوەی پێی دەگوترێ: سزای گۆڕ (**عذاب القبر**)و خۆشی و نیعمەتی گۆڕ (**نعيم القبر**)، بەڵام ئەگەر تەماشای ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەین، ئەمە زۆر زۆر ڕوونە، هەر کەسێ بڕوای بە قورئان و سوننەت بێ، ناتوانێ نکووڵیی لە ژیانی بەرزەخ بکات.

ئنجا ئەوانەی کە نکووڵییان کردوە لە جیهانی بەرزەخ، لە قۆناغی بەرزەخ، گوتوویانە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾، یانی: دوای

مردن پەردەو نێوانێک هەیە، ڕێگرە لە گەڕانەوەی مردووان بۆ دنیا! مەبەست پێی ئەوەیە کە پەردەو نێوانێک هەیەو، ئەوانە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دنیا، بەڵام مەبەست ئەوە نیە، کە جیهانێک هەیەو قۆناغێک هەیەو ژیانێک هەیە، لەوێ تاکو ڕۆژی دوایی!

بەڵام بە مسۆگەریی ئەو قسەیە هیچ نیە، چونکە خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾، کەواتە: بەرزەخ کەوتۆتە نێوان ژیانی دنیاو دواڕۆژەوە، نەک مردووان و ژیانی دنیاوە! خوا نەیفەرموە: **(ومن ورائهم برزخ بين الأحياء والأموات)**، لە پشتیانەوە نێوانێک لە نێوان زیندووان و مردووان دا هەیە، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾، واتە: ئەو بەرزەخە درێژەی دەبێ تاکو ڕۆژی زیندووبوونەوە.

ئنجا بێجگە لەم ئایەتە موبارەکە، کە بە وشەی (بَرۡزَخٌ) باسی ژیانی نێوان دنیاو دواڕۆژ کرابێ، بەس لێرەدا هاتوە، بەڵام ئایەتی دیکەش هەن و، فەرموودەی پێغەمبەریش ﷺ زۆرن، لە بارەی قۆناغ و جیهانی بەرزەخەوە،

یەکەم: چەند بەڵگەیەکی قورئانیی:

١)- خوا ﷻ لە بارەی (آل فرعون)ەوە فەرموویەتی: ﴿وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ (٤٥) ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۚ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ (٤٦)﴾غافر، کە ئەمە بەڵگەیەکی زۆر زۆر ڕوونە، لە بارەی سزاو نیعمەتی قۆناغی بەرزەخەوە، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە دارو دەستەی فیرعەون فەوتان، دەفەرموێ: سزایەکی خراپ دەوری دارو دەستەی فیرعەونی دا، (ئەو سزا خراپە چییە؟) ئاگرێکە بەیانیان و ئێواران لەسەری ڕادەنوێنرێن، (ئەوە لە قۆناغی بەرزەخدا کە پێش ئەوەی قۆناغی قیامەت بێ)، ڕۆژێکیش کە ئاخیر زەمان (ساعة) دێ، (کە قیامەتی بەدوا دادێ، دەگوترێ:) دارو دەستەی فیرعەون بخەنە نێو سەختترین سزاوە.

یانی: نەک تەنیا بەیانیان و ئێواران، وەک قۆناغی بەرزەخ بەڵکو بەردەوام، کەواتە: ئازارو سزای بەیانیان و ئێواران، مەبەست پێی سزای دوای جیابوونەوەی ڕووحانە لە جەستان، لە جیهان و قۆناغی بەرزەخدا.

بەڵام ئەوەی دیکە: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ﴾، دوایی ئاخیر زەمان، پاشان قیامەت دێ، ڕۆژی دوایی دێ، ئەو کاتە سزایەکی سەختتر بۆ فیرعەون و دارو دەستەی فیرعەون دەست پێدەکات.

٢)- لە سووڕەتی (**الواقعة**)دا، لە ئایەتەکانی (١- ٥٦)دا خوا باسی ئاخیر زەمان و دوایی قیامەت دەکات، پاشان باسی دابەشبوونی مرۆڤایەتیی بۆ سێ بەشی سەرەکیی دەکات:

أ- (**أصحاب الميمنة**)،

ب- (**السابقون**)،

ج- (**أصحاب الشمال**)،

بە درێژیی باسی حاڵ و باڵیشیان کراوە، با ئێمە ئاماژەیەک بەو ئایەتانە بکەین، کە کەمتر بینیومە لە بارەی بە بەڵگە هێنانەوەی قورئان بۆ قۆناغی بەرزەخ، باسی ئەم ئایەتانە کرابێ، کە لە ڕاستییدا ئەو ئایەتانەی سووڕەتی (**الواقعة**)، بەڵگەی زۆر زەقن، با تەماشا بکەین:

أ- لە ئایەتەکانی (١- ٥٦)دا، خوا باسی ڕۆژی دوایی دەکات، دەفەرموێ:

﴿إِذَا وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ (١) لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ (٢) خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ (٣) إِذَا رُجَّتِ ٱلْأَرْضُ رَجًّا (٤) وَبُسَّتِ ٱلْجِبَالُ بَسًّا (٥) فَكَانَتْ هَبَآءً مُّنۢبَثًّا (٦) وَكُنتُمْ أَزْوَٰجًا ثَلَٰثَةً (٧)﴾، ئەمە دیارە باسی ئاخیر زەمانەو، باسی ئەو ڕووداوە مەزنەیە کە بەسەر ئەم گەردوونەدا دێ!

واتە: کاتێ کە ڕووداو ڕوویدا، کە هیچ کەسێک ناتوانێ ئەو ڕووداوە بگێڕێتەوە، ئەو ڕووداوە بەرزکەرەو نزمکەرە، کاتێ کە زەوی تێکەوە ڕاشەقێنرا،

ڕاتەکێنراو، چیایەکان وردو خاش کران و بوونە تۆزو گەرد، ئێوەش بوونە سێ پۆل، (سێ بەش) ئەی مرۆڤایەتیی! ﴿فَأَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلْمَيْمَنَةِ (٨) وَأَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلْمَشْـَٔمَةِ (٩) وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ (١٠) أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ (١١)﴾، هاوەڵانی لای ڕاست دەزانی هاوەڵانی ڕاستە چۆنن! هاوەڵانی لای چەپ، دەزانی هاوەڵانی لای چەپ چۆنن! پێشکەوتووەکان، ئەوانە زۆر نیزیکخراوەکانن.

ئنجا خوا ﷻ باسی حاڵ و باڵی هەر کام لەو سێ کۆمەڵانە دەکات: (أصحاب الميمنة)و، (أصحاب الشمال)و، (السابقون)، تاکو ئایەتی (٥٦)، کە دەفەرمووێ: ﴿هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ (٥٦)﴾، واتە: ئەمە کە میواندارییانی پێ دەکرێ لە ڕۆژی سزاو پاداشت دا.

کە مەبەست ڕۆژی قیامەتە.

ب- بەڵام لە چواردە (١٤) ئایەتەکانی: (٨٣ - ٩٦)دا، باسی ژیانی بەرزەخ کراوە، کە خوا ﷻ ئاوا دەفەرمووێ: ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ (٨٣) وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ (٨٤) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ (٨٥) فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ (٨٦) تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (٨٧) فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ (٨٨) فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ (٨٩) وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ (٩٠) فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ (٩١) وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ (٩٢) فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ (٩٣) وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ (٩٤) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلْيَقِينِ (٩٥) فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ (٩٦)﴾⁽¹⁾.

ئنجا ئایا لێرەدا بۆچی دەڵێین: ئەمە باسی قۆناغی بەرزەخە؟ چونکە ئەوەی پێشێ لە دوای باسی ڕاتەکێنرانی زەوی و، وردو خاش بوونی چیاکان و، بوونیان بە تۆزو گەردو، ڕوودانی ئەو کارەساتە مەزنەی کە بەسەر گەردووندا دێ، دوای ئەوە باسی ئەوە کراوە کە مرۆڤایەتیی دەبێتە سێ بەش: (أصحاب الميمنة)و، (أصحاب الشمال)و، (السابقون).

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الواقعة)دا بە درێژیی تەفسیری ئەو ئایەتانە و چۆنیەتی

ئنجا لێرەشدا دیسان مرۆڤایەتیی دابەش دەكرێتەوە بۆ سێ پۆل، بەڵام دوای چی؟ دوای مردن و، گیان كێشران، دەفەرموێ:

﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴾، واتە: دەبووایە كە ڕووح دەگاتە گەروو، (ت)ی سەر (بَلَغَتِ)، دیارە ڕاناوی مێینەیەو بۆ ڕووحە، هەرچەندە باسی ڕووح نەكراوە، بەڵام بە سیاق دەزانرێ و، لە قورئاندا ئەوە زۆرە، كاتێ كە دەگاتە گەروو، ﴿ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴾، ئێوەش لەو كاتەدا تەماشای دەكەن، ئەو مرۆڤە لە گیانەڵاو لە سەرەمەرگ دایە، ئێوەش هەمووتان بە دەوریەودن و تەماشای دەكەن.

﴿ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴾، ئێمەش لە ئێوە لێی نیزیكترین، بەڵام نابینن، كە مەبەست پێی فریشتەكانە، فریشتەكان، كەسانێک لە ئەهلی نیمان، لەسەرە مەرگدا فریشتەكانی دیتوون و گوتوویانە: میوانم هاتن، ﴿ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴾، دەبووایە ئەگەر ئێوە ملكەچ نین بۆ خوا، (وەک خەیاڵ دەكەن)، ﴿ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، ئەو ڕووحە بگێڕنەوە ئەگەر ڕاست دەكەن، واتە: بیگێڕنەوە بۆ نێو جەستەی، كە ئێمە لە نووكی پێیەوە ڕووحەكە دێنین، پێشێ لاقەكانی سارد دەبن و، وشک دەبن، دوایی وردە وردە دێ، تاكو دەگاتە گەرووی.

ئنجا ئەوەیە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **(إِنَّ اللَّـهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ) (أخرجه أحمد: ٦٤٠٨، والترمذي: ٣٥٣٧، وقال: حسن غريب، وابن ماجه: ٤٢٥٣، وابن حبان برقم ٦٢٨، والحاكم: ٧٦٥٩، وقال: صحيح الإسناد، عَنْ عَبْدِ اللَّـهِ بْنِ عُمَرَ).**

واتە: خوا، پەشێمان بوونەوەو گەڕانەوەی بەندەی وەردەگرێ، مادام نەكەوتبێتە حاڵەتی گیانەڵاو، ڕووحەكەی نەگەیبێتە گەرووی كە دوایی هەناسەیەک دەداو، دەم پێكدەدات و ڕووحەكە دەردەچێت، دەفەرموێ: بۆچی نایگێڕنەوە ئەگەر ڕاست دەكەن؟

ئنجا باسی ئەو کەسانە دەکات کە بەو شێوەیە گیانیان دەکێشرێ، ئایا سەرەنجامیان چۆن دەبێ؟ دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴾، ئنجا خاوەنی ئەو ڕووحە، یاخود ئەو ڕووحە ئەگەرلە زۆر نیزیکخراوان بێ لەوانە بێ، کە زۆر لە خوا نیزیک بوون، ﴿ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ﴾، ئەوە فەرەحنایی و بۆنی خۆش یاخود ڕەیحان، (وَجَنَّتُ نَعِيمٍ)، هەروەها باخانی پڕ لە نازو نیعمەتی هەن، ﴿ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ (٩٠) فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴾، بەڵام ئەگەر لە هاوەڵانی لای ڕاست بێ، کە بە دەستی ڕاستیان لیستی کردەوەکانیان وەردەگرنەوە، سڵاو لە تۆ، لە هاوەڵانی ڕاستەوە، یان: سڵاوی من بۆ تۆ، بیگەیەنە بە هاودڵانی دەستە ڕاست.

﴿ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ﴾، بەڵام ئەگەر لە بە درۆ دانەرانی گومڕابووبێ، ﴿ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ ﴾، ئەوە میوانداریی دەکرێ لە نێو ناوی داغ و کوڵیودا، ﴿ وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴾، هەروەها دەخرێتە نێو گڵپەی سەوزی ئاگری دۆزەخ، ﴿ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ حَقُّ ٱلْيَقِينِ ﴾، ئەوەی باسکرا هەقێکی جێی دڵنیاییە، ﴿ فَسَبِّحْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلْعَظِيمِ ﴾، ئنجا تۆ ناوی پەروەردگاری مەزنت بە پاک بگرە.

ئەمە زۆر ڕوونە کە لە دوای ڕووح کێشانەوە، خوا بەو شێوەیە مرۆڤەکان دابەش دەکات، کەواتە: ئەمە قۆناغی بەرزەخە.

بەڵگەیەکی دیکەش لەسەر ئەوەی کە پەنجاو شەش (٥٦) ئایەتی ئایەتی سەرەتای (**الواقعة**) لە بارەی پاداشت و سزای قیامەتەوەن و، چواردە (١٤) ئایەتەکەی کۆتاییش لە بارەی قۆناغی بەرزەخەوەن، ئەوەیە کە خوای کارزان بۆ سزاو پاداشتی قیامەت پەنجاو شەش (٥٦) ئایەتی تەرخانکردوون، بۆ هەر کام (**السابقون**)و (**أصحاب اليمين**)و (**أصحاب الشمال**)، کە ئەمەش دەقی ئایەتەکانە:

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ (١٠) أُوْلَٰٓئِكَ ٱلْمُقَرَّبُونَ (١١) فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ (١٢) ثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ (١٣) وَقَلِيلٌ مِّنَ ٱلْآخِرِينَ (١٤) عَلَىٰ سُرُرٍ مَّوْضُونَةٍ (١٥) مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيْهَا مُتَقَٰبِلِينَ (١٦) يَطُوفُ

عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ (١٧) بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ (١٨) لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ
(١٩) وَفَٰكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠) وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ (٢١) وَحُورٌ عِينٌ (٢٢) كَأَمْثَٰلِ ٱللُّؤْلُؤِ
ٱلْمَكْنُونِ (٢٣) جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (٢٤) لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا (٢٥) إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا
سَلَٰمًا (٢٦) وَأَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلْيَمِينِ (٢٧) فِى سِدْرٍ مَّخْضُودٍ (٢٨) وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ (٢٩)
وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ (٣٠) وَمَآءٍ مَّسْكُوبٍ (٣١) وَفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢) لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ (٣٣)
وَفُرُشٍ مَّرْفُوعَةٍ (٣٤) إِنَّآ أَنشَأْنَٰهُنَّ إِنشَآءً (٣٥) فَجَعَلْنَٰهُنَّ أَبْكَارًا (٣٦) عُرُبًا أَتْرَابًا (٣٧) لِّأَصْحَٰبِ
ٱلْيَمِينِ (٣٨) ثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ (٣٩) وَثُلَّةٌ مِّنَ ٱلْءَاخِرِينَ (٤٠) وَأَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصْحَٰبُ ٱلشِّمَالِ
(٤١) فِى سَمُومٍ وَحَمِيمٍ (٤٢) وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ (٤٣) لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ (٤٤) إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ
مُتْرَفِينَ (٤٥) وَكَانُوا۟ يُصِرُّونَ عَلَى ٱلْحِنثِ ٱلْعَظِيمِ (٤٦) وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا
وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ (٤٧) أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ (٤٨) قُلْ إِنَّ ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْءَاخِرِينَ (٤٩)
لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ (٥٠) ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلْمُكَذِّبُونَ (٥١) لَءَاكِلُونَ مِن شَجَرٍ مِّن
زَقُّومٍ (٥٢) فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ (٥٣) فَشَٰرِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْحَمِيمِ (٥٤) فَشَٰرِبُونَ شُرْبَ ٱلْهِيمِ (٥٥) هَٰذَا
نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ (٥٦) ﴾.

بەڵام لە چواردە (١٤) ئایەتی کۆتاییدا هەر بە ئاماژە ئاسا پاداشت و سزایەکان باسکراون:

أ- بۆ پاداشتی (ٱلْمُقَرَّبِينَ)، هاتوە: ﴿ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ﴾.

ب- بۆ پاداشتی هاوەڵانی لای ڕاست، هاتوە: ﴿ فَسَلَٰمٌ لَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْيَمِينِ ﴾.

ج- بۆ سزای (أصحاب الشمال)، کە لێرە بە (ٱلْمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ)، ناوی هێناون، هاتوە: ﴿ فَنُزُلٌ مِّنْ حَمِيمٍ (٩٣) وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ ﴾.

٣)- بەڵگەیەکی دیکە هەر لە قورئان، ئەوەیە کە لە ئایەتی (١٥٤)ی سوورەتی (البقرة) دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ

وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ (١٥٤) ﴾البقرة، خوا لە مسوڵمانان قەدەغە دەکات، ئەوانەی لە ڕێی خوادا دەکوژرێن، کە هەر ناوی مردووشیان بۆ بەکاربهێنرێ، ﴿ وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ ﴾، ئەوانەی لە ڕێی خوادا دەکوژرێن، پێیان مەڵێن: مردوون، ﴿ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ ﴾، بەڵکو زیندوون، بەڵام ئێوە هەست ناکەن، ئەوە هەر زۆر بە ڕوونیی دیارە کە کوژراوانی ڕێی خوا لە قۆناغی بەرزەخ دا ژیانێکی تایبەتیان هەیە.

٤- بەڵگەیەکی دیکە: لە سوورەتی (آل عمران) لە سێ ئایەتەکانی (١٦٩و ١٧٠و ١٧١)دا، دیسان زۆر بە ڕوونیی خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە ئەوانەی لە ڕێی خوادا دەکوژرێن و شەهید دەبن، کە لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: پێیان مەڵێن: مردوون و، بە مردوو ناویان مەهێنن، لێرەدا دەڵێ: هەر لە خەیاڵیشتاندا نەبێ کە مردوون، وەک دەفەرموێ:

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (١٦٩) فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (١٧٠) يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ (١٧١) ﴾آل عمران.

واتە: ئەوانەی لە ڕێی خوادا کوژراون، پێتان وا نەبێ مردوون، بەڵکو زیندوون لە لای پەروەردگاریان بژێویان دەدرێ، دڵخۆشن بەوەی خوا پێیداون، لە بەخششی خۆی و، موژدەشیان پێ دەدرێ بەوانەی جارێ پێیان نەگەیشتوون، لە پشتیانەوە، دڵخۆش دەبن کە نە ترسیان لەسەرەو نە پەژارەش دادەگرن، دڵخۆش دەبن بە چاکەو بەخششی خوا، بەوە کە خوا، پاداشتی بڕواداران زایە ناکات.

لێرەش خوا زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ: پێتان وا نەبێ: کوژراوانی ڕێی خوا (شەهیدان) مردوون، بەڵکو زیندوون و بژێویان دەدرێتێ، ئنجا وەک دوایی باس دەکەین، لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا ﷺ ئەم ئایەتە موبارەکانە تیشکی زیاتریان خراوەتە سەر.

دووەم: چەند دەقێکی سوننەت لەسەر جیهانی بەرزەخ:

فەرمایشت لەو بارەوە زۆر زۆرن، ئێمە بەس ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١)- {عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُما، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: الْمُسْلِمُ إِذَا سُئِلَ فِي الْقَبْرِ يَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ ﴿٢٧﴾ ﴾إبراهيم} (أخرجه أحمد: ١٨٥٠٥، والبخاري: ٤٤٢٢، ومسلم: ٢٨٧١، وأبو داود: ٤٧٥٠، والترمذي: ٣١٢٠، والنسائي: ٢٠٥٧، وابن ماجه: ٤٢٦٩، وابن حبان: ٢٠٦).

واتە: بەڕانی کوڕی عازیب (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: مسوڵمان کە لە گۆڕدا، (واتە: لە دوای جیابوونەوەی ڕووحی لە جەستەی، ئەگەر نەشخرابێتە گۆڕەوە، قەل و داڵیش خواردبێتی و، لە ئاوێش دا خنکابێ و، یان سووتێنرابێ، مەبەست ئەوەیە! بەڵام چونکە بە زۆریی خەڵک دەخرێتە گۆڕەوە، بۆیە وایفەرمووە)، کاتێک لێی دەپرسرێ، ئەو شایەتیی دەدات کە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نییەو، موحەممەد ﷺ ڕەوانەکراوی خوایە، ئنجا ئەوەیە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ ﴿٢٧﴾ ﴾، خوا ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بە قسەی چەسپاو لە ژیانی دنیاداو، لە دواڕۆژدا دەیانچەسپێنێ.

٢- {وفي رواية أخرى: عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ ﴾، قَالَ: نَزَلَتْ فِي عَذَابِ الْقَبْرِ، يُقَالُ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ فَيَقُولُ رَبِّيَ اللهُ وَنَبِيِّي مُحَمَّدٌ} (أخرجه البخاري: ١٣٠٣، ومسلم: ٧٣٩٩).

واتە: لە گێردراوەیەکی دیکەدا لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە ئەو ئایەتەی خوێندەوە فەرمووی: ئەوە لە بارەی سزای گۆڕەوە هاتۆتە خوار، بەو مرۆڤە دەگوترێ: پەروەردگارت کێیە؟ ئەویش دەڵێ: پەروەردگارم خوایەو، موحەممەدیش ﷺ پێغەمبەرمە.

٣)- [عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ، وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ، وَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، أَتَاهُ مَلَكَانِ، فَيُقْعِدَانِهِ فَيَقُولَانِ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هذَا الرَّجُلِ (لِمُحَمَّدٍ ﷺ) فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ، فَيُقَالُ لَهُ: انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ، قَدْ أَبْدَلَكَ اللهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجَنَّةِ فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا، قَالَ قَتَادَةُ، وَذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ يُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ ثُمَّ رَجَعَ إِلَى حَدِيثِ أنَس، قَالَ: وَأَمَّا الْمُنَافِقُ وَالْكَافِرُ فَيُقَالُ لَهُ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ؟ فَيَقُولُ: لَا أَدْرِي، كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ، فَيُقَالُ: لَا دَرَيْتَ وَلَا تَلَيْتَ، وَيُضْرَبُ بِمَطَارِقَ مِنْ حَدِيدٍ ضَرْبَةً فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ غَيْرَ الثَّقَلَيْنِ] (أخرجه البخاري: ١٣٠٨، ومسلم: ٧٣٩٥).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیک لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: بێگومان بەندە دوای ئەوەی دەخرێتە گۆڕەکەیەوەو، هاوەڵەکانی، (ئەوانەی ناشتوویانە، بە خاکیان سپاردوە)، دەڕۆن، گوێی لە دەنگی پێڵاوەکانیان دەبێ کاتێک دەڕۆن، دوو فریشتەی دێنە لا، دایدەنیشێنن، پێی دەڵێن: لە بارەی ئەو پیاوەوە (موحەممەد ﷺ) چیت دەگوت؟ کەسێک بڕوادار بێ دەڵێ: شایەتیی دەدەم کە (موحەممەد) بەندەی خواو پێغەمبەری خوایە، پێی دەگوترێ: دە تەماشای شوێنەکەت بکە لە ئاگردا، ئەگەر بێبڕوابای ئەوە شوێنت بوو، ئێستا خوا نشینگەیەکی دیکەی لە بەهەشت بۆ تۆ داناوە لە جیاتی ئەوە، تەماشا دەکات هەردووکیان دەبینێ، (هەم شوێنەکەی لە دۆزەخدا، ئەگەر کافر بووایەو، هەم شوێنەکەی لە بەهەشتدا) (قەتادە گوتوویەتی: بۆمان باسکراوە: کە گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکرێ، دوایی گەڕایەوە بۆ قسەکەی ئەنەس و گوتی:) بەڵام ئەوەی مونافیق یاخود کافر بێ، پێیدەگوترێ: لە بارەی ئەو پیاوەوە چیت دەگوت؟ دەڵێ: نازانم، خەڵک شتێکی دەگوت، منیش دەمگوت، پێی دەگوترێ: نە زانیوتەو، نە شوێنیکەوتووی، (شوێنکەوتووی پێغەمبەرنی ﷺ)، ئنجا بە گورزێکی ئاسن لێی دەدرێ، چریکەو هاوارێک دەکات: هەرچی لێی نزیکە (لە دروستکراوان) هەموویان دەیبیستن، جگە لە مرۆڤ و جند.

٤)- {عَنْ عَبْدِ اللّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ قَالَ: إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالْغَدَاةِ وَالعَشِيِّ، إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ فَمِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ، فَيُقَالُ: هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللّهُ يَوْمَ القِيَامَةِ} (أخرجه البخاري: ٦١٥٠، ومسلم: ٢٨٦٦، والترمذي: ١٠٧٢، وابن ماجه: ٤٢٧٠).

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: یەکێکتان کە مرد، شوێنەکەی پیشان دەدرێ، بەیانیان و ئێواران، [وەک چۆن خوا دەربارەی دارو دەستەی فیرعەون فەرمووی: ﴿غُدُوًّا وَعَشِيًّا﴾، وا دیارە سزای بەرزەخ و نیعمەتی بەرزەخ بەردەوام نیە، بەیانیان و ئێوارانە]، ئەگەر بەهەشتیی بێ، ئەوە بەهەشتیەو، ئەگەر دۆزەخیی بێ، ئەوە دۆزەخییە، پێی دەگوترێ: ئەوە شوێنەکەتە، تاکو ڕۆژی قیامەت خوا زیندووت دەکاتەوە.

ئنجا وەک لە فەرمایشتیی دیکەدا هاتوە، ئەوەی کە بەهەشتیی بێ، بۆن و بەرامەی نازو نیعمەت و ئەو بەهەشتەی خۆی بۆ دێ و، ئەوەی کە دۆزەخییش بێ، ئاگرو ناخوشیی و بڵێسەو ئەو شوێنە ناخۆشەی خۆی، بۆ دێ.

٥)- فەرمایشتێکی دیکە لەو بارەوە، ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە لە تەحیاتیی نوێژیش دا دەیخوێنین: **[عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ مِنْ أَرْبَعٍ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ»] (أخرجه أحمد: ٧٢٣٦، ومسلم برقم ٥٨٨، وأبو داود: ٩٨٣).**

واتە: ئەبوو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان شایەتمانی خوێند، ئەوە با پەنا بە خوا بگرێ لە چوار شتان، دەیفەرموو: ئەی خوایە! من پەنا بە تۆ دەگرم لە سزای دۆزەخ و، لە سزای گۆڕو، لە بەڵای ژیان و مردن و، لە بەڵاو ئاژاوەی مەسیحی دەججاڵ.

٦)- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ ﷺ بِقَبْرَيْنِ، فَقَالَ: إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ، وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ؛ أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَبْرِى مِنَ الْبَوْلِ؛ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ، ثُمَّ أَخَذَ جَرِيدَةً رَطْبَةً فَشَقَّهَا نِصْفَيْنِ، فَغَرَزَ فِي كلِّ قَبْرٍ وَاحِدَةً، قَالُوا يَا رَسُولَ اللهِ! لِمَ فَعَلْتَ هذَا؟ قَالَ: لَعَلَّهُ يُخَفَّفُ عَنْهُمَا مَا لَمْ يَيْبَسَا} (أخرجه ابن أبي شيبة: ١٣٠٤، وأحمد: ١٩٨٠، والبخاري: ٢١٥، ومسلم: ٢٩٢، وأبو داود: ٢٠، والترمذي برقم ٧٠، والنسائي: ٢٠٦٩، وابن ماجه: ٣٤٧).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ بـە لای دوو گۆڕانـدا تێپـەڕی، فەرمـووی: ئـەو دووانـە ئەشـكەنجەو سـزا دەدرێـن، لەسـەر شـتێكی گـەورەش سـزا نادرێـن، یەكیـان عادەتـی وابـوو خـۆی لـە میـز پـاک نەدەكـردەوە، ئـەوی دیكەشـیان قسـەی دەهێنـاو دەبـردو، (دووزمانیـی دەكـرد)، دوایـی لقـە درەختێكـی تـەڕی هێنـا، (كـە ژیانـی تێـدا بـوو)، شـكاندی و لەسـەر هـەر كامێـک لـەو دوو گـۆڕە، پارچەیەكـی چەقانـد، (كاتەكـەی وا بـووە، بگونجـێ بڕوێنـەوە)، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! بۆچـی واتكـرد؟ فەرمـووی: ئەگـەر وشـک نەبـن، ڕەنگـە لـە سـزایەكەیان كـەم بكاتـەوە.

٧)- {عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رضي الله عنهُ، قَالَ كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ، وَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: «اسْتَغْفِرُوا لأَخِيكُمْ، وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ»} (أخرجه أبو داود: ٣٢٢١، والحاكم: ١٣٧٢، وقال: صحيح الإسناد)، واتە: عوسمانی كوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ كە لە بەخاک سپاردنی مردوویەک دەبۆوە، لەسەری دەوەستا، (لەسەر گۆڕەكەی)و، دەیفەرموو: داوای لێبوردن بۆ برایەكەتان بكەن و، داوای بۆ بكەن، خوا بیچەسپێنێ، (زمانی بچەسپێنێ و، وەڵامیداتەوە)، چونكە ئێستا پرسیاری لێدەكرێ.

٨)- عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، لێی گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: **{نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَة: ﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ﴿١٥٤﴾﴾ البقرة، فِي قَتْلى بدرٍ، وقتل مِنَ المسْلِمِين أَرْبَعَةَ عَشَرَ رَجُلاً، سِتَّة مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَثَمَانِيَة مِنَ الأَنْصَارِ، وَكَانُوا يَقُولُونَ: مَاتَ فُلاَنٌ، مَاتَ فُلاَنٌ، فَنَهَى الله أَن يُقَالَ فِيهِم: إِنَّهُم مَاتُوا}**⁽¹⁾.

واتە: ئەم ئایەتەی سوورەتەی بەقەڕە، کە دەفەرموێ: ئەوانەی لە ڕێی خوادا کوژراون، پێیان مەڵێن: مردوون، لە بارەی کوژراوەکانی بەدرەوە هاتە خوار، کە ئەو ڕۆژە چواردە (١٤) پیاو لە مسوڵمانان کوژران، شەشیان لە کۆچکەران و، هەشتیشیان لە پشتیوانان، ئنجا خەڵکەکە دەیانگوت: فڵانکەس مردو، فڵانکەس مرد، خواش لێی قەدەغە کردن بڵێن: ئەوانە مردوون.

لە بارەی سێ ئایەتەکەی سوورەتی (آل عمران)ەوە، ئەم دەقە هاتوە:

٩- [عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: سَأَلْنَا عَبْدَ اللَّهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنْ هَذِهِ الآيَةِ: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ ﴾آل عمران، قَالَ أَمَا إِنَّا قَدْ سَأَلْنَا عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: «أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ، لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ، تَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ، ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ الْقَنَادِيلِ، فَاطَّلَعَ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمُ اطِّلَاعَةً، فَقَالَ: هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا؟ قَالُوا: أَيَّ شَيْءٍ نَشْتَهِي، وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا، فَفَعَلَ ذَلِكَ بِهِمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا، قَالُوا: يَا رَبِّ نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى، فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ، تُرِكُوا»] (أخرجه مسلم: ١٨٨٧، والترمذي: ٣٠١١، وقال: حسن صحيح).

واتە: مەسرووق دەڵێ: پرسیارمان کرد لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ) لە بارەی ئەم ئایەتانەوە: ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾... ﴾آل عمران، (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود) گوتی: ئاگاداربن! ئێمە لەو بارەوە پرسیمان، (واتە: لە پێغەمبەر ﷺ)، ئەویش ئاوا وەڵامی دایەوە، فەرمووی: ڕووحەکانیان، (واتە: ڕووحی ئەوانەی لە ڕێی خوادا دەکوژرێن)، لە نێو کەلەشی باڵندەی سەوزدان، (واتە: لە جیهانی بەرزەخدا، جەستەیەکیان بۆ دروست دەکرێ، وەک جەستەی باڵندە، لەبەر ئەوەی کە توانای فڕین و جموجۆڵیان هەیە، نەک وەک ئەو جەستە خاکییەی ئێرە کە بە پێیان بڕوات)، هێلانەو شوێنیان هەن بە عەرشی خواوە هەڵواسراون و، لە هەر شوێنێک بیانەوێ لە بەهەشتدا چلاوچڵ دەکەن، (دێن و دەچن)، دوایی دێنەوە نێو ئەو قەندیلانەو،

تێیاندا دەسرەون، پەروەردگاریان سەرنجێکی دان، پێی فەرموون: ئارەزووی هیچ ناکەن؟ گوتیان: ئنجا ئارەزووی چی بکەین! کە ئێمە لە بەهەشتدا بۆ هەر شوێنێک بمانەوێ دێین و دەچین، (دەگەڕێین)، خوا سێ جاران ئەوەی لەگەڵ کردن، (خوا سێ جاران هەر دەیفەرموو: ئارەزووی هیچ شتێک ناکەن؟)، کاتێک زانییان وازیان لێناهێنرێ، دەبێ داوای شتێک هەر بکەن، گوتیان: پەروەردگارمان! داوات لێ دەکەین، کە ڕووحەکانمان بگێڕیەوە بۆ نێو جەستەکانمان، تاکو جارێکی دیکە لە ڕێی تۆدا بکوژرێین، کاتێک خوا زانی: هیچ نیش و پێویستییان نیە، ئنجا وازیان لێهێنرا، (چونکە ئەوە کە بگەڕێنەوە بۆ دنیا، شتێکی مەحاڵە).

ئەمە بە نسبەت بڕگەی دووەمەوە بەڵگەکانی: (هەبوونی ژیانی بەرزەخ و قۆناغی بەرزەخ)، بۆیەش زیاتر تیشکم خستە سەر، چونکە هەندێک خەڵکی سەرگەردان و سەرلێشواو هەن کە نکووڵیی دەکەن لە ژیانی قۆناغی بەرزەخ، کە بێگومان، لە ژێر کاریگەریی خەڵکی عەلمانیی و مولحیدو، کەسانێک دان، کە تەنیا ئەوەی بە چاوی سەریان ببینن، دانی پێدا دێنن، کە لە ڕاستییدا ئەوەش تەعبیر دەکات لە دواکەوتوویەتیی فیکریی ئەو جۆرە کەسانە، چونکە ئەگەر بەو پێیە بێ، دەبێ دان بە خودی ماددەشدا نەهێنن، چونکە خشتی یەکەمی ماددەش، گەردیلە کە سێ پێکهاتەی سەرەکییەکەی هەن: پڕۆتۆن و نیوتڕۆن لە نێوکداو، ئەلیکترۆن لە سوڕگەدا دەخولێتەوە بە دەوری نێوکدا، ئەوانیش هەر کامێکیان لە چەند پێکهاتەیەک کە کوارکەکانن پێکدێن، کە هیچ کام لەوانە نابینرێن و، تەنیا شوێنەوارەکانیان دەزانین، ئنجا ئەگەر ئێمە سووربین لەسەر ئەوەی هەر شتێک بە هەستەوەرەکان بۆمان نەگیرێ و، بەرهەست نەبێ، دانی پێدانەهێنن، دەبێ دان بە خودی ماددەش دانەهێنن، چ جای سزاو نیعمەتی دوای جیابوونەوەی ڕووح لە جەستە، کە لە قورئاندا باسکراوەو، لە فەرمایشتەکان دا، بە ناوونیشانی: سزاو نیعمەتی گۆڕ هاتوە، ئەگەرنا مەرج نیە، ئەو سزاو نیعمەتە لە خودی ئەو گۆڕەدا بێ، ئەوەتا فەرمایشتەکان ئەوە دەگەیەنن و، ئایەتەکانیش ئەوە دەگەیەنن، کە ڕووحی چاکەکاران لە بەهەشتدا، لە عالەمی

بەرزەخدا، لە نێو چەند کەلەش و جەستەی بەرزەخیی دان، هەروەک هی خراپەکارانیش لە دۆزەخ دا، ئەویش دیسان لە چەند جەستەیەکی بەرزەخییدا.

٣)- چۆنیەتیی ژیانی بەرزەخ:

ئەم بابەتە لە دوو خاڵدا تیشکی دەخەینە سەر:

یەکەم: دەتوانین بڵێین: جیهانی بەرزەخ تا ڕادەیەکی زۆر وەک حاڵەتی خەوتن وایە، خەوتن ڕووح تێیدا تاکو ڕاددەیەک ئازاد دەبێ، دەتوانین وەک بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەوە سەرنجی ئەم ئایەتە بدەین: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾الزمر.

واتە: خوا نەفسەکان وەردەگرێ، لە کاتی مردنیاندا، (هەر کەسێک کە دەمرێ، ڕووحی لە جەستەی جیادەبێتەوە، خوا وەریدەگرێ)، ئەوەش کە نەمردبێ لە کاتی خەوتنیدا (ڕووحەکان وەردەگرێ)، ئنجا ئەوەی بڕیاری مردنی لەسەر دابێ، (دوای ئەوەی خەوتووە و ڕووحەکەی وەرگیراوە، خوا ڕووحەکە ناگێڕێتەوە بۆ نێو جەستەکەی و)، دەیانهێڵێتەوە، گلیان دەداتەوە (لە بەرزەخدا بەخەبەر دێ)، ئەوانی دیکەش دەگێڕێتەوە بۆ نێو جەستەکەیان، تاکو کاتێکی دیارییکراو، (ئەوانیش دوایی هەر دەمرن)، لەوەدا نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێک بیربکەنەوە.

کەواتە: ژیانی بەرزەخ لەگەڵ حاڵەتی خەوتندا، زۆر لێک نیزیکن، وەک (**أبو حامد الغزالي**)، لە (**إحياء علوم الدين**)دا باس دەکات، دەڵێ: دوو کەس لە پەنای تۆ خەوتوون، یەکێکیان خەبەری دەبێتەوە بە ڕووێکی خۆش و گەش و دڵخۆشیی، لێی دەپرسن چی بوو؟ دەڵێ: لە خەونم دا لە باخێکدا بووم، لە حاڵەتی زۆر خۆشدا بووم، خۆزگە خەبەرم نەبووبایەوە، ئنجا ئەو کەسە، ئەگەر بێت و ئەو

حاڵەتە خۆشییەی بەردەوام بێ، ئەوە وەک نیعمەتی جیهانی بەرزەخ و وەک قۆناغی بەرزەخ وایە، ئەوی دیکەشیان خەبەری دەبێتەوە بە شپرزەیی و بە ناڵۆزیی، دەڵێن: چی بوو؟ دەڵێ: خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی، زۆر ناڕەحەت بووم، ئنجا: ئەگەر ئەویش خەبەری نەبووبایەوە، هەر لەسەر حاڵەتەکەی بەردەوام بووایە، وەک سزاو ناڕەحەتیی قۆناغی بەرزەخ دەبوو، کە تەماشای جەستەشیان دەکەی، هیچیان پێوە دیار نیە!

کەواتە: نیعمەت و سزای بەرزەخ بۆ ڕووحەکانە، وەک چۆن دوو کەس کە، لە حاڵەتی خەوتندان، یەکێکیان لە نیعمەت دایە، ئەوی دیکەیان لە ناڕەحەتیی و لە ئازار دایەو، هیچ شوێنەواریش بە جەستەکانیانەوە دیار نیە.

ئنجا لە ڕاستیدا ڕووح دوای ئەوەی لە جەستەدا دێتەدەر، دەچێتە نێو قاڵبێکی دیکەی پەنهانەوە، کە بۆ ئێمە پەنهانە، لە جۆرە ماددەیەکە ئێمە نایبینین، وەک چۆن جینن، لە ئاگر دروست کراون و، ئێمە نایانبینین و، فریشتە لە ڕووناکیی دروستکراون و ئێمە نایانبینین، ئەو قاڵب و جەستەیەش گونجاوە لەگەڵ قۆناغی بەرزەخ دا، ئایەتەکانی لە قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن.

هەندێک کەس گوتوویانە: حاڵەتی بەرزەخ لە شێوەی دۆناودۆنی هیندۆسییەکان (**تناسخ الأرواح**) دایە، بەڵام، نا چونکە ئەوان دەڵێن: هەر لە دنیادا کەسێک کە دەمرێ، ئەگەر چاک بووبێ، ڕووحەکەی دەچێتە بەر ژیاندارێکی باش و، ئەگەر خراپ بووبێ، ڕووحەکەی دەچێتە بەر ژیاندارێکی خراپ، بەڵام ئەوەی ئیسلام دەیڵێ جیایەو، لە دنیادا نیە، بەڵکو لە قۆناغی بەرزەخ دایە، کە ئێمە هیچ ئاگاداریمان لێی نیە، ئنجا ئەوەی ئەوان دەیڵێن: ئەفسانەیەو، هیچ نیە، ڕەنگە هەر ئەو قۆناغی بەرزەخەی ئەهلی ئیسلامیش بێ، بە هەڵەو پەڵەوە، بەو شێوەیە تەعبیریان لێکردوە.

دووەم: خاڵێکی دیکە بۆ نیزیکخستنەوەی قۆناغی بەرزەخ لە عەقڵ، ئەوەیە کە جاری وایە ئینسان خەونێک دەبینێ و، شتەکەش دێتە دی، یان خەونێک دەبینێ، خۆش یان ناخۆش، دواییش شوێنەواری پێوە دیار دەبێ، یاخود خەونێک دەبینێ، بەڵایەکی بەسەر دێ، یان شتێکی خۆشیی بۆ دەبێ، دوایی شوێنەواری پێوە دیار دەبێ، حاڵەتی وا من بۆ خۆم بینیومە، خەڵکی دیکەش شتی وای بینیوە، بگرە خەڵک هەبووە نەخۆشیی و گرفتێکی هەبووە، لە حاڵەتی خەوتندا دوعای بۆ کراوە، یان کەسێک دەستی پێدا هێناوە، دوایی هەڵساوە، تەماشای کردوە ئەو گرفت و نەخۆشییەی نەماوە، کە ئەوەش بۆ ئەو کەسەی لێی ڕوویداوە، بۆ خۆی دڵنیایی هەیە، بەڵام بۆ خەڵکی دیکە ناتوانێ ئەو یەقینەیان بۆ پەیدا بکات، چونکە ئەوە ئەزموونێکی خوددیی (تجربة ذاتية)یە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو حاڵەتانە زۆرن.

٤)- ئیشکالێك و وەڵامەكەی:

هەندێ دەپرسن: ئەگەر قۆناغی بەرزەخ هەیە، بۆچی باباى بێبڕوا دەڵێ: زۆر کەم ماوینەوە؟ با تەماشای ئەم ئایەتانە بکەین:

أ- خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقۡسِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيۡرَ سَاعَةٖۚ كَذَٰلِكَ كَانُواْ يُؤۡفَكُونَ ٥٥ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَٱلۡإِيمَٰنَ لَقَدۡ لَبِثۡتُمۡ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡبَعۡثِۖ فَهَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡبَعۡثِ وَلَٰكِنَّكُمۡ كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٥٦﴾ الروم.

واتە: ڕۆژێک کە ئاخیر زەمان دێ، تاوانبارەکان سوێند دەخۆن، تەنیا یەک سەعات ماوینەوە، کاتی خۆشی هەر ئاوا لادەدران لە ڕێی ڕاست، (ئێستاش لادراون)، بەڵام ئەوانەی زانیاریی و ئیمانیان پێدراوە دەڵێن: لە کتێبی خوادا، تاکو ڕۆژی زیندووکرانەوە، ماونەوە، ئەمڕۆش ڕۆژی زیندووکرانەوەیە، بەڵام کاتی خۆی ئێوە نەتاندەزانی (کە ڕۆژی زیندووکرانەوە هەیە).

ب)- هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحۡشُرُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ زُرۡقٗا (١٠٢) يَتَخَٰفَتُونَ بَيۡنَهُمۡ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا عَشۡرٗا (١٠٣) نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذۡ يَقُولُ أَمۡثَلُهُمۡ طَرِيقَةً إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا يَوۡمٗا (١٠٤)﴾ طه.

واتە: ئەو ڕۆژەی کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ و، ئێمە بە ڕەنگی شین (یان بە چاوی شین) هەڵگەڕاو، تاوانبارەکان کۆدەکەینەوە، لە بەینی خۆیاندا بە سرکە (نهێنیی) قسە دەکەن، دەڵێن: تەنیا دە (١٠) شەوان ماونەوە، ئێمە زاناترین بەوەی ئەوان دەیڵێن، کاتێک ئەوەیان کە لە هەموویان ڕێی ڕاستری گرتوە، دەڵێ: تەنیا یەک ڕۆژ ماونەوە.

هەروەها لە شوێنی دیکەشدا هەر هاتوە، کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: بەیانییەک یان ئێوارەیەک ماونەوە: ﴿كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا (٤٦)﴾ النازعات.

ئنجا ئایا ئەمە چۆنە، ئەگەر قۆناغی بەرزەخ هەیەو، ئەوانە ئەو هەموو ژیانە لە بەرزەخ دا دەگوزەرێنن، بۆچی دوایی دەڵێن: سەعاتێک ماونەوە، یان بەیانیی و ئێوارەیەک، یان دە شەو؟!

وەڵامەکەی ئاوایە:

لە سۆنگەی ئەوەوە کە ڕۆژی دوایی زۆر دەخایەنێ و، ڕووداوەکانی کاتی زۆریان دەوێ و، ئەهلی دنیا ژیانی بەرزەخ و دنیایان لە چاو ئەوێ زۆر کەم و کورت دێتەوە بەرچاو، هەم ژیانی دنیاو، هەم قۆناغی بەرزەخیش، چونکە لە ڕۆژی دوایی دا، ئەوەی کە وەردەگیرێ و، بۆ ئێمە دێتە بەرچاو، ئەوەیە کە کات دەوەستێ، وەک چۆن بە پێی بیردۆزەی ڕێژەیی (نظرية النسبية)ی ئەنیشتاین دەڵێ: ئەگەر شتێک بە خێرایی، تیشک کە (٣٠٠،٠٠٠)، کیلۆمەتر لە چرکەیەک دا دەبڕێ، بڕوا، کات دەوەستێ، یانی: ئەگەر ڕۆکێتێک هەڵدەین، بە خێرایی تیشک بڕوا، دوای سەد (١٠٠)ساڵ کە دێتەوە بۆ سەر زەوی، ئەوانەی کە لە

ئێو ڕۆکێتەکە، دەبینین لەسەر زەوی سەد (١٠٠) ساڵ تێپەڕ بووە، بەڵام ئەوان وەک تازە چووبن!

بەهەر حاڵ ئەوەش بیردۆزەیەکە.

گرنک ئەوەیە ئەوەی دێتە بەرچاو، ئەوەیە کە لە بەرزەخ و لە قیامەتیش دا، کات وەک هی سەر زەوی نیەو وەستاوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بەهەشتییەکان پیرنابن و، لە یەک تەمەندا دەمێننەوە، بۆیە دەبێ لەوێ کات ئەڕوا، یان بە جۆرێکی دیکەیە، ئێرە شوێنی تاقیکردنەوەیە، بۆیە کات دەڕوات، قۆناغی منداڵیی هەیە، هەرزەکاریی هەیە، گەنجیی هەیە، کامڵ بوون هەیە، پیریی هەیەو... هتد، بەڵام لەوێ شوێنی تاقیکردنەوە نیە، بۆیە شێوەیەکی دیکەیە، ئنجا ئەوان کە ئەو کاتە درێژە دەبینن و، ژیانی دنیاو قۆناغی بەرزەخی لەگەڵدا بەراورد دەکەن، هەروەک ڕۆژێک، یان وەک چەند ڕۆژێک، یان وەک چەند سەعاتێک دێتە بەرچاویان.

ئێمە لەوە زیاتر بە پێویستی نازانین ئەو بابەتە بتوێژینەوە، ئەگەرنا ئەو بابەتە لق و پۆپی زۆرن، ئنجا لە ڕاستییدا کەسێک کە بڕوای بە خوا ﷻ بێ، کە دەستەڵاتی بێ سنووری هەیەو، زانیاریی بێ سنووری هەیە، ئنجا خوا ﷻ بۆ خۆی بفەرموێ: ئەوانەی لە ڕێی خوادا کوژراون مەڵێن: مردوون، بەڵکو بفەرموێ: بە مردووشیان تێمەگەن، چونکە زیندوون لە لای پەروەردگاریان، بژیویان دەدرێتێ، واتە: ئێستا بژیویان دەدرێتێ و، دڵخۆشیش دەبن بە وانەی لە دوایانەوە دەچن، کاتێک خوا وا بفەرموێ و، پێغەمبەر ﷻ وا بفەرموێ، ئەوەی کە ئیماندارو مسوڵمان بێ، دەیسەلمێنێ و بۆی ملکەچ دەبێ، مسوڵمان و نامسوڵمان جیاوازییەکەیان ئەوەیە، کە مسوڵمان، [(مسلم) لەسەر کێشی (مفعل)ەو، (إسم فاعل)ە، یانی: ملکەچ)]، ملکەچە بۆ خوا، ئنجا ئەو شتەی کە خوا دەفەرموێ، با تەواو لە عەقڵیشیەوە نەچێ، یان ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموێ: تەواو لە عەقڵیشیەوە نەچێ، بەو واتایە نا کە دژی عەقڵ بێ، چونکە دژی عەقڵ نیە،

بەڵام بۆی وەرگیراو (إستیعاب) نەکرێ، بەڵام هەر ملکەچە، وەک زانایان گوتوویانە: جاری وایە شەرع شتێک دێنێ کە عەقڵ تێیدا سەرسامە، سەراسیمەیەو، باش بۆی هەزم و ئیستیعاب ناکرێ، بەڵام وەحیی ڕاست و دروستی خوا، هەرگیز شتێک ناهێنێ کە لەگەڵ عەقڵ دا دژ بوەستێ: (قد يأتي الشرع بمحارات العقول، ولكن لا يأتي بمحالات العقول).

مەسەلەی دووەم:

لە ڕۆژی دوایی دا خوای دادگەر سەرزەنشتی بێبڕوایان دەكات و، ئەوانیش دان بە تاوانی خۆیان دادێنن، بەڵام داوای چوونەدەر لە دۆزەخ دەكەن و، خواش ﷻ بێدەنگیان دەكات و، لەسەر گاڵتەكردن بە بڕواداران سەركۆنەیان دەكات و، پێشیان ڕادەگەیەنێ، كە ئەوان (بڕواداران) ئێستا بەختەوەرو سەرفرازن:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ (١٠٥) قَالُوا۟ رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ (١٠٦) رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ (١٠٧) قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ (١٠٨) إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ (١٠٩) فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ (١١٠) إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ (١١١)﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شازدە بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾، خوا پێیان دەفەرموێ: ئایا كاتی خۆی ئایەتەكانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرانەوە؟ ئەم پرسیار كردنە، پرسیار لێكردنێكی نكوولیلێكەرانەی سەرزەنشتكەرانەیە، (**إستفهامٌ إنكاري توبيخي**)، یانی: من نكوولیی دەكەم، كە ئایەتەكانی منتان بەسەردا نەدەخوێنرابنەوە! پاشان بە سەرزەنشت كردنەوە دەفەرموێ: ئایا ئایەتەكانی منتان بەسەردا نەدەخوێندرانەوە! ئەو ئایەتانەی كە ئەگەر گوێتان بۆ گرتبان، هەموو نهێنییەكانی دنیاو گەردوونتان بۆ ڕوون دەبوونەوە، كەچی ئێوە لە جیاتی ئەوەی پێشوازیی لە ئایەتەكان بكەن و، بە دڵ و گیان وەریان بگرن، بە درۆتان دانان!

٢)- ﴿فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾، كەچی ئێوە بێبڕوابوون بە ئایەتەكان و بە درۆتان دادەنان، واتە: ئایەتەكانی منتان بەسەردا خوێندرانەوە، كە ئەگەر لێی تێگەیبان و

وەرتان گرتبان، تووشی ئەمڕۆ نەدەبوون، بەڵام ئێوە لە جیاتی وەرگرتن و بڕوا پێهێنان، بە درۆتان دانان.

ئەوانە چی دەڵێن؟

٣)- ﴿ قَالُوا۟ رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان! بەدبەختیی بەسەرماندا زاڵبوو، (شِقْوَتُنَا)، خوێنراویشەتەوە: (شَقَاوَتُنَا)، واتە: بەدبەختیی و گرفتاریی بەسەر بەختەوەرییمان دا زاڵبوو، یان: بەدبەختیی زەفەری پێبردین و بەسەرماندا زاڵبوو.

٤)- ﴿ وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴾، دانی پێدادەنێن، دەڵێن: ئێمە کۆمەڵێکی گومڕا بووین، دەشگونجا بڵێن: ﴿ وَكُنَّا ضَآلِّينَ ﴾، ئێمە گومڕا بووین، بەڵام ﴿ وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴾، واتە: ئێمە کۆمەڵێک بووین، گومڕایی یەکێک بووە لە خەسڵەت و سیماکانمان کە پێی دەناسراین.

٥)- ﴿ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا ﴾، پەروەردگارمان! دەرمان بێنە لێی، یانی: لە دۆزەخ.

٦)- ﴿ فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴾، ئنجا ئەگەر گەڕاینەوە، بە دڵنیایی ئێمە ستەمکارین، یانی: ئەمجارە تاقیمان بکەوەو، بمانبەوە بۆ دنیایە، لە دۆزەخ دەرمان بێنە، ئەگەر جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ گوناهو تاوان و کوفرو بێبڕوایی، ئەو کاتە ئێمە بێبڕواو ستەمکارین، واتە: ئێستاش ستەمکارین، بەڵام ئەو کاتە، ستەمکارێکی زۆر تۆخ دەبین، بەڵام ئایا وەڵامی ئەو داوایەیان دەدرێتەوە؟ بێگومان نەخێر.

٧)- ﴿ قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا ﴾، (خوا) فەرمووی: زەبوون و ڕیسوابن تێیدا، لە دۆزەخ دا.

٨)- ﴿ وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴾، مەشمدوێنن، ئەو قسانە چین، خوا سیستمی داناوە، خوا بە یاسا ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات و، هەر شتە لە قۆناغی خۆی دا دەبێ، شتێک کە لە قۆناغێکدا دەبێ، دووبارە نابێتەوە، لە قۆناغی دنیادا ژیانێک بووە، تازە ئەوە تێپەڕیوە، کە قۆناغی ئاخیر زەمان دێتە پێش، جیایە، قۆناغی قیامەت و ڕۆژی دوایی دێتە پێش جیایە، ئێستا ئێوە لە قۆناغێکی دیکە دان، داوای شتێک دەکەن کە دەبوو کاتی خۆی

کردباتانایە، ئنجا خوا هەندێک شتیان دەخاتەوە بیر، لە کردەوە خراپەکانیان کە تووشی ئەمڕۆژەی کردوون و دەفەرموێ:

٩)- ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا ﴾، بە دڵنیایی کۆمەڵێک لە بەندەکانی من دەیانگوت: پەروەردگارمان! بڕوامان هێنا.

١٠)- ﴿ فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا ﴾، لێمان ببوورەو بەزەییت پێماندا بێتەوە.

١١)- ﴿ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، تۆش باشترینی بە بەزەییانی، واتە: ئەوەیان دەخاتەوە بیرو، ئەمە بیرخستنەوەی یەکێک لە کردەوە خراپەکانیانە، کە تووشی ئەو چۆرتمەی کردوون و، بەو مەرەدەی بردوون، ئنجا ئەمە سێ ئامانجمان دەپێکێ:

أ- کە بیرخستنەوەی ئەوانە لە دۆزەخ دا.

ب- هاو کات بۆ دنیاش هۆشداریی پێدانە، کە ئێستاکە گاڵتە بە بڕواداران دەکەن، ئاگاداربن! کاتێک دێ، ئەوەتان بە چاودا دەڕێتەوە.

ج- دڵخۆشیشە بۆ بڕواداران، کە بڕوادارینە! ئەهلی کوفر کە گاڵتەتان پێ دەکەن، کاتێک دێ خوا ئەوەیان بەچاودا دەداتەوەو، لەسەر ئەوە تووشی سزاو جەزرەبەی توند دێن، کەواتە: خەم مەخۆن و زۆر دەربەست مەبن و، خۆتان ناڕەحەت مەکەن، بە گاڵتەپێکردن و پێکەنینی ئەوان.

١٢)- ﴿ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا ﴾، کەچی ئێوە (ئەی بێبڕواینە!) ئەوانتان بە گاڵتەجار گرتبوو، (سِخْرِيًّا)، خوێنراویشەتەوە: (سُخرِياً)، (أي: جعلتموهم مَسْخُوراً بهم)، واتە: ئەوانتان کردبوو بە گاڵتەجار، گاڵتەپێکراو، (سِخْرِيًّا)و، (سُخرِياً)، هەردووکیان واتە: گاڵتەتان پێدەکردن، بەڵام (الكسائي)و (أبو عبيدة)، گوتوویانە: خوێندنەوەی (سُخرِياً)، واتە: ئێوە سۆغرەو بێگارتان پێدەکردن، بەڵام (سِخْرِيًّا)، واتە: گاڵتەتان پێدەکردن.

١٣)- ﴿ حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِي ﴾، ئەوەندە ئێوە گاڵتەتان پێدەکردن و، پێیان پێدەکەنین، هەتا یادی منیان لە بیر ئێوە بردبۆوە، واتە: لەبەر سەرقاڵییتان بە گاڵتەپێکردنی ئەوان، ئاگاتان لە من نەمابوو.

١٤)- ﴿ وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴾، ئێوه به‌وان پێده‌که‌نین و، پێتان ڕاده‌بواردن.

١٥)- ﴿ إِنِّي جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوٓاْ ﴾، به‌ڵام من ئه‌مڕۆ به‌هۆی ئه‌وه‌وه که خۆڕاگربوون، پاداشتم داونه‌وه.

که ئه‌مه: هاندانه‌و زیاتر خۆڕاگیرکردنه بۆ ئه‌هلی ئیمان، له به‌رانبه‌ر گاڵته‌و جه‌فه‌نگ و توانج و پلاری بێبڕوایان دا.

١٦)- ﴿ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾، (أَنَّهُمْ)، خوێندراویشه‌ته‌وه: (إِنَّهُم)، هه‌ردووکیان هاتوون، که هه‌ردووکیان (أنَّ)و (إنَّ)، بۆ جه‌ختکردنه‌وه‌ن، به دڵنیایی هه‌ر ئه‌وان سه‌رفرازن، هه‌ر ئه‌وان به کام و مراد گه‌یشتوون، هه‌ر ئه‌وان به‌خته‌وه‌ری ڕاسته‌قینه‌ن.

مەسەلەی سێیەم:

پرسیارکردنی خوا لە بێبڕوایان کە چەند ساڵان لەسەر زەوی مانەوەو، وەڵامدانەوەیان کە کەمێک ماونەوەو، حەواڵە کردنیان بە ژمێرەران و حیساب ڕاگران و، پشتڕاستکردنەوەی خوا بۆ وەڵامەکەیان:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قَـٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَـٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قَـٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴾، (خوا ﷻ) فەرمووی: ژمارەی چەند ساڵان لە (ژیانی) سەر زەویدا ماونەوە؟ بە سیاق دەزانرێ کە خوا ﷻ بەو شێوەیە دەیاندوێنێ، هەڵبەتە مەرج نیە خوا ڕاستەخۆ بیاندوێنێ، لە ڕێی فریشتەکانەوە دەیاندوێنێ، واتە: چەندتان پێچووە؟

٢)- ﴿ قَالُوا۟ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ﴾، گوتیان: ڕۆژێک یان بەشێک لە ڕۆژێک ماوینەوە.

٣)- ﴿ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴾، لە ژمێرەران بپرسە، لە حیساب ڕاگران بپرسە، واتە: ئێمە دڵنیانین داخۆ چەند بووە؟

٤)- ﴿ قَـٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ﴾، (خوا) فەرمووی: (وەک خۆتان گومانتان بردوە هەر وایە)، تەنیا کەمێک ماونەوە، (إِن لَّبِثْتُمْ): (مَا لَبِثْتم إلاَّ قَلِيلاً)، جگە لە کەمێک نەماونەوە لە ژیانی سەر زەوی دا، مانەوەتان ماوەیەکی کەم بوو.

٥)- ﴿ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾، ئەگەر ئێوە دەتانزانی، وەڵامی ئەگەر (لَّوْ)، قرتێنراوە، واتە: ئەگەر دەتانزانی، کە لە دوای ئەو ژیانە کەم و کورتەی دنیا، ئەم ڕۆژە چاوەڕێتان دەکات، هەڵوێستتان بەو شێوەیە نەدەبوو، ئەمەش بە تەئکید جارێکی دیکە، بۆ هۆشداریی پێدان و وریاکردنەوەی هەموو لایەکە، هی مرۆڤەکان بە گشتیی، چ کافرانی

خراپەکار، چ ئیماندارانی چاکەکار، کە ئەم ژیانە ژیانێکی کەم و کورتە، ژیانێکی زوو تێپەڕە، وریابن چۆنی دەگوزەرێنن، وریابن چۆنی بەڕێدەکەن، لەسەر پێنج و دوو ڕۆژێکی دنیایی، خۆتان شەرمەزارو ڕوو زەردی لای خوا مەکەن.

مەسەلەی چوارەم:

نکووڵیی کردنی خوا ﷻ کە مرۆڤی بەهەوەنتەو بێ حیکمەت دروستکردبن و، نەگەڕێنەوە لای بۆ سزاو پاداشت، بە بەڵگەی بەرزیی خوای حوکمڕانی هەق و خاوەنی بوولی بارەگای بەڕێزی، پاشان هەڕەشەکردنی لە هاوبەشدانەران و، فەرمانکردنی بە پێغەمبەر ﷺ، کە داوای لێبوردن و، بەزەیی نواندان لە خوا بکات:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغْفِرْ وَٱرْحَمْ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا ﴾، ئایا پێتان وایە ئێوەمان (بێ حیکمەت و، بەهەوەنتە)، بە پووچ و، بێ ئامانج دروستکردوە! ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنێکی دانپێپێداهێنان و سەرزەنشت کردن (تقرير وتوبيخ)ە، چونکە ئەوان کە بڕوا بە زیندووبوونەوە ناکەن، مانای وایە بە پووچ خوڵقێنراون، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئێوە کە دان بەوەدا ناهێنن کە بۆیە خوڵقێنرابن، سزاو پاداشت هەبێ، مانای وایە دەڵێن: بە پووچ و بێ حیکمەت خوڵقێنراون، ئنجا ئایا ئێمە ئێوەمان بە پووچ و بێ حیکمەت و بەهەوەنتەو بێ ئامانج دروستکردوە! (عَبَثًا)، (العَبَثُ: العَمَلُ الَّذِي لاَ نَفْعَ فِيهِ)، (عبث)

هەر كردەوەیەكە سوودی نەبێ، هەروەها (عبث)، یانی: شتی پووچ و، بێ حیكمەت، كە ئامانجێكی لە پشتەوە نەبێ.

٢)- ﴿ وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴾، ئایا پێتان وایە ئێوە بۆ لای ئێمە ناگێڕدرێنەوە! (لَا تُرْجَعُونَ)، خوێندراویشتەوە: (لا تَرجِعون)، (لَا تُرْجَعُونَ)، ناگێڕدرێنەوە، (لا تَرجِعون)، ناگەڕێنەوە.

٣)- ﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴾، بەرزیی بۆ خوای حوكمڕانی هەق، (التعالي: مبالغة في العلو)، (تعالي)، زێدەڕۆیی كردنە لە بەرزیی دا، واتە: خوای حوكمڕانی هەق، زۆر لەوە بەرزترە كە مرۆڤەكان هەروەها جینن، بە پووچ و بێ ئامانج بخوڵقێنێ، بە هەوەنتە بیانخوڵقێنێ، دروستیان بكات و دوایی نەگەڕێنەوەو نەگێڕدرێنەوە بۆ لای خۆی، تاكو لێیان بپرسێ: ژیانی دنیایان چۆن گوزەراند؟ ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، خاوەنی بارەگای مەزنە، واتە:

١- خوایەتیی خوا ﷻ.

٢- حوكمڕانیەتیی و دەسترۆیشتوویەتیی خوا.

٣- هەقیی خوا ﷻ.

٤- تەنیا پەرستراویەتیی خوا ﷻ.

٥- خاوەنی بارەگای پڕ ڕێزو حورمەت بوونی خوا.

ئەمانە هەر پێنجیان نەگونجاون لەگەڵ ئەوەدا كە خوا مرۆڤەكان و جینەكانی بە پووچ دروست كردبێ و، نەیانگێڕێتەوە بۆ لای خۆی و، سزاو پاداشتیان لەگەڵدا بەكارنەهێنێ، كەواتە: خوا ﷻ لێرەدا كە ئەو پرسیارە سەرزەنشتكەرانەیەو، نكوولیلێكەرانەیان لێ دەكات، چەند بەڵگەیەک دێنێتەوە لەسەر ئەوەی ئەو بۆچوونەی ئێوە، ئەو پێوابوونەی ئێوە، پووچ و هەڵەو بێ بنەمایە، (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا)؟، ئایا پێتان

وایە، خەیاڵتان وایەو، گومانتان وایە کە ئێوەمان بە پووچ خوڵقاندوەو، بۆ لای ئێمە ناگێڕدرێنەوە؟ چەند بەڵگەیەک لەسەر پووچیی ئەوە دێنێتەوە:

١- (فَتَعَـٰلَى ٱللَّهُ)، خوا بەرزە لەوە، خوایەتی خوا ﷻ، ناگونجێ لەگەڵ ئەوەدا کە دروستکراوەکان بە پووچ بخوڵقێنێ و، لێیان گەڕێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچن و، بە چاکەکار نەفەرموێ: چاکت کردو، بە خراپەکار نەفەرموێ: خراپت کرد، بەرزیی خوا ئەوەی لەگەڵدا ناگونجێ، خوایەتیی خوا، ئەوەی لەگەڵدا ناگونجێ، خوا لەوە بەرزترە.

٢- (ٱلۡمَلِكُ)، دەستڕۆیشتوو، حوکمڕان.

٣- (ٱلۡحَقُّ)، خوا حوکمڕان و دەستڕۆیشتووێکی هەقە.

٤- (لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ)، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، یەکتایی خوا لە پەرستراوێتییدا، دیسان لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێ.

٥- (رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ)، خاوەنی بارەگای پڕ ڕێزو حورمەت، یان خاوەنی بارەگای بەخشندە، کەواتە: بە پێنج بەڵگان ئەو بۆچوونەی ئێوە شتێکی پووچەو، لەگەڵ بەزریی خوای پەروەردگاردا ناگونجێ.

٤)- ﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ ﴾، هەر کەسێک لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە بپاڕێتەوە.

٥)- ﴿ لَا بُرۡهَـٰنَ لَهُۥ بِهِۦ ﴾، هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی لەسەری نەبێ، ئەمە حاڵە لە: ﴿ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ ﴾، واتە: هەر کەسێک لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە بپاڕێتەوە، لە حاڵێکدا کە هیچ بەڵگەی نیە لەسەری، بە تەنکید هەر کەسێک جگە لە خوا هەر شتێکی دیکە بە پەرستراو بزانێ و، لێی بپاڕێتەوە، بێ بەڵگەیە و پشت نەستوور نیە بە هیچ بەڵگەیەک، چونکە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە.

ئنجا هەر کەسێک وا بکات:

٦)- ﴿ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ﴾، ئەوە لێپرسینەوەی لەلای پەروەردگاریەتی، واتە: خوا ﷻ تەنیا خۆی لێپرسینەوەی لەگەڵ دا دەکات.

٧)- ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوان، سەرفراز نابن.

ئەگەر تەماشا بکەین، لە سەرەتای سوورەتەکەدا خوا فەرمووی: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ۝٢ ﴾.

لێرەشدا: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، بە ڕاستیی بێبڕوایان سەرفراز نین، واتە: ئەم سوورەتە بە سەرفرازیی بڕواداران دەستی پێکردووە، بە بێمرادیی و بەدبەختیی، کافران کۆتایی پێهات، پێچەوانەی حاڵی ئیمانداران.

٨)- ﴿ وَقُل رَّبِّ ٱغْفِرْ وَٱرْحَمْ ﴾، بڵێ: پەروەردگارم! لێم ببوورەو بەزەییم لەگەڵ دا بنوێنە، بۆ خۆم، یاخود بۆ خۆم و بڕوادارانی شوێنکەوتووم.

٩)- ﴿ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، تۆ باشترینی بە بەزەییانی.

با کۆتایی ئەم دەرسەش، بەو دوو فەرماشتەی پێغەمبەر ﷺ بێنین:

١)- {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسعودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّهُ قَرَأَ فِي أُذُنِ مُبْتَلًى، فَأَفَاقَ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ: وَمَا قَرَأْتَ فِي أُذُنِهِ؟ قَالَ: قَرَأْتُ: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴾المؤمنون، حَتَّى فَرَغَ مِنْ آخِرِ السُّورَةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لَوْ أَنَّ رَجُلاً مُوقِنًا قَرَأَهَا عَلَى جَبَلٍ لَزَالَ} (أخرجه أبو يعلى: ٤٠٤٥، قال حسين سليم أسد: إسْنَادُهُ ضَعِيف).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ)، ڕۆژێک بە لای نەخۆشێکدا تێپەڕی، (مەبەست لە (مُبْتَلًى) کەسێکە جینێی چۆتە جەستەوە، شێت و، حاڵ تێکچوو) شتێکی بە گوێدا خوێند، یەکسەر چاک بوو، بێدار بۆوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چیت بە گوێدا خوێند؟ گوتی: ئەم ئایەتەم بە گوێدا خوێند: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴾، تاکو سوورەتەکەی تەواو کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر پیاوێکی بە

ڕاستیی بڕوادار، ئەم ئایەتانە لەسەر چیایەک بخوێنی، چیایەکە لە شوێنی خۆی لادەچێ.

٢)- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، لِرَجُلٍ وَهُوَ يَعِظُهُ: اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ: شَبَابَكَ قَبْلَ هَرَمِكَ، وَصِحَّتَكَ قَبْلَ سَقَمِكَ، وَغِنَاكَ قَبْلَ فَقْرِكَ، وَفَرَاغَكَ قَبْلَ شُغْلِكَ، وَحَيَاتَكَ قَبْلَ مَوْتِكَ} (أخرجه الحاكم: ٧٨٤٦، وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه، تعليق الذهبي في التلخيص: على شرط البخاري ومسلم، والقضاعي في مسند الشهاب: ٧٢٩).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریی پیاوێکی کرد، پێی فەرموو: لە پێنج شتان بەهرەمەند بە، پێش ئەوەی پێنج شتی پێچەوانەیان بێن: گەنجێتییت پێش پیربوونت، (دەرفەت لە تەمەنی گەنجێتییت وەربگرەو، لێی بەهرەمەند بە، پێش ئەوەی پیرییت بەسەردا بێت، ئەگەرنا دوایی پێت دەگوترێ: (هەتا گەنجی مەستی، ئەگەر پیری سستی، ئەدی کەی خوا دەپەرستی؟)، هەروەها تەندروستییت پێش نەخۆشییت، [کە تەندروستی، بەهرە وەربگرە لە تەمەنی خۆت و لە جەستەی خۆت و تواناکانی خۆت، پێش ئەوەی نەخۆش بی]، هەروەها دەوڵەمەندییت پێش هەژارییت، [هەتا دەوڵەمەندی و دەستت دەڕوا هەوڵبدە بەهرە وەربگری لە توانا ماددییەکانت، پێش ئەوەی هەژاریی و نەداریی و ناتاجیی یەخەت بگرێ]، هەروەها دەست بەتاڵییت پێش سەرقاڵییت، [کە دەست بەتاڵیی و کاتت بە دەستەوە هەیە، کاتەکەت لێی بەهرەمەند بە، پێش ئەوەی سەرقاڵ بی و بە خۆشیی و ناخۆشیی و بە شەڕو هەراو، بە گێچەڵ، بە کارو کاسبیی]، هەروەها بەهرەمەند بە لە ژیانت پێش مردنت، (ژیانیش هەمووی دەرفەتە).

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە لەو هەموو نعمەتانە بەهرەمەند دەبن، پێش ئەوەی پێچەوانەکانیان بەخەمان بگرن و،

خوا یارمەتیمان بدات، ئەو ژیانە دنیاییە بە جۆرێک بگوزەرێنین، کە مایەی سەربەرزیی و سەرفرازیی و ڕوو سوورییمان بێ، لە خزمەت خوا ﷻ و، پێغەمبەری خوادا ﷺ کاتێک لە ڕۆژی دواییدا بە خزمەتیان دەگەین، بەڵکو پێش ڕۆژی دوایی لە قۆناغ و لە جیهانی بەرزەخدا، بە خزمەتیان دەگەین.

لێرەشدا دێینە کۆتایی تەفسیرکردنی ئەم سوورەتە موبارەکە

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

مێژووی دوا پێداچوونەوەی:

١٢ ربيع الثاني ١٤٤٢ك

٢٠٢٠/١١/٢٧ز

نێوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی..........٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ..........١٠
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە..........١٠
پێشەکی ئەم بەرگە..........١٢

تەفسیری سوورەتی الحج

دەستپێک..........١٧
پێناسەی سوورەتی (الحج) و بابەتەکانی..........١٧
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:..........١٧
دووەم: جۆری ئەم سوورەتەو، شوێنی دابەزینی:..........١٨
سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:..........١٩
چوارەم: ڕیزبەندیی دابەزینی و ڕیزبەندیی لە (مصحف)دا:..........٢٠
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:..........٢١
قورئانی مەککەیی چەند تەوەرێک دەگرێتە خۆی:..........٢١
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:..........٢٢
حەوتەم: دابەشکردنی دەرسەکان:..........٣٠
دەرسی یەکەم..........٣٣
پێناسەی ئەم دەرسە..........٣٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٣٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٤٠
مانای گشتی ئایەتەکان..........٤٦
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..........٥٢

مەسەلە گرنگەکان ٥٤

کورتەباسێك: دوو هەڵوەستە لەبەرانبەر لەرزینەوەی زەوی و، ماناکانی (ساعة)دا..... ٥٦

چوار کورتە سەرنج.. ٧٠

دەرسی دووەم ١٠١

پێناسەی ئەم دەرسە ١٠٣

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٠٤

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ١٠٥

هۆی هاتنە خواردوەی ئایەتەکان.. ١٠٧

مانای گشتیی ئایەتەکان ١٠٨

مەسەلە گرنگەکان ١١٣

سێ هەڵوەستە لە بەرانبەر ئایەتی ژمارە (١٧)دا:.. ١١٦

پێنج هەڵوەستەی کورت ١٢٩

دەرسی سێیەم ١٣١

پێناسەی ئەم دەرسە ١٣٣

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٣٥

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ١٣٧

مانای گشتیی ئایەتەکان ١٤٤

مەسەلە گرنگەکان ١٥٠

لەو بارەوە چەند دەقێک دێنین: ١٥٩

کورتە باسێك: حەوت هەڵوەستە.. ١٨٦

کورتە باسێک لە بارەی حەج و عومرەوە.. ١٩١

١)- پێناسەی حەج و عومرە: ١٩٣

٢)- پلەو پایەی حەج و عومرە:.. ١٩٤

٣)- حوکمی حەج و عومرە:.. ١٩٧

٤)- جۆرەکانی حەج و عومرە: ٢٠٠

٥)- مەرجەکانی حەج و عومرە:.. ٢٠٢

٦)- حەج کردنی ئافرەت:.. ٢٠٤

٧)- کاتەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە:...٢٠٧
٨)- شوێنەکانی ئیحرام بەستن بە حەج و عومرە:...٢٠٨
٩)- کردەوەکانی حەج:...٢١٠
١٠) پایەکانی حەج:..٢١١
١١)- فەرزەکانی حەج:..٢٢٠
١٣)- ئەو شتانەی کە لە ماوەی ئیحرامدا حەرامن، چ ئیحرامی حەج و، چ ئیحرامی عومرە:..٢٢٧
١٤)- ئەو شتانەی کە لە ماوەی ئیحرامدا ڕەوا (مباح)ن بۆ کەسێک کە حەج، یاخود عومرە ئەنجام دەدات:...٢٣٠
١٥)- ئیحرام شکاندنی یەکەم، یان گچکە: ٢٣٤
١٦)- باسی حەجی ماڵئاوایی پێغەمبەری خاتەم ﷺ (حَجَّةُ الوِدَاع):..........................٢٣٦
١٧)- چۆن حەج و عومرە دەکەین:...٢٤٤
١٨)- بەرهەم و سوودەکانی حەج:..٢٤٦
١٩)- دوا قسەم لە بارەی حەج و عومرەوە:..٢٤٩
دەرسی چوارەم ٢٥١
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٥٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..٢٥٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢٥٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان..٢٥٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢٥٩
مەسەلە گرنگەکان ٢٦٦
دەرسی پێنجەم ٢٨٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٩١
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان...٢٩٣
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٢٩٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢٩٧
مەسەلە گرنگەکان ٣٠٧

کورتە باسێک: تێفرێدانی شەیتان بۆ نێو خۆزگەی پێغەمبەران ٣١٧
نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی: ٣٤١
نوکتەیەکی ڕەوانبێژیی: ٣٤٤
دوازدە کردەوە و شازدە سیفەتی بەرز و بێ وێنەی خوا ٣٤٨
کورتە باسێک لە بارەی بنەڕەتی ژیانەوە ٣٥١
دەرسی شەشەم.. ٣٥٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٥٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٥٩
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٣٦١
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٦٣
مەسەلە گرنگەکان ٣٦٩
کورتە باسێک : لە ئیسلامدا سەغڵەتکردن نیە.................................... ٣٩٣
واتای بابایەتیی ئیبڕاهیم : ٣٩٧
پێنج ڕاستییەکان: ٤٠٣
کورتە باسێک: ناوی جگە لە (مسوڵمانان) لە ئێمە نەنراوە........................ ٤٠٤

تەفسیری سوورەتی المؤمنون

دەستپێک ٤٠٩
پێناسەی سووڕەتی (المؤمنون) و بابەتەکانی ٤٠٩
یەکەم: ناوی:.. ٤٠٩
دووەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا: ٤١٠
سێیەم: شوێنی دابەزینی: ٤١١
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.. ٤١١
پێنجەم: پێگەو گرنگیی ئەم سووڕەتە: ٤١١
شەشەم: تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم سووڕەتە:.................................... ٤١٤
حەوتەم: دەرسەکانی ئەم سووڕەتە:.. ٤١٥

دەرسی یەکەم.. ٤١٩
پێناسەی ئەم دەرسە.. ٤٢١
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان.. ٤٢٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٤٢٣
مانای گشتیی ئایەتەکان.. ٤٢٦
مەسەلە گرنگەکان.. ٤٣١
با لە دوو ڕەحمەتەکەی خوا بەهرەمەندبین!.. ٤٤٦

دەرسی دووەم.. ٤٥١
پێناسەی ئەم دەرسە.. ٤٥٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.. ٤٥٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٤٥٥
مانای گشتیی ئایەتەکان.. ٤٥٧
مەسەلە گرنگەکان.. ٤٦٣
کورتە باسێک لە بارەی چۆنیەتیی دروست بوونی مرۆڤەوە.. ٤٦٧
تەوەری یەکەم: چۆنیەتی دروست بوونی ئادەم ﵇:.. ٤٦٩
تەوەری دووەم: دروستبوونی مرۆڤان:.. ٤٧٥
تەوەری سێیەم: قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ():.. ٤٨١
سەرنجێك لە گەردوون و مشوور خواردنی بەردەوامی خوا بۆی.. ٤٩٨

دەرسی سێیەم.. ٥١١
پێناسەی ئەم دەرسە.. ٥١٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.. ٥١٥
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٥١٧
مانای گشتیی ئایەتەکان.. ٥١٩
مەسەلە گرنگەکان.. ٥٣١
بیانووەکانی گەلی بۆ بڕوا پێ نەهێنانی و هەڵوەشاندنەوەیان:.. ٥٣٤

دەرسی چوارەم..........٥٥٧
پێناسەی ئەم دەرسە..........٥٥٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٥٦٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٥٦٤
مانای گشتیی ئایەتەکان..........٥٦٧
مەسەلە گرنگەکان..........٥٧٤

دەرسی پێنجەم..........٦٠١
پێناسەی ئەم دەرسە..........٦٠٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٦٠٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٦٠٦
مانای گشتیی ئایەتەکان..........٦٠٨
مەسەلە گرنگەکان..........٦١٥

دەرسی شەشەم..........٦٣٥
پێناسەی ئەم دەرسە..........٦٣٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٦٣٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٦٤٠
مانای گشتیی ئایەتەکان..........٦٤٢
مەسەلە گرنگەکان..........٦٥٠
کورتە باسێک لە بارەی بەرزەخەوە..........٦٥٩
١)- مانای بەرزەخ:..........٦٥٩
٢)- بەڵگەی هەبوونی بەرزەخ:..........٦٦٠
٣)- چۆنیەتیی ژیانی بەرزەخ:..........٦٧٤
٤)- ئیشکالێک و وەڵامەکەی:..........٦٧٦